تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مێژووی

کورد لە سەدەی ٢٠ - ١٩ دا

لە کرێس کوچێرا - وە

وەرگێڕاوی - مُحەمەد ڕیانی

مێژووی

کورد لەسەدەی ٢٠ - ١٩ دا

لەکرێس کوچێرا - وە

وەرگێڕاوی - مُحەمەد ڕیانی

کتابخانه [illegible] فروشی حمیدی
مهاباد خیابان [illegible] تلفن ۲۷۹۸ - ۲۸۱۳



وێنەی وەرگێر

شناسنامەی میژووی کورد

×+×++++++++++++++++++++++++++×+×

نێوی کتێب : کورد لە سەدەی ۱۹ ـ ۲۰ دا

نووسەر : کریس کوچێرا

وەرگێڕ : محمد ریانی

چاپی : هەولێر

چاپخانەی : گارون

لیتوگراف : آذرنگ

تیراژ : ۳۰۰۰ نوسخە

ساڵی بڵاوبونەوەی ۱۳۶۹ ـ تاران

هەمو گەلێک لە گەلانی ئەم سەرزەمینە هەراوە ..... چە ئەوانەی ئازاد و خودا پێداون و چە ئەوانەی چاوە چاون هەلێ وایان بۆ بڕەخسێ کە ئازادی وە دەس بێنن و خۆیان وەکو بنیادەمان لە ناو خەڵکدا بنوێنن ، هەتا بەزمانی زگ ماکی بە نوسینەوە ڕانەین و ... لە گەلە ئازادەکانی دیکەی نەگەین کە ئەمانیش وەک بنیادەمی تر زیندون و دەتوانن بژین ، دەبێ بەڵگەیەکیان هەبێ، ئەو بەڵگەیەش مێژوی تازەو کەونارایە کە خرابێتە سەر قاقەزو نیشانی یەکتری بدەن .هەر گەلێکی مێژوی نوسراوی خۆی نەبێ وەک کەرکە مەڕی بێ شوانەو لە سارایە سەرگەردانە . هەر جانەوەری درندەی نزیکیی بێ تا مەزرۆی گۆشتەکەیەتی ئیتر جێگەی ئەومیللەتە گەرمیانە یا کوێستانە فەڕقێ ناکاو بەدەردی مەسەل گوتنی بۆژیان دەستەوەستانە وناتوانی بڵێی منیش هەم.

بە داخەوە ئێمەی کوردی قەرەبەختی دەستەوەستان قەت بەهاری ئازادیمان بەچاو نەدی و چوار فەسڵە بۆمە زستان بو.. بۆچی ؟ چونکە نە بە زمانی خۆمان نوسین وخوێندنمان بوە نە مێژوشمان خستۆتە سەر قاقەزەوە ... ئێمە خوێندەوارمان زۆر بون بەڵام هەزاران فخابن زۆری بۆربون .

ئەگەر ئێمە سەرمان بەهەر کتێبخانەیەکدا بکەین بەو کتێبانەی کەکوردەکان بە عارەبی و فارسی وترکی و ئینگلیسی و زۆر زمانی تر نوسیویانە پڕبوتەوە ، هەر لە کولەکوێتەڕیشدا

باسی کوردیان نەکردوە. چەندین سەدە هاتن وچون بەفەرمودەی حاجی قادر، کورد هەر کورت بون وخەبەریان لەخۆیان نەبو. جاوەک دەڵێن "لە پاش ساڵێ سڵاماڵێ" والەم چەرخی بستم دا تاک توتەرالێرو لەوێ چەند لاوێکمان تێ گەیشتن تائێمە خۆمان نەناسین چۆن خەڵک دەمان ناسێ ... هاتن بە زمانە کەی خۆیان ئەوەندی لوا بێ بویان ... کوششیان کرد مێژوی خۆیان بنوسنەوە و بە زمانێک بێ کە هاووڵاتیەکانی کوردیشان لێی تێ بگەن و ڕابردوی خۆیان بزانن ... کە بەرای زۆر بەنرخشمان (کاک محەممەدی ڕەییانی) یەکێک لەو لاوانەیە، ئەم مێژوەی دەربارەی زۆرلەو ڕوداوانەی کە لە کوردستاندا ڕوی داوە، خستویەتە سەر قاقەزو، ئەم بەرهەمەی پێک هێناوە.

بەهومێدم نوسەرانی قەڵەم بەدەستی هاوزێدی چاولەو بکەن و بۆ قازانجی گەلەکەیان بەدڵ وگیان تێ بکۆشن وە لە هەژاری ڕزگارمان بێ.

ڕێ بەندانی ١٣٦٨ - عبدالرحمن شوفکندی (هەژار)

کریس کوچێرا ۱۹۷۹

هەستی نەتەوایەتی کورد

کریس کوچێرا

حەڕەکە تی نەتە وایەتی کورد

پێشکەش بە نەسرین و ،نا دروسهێل

نەخشەی تەواوی کوردستان

پێشکەش بەخێزانی هاوەم و ،

هاوەردم ،وەبەکچەکانم کلیۆژیار

کەلەیارمەتیئەومێژوویەداهاوکارمبوون

محمدریانی

"بسمه تعالیٰ

شوکروسپاس بۆخودای مه زن که ئێمەی خولقاندوه ئاده میزادی کردەئه شره -فی مه خلوقات وه به شوێنی دانعمه تێکی زوری دایه .

ئنجاقانون و عورفی الاهی بۆژیانی باش وحه سانه وه،وه بوناسینی خۆیی له قۆناغی هه وه ڵه وه دانا وه به پێی ئه وقانون و یاسایه ڕێگای دروستو ،راسته قینەی به خەڵک نیشان دا .

سپاس بۆئەو خودایەی که له و ئاخریانه دا زۆری وملهوڕی پادشا زاڵمەکانی پاش ٢٥٠٠ سال حکومەتی داسه پاوی چەپەڵیپادشایه تیله سه رئه ستووکۆڵی خه ڵکی داڕنی و هه ڵ گرت ،وه به جێگای وی حکومەتی عه دلی ئی لاهیدانا .

به راستی ئاڵوگۆڕێکی ئه وتۆی له ئێران دابه هدست هێناکه له میژوودانه دیتراوه . به درێژائی میژوودا زوڵم وستەم له نەته وەکان به تایبەت له کوردان زۆرکراوه .

ئینجابه دانانی قانون ئەساسی نۆیی کۆماری ئیسلامی ئیران مافی خەڵکه کانی ئیرانیی به هوی ماده ١٥ ناساندوزمان و نووسینی له ناوچەکان دائازاد کرد .

جائیمرو به وبۆنه وەیه که نو وسه ران تووانیوانه پێنووس به ده سته وه بگرن وشتبنوسن وه به سه رهاتی قه ومەکه یان لەڕابردودا بگێڕنه وه . لەڕاسته

قینه له ڕابردودائەوه میژو ونو وسەکان و نورسه ره کانی بیگانه بوون که به سه‌رهاتی ئیمه یان به که یفی خۆیان نو وسیوه وه قه لەمیان به سه رکاغه زداهێناوه. به لام ئه وه. بۆهه وه لین که ڕه ته که ده و له تی کۆماری ئیسلامی ئێران به هۆی حوکم و عورفی ئیسلامی خۆی،که ته واوی نەتەوه کانی.

پێ وه ک یه ک وایه، ڕێگاده داکه" میژووی کورد "" له ئێران دانبوسرێ. هیوادارین ڕۆژێک بێ که گشتی کورده کان جهان" که له ته باره وه ئێرانی و مسلمانن، له ژێر ئالای به رزی ئیسلامی ئیران دا ژیانێکی پاک و خاوێن به ڕێوه به رن. لێره دامن سپاس و ته شه کوری خۆم له ئه ندامانی به ڕێزی کۆماری ئیسلامی ئێران ده رده برم، وه له خودای گه وره ده وام وپه ره پێدانی ئه و کۆماره ئاواته خـووا زم و هه روه‌ها هیودارم که ئالای به رزی ئیسلام به وزو وانه‌له ته واوی وولاتی جیهان دابله ڕێته وه وبشه که یته وه وه ئیتر....

محمد ریانی

ووتاری سەر فە سلەکان

فە سلی ١

صفحــە

- نە خشەی کوردستان گە ورە ٩
- ژینامەی نووسەر ٢٩
- سە رە تا ٣٣
- ناسینی نووسەر ٣١
- بۆئاگاداری ٤٣
١ــ ئەمیر بەدرخان ٤٣
٢ــ شێخ عوبەی دیل لای شە مزینان ٤٩
٣ــ دانانی کۆری زاینارى کورد (کلوب) ٥٢
٤ــ شە جە رە ی بەدرخان ٥٤
٥ــ شە ریف پاشا ٥٨
٦ــ هە نگاوی بە رزی کوردە ناسیونالیستە کان ٦٤
٧ــ نێوان ناخۆشی و، دوبەر کانی لە بزونتەوی کورد دا ٧١
٨ــ لە پشتوانێک دەگەڕان ٧٣

فە سلی ٢ سالە کانی بە رهە لستی

- شۆڕش کوردستانی تورکیە ٨١
١ــ ئنگلیسێکان و، بزوتنەوەی کورد ٨٢
٢ــ نەخشەی خەلیل بە رخان ٨٤
٣ــ یارمەتی یۆنانێکان ٨٥
٤ــ ڕاو، تە دبیری چرچیل ٨٥
٥ــ پێش گرتن لە جوڵانەوەی کورد ٨٦

صفحه

بەشی ٢ سمکۆ ٨٧

١ ـ گرتنی سابڵاغ (مهاباد) ٨٩
٢ ـ سمکۆ ٩٢
٣ ـ سمکۆ و ئینگلیسێکان ٩٥
٤ ـ سمکۆ و، تورک ٩٧
٥ ـ سمکۆ و، سۆڤیەت ٩٨
٦ ـ شەڕی میاندواو (ئاوریلی ١٩٢٢) ٩٩
٧ ـ شەڕی شەکە ریازی (٢٥ ژویەی ١٩٢٢) ١٠١
٨ ـ شەڕی ساری تاج (ئوت ی ١٩٢٢) ١٠٢
٩ ـ دوور کە وتنە وەی سمکۆ لە وواڵات ١٠٢
١٠ ـ پێشوازی شێخ مەحمود لە سمکۆ ١٠٣
١١ ـ ساڵە کانی سەر گەردانی ١٠٤

شۆڕشی شێخ مەحمود

فەسلی ٣ ١٠٧

١ ـ ئەمیر فەیسەل ١٠٨
٢ ـ ڕێفراندوم (لێ پرسین) ئوتی ١٩٢٢ ١١٠
٣ ـ شافەیسەل و، کوردەکان ١١١
٤ ـ ئاژاوەی تورک لە وواڵاتی کوردستان‌دا ١١٣
٥ ـ چواڵ کردنی شاری سولەیمانێ (هەوەڵی سپتامبری ١٩٢٢) ١١٥
٦ ـ گەڕانەوەی شێخ مەحمود (٣٠ سپتامبر ١٩٢٢) ١١٦
٧ ـ شێخ مەحمود "شای کوردستان" ١٩ نوامبری ١٩٢٢ ١١٧
٨ ـ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردکانی حکومەتی شیخ محمود ١١٩
٩ ـ مە سە لە ی کەرکوک ١٢١
١٠ ـ شێخ مەحمود تورکەکان ١٢٢
١١ ـ ئاگاداری بریتانیای گەورە نوئیلی ١٩٢٢ ١٢٣

صفحه

۱۲– له ژێربی نانی مافه که ی شێخ مەحمود ۱۲۴
۱۳– بۆمبارانی سولەیمانی ۱۲۵
۱۴– شەڕ دژی ئوزده میر ۱۲۶
۱۵– سەید تاهاقائم مەقامی شاری ڕە واندز ۱۲۶
۱۶– گرتنی سولەیمانێ (۱۶ مانگی مەی ۱۹۲۳) ۱۲۷
۱۷– ناکام مانه وەی ڕژیمی‌هاوکاری ۱۲۸
۱۸– گەڕانه وەی شێخ مەحمود بۆ سولەیمانێ (۱۱ ژوئیەی ۱۹۲۳) ۱۳۰
۱۹– مەجلسی یاسای بنەڕەتی وەمافی هاوکاری له گەڵ بریتانیا ۱۳۲
۲۰– بۆمبارانی سولەیمانێ (مەی ۱۹۲۴) ۱۳۳
۲۱– گرتنی جاری دووەمی سولەیمانێ (۱۹ ژوئیەی ۱۹۲۳) ۱۳۴
۲۲– ڕە خنه ۱۳۵

شۆڕش و ، ڕاپەرینی شێخ سەعید (۱۹۲۵)

فه سلی ۴ ۱۳۷

۱ – شۆڕشی شێخ سەعید ۱۳۸
۲ – شێخ سەعید ۱۴۲
۳ – له ته ارەکی شۆڕش‌دا ۱۴۳
۴ – ده ستی ئنگلیسێکان ۱۴۴
۵ – نه خشی شۆڕە وی ۱۴۵
۶ – کاتی مرۆڤه به زەکان له کوردستان دا ۱۴۵
۷ – سه ره تای شۆڕش ۱۴۶
۸ – گرتنی شاری خارپوت (۲۶ فیوریەی ۱۹۲۵) ۱۴۷
۹ – گه ماڕۆی دیاربەکر ۴–۷ مارسی ۱۹۲۵) ۱۴۷
۱۰– دو وژمنایه تی گەوره تر دەبێ ۱۴۸
۱۱– زۆربەی ئۆرگانیکی (سازمانی نیزامی‌و ، بەرگری) ۱۴۹
۱۲– ئاکاری نیزامی دژی کوردەکان ۱۵۰

صفحه

۱۳ــ ڕێک کوشین (سەرکوت کردنی شۆڕش) ۱۵۱
۱۴ــ محاکەمەی شێخ سەعیدو ، ئاکاری دوژمنایەتی ۱۵۱
۱۵ــ پاشکۆی ڕاپەڕینی شێخ سەعید ۱۵۳
۱۶ــ گە یشتنی پە نابە رەکان بۆعراق ۱۵۳
۱۷ــ مە سە لە ی " ئێ تنۆسید " ۱۵۴

کۆماری کوردی ئاڕاڕات (۱۹۲۷ــ ۱۹۳۱)

فەسلی ۵ ۱۵۷

۱ ــ دامە رزانی خۆی بون ۱۵۷
۲ ــ هێرشی گە ورەی ۱۹۲۷ ۱۵۹
۳ ــ هە ل و ، مە رجی سۆوییەت (ڕەوشت و ، ئاکار) ۱۶۰
۴ ــ ئی خسان نوری و ، هە ڵستانی ئارارات ۱۶۱
۵ــ ئاڕاڕات ۱۶۲
۶ ــ ووت و وێژی ۱۹۲۸ ۱۶۳
۷ ــ سە رە تای شەڕ ۱۶۵
۸ ــ دژی هێرشی کورد ۱۶۶
۹ ــ دووژ منایەتی تورک ــ ئێران ۱۶۷
۱۰ــ بزوتنە وەی حاجۆ ۱۶۹
۱۱ــ خۆ تێوە ردانی شێخ ئەحمەدی بارزان ۱۶۸
۱۲ــ تێک چوونی کۆماری ئاڕاڕات (سپتامبر ۱۹۳۱) ۱۷۰
۱۳ــ تین دانی شەڕ لە ئێران (بە هاری ۱۹۳۱) ۱۷۱
۱۴ــ هێزە کانی ئامادە ۱۷۲
۱۵ــ هە وە ڵین فازی ئاکاری نیزامی ئێران ۱۷۳
۱۶ــ فازی دووهە می شەڕ (ژوئیەی ۱۹۳۱) ۱۷۴
۱۷ ــ یە ک گرتنی عراق ــ تورک ــ ئێران ــ دژی کورد ۱۷۵
۱۸ــ حە ل بوونی تورک لە مە سە لە ی کورد دا ۱۷۶

ئاخرین شۆڕشی شێخ مەحمود

صفحـــه

ه سلی ۶ ١٧٩

١ ــ شەڕی ١٩٢٥ ١٧٩
٢ ــ ئاکاری نیزامی ١٩٢۶ ١٨٠
٣ ــ ووت و، وێژ لە گەڵ کۆرن والیس (٩ ئوکتوبری ١٩٢۶) ١٨٠
۴ ــ سەر کە وتنی کۆڕی زایناری کوردلە کوردستانی عراق دا (٢٧ــ١٩٢۶) ١٨٢
۵ ــ ڕاپەڕینی سولەیمانێ (۶ سپتامبری ١٩٣٠) ١٨۴
۶ ــ هەڵستانی شێخ مەحمود (نوامبری ١٩٣٠) ١٨۵
٧ ــ ئاخرین شەڕ دژی شێخ مەحمود ١٨٧

١٩١ شێخ ئەحمەدی بارزان

فەسلی ٧ ١٩١

١ ــ شێخ ئەحمەد ، وە شۆڕشی ئاڕاڕات ١٩٣
٢ ــ ڕوبەڕوبون لە گەڵ شێخ ڕەشیدی لۆلان ١٩۵
٣ ــ هەوەڵین شەڕ دژی شێخ مەحمەد (دسامبری ١٩٣١) ١٩۵
۴ ــ دووهەمین شەڕ (فێورییەی ١٩٣٢) ١٩۶
۵ ــ سێ هەمین شەڕ (مارسی ١٩٣٢) ١٩۶
۶ ــ تێ گیرسان (ئاوریل ١٩٣٢) لە قوڕێوەر چون ١٩٧
٧ ــ ئاکامی ئاکاری نیزامی (لە ژوئن ١٩٣٢) ١٩٨
٨ ــ شۆڕشی مەحمەد سەدیق ، وە مەلا مستەفای بارزانی ١٩٨

٢٠١ شۆڕشی دەرسیم

فەسلی ٨ ٢٠١

١ ــ نەخشەی " عابدین ئۆزمان بۆگورانی نەتەوەی کورد " ٢٠١

صفحه

٢ــ قانونی ١٩٣٧ ٢٠٢
٣ــ سەیدرەزا ٢٠٣
٤ــ مانی فێستەی (بەیانییە) سەید رەزا ٢٠٤
٥ــ هەوەڵین ئاژاوە (١٩٣٦) ٢٠٥
٦ــ مەبەستی فەوری لە هەستانی ١٩٣٧ ٢٠٧
٧ــ پێش گرتن لە هەڵستانەکە (سەرکوت کردن) ٢٠٧
٨ــ ووتوو، وێژ ٢٠٨
٩ــ نفوزی عەلی شێرۆ، کوشتنی وی ٢٠٩
١٠ــ تەواو بوونی ئاکاری نیزامی ٢١٠
١١ــ گرتنی سەید رەزا ٢١١

بەشی سەیەم

هەوەڵین شۆڕشی بارزانی و، بە هەست هاتنی حیزبەکان ٢١٧

فەسلی ١ ٢١٧

١ــ دامەزرانی هیوا پێک هاتنی ٢٢٠
٢ــ هەڵاتنی بارزانی لە ١٣ی ژوییەی ١٩٤٣ ٢٢١
٣ــ هەوەڵین ووتوو، وێژ ٢٢٢
٤ــ بڕینی هاتوو، چۆ ٢٢٣
٥ــ بارزانی و ئینگلیسێکان ٢٢٤
٦ــ هات و چۆی بارزانی ــ کۆرن والیس ٢٢٥
٧ــ متاڵاڵە سەر مەجید مستەفا ٢٢٧
٨ــ بارزانی بۆبەغدا سەر دادە نوێنــی ٢٢٨
٩ــ پێ لی خشاندنی وە عدەکان ٢٢٩
١٠ــ نوری سەعیدو، کوردەکان ٢٣٠
١١ــ تەرکی شەڕ (ژوئنی ١٩٤٤ــ ژوئنی ١٩٤٥) ٢٣٢

صفحه

١ــ شەڕی ١٩٤٥ ٢٣٤
١ــ مشتو، مالّ ئنگلیس ــ عراقیّکان (دوبەرەکی) ٢٣٥
١ــ هەوەلّین هێرشی عراق ٢٣٥
١ــ شکانی تازەی عراقیّکان ٢٣٦
١ــ گۆڕینی ڕای مەحمود ئاغای زێباری ٢٣٧
١ــ هێرشی ئاخر (١٩٤٥ ئۆکتوبر) ٢٣٧
١ــ دەنگ دانەوەی ناونەتەوەکان لە باری شەڕدا ٢٣٨
١ــ بارزانی و حیزبی " هیوا " ٢٣٩
١ــ لێک بلّاو بوونی " هیوا " ٢٤١
١ــ پارتی کومونیستی عراق، وەمەسەلەی کورد ٢٤٢
١ــ هاتنی بارزانی بۆئێران، هەوەلّین چاوپێ کەوتنەکەی لەگەلّ شۆڕەوێکان ٢٤٤

شۆڕەوی لەکوردستانی ئێران ، وە کۆماری مهاباد ٢٤٥

سلی ٢ ٢٤٥

ــ مهاباد ٢٤٥
ــ بنەماڵەی قازی مەحەمەد ٢٤٦
ــ لەنێوان شۆڕەوی و، ئنگلیس دا ٢٤٨
ــ ئنگلیسێکان ، کوردەکان ، شۆڕەوێکان ٢٤٨
ــ قازی مەحەمەدو، سۆویەت ٢٥١
ــ هەوەلّین سەفەری پیاوە گەورەکانی کورد بۆباکو (نوامبری ١٩٤١) ٢٥١
ــ دەنگ دانەوەی ئەوسەفەرەلەدونیادا ٢٥٣
ــ مەترسی تورک ٢٥٤
ــ دەنگ دانەوەی سەفەری باکۆلە ناوچەدا ٢٥٤
ــ ڕەقیبەکانی ناوچەئی ٢٥٥
ــ ئاژاوە لەورمێ (ئاوریل ــ مەی ١٩٤٢) ٢٥٧
ــ کۆ بوونەوەیەک لەشاری شنۆ ٢٥٨

صفحه

١٣ــ مانۆری قازی مەحەمەد ٢٥٩
١٤ــ دامە رزانی (کۆمەڵە ــ ژ ــ ک) ٢٦١
١٥ــ بە هست هاتنی (پارتی دێموکراتی کوردستان) ٢٦٥
١٦ــ سە فە ری دووهەم بۆ باکۆ (سپتامبر ١٩٤٥) ٢٦٧
١٧ــ ڕاگە یاندنی کۆمار (٢٢ ژانوییەی ١٩٤٦) ٢٦٩
١٨ــ هێزی مهاباد و، بارزانێکان ٢٧١
١٩ــ ئاڵۆزی لە نێوان کوردو، ئازربایجان ٢٧٢
٢٠ــ تەرکی شەڕ (مە ــ سپتامبری ١٩٤٦) ٢٧٦
٢١ــ سەر کومار قازی مەحەمەد ٢٧٧
٢٢ــ مهاباد لە کاتی کۆماری ٢٨١
٢٣ــ گفت و گۆیی دووائی ٢٨٢
٢٤ــ تێک چوونی کۆماری مهاباد (١٧ دسامبری ١٩٤٦) ٢٨٤
٢٥ــ دووژ منایەتی لە گەڵ قازی مەحەمــەد (محاکەمە) ٢٨٦
٢٦ــ مە بە ستی تێک چوونی کۆماری مهاباد ٢٨٧
٢٧ــ بە سە ر هاتیەها واڵە کانی بارزانی ٢٨٨
٢٨ــ ڕی پێوانی دوورو، درێژی بارزانی بۆوواڵاتی شۆڕەوی ٢٩٠

پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاتی تێک چوونی کۆماری مهاباد، تا شۆڕشی عراق ١٩٥٨ ٢٩٣

فەسلی ٣ ٢٩٣

١ ــ کمیتەی کومونیستی کوردستان، وە پارتی دێموکرات ٢٩٣
٢ ــ پارت پاش مو سە د دق ٢٩٣
٣ ــ جیاوازی پارت لە حیزبی تودە ٢٩٥
٤ ــ کمیتەی مهاباد ــ سنە ٢٩٥
٥ ــ کمیتە ناوەندی ١٩٥٤ ٢٩٦
٦ ــ بەر نامەی پارتی دێموکرات لە ١٩٥٦ دا ٢٩٦

صفحه

پارتی دێموکراتی کوردستانی عراق له دامه زرانیێوه تا شۆڕشی ١٩٥٨ ٢٩٩

سلی ٤ ٢٩٩

ـ گەڕانه وەی بارزانی بۆعراق ٣٠٠
ـ به هه ست ها تنی پارتی کوردی عراق ٣٠١
ـ هه وه ڵین کۆبوونه وەی پارتی عراق (١٦ ئوتی ١٩٤٦) ٣٠٢
ـ پارتی دێموکرات به بێ بارزانی ٣٠٣
ـ بارزانی له شۆڕەوی (١٩٤٧ ـ ١٩٥٨) ٣٠٥
ـ بنەڕەتی پارت ٣٠٨
ـ پارتی کومونیستی وه مه سه لەی کورد ٣١٠
ـ پارتی دێموکرات وه (به شی کوردستان ، ی پارتی کومونیستی) ٣١٢
ـ پارت بەر له شۆڕشی ١٩٥٨ ٣١٢

له شۆڕشی عراق (١٩٥٨) تا بڕینی هات و چۆ له گه ڵ قاسم

ەسلی ٥

١ ـ هومێدواری ٣١٥
١ ـ پله‌ی سەر ووی ڕۆژنامەکان ٣١٦
٢ ـ به دگومانی ڕژیمی تازه (سەر لێ شێوان) ٣١٧
٣ ـ گەڕانەوەی ژینرال بارزانی له دوور خراوه که یه وه ٣١٩
٥ ـ بارزانی کێ بوو؟ ٣٢٠
٦ ـ نه خشه‌ی پان کوردی بارزانی ٣٢١
٧ ـ هه ڵستانی موسل (٨ مارسی ١٩٥٨) ٣٢٢
٨ ـ نه وروزی ١٩٥٩ ٣٢٤
٩ ـ به یانییەی پارتی یه کێتی دێموکراتی کوردستان (مەی ١٩٥٩) ٣٢٤
١٠ ـ بزوتنه وەی سه روکه کوردەکانی ڕه واندز (مەی ١٩٥٩) ٣٢٥

صفحه

١١ــ بڕینی هات و چۆله بەینی بارزانی ــ قاسم ٣٢٧
١٢ــ مه به ستی بڕینی هات و، چۆ ٣٢٩
١٣ ــ بیلان ٣٣٠

شەڕی قاسم ٣٢٥

فەسلی ۶ ٣٣٥

١ ــ دووژ منایەتی ده ستی پێ دەکرێ ٣٣۶
٢ ــ کاتی پارتی دێموکرات ٣٣٧
٣ ــ هه وه ڵین زەبونی کوردەکان ٣٣٨
۴ ــ پ.د.گ وه ئۆرگانەکانی بەرگری ٣٣٩
۵ ــ پە یوه ندی بەینی بارزانی و، پارت ٣۴٠
۶ ــ ڕووناک بیرەکانی پارت ٣۴٠
٧ ــ دژەکانی ڕا پەڕینەکورد ٣۴٢
٨ ــ مه سه لەی ئۆتۆنۆمی (مافی نه تەوایەتی ناوخۆ) ٣۴۴
٩ ــ بارزانی و، گاڵتەی قودره ته گه وره‌کان ٣۴۵
١٠ــ ئاکاری شەڕ شەردەستی پی دەکریته وه ٣۵٠
١١ــ سقوتی قاسم ٣۵٢
١٢ــ ڕاو کردنی کومونیستەکان عەکس العملی کوردەکان ٣۵۴
١٣ ــ دژی کردە وەی کوردەکان
هه وه ڵین نه فەس کێشان (فیوریه ــ ژوئن ١٩۶٣) ٣۵۵

فەسلی ٧ ٣۵۵

١ ــ هەوه ڵین تێک هه ڵچوون (بەرنگاری) ٣۵۶
٢ ــ مه سه لەی کورد وه سەر کۆمار ناسر ٣۵٧
٣ ــ دوودڵی عراقێکان ٣۵٨
۴ ــ چاووپێ کەوتن له کانی ماران (۴ مارسی ١٩۶٣) ٣۵٨

صفحه

ـ مدعای بارزانی ٣٦٠
ـ هه‌ڵه‌کان ٣٦١
ـ به غداله دوولاوه کایه ده‌کات ٣٦٢
ـ ڕاده‌ی بڕینی‌هات‌و، چۆی بارزانی‌وبه عسیکان ٣٦٢

هه‌وه‌ڵین شه‌ڕی به عس (ژوئن ـ نوامبری ١٩٦٣) ٣٦٥

سلی ٨ ٣٦٥

ـ نه خشه‌ی عراق له سه‌رڕێ و شوێنی لامه‌رکه‌زی ٣٦٥
ـ سه ره تای شه‌ڕ (٩ ژوین ١٩٦٣) ٣٦٦
ـ شه‌ڕی به عس ٣٦٦
ـ عه‌ره بی کردن ووڵات ٣٦٨
ـ ئاکاری نیزامی ٣٦٨
ـ نێونجی کردنی سووریه (خوتێوه‌ردان) ٣٦٩
ـ کاتی ناسر ٣٧٠
ـ کاتی ووڵاته ڕۆژ ئاوایه‌کان ٣٧١
ـ کات و، وازی ده وڵه تی شۆڕه‌وی ٣٧٢
ـ نابه‌را به‌ری فکری به عسیکان ٣٧٥

دووهه‌مین ئاهه‌نگ (فێوریيه‌ی ١٩٦٤ ـ ئاوریلی ١٩٦٥)
قه‌یرانی ١٩٦٤ ٣٧٩

سلی ٩ ٣٧٩

ـ ته قه وه ستاندن له ١٠ فێوریيه‌ی ١٩٦٤ ٣٧٩
ـ مه نتقی بارزانی ٣٨١
ـ دووژمنایه‌تی .پ ـ د.ک ـ بارزانی (چیاوازی) ٣٨٢
ـ کونفرانس ی پ د . ک٩٠(ئاوریل ١٩٦٤) ٣٨٤

صفحه

٥ ــ چاووپێکه وتنی بارزانی ــ تاهریحیا (ژوئن ١٩٦٤) ٣٨٥
٦ ــ بڕینی هات‌و، چۆ له گه‌ڵ پ.د.گ ٣٨٧
٧ ــ برایم ئه حمه‌د له ئێران ٣٨٨
٨ ــ سه رئه نجامی بوحرانی ١٩٦٤ ٣٨٩
٩ ــ به‌رگری بارزانی له به رامبه‌ر به‌غدادا ٣٩١
١٠ــ " ناوچه‌ی کورد " ٣٩١

شه‌ڕی عارف (ئاوریل ١٩٦٥ ــ ژوین ١٩٦٦) ٣٩٣

فه‌سلی ١٠ ٣٩٣

١ ــ سه ره تای دووژمنایه‌تی ٣٩٤
٢ ــ هات و چۆی بارزانی له گه‌ڵ ئیرانیێکان ٣٩٥
٣ ــ ..... وه شا ؟ ٣٩٦
٤ ــ هه وه لێین ڕووداوه‌ی ئێران ــ عراق ٣٩٧
٥ ــ مه سه له‌ی ناردنی ئه سله حه ٣٩٩
٦ ــ گاڵته‌ی یه‌ک گرتنی هه وادارانی تاڵه‌بانی ٣٩٩
٧ ــ شه‌ڕی هه ند رین (مه ــ ژوئن ١٩٦٦) ٤٠٠
٨ ــ ڕێک که وتنی (٩ ژوئن‌ی ١٩٦٦) ٤٠١

سێ هه مین خۆشحالی (ژوئن ١٩٦٦ ــ ژانویه ١٩٦٩) ٤٠٦

فه‌سلی ١١ ٤٠٦

١ ــ ژێنرال عارف‌و، مه سه له‌ی کورد ٤٠٦
٢ ــ بارزانی‌و، شه‌ڕی ٦ روژه (ژوین ١٩٦٧) ٤٠٦
٣ ــ نرخ و بایخی یارمه تی شا . ٤٠٧
٤ ــ له نێوچونی ژێنرال عه بدوررە حمان عارف (١٧ ژوییه‌ی ١٩٦٨) ٤٠٨
٥ ــ کورده‌کان و، به عسیێکان ٤٠٩

صفحه

٦ ــ یارمه تی ئێرانیێکان ٤١١

شەڕی دووهه می به عس (به‌هاری ١٩٦٩) مارس ٧٠ ٤١٣

فەسلی ١٢ ٤١٣

١ ــ گرنگی مه سه له‌ی که رکوک ٤١٣
٢ ــ هێرشی به‌هاری ١٩٦٩ ٤١٤
٣ ــ دووژمنایه تی ئێران و ، عراق ٤١٥
٤ ــ سێ گۆشی ئێران ــ عراق ــ کوردستان ٤١٥
٥ ــ کانگای مه‌هربانی ٤١٧
٦ ــ هێرشی هاوینی ١٩٦٩ ٤٢٠
٧ ــ نێونجی گری و ، خۆتێوه‌ر دانی ئێران (سپتامبری ٦٩) ٤٢١
٨ ــ ووت و ، وێژه ٤٢١
٩ ــ نه خشی سه د دام حسێن ٤٢٢
١٠ ــ پێک هاتنی ١١ مارسی ١٩٧٠ ٤٢٥

ئاشتی و ته قه وه ستانێکی دووروو ، درێژ (مارس ١٩٧٠ ــ مارس ١٩٧٤) ٤٢٧

فەسلی ١٣ ٤٢٧

١ ــ ته قه ل لاله سه‌ڕاوه ستانی پێک هاتنه که ٤٢٨
٢ ــ هه وه لێین هه ورو ، هه لا ٤٢٩
٣ ــ گێژه لووکه‌ی ١٩٧٤ (بوحران) قه‌یران ٤٣٠
ــ مه سه له‌ی کورده‌کانی ئێران له عراق دا ٤٣٠
ــ ڕوودا وه‌کانی بارزانی (پیلان) ٤٣١
ــ ئاهه‌نگی له به ین بردنی بارزانی ٤٣١
٤ ــ شای ئێران و ، پێک هاتنه که‌ی ١١ مارسی ١٩٧٠ ٤٣٣
٥ ــ ده سته وگورجی موتالای شۆڕه‌وی بۆپێک هاتنی هه‌ردوک لا ٤٣٤

صفحه

٦ــ پێک هاتن له گه‌ڵ سیاوشا ٤٣٥
٧ــ به ینی بارزانی و به‌غدا تێک ده‌چێ ٤٣٨
٨ــ گاڵته‌ی ئاشتی ١٩٧٣ چه وتی له نێو ئاشتێکه‌دا له سالی ١٩٧٣ ٤٣٩
٩ــ به ره‌ی نه ته وایه تی (١٩٧٣ ژوئیه) ٤٤١
١٠ــ ژێنرال بارزانی و شه‌ڕی عه‌رب ــ ئیسرائیل ٤٤٢
١١ــ نه خشه کانی ته سویری بۆ کوردستان ٤٤٣
١٢ــ کوردستان له نێوان ، ئۆتۆنۆمی ، ئیستقلال ، وه نه مان ٤٤٥
١٣ــ هوه یداو ، مه سه له‌ی کورد ٤٤٩
١٤ــ له نه خشی ئاشتێوه تا شه‌ڕ ٤٥٠
١٥ــ شکانێکی میژووئی ٤٥١
١٦ــ ئاخرین هه وڵی ئیدریس له به‌غدا ٤٥٢
١٧ــ اتمام حجت (ته واو بوونی مه به ست) ٤٥٤
١٨ــ ئاخرین پێشنیاره کانی بارزانی ٤٥٥
١٩ــ به رپرسیاره‌کان وه ئه ستۆگرتنه‌کان ٤٥٦

سێ هه مین شه‌ڕی به عس (مارس ١٩٧٤ــ مارس ١٩٧٥) ٤٦١

فه‌سلی ١٤ ٤٦١

١ــ هاوکاری کورده‌کان ٤٦١
٢ــ ئاکاری نیزامی ٤٦٣
٣ــ هێرشی به هاره‌ئی (ئاوریل ١٩٧٤) ٤٦٤
٤ــ هێرشی هاوینی (ژوئیه ــ ئوت ١٩٧٤) ٤٦٥
٥ــ کورده‌کان کۆچیان کردو ، په نایان برد ٤٦٦
٦ــ هێرشی پائیزی (سپتامبر ــ ئوکتوبر ١٩٧٤) ٤٦٩
٧ــ دانانی شتێگی دی به جێگای ئۆتۆنۆمی ٤٧١
٨ــ ئاخرین ڕۆژه خۆشه‌کانی ڕاپه‌ڕینی ژینرال بارزانی ٤٧٢
ــ کابینه ی کورده‌کان ٤٧٣
٩ــ ئه ودیوی مدال ٤٧٦

صفحه

- بیافرایەکی نوێ ؟ ۴۷۶
- کوردەکان ناتوانن خۆڕاگرن ۴۸۱
۱۰- خۆ تێوەردانی ئێرانێکان ۴۸۴
۱۱- بارودۆخی یارمەتی ئێرانێکان ۴۸۵

پێک هاتنی ئه ل جه زیره (۶ مارس ۱۹۷۵) ۴۸۹

فەسلی ۱۵ ۴۸۹

۱ - نه خشی سەرکۆمار سادات وه، بوومید یەن ۴۹۳
۲ - تێۆپکی ا ـ پ اپ وه پێک هاتنی ۶ مارس ۱۹۷۵ ۴۹۵
۳ - مه بەستەڕ سه سمێکان له پێک هاتنه که دا (۶ مارس ۱۹۷۵) ۴۹۷
۴ - مه به سته نهێنێکان ۶ مارس ۱۹۷۵ ۴۹۸
۵ - وازی کوردەکان پێش پێک هاتنی ۶ مارسی ۱۹۷۵ ۴۹۹
۶ - ژێنرال بارزانی ، پێک هاتنی ۶ مارس ۱۹۷۵ ۵۰۱
۷ - ئاخرین ڕۆژەکانی کورد له بەرگری دا ۵۰۲
۸ - به رگری زووتێک شکا ۵۰۳
۹ - ڕزگارێکی بۆ ژینرال ده تووانێ پێک بێ ۵۰۶
۱۰- هه موشتێک تەواوبو (پایان) ۵۰۸

بیـلان و رووانگـه ۵۱۳

به شی ۴ ۵۱۳

- بزونته وەی کوردله وڵاتی تورکیه ۱۹۷۵ - ۱۹۵۸ ۵۱۵
۱ - پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیه ۵۱۷
۲ - کوردستان‌و، حیزبی کرێکارانی تورک ـ پ ـ او ـ ت ۵۱۷
۲ - گێژه ڵەکەی ۱۹۶۷ قه یران ۵۱۸
۲ - جیاوازی پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیه ۱۹۶۹

صفحه

٥ ـ کانکـای فەرهەنگی شۆڕشگێرانی ڕۆژ هەڵات ٥٢١
٦ ـ ئاکاری کە ماندۆئی ٥٢٢
٧ ـ پارتی کرێکاران و، مە سە لەی کورد ٥٢٣
٨ ـ پێش لێ گرتن ؟ پاش زۆر بەی زۆری ١٩٧١ ٥٢٤

پ . د . ک ئێران لە ١٩٥٨ تا ١٩٧٦ ٥٢٥

فەسلی ٢ ٥٢٥

١ ـ لە کۆبوونەوی دوهەمین کونگرە، حیزب بۆلای ڕاست چوو ٥٢٦
٢ ـ شۆڕش و، سەر بزیوی لە ١٩٧٦ ـ ١٩٦٨ ٥٢٧
٣ ـ دووهە مین کۆنفرانسی پ . د . ک ٥٢٩
٤ ـ لە سێ هە مین کۆنفرانس (ژوئن ١٩٧١) تا (کۆبونەوەی سێ هەمین) سپتامبری ١٩٧٣ ٥٢٩
٥ ـ وازی پارت لە کاتی دووژمنایەتی ئێران ـ عراق ٥٣٠
٦ ـ پارت پاشن ١١ مارسی ١٩٧٤ ٥٣١
٧ ـ وە ..... پاش پێک هاتنی ٦ مارس ١٩٧٥ ٥٣٢

هەڵوێستی عراق لە سالی ١٩٧٦ ٥٣٢
بەرگری و پێش گـــری ٥٣٣

ئاکام ٥٣٦

لە بارەی ژێنرال بارزانی و هونراوەکانی هونەر قادری جان ٥٣٦

ژینامە کرپس کوچێرا

کریس کوچێرا نووسە ری مێژوی " خەبات‌و ، هەڵستانی گەلی کورد " ، لەسالی ١٩٣٨ زاینی دا لە دایک بووە ، ژنە کەی وینە هەڵ گرە ، وۆ لە کاروباری کوچێرا داها وکارێتی .

ئە و نوسەرە لە ڕۆژنامە کان و ، گۆڤارەکانی وڵاتی فە رانسە ، وە هە روەها دە رە وە ، ڕێپۆڕ تاژی ڕامیاری دە نووسێ : هە تا ئیستا ئە وانەی بە شە رخە وە نووسیوە : بـــزوتنە وەی بیافڕالە سالی ١٩٦٩ ، کاتی خلیجی فارس لە ١٩٧٨ ــ ١٩٧٥ دا " وڵاتی سوداں لە ١٩٧١ دا ، ڕاپە ڕینی کوردە کان لە ماوەی ١٩٧٥ــ ١٩٧١ دا وڵاتی شیلی کە ١٩٧٦ ، فلستین لە سالە کانی ١٩٧٨ــ ١٩٧٦ ، ئەوانە ڕستە نووسراوە یەکن کە کوچێرا بڵاوی کردونەوە .

کرس کوچێرا ، بونووسینی ئە وەیژوویـــە ، پترلە ٥١ کتب وە ٧١ روژنامە وگوڤاری خویندوتەوە وە هە روە هالە ئاڕشیوە کانی دەرەوەی جیهان کەلکی وە رگرتووە .

وە رگێڕ ــ ڕیانی

ناسینی وەرگێڕ

لە سەر رێبێی وشوێنی هەمیشە کە باوە وقاوە، نووسە ریاوە رگێڕ بۆئە وەیکە بناسرێ پێویستە بە کورتی لە سەرەتاوە بە سەرهات واتە شە رحی حاڵی خوبی بنوسێ.

حەقیرلە بانە مەڕی ساڵی ۱۳۰۳ لە شاری مهابادلە دایک بوم. لە هەوەڵە وە چومە مەکتەب، دەرسی دینی و، قوزئان م خوێند. پاشان ناردیاغەمەدرەسەی دە وڵەتی وە تا ساڵی ۱۳۲۰ ی هەتاوی دەرسم خوێند. سەبارەت بە ڕووداوەی شەڕی گەورەی دووهەمی جیهانیئ لە کوردستان ماوەیکمەدرەسەکان داخران منش ئەوکات نەمتوانی پترلە ۹ پلە دەرسی نێونجی بخوێنم

ئاڵوزیو پشێوی لە مهابادزیا تردە بوولە هەڵومەرجی دامەزراندنیکوماری کوردستان لە مهاباد دابووکە بودەرەوەی وواڵات بۆ خویندن چووم ساڵێک لەوی مامەوەو، گەڕامەوە ئێران.

مەیلم کێشرا بۆلای ئیش وکاری فەرهەنگ لە ساڵی ۱۳۲۶ لە قۆناغی هەوەڵەوە لە مهابادەدە رسم دەگوت. بە شوێنی ئەوە داناردیاغەبۆکان مەدرەسەی ناوەندیبوکان م بە یارمەتی ئاغاکانی وێ دانا.

پترلە ساڵێک لە وێ نەمامەوە، لە وێراهەڵیان داشتم بۆورمێ، لەگوندێک بەنێوی، مەلوونە" دەرسم دەدا. بە شوێنی ئەوە داهێنا یاغەوە شاری ورمێ

وە بە چە رمە سە ری ناردیاغە وە مهاباد .

لە ساڵی ۱۳۲۹ تو وانیم دیپلەمی علمی وەرگرم ، وە بە و بە لگە یە بچمە زانستگەی ئە فسە ری . بە دە رە چە ی ستوانی لە جنوبی ئێران لە ڕستەی تۆپخانە خە ریکی خزمە ت بووم . ئە وکارە دووساڵی خایاند . لە قۆناغی دووائی داهاتمە وە ئیدارەی فەرهە نگی مهاباد ، بە ڵام تووشی ڕووداوەی سیاسی بووم و ، لە فە رهە نگ وە دە ریان نام .

بە شوێنی ئە وە داخە ریکی کە سب وکاربووم ، وەهە روەهالە موتالاش غافل نە بووم ، وە تو وانیم دیپلەمی ئە دە بش وە رگرم .

لە کنکورزانستگەی تە وڕێزقە بول بووم . لە ڕشتەی زمانی فە رانسە ناوینان نووسیم . لە ساڵی ۱۳۳۷ لیسانس مووە رگرت . لە دووایە بو فە رهە نگ داوەت کرامە وە . کردیاغە سەروک دە بیرستان ، تا ساڵی ۱۳۴۴ لە سە رئە وکارە بە ردەوام بووم لە وماوە یە دا لەگە ڵ هێندێ لە دە بیران وآموزگاران ، تاوان بارکراین کە دژی ڕژیم دە بزوینە وە ، منیان بۆکاشان هەڵ داشت وە ئە وانی دیشهە ریەک بۆلایەک . پاش سی سالمانە وە و ،کوێرە وەری بۆتاران ناردرام . لە وکاتوساتە دابە یارمە تی مامۆستای زاناوبە ڕێز مە حە مە دی ئیراهیمی چومە ئیزگەی برون مە رزی بە رنامەی کوردی ، وە ها وکاریم دە کرد .

لە وبە ینە ش دا تووانیم دە وڕەی پلەی سە رە وەی انستیتو بە رنامەریزی و مودیرییە ت تە واوکەم .

ئیستا کە متقاعد بووم واتە بازنشستە .

پاش شۆڕشی پیرۆزی ئیسلامی ئیران ، بە هۆی دانی ئازادی قە ڵەم ونووسین منش خە ریکی وە رگێڕانی پە رتوکی " میژووی‌کورد" کە هە رئیستاکە لە بە رچاوتانە بووم . لیرە دابە جییە کە لە جە نابی دوکتۆرا علم پڕوفسۆری قە لب سوپاس وتەشە کوربکەم کە ئە وکتێبەی دامێ ، وە هانی دام کە وە ری گێڕمەوە .

نوو سراوەکانی دیکەم لە گۆڤاری گرشەی کوردستانی داکە سە ردە مێک بە سە رنووسە ری مامۆستای زاناو کارزان ئبراهیمی بڵاو دە بۆوە ناساندراوە . جێی

شایانی باسە کە لیرە دا بە خاتری ئازادی قە لە م وە زمان کە لە مادە ی ١٥ قانونی ئە ساسی کۆماری ئیسلامی داگونجاوە سپاس بکرێ.

ئترده وام و، قە وامی ئە و کومارە بەڕێزە مان لە خودای مە زن ئاواتە خووا زین ــ محمد ریانی ڕێ بە ندانی ١٣٦٦ هە تاوی لە تاران.

بسم الله الرحمن الرحيم

سه ره تا

نه ته وەیه که که له نێوەڕ و وڵاتی جۆر به جۆردا وونه ، به شی‌زۆری له ووڵاتی تورک، ئێران وه عراق ، وه به شی که می لەووڵاتی سوریه و شۆڕۆەی دادەژین ئەو نه ته وەیه له میژووداله هه رەنه ته وه کونه کان ناسراوه .

ووشەی کوردله و و ڵاتانه داوەک یه ک له سه رزاران نیه . له تورکیەداپێیان ده ڵێن دانشتووانی ئاناتۆلی باشوری . ژمارەی دانشتووانی کورد له ناوچەی ئه و و ڵاتانه دابه وجوره نیوبردراوەله ووڵاتی تورکیه ٤ میلیون له ئێران ٥/٥ میلیون له عراق ٢/٥ میلیون وەیه ک میلیونی دیکه ش له ووڵاتی سوریه وەوو ڵاتی تردە ژین که له گشت دا ١٥ میلیون نەقەرزاندراوه .

هه ڵبه ت هێندی میژوونووسان ئه وژمارەیان نه سه لماندوه ، وەهێندی له حکومه ته کان ده ڵێن که ئه وژماره یه وانیه ، به ڵام هه رچێک بێله وباره یه دائا-کاری ڕامیاری تێدا دیاره ، وه له ت وکوت بوونی ئه و ، ووڵاته له وبابه ته وه بی‌ئه سەرنیه

کات وچلۆنایه تی جوغرافیای کوردستانش زۆربەچاکی ڕوون نه بۆته وه . له عراق داسنوری به ینی کوردستان وه عه ره به کان ده ــ گه ڕێته وەڵای کێوه کانی کوردستان وه ده شتی به ین ئه ننه هرێن ه ئینجا .

١٥ سال شه ڕوکێشه له ووڵاتی کوردستانی عراق دابه زگری له وەی کردوه که

رژیمی عراق بـە باشی نە تە وەی کـورد بناسـی وە بـە حال و بالّیان ڕابگات ، وە سنوریان دیاری بکات !

لە ئێران داتە نیالیوایە کی کوردستـان هەیە کە نیّوی ناوچەی کوردی لە سە رەو ، وازبە چاکی ڕوون نە کراوە وبە وجورە ئە ولیوایە هە ووی وولّاتی کوردستانی ئێران ناگرێتە وە ، وەلە ڕاستە قینە دالە وولّاتی تورکیە داهە ردە لّێی کوردستان هە ستی نیە .

وولّاتی کوردستان لە نە خشە داباش دیارە واتە لە سە رتا سە ری دە ریای مدیترانە تاخلیجی فارس دەگرێتەوە .

ئە ونە تە وە یە مە بە ست بە پاراستنی زمان و ، فە رهە نگ و آین و ، مە ذهەب و ، فۆلکلوّر ، شانۆ ، میتولوّژی چیرۆک و ، مە تە لّ ، زاراوە ئاداب ورّوسمی ڕەسە نی خۆیی تائێستاتووانیو یّتی هە ربە وچە شنـە فـوّرم و شکلّـی خۆیی لە ڕۆژ هە لّاتی ناوە ڕاست دابێ لّێتە وە ، ولە قە دیمەوە ڕای بگرێ . هێندێ ، هەلّوێست بۆتە هۆی ئە وە ، کە کوردبێ میّژوومابێتە وە ، وەچ شتێک لە بارەی وی دانّەنوسرابێ ئینجا نووسە رکانی عە ڕە ب ، فارس ، تورک هەوە لّین ڕاوێژکە ڕە کان بوون کە لە بابە ت میّژووی کورد لێیان کوّلّی وەتە وە و ، پە رتوکیان نو و سیوە . لە چاوەڕووانی وَرْو وانگەیجو ــ غراقی ناسە کانە وە لە بارەی ئە وقە ومە واگوتراوە: "ئە بـوو ئیسحاقـی فارسی" دە لّێ کـوردقە ومێکە کە لە تە نشست فارسە کـان داژیانیان ڕابووا ردووە ، ئە ونووسە رە لە سە دەی دە هم داژیا وە هە روە هابە ووتە کە ی درێژە داوە ، دە لّێ کوردنە تە وە یە کی

تایبە تە کە ئاکاروکردە وەی جیاوازی خۆی هە یە ، واتە گە لێکە کە سروشتووخەمیرە کە ی لە هە وە لّەوە کوردبە هە ستها تووە"

میّژوونووسێکی عە ڕە ب بەنیّوی مەسعودی لە پە رتوّرکی "مروج‌الذهب "واتە" چیمنە کانی تە لائی" دادەلّێ؛قە ومیکورد لە بنە چە کە ی پیاوە یە خسیرە کانی شاسولە یمانە ، وە لە تە باروعێلی شە یتانن کە لە کێوە کان دابّلاوبوونە وەوە سە ربزیوو نافە رمان بوون"

مێژوونووسێکی دیکە دە نووسی کە ئەوقەومەلەبنەچە کە ی زووحاکن کە پادشایەکی خوێن خۆری ئێران بووە وە دووبرینی بە شکلی مارلە سە رشان بووە کە زۆری سەخڵەت کردووە، وە بە هیچ داوودە رمانێک چارەی نە هاتووە" تاکوزۆژێک شە یتان لە جلکی دوکتۆر دیتە لای وە پێ ی دە ڵێ ئە ودووبرینە تە نیاچارەی بە وەدێ کە هە موزۆژێ مە غزی سە ری دووگە نجی لە سە ردابنێی تائارام بی‌وساریژی بکات ئینجا.

ئەوزێگایەی بۆدا مرکاندنی دەردی زووحاکبە پادشای ئێران فێرکردووە، کە بەوەش عیلاجی نەهاتووە.①

بە شوینی ئەوە دابورزگار بوون لەدا وی ئەوپادشایە، کوردە کان چوونە کێوەکان‌وە پەنایان بۆجێگای عاستەم بردوە، وەزۆرژیانیان لێ تاڵ بووە، وەبەوچەشنە لە چاوە ڕووانی ڕۆژێکدابوون کەهەل ومەرجیان بۆهەڵ کەوێ تابتوانن ئەوپادشا ملهوڕە لەبەین بەرن‌و، شەڕی وی لەسەرملی خۆیان دابڕنن گوتویەتی ئەونە تەوەیە ماوەیەک لەگەل‌شارو، ئاوەدانی هات‌و، چیان نەبووە وە لەوماوەش‌دا زمانێکی تایبەتیان داناوەو، قسەیان پێ کردووە".

ئینجا لاپەڕە مێژووکان نیشان دەدەن کە کورد لەمێژەهەستی هەیە وە لەزەویوو، کێوەکانێکی کەئەوزەڕەولاتی کوردستانی نیوە، ژیاون.

لەشاری ڕەواندزی عەراق‌دا، لەئەشکەوتی "شانیدار" بەندەنێکی ئادەمیزا دیان دیتۆتەوە لە ئیسانەهەوە لەکان، واتە "نێئان درتاڵ" هـ، وە ئەوشارەش لەکاتی حازر دا کورد نشینە بەڵام باستان‌شناسان هێستا بڕوایان بەوەی نیە کەووشەی "کورد" لەسەرئەو ئێ سکلێتە دابنێن.

گزێ نێفۆن مێژوو نووسی یۆنانی کە لەسالی ۲۲۰ی پێشزایینی دا ژیاوە، وەیەکێکە لەمێژوو زانان وساحیب مەنسەبکانی گەورەی هێزی ئسپا رتەکان، لەپەڕتۆکی خۆی دا بە نێوی " گەڕانەوەی دە هەزارسو وار" دەنووسێ کەئەو قەومە، مـادن، وەخزم و، کوڕە مامی فارسە کانن؟ وەیان قەومێکن کە لەبەینی

① ئینجاوەزیری زووخاک هەموروژی مێشکی بەرخێکی لەگەل مێشکی گە نجێکی تێکەڵ کردوە، وەبە وجووڕە، گە نجێکی لەکوشتن ڕزگار کردوە.

وڵاتی ئاسیاو، ئوروپادا. وە بەنیوی سیریتەن ناسراون

بەڕاستی میژووی کورد لەوە ختێک داناسراوە وە بەباشی ڕوون بۆتەوە کە ئاینی ئیسلام لەزەمانی عومەر خەلیفەی موسلمانان دالەوەڵاتبڵاو بۆتەوە، وە ئەسەری لەسەر ئەوگەلەداناوە: نووسەرەعەڕەبەکان کە بەسەرهاتیان نووسیوە، دەڵێن کە ئەونەتەوە یەلە سێ سەدان‌دا ڕا پەڕینە کەی خۆی درێژە پێداوە، واتەلەزەمانی داگیرکردنی تەکریت لەسالی ۶۳۷دا، تابەسەرهاتی هەوەڵین سلسلەی میژووئی کوردەکان: شە ددیتەکان لەسالی ۹۵۱ وە تا ۱۱۷۴ لەسەرەوەی قەفقاز حکومەتیان کردوە.

حەسەن وا حیدەکان کەلە ۹۶۰ وەتا ۱۰۱۵ ئەو کوردانەی کەئەوڕۆلە جەنوبی کوردستانی ئێران داهەن، حکومەتیان کردوە، وە مەڕوانیێکانی کورد کەلە ۹۹۰ وە تا ۱۰۹۶ لەناوچەی دیار بەکرحکومەتیان هەبووە سەلاحەددینی ئەیوبی کە دانیەری سلسلەی ئەیوبی بووە (۱۱۹۳ – ۱۱۳۸) لەبابەوە کوردە، وەهە تاوڵاتی مسر پادشایەتی کردوە، بەلام ڕەگەزی خۆی وەدەرنەخستووە، لەسەدەی ۱۹دا مەغولەکان ڕژانە سەر ناوچەی کوردستان: لەسالی ۱۲۴۷ وە لەشارەزوور، وەلەسالی ۱۲۵۲ دا، لە دیاربەکر، وەلەسالی ۱۲۵۷ دا، لە کرمانشاو، هەولێر، وەلەسالی ۱۲۵۹ دا، لە حەکاری‌و، جەزیرە بوون، وە بەو چەشنە خاکی کوردستانیان تادووسەدە و، نیو لەژێر سێبەری ڕەشی خۆیان‌دا هێشتۆتەوە.

پێویستە لەسەدەی ۱۷ زاینی ش‌دا چاوێک لەوازی کوردستان بخشێنین وبزانین کە کاتی ئەوو لاتە چۆن بووە، لەگەڵ شەڕی چالداران لەسالی ۱۵۱۴ کوردەکان بۆ دووبارە ژیانەوەی خۆیان واتە رونیسانس: لە ماوەی چووار سەدان‌دا کە ڕژیمی عوسمانی دژی پادشایە تی ئێران دووژ منایەتی هەبووە، تووانی ویانە کە بەدامەزراندی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کە دابگەن، وە ئەو دو دەوڵەتە مافی نەتەوایەتی ئەویان بۆ پێدا هێناوە، وە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی مەرکەزی ئەستەمبوول وەتاران نێوانی هەبووە، جالەودەورانە دا کە کوردستان هەستی هەبووە، پێی گوتراوە دەورانی تەلائی فیئودالیتەی کورد.

شەرەفنا مەکەلەسالی ۱۵۹۵ دا بە زمانی فارسی نووسراوە، وەنووسەرەکەی کورد بووە، هەوەڵین کتێبی میژووئی کوردە کە قامک لەسەر ئەوکاتە دادەنێ، وە

نیۆی نووسەرەکە شەرەفخانی بتلیسیە.

لەسەدەی ۱۷ و ۱۸ دا سنووری کوردستان‌لەلایەن دوورەقیبەوە بە ستراوە، سنووری بەینی تورکو، ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆڕۆژ ئاوا، وە لە ڕۆژئاواوە بو ڕۆژ هەڵات‌دەس بەدەستگەڕاوە وئاڵوگۆڕ کراوە، ئەوەش مەبەستبە شەڕو، کێشەیەکبووە، کەلەوەمەڵبەندەدا قەوماوە.

پەیمانی سالی ۱۶۳۹ نیشان دەدا کەئیدی ئێران نەی تووانیوە، بەو هێرشە درێژە پێبدات، لەئاکام‌دا تەواوی کوردەکان بوونە ژێرفەرمانی دەوڵەتی عوسمانی.

پەیمانی ۱۷۳۲ واتە پاش سەدەیەکەکە بەسترا، ئاسۆیەکی تازە لە سنووردا دێ نێتە پێشێ یا نی لەلای ڕۆژ ئاواوە کە قودڕەتو، فەرمانی نادرشا کە هەتا دەروازەی بەغدایە بوو، ئەوسنووری ئاڵ و گۆڕکرد بەڵام پەیمانێکی نوێی دیکە کە لەسالی ۱۷۳۶ دا بەسترا، دووبارەپەیمانی سالی ۱۶۳۹ ی هەروەا بە قەوەتی خۆی هێشتەوە.

لەبەرەبەری ئاسۆی سەدەی ۱۹ دا، کاتێکەکە جووڵانەوە یەکەی ناسیونالیستیو، نەتەوایەتی دەهات‌شکڵبگرێ،کوردستان بەرەۆڕا پەڕێن دەڕوێشت، بەڵام هێشتا ناگاتە ئەو دەمەی کە شەرەفخانەدین لەسالی ۱۵۹۶ زاینی‌دا گوتویەتی، وەقامکی لەسەرداناوە.

لەسەدەی ووستادا واتە لەسەدەی ناوەراستی ئوروپادا لەکۆشکەکانی فیئودال لەدەرەبەگەکان کەمو، زۆر بەیارمەتی جوتیارەکانی کوردو، هەرمەنی حکومەتی قەبیلەئی، یان نیوە قەبیلەئیان پێک هێناوە.

لەمەڵبەندەکانی بەرزۆوەکێوەکان کەڕێگای هاتو و چۆ کەم بووە، قانونی دەرەبەگەکان لەسەرجوتیارە کوردەکان زۆر حوکمو، زۆربەی نەبووە، وە دستورو، حوکمیان لەدۆڵو، دەربەندەکان‌دا پتر بەڕێوە بردراوە، ئینجا هێندێ لەدەرە بەگەکانو، ئەربابەکان بۆ خویان کەم یانزۆر چەشنە ئۆتۆنۆمێکیان پێکهێناوە، بەڵام هەرگز ووشەی "دۆڵەت" وەیان "نەتەوە" بەسەرزمانان دانەهاتووە.

لەسالی ۱۹۷۵ دا، پاشئەوەی کەمافی نەتەوایەتی ناوخۆ ئەستاندرا، وە چەشنە مافێکی گشتی لە کوردستان بەڕێوە بردرا بە دووای تێکچوون‌دا دیسان کوردستان لە ڕۆژی ڕەش وتاڵداماوەو، نیۆی کوژاوە، ئینجا خۆهەڵکێشانو،

تی هەڵ چوون‌و، هان دان لەوبەینەدا بووبەمەبەستی ئیشتبایەکی مێژووئی، لەوهەل‌و، مەرجەدا!

دەگوترێ بڵێن‌کە تەواوی ئەو بزوتنەوانەی کەڕەنگ‌وشکڵی نەتەوایەتی هەبووە، وەئاڕاستەو، گەورەکراوە: هەمووی لەیەک مێژووی گشتی سەرچاوەی هەبووە، وە لەکورەیەکی نەتەوا یەتی‌و، ناسیونالیستی دا وەجۆش وخرۆشهاتووە، ئینجایان نەمان بووە و، گوللەی توپ، وە یانژیان، بەڵام دەبێ پێ لەوەی بندرێ کە بەڕاستی کورد مێژووی نە بووە و، نەنووسراوە: " پێش مەرگەی ژینراڵ بارزانی هەرگز ئەمیر بەدرخانی نەدەناسی، وەنەی دەزانی شێخ‌عوبەی‌دیل‌لا کێیە، بەڕاستی ئەوان قارەمانێکی‌چارە رەشی کوردستان بوون.

تاقمی ڕووناک بیرەکانی کورد کە لەگەڵ بارزانی هاوکاریان دەکرد، هەرگزو هەرگز، ئەو مروڤانەی کە کلوبی کوردی قوس تەن تەنیە یان‌داناوە، نەدەناسی، جابەڕاستی ئەو مروڤانەی کە پێویست‌بوو لە بارەی ڕا پەڕینەکانی سالی ۱۹۲۱، ۱۹۲۵، ۱۹۲۷، ۱۹۳۷ دا لێی کۆڵیبایەو، وە متالای کردبایە، دەهات‌لەبارەی تەمەددنی ۵۰۰۰ سالەی کورد، دا قسەی دەکردو، لەسەری دەڕۆیشت، بێگومان کوردەکان لەوبارەدا بەر هەڵستو، بیانوویان زۆرە: بەرەڵستو، پێشڵێ گرتنی سەدسالەی‌ڕژیمە کونەکان‌و، پادشا بۆگەنەکان کەنەیان دەهێشت تەنانەت مێژوو یەکلە بارەی نەتەوەی کورددا بنوسرێ.

لەسەرئەوەشڕا، کوردەکان ناتووانن ئەوبارە قورسە لەسەر ئەستۆو، کۆڵی‌خۆیان لابەرن کەچیان نەکردووە، پاش ئاشتی وسولحی ۱۹۷۰ کوردی عەراق بەڕاستی نـەی زانی، وەیان نەی ویست‌لەوکاتەو، دەمەگورەیە کە بۆی‌هاتیۆ پێشێ کەڵک وەرگرێ وەلەسەر نوو بینی مێژوویەکی گەورەکاربکات، بەڕاستی دەبێ لێرە دابڵێن کە مێژوو لیاقەتی سەرژەنشۆ، لۆمەیە، ئینجا متاڵایەکی قوول لەسەر مێژووی ڕا پەڕینی کورد لەسەرەتای هەڵستانەکەی لەسەدەی ۱۹ دا ئامانج و هەڵوێستەی بەڵام ئەوەش ناتوانێ بەبێ هەڵەوئیشتبابێ ـ بێگومان بۆ کەسانەی کە لەداهاتوودا لەبارەی مێژووی کورد متاڵا دەکەن ولێی دەکۆڵ نـــــەوە، و دەنووسن، دەبێتە هۆی دەرسێکی چاک کە ئاکارو کردەوەی ڕا بردوکان وەبیر خەلک دێنێتەوە، وەئیتر هەڵەدووپا تەنا بێتەوە.

سەرئەنجام هەرچۆنێک کە لەبارەی هەوا دارانی ژینراڵ بارزانی قەزا-

وەتدەکەن، بابی کەن، بەڵام وا باشە کە بزوتنەوەکە هەربنوسرێ وەبەیان نامەکانیشبێتە سەرکاغەزو، لەبیرنەچنەوە.

* * *

ژمارەی کوردان تائەرو لە دونیایەدا بە ۲۵ میلیون نەفەر گە یشتوە ــ م

بۆئاگاداری

نووسەر ئەو پەڕ تۆکەی کردۆتە چووار بەش

١ ــ مەسەلەی نەتەوایەتی قەومی کورد و ، هەوەڵین خەباتەکەیان

٢ ــ ساڵەکانێ کی کە کوردەکان ، لە ژێر زوڵم وستەمی نەتەوایەتی دابوون

٣ ــ خەیاتبۆسەر کەوتنو ، سەربەستی

٤ ــ سەرئەنجامی ئەوگەلە ، وەسرنجدان بە خەباتو ، کەڵکلێ وەرگرتن .

"وەرگێڕ"

بەشی هەوەڵ (١)

(هەستیو ، بوونی نەتەوا یەتی کورد)

بەشی (١)

١ ــ ئەمیر بەدرخان "پادشای" کوردان

ئەمیر بە درخان حاکمی کوردستانی بەشی وەلاتی کورد نشینی عوسمانی بوو، حاکمێکی بەهێزوتووانا و، ذانا بوو، ئینجا بە دە خۆزادیوی ئەوڕستەیەی لەبارەی خۆی داگوتووە:

ــ ئەوە منم کە حاکمی ئەو وەلاتەم و، حوکم دەدەم، نەپادشای عوسمانی ئەگەر پادشای با بی عالی، لەمن‌هێزو، زۆر بەوتووا نائی پترە، بەلام من‌زۆر لەوی نەجیب‌تروگەورەترم! چونکە باش‌تروچاکتر بەسەر نەتەوەی خۆم ڕادەگەم، وە ئاگام لێیانە، هیچ کاتێک زوولم وستەمیان لێ‌ناکەم گەلی گورد گەلێکی کۆن، ئەسیلو، پاک و خاوێنە.

هەرچەند گوتنی ئەووتا رەی بەدرخان دەبێ نەختێک لەخۆ هەڵ کێشانی وی بریتی‌بێ، ئەمما بۆمان وەدەردەکەوی، کەئەوحاکمە شانازی بەوەوە کردوە کە خۆی بە کوردێک‌زا ینوە کە لەبەرا بنەرپادشای عوسمانی دا بەو هەموو تووانائی وقودرەتەوە، نەک‌سەری دانەنوواندوە، بەڵکو خۆشی بەزۆر داردانـــــاوە. وەلامبەرێکی وەلاتی فەرانسە کە لە لایەن پادشای فەرانسەوە سەری لەوەلاتە کوردەکانی تورکیەداوە دەگێرێتە وە، دەڵێ: ئەو گەلەلەئاسیای کۆن داڕیاوە: وە بەڕاستی سوڵتان حەمیتی کەبڵێ، من‌لەگەلێکی نەجیبو، پاکم و چوون ئەمیر بەدرخانی ئاش لەو ڕەگەزەیە، وەلەو زەویو زارەش‌دا لەدا یکبووە.

هەروەها ئەووەلامبەرەگوتویەتی: ئەمیر بەدرخان حاکمێکی زاناو، تێ گەیشتوو بووە، خزم وقەومێکی زۆری لەدەورو بەر بووە، وە ئەو ووتارەی کە

گوتویەتی "من خوم لەپادشای عوسمانی بەما قوول تر دەزانم"، ڕاستی گوتووە.

ئینجا بابزانین ئەمیر بەدرخان کێبووە، ئەمیر بەدرخان بەگ لەبنەچەکەو، بنەماڵەی هەرەکۆنی کوردە، لەساڵی ۱۸۲۱ی زاینی دائەمیری وەڵاتی بۆتان بووە، ئەووەڵاتەکە جێی دانشتووانی کوردی تورکیە بوون، زۆر بە هێزەوە دابینو، ئەهون کردوە، وەحکومەتی نەتەوایەتیو، سەربەخۆئی خەلکی کوردی لەوەلاتدا، دامەزراندوە.

ئەو ئەمیرە جلگی تایبەتی لەبەردەکرد، واتە لیباسێکی تایبەتی گوولّ دۆزی زیر کەزۆر ئاڕاستە بووە لەبەرکردوە، میزەرێکی سووکی ئاوریشمی لەسەر داناوە، قەراغی پانتولی، ئاوریشمی سوورو، ڕەشبووە،کالەیشەمانەبەندی،یان سۆلێکی کەنووکی سەری هەلگەڕاوە لەپێی کردووە.

ئینجا ئەوکات زۆربەی حاکمە کوردەکان جلکو، بەرگیان بەو چەشنە بووە، وە حۆرمەتێکی تایبەتیان لەنێو عێل و عەشیرەتی خۆیان بۆ گیراوە، وە هەروەها کوردەکانی دیکە ڕێزی ئەوحاکمانەیان گرتووە. ئەوڕێزگرتنە مەبەست بەوەبووە کە ئەمیروو حاکمەکانی کورد، گەلەکە یان زۆر خوش ویستووە، وەلەپاشا تورکەکان پتر بەسەرخەڵک ڕا دەگە یشتن.

ئەمیرەکان بۆ پاراستنی سنوورو، و ڵاتی خۆیان، خەڵکیان چەک داردەکرد، واتە تفەنگ و شمشیرو، خەنجەریان دەدانێ کە بتوانن‌لە بەرانبەر دوژمن‌دا دلێرانەڕا وەستن، ئەمیر بەدرخان هەر بەنێوانی چەندڕۆژان، سەری بە سەرەلاتی کوردستان دادەکێشا، وە لەوازی خەڵکی دەپرسی، پووڵو، پارەی بەنەدارو، فەقیروهەژاران وەنابینایان دەدا وەمەلایانی خەڵات دەکرد، ئەمیر بەدرخان زۆر جار لەبەربیەیانیوە لەکۆشکی خۆی دا لەدەرگولێ لەجەزیرەدا، دادەنیشت، کیسەزێڕی دەبە شێوە، کە ئەو کیسە زێڕانە بە پووڵی ئەوڕۆ ۱۲۵ دلار واتە نزیک بە ۹۰۰۰ ریال دەبوو، میزوو نووسان گوتویانە کە ئەمیربەدرخان مرۆڤێکی زۆر موسلمان‌و، پارێزگار بووە، وە زۆرش تووانا، زانا. [۲]

دەگێڕ ئەو کە لەبەرانبەر ئەمیردا، سەرۆکەکان هیچ دەسەڵاتیان نەبووە، بەڕاستی هەموودانشتووانی وەڵاتی کوردستان لەو وەختەو، زەمانەدا، پییان وابوو کە خودا، محەممەدێکی دووهەمی، بوریک و پیکەکردنی کاروباری کوردان ناردووە،[۳] تالە ئاکام دا بەشە خووراوەکانیان بۆ بستێنێتەوە، وە ژیانێکی

بەشەرەفیان بۆوەدەست بخاتەوە، وەسەرئەنجام سەربەخۆییکی بەنرخ و با یخ بۆخەلکی کوردابمە زرینن. ۴

لەڕاستەقینەدا ئەمیر بەدرخان ئامانج و ئاکاری بۆکوردایەتی هەربەوچەشنە بووە، وە کۆسپو، بەرەلستێکی کە بۆخەڵکە کە هاتۆ تەپێشێ، لەنێو بردوە، وەهەوڵی داوە کەگەلی کوردلەچیۆتی وناڵە باری‌دا نەبێ.

ئینجا لەسالی ۱۸۴۶ زاینی‌دا کۆڕیکی ئەمریکائی چاوپێکە وتنێکیان لەگەل ئەوحاکمەبووە، وەگیڕاویانەتەوە کە ئێمە کە ۸ سال لەوەی پیشئەو ئەمیرەمان کە چاوپێ کەوتووە مروفێکی "ناتووان، بووە، وەزۆر دەولەمەندو بەقودرەتنەبووە، لەئاکام دابە چاکی باسیان نەکردووە. ۵

هەرلەوبارەیەدا، مەحمود پاشا، شازادەی کوردی سولمایمانێ لەسالی ۱۸۲۰ دا کەلەگەل پیاوێکی دیپلوماتی ئینگلیسی چاویان بە یەکتر کەوتووە، وەباسی میژووی گرنگی کوردی بۆگێڕا وەتەوە، گوتویەتیکە جەزیرە پێ تەختی تایبەتی بۆتان بووە،وە تێک و پێک دراوە، وەلەبارەی لە"نیوچوونی خانەدانی خۆیی" قسەی بۆکردووە.

هێندێ لەسەر چاووکانی میژوو گوتویانە، کە بەدرخان جێی شازادە سەیفئەددینی گرتۆتەوە، مەبەستبەوەکە یەزدان شیری کوری خۆیی لەزیندانی کردووە وەنەی هێشتووە حاکم بی ا ۶

لەسالی ۱۸۲۸ — ۱۸۲۹ ئەمیر بەدرخان کە خاوەن هێزو، تواناتر بووە، بەتا یبەت تووانێوێتی لەبەرا نبەردەولەتی عوسمانی دا،ڕاوەستی وەهەوڵ وتەقەڵلابدات کە جیرانە کوردە فئودالەکانی خوبی وەکخان مەحمود، لەشاری وان، وەنوروڵ لابەگ لەشاری حەکاری کۆکاتەوە و یەکێتی بەهەستبێنێ وە بەئاواتی پێکهینانی کوردستانی سەربەستبووە.

ئینجا پاشئەوەی کە سوڵتانی عوسمانی لەسالی ۱۸۳۸ — ۱۸۳۶، دا فەرمانی عەدالەتی و برایەتی لەوەلات‌دا ڕادەگەێنی بەدرخانلە سالی ۱۸۳۹ دا پەیمانێکی لەگەڵ عوسمانی دەبەستێ.

بەڵام پاشچەن حەتووان هێزەکانی مسری بئرایم پاشا کە جێی نشینی هێزە عوسمانێکان دەبن، لەپەیمانەکە لادەدەن، بەم بۆنـــە بۆکوردەکان هیچ شتێک نامێنێ، وەلەبیرۆڕای تۆلەئەستێنە وە دادەبن، لاوازیو، بـــی،

قودرەتی تورکەکان بووبەهوی ئەوە کە کوردەکان لە (ژوئن ۱۸۳۹ – ۲۴ – ۲۱) دا جوولانەوەیەکی گشتی بەهەستبێنن.

پاش پێنج سال واتە لەسالی ۱۸۴۶ – ۱۸۴۴ ئەمیربەدرخـــــان بەقودرەتەوە، زۆرزوو ئاکاروکردەوەی خویی بەجی هینا: سکەی لێدا، لە نوێژی جەما عەتی جومعەدا نێوی لە خوتبەدا خوێندراوە، تاسنووری ئیران حوکمی وی ڕاگەیاندرا، لەڕۆژ هەڵاتەوە تانێوڕاستی بەین ئەن نەهرێن واتە تاروژئاوا، بەندەری دیار بەکر، وەتادەگاتەوەشار و مالبەندی موسل دەستەڵاتی هەبوو، وە بەوجۆرە مالو، سەروەتێکی بێحیسابی پێک هێناو، حکومەتی کـرد.

ئەمیر بەدرخان لەسەرتا سەری کوردستان دا هێمن‌وئارامی بەرقەرار کرد بوو.

ئینجا لەسەرئەوەشرا مێزوو زۆرباشوازی حوکم ڕانی وی ڕوون نەکردوتەوە وە ئاسەوار ئاگاداریکی چاک لەدەستدانیە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە تەواوی وەڵاتی کوردستان لەژێر فەرمانی ئەمیر بەدرخان دا بووە.

ئەمیر بەدرخان دوو تاقمی ئەمریکائی کە بریتی لەدوکتورایـــــت وە بریێتبوون، بۆسەرلێدان لە کوردستان بانگ هێشتووە، ئەودووتاقمە بانگ هێشتنەکەیان سەلماندوە، وەهاتوونە "دێرگوولێ" وەماوەی ۲۳ ڕۆژ لەسالی ۱۸۴۶ داماوون، وە لەنا وچەی ورمێ ڕاتاجەزیرەی بەنی عومـــەر، وە لـــە جوولامێرگ ڕا تاسەرچاوەکانی خابوور گەڕا وون، وەسر نجیان داوە سەر وەلاتی ناچەکانی، دەست پی رانە گەیشتوی‌کوردستان.

کۆڕی قونسوولی فەرانسە وێکانیش‌کە لە سالی ۱۸۴۵ لەناوچەی "بۆتان" دا گەڕاوون، بەو جوورەیان گێڕا وەتەوە: وەڵاتی کوردستان لەگەل وەڵاتی تورکتەفاوەتی‌زۆرە، دانشتنوو، ڕونشتنیان لە ڕووی‌زانستەوەیە، فەرهەنگیان باشە، ئەو تاقمە لە ۵۰ جێگایان سەری‌داوە وە بەناوچەی تیگرێ دا دەچنە دیار بەکر، وەدەگێڕنەوە، کەدووژمنا یەتی کوردەکان و تورکەکان بە چاکی لەگەل یەکتر دیاربوو، وە ئەمیر بەدرخان باش چاوە دێری وەڵاتی دەکرد.

ئەوکاتئەمیر بەدرخان ۲۵۰/۰۰۰ پیاستروواتەقروشی تەرخان کردبوو، بۆ هۆزەکانی بەندەر، ئەوکۆڕە لەبارەی ئەمیر بەدرخان‌دا دەلی: مرۆڤێکی بە هێزو تووانا بوو، بەڵام عادل و دادگەر، بەقودرتە وە حوکم ڕانی دەکرد،

پیاوی سیخووری بو وەدەستهێنانی هاوال بو وە لاتی تورکەکان دەنارد تا خەبەران بزانێ، ئەمیر بەدرخان پیاوێکی خاوەنجێ، بەتین وحەرا ڕەت، وە لەخۆڕازی بوو، بەسەر تەواوی وەلاتی کوردستاندا وە هەروەها بەسەر حاکم کانی دیکەی کورد زاڵ بوو، وەدستی بەسەریان دا دەڕۆیشت. ۷

تاقمی دوکتور ڕایت وەبرێت ماوەی چووارحە وتووان لە لای ئەمیر بەدرخان مانەوە، وازی مەسیحی نەستورێکانی یان بەچاکی زانی، وە چلۆنایەتی ئەوان وە نێوان ناخۆشێکەیان لەگەل کوردەکان لێ حالی بوو، وەکاتی را میاری ئەوان لەگەل کوردوتورکەکان باسکرا.

نەستورێکان لەبابەتدانی مالیاتەوە لەگەل کوردەکان نێوان ناخۆشیان بۆ هاتبۆ گۆڕی وە شۆڕشیان دەست پێ کردبوو، لەسالی ۱۸۴۳ وە کەنەستورێکان لە ژێر ئالای کوردەکان دابوون وادیار بوو کە زوڵم و، ستەمی نەتەوا یەتیان بەتایبەتی لەناوچەی حەکاری لەلایەن نورول لابەگەوە لێ کراوە، ئینجا لەسالی ۱۸۴۶ دا ژیانیان بە کوردەکان تاڵ کرد، عوسمانێکان نەستوریکان بەیەکەوەدژی ئەمیربەدرخان نارەجەتی خۆیان دەربڕی، وەلاتی کوردستان سەروە ناخۆشیوو، نالەباری چوو، ئاژاوەیەک بە دووای یەکی داوەدی دەهات، ئینجالە ئوتی ۱۸۴۷ دژایەتی لندن و پاریس و ئەمری عسمان پاشا کۆشکی ئەمیر بەدرخان گەمارو درا، وەگرتیان وەلە و لاتبو "کاندی" دوورخراوە، وەلەویش ڕا نار دیانە "دیمەشق" وەلە ئاخری دا لەسالی ۱۸۶۸ یان ۱۸۷۰ کۆچی دووائی کرد. ۸

لەبارەی ئەمیر بەدرخان میژوو نووسەکانی دیکەش، جور بە جور دووا وون، "بازی نیکیتین" میژوو نووسی ڕووسی دەڵێ: ئەمیربەدرخان نێوان نا کۆکێکی کە لەگەڵ مەسیحیکانی هەبوو، بەتوڵەی ئەوە کوشتو، کوشتاری لێکردن، بەلام چارەی نەما لەبەرانبەر داخووازەکانی ئەوان سەری دانووا ندو، تەسلیم بوو، وەئەوەش بووبەمەبەستی شکانیوی، ئینجا عوسمانێکانیش بەسەرخاکی کوردستان دا زاڵبوون.

میژوو نووسەکانی تر وەکوو "اگلێتۆن" گوتویانە کە ئەمیر بەدرخانلە حەقیقەتدا ویستویەتی کە هوستی نەتەوایەتی کورد بەتەواوی بناسێنی، بەلام بە داخەوە زۆر بەباشی و خێرائی بوی بەجێ نەهاتو، بەئاواتی خوی کە وەدەستخستنی مافی سەربەستی گشتی لەکوردستان بوو، نەگەیشت، پاڵ

ڕووناکبیرو، پلەی سەرەوەی کوردی ئەڕۆ، لەسەر ئەوڕاوتە دبیرەن کە خەباتی ئەمیر بەدرخان لەکوردایەتیدا، خەباتێکی دەربەگایەتیو، فئودالی بووە، ئەگینە ئەو حکومەتە نەدەبایە بەو زووانە ڕووخابایە، ئەگەر فەلەو چوتیارەکان بەچاکی لەگەلی بـان، دەوامی پتر دەبوو!

ئینجا هەر چونێکبی، ئەمیربەدرخان مرۆڤیکی ناوداری میژووئی کوردە کە بۆکوردستان لەسەدەی ۱۹ دا خەباتی کردوە وە دەوڵەتی پێک هێناوە.

ئەوەی کەلەمێژوو نووسەکان وە هەروەها میژوونناسەکان وە دەر کەوتووە، ئـەویە کە ئەمیر بەدرخان لە مێژوودا بۆ کوردستان چەرخیکی زێڕینی کوردی بەهەستهێناوە.

دسەڵاتی ئەمیربەدرخان وابووە کە فەرمانی وی تەواوی ناوچـــەی کوردستانی داگر تووە، واتە لە وەڵاتی فارسەوە تاکوو "تیگر" ئەو دەسەڵاتە کاریگەر بووە، بەڕاستی ئەوکاتە لەمێژوودا بەچاکی لەبەر چاوە، وەوونابێ، وەکوردەکان بەهۆی ئەوەیە کە پێی دەڵێن دەورەی، "چەرخەزێڕینە" وەشانازی پێوەدەکەن.

تووانائیو، بەکاری و مشووری ئەمیر بەدرخان، وەئاکاروکردە وەی بە چەشنێکلە میژوو دا ڕوون بوتەوە وە دیارە کە پیاوناتووانی چاوی بقوچێنێ ولێ ڕا بڕێ.

بەڕاستی پاشهەشتا سال دووائی ئەمیربەدرخان کامیک لە کە سانی وی، لەکوڕ ەکان تووانیوە وەکئەو بۆ جوتیار و فەلەکانو، نەجیب زادەکانبەکەلکبن وەیان بۆ کوردەکان بەچەشنی وی دلسوز بن، ئەگەر تووانی بانایە وەکئەمیر بەدرخان حکومتبکەن، ئیتر نێوی کوردستان وەمافی خەلکی کورد هەردەماوە و، نەدەکووژاوە!

ئەمیر بەدرخان هەوەڵین پیاوێکبووە کە تووانیوێتی گەلی کورد وەبەر چاوان بخاتەوە، گەشەی پێ بداتەوە، لەبەرچاوی ئوروپایەکان ئەمیر بەدرخان لە قودرەتو، تووانائی خۆی کەلک وەردەگرت، بەلام دوومەسەلە بوو بەهۆی ئەوە کە لەقودڕەتبکەوێ وە کوردستان تائەوڕۆ نەی توانی بێ ڕۆژلەهەلاتـــی ناوەراستدا هەستی هەبێ، یەکیان مەسەلەی نەستوریکان بوو کەنەی تووانی جێ بەجێیبکات، چوونکە هێندێ لەدەولەتانی ئوروپائی لایەن گری مەسیحیکان

بوون، دووهەم مە سەلەی نەفت، بۆی بەرهەڵستێکی گەورە بوو ا
ویلیام ئێ گلێ تۆن لەئاکاما ئاوا لەومەسەلەیەکە ڵک وەردەگـــرێ، ئەومێژوو نووسەی ئینگلیسی کە بەسەرها تەکەی کۆماری مهابادی نووسیوە، وەبە ووردی بە دووای مەسەل کەدا ڕۆیشتووە لە ئاخری پەرتوکە کەی خۆیدا دەڵێ: شۆڕشی سالی ۱۳۲۴ بەڕا بەرایەتی قازی مەحەممەد کە کوماری بچووکی کوردی پێک هێناوە سالێک بەردە و ام بوو، ڕابردو، تێکچوو، ئینجا ئەوبزوتنەوەیە دروستسەدسال پاش حکومەتی ئەمیر بەدرخان بووە، وە بەشوێنی ئەوەدا مەلامستەفاش لەسالی ۱۹۷۵ دا تووشی ئەوشکانە بوو، وەڕا پەڕینەکەی کوژاوە، ئیتر...

۲ ــ شێخ عووبەی دیل لای شەمزینان (شەمونان)

پاش ئەوەی کە ئەمیر بەدرخان لەسەر کار لابرادرا وەلە و ڵات دوور خراوە، حکومەتی تورکلە دووڕێگاوە دەیەویستبەسەر و ڵاتی کوردستاندا زاڵ بێت، هەوەڵین مەبەستی ئەوە بووکە لەخزم و قدومە کانی ئەمیر بەدرخان کەسێکبە جێ نشین هەڵ بژێرێ، بەلام نەی تووانی ئەوکارە بکات، دووهەم "بابی عالی" دەیەویست و لاتی پان و، بەرینی کوردستان بەچەشنێکئیدارە بکاتوە سازمانێکدا مەزرینی کە بەتالائی ڕا میاری وئابوری و لاتە فئودالە کوردەکان پڕ کاتەوە.

ئینجا پاشئەمیر بەدرخان چەرخێکی پرلە ئازاوەو، پشێوی بەسەر وڵاتی کوردستاندا هات، کەلە مەجموعدا دەبوو، دەورەیەکی تازەوەدییێت "گەورەکان" واتە "شێخـەکان" کە لە کوردستان دا پیاوانـــی مەزهەبی ئائینی بوون وە نفوزێکـــی ئائینی باشیان لە نێو خەلکدا هەبوو، وای نیشان دەدا بە نەبوونی شازادەکان و، ئەمیرەکوردەکان، خۆیان بنوێنن، لەمەودای نیوسەدەدا، لەبەر چاوی خەڵکی کورد ئەو پیاوە مەزهەبیانە نەخشێکی گرینگیان دەگێڕا، بێگومان ووتارو، کردەوەی ئەو پیاوە مەزهەبیانە دەی تووانی لەووەختە ناسکەدا لەسەرنەتەوەی کورد ئەسەرێکی قووڵ دابنێ.

ئینجا یەکێکە لەهەموان قسەی زیاتر دەڕۆیشت، شێخ عوبەی دیل لای شەم زینبان یاشەم دینان بووە کە لەلایەن خەلکەوە لە حوزمەتێکی تایبەتی کەڵکی وەردە گرت.

شێخ عوبەی دیل لای شەم زینان، لەبنەماڵەی شێخ عەبدول قادری گەیلانیە (۱۱۶۶ – ۱۰۷۸) کە قادری سەر سلسلەی دانیە نەری سوفیا یەتی لەکوردستان دایەوەبەسلسلەی قادری نیودەبردرێ.

شێخ عوبەی دیل لا لەسالی ۱۸۳۰ی زاینیدا لە دا یک بۆوە، پاش ئەوەی کە ڕابەرا یەتی ئەو سلسلەی بەدەستەوەگرت سەرئەنجام بەوریبازەگەیشتکە نەخشی مەزهەبی خۆی لەگەل نەخشی سیاسی تێکەڵ کاتەوە، وەبە کاروکردەوەی کوردستان ڕا بگات.

دەگونجێ بڵێن کە قەومی کورد بە چەشنێکئیمانی بەو سەرۆکە مەزهەبیە هەبوو کە پێی وابوو خودا ئەوپیاوەی بە تایبەت بۆڕزگارکردنی وڵاتە کە ناردۆ، بەراستی هەربەوجۆرەشیوو، کوردەکان دەستورو، فەرمانی شێخ عوبەی دیل لایان بەگیانو، دڵەوە بە جێ دەگەیاندو لەپێناوی ئەمری وی داسەروگیانیان فیدا دەکرد؛ ئەو مرۆڤە مەزنە لەناوچەی شمالی ڕۆژهەلاتی (شەرقی)کوردستاندا دەسەڵاتێکی زۆری پەیدا کرد، لەوناوچەیەشدا تاو لاتی دوورو، نێزیک بە مەڵبەندی بارزان کەسێک نەبووکە هەوتای بێ.....، شێخ لەقوڵائی دڵەوە ئەوەی دەزانی کە تەنیا بەدبەختی وچارەڕەشی کوردەکان ئەوەیە کە و لاتیان یەک پارچە نیە وە دووبەشکراوە، وە تاو لاتە داگیر کراوەکانی تورک، ئێران نەکاتە یەک ناتووانێ بە ئاواتی خۆی کە گەیشتن بە مافی گشی نەتەوایەتیە بگات[۹]

کاتی شەڕی ڕووسیەی تزاری و عوسمانێکان لەسالی ۱۸۷۸ – ۱۸۷۷ دا لەبەر ئەوەی کە تورکەکان موسوڵمان بوون لایەن گری لێ کردن وەقازانجی کوردەکانیش،لەوەی دادەدیت، بەڵام بە داخەوە کەڵکی لەوکارەوەرنەگرت وەلە ڕووسەکان شکا، ماوەیەکخانەنشینبوو، بەڵام وازی لەبزوتنەوەی کوردنە هێنا، وە زۆر زوو "ڕابەرایەتی نەتەوەیکوردی بەدەستەوە گرتەوە، وەخۆی نیشان داوە، وەخەباتی دەستپێ کردەوە. ۱۰ – ۱۱

لەبەیانیەیەکدا واتە لەمانی فیستێکدا کە شێخ عوبەی دیل لابڵاوی کردەوە، نەتەوایەتی کوردی بۆ هەوەڵین جارباسکردوەبەولاتانی ڕۆژئاوا حاڵی

کرد کە کوردەکان چ لەئێران داوە چ لەو لاتی تورک دابن پێویستە ئاکاروکردەوەی خۆیان بە دەست خۆیان بێ‌وە مافی سەر بەستی نەتەوایەتیان بۆ دیاری بکرێ.

بە دەوڵەتە ئوروپایەکانی ڕاگەیاندوبوو کە پێویستە بۆوکارە سرنج بدەنی وە وازی قەومی کورد بە چاکی بزانەن، کورد دەیەوی بو خویان کارەکانیان بە دەستەوە بگرن و بەڕێوەی بەرن. ۱۲

بەڵاوبوونەوەی ئەو بەیان نامەیە شێخ عوبەی دیللا، بەبابی کوردەکان نێو دەبردراوە هەروەها بە ڕابەری نەتەوەی کوردناسرا...

ئینجا دو شۆڕشکە لەماوەی سالەکانی ۱۸۷۹ و ۸۸۸۰ لەناوچەی بادینان وە لە مەڵبەندی ئێران دا قەوما، سەرئەنجامی بە شکستکێشا، واتاپاش ئەمیر بەدرخان شتەنانەتلە بەشێکلە کوردستان دا، کوردەکان نەیان تووانی دەوڵەتێکبۆخویان پێکبێنن، هەرچەند شێخ عوبەیدیل لاسەرزەمینێکی زۆری لەناوچەی کوردستاندا داگیر کرد، وەهەتا مەلبەندی میاندواو، ئەولاترش چوو، بەڵام پەلاماری هێزی ئێران وە دووژمنایەتی هێندێ لە کوردەکان لەو ڕاپەڕینەدا، وە کاروکردەوەی ئە وان بە قازانجی دەولەت، نەی تووانی کارێک بکات.

دەوڵەتە زۆر دارەکانی ئۆڕوپا، بە تایبەت دەوڵەتی ئینگلیس کە قازانجیان لەوکارانەدا دەدیت، وازیان لە کوردەکان هێنابوو، وەلایەن گری ئێران بوون، وە هەروەها دەوڵەتی فەرانسەش دەیەویست بەهاوکاری دەوڵەتی بریتانیای گەورە، لەونا وچەیەدا کارەساتێک بەسەر تورکەکان بێنن، ئینجا دەوڵەتیئەمریکاش‌پێی لەناوچەکەدا کراوە، وە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی ئێرانش لەوبابەتەوە خاترجەم بکاتلە سالی ۱۸۸۲ کاتی سیاسی‌و، دیپلوماتیکی خۆی لەومەلبەنـــــدەدا پتەوترکرد.

هەوەڵین ئاسەوارێکی کە سودو، قازانجی ئێرانیکانی لێوە دیاز کەوت، ئەوەبوو کە لەومەڵبەندەدا، سەرکەوتنی ئەوانی لێ بەدی هات ۱۳

پاش چل سال دوور کەو تنە، شیخ عوبەی دیللا لەسالی ۱۸۸۳ لەشاری مەکە کوچی دووای کرد. کوڕەکەی شێخ عەبدول قادر، وەنەوەکەی سەید تاها، توانیان نەخشێکی گەورە لە ڕا پەڕینی کوردەکان دا بەڕێوە بەرن، وە لەئاکام دا ئەو بزوتنەوانەش مەبەست بەکاروکردەوەو، نفوذی گەورەی شێخ عوبەی دیل لابوو کە لەنێو کوردەکان دا ئەسەرێکی قوڵی دانا بوو.

۳ــ دانانی کانگای کوری زانیاری کورد (کلوپ)

هەرلەوکاتەو، دەورەدا، یانی لەهەوەڵین ڕۆژەکانی ســـەدەی ۲۰، پاشئەوەی کە پەنجا سال بزوتنەوەکان درێژەی هەبوو، وەهەروەها کە لەئاکاما بوورژوا گەورەکان، وە شازادەنەدارەکان دهاتن کە کاریان تەواوبێ، چینەکانی نێونجی، کورد، سەربلند دەکەن.

ئینجا ئەوجار پێویستبوو، کە لەڕێگایەکی دیکەوە خەباتبۆ بزوتنەوە دەستپێ بکرێ، سەروکە کوردەکان و، گەورەکان ئەوکەرەت بۆ درێژەپێ دانی خەباتی کوردایەتی لەڕێگای ڕا میار یەوە دست بە کار بوون.

مەبەست بەمەلەسالی ۱۹۰۸ دا بۆ دامەزراندنی سازمانی سیاسی کورد قۆڵیان هەڵ کرد.

لەسالی ۱۸۷۸ دا میدەحەتبەک بەدرخان لەشاری قاهرە هەوە لین ڕۆژنامەی کوردی بەنێوی کوردستان بڵاو کردەوە، لەوڕۆژنامەیەداچەشنی ژیان وئاکارو کردەوەی کوردەکانی تورکیەی دەنووسی وە زۆر بە گرنکی لەکاروباری سیاسی تورکەکان ڕخنەی دەگرت.

پاش میدحەت بەگ یەکێکلەبراکانیبەنێویعەبدورەحمانبەدرخانلەشاری ژنو، وە لەشاری فول گی ستون دووائیئەوڕۆژنامەیەی گرتو لە چاپی داوە تا سالی ۱۸۹۲ درێژەی پیدا.

لەکاتی شەری جیهانی هـ وەڵدا، ڕۆژنامەی کوردستان لەشاری قاهرە بەسەر نووسەرایەتی سووڕەییا بەدرخان کوڕی ئەمین عەلیبەدرخانلەژێر چاپوە دەردەکەوت.

لەسالی ۱۸۸۹ کۆڕێکی سیاسی تورک بە نێوی "کمیتەی یەکەتیو، تەررەقی خووازی "لەشاری قووس تەن تەنیە پێکهات کە دووئەندامی کورد وە دووئەندامی تورک بوو، ئەندامە کوردەکان یەکیان نێوی ئیسحاق سووکوتی وە ئەوی دیکەش عەبدول لاسیودەتبوو[۱۴] هاوڕێ لە گەڵ دەرچوونی ئەو ڕوژنامە و، دانانی کۆڕە زانیارەکان، هێندێ لە کوردە ڕووناک بیرەکان، بەچەشن

وئاکاری تازە وە، بەنێوی "رێفورمیست" وە " مۆدێرنیست" زۆر بە گەرم وگوڕە وە دەستیان بەکارکرد؛ لەنێو ئەو "تاقمە ڕووناک بیرەدا"، عەبدول قادری کوڕی شێخ کەدژی سولتان لە ١٨٩٦ دا لە پیلانیک‌دا هاوکاری‌کردبوو، وودووسەرۆکی کوردی دیکەش لەسالی ١٩٠٢ زانینی‌دا لەهەوەڵەوە لەو کۆڕانە دانەخشیان بە جۆرێکی دیکەهەبوو وەنیویان عەبدوورەحمان بەدرخان وەحیکمەت بابان بوو، ئەوانیش‌لەهەوەڵین کنگرەی (کمیتەی یەکەتی‌و، تەرەقی خوازی) دا لەشاری پاریس‌هاوبەشیان بووە.

بەشوێنی ڕا بردنی دەسال لەسازمانی کوردو تورکە ناسیونالیستەکان، بزوتنەوەی (گەنجەکانی تورک) پێک‌هات. (١٩٠٨)

دەگوترێ کە کۆبوونەوەو، پێ گەیشتنی ئەو تاقمانە کە شۆڕش‌گێڕ بوون، وە لەژێر چاوەوێری دا لەسالی ١٨٧٦ وە دە بزوتنەوە، گەنجەکانی تورک بەو ئاکارە، درێژەیان پێ دەدا لەقوس تەن تەنیەهاوڕێ لەگەل ئەودەستانە هەوەڵین سازمانی ڕا میاری کورد بەهەست‌هات.

سەرئەنجام: ئەمین عەلی بەدرخان، عەبدول قادری شەمزینان، شەریف‌پاشا، وە ئەحمەد زوولفیک‌پاشا لەسالی ١٩٠٨ دا کۆڕێکیان بە نێوی "کوردستان تەعالی وە تەررەقی جەمعییەتی" واتە "کوردستانی سەربەرزو، کوری رووناک‌بیران "دانا، وەهەروەها کۆڕێکی دیکەش‌بە نێوی: "کوردنە شری معاریف جەمعییەتی" یانی" کۆڕی چاپەمەنی، زانیاری کورد" کە بۆ زانیاری و، ئاگاداری خەڵکی کورد لەڕێگای علم‌وزانستەوە هەوڵی دەدا، پێک‌هات، ئەو کۆڕە لەشاری ئەستانبول لەگەرەکی خان وێرلی تاج مەدرەسەیەکی بە زمانی کوردی دانا.

لەخەزەل وەری ١٩٠٨ لە کانگای کۆڕی ئەمین عەلی بەدرخان ڕۆژنامە یەک بەنێوی: "کوردتە عاون وەتەررەقی گازێتی" واتە: "روژنامەی یارمەتی و، پیش کەوتنی کورد " بەدەستی ئەوئەندا مانە، ئیسماعیل حکی بابان‌زادە، سعید کوردی، وە عەبدول قادری شەم زینان لەچاپ‌هاتە دەری، ئەوڕۆژنامەیە لەبارەی، زمان و، تەممەدن و، ئەدەب و تەعلیم وتەربیەتی کوردی وە دەولەمەندکردنی زمانی کوردی بە فۆلکلۆر و، ئەدەبیاتی ڕاستە قینەی کورد،

ووتاری دەنووسی وە پەرتوکی کوردیشی چاپدەکرد، وەخزمەتێکی گەورەی بەخەلکی کوردی ناوچەکەکرد.

ئینجا ئەو روژنامەیە، هێندێ شتی لەبنەوە دژی ئەدەبیاتی تورکەکان دەنووسی وە زۆر بە شێنەیو، ووریایانە خەباتی قەلەمی دەستپێ کرد بوو، وەزۆر بە وورديۆە ئاگایان لەوە بوو کە لەلایەن عوسمانێکان ڕخنەیان لێ نەگیرێ، ووتارەکەی ئەوەبووکە دەی نووسی کە زمانی تورکی ئیتر قازانجێکی بۆ خەلکی کوردی خوێندەوارنیە، وەهەروەها، تووەی خەڵکش ناتووانێ کەڵکی لێ وەرگرێ وە منا لان بەوزمانە هیچ فێرنابن.

ئینجا پێویستە فەرهەنگی ئابوری و، کۆمەڵایەتی کوردیدا بندرێ، وە لەگوندەکانی کوردستان بەزمانی زگماکی بخوێندرێ وەدەبێ پشتی ئەوکارە بگیرێ و، بەردەوام بێت، بەشوێنی ئەوە دا کۆڕی زانیاری لەبەغداو، موسل و، دیاربەکر، مەدرەسەیان بەزمانی کوردی کردەوە، بە ڵام لەسەرئەوەشڕا گانگای گەورە، وەنیۆە رووکەو ئاورگی نەتەوە پەرستە کان شاری قوسیتەن تەنیە بوو.

لەئاکاما کانگای ناوەندی تووانی لەگەل ۳۰/۰۰۰ مرۆڤ، هات و چۆ بەرقەرا ربکات، کەبەشی پتری ئەوئەندا مانە لەکوردەنەدارەکان و، هەژارەکان بوون، ئەوەش مەبەستێکی تیدا بوو، بەلام دووەدستەلە کوردەکان نەیان تووانی لەگەل ئەو کۆڕوکانگایە هاوکاری بکەن، لەوانە دەستەیەک بوون کە عوسمانێکان ئەوانیان بۆ شارەکانی قاهرە، کریتدوورخستبۆوە واتە تەبعید کرابوون، تاقمێک کوردی دیکەش ژەگە زیان گورابوو، وە ببوونە تورک وە لەو لاتی تورک ڕا نەدەگەڕا نەوەو لاتی کوردوە لەمەجموعدا هاتوچۆشیان بڕا بوو.

۴ ــ شەجەرەی بەدرخان

ئەولادی ئەمیر بەدرخان زۆربوون، وەبەچاکی نەزاندراوە کە ژمارەیان چەند بووە، (ماژورنوئیل) گوتویەتی کە ۹۰ کوڕی هەبووە، (کونسول تروتە) دەڵێ کە ۴۰ کوڕو، ۱۴ کچی هەبووە و هەروەهاگوترا وەکە ۶۵ کوڕی هەبووە.

ئەمیر کامران بەدرخان نەوەی (پادشای کوردستان) شیە باشی نازانێ، کەکوڕو، کچەکان چەندن، تەنیا ئەویش لەباب و باپیری خۆی بیستووە کە گوتویانە

۹۹ منداڵی هەبووە..... بەڵام ئەوەی کە جێگای خاترجەمی یە، یانی کاتێک کە بەدرخان کۆچی دووائی کردوە، ۲۱ کۆڕوە ۲۱ کچی هەبووە..... وە منش ۱۵ و ۱۶ مام وپورم دەناسم."[۱۵] جابەهەرچونێکبێ، ئەوەی کە بە چاکی زاندراوە، ۱۲ مرۆڤلەکۆڕەکان وەنەوەکانیان نەخشێکی گەورەیان لەڕا پەڕینی نەتەوایەتی کوردان داهەبووە، وە بریتی بوون لە:

ــ عوسمان وەحسنی (شورشی ۱۸۷۹) یانڕا بەرایەتی کردوە، حسین سەر ئەنجام لەسالی ۱۹۱۰ دالەدار دراوە.

ــ میدحەت بەگ، خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان (شۆڕشی ۱۸۸۹)

ــ کامیل بەدرخان کە لەگەڵ ڕووسەکان نێوانی بووە، وەلەسالی ۱۹۱۷ والی ئەرزەڕوم بووە، وە لەپاشان لە تفلیس ژیاوە.

ــ خەلیل کەوالی واتە ئوستانداری شاری مالاتیا بووە.

ــ حسن بە درخان و، حسین بەدرخان هەردوکیان لەهەڵ بژاردنی نێونە رایەتی سال ۱۹۱۰ دا هاوبەشیان کردوە، وە بەنوێنەری کوردستان هەڵ بژێردراون، بەڵام کە حسین زیندانیکرا، براکەی حسن پاشئەوەی کە ماوەی ۶ مانگان خۆی شاردەوە، سەرئەنجام گیرا، ولەبەندیخانەکرا وزۆریان شکەنجەدا وە لە ئاخردا کەڕبوو.

ــ عەبدوررەحمان پاش میدحەت بووبە سەرۆکی کوردستان.

ــ بەحری لەبزوتنەوەی شیخ عوبەی دیل لادا بەشها ری هەبووە.

ــ ئەمین عەلی (۱۹۲۶ ــ ۱۸۵۱) کە قازی بوو، وە یەکێک لەئەندا مانی دامەزرێنیری کلوپی کوردستان لە سالی ۱۹۰۸ دابوو.

نەوەکانی

عەبدوررەزاق کوڕی نەجیبپاشا کە یەکێکلە کورەکانی ئەمیر بەدرخانە، کە حاکمی شاری قوستەن تەنیەی لەبەربەرەکانیکدا کوشتووە، ئینجا لەگەڵ تەواوی خانەوادەکەی دوورخرا وەتەوە، وەپاشان پەنای بۆڕووسیە بردوەوەلەوێ بۆتە ئەفسەری دەرباری تزاری وەسەرئەنجام لەموسل لە سالی ۱۹۱۸ دا لە داردرا.

ـ کۆڕەکانی ئەمین عەلی :

ـ سوورەیا (۱۹۳۸ ـ ۱۸۸۳)
ـ جەلادەت (۱۹۵۱ ـ ۱۸۹۳)
ـ کامران (۱۹۷۸ ـ ۱۸۹۵)

لەگەڵ بەدرخان، شەجەرەی سۆران، بابانەکان، وەشەجەرەی شێخ عوبەی دیل لاواتە عەبدوول قادر، وەسەید تاهای شەمزینان وە دوونەسلی ئەسلی کورد، شەریفپاشاو، مستەفا پاشا، وە چەندخانەوادەی سەر شناسی دیار بەکر، هەمووی ئەوانە کە لەسەرۆکەکانی بزوتنەوەی کوردستان بوون وە نەخشیکی گرنگیان لە راپەرینەکەدا بووە.

لەمانگی ئاوریلی ۱۹۰۹ دا پارتیزا نەکانی سولتان دژی شۆڕش هەڵستان وە لەگەڵ سەرۆکە کوردەکانی میللی هاوبەشیان کرد، بە لام دژی شۆڕش لەلای تورکە گەنجەکان لایەن گری لی نەکرا وە لەئاکاما تەواوی کلوپ و کۆڕەزانیارێکانو، مەدرەسەکانی کوردیان بەستن.

ئەمین عەلی بەدرخانوە شەریفپاشا بە مەرگ مەحکوم کران، بەلام تووانیانکە هەڵین، سوورەیا بەدرخان کە هاتبۆ شاری قاهرە، دەستی بە چاپکردنی رۆژنامەی کوردستان کرد، ئەمما دووبارە لەوی دوورخراوە.

لەسالی ۱۹۱۰ دوو دانشجوی مەدرەسەی کشت و کاڵی هەڵ کەڵی کە نێویان خەلیل خەیالی موکتی عومەر، وە خەدری بەگ جەمیل پاشازادە، بوون، لەگەل فووئادتومولە لەشاری وان وە زەکی ئەفەندی لە شاری دیار بەکر کۆبوونەوەیەکیان بەنێوی (کۆڕی پلەی سەرکەوتوو) پێکهێنا، کە ئەوکۆبوونەوەیە بوو هۆی دروستبوونی (هیوی) وەلە پاشان لەشاری موسل بە نیوی "هیوا" ناسرا، ئەوکۆمەلەیە تا پێش شەڕی هەوەڵی جیهانی پەردەوام بوو، وە رۆژنامەیەکی بەنێوی رۆژی‌کورد وە دەردەخست، رۆژنامەی سووەم بە نێوی ژین لەلایان مەمدوح سالم (دەبیری کلی کورد) وە کامل فەوزی بەگ (لەدیاربەکر لە سالی ۱۹۲۵ لە دار درا) وە حەمزە ئەفنە ندی، بلاودەبووە.

لەسالی ۱۹۱۲لە بەینی تورکە گەنجەکان وکوردە نەتەوە پەرستەکان ئاشتبوونە وەیەک پێکهاتوە لە شاری بۆتان ئاژاوەیەک سازبوو، لەوشوێرشەدا سولەیمان بەدرخان بەدەستی پولیسکوژرا.

لەسالی ۱۹۱۳ دا ئەنوەر پاشای دیکتاتور، فشاری بۆ خەڵکپترکرد، شەڕی هەوەڵی جیهانی دەستی پێکرا، و لاتلەلایەن دەوڵەتە گەورەکان داگیرکرا، وە هەروەها خاکی کوردستانشلەلایەن دەوڵەتی فەرانسە وئینگلیسگیرا.

لەمێژووی کورد دا ئینجا بۆ هەوەڵین کەڕەت، سەروکە کوردەکان، ڕاوتەدبیریان هێناسەرەوەی کە لەڕێگای دیپلوماسیێوە بۆ کوردەکان تێ بکۆشن و، هەوڵ بدەن: ئیمپراتوری عوسمانی دەهات لە شەڕدابشکێ، کوردەکان هەوڵیان دەدا کە لەکنفرانسی ئاشتی خووازی پاریسدا پاشتەواوی بوونی شەڕ بەشداری بکەن وە دەنگی خۆیان بۆ وەرگرتنی مافەکەیان دەربڕن، دەشیان تووانی لەشاری قووس تەن تەنیە دا لەگەل قودڕەتەگەورەکان لەوبارە وە بەووتو، وێژ دابینیشن بەڵام هێستا نێوی کورد زۆر لە سەرزاران نەبوو.

ویلسون سەرکۆماری ئەمریکا وەدەولەتەخاوەن قودرەتەکانی دیکەکە لەشەڕ.دا پیرۆز ببون دەیانەویست بەنەتەوە بچووکەکان مافی سەربەستی بدەنوە هەروەها مەسەلەی کوردەکانیشلە گۆڕی دابوو، وە مەبەستی وانشلە بەر ئەوە بوو کە پێکهاتنی دەوڵەتانی تازەسوود وقازانجی وانی زۆر لە بەردایە.

کوردەکان لەوبەینەدا بۆ کوردستانی سەربەستهەوڵیان دەدا، بەڵام ئەو کەڕەتەشبوونە قووربانی دەستی نەتەوە گەورە ئیمریالیستەکان کە لەشەڕدا پیرۆز ببوون وەبەکەیفی خۆیان و لاتەداگیراوەکانیاندا بەشو، دابڕدەکرد، وەدوو دە ولـــــە تـــــی گەورە وەک ئینگلیس وفەرانسە بەشی زۆریان بۆخویان دانا، وە هێندێ لە دەولەتە ئوروپاییەکان وەک ئیتالیـــا وە یۆنانیشلەو جەمە بەشدار بوون، کوردەکان، بە سووک وهاسانی کڵاویان چۆسەرێ: دەرەبەگەکان واتە فئودالەکانی کورد لەونێوە دا وەک مێوەڕۆن لەبەردەستی دەولە تـــە خاوەن زور دا را ن دابوون و گالتەیان پێ دەکرا.

۵ــ شەریف پاشا

لەپی تەختی فرانسە لەپاریسدا، پیاوێکی سیاسی و، کۆنی دەوڵەتی عوسمانی کە لە بنەماڵەیەکی کورد بوو، پاشوەستانی شەڕی هەوەڵی جیهانی تووانیوێتی لە کوبوونەوەی کنگرەی ئاشتی خووازانی جیهانی دا بەشداربێت.

شەریفپاشا لەشاری سوولەیمانیڕ لەدا یک بووە، وەلەقووتاب خانەی خواجای بابی لەگەل شێخ مەحمود خوێندویەتی، پاشان کە لە خوێندن تەوابووە، لەکاتێکدا کە بە هیچ کوردێک کاری دەوڵەتیان نەدەدا، بەهەرچەشنێکبووە، لەکاری دەوڵەتیدا لەشاری قووس تەن تەنیە بەشدار بووە،وە لەدەم و، دەزگای دەوڵەتی دا خاوەن جێ و مەقام بووە.

پاش ماوەیەک لە سالی ۱۸۹۰ لەلایەن سوڵتان عەبدوول حەمید پادشای عوسمانی کراوەتە بالوێزی عوسمانی لەشاری ستکهلم، جابە و جۆرە ئەوپیاوە لە رێزەی پیاوە دیپلوماتەکان بووە وە هەر بەومە بەستەی کە گوتمان خۆی لە کوردایەتی لەنەناسیوی داوە،[۱۶] وە بە چەشنێکی نەبێبێ بۆ قازانجی گەلی کورد هەوڵیداوە و، تێ کۆشاوە. بەبێ کۆسپوکەند لە قوولائی دڵەوە کاری کردوە، کاتێک کە لەدا مە زراندنی کۆڕی یەکێتی و، تەرەقیخووازی کورد ئاگادارده بێ لەگەلیان هاتو، چۆ پەیدا دەکات بەڵام لەسەرئەوەی کە شەریفپاشا بۆکارداری بالوێزی فەرانسە دەنێردرێ، ئەوان دژی ئەوکارە دەبن، ئینجانیوان ناخۆشی لەگەلیان پەیدا دەکات، وە ئەوەها وکات لەگەڵ شۆڕشی ۱۹۰۸ دەبێت.

کاتێک کە شەڕ هەل دایسێ وە دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی هاوکاری خۆی لەشەری دا لەگەل ئالمان ڕا دەگەێنێ، شەریفپاشا دژی ئەوکارە دەنگی خۆی دەر دەبڕێ وە ماوەیەکی زۆڕ لە مەودای شەڕێ دا لە کۆشکی "مون کیـــف" لەمونتکارلودا دەمێنێتەوە.

مرۆڤێکی فیۆدال و، پوولدار بووە، وە خۆشی ڕا بووا ردوە: یەکێکلە کۆڕە ئەربابەکان لەبارەی وی دادە لێ و، دەنووسێ کە.... ژیان بۆوی سوک وهاسان بوو، خۆش گوزەران و، کە یفخوشبوە وادیارە زۆردەولەمەنـــــدو،[۱۷]

پوولداره." ئینگلیسێکان که خۆشیان نه ویستووه، له بـــــارەی وی دا خراپ‌دەگێڕنەوه: تورکەکان ئەوی به پیاوێکی خۆش لیباس دەناسن، دەڵێن پیاوێکی له خۆڕازیه .... وه له سورشتەوه پیاوێکی نەزانەوگێژه ! تورکەکانی میانەڕەوی سویس‌دەڵێن که بەختەوەرێکی گەوره له چاوه ڕووانی وی‌دایه، ئینجا لەگەڵ کچێکی دەوله مەندی مسری شای و زەماوەند دەکات. ۱۸

پاش ئەوەی که لەسالی ۱۹۱۴ دا له ئنگلیسێکان نزیک دەبێته وه، وه کەڵکی لی وەرناگرێ، ئینجا لەسەرڕا لەپێش‌ئەوەی داکه شەڕ خلاس‌بێ، چەن جاران ڵێ یان نزیک دەبێتەوه، وه هەروەها له سالی ۱۹۱۸ وه له ۳ ی مانگی ژوئن‌دا لەشاری مارسێی چاوپێ کەوتنی دە بێ وه لەگەل سێرپەرس‌کاکس‌کمیسەر کەنیوی کمیسەری بەین ئەننەهرێنی لەسەردەبێ، پێکدەگەن. شەریف‌پاشا به چەشنێکی ڕا میاری به سێرپرس کاکس دەڵێ که بریتانیای کەبیر لەگەڵ دانی مافی نەتەوایەتی کورد، گومان و تەدبیری یەکه، وەدانی بەسەر داهێناوه، وەکانگای مەرکەزی ئیدارەی کوردستان‌ش (بێ گومان شاری موسل داندراوه) — که ریگای بەشێکی ئەو ناوچەیه بوفەرانسه تەرخان دەدر !

بەلام پاشوەستانەوەی شەڕ، لەمودروس‌ڕا(۳۱ دی ئوکتوبری ۱۹۱۸) ، شەریف‌پاشا دێته و ڵاتی سویسروەلەلایەن سەباح ئەددین سەروکی کۆڕی ئازادی خووازەکانی عوسمانی بانگ هێشترا که بۆچارەسەر کردنی مافی ۱۹ گەلەکان لەکنگرەی ئوروپا دا بەشداری بکات وەله مافی نەتەوا یەتـــــــی بەرگری هەبێ. به راستی کەشەریف‌پاشا ئەوهەموو هەوڵ و کۆششەی بۆ پێش‌بردنی کاری کوردەکان کردووه، ئایا کەس‌پێ زانیوه، وەکەلک‌وقازانجی لی وەردەگرت؟ ۲۰ لەسەرئەوەشڕا شەریف‌پاشا پێیەکی له پاریس و، پیەکی له لەندەن بوو!

لەشاری‌لەندەن زۆر بەتینەوه، پیش و ازی لێ نەکرا، چوونکه مەسەلەی مافی ئۆتۆنۆمی لەبەرچاوی ڕا میاری ئەوان زۆر گرنگ نەبوو، وه دەیان گوت که نوێنەری کوردەکانه لەوبا بەتەوه که لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هاوکاری دەکات وەئەوەش بەمەیلی‌ئینگلیسێکا نیه، وه له سەر ئەوەشڕا به شێک لەخاکی ئیمپرا توری عوسمانی لی دەبێتەوه، وەئینگلیس تەنیا لەگەل لامەرکەزی تەوافقی‌هەبوو.

ئینجا شەریف‌پاشا لەگەڕا نەوەکەی دا بۆ پاریس هەوڵی دا که لەگەڵ

وەزارەتی دەرە وەی فەرانسە لەگەل پیاوەبەرزەکان ووت، و وێژ بکات تا بەڵکو مەسەلەی کوردستان لەوڕێگایە وەجێ بە جێ بێت.

فەرانسە بەگومانی خۆی لەبیرۆڕ ای شەریفپاشای گەیشتبوو، وە دەی گوتکە شەریفپاشا دەیەوێ ببێتە "ئەمیری کوردستان" وەمافی نەتەوایەتی ناخو بۆکورد لەژێر فەرمانی فەرانسەوەرگری. ۲۱

بەڕاستی شەریفپاشا بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی کورد لەهیـــــچ ڕێگایەکەوە کۆتائی نەدەکرد، لەولابۆئەولای دەچوو، لەگەڵ دەوڵەتەکان ڕاو تەدبیری دەکرد وەمە سە لەی کوردستانی بەگوێ تەواوی باڵوێزەکان وە پیاوانی گەورەی رامیاری وەسەرکومارەکانیدەرەوەرا دە گەیاند.

لەئی مانگی فوریەی سالی ۱۹۱۹ دا شەریفپاشا لەگەڵ کلمانسو سەروکی بەرزی کنفرانسی ئەشتی خووازانی دەولەتەپیرۆزەکان پاششەڕی هەوەڵی جیهانی، چاوپێ کەوتنێکی بەڕێوە برد وە ووتوویژی لەبارەی مافینەتەوایەتی گەلی کورد واتە ئۆتۆنۆمیێ کی کە ناوچەی دیار بەگر، خارپوت، بیتلیس وموسل وە هەروەها ناوچەی کوێ سەنجاق و، ئورفاشی لەبەردابی ڕا گەیاند.

شەریفپاشا بە ئاشکرائی ڕای گەیاند کە ئەو داوای (تەواوی کوردستان) وە مافەکەی کورد ناکات، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوجێگا یانەیەکە ڕای گەیاندوە، دە نامەسەلەی کورد و کوردستان لە ئەر زە ڕۆم ڕا تاکوردی ئێران شدەگرێتەوە ا ۲۲ بەڵام پاش چەن حەوتێک لە نامەیەکیدا کە بۆ ویلسون، کلمانسو، لوئید جورج وە ئورلاندوی نووسی لەوێدا (بەهەست هێنانی حکومەتێکی مووەقەتی کوردستان ی داوا کردو، وە مەسە لەی کوردانی وەبیر ئەوان هێنابووە. ۲۳

دووژمنایەتی دەوڵەتی فەرانسە

بەڵام زۆر زوو دەوڵەتی فەرانسە دووژمنایەتی خۆی دژی ئاکاری کوردەکان دەربڕی، وە لەدژی دانانی ئەمارەتێکی کورد کە(دەستی ئینگلیس لەوی دابی دەنگی خۆی دەربڕی.

کات‌و، چلۆنایەتی دەوڵەتی بریتانیای گەورە

بەشوێنی ئەوە دا لە ۲۰ی مانگی مەی ۱۹۱۹ شەریف‌پاشا بە میرلوئی مالس بالۆیزی بریتانیای گەورە لە پاریس‌دا ڕای گەیاند کە لە بالفورد خۆی بۆ نوێنەرایەتی‌ئەمیری‌کوردستان ئامادە دەکات، وە بە زووێکی زوو ئەو دا خووازانە لە بریتانیا دەکات ا

بریتانیای گەورە، مافی گشتی نەتەوایەتی کوردستان بناسێ وە (لەوێ دا حکومەتێکی ناوەندی) کە تەواوی مافی سەرۆکەکانی کورد وەمافی سەدسالەی ئەوانی لەبەردابێ، لەچوا رچێوەی کاتی فئودالی داپناسرێ".

ئینجا پیاوەکانی سیاسی بریتانیای گەورەبۆکوردستان بنێردرێ وە وازی ئیداری ئابوری وڕا میاری ونزامی بەیارمەتی ئەوان، وە لە ژێر چاوە دێری ئەوان‌دا، ڕێکوپێکبکرێو، گۆڕانێکی باشی تێدا بەکاببردرێ".

شەریف‌پاشا کە لەوهەل بژاردنەدا خۆی بەنیۆی .... ئەمیری تەواوی وڵات وەسەرۆکەکانی کوردەقووس تەن تەنیە دانابوو، بەوچەشنە دەیەویست مەسەلەی کوردستان تەواو بکات....

شەریف‌پاشا گوتی کە ئەو مافەی کە بۆ تەواوی عەڕەبەکان لە بەرچاوە دەگرن، دەبێ بۆکوردەکان لەبەر چاو بگیرێ وە تەنانەت‌ئەو انەی کە لە قوس تەن تەنیەش‌دا هەن‌و، دەژین " بەوجورەی کە گوترا بێت. بەڕێوەببردرێ ۲۴ بەلام ئینگلیس نەهاتە ڕێیە...

ئینجا هەربەوچەشنەی کە پاش چەن حەوتووان پیاوێکی ڕا میاری ئیدارەی دەرەوەی ئینگلیس ڕای گەیاندەوە گوتی کە "حکومەتی بریتانیای گەورە "لە مانەوەکەی دا لە پاریس، نەی تووانی وە کە نەخشی سەرۆکی کوردان بە چاکی لەبارەی مەسەلەی کوردستان دادیاری بکات ا

ئینجا فەرانسەش ئەو بیانوویەی هێنا پێشێ کە شەریف پاشا (تەواوی داوخووازی ئینگلیسێکانی بەڕێوە بردووە بە داخەوە، چارە ڕەشیو بەدبەختی شەریف‌پاشا لەوەی دا بوو کە هەموو ئەویان تاوان باردەکرد؛[۲۵] ئینگلیس‌دەی

گوت کە ئەو پیاویکی لایەن گری فەرانسە ویکانە واتە (فرانکۆفیلۆ)

هەرچەند لە مێژوو داشەریفپاشا بە مرۆڤیکی سازشکار و خۆ ڕێکخەر ناسراوە وە مێژوو نووسەکان زۆریان بەوە بروواهەیە بەڵام : ئەگەرئەونەبایە هەرگز دەنگی نەتەوەی کورد لە کنفرانسی ئاشتی خووازانی جیهانی لە پاریسدا بە گوێ ڕابەرەکان سەرکومارەکانـــی نەتەوەی دوونیا ،ڕانەدەگەیشتبەڕاستی ئەوەش زۆرجێی باوەڕنیە، ئینگلیسێکان سەرئەنجام لەبارەی ئەو مەبەستە کە شەریفپاشا قسەوێژێکی تەنیا بێوە نەخشێکی گەورە لە کنفرانسدا بەدەستە وەبگرێ،بەرگریان لێ نەدەکرد، لەکاتێکدا لە قسەوێژەکانی دیکەی کورد ولەهاتنیئەوان بوفەرانسە بە ڕگریان کردوە!

ئینجا کە دووتاقمی ڕا میاری شێخ مەحمود (پاشای) کوردستانی خووارو کە لەبێڕوتو، دیمەشقدا کاریان دەکرد وە لەژێز چاوەدێری کۆڕی بەغدایە دابوون، لەگەل کۆڕێکی کە لەشاری قاهرەدا خەریکبوون، کاری یەکتریان لەبەرچاونە دەگرت، بەهۆی ئەوە کاری کوردەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو، وەئەو و دووبەرەکیە و جیاوازی بەرهەلستیکی گەورە بوو بۆ پێشڕەفتی کاری کوردەکان.

لەڕاستە قینەدا شەریفپاشا پیاوێکی مەزنبوو، وە لەبنە ڕەتڕا لە کاری ڕا میاری دا بەشداری کرد بوو، وە لەگەڵ پیاوەدیپلوماتەکانی ئۆرووپاو ئەمریکا کەهات وچۆیی هەبوو لەکاری خویی دازۆر سەرڕاستببوو هەڵوێستی ئەوە بووکە جکە لەمەسەلەی مافی کوردەکان، نێوانی کورد، ئەرمەنی شچاکبکات تـــا هەردوونەتەوە کە دووژمنایە تیان لە نێوان هەڵ گیرێ ولەتەنشتیەکدابژین. ئەرمەنیکانیش لە زور بزوتنەوان دا بە شدار ببون وە بۆمافی خویان خەباتیان زورکردبو.

ڕۆژنامەکانی ئۆروپایە بەشی زیاتریان تەرخاندا بەلایەن گریلـــە ئەرمەنیکان وە لەسەرماف وەرگرتنی ئەوانزۆری لەسەردەڕۆیشتن وە کوردەکانیان لەوبەبەدا تاوان باردەکرد، ئینجا بۆئەوەی کە دیاری بکرێتکە لەڕاستە قینەدا کوردەکان دەیانەوێ لەگەڵ هەرمەنیکان نێوان ناخۆشیان نەمێنێ وەتەنانەتلایەن گری وەرگتنی مافەکەیان بوو، شەریفپاشا سەرئەنجام کۆڕی هەرمەنیکان کە بەسەروکایەتی بۆغوس نۆبەر بووهێنا وە بەوچەشنە بەڵکەی نیشاندا کە ئێمە ناکۆکیمان نیە، بەڵام کەڵکی لـی وەرنەگرت، لەئاکام دا لە ۲۷ی ئاوریلی

۱۹۲۰ پاش ئەو هەمووهاتو چوونەقل‌لایە، هەڵ پەسێردراوەئاوات وئامانجەکانی کە بە ڕاستی خەون و خیاڵێکبوو وە کە دەیەویستببێتە ئەمیری کوردستان، بەجێ نەگەیشتو، پووچ بووە!

کڵوبی کوردەکانی قوس تەن تەنیە

پاشتەواوبوونی شەڕی کڵوبی کوردەکان لەسەرڕا دەستیان بەکار کردەوە، دوو مرۆڤکە لە کوردە نەتەوە پەرستەکانی نێونجی ، لە پێ تەختی عوسمانی خەریکی جوواڵانەوە بوون، نوێنەرسەناتور عەبدول قادر کە کوڕی شێخ عوبەی دیل لابوو پاش ئەوەی کە لەسالی ۱۸۸۰ زانیی دا ئێران بەسەر. بابیدا زاڵبوو، یەکێکلەوانەبوو، ئەوی‌دیئەمین‌عەلی‌بەدرخان‌بوو کەپاشئەوەی‌کەبراکانی لەنێو چوون وەیان کۆچی دووایان کرد بووبە سەرۆکی بەنێوی شەجەرەی بەدرخان، ئەودووکەسە دەستیان بەدانانی کۆڕی کورد کرد.

ئەودوو مرۆڤە کومەڵی" کوردستان تەعالی جەمعییەتی" واتە(کومەڵی کوردی پلەی سەرووی کوردستان) یان پێک هێنا.

عەبدوول قادر بە نێوی سەرۆک،ئەمین عەلی بەدرخان بەنێوی نایب سەرۆک، وە ئەندامانی گەورەی دیکە، وەک ڕەمزی بەگی خارپوتی، ئەکرەم بەگی جەمیل پاشازادەی دیار بەکری، نەجمەددین حسینی، مەمدوح سالم، دوکتور شوکری موحەممەد، ئەمین زەکی بەگ، حسینئەمین بەگ، نێونیەری خارپوت، موحەممەد بەگ نوێنەری مالاتیا، سەرهەنگ خەلیل بەگی دەرسیمی، مەحمود نەدیم پاشای دوورما، وە ژێ نیرال مستەفا پاشا وە حمید پاشای سولەیمانی، لەوکورە دائە ندام بوون.

زۆریان لەو مرۆڤانە لەدەم و دەزگای ئیمپراتوری عوسمانیدا خاوەنکاری گرنگبوون، وەیان ئەفسەری پایەبەرزی دەولەتی عوسمانی بوون. سەناتور عەبدول قادر یەکێ لەکاربەدەستانی هەرەنزیکی دەولەتبوو وەیەکێ لە ۱۳ مرۆڤەکانی حکومەتی داماد فەرید بوو، کە تاڕووخانی حکومەتەکەی لەسالی ۱۹۱۹ مەی ۱۵ – ۱۴) لەلایەن یونانیکا نەوە وەلەداگیرکردنی سیمرن لەگەڵی هاوکاری کردووە.

سەرهەنگ خەلیل سەروک پولیسی شاری قوستەنتەنیەبوو. ئینجا لەماوەی نیوسەدەدا، بەڵکوپتر کۆرەکانی ئەمین عەلی بەدرخان، ئەمیر کامران بەدرخان: " پێ پەکیان لەنێو کوردەکاندا بووە، وەپێ یە کیان لە نێو تەشکیلاتی ئیسلامی و، عوسمانی .... وەکاندیدای وەزارەتبوون. ۲۶

سەرئەنجام ئەو کۆرانە زۆر زوو دەستیان بە دانانی کلوبی کورد بە تایبەت لەشارەکانی وەک مالاتیا، ماردەن وە خارپوت و دیار بەکرگد.

۶ــ بەسەرهاتە تازەکانی کوردە ناسیونالیستەکان

لەناوچەو، مەڵبەندەکانی کوردستان وە هەروەها لە پێ تەختی ئیمپراتوری عوسمانیدا، کوردەنەتەوەپەرستەکان سەبارەت بەئاکارو کردەوەیان، دابەش ببوون، وە دەگوترێ کە لەسی بەسەرهاتی تایبەتدا جووان وەدیار کەوتن:

ــ تاقمیک بەنێوی کانگای (کورد ــ تورک)بوونکە مەبەستوهەڵویستیان بەهەستهێنانی ئیسلامی کردنی گشتی، واتە بەهەستهێنانی پان ئیسلامیسم بوو، کە دژی دەوڵەتی ئینگلیس لەکوردستانی شمال و سەروو دا دەبزوتنەوە وەلایەن گریان لە شۆرشگێڕەکانی ئەونانچەیە دەکرد وە پێشگیری فەوریان لە پێکهاتنی دەوڵەتیکی هەرمەنی دەکرد، وەهەروەها ئەگەر بێتوو دەولەتیکی کورد لەکوردستانی تورکیەدا بە هەستبێتنەیەڵن بچێتە ژێربالی دەوڵەتەکانی دەرەوە وەیان لەژێر چاوی دەوڵەتە بە قودرەتەکان دابن!

ــ دوو هەمین کۆری خەباتگێڕی ڕا میاری بەسەرۆکایەتی نوێنەری مەجلسی سەنابەنێوی عەبدول قادر بوو کە مەسەلەی سەربەستی نەتەوایەتی واتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هێنا بۆ پێشێ.

ــ تاقمی سێ هەم، بەسەرۆکایەتی ئەمین عەلیبەدرخان بوو کە داوای مافی سەربەستی گشتی بۆ کوردستان دەکرد، هەوە لێنچاوپێ کەوتنو، کۆبوونە لەگەل کۆرە دەوڵەتیکان بوو، وەهەوڵیان دا لەودەرفە تە کەلکوەرگرن، وە کارێک بۆ کوردەکان بکەن.

ــ مستەفا عارفبەگ وەزیری ناوخۆ،وەدۆستی بەدرخان،زۆر زوو ئەو چاوپێ کەوتنەی پێکهێنا کە خەلیل بەگ ببێتە بەحاکمی مالاتیا وە هەروەها عەلی

بەدرخانش ببێتە حاکمی شاری دیار بەکر. ۲۷

لەکاتی چاوپێ کەوتنو، ووتو، وێژەکان‌دا کوردەکان هەوڵیان‌دا کە دووائی قسەکانی سالی ۱۹۱۹ بگرنو، درێژەی پێبدەن و، لەو دەرفتەی کە عوسمانی تێدایە کەڵکوەرگرن، بەشی زۆرتری کۆبونەوەو، هەلستانو، دانشتنانە، لەدەفتەری سەرۆک وەزیری عوسمانی پێک دەهێندرا.

ئەندامانی کۆڕی کورد کە لەوگفتوگۆیەدا بەشداریان دەکرد بریتی بوون لە: عەبدول قادر، ئەمین عەلی بەدرخان، مراد بەدرخان، مەولانزادە ڕەفعەتو، دووئەندامی ئەفسەری کورد کە نێوبان سەرهەنگ ئەمین بەگوە سەرگورد عەونی بەگبوون.

لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیوە ئەوئەندا مانە لەووتو، وێژدا بەشداریان دەکرد: حەیدەری زادە، شێخ ئەل ئیسلام بووک پاشا، وەزیری جەنگو، کاروپیشە، وە عەونی پاشا وەزیری مەعدەن.

عوسمانێکان ڕایان وابوو کە دەبی لە پێشدا یاسایەک لەسەر بنەڕەتی دانانی مافی نەتەوایەتی لە کوردستان دالەژێر چاوەدێری و، فەرمانی تورکیە دابندرێ و بنوسری. وەئینجا مەجلسی تورکیەش ئە ویاسایەبسەلمینی

لەسەرهەلویستی ژیرەوەهەردوو کۆڕەکەپێکهاتبوون:

۱ ــ حکومەتی ناوخۆی کوردستان، بۆئیدارە کردنەکەی کوردستان، ژاندارم و کاربەدەستەکانی ئیدارەکان لەنێو خۆی دا هەل بژێرێ وەلە سەرئیش و کاریان دابنێ.

۲ ــ بەشی زۆری قازانجی ناوخۆی ناوچەکەبۆ ئاوادان کردنی و لات تەرخان بدرێ.

۳ ــ کوردەکان لەڕاوتەدبیری دەرەوەی گشتی و لات دەتوانن ها وبەشی بکەن و چاوە دێر بن، ئەوەشکە ئاشکرایە کە حکومەتی کورد بەشێکە ولەو لاتی ئیمپراتوری عوسمانی وەوەک دەست وباسک وایە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ا

کۆڕە ڕا میارەکانی کورد بەووتارانە بە لێنی یان دابوو، وە پێشوازیان لی کرد بوو، بەلام هەرلەشکوگومان دابوون، چونکە پێیان وابوو، پاشتەوابوونی شەڕی جیهانی، ئیتر عوسمانی بەچەشنێک شل و کوتو، کەلەلاو و کز ببوو، کە نەیتووانی داخوازەکانی کوردەکان بەجێبێنێ. هەجگەلەوە دەشیان دیتکە

تورکەکانیش‌ئەوە وردە وردەدێن لەژێر قسەکانیان دەدەن و پاشەکشەی‌دەکەن مەسەلەکەی لەبیرخویان بەر نەوە. ۲۸

دەمە تەقە لەبەینی کۆڕی کلوبی کورد، وە حکومەتی تورکیەی عوسمانی

کۆبوونەوەکانی کۆڕی تورک و ،کورد کەبۆڕاپەڕاندنی مەسەلەی کورد لەنەێنیدا لەگەڵ یەکووتو، وێژیان دەکرد، وەنەتیجەی لێ نە گیرا، ئینجا وردە وردە ووتو، وێژەکەئاشکرابوو، یەک یەکێ لەکاتی ووتو، وێژەکان‌دا تاوان باردەکرد.

بەدووای ئەوە دا تورکەکان لەڕۆژنامەی وەکیت، داشەڕێکی قەڵەمیان دەسپێ کردوە لەهەوەڵەوە کوردەکانیان تاوان بار کرد کە داوای مافی گشتی نەتەوایەتی واتە ئیستقلال دەکەن، وەنایانەوێ ئەرمەنێکان لەومەبەستەدا پیرۆزو، بەشدا ربن.ئەوەی کە ئاشکرا یەکوردە کان هیچ کاتێکئەودا وا زلەیان نەکردبوو، وە دەوڵەتی عوسمانیش‌قەت‌دانی بە سەر ئەوەی دانانەدەهێنا، پەس کەوابوو، سوور دەزانین کە ئەو داوایە لەوکاتەدا دووژمنایەتی لەگەل حکومەتی عوسمانیە! جاهەرئەوانە دووژمنانی خەڵکی کوردن! ۲۹

بە شوێنی ئەو ووتارە لەروژنامەی وەکیتی تورکەکان دا، کوردەکانیش‌لە ڕۆژنامەی ژین‌دا بە وچەشنەوە لامیان داوە:

ئیمە ئەوتاوانە ڕەد دەکێنەوە، وەبەچاکی تێ دەگەین کەلەوسەردەمەدا کۆڕی ڕا میاری کورد هەرگز نایەوێ حکومەتی تورک نارەحەت‌بکات، دەزانین کە حکومەت‌پاش شەڕی جیهانی تووشی چ نالەباری وچەرمەسەری بووە، ئێمە نامانەوی چێوتی ودەردی سەری لەسەر حکومەت زیاتربکەین، بەڵکوتەنیا داوای‌مافی بەشر خووراوی خۆمان دەکەین کەسەدان ساڵە لەدووای دەگەڕێن کەوەدەستی بخەینەوە، ئیتر کوێرەوەری وچەرمەسەری بۆکورد بەسە، کاتێکەکە کوردەکان داوای مافی خۆیان دەکەن وە دەڵێن کە زوڵمان لێکراوە وە کوردەکان لەدەوڵەت‌دا بەشەارنین، تەماشاکەن بزانن جگەلەومەبەستانە چی دیکەمان داواکردوە! ۳۰

حکومەت‌بە کوردەکان دەڵێ شۆڕش‌گێڕن بەهەموچەشنێک تاوان باریان دەکەن، ئینجا لە جیاتی وەی کە بۆهیمنو، ئەهوەن کردنەوەی و لات‌تێ بکۆشن

وە لەوڕێگایەوە هەوڵ بدەن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەومەبەستە بەرهەڵستدیننە پیشی وەناکۆکی سازدەکەن.

هاوکات کەگەل نووسین وشەری قەلەمی کە تورکەکان لە ڕۆژنامە دا هێنا بوویانە پیشی، حکومەت کۆڕێکی بە قسەی خۆی ئازاد لەناو چەکانی کوردستان دا پێک هێناوە دژی مافی سەربەستی گشتی دەنگی خۆیان دەربڕی وەگوتیان کەئەوە دەستی دەرەوەی تێدایە وەکوردەکان بە تین وهان دانی دەوڵەتی دەرەوەئەودا وا یە دەکەن. لە ٢٠ ی ژانوییەی ١٩٢٠ دا لەتیلیگرامێکدا کە بۆحکومەت لێدرا، ،مەتنی تۆماریک بوو، لەلایەن سەروکەکانی بتلیس ناردرا، سەرئەنجام وەزیری ناوخۆی تورکیە داوخووازەکانێکی کە لەلایەن پارتی دیموکراتی تورکیەوە داواکرابوو، ڕەدی کردەوە، لەئاکاما پاش ٢٥ سال ئەوهەڵوێستە و مەبەستەو داوایە، لەلایەن دانینەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەشاری مهاباد تازەکراوە.

کۆڕی سیاسی کوردستان وەپارتی دیموکراتی کوردستان پێشئەوەی کە قوس تەن تەنیە نێوی هەل گیرێ جارێکی دیکەش لەلایان نەجم ئەددین حسینی دەبیری پارت، ئەودا وایەی وەبیر حکومەتی عوسمانی هێناوە، بەلام قوستەن تەنیە ئەوکەڕەتلەلایەن مستەفا کە مال داگیرکرا، وەکاری کوردەکان زیاتر گیروگرفتی تێ کەوت.

حکومەتی عوسمانی تائەوجێگایەگەیشتکە هێندێ لەسەروکەکانی کوردی لەبەند کرد، لەوانە یەکیان سەردەبیری ڕۆژنامەی ژین بەنێوی هەمزە بەگبوو کە لەئاخری سالی ١٩١٩ دا بەمەرگمەحکوم بوو، وە تاوانی ئەوەبوو کە لەکو-بوونەوەیەکدا لەماردەن بەشنداری کردبووگوت بووی کە"کوردەکان دەبێ خۆیان ڕزگارکەن "سەرۆکەکانی کورد[٣١] لەوکاتە عاستەمەدا زۆرچاکدەیان زانی کەنابێ داوای مافی گشتی نەتەوا یەتی بکەن وە لەوکارەش خۆیان دەپار است! وەلەوەی خاتر جەم ببون کەسەر ئەنجام کنفرانسی ئاشتی خووا زان مافی کوردەکان دەسەلمینی و دەیان داتێ وە نایە لێ لەژێر ئاڵای تورکەکاندا بمێ نێتەوە.

دژی ئاکاری سیاسی وە بەپێچەوانەی مەیلی تورکەکان ، ڕاپەڕینەکە: یان ئۆتۆنۆمی دەویست ،یان مافی گشتی سەربەستی

بەڵام زۆر زوو سەرۆکە کوردەکان لەدووداڵی هاتنە دەرێ، شەریف پاشا لەشاری پاریسلە ۲۰ی مانگی نوامبری ۱۹۱۹ لەگەڵ هاوکارەکانی، وە نوێنەرەکانی هەرمەنی وەبەتایبەت لەگەل سەرۆک بۆغوس نۆبار بەپێک هاتنێک گەیشتن.

شەریفپاشا بە بۆغوس نۆباری گوتکە: گەلەکانی کوردو، هەر مەنی کەهەروکیان لە ڕەگەزی ئاریان، پێویستیانە لەتەنشت یەک پیکەوە بژین وە قازانجی شیان لەوەی دایە، هەردوکخەلکی ئەرمەنی و کورد بۆ وەدەستخستنی ئازادی خەباتیان زۆرکردووە، وە ئاواتی کۆنیان سەر بەستی وسەربەخۆئی گەلەکەیانە، جا دەبێ لەوبابــەتــەوە، هاوڕێو، هاوفکر بن، شەریفپاشا بە بۆغوسنوباری گوت: کە ناوچەو، سنووری کوردەکان و مەسیحێکان پێکەوە دیاری دەکەن، وە بە شوێنی ئەوەدا تەسمیمی خویان بە کون فرانسی ئاشتی خووازانی جیهانی ڕادەگەینن. ۳۲

ووتوویژی ئەو دوو نوێنەرە لەنێو دەوڵەتەکانی ئوروپاو ئەمریکادا دەنگی داوە، وە ئەوانیش لەو مەسەلە یەپێشوازیان لێ کرد.

ئەوپێکهاتنە،وەکبۆمبلە پێ تەختی عوسمانی واتە قوستەن تە نیە دەنگی داوە وە گوتیان ئیتر لەوەی دووا کوردەکان سەربەلای سولتانی عوسمانی واتە خەلیفەی عووسمانیان نین وە بە چاکی دیارە پیک هاتنی بەینی ئــــەو دووڕەقیبە، دووژمنایەتی لەگەل تورکەکانەوە ئەو کارەی بە خەیانەتدەزانین.

بەشوینی ئەو پێکهاتنەی بۆغوس نۆبارو، شەریفپاشا، کوردە کان بوونە دووبەش، هێندێ دەیان گوتکە دەبێ ئایا مافی سەربەستی گشتی واتە ئیستقلال داوا بکرێ یان مافی نەتەوایەتی ناوخۆ؟ یانی ئوتونومی؟ ۳۳

ئاڵۆزیوفکر کردنەوە لەبینی کوردەکان دا زۆر بوو نەیان دەزانی چبکەن،

وە" مدعای ئینگلیسکانیش لەگۆڕیدا بوو "لەوهەلو، مەرجە دا نەجمەددین حسینی، نووسەری گشتی پارتی دیموکراتی کوردی تورکیە، نامەیەکی بۆ پیاوە بەرزەکانی حکومەتی ئینگلیس نارد و گوتبووی کە مەسەلەی "مافی سەربەستی گشتی لەناوچەی کوردستاندا بۆکوردان، کارو کردەویەکی تەبیعـــــی و نەتەوایەتیە....

وە پێکهاتنی ئەو مەسەلەیە، بەتەوای ناخوشیکانی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ئاسیای ناوە راستدووائی پێ دینێ وە هەروەها لەو نامەیەدا زیاتر مەبەستی وی ئەوە بوو کەبەگویی دەوڵەتی ئینگلیس ڕا بگەینی کە داخووازی کوردەکان کە لەکون فرانسی ئاشتی خووازانی جیهانی هاتۆتـە پێشێ ناتووانێ کوردەکان رازی بکات!

کۆڕی ئەمین عەلی بەدرخان وە هەروەها چەن کۆڕێکی دیکەش لەروژنامەی (بوسفور) دا بە داو خووازەکانی مافی گشتی کوردی گوت کە:" ئێمە سولتانی عوسمانی هەربە خەلیفەدەناسینوەداوای جودائی ناکەین، جا بە هەرچەشنێکبێ، ئێمە دەمێ نینەوەو، لەگەل ئەوان دەبین.

تاقمیکی دیکەی ئۆپۆرتۆنیستواتە خۆڕێک خەزپیان وابوو کە ئەگەر خەلکی کورد بە مافەکەی بگات، مەترسی ئەوەیە کە لە ئوروپا دوور کە ویتەوە، یان لەنەکاو تورکەنەتەوەپەرستەکان بگە ڕینەوە سەرئێمە، جاواچاکە بە چەشنـــی ئوتونومی لەژێر ئالای تورکدا بمێ نیینەوە، وەلایەن گری ئەو مەسەلەیەکەم بوون.... وەگوتیان کە واباشە ئەومەسەلەیە بچتەوە بەرچاوەدێری ویلسون.

بۆچی ئیمەنابی مەسەلەی کوردستانینە جەسـەوە سەرئەستوی وان؟ دەنا ئەگەر حکومەتی مەرکەزی وەبەتاییەت هێزی نەتەوایەتی نارازی بن؟ ئەو وەختی ئێمە چمان لەدەستدی؟...

مرۆڤیکی کە لێرە دا زۆر تین و، حەڕا ڕەتی لەخۆی نیشان دەدا... وە خۆڕیک خەرەکان (ئوپورتونیستەکان)ش زۆریان خوش نەدەویست سەناتور عەبدوول قادر بوو!

لەروژنامەی "ئەل ئیقدام" لە ۲۷ فوریەی ۱۹۲۰ دا عەبدوول قادر ووتوویژیکی کردبوو، ووتارێکی نووسی بوو هەوڵی دابوو، کە پیکهاتنەکەی شەریفپاشاو، بۆغوس نۆباری چکۆلەکاتەوە وەگوت بووی کە:"ئیمە لەگەل

تورکەکان لەیەک جێگاین و، وەبراین، یەکتر مان خۆشدەوی، هەردوکمان موسولمانین، بغزوکینەمان لەنێودانیە! ئیمە دەمانەوێ تەنیا ئازادێکی خۆمان هەبێ، پیکهاتنی بەینی شەریفپاشا وە بوغوسی نوبارتەنیا لەئاکاما دووژمنایەتی لەگەل تورکەکانە، وە ئەومەبەستەو هەڵوێستەی کە ئیمە دەمانەوێ ڕۆژێک بەدەستی بێنین ئەوەنیە!"

وەکوری شێخ عوبەی دیل لای ئاوای لەسەرڕۆیشت: ۳۴

"لەکاتی حازردا پێنج یاشەش ولایەت کورد نشی نن.... کە حکومەت دان بەمافی نەتەوایەتی لەوولایەتانەدا دەنێ وەئێمە لەسەر مانەکە لەو و لاتانەدا (هەوڵ بو ئاوەدانی وگەورەکردنی بدەین) وەپیاوی حقوقی و بەشەرەفوڕاستەقینە هەل بژێرینوە هەربەوچەشنەی کە من بەئێوە دڵێم، لێرە دارادە گەڕێنم کەئیمەدوژ منایەتیمان لەگەل تورکەکان نیە وەئیمە تەنانەتدەمانەوێ لەمافی سەربەستی ناوخۆ (ئوتونومی) کە داوادە کەین، حکومەت یارمەتیمان بدات، وە لەگەڵمان بۆدامەزراندنی ئەومافە وە بەڕێوە بردنی،هاوبەشی بکات." ۳۵

پاشچەند ڕۆژێکی دی، عەبدوول قادر لەگەل روژنامەی "تەسویری ئیفکیار" ووتو، وێژیکی نویی کرد و ڕای گەیاند: " بەراستی ئەوەکاریکی زۆر هەلەیە کە کورد هەڵوێستی بێ لەتورک جودا بێتەوە، ئە من بەبەشی خۆم بەوکارە بەڵێنی نادەم، ئایا مرۆڤبەڕاستی نابێ لەو کارانەدا خورد پێتەوەو، ڕاوتەدبیربکات؟

یەکێتی وپەیمان دەتووانێ لەبەینی موسولمانان دامەبەستێکی گەورە بۆپلەی سەرکەوتوو پێک بێنێ وەکوردەکان لە حەقیقەتدا، حوزمەتێکی تایبەتبۆ خەلیفەی ئیسلام دادەنێن، لەئاکام دامنلایەن گری مافی نەتەوایەتی ناوخۆ لە چووار چێوەی تورکیەدام وەمن لێرەدا بەتەنێ نیم، وە" کمیتەی ئازادی کورد" ئەوەی پێویستەوەباش دەزانین کە کوردەکان بەمەیلی خۆیان ئەوکمیتەیان داناوە، کاربەدەستەکانی عوسمانی بە درێژائی سالەکاندا لەوبارەداکۆتاییان کردوە وزووڵمیان لەکوردەکان کردوە، کە مافی نەتەوایەتیان نەداوە"، وەهەروەها عەبدول قادر لەکارەکەی شەریفپاشا رخنەی گرتوگوتی کە کارو کردەوکانی وی (نەتەنیا بە قازانجی کوردەکان نیە، بەلکو بەقازانجی تورکەکانە"، سەرئەنجام ئەوکاروکردەوەیە لەمەجلسی عوسمانیدا دەنگی داوە وئاڵوزی بەهەست هێناوە

نوێنەرەکانی کوردی (سەربەدەولەت) دژی ئاکاری عەبدول قادر، دەنگی خۆیان دەربڕی وە داوای عەزل ولابردنی ویان لە دانشگەی کرد، وەگوتیان کە عەبدول قادر بەسەرزەمین و، نەتەوەو، حکومەت خیانەت دەکات." ۳۶

وەلەسەرەتای مانگی مارسی ۱۹۲۰ نوێنەرەکانی ناوچەی کوردستان لەشارەکانی وان ئەرزەرۆم، ترابوزان، حەکاری، وە با یەزید، داوای لاچوونی عەبدول قادریان لە نونسەرا یەتی سەنا کرد!

لەئاکام دا هێندەیان هێرش بۆهێناو، وەڕەزیان کرد کەمەجبور بوولە ۱۵ مارسدا لەسەرکاری خۆ ی لاچێ.

۷ــ نێوان ناخوشی و، دووبەرەکانی لەبزوتنەوەی کورد

ئەوهەوال‌و، خەبەرانەوە ئەوئاکارانەبوونەهۆی‌ئەوە کەکلوبی‌کۆڕی‌کوردقەڵشتی تێکەوێ بە تایبەتلە خانەوادەی بابان، دژی سەرۆکی مەجلسی نوێنەران دەنگی خۆیان دەربڕی لەسەرەتای مانگی ئاوریلی ۱۹۲۰ عەبدول قادر بەنێوی (ڕابەری کورد)ی قوس تەن تەنیە، یانی بەنێوی تاقمێکلە دانشتووانی کوردی پێتەخت، ڕای‌گەیاند کە تەنیا من دەتووانم، وە لەخۆم ڕادەبینم کە لەبارەی کاروباری کوردەکان دا بدوێم!

لەلایەکی دیکەشەوە، لاوان و ڕوشن بیرەکانی کورد، کەلەدەوروبەری ئەمین عەلی بەدرخان کۆببوونەوە، داوایان کردکەعەبدوولقادر لەسەروکایەتی کانگای کلوبی کورد لابردرێ! وە لەسەرکاروباری ڕا بەری لاچێ.

سەرئەنجام دووبەرەکایەتی دەهاتپتر بێ وەدووکۆڕی ناسیونالیستی کورد لە قوس تەن تەنیە دا بە ناوانی (کۆمەڵی کوردی سۆسیال) کەئەمین عەلی بەدرخان لەگەل ممدوح سەلیم‌کە، سی‌کرێتێرێ ئەوکۆمەڵە بووە ئەوی دی بەنێوی (کۆمەڵی کورد و کوردستان کەلەلایەن عەبدوول قادرە وەبەڕێوەدەبردرا هەستیان هەبوو.

ڕەقیبەکانی سەناتۆر عەبدوول قادر وە بەتایبەتئەندامانی خانەوادەی بەدرخان لەگەل ئەوهەمیشەزۆر بەڕاستی و دووروستی نەدەبزوتنە تەواوی پیاوە دیپلوماتەکانی دەرەوە کە لە گەل عەیدوول قادر تێکەڵاویان هەبوو، ئەویـــان

بەمرۆڤیکی مەزهەبی ناسیوە، وەحورمەتوڕێزیان بودانا وە، جابەوهۆیەوە بووەکە بۆلای‌وی‌کێشراون، ئەومرۆڤەموسولمانە بەچاوی خەلیفەتەماشای پادشای عوسمانی کردوە، وەلەبەرئەوهەڵوێستەش بووە کە بۆکوردەکان ئوتونومی داوا کردوە تا هەرلەژێرئاڵای تورکەکان دابمێنێ ننەوە بەگومان دەبێ بگوترێ کەبەزۆر مەبەستو دەلیلان کوڕی شێخ عوبەی دیلا بەهۆی چاوە دێری ڕا میاری وەحەقی بووە کە بۆمەسەلەی کوردستان بەو چەشنەخۆی مەحدود بکاتو، هەربەوەندەڕازی بێت.

لەنێوت وویژێکی کە لەبەینی پیاوێکی سیاسی پایەبەرزی بریتانیا وە عەبدول قادر لەقوس تەن تەنیەدا کەوەدی هات، عەبدوولقادر ئەوپەندەی کوردی گیرا بووە: " ئەگەر دووژمنی تو میروو لەیەکیشبێ، نابی پیی لی بخشینی وبی‌کوژی "وە گوت بووی[۳۷]: لەسەرئەوەش را ئیستا کە سوور دەبینن کە و لاتی تورکیە لەلایەن دەولەتەکانەوە داگیرکراوە، وەلەشەرداشکاون، بەلام نابێ ئیمە ئەوان بە گالتە بگرین وکایەیان پی‌بکەین. جائەگەر کوردەکان بیتولەسەرمەسەلەی مافی نەتەوایەتی گشتی بڕۆن، وەهیزی نیزامی نەتووانی وازی وواڵاتبەچاکی بەریوەبەری، ئیتر تورکەکان مەسەلەی ئاشتی لە گشت دا پیشنیار دەکەن

وادیاربوو دووشتلە بەرچاوی عەبدوول قادر گرنگبوو: مەبەستەکانیکی کە بەشوینی وەرگرتنی ئوتونومی دادیتە پیشی

ــ مافی سەربەستی گشتی ــ وە مەسەلەی یەکیتی کوردەکانبوو.

ئینجا بە پیچەوانەی داخوازی ئەمین عەلی بەدرخان، عەبدوول قادر مافی نەتەوایەتی ناوخویی لەژیر ئالای تورکەکان داپی باشتر بوو، لەکوردستانیکی سەربەستکەبەرەو، بلاوبوون وتەقینەوە بروواا!

عەبدوول قادر لەشاری قوس تەن تەنیەدا بەمستر دوروبیک کمیسە ری پایە بەرزی ئینگلیسی ڕاگەیاند کە: "ئەگەر حکومەتی سولتانی عوسمانی بییەوی کە لەکاتی حازر دامافی سەربەستی گشتی بەکوردستان بداتوە ئەکارە بەریوەبەری، هیچ کەلک وقازانجی تیدانیە واتە ئەو مەبەستە ناتووانی بەنیوی مافی سەربەستی گشتی بیت. [۳۸]

۸ــ لە "پشتیوانێک" دەگەڕان

پاشسەدەیەک خەباتی چەکدارانە بۆئازادی وسەربەستی نەتەوایەتی گشتی، لەئاکام دا کوردەکان بۆیان وەدیار کەوتکە لەڕێگای نیزامـــــی و، شەڕەوە چیبان بۆ ناچێتەسەرێ، جادەستیان بە خەباتلەڕێگای ڕامیاریو، دیپلوماتیکەوە دا وەپێیان وابوو کە ئەگەر پشتیوانێک نەبێ هیچ کارێک ناکرێ سەرۆکەکانی ناسیونالیستی کورد لەخانەدانی بەدرخان بەتایبەتی بۆچارە سەرکردنی مەسەلەی کورد هەولیان دا کەلەگەل ڕا بەرقودرەتمەندەکانی ئوروپائی نزیک بنەوە، وەفکرو ڕای ئەوان بۆلای خۆیان بکێشن.

ــ وەلەهەوەلەوە بۆلای دەولەتی بریتانیای گەورە چوون، وەیارمەتیان لەوێویست چوونکە ئەودەولەتە خوی بەڕا بەروسەرکردەی ئاسیای کۆن وقەدیم دەزانی وە پاشانش‌دەولەتی فەرانسەبووکە لەڕێزەی‌قودڕەتی دووهەم‌حساب‌دەکرا.

هەموو کوردێک دەیزانی و دەی سەلماند کە ئەگەر ئینگلیس بە مەسەلەی کورد ڕازی نەبێتوە بەکۆمەگ ویارمەتی ئەوان نەبێ، ناتووانن سەرکەون، وە کوردستان لەداهاتوودا بەهەستنایەت دەیان گوت کە ئێمە بەهەموو جۆرێک حازرین خزمەت بەدەولەتی ئینگلیس بکەین، بەشەرتێک کە وەلاتمان لەژێر چاوەدێری ئەوان دابێ!"

لەوسەرۆکانە کە بەگومانی وی کورد دەیتووانی‌ڕزگاربێ، نەجمەددین حسینی دەبیری کلی پارتی دیموکراتی کورد بوو، کەلەگەل کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیس بەووتو، وێژ خەریکبوو! ۳۹

زۆریان لەسەرۆک،وڕابەرەکوردەکان ئەو هەلوێستەیان هەبوو، وەپێیان وابوو کە گرێی کارەکە بەدەستی ئینگلیس یا فەرانسە دەکرێتەوە... وەهەروەها سەناتۆری نوێنەر عەبدوول قادر کە لەسالی ۱۹۲۵ زاینی داکۆچی دووائی کرد، لەسەرئەوڕا وتەدبیرەبوو!

ئەمین عەلی بەدرخان لەشاری قوس تەن تەنیەدا، یادداشتو،نـــــا ملکەیەکی‌دا بەکمیسەری پایەبەرزی فەرانسە وەلەپاش ئەوەی کە نێوەکانی شەجەرەی

خۆی بە دوورو، درێژ نووسی بوو، وەکەسوکاری خانەوادەکەی نێوبرد بوو کە هێندیکیان لەوانە لەڕێگای خەبات وڕاپەڕینەکەی کوردستان‌دا بۆ وەدەستهێنانی مافی سەربەستی گشتی خویان بەختکردوە، بەدووای‌ئەوە دا نوسی بووی کە: ئێمە لەکوردستان‌دا لەحوڕمەتێکی گەورە کەڵکمان وەرگرتووە، وە نفوزمان هەبووە، وە بە تایبەت لەوناوچە نەدا کە ئەوەدێ وەبەر بەشی دەوڵەتی فەرانسەبکەوێ، نفـــوزو، قودرەتـــی ئیوە کاتێکدەتووانێ کارگەر بێوە بە ئامانجی خویـــی بگاتوە لە ناوچەکەدا بە ئاشتی و، هێمنی دەستپەیدا بکاتکە ئەوان بێبەشە بەرحەمایەتودەستبەسەردا گرتنی خویی وە لەژێر چاوە دێری ئەوان بێ. ٤٠

لەمانگی ئاوریلی ١٩٢٢ نفوزی بریتانیا کەم بۆوە، وەدەولە تی فەرانسە لە کاتێکدا کە لەگەل نەتەوە پەرستەکانی کەمالی خۆیی ڕێکدەخست، عەبدوول قادر بە سەروک وەزیری فەرانسە، پووان کارێی گوت کە ئەگەر ئێوە بە نهینی لەگەل حکومەتی کە مالی کان بدوێین، وە لەبارەی مافی نەتەوایەتی ناوخوی کوردستان قسەبکەن "ئەمنش بەڕا بەری کوردستان دا بندرێم، حازرم کە نوشتارێک بدەم کە نفوزی خۆم بەتەواوی بۆ ودەستهێنانی سووریە بۆ دەوڵەتی فەرانســـە، وەکاربخـــەم" (لەوناميلکە کە دا نووسی بـــووی کە شتمەکی تجارەتی فەرانسە بە ئازادی لە کوردستان دا بچێتە سەرێ وە ڕەواجی هەبێ[٤١]!

کیامل بەدرخان کە لایەن گری ڕووسەکان بوو، وەلەشاری تفلیس دا دەژیا، لە مانگی ژانویەی ١٩١٨ دا، بەئینگلیسێکانی پێشنیارکرد کـــە "هەڵایساندنی ئاوریکی گەورە لە سەرتاسەری کوردستان دا واتە لە سنووری ئێران ڕا تادیار بەکر "ئەگەر لەڕووی نەخشەیکی دروستپێکبی وە یەکێتی لەنێودابێ: ئینجا من بو ئیدارەکردنی و لاتی کوردستان حازرم وە قـــۆڵ هەڵدەمالم وە کارەکە بەدەستەوەدەگرم!" ٤٢

لەنێو ئارشیوی ڕا میاری و دیپلوماتیکدا بە درێژائی ساڵە کانەوە، واوەدەردەکەوێ کە تەواوێ ڕا بەرەکانی کورد، تەدبیریان ئەوە بووە کە بۆ گەیشتن بە مەسەلەی کورد وە ڕا پەڕاندنی ئەومبەستە، دەبێ یان یارمەتی لە ئینگلیس وەرگیرێ، یان لە فەرانسە: "ئەگەر ئێمە بمانەوی مەسەلەی کوردستان وە گەیشتن بە مافی ناوخو (ئوتونومی)، وەیان گەیشتن بەمافی سەربەستی گشتی (ئیستقلال) کورد حەل کەین، پیویستە دەستوور لەئەوان وەرگیرێ وە ئەوەش نابێتە هۆی

ئەوە کە لەیاساو، کردەوە لادین!

ئینجا ئەگەر تەواوی ئەو رابەرەکوردانە پێکەوە فکرورایان یەک بایە، وە لە بیری پادشایەتی و، ڕابەری و، خۆهەڵ کێشان و، لە خۆڕازی بوندا، نەبانایەوە سوبسیدیان نەویستایەوە مەبەستیان ڕزگاری نەتەوەکەبایە، وە هەروەها لەکاروباری کوردستان دا غافل نەبانایە، پیویستبوو لە دەرفەت وهەڵ کەوتکەڵکیان وەرگرتبایە، وەبەکەمو، زۆر لەگەل دەولەتە زۆرداڕەکان بە وجێگایەگەیشتبانایە کە سوودی لێ وەردەگیرا، بەگورجی ڕازی بانایە. بەلام نەیان تووانی ئەوکارە بکەن، نووسەرێکی پایە بەرزی کاروباری ئیداری دەرەوەی ئینگلیس گوتویەتی: [۴۳]"خەون وخیاڵێکی کە پارتی لاوانی کورد دەی بینن و، دەکەن وە قامک لەسەر خەرج و پوول و پارەو پیاوەکانی دەولەتەکانی دەرەوەدادەنێن، بەڕاستی خەون و خیاڵێکی بەتاڵەوە قەتبۆیان ناگونجی "وەسەرکە وتنی تێدا نابیندرێ، ئەوەی کە ئاشکرا بوو، ڕابەرەکوردەکان "نەدارو فەقیر" بوون وە تەنیا لەنێو ئەوان دا سەناتور عەبدوول قادر بوو کە داراودەولەمەند بوو.

قوس تەن تەنیە هێستا ناوەندی هان دانێ بوو وەهە موو وڵاتی عوسمانیشی دەگرتەوە. وەزیری ناوخۆی تورک لایەنگری انگلیس بوو، وە فەرانسە ـ وێکان بەوەیان تاوان بارکرد کە ۱۵۰ر۰۰۰ لیری بەرتیل لە انگلیس وە رگرتووە. ئەوانی دیش دە ولەتی فەرانسەیان لە وبابەتە وە تاوان بارده کرد. انگلیس لایەن گری کوردستانی خووارو بوو، فەرانسە و ێکان، ڕووسە کان و ئێرانیکان هەریە ک مدعایە کیان هە بو.

کنفرانس ئاشتی خووازان کەلە ۱۸ ژانویەی ۱۹۱۹ دا کراوە، بریتانیای گەورە، وە فەرانسە هۆش وگوێشیان لە سە رمە سەلەی ووڵاتی عوسمانی بو، ئیدی گوێیان بوسە رۆ کە کوردەکان شل نە رەکرد.

کوردەکان بەهیوای ویلسون سەرکوماری ئەمریکا بوون، بەڵام تەنیا نوێنەرانی ئەمریکائی بۆولاتی سوریە و، قوس تەن تەنیە، بەین ئەن نەهرێن و ئاناتۆلی، چوون پاشسال و نیویک دەولەتە زۆر دارە پیرۆزەکان لەشەڕی جیهانی هەوەڵ دا کە دەیانەویست مافی خەڵکەکان لەپەیمانی سێوردا (۱۱ی مانگی ئوتی ۱۹۲۰)

بدەن ، تەنیا لەسەر کاغەز نووسرابوو وە ئەوپەیمانە لە بەینی "نەژین ــ ژیان" (مردن ــ نەمردن)دا مابۆوە وە نەیان تووانی، یان کەیفیان لێ نەبووکە مەسەلەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست حەل بکەن وڕای پەڕێنن وە مافی کوردەکانش بەوجورە لەبەرچاو نەهاتوبە ڕێوە نەبردرا .

لەکون فرانسی ئاشتی خووازانی جیهانی لەبەشی کنگرەی سێوز دا

کە باسی کوردها تبۆگۆڕێ ، لەبارە یئە ودووماده انەی خووا رە وە لە سە ری ڕۆیشت بوون . لە مادەی ۶۲ ی یاسای مافە کانی گە لە کان دالە کمسیونی ئتالیا ــ فە رانسە نئگلیس کە لە شاری قوس تە ن تە ینەگیرابوو ، ئاوانووسرابوو :

پێویستە لە ماوەی ۶ مانگان دامافی سە ربە ستی نە تە وایە تی ناوچەی کوردستان بێتە جێ . . .

وە سە رئە نجام ئە وسە رزە مینانە بۆمافی نە تە وە کە دیاری کرابووکە بریتی بوون لە : ناوچەی فوڕات ، ڕاواتە لە جنوبە وە تاسنووری مە سحێکان ، وەلە شمال را تاسنووری تورکە کان ، کە دە گاتە وە ووڵاتی سووریەوە ناوچەی بە ین ئە ننە ڕێن ، " . .

لە مادەی ۶۴ ڕادیاری کرابوو ، کە ژمارەی دانشتووانی خە ڵکی کوردلە هە موومە ڵبە ندە نشە تە جێگانی کوردی ئۆتۆنۆمی دا ، لە ماوە ی ساڵێک داسە رژمێری بکرێ وە پنووسرێ ،چونکە ئە وکارە ساتە بۆپاشە ڕۆژێ بۆمە سە لە ی پێکهاتتی مافی سە ر بە ستی نە تە وایە تی گشتی کوردستان کارێکی پێویستە " .

بەشی دووەم

ساڵەکانی بەرهەڵستی

مەسەلەی مافی نەتە وایەتی ناوخۆ واتە ئوتونومی ، وە دانی مافی سەربە ستی گشتی بە کوردەکان وە هەروەها مەتڵەبی چکۆلەی دیکەش، کەیەک بەیەک لەپەیمانی سێۆردا ، چ لەلایەن دەولە تەگەورەکانەوە ، وە چ لەلایەنکوردەکانی رامیاری، ذانا وە کە بە شداریان لە دانشتنەکان‌دا کردبوو ،وەباشڵی کرابوو ، بۆوەهیچ وە بەچەشنی بروسکێک هاتو ، ڕوێشت .

ئینجالەو کنگرەیەدا دوو مەسەلەی دیکە لەگەل ماف‌دان بەگەلەکان تێکەڵ ببو ، وە بریتی‌بوون لەوانە ، هەوەڵ زیندو بوونەوەی دە وڵەتێکی تازەی تورک‌پاش شکانی دەولەتی ئمپراتوری عوسمانی‌وە تەواوبوونی شەڕ ، لەژێرچاوە دێری‌وە حکومەت کردنی کەماڵ مستەفا .

ئەوی‌دی بەهەستهاتنی دەوڵەتی عەراق بە سەرۆ کایەتی شافەیسەل !

وەبۆ کوردەکان مەسەلەی موسلیان هێناپێشی وەتە نانەت پەیمانی لۆزان‌ش نەی‌تووانی ئەوبەرهەڵستەی لەنێوبەرێ، لەئاکاماسێبەرێکی تاریک لەساڵەکانی‌دا هاتوو ناوچەی کوردستانی داگرت . وەکوردەکان لەژێر چەپۆکەی سێ قودرەتی تورک ، وەفارس وەئینگلیس داماوە .

بۆیەدەڵێن ئینگلیس چوونکە عەراق کە نیوەی کوردبوو ، لەژێر ئالای ئینگلیس دەهات بەهەستبێ . ئینجا لەڕێبازێکی تازە ،واتە لەلایەن‌قودرەتێکی دەرەوە کە رەقیبی ئینگلیس و تورک‌بوو ، کوردەکان دلداری‌دە درانەوە ، ئەویش دەولەتی یۆنان بوو . کڵوبی کوردەکان لەشاری‌قوس‌تەن‌تەنیەدادەستی یارمەتی

بولای وی‌دریژ کردوە هەولی دا لە دژایەتیکی کەلەبەینی تورک ـ ئینگلیس بەهەست هاتووە، کە لکوەرگرێ، لەو نیوانەش دا لوئیدجۆرج کە لەهات وچۆ دابوو، وە لەئاکاردا دژی‌مستەفا کە مال بەرگری دەکرد، بەلام بێ کە لکبوو کارەساتیک لەگۆڕێ دابوو، کە پێویست‌بوو، زوو راپەڕێندرێ. بەلام لەوکاتە عاستەمەش کەلکوەرنەگیرا، وەقەول وقەرارێکی کە داندرابوو کە یارمەتی بە کوردەکان لەربێی بە غداوەبگات، نەگەیشتێ، وە سەرئەنجام راپەڕینە کە لەسالی ۱۹۲۱ لە لایەن حکومەتی تورکیە تێک شکاو، کوژاوە.

لەراستەقینە دا کورد لە هەموو لایەوە کە زۆری بۆهات بوو، واتە لە هەموو لایە کێوە دەستیان لێدەوەشاند، تورکەکان‌وئێرانێکان هەریەک لە لایەکێوە، ئینگلیسکانیش هەربەوجورە زۆربەی لە کوردەکان دەدا.

لەئێرانێدا راپەڕینی سمایل لاغا سمکۆ بۆ رەزاخان کە تازە بە شایەتی ئێران گەیشتبوو مەترسێکی گەورە و، بەرهەلستێکی‌زل لەبەرچاو دەهات، هەر بەو هەلوێستەوە بوو، کە رەزاخان دەیەویست پەیوەندیکی تازە لەگەل ئینگلیس بە هەست بێنێ.

لەمانگی ئوتی ۱۹۱۹ دا، پەیمانێکی لەگەل ئینگلیس بەست، بەراستی بە بەستنی ئەوپەیمانانە، جا، چەئێران، وە چ لە تورکیەدا کە بەرێوە دەبردراو، دەبەسترا، هەرگزوهەرگز ئەوقەرارمەدا ەی کە لە پێشوودا بۆ کورد لە بەرچاو بوو، وەرستەو، رەسەنێکیان کە بوچاوەدێری کردبوو، بەجێ نەهاتو، خیانەتی پێکرا.

لەحەقیقەت دا ئنگلیس لەبەر قارانجی خۆی لەناوچە کە دا خۆی گێل دەکردو، چاو یدە قووچاند، وە دەنگی لەبەر دە رنە دەهات، تورکەکانیش خەیانەتیان کرد، وە پەیمانەکانی‌دیکەش مەحکوم کران، وە لەبیر چوونەوە. هاوکات لەگەل ئەو کارەساتانە، لەزەویوو، زاری و لاتی تازە پێکهاتووی عەراقیش دا، شێخ مەحمود، لەناوچەی کوردستان داخەریکی بزوتنەو، خەباتبوو، وەمەبەستی ئەوە بوو، کە لە دووژمنایەتیو، دو بەرەکی دوو رەقیبی تورک ـ ئنگلیس کە لکوەرگری، وەلەگەل تورکەکان دژی‌ئینگلیس هاوڕێ بێت، وەهەروەها لە "ناوچەی کوردستان"ی عەراق داسەربەخۆ ی وەدەست بخاتو، بە پادشایەتی بگات.

بەلام ئەوەی لەبەرچاو بوو، ئینگلیسێکان قەت نەیان دەویست کە لە عەراقدا دووپادشا، یانی شیخمەحمود وە فەیسەل بەهەستبین!

ئینجا دوور لە هەموو عەقڵو، مەنتقێک، بە چەشنی پێشوو، دەوڵەتەزۆرداڕەکان، ڕاپەڕینی کوردەکانیان، کە بەڕاستی دەهات کە لکی لێ وەرگیرێ وەلە ڕیبازی ئاواتو، ئامانجدا بێت، سەرکوتیانکرد، وە نەتەوەیکوردیان لە تەمو، خەم داهێشتەوە.

فه سلی ١

١ ــ شۆڕشی کوردستانی تورکیه (١٩٢١)

لەکاتێک دا کە کوردەکان هەوڵیان دەدا وەتێدەکۆشان کە دەولەتە گەورەکان بە تایبەتی بریتانیای کەبیر بەمەسەلەی کوردەکان تێڕابینی هەبێ، مستەفا کەمال هاتە سەرکار، وە لیدەرە کوردەکانی شاریقوستەنتەنیەش زوریان پێ ناخۆشبوو.

ئەوەی کە بەچاکی ڕوون ببۆوە مستەفا کە مال لەسالی ١٩٢٠ دا لەگەل بەرهەڵستێکی گەورەی نیزامی ڕوو بە ڕوو ببوو، ئەویش قەڵپۆزو، هێزی کوردەکان بوو کە لەگۆڕێ دابوو. هێندێ لەسەر چاوەکانی هەواڵ دەری کوردەکان گوتویانە کە مستەفا کە مال دەیەویست کەبەچەشنێک لە کنگرەی سێور دا مافی کوردەکان دیاری بکرێ، ئەویش ئەو مافەی دەسەلمینێ ١

بەلام کە هەڕشەو، گوڕەشەو، دەستی کوردەکانی لەسالی ١٩٢١ دا لەسەر کورتبوو، مەسەلەکەی وەپشت گوێی خۆی خستو، لەبیر خـــۆی بردە وە، وە دەت گوت قەت لەوبابەتەوەباسێک نەکراوە....

ئینجا کەلەبەهاری ١٩٢١دادەستبەکار بوو،وەچەند بزوتنەوەی کوردەکانی سەرکوت کرد، وەخەڵکی بەپووڵو، پارە و،پیاوی‌خویی‌هان‌دەدا، کـــە دژی‌یۆنانیکان کە دەیانەوێ بەکوردەکان کۆمەک بکەن، بەشەڕین‌وە نێوانی کوردەکان‌ش ناخوش‌بکەن، بەلام بەپێچەوانەی‌ئەوکارە، ڕاپەڕینەکەسەرتاسەری کوردستانی تورکیەی داگرت بۆ هەوەڵین کات وە کەڵک وەرگرتن، لەناوچەی ماردین‌دا کوردەکان لەگەل یەکێک لەسەروکەکانی گە وەی‌نیزامی‌تورکیە بە نێوی،

پەریزادبـــەکنر کە ئە فسەرێکی پایە بەرزیقەدیمی دەرباری سولتانی عەبدوول حەمید، وە فەرماندەی هێزی چووارمبوو، وە دژی مستەفاکەمال بەشەڕ دە هات، چاوپێکەوتێک پێکهاتو، زوو دەست بەیەک بوون، بەلام لەمانگی ژوئنی ۱۹۲۱، لایەن گرەکانی مستەفا کەمال دەست بەکاربوون وە بۆ ئەوەی کەئـەو ئەفسەرە لەکوردەکان جوێ بکە نەوە، کۆڕێکیان بۆ ووتو، وێڕ بۆلای پەریزاد بەکر نارد، وە پێیان گوت کە! باش دەزانێ کە کوردەکان مافی نەتەوایەتـــی ئەیالەتیان واتە ئوتونومیان دەوێ.

وە دەیانەوێ کە سنووری کوردستان دیـاری بکەن، وە دەیانـــەوێ کاربە دەستەکانو، ژاندارمەکانو شارەوانێکان لە ناوچەی کوردستان وەدەرنێن، وەنەیەڵن لەمەڵبە ندی کوردستان داسەر بازبگیری. ۲

ئینجا ئەوە کارێکی پڕلەمەترسیو، نالەباریە، وەئەومەبەستەی کوردان لەقەوەتو، قودرەتی ئێمەدانیە. کوردەناسیونالیستە کە مالیکان بەبێ ئەوەی کە لەگەل کوردەکانو، پەریزاد پێکبین، گەڕانەوەشاری ئانکاراوەدەریان بڕی کە ووتو، وێڕ بێ کەڵکە.

لەمانگی سپتامبری ۱۹۲۱ داکۆ ڕیکی تازەی دیکەی تورک کە بریتیلە نوێنە رەکانی ناسیونالیستی شاری بتلیسڕو، وان، وەنوێنەرانی حکومەت بوون، بۆ گفتو، گۆ هاتنەلای کوردەکان، بەلام ئەو کۆڕەش نەیتووانی کارێـک بـــە- ڕێتەپیشی. وە هیمنایەتـیو، هومیدێک لە کوردستان بەڕێوەبەرێ. لەمانگی ئوکتوبری ۱۹۲۱ تورکەکان ویستیان بەچەشنێک (تەشکیلاتی ئیداری) لەناوچەی دەرسـیم دابنین وەبەوجورە هێمنـیو، ئەهوەنی بۆ ولاتی کوردستان بگە ڕێتەوەوەهەوەها وەدەستیان بەسەربازگیریکرد، وەمەبەستیگەورەیان ئەوە بوو کە بزوتنە وەی کوردەکان بەرهەرچونێک بێ دامرکێنن، دە ناهیچ ئامانجی دیکەیان نە بوو کە بـەڵکـی کوردەکانبێ. ئینجا بڵێسەو گری ڕاپەڕینە کە مەبەست بەوکاتە ناسکەوباریکە پترهەلائیسا، وە ناوچەکانی دیکەشیداگرت.

۱ ــ ئینگلیسو، بزوتنە وەی کوردەکان

بۆ فەرانسە وێکان هیچ شکو، گومانێک نە مابوو، کە لەو بزوتنە وەیە دا

دەستی ئیگلیزێکان لە کاردایە. ئینگلیس لە تورکیەدا پتردەستی بە سەرپشتی کوردەکان دادێنا، وە زیاتر وەباوی‌دەخستن، ئەویش مەبەست بەوە بوو، کە مستەفا کەمالّ بە دەستی کوردەکان کـز، لاوازبێ، تاپتر پەڕو، بال ناوێوە مدعای ناوچەی موسڵلە بیروباوەڕی بەرێتەوە. ژێنیرال‌پیلیٔ سەرۆکی پایەبەرزی فەرانسەویان‌لەڕۆژهەلاّتدا، دەیگوت کە ئینگلیسیکان هەڵوێستیان ئەوەیە کە بەهەر چونێکبێ کوردەکان لەومەڵبەندەدا بەچەشنی بەر هەلستێـــــک وە لەمپەرێکی‌گەورەلەبەینی فەیسەل و ناسیونالیستەکان بۆ نەتەوەکانی دیبێ، وە مەلیک فەسەل‌ش بە قازانجی ئەوان ببزوێتەوە. ۳

لەپائیزی سالی ۱۹۲۰ دا بۆ هەوەڵین کە ڕەت گومانی خۆتێوەردانێکی گرنگ، وە بەرەنگاربوونێک چاوەدێری دەکرا، بەلام نەخشەیەکیش لەبەرچاوبوو، واتەئینگلیس دەیەویست کە لە جەزیرە داهێزێکی کورد پێکبێت وەئازادێک بە کوردەکان بدرێت بە چەشنێک کە "بۆ لای فەرانسەوێکان نە کێشیرێن."

بەلام ئەو ڕێبازونەخشەیە مەبەست بەمەسەلەی ڕامیاری لەلایەن سێ کرێتیری ئینگلیس لەهندوستان دا وە پشت گوێخرا وە لەبیرچووە (۱۸ ژانویە ــ ۱۹۲۰) لەمانگی ژوئینی ۱۹۲۱ لە لایەن سیرپیرسی‌کاکس پیاوە بە رزە کـــەی ئینگلیس لەکون‌فرانسی لەندەن دا (فیوریە ــ مارس ۱۹۲۱) مەسەلەی کوردەکان سەبارەت بە دووژمنایەتی‌لەگەل مستەفاکەمال‌هاتە پێشێوە سەرئەنجام ئینگلیس بەوەی ڕازیبوو کە مرۆڤێک لەخزم‌وقەومەکانی بەدرخان کە سەربەئینگلیس هەن، بەیارمەتیو، لایەنگری نوویل بۆ کاروباری کوردەکان دابندرێ.

بەشوێنی ئەوەدا لەمانگی ئوکتوبری ۱۹۲۱ بەهاتنی خەلیل بەدرخان، وە چووار ئەندامی کانگای کۆڕی کلوبی‌کوردانی شاری‌قوستەنتەنیە، بۆ بەغدایە مەسەلەی کورد هاتە سەر زار، وەئینگلیس خەریکی بەڕێوەبردنی مەبەستەکەبوو کە بەقازانجی خۆی بەڕیوەی بەرێ. ۴

بەگومانی خەلیل بەدرخان، بەهاتنی کمیسەری‌عالی ئینگلیـــــس لەقوستەنتەنیەڕا بوو، ووتو، ویژە "بە ختە وەری" بۆ ڕێک وپێک کردنی مەسەلەی کورد زۆر بوو.

۲ ــ نەخشەی خەلیل بەدرخان

خەلیل بەدرخان لەووتو، وێژە کەی خۆی دا کە لەگەل سێرپیێرسی کاکس کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لەعەراقدا ڕای گەیاند کە بزوتنەوەی دووسالەی ئیمە لە ڕێگای کانگای کلوبی قووس تەنتەنیەوە، هاوکات لەگەل ئەو ڕاپەڕینە بووە کە لەناوچەکانی دیاربەکر، وان، بتلیس هەیانبووە، ئەو مەڵبەندانە ماوەی سااڵێکە کە ماڵیاتیان بە دەولەتی تورک سەبارەت بەخەباتەکەیان نەداوە. وەمنش لەبنەماڵەی کوردم، وەئێلو، هۆزیمە لەمێژە بۆیەکەتی خەبات دە کات"! ئینجا خەلیل بەدرخان ئەوەی بە ئاشکرائی بە کمیسەری عالی ئینگلیس گوت کە ئێمە پێویستمان بە یارمەتیو کومەگی ئێوە هەیە.

بەداخەوە ئەو یارمەتیە بە چەشنێک بووەکە هەتا ئێستا نەگوتـــــراو، نەدیترابوو! خەلیل بەدرخان بەقسەکانی دڕێژەپێداو، گوتی "ئێمەگیانو، ڕووحمان لەگەل ئیگلیسە، وە لایەنگری ئەوانین"

وە لەبنەڕەتڕا واتە لەئەمیرخانەوە هەروابووین." ئێمە دەمانەوێ لەژێر فەرمانو، یاسایئێوە دابژین، ئەگەر بریتانیای گەورە یارمەتیماندات وە کوردەکانیش دەولەتێکی هەوا داری ئێـوە لەبەینی دووژمنانی عەراق، ڕووس، تورک پێک بینن، ئینجا لەگەل هەرمەنێکان واتە لەگەلتەواوی مەسیحیکانش پێک دێن،"

ئەویار مەتیەیکە خەلیل بەدرخان لەئینگلیسیکانی چاوەدێری هەبوو ئەوە بـــــۆ داوای کرد کە لەپێش هەمووشتێک ذا کە کۆڕێکی ئەفسەریخواروی بریتانیاوەک ماژور نۆئیل بە جلکی کوردی بنێردرێ، جائەو وەختی دەتوانینبڵێن کە حکومەتی بریتانیا بەڕاستی "بەڵێنیبەبزوتنەوەی کوردەکان دەدات"

بەشوێنی ئەو داوایانەی دا خەلیلبەدرخان هەروەهالە کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیسی ویست کە ئێوە! دووتوپێی سەحرائی، چەن تیربار، ٥٠٠٠هەزار تفەنگ، وە جلکی سازوبەرگی شەڕیشمان بۆبنێرن

لەبارەی مەسەلەی ئابووری وولات دا خەلیل بەدرخان گوتی، کەپاشئە وەی دەولەتی بریتانیای گەورەکاری کوردەکانی پێک هێنا، ئێمە پێویستمان بە پول و، پارە هەیە کە لەڕێگای باوەرکردن،ئعتباریبانکیبە ئێمە بدرێ، جاهەروەخت

ئینجا خەلیل بەدرخان زۆر بەتێڕادیوێوە ڕای گەیاند کە. "ئەگەر ئیوە ڕەدی کەنەوە، من بەدووایئەومەبەستەدا هەرهەم، وئەگەر تووانیم شەڕێکی کلاسیکی واتە گەورە دەسپێدەکەم، دەنالەڕێگای شەڕی گرێلە لائیو، پارتیزانێوە بە خەبات و، ڕاپەڕینەکە درێژە پێ دەدێن!"

۳ــ یارمەتی یۆنانیکان

وەکەکە سێرپێرسکاکس گێڕاوێتەوە، کۆڕی خەلیل بەدرخان ۱۰/۰۰۰ لیرەی لەبانکێ کی قووستەن تانیەی وەرگرت، وە کە ڕەتێکی دیکەش تێلیگرافی بۆ حکومەتی یۆنان لێدا کە پوڵێکیترش بۆ کوردەکان بنێردرێ. خەلیل بەدرخان بەوچەشنەکەین و، بەینی خۆی لەگەل یونانیکان سازکرد...

هاوکات لەگەڵ ئەو کارەساتە یونان هەنگاوێکی بە بایخی هەڵێنا، واتە ڕێگای لەئینگلیس وەرگرێ کە، کەشتێکی پڕ لە چەکو ئە سلە حە لەوەلاتی عەراقە وە بو کوردەکان بنێرێ.

۴ــ ڕاو، تەدبیرو، تەسمیمی چڕچیل.

لەمانگی ژوئن دا تاقمێکی چریکی تورک بە لایەنگری مستەفا کە مال هاتە شاری ڕەواندز وە لەئیدارەی کاریئینگلیس چاوپێکەوتنێکیان بەجێ هێناوە لەنهێنی دا دژی عەراقلەگەل سێرپرسیکاکس،ووت، وێژی کرد، ئەویشزیاتر لەبارەی مەسەلەی کوردەکانبوو. بەلام کمیسەری عالی ئینگلیس، گوتی کە حکومەتەکەی دژیئەو کارەی کە تورکەکان کردویانە،وە ئەفسەریان بۆ ڕەواندز ناردووە دەنگی خوی دەربڕیوە

ئینجا تورکەکان گوتیان کە ئینگلیس بە یونانیکانیشی ڕیگا داوە کە چەکو، ئەسلەحەو، سازوبەرگی جەنگی بۆ کوردان بنێرن!؟ بەلام کمیسەری ئینگلیس

لەسەر ئەومەسەلەیە نەڕۆیشتو ، گوێی خوی بو دانەخست و ، بێدەنگەی لێکردو ، وای‌نیشان‌دا کە من ئاگام لەو کارەنیە . ٥

ئەوەی کە شایانی باسە ، ئینگلیس دەیەویست کە کارو کردەوەی کوردەکان لەناوچەکەدا پێک بێت ، بەلام لەوکاتەدا چرچیل‌هەوالیکی بوسیڕپرسی کاکس نارد وەلی‌ویست کە وازی (لەهان دانی کوردەکان لەوکاتەدا) بێنێ . " ء

٥ ــ پیش گرتن لە جوولانەوەی کورد

لەکەڕەتی دووەم دا کە دەولەتی‌فەرانسە پێک هاتنەکەی خۆی بەجێ گەیاندوە لەئۆکتوبری ١٩٢١ ڕا قەرارادادی ئیمزاکرد ، وە هەروەها کە ڕژیمی مستەفا کەمال وردەوردە پەرەی گرت ! ئینجا لەسالی ١٩٢١ ڕا جەواد پاشا هێڕشبردە سەر کوردەکان ، وەپاش شەڕێکی دوورو ، درێژ و قورس لە (نوامبری ١٩٢١ ــ فێوریيەی١٩٢٢) شۆڕشی کوردانی تێکشاند .

ئینجارەفەت‌بەگ لەبەغدایە بوو ، وەلەکاتیک دا کە دیتی ئینگلیس هیچ یارمەتێک ناکا گەڕاوەقوس‌تەن‌تەنیە (ئاخری (١٩٢) .

خەلیل بەگەش کە دیتی کارەسات بەو جورەیە ، وە ژیانیشی لەمەترسی‌و ، خەتەر دایە هاتەوە بەغدایە کەهەم خۆی ڕزگاربکات وە هەم بەڵکو بتوانێ (کارێکی دەولەتی‌واتەپۆستێک) بەدەست‌بێنێت بەلام تامانگی مەی‌سالی ١٩٢٢ ماوە ، دووبارە گەڕاوەقوستە ن‌تەنیە وەخۆی‌بەدەستەوەداو تەسلیم بوو .

فه سلی ۲

سمکو

سمایل‌ئاغا، که سمکۆیان پێ گوتووه، کوڕی مەحمەدئاغای سەرۆکی عیلی شکاکانه، کەئەو تایفەیەله سالی ۱۹۱۸، دا ۲۰۰۰ خانەواری نزیکی‌یەکتربوون[1]

پاش مردنی موحەمەدئاغا، عەشیرەتی شکاک لەژێر فەرمان‌و، چاوەدێری برا گەورەکەی جەعفەر ئاغا قەراری‌گرت که خاوەن قودرەت‌وبه نفوزبوو ــ لەسالی ۱۸۸۹ دالەلایەن تزاری ڕوسیــــه نیکــــلای دووم لەگەل عەبدوررەزاق بەدرخان وه سەییدتاهای شەمزینان بۆڕوسیه داوەت‌کراوه ــ

بەلام حاکمی شاری تەوریز که (نیزام وسەلتەنه) بوو، پێشی لـــــەو داوەتەگرت: به شوێنی داوەت‌کردنی ئەو بۆ تەوریزواتەپاش شۆڕشی ۱۹۰۶ کەلەبابەت ئاژاوەی ناوچەکه پێک هاتبوو، که بتوانن هیمنایەتی‌و، ئەهوەنی‌بۆ ناوچەکه‌بگەڕێننەوه، پیلانێکنان بۆ سازکرد وەلەسالی ۱۹۰۷ دالەپشتی چادرێک دا لەگەل‌هاوڕێیەکانی شەهیدیان کرد.

لەوێ ڕۆژێ ڕا سمایل‌ئاغا، هەرله فکری وەی دابوو که تۆڵەی خۆی

---

(۱) عەشیرەتی‌شکاک به دوو دەسته بەش کراوه: عەبدواکان که له دەوروبەری چەهریق لەروژئاوا لەانتهای سەروی بەحری ورمێ دەژین، کەسەروه سمکۆ بوون، وه مەمدوا کان که نزیک به خووارو، واتەجنوبن وەسەربه یەکیک لەمامەکانی سمکون، کەعەمەرخانه، کەیەکی لەخاوەن نیوو، بەنفـــود بووه، کەپیاویگی‌وەک سمکو به قودرەت بووه.

بەتورەیی‌وزۆرەملی لە فارسەکان بستێنەوە، جا، کەرەتێک بۆ لای تورکەکان دەچوو وە جارێک بۆلای ڕووسەکان، وە هەروەها بۆ لای ئینگلیسیکان خۆی دە کێشا... وە هەربەوجوورەبوو کە لەووتو، وێژو، هاتو، چوێەکی دوستانەدا لەشاری‌وان لەگەل وابەستەی نیزامی بریتانیا لەوان بە نیۆی کاپیتان دیکسون کەڵکی وەردەگرت.

لەپاشتەواو بوونی شەڕی جیهانی هەوەل سەرۆکی ستادی پایەبەرزی ئینگلیس هەوڵی‌دا، کە یەکەتێک لەبەینی گەلی‌هەرمەنی، ئاسوری وە کوردەکانی سەر بەسماعیل ئاغا لە سنووری ڕووس دا دژی تورکەکان پێک بێنێ. بەلام سمکۆ یەکەتێکەی نەسەلماند، وەلە ۲۵ فیوریەی ۱۹۱۸دا سەرۆکی ڕووحانی هەرمەنێکانی بەنیوی مارشیمونی‌ی لەنێو برد.

سیمکو پاش شەڕێکی قوورس تووانی بەسەر زۆربەی و ڵاتی کوردستان دازاڵ بێ، واتەلە لەدەوروبەری قەراغ بەحری ورمێ وەتا سنووری‌تورکیەئەوناوچانەی داگیر کرد، ئەوکارەساتە هاوکاتلەگەل تەسلیم‌بوونی‌تورکەکان لە ئوکتوبری ۱۹۱۸ دابوو کە تەواوبوونی شەڕیان سەلماند.

ڕاپەرینی سمکو لەگەل لەناوچوونی سلسلەی پادشایەتی قاجار لەئێران دا بەرامبەرەو، هاوکاتە، ئەوەی کە ڕوون بۆ تە وە ئەو وەختی لەسەرتاسەری زەویوزاری‌ئێران دا تە واوی پیاوە چەک دارەکانی ژاندارمی و ایلات لە ۱۲۰۰۰ نەفەر، وە قەزاقەکان لە ۷۰۰۰ سەرباز کە خەرجیان لەلایەن دەولەتی ئینگلیسەوە ڕووسیە دە درا پیترنەبوون!

تائەوکاتەی‌کە ڕەزاخان لەسالی ۱۹۲۱دا کودتای کرد، سەربازە قەزاقەکان لەژێر فەرمانی ئەفسەرەکانی دەرەوە، واتە ڕووسە سپیێکان تەعلیم دەدران، وەخەرجی‌ئەوانیش لەلایەن دەولەتی بریتانیاوە دەدرا.... کەبەراستی تەواوی دەرآمدی مالیات‌و، خەراجاتی‌ئێران لەژێربارمەتی‌و، چاو(دێری ئینگلیسیکان بوو. وەئەوکارە ساتە، تا تەواو بوونی‌شەڕ هەرد.ریژەی هەبوو، وە بەگرنگی ئینگلیس بە دووایە وە بوو.

حکومەتی ئێران بەتەواوی زەبرو، زەنگی خۆیەوە، دەیەدیست بەهەر چونێکبێ سمکۆی لەنێو بەری ئینجا بۆ کوشتنی سمکو بەستەیەکی بە فێڵو، تەلەکە بۆ نارد، بەلام ئەوبەستەیە کە بۆمب بوو، وەتۆقی چەن کەسی لە سەرۆکە

شکاکەکان وەیەکیک لەبراکانی لەنێوبردو، سمایل ئاغالەو پیلانە ڕزگار بوو.

لەهاوینی سالی ۱۹۱۹ سیمکو شاری وورمێی گە مارۆ دا. حکومەتی ئیران، سەرهەنگ فیلیپوفی ڕووسی کەسەرۆکی قەزاقەکانی ئیرانێ بوو، وەلەقشونی ئیرانداخزمەتی دەکرد، لەڕێگای شەڕەف خانەی ورمێ ڕا نارده سەرسمایل ئاغا. ئەوئەفسەرەلەمەلبەندی شاپور دا هیزشی بردە سەر سمایلئاغا، وە پیاوەچەک دارەکانی سیمکوی تا چەهریق پاشەکشە پێدا، بەلام لەنەکاو لە سمکوی داوا کرد کە ووتو، وێژبکرێ. لەکاتی ووتو، وێژ دا فیلیپوف پێی ڕا گەیاند کە من نامەوێ بۆسەرناوچەیوورمێ دەس درێژ کەم، وەدەگەڕێمەوە.

ئینجا فیلیپوف ئەوکارەی کرد، وەسمایلئاغا ووردە ـ ووردە تەواوی مەڵبەندی ورمێی داگرت لەسالی ۱۹۲۰ ڕا تا نێوەراستی سالی ۱۹۲۱ ناوچەکە لە هێمنی و ئارامی دابوو، بەڵام قشوونێکی تازە لەتە ورێز و مەڕێ کە وت کە ئەو هێزە لە ناوچەکانی تارانەوەهات بوون.

بەو جۆرە ناوچەی کوردستان ئاژاوەی لێ سازبووە، بەڵام لەپێش ئەوەی دا کە ئەو هێزە بگاتە ناوچەکە، سمایلئاغا شاری سابلاغ واتە مهاباذی گەمارۆ دا و، خەریکی گرتنی بوو.

۱ ـ گرتنی سابڵاغ (مهاباد) (لەخەزلّوەری ۱۹۲۱)

۲ لەۆ مانگی اوکتوبری ۱۹۲۱ مرۆڤ تەها، ژنبراو، ئاواڵزاوا و، هاوڕێی سمکو لەگەل چەندسەدسووار هێرشیان بۆ سەر شاری سابلاغ (مهاباد) برد. لەوکاتدا ۵۵۰ ژاندارمیئیرانێ لەوشارەیان بەرگری دەکرد

بەلام لەشک دامابوونە وە، وە نەیان دەزانی چبکەن، وە ئایا پیوستە شەڕبکرێ یان نە!؟

بۆدواڕۆژێ سمایل ئاغا بە خۆیوبە ۲۰۰۰سووارێکورد بۆ سابلاغێ وەڕێ کەوت، لەسەرڕێگای خۆی هەرقەلاوپۆستێکی ئیرانێ کەدیتبایە لەبەینی دەبردو دەیگرت، تاگەیشتە شاری سابلاغ، لە نێوشاریدا وە دووی ژاندارمەکان کەوت، قەڵەتوبڕی لێ کـــردن،[۳] هێزی دەولەتی خۆی نەگرتو، شکاوبـــڵاوبـــوو،

لەوشەرە دا ۴۰۰ژاندارم کوژراولەناوچوو ساحیب‌مەنسەبەکانیان جگەلە دوویا سی کەس کوژرانو، لەنێو چوون، سێ ئەفسەرەش کە گیرا بوون لەبە ندیخانەکران شکانی هێزی دەولەتی لەمهاباد زۆر بەیەکی گەورە بۆ دەولەت بوو، ئەوناکامیەو، شکانە، مەبەست بەوەبوو کە هێزی دەولەتی نەزمو، دیسپلینی‌نەبوو، ئالۆزی لەنێویان دا دەدیترا، بەلام مەبەستێکی دیکەش بۆتە هۆی شکانو، لێکبلاو بوونی هیزی ئیران. یانی بە گرتنی دووپیاوی گەورەی سابلاغ، خەلکی شاری بەربەرەکانیان لەگەل کار بە دەستەکان کرد، وەبووبە هۆی شکانی‌وان بە لام گرتنی شاری مهاباد لەلایەن هێزی سمایل ئاغاوە، تالان و کوشتنی خەلکی نیۆشاری‌شی بە دوواوەوو، وەخەلکێکی زۆر کوژرا: قازی لەتیفی بەناوبانگ لەجەنگەی‌شەڕیداشەهیدکرا، وە دەولەمەندەکانو، دەرەبەگەکانو، خەلکی شاری تالان کران بە شوینی ئەوە دا پاش چەند حەوتووان، سمایلئاغا ئەوکارە ساتەی لەووتو، وێژێکدا، بۆکۆڕی کلوبی کوردەکان کە لەشاری قوس تەن تەنیڕا هات بوون، وەبەسەرکردایەتی مستەفا پاشا بوو، بلاوی کردبۆوەو، وە شەرحی دابوو، گوتبووی: کە ئێمە لەسەروکە گەورەکانی سابلاغ داوەتمان کرد کە بێنوە لەپێش گرتنی شار داچارە سەرێکی مەسەلەکە بکرێ، بەلام ئەوان نەیانەویست وەلام بدەنەوە، وە خەلکی شاری سابلاغ ریزیان دانەناین،ئیمەش شەرمان هێنا قەراغ دیواری شاری سابلاغ، وەشکاکیش بیانەوی یانەیانەوێ دەسیتان بە تالان و برێین کرد!

سمایلئاغا بە ووتارەکەی ئاوا درێژە پێدا، فارسەکان تاقەراغ دیوارو، برج و باروی شارپاشەکشەیان‌کرد بوو، وە دەهات کە بە گرتنی شاری سابلاغ، شەڕ تە واوبی، بەلام خەلکی شاریش لەوبەنیە دا تاوان‌باربوون، ئینجابوونە فیدای ئەوشەڕە، وەشکاکە کانش چاویان هیچ شتێکی نەدەدیت، هیچیان نەدەپاراست. سمایلئاغا هەروەها دەری‌بڕی کە بەراستی نەدە تووانرا کەلەتالان کردنی شار، پیاوەکانی خۆی بپاریزێ." هەرچەند لەدووایە داخەلکی شاری بەتایبەتگەورەکانو، ڕدێن سپێکان لەلایەن سمکۆوە دڵداری درانەوە، بە لام خەلکی ئەو ڕۆی مهاباد لەوبارەیەدا زۆر بە دەستە وەستانەوە دەدوێنو، قەزاورەت دەکەن.

ئینجا بە هەرچونێک بووبێ ،خەلکی مهاباد سمکۆی‌بەیەکیک لەپیاوەگەورەکانی

خۆمالـــی کورد، واتە ناسیونالیسم دەناسن. پاشگرتنی سابلاغ هێزی دەولەتی ئیران، لە ئازربایجاندا هاتە ژێرفەرمانی ساحێب مەنسەبیکیسوویدی بەنێوی سەرهەنگ "لوئیدبێرگ".

هێزیکیدیکەش لەژێر ئەمروفەرمانی سەرۆکێکی ئیرانی بە نیـــوی "ئەمیرئەرشەد" بوو، کە قشوونەکەی بریتی بوو لە چریک و، پارتیزانی خەلکی ناوچەی ئازربایجان کە پتر لە ۲۰۰۰ کەسبوون، ئەوهیزە هێرشیکی بردە سەر پیاوە چەکدارە کوردەکان، سیمکو لە قەراغ شاری هیرشەکەی تیک شکاند، وەپیترلە ۲۰۰ کە سی لێ کوشتن، وە هەروەها ئەمیر ئەر شەدش لەو شەڕە دا کووژرا، ماوەی هێزە کە بە ئالۆزی و شکاوی، بۆ دووایە پاشەکشەی کرد. بەشوێنی شکانی هێزە ئازەریکان، سیمکو ئەوجـارهیرشێکی گەورەی بردە سەرهێزی بەڕێک و پێکی سەرهەنگ لوئیدبێرگ سویدی، ژاندارمەکانی ئەوهیزە بەچەکو، ئەسلەحەی ئینگلیس چەکدار کرابوون، بەلام ئەسباب و یەدەگی شەڕی کە بۆ پشتیوانی هیزەکە دانداربوو، یان چەکوئەسلەحەی فەرانسەوی بوو، یان سازوبەرگی ڕووسی! ۵

دووهێزی دیکەی دەولەتێ کە یەکیان لەنیوەی مانگی نوامبری سالی ۱۹۲۱ وە تا دسامبری ۱۹۲۱ بەرگری لەشاریخۆیە دەکرد، لەوێدا ماوە.

، هیـــزە کەیدی هێرشی بردە سەر ناوچەی قەڕەتەپە، ئینجا هەر دوکهێزلەبەرانبەر هێزی سمایلئاغادا شکان، وە کشانەوە دووایە.

پاشئەو پیرۆزە گەورەی کە وەدست سیمکو کەوت، حوڕمەتو، ڕێزیوی لەنێو عێلو، عەشیرەتە کوردەکان وە خەلکی کورد بەتێگرائی چۆ ســـــەرێوە گەورەکان سەریان بو دانواند.

سەرئەنجام و لاتو، مەلبەندێکی کە سمایلئاغا تووانی بە هێزو، قودرەتی خۆی داگیر بکات بریتیبوولە ناوچەی با شووری بە حری وورمێ تا شاری خۆیە، وەلە شمالەوە بۆ لای جنوب تا شاری بانە. وە هەربەو جووڕە، تەها برای خیزانی سمایـلئاغـا و لاتی بیرا کاپرای، تازێباری لەبەردەستی دابوو، وە ئیدارەی دەکرد.

۲ ــ سمکو ــ

مافی گشتی‌و، سه‌ربه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی واته له مه‌جموع دا وه‌لاتی‌یه‌کجێ کورد ئاوات و ئامانجی وی، بووه ئینجاله‌به‌ر چاوی سه‌رکرده‌کانی‌ئیران وه هه‌روه‌ها تورک وه‌ک "حه‌سه‌ن ئه‌رفه‌ع" وه "ئوزده‌میر" سمایل ئاغابه‌و چه‌شنه قه‌زاوه‌تی له‌باره‌ی دا کراوه، سمکو هه‌رچونێکبێ، پیاویکی له‌خۆ رازی‌و، هیچ‌نه‌زان بووه‌و، تاڵان گێڕ! وه‌به‌راستی مرۆڤیکی نه‌ته‌وه‌په‌رست‌واته ناسیونالیست بوو، وه‌نێو ئاخن‌دار. وه زۆریان له ئاغاوه‌ته‌کان‌و، ده‌ربه گه‌کان که هاوکاریان له‌گه‌ل کردوه، مه‌به‌ست به‌وه بووه که ئه‌ویش "فیودال" بووه، وه تامی نه‌ته‌وایه‌تی‌واته ناسیونالیستیان چێشتووه، وه‌به‌راستی هه‌مووبان کوردی نه‌ته‌وه‌په‌رست‌بوون. سمکو کۆتی ڕێڕێوه پانتولێکی شکاکی، وه چه‌کمه‌یه‌کی ڕووسی لـــه‌پـــێ ده‌کرد به‌ووته‌ی‌ئینگلیسیکان خۆش لیباس‌بووه هه‌میشه زه‌رده خه‌نده‌یه‌کی شه‌رمێو نانه‌ی به لێوبوه بووۆ پیاوێکی که‌م‌دوێ، ماقوول‌و، له‌سه‌رخۆ بوو. کانگای ناوه‌نـــدی سمایل‌ئاغا چه‌هریق بوو که نزیکی سنووری وڵاتی تورکیه یه‌وه له‌قه‌راغ وئاخری شمالی به‌حری وورمێ‌یه‌بووه.

له‌نێوچومێک دا له‌سه‌ر ته‌قته‌قه به‌ردێکی بلند بابی سمکـــو قه‌لایه‌کی دروست‌کردوه که ده‌ڵێی هێڵانه‌ی هه‌ڵۆیه.

مالێکی گه‌وره‌ی‌دیکه‌شی‌هه‌بوو که‌ئاشپه‌ز خانه‌و، ته‌ویله‌ی‌له‌نێوی‌خۆی‌دابووه. گێڕاویانه‌ته‌وه‌که‌کاتێک کاربه‌ده‌ستانی‌ده‌وله‌تی بزوتنه‌وه‌که‌ی سمایل ئاغایان‌تێک شکاندوه ماله‌که‌یان داگیرکرد، له‌وێدا پیانووکیان دیته‌وه. میژوو نووسان‌له‌بابه‌ت بوونی ئه‌و پیانویه له خانوی سمکودا که دیترا وه سه‌ریان سووڕماوه، له‌به‌رئه‌وه‌ی که و لاتی‌پان‌وبه‌رینی کوردستانێکی که هێستا ڕام‌نه‌بووه، ئه‌وه به‌راستی‌جێی سه‌ر سووڕمانه. "سمکو ده‌نگی تفه‌نگێ‌یوه قاسپه‌قاسپی، که‌وێ و هه‌راهه‌رای مه‌یدانی شه‌ڕێ وه‌حیله‌ی‌ئه سپانی زۆر له‌ده‌نگی پیانۆی پی‌خۆش‌تربووه ــ وه‌رگیر[1]" سمایل ئاغابو هه‌وا ل، خه‌به‌روباس وه‌رگرتن له‌دووری و لاتڕا، له‌مابه‌ینی شاری مهاباد ــ چه‌هریق ویلمان وه هه‌روه‌ها جیگا دووره‌کانی‌کوردستان

تەلەفونی هەبووە، وەخەبەریوەرگرتووە، ئاگاداری لەکاروباری ناوچە کە هەبووە. گێڕا ویانەتەوە کە سمایلئاغا مرۆڤێکی بێڕوحم بووە، وە دووژمنانی خۆی بەزنیدووئی لەسەرقەڵای، کێوەکان ڕا هەڵ داشتووە

لەوبارەیەدا بەسەرهاتێک لەوی دەگێڕنەوە وە لەزمان یەکێک لەوئەفسەرانەی کە گرتوویەتی بیستراوە کە سمکو لەخۆڕا خەلکی نەکوشتووە، بەلکو ویستوویەتی تۆڵە وەرگرێتەوە، وەئاوای گێڕاوە تەوە! پاش شەڕی یەزدیکانیَ (نێوەراستی مانگی نووامبری ۱۹۲۱) کەچەن ساحیب مەنسەبێکزیندانی بوون لەیەکیک لەوانەی ویستووەکە چەشنی کارولەعەمەل هێنانی ڕەشاشی فێرکا. ئەوئەفسەرەیان دەرجەداڕە کە لەوکاتە دا کە گولەی لەبەر ڕەشاشە کە دا داناوە بەرە و سمایلئاغای ڕا گرتووە، وە ویستوویەتی پێیەوەنێ!

لەوکاتە عاستەمەدا سمایلئاغا هەڵاتو تەسەریوە دەستی گرتووە وە پێی گووتووە کە "سپاس"! بەراستی فێربووم کە چۆن دەبێ وەکارخەریَۆ، باوێژریَ..." وە پاشانلێیدەپرسێ، مەبەستی کوشتنی من لەنێو ئەوهەموو سەرکردە کوردانەدا چبووە، وە تۆ سوور دە زانی کەدەکوژرێیەوە، بەلام ئەفسەرەکە وەلامیکی ئەو توی نەداوەتەوە، ئینجا لەکاتیک دا کە ئەوی لەگەل ئەفسەرەکانیدیکە ئازاد دەکا، بە هەریەک لەوانە لیرەیەکی زیریشیان دەداتێ وەتا ڕێبازو، خەتی ئیران پیاویان لەگەل دەنیری. ۸

ئینجا سمکو، ئەوەش ناشارێتەوە کە بەڵێ وایەکە ئەمن بەچەشنی تۆڵە وەرگرتن لە گەل ئیرانیکان بزووتومەوە چونکە! باب و، با پیرم ،وە هەروەها خزمو، قەومەکانو، دوو. براکانم بەدەستی ئەوان کوژراون. سەرئەنجام هەر ئەوانش سیمکویان لە نێو بردوە!

سیمکو زۆرجاران لە ووتارەکانیدا گوتویەتی کە بەڕاستی هەڵوێستو، مەبەستی ئێمە، زیاتر مەسەلەینەتەوایەتی بووە، نەک تۆڵە ئەستاندنەوە: "هەمووکەس دەزانێ تائێستا ،چبە سەر کوردەکان داهاتووە، کەسانوگەورەکانی پێشووی ئیمەوەک سمایلخان، عەلیخان، بەچەشنێکی زۆر زاڵمانە لە لایەن ئیرانیکانەوە لەبەینچوون. لەڕاستەقینە دا منکە ئێستا بۆ نەتەوەیکورد، هەوڵ دە دەم مەسەلەی تۆ لە وەرگرتنش لە زۆر دارەکان، لەگۆڕی دایە" ۹

ئەوەی کە وا بۆسمکو ڕوون بۆ تەوە، ئەوەیە کە حکومەتی پادشایەتی

ئیران قەت نەی ویستووە لەگەل داوای مافەکەی‌ئەوان کە بە دەست هێنانی‌مافی سەربەستی گشتی، یان مافی ناو خۆی واتە ئوتونومی بووە، ڕووی خوێنی بنوێنی وەدان بەسەر ئەومەسەلەیە دا بێنی.

جا با بڕووانینە ئەو نامیلکەیە کە سمایل ئاغا لەسالی ۱۹۲۲ دا، بۆ زەفەر رووددەولە (فەرماندەی پایە بەرزی ئێران فەرماندەگشتی لە ئاذربایجان دا نوسیوە، سرنج بدەبێنێ: "ئیوە باش دەزانن کە هێندێک نەتەوەلەدونیایەدا هەن کە بەقە را چووار بەش لەبەشیک لە کوردەکان نابن، وە بە ئاواتی خۆیان کە مافی ئوتونومی یە گە یشتوون، چاوبنۆرینە سەر ئالمانیکان کە بەو جورە دابین کراون "ناوچەین"

"لەراستە قینە دا ئەگەر نەتەوەی گەورەی کورد، لەئیران دا بە مافی نەتەوایەتی نەگات، مردنو، نەمانی، لەژیان چاکترە (لەوکاتەی کە ئێستاکە ئێمەتێی داین، لەئاکام دا حکومەتی ئیران پێێ خوشبێیان پێناخوش بێ، ئیمە مافی ئوتونومی مان دەوێ، جائەوە ئاواتی هەرمرۆڤیکی کوردە، وەژیانێکی نوی بوخەلکی ئیمەیە. ۱۰

بەلام سیمکو هەرگز ئەو کاتەی بونەهاتە پێشێ کە کوردستانێکی سەربەخۆ، یان ئوتونوم، دابمە زرێنێ، وەکاروباری و لات بەدەست بگرێ...

کۆڕی کانگای کلوبی کوردی شاریقوس‌تەن‌تەنیە کە بە سەرۆیەکایەتی مستەفاپاشای کورد هاتنەلای سمایل‌ئاغای لیێیان‌پرسی: "تو کە دە تەوێ لەوزەویوزارەی کە ئێستا کە بە دەستە وەیە، سازمانێکی حکومەتی دامەزرێنی، وە سەربەخۆبی، پەس ئالات بۆهەل نەکردووە؟

سمکو وەلامی داوە: لەکاتی حازردا سازمانێکی زۆر ڕێک و پێک بەڕێوە نەچووە. من مرۆڤیکی کوردم، وەرە ئەوو لاتەی ڕزگارکەین، هێندە کارێکی گرنگو، زلئیە کە کێ حاکمو، ڕابەربێ. من لەو سەرزەمینە داپیاوێکنیم کە مەقام پەرستو، لەخۆ ڕازیبم. ئەوەی کە مەبەست لەئالایە،... من پێمواتیە هێندە مەسەلەیەکی گرنگ بێ. بەلام پێویستە ئەوەش بزانین کە شکاک ئالای جور بەجوریان هەیە، وە هەرعەشیرەتەی ئالای خۆی هەیە، ئەوە تا کە بەچاوی خۆت ئەوەی‌باش دەبینی." ۱۱

لەئاخری سال ۱۹۲۱ دا سەرۆکەکانی شاری قوس تەن تەنیە کە ڕاپەڕینێکی

تەواویان لەکوردستان پێک هێنابوو، وەک کە لەپێش داباسیکرا، دەیانەویست کە سیمکوش بە وراپەڕینە پەیوەندبدەن وە مەبەستی ئەوپرسیارەی مستەفاپاشا کە لەسمایلئاغای کرد، کە تولەجیات ئەوەی کە ئێستا کە لەگەل ئیران شەڕ دەکەی وە هێرشیان دەبەیە سەری، بۆچ نایەی لەپێش دا بە ئیمە یانی کوردەکانێ، وان، ئەرزەڕوم، بتلیسو، هەکاری یارمەتی بکەی؟وە ئێستاکە، کە مال مستەفا قودرەتی بەدەستەوەگرتووە کاتیوەیە کە نەیەلین بەسەرئیمە دازاڵبێ؟

سیمکو وەڵامیداوە کە من نامەوێ پردی بەینیخۆمو، تورکیە لەنێو بەرم، چونکە ئەوان چەکو، سازوبەرگم دەدەنێ.

بەلام شایوباس بوو کە سیمکو بەو قسەیەیکەکردی، لەگەڵ پێکهاتنی (کوردستانی گەورە) بەڵێنێنە دابوو،وەیان لەخۆی ڕانەدیوەکە ڕابەریو سەروکایەتی بەدەستەوەبگرێ... بەلام مستەفاپاشا ئەوەینەشاردەوەو، بە تووڕەئی لەبارەی سیمکو دا گوت بووی کە: "سیمکو بەنە زانیخویەوە بو کوردەکەی نووسیبوو کە بەڵێ منلایەنگری کە مالێکانم، چوونکە بە هەموجوریک یارمەتیم دەکەن.

۳ــ سیمکوو، ئینگلیسێکان

سمایلئاغا لەسالی ۱۹۱۹ یەوە، لەگەل ئینگلیس دەیەویست نێوانی خۆشکا، وەبەیارمەتی ئەوان چارەسەری مەسەلەی کوردبکات. ئینجا ئەوکارە بە ڕابەری سەید تەها دەهات بە ڕیوە ببردری، لەمانگی مەی سالی ۱۹۱۹، تەهای لەڕێگای هەولێرەوە نارد بە غدایە کەلەگەل ئینگلیسیکان لەبارەی مەسەلەی کوردیئیران ووتو، وێژبکات، تەها لەگەل ویلسون پیاوە ڕامیارەکەی ئینگلیس لە بابەت چلۆنایەتی مەسەلەی کورد زور دووا، بەلام سەرئەنجام "ناهومێد" ماوە، وە کە لکی لەووتو، وێژە کە وەرنەگرت. لەوکاتەدا کە پیاوی ڕامیاری ئینگلیس لەگەل نوێنەری کوردەکان گفتوگۆیدەکرد، لەبنەوەش ڕا لەگەلئیرانیکانیش خەریکی گەپو، گاڵتەی سیاسی بوو، وەلە ئاکاما ئیدارەی سیاسی دەرەوەی ئینگلیس دەریبڕی کە: "ئەگەر حکومەتی ئیران لەسەر چارە سەر کردن و کارەساتەکەی مەسەلەی کوردستان، بەڕاستی و چاکینەیەتە پێشێ وە

ساوەساوێتێدا بکات، دەبێ لەوەی بترسێ کە کوردەکان، داوای‌جودائی‌بکەن" وەئەوکارەش بۆ تاران لەوکاتە باریکە و ناسکە دا مەترسی زۆرە، وەشایەد کە لە ئاسۆی سیاسی ئینگلیسرو، فارسەکان دا بێ تە ئیسرنەبێ. ۱۲

ئینجا لەسالی ۱۹۲۱ پاش ئەوەی کە سێرپرسی‌کاکس چۆتاران، وە لەگەل ئیرانیکان بە گفت و گویەکی‌گرنگ دانشت، وەپۆستی تازەی لەشاری بەغدایە وەرگرت، کاروبار بەتەواوی گۆڕابوو واتە لەوبەینەدا سەرۆک وەزیری ئیران ووسووق‌ودەولە[۱۳] پەیمانیکی لەگەل ئینگلیس بەستبوو، وە وا ئاشکرا بوو کە پاش هاتنی زیائەوددین تەباتەبائی وە کودتای مانگی فیوربیەی سالی ۱۹۲۱ مەسەلەی ولات رەنگو، ڕوویەکی‌دیکەی بەخۆی گرتووە، وە دوو دەولەتی‌ئیران وئینگلیس زۆر لەیەکتر نزیک‌بوونەوە.

سمایل‌ئاغا لەمانگی ژوییەی سالی ۱۹۲۱ واتە پێنج‌مانگ دووای کودتا، تا ئەو ڕادەیە گە یشت کە چاووپێ کەوتنێکی لەگەل یەکیک لە ساحیب مەنسەبەکانی‌ئینگلیس شاری شنۆ بکات تا بەلکو پێکهاتنێک لە بەینی هەرودوکیان دا وەدی بیت. [۱۴]وە بە دووای وی دا لەگەل سێرپرسی‌کاکس‌لە مانگی ئوتی ۱۹۲۱ دا یەکتریان دیت، وە لەو چاوپێکەوتنە بە پیویستی‌زانی کە دوو مەسەلان لەوبەینەدا بە چاکی ڕوون کاتەوە، وەلەئاکامابزانێ و ازی‌کوردستان چی‌لی‌دێتەوە، وە ئایامەسەلەی کوردستان کەلەسالی ۱۹۱۴ وە کە لەبەر چاوی دەو لەتانی تورکو، سوویەت، وەئینگلیس دابووە، بەکۆی دەگات.

دووەم دەبێ ئەو مەبە ستەش بزانێ کە ئایا لەنێو چوونی تاج و تەختی پادشایەتی قاجار، وە هاتنە سەرکاری ڕەزاخان دەبێتە هۆی ئەوە کە قازانجی خەلکی‌کوردی تێدابێت، وەئایالەووبابەتەوە مەترسیک لەگۆڕێدانیە؟ وەئایا ئەگەر دەولەتیک کوردەکان لەژێر بالّی خۆی دا ڕانەگری بە تەنیایی چۆن لەچنگی ئیران‌و، تورک ڕزگاری‌دێت؟ سیمکو هەلوێستی ئەوەبوو کە بەهەرچونیک بێ ئنگلیس ڕازی بکا کە لایەنگری‌بێو، حمایەتی لێ‌بکات.

"سمایل ئاغائەو مەتڵەبەی دووبارە بە وان گوت بوو کە "کەرەسەو، سازوبەرگی شەڕێ بۆ کوردەکان زۆر پێداویستە. ئەگەر تە دارەکی شەریێ نەبێ ئیمەتووشی نارەحەتی‌وچوتی دەبین! ۱۵

ماوەی سێ‌مانگان ووتو، وێژ لەبەینی کوردەکان وە پیاوەکانی ئینگلیس

درێژەی هەبوو، لەوبەنیەشدا بابەکرئاغای‌کورد کە لایەنگری‌ئینگلیس‌بووە لەوکارە دانێونجی‌بوو. هاوبەشی لەگفتوگویەکە دادە کرد. بەلام پاش ئەوهەموو هاتو، چوێەو، ووتو، وێژە لەمانگی ئوکتوبری سالی ۱۹۲۱ دا بە دەستووری دەولەتی ئینگلیس، لەبەر ئەوەی کە ئیران لەو مەبەستە و گفتوگویە نیگەران‌و، درێدوێنگە ئیتر هیچ نوێنەرێک بو قسەلێکردن لەمەسەلەکەنەبووە، تەنیا ئینگلیس بوێ ئەوەی کە بزانێ بزوتنەوەکەی کوردان لە چلۆنایەتی‌بەرگری ئەوان، کە ئیران بێتوو هێرش بەرێ بە کوی دەگات‌وە لەومەبەستەئاگادار‌بێت. ۱۶

لەسەر ئەوەشرا مستەفاپاشا، سەرۆکی کۆڕی کوردی تورکیە، پلاری ئاخری خوێی هاویشت، وەهەولێدا کە ووتو، وێژیکی دیکە لەنێوان کوردەکان‌و، ئینگلیس بەرێوەببردرێ.

ئینجا هەردوک کۆڕی کوردی تورکیە وئیران بە را بەرایەتی مستەفا پاشاوە سەیدتاهـا لەگەل ئینگلسیکان ووتو، وێژیکیان بەعەمەل هێناوە بەوانیان ڕا-گەیاند کە ئەگەر بێتوو ئینگلیس یارمەتی چەکو، ئەسلەحەو، سازوبەرگی‌شەڕیمان بداتێ وە بەئاشکرایی پشتیوانی کوردبێ، ئیمە دە تووانین ناوچـــەی‌وان، ئەرزەروم، سیواس، حەکیاری، بتلیس بگرین‌وەلەسەربازەتورکەکانی پاکەکەینەوە، وە دەرسێکی‌وا بە کاربەدەستەکانی‌تورک بدەین کە قەت لەبیریان نەچێتە وە تارە واندز یچین وە ئەگەر ئینگلیس بییەلێ تا شاری ئانکارا دەڕوێن. وەئینجا لە ئیران دا دەتووانین تا مەلبەندی سنە بڕوێنەپێشێ! ۱۷

دەولەتی فەرانسەش کە هەروەها بە شوێنی مەسەلەی کوردابوو، باشی لێ حاڵی ببوو کە ئینگلیسیکان پاش بە ستنی پەیمان لەگەل‌ئیرانێ، ئیتر هیچ کاریکیان بە کوردەکان نەماوەوەچشیان بوێ ناکەن، وە مەسەلەی‌کورد لەبەرچاوی ئەوان لاچووە، وەپشتگوێی خراوە. بەلام لەسەرئەوەش را سمکوش هەرچاوە ڕووانی یارمەتی لەوان هەبوو، سەرئەنجام کوردەکان لەودەم‌و، جەمەش‌دا هیچ کاریکیان بونە کرا. ۱۸

۴ ــ سیمکو و تورکەکان

وە سەرئەنجام سیمکو بەوەی خوێ رازی کرد کە لەتورکەکان یارمەتی وەرگرێ!

ئەویش لەوەی دا مەبەستی دوشت بوو. مەسەلەی نەتەوایەتی کە لەنێو تورکەکان دا ڕەواجی‌هەبوو، بۆوی زۆر چاک ئاشکرابوو، وە دەشی‌زانی کە تورکەکـــان لەئیرانیکان بۆ کوردان دووژمن‌ترن "بەلام سیمکۆ هەرگز هاتو، چۆی لەگەل تورکەکان نەبڕی وەچەک وئەسلەحەیەکی کە پیویستی بوو لەوانی وەردەگرت.۱۹

تورکەکان لەبارەی سمایل‌ئاغا دا جووان قەزاوەتیان نەدەکرد، سەرهەنگ عەلی شەفیق (ئوزدەمیر) لەسەرەڕای کاری سمکو دا پێی‌دەگوت کە پیاویکی (عەوام) و سادەیە، بیرو، ڕای قوولنیە "سفەتی حاکم بوونی‌چاک لەوی داهەیە"[۲۰] ئەو قسانەی ئوزدەمیرپاش چەن‌مانگان کاتێک گوترا کە سمکو تەواوی ناوچەی کوردستانی لەژێر دەستی دابوو، بەلام لەو کاتەدا حکومەتی ئیران هەوڵی دا کە لەتورکەکان نزیک بێتەوە، وە ئەوان دژی کوردەکان هان بدات. ئینجاڕێیران لە ۲۵ئوکتوبری ۱۹۲۲ داخەریکی‌ووتو، وێڕ لەگەل تورکەکان‌بوو. وە ئەوەش مەبەست بەیارمەتێک‌بوو کە لە لایەن‌تورکەکانەوەبەسمکو دەکرا، وە هەروەها دەشیانەویست کە پێش لەیەکەتی و نفوزی ئینگلیس ــ فەیسەل لەناوچەکەدا واتەلەنێوعەشیرەتەکوردەکان لەمەلبەندەکەدابگرن‌وە مافی‌خۆیان لەونێوە دا دژی کوردەکان بپارێزن. [۲۱]

۵ ــ سمکووەروسەکان :

ئینجاسیمکۆ لەو ناوچەیەدا لە پشتیوانێک دە گەرا، جاهەلو، مەرجی بۆهەلڵ کەوت وە لەبەهاری سالی ۱۹۲۲ داکوریکی بۆ باکویەنارد. [۲۲]

ئەوکاتە لەمێژوودا، کاتێکی زۆر ناسکو، عاستەم بوو، سمایل‌ئاغابەراستی وەختێکی باریکی هەل بژاردبوو! حکومەتی تازەی ئیران هاتو، چۆی خۆی لەگەل حکومەتی شورەوی عادی‌وتەبیعی‌کردبوو. وەلەپەیمانی ۲۶ فیوریەی سالی ۱۹۲۲ ئەو کارەی سەلماندبوو. وە هەروەها شۆڕەوی یارمەتی سازوبەرگو، نیزامی خوی لەسەرانی شۆڕشگێڕی کومونیستـــی گیلان بڕی بو (۱۹۲۱ ــ ۱۹۲۰)

شکانی "جمهوری لایەن‌گری شۆڕەوی"لەئیران هەوەل و ئاخری دەورەی سمکۆیە[۲۳]. ئینجا حکومەتی‌شای تازەی ئیراڵ پەرە دەگرێ وە دبێ کە پایـــەداربێ و، ڕاوەستێ: تەواوی عەشیرەتەکان‌و، خاوەن قودڕەتەکانی ناوچەکانی ئیران سەربان

بۆشا شۆڕ کردو، ڕام بـــوون وەئە سلەحەکانیان لێوەرگرتنە وەوە قودرەتی رابردوویان لی ئە ستاندنەوە.

لەمانگی دێ سامبری ۱۹۲۱ وە، ڕەزاخان سازمانەکانی هێزی ئیرانی وەک قەزاقەکانو، ژاندارمەکان وە هێزی ئەیالەتی کە تەواوی ئەوهیزانە ڕێکوپێکنەبوون وە هەریەک لەوانە سەربەخۆکاری دەکرد، هێنایە ژێر فەرمانی خـــوی وە دووبەرکایەتی لەنێو هەڵ گرتن وە یەکەتیو، یەکڕەنگی لەنێوئەوان دا پێک هێناوە بە سازوبەرگو، ئەسلەحەی یەک جوور ئامادەی کردن.

سەرئە نجام ڕەزاخان دەبووکارێ سیمکوش تەواوکا،وە بەهەرچونێک بێ لەنێوی بەرێ. وەڕەزاخان بەو نەتیجە گەیشتبوو کە پیرۆز بوونی وی یەک بە دووای یەکێ دابە سەر ژەقیبەکانی ناوچەکە ئەوەبوو کە دەیزانی زۆر قودرەتێکی وایان نیە کەبتوانن لەبەرانبەر وی داخۆڕاگرن وەلەئاکام دا یەکبەدووای یەکێ داشکاون

۶ــ شەری میاندواو لەئاوریل ی۱۹۲۲دا

سە رلە شکر شە یبانی فەرماندەی هێزی تازەی نیزامی ئیران لەمانگی ژانوییەی سالی ۱۹۲۲ دا هاتە شاری تەورێز، مە بە ستی ئەوە بوو کە ناوچەی کوردستان لە ڕووانگەی نیزامێوە هەڵ سەنگێنێ و کارە سا تە کەی سەنگ و سوک کات: لەمانگی ئاوریلی ۱۹۲۲ ئە و هە لوێستەی بە جێ گەیاند، واتە ۵۰۰ پیاوی سەربزێوو، سە کیشی خەڵکی گێلانێی لەژێر فەرمانی خالە قوربانی. دانا، کە بۆشاری سابلاغ "مهاباد" هیرش وهوروژم بەرێ. ئەوهیزە کە گە یشتە سابڵاغ سەمل ئاغالە پێشدا دەستی لی وەشاندن، همە لەمتی بو سەر بردن. هێزە کە تێک شکاو، خالە قوربانی

ردینسپیکانیمهاباد دەگیرنەوە کەخالوقوربان بەدەستیکاک سوارەیمەنگور لەدیی ایندرتاش داکوژرا. ئەوهەلبەستەش سەرەتا یزارەویەکن کەگوتراون

ئافەرین سوارەئە سلەمەنگوری لینگیداخالوی،خالویزگدری...

←

ش لە و شەڕە دا کوژرا !

ئینجا سێ‌مانگ هێزشی دیکەی دەولەت وە دووا کە وت وە سمکو لە کەمین دا ڕاوەستا بو.. ، هێزی خالە قوربانی کە لەیەک بڵاو ببوو ڕەسیتان لە شەر کیشاوە ، پەڕش و بڵا بوون . ئترئاداری لە سەر پاداری نەما ، وە لە بە ڕەنگاری دا

لەگەل کوردەکان وازیان دینا .

ڕە زاخان وەزیری تازەی شەڕ ، بە وا بە ستەی نیزامی ئینگلیسی ڕا گە یاند کە دە ولە تی ئیران تووشی مەسەلەیەگی زۆر زل بووە ، ئینجا بۆ ڕا پە ڕاندنی ئەو گیرو گرفتە پێویستی بە پوول و پارەیە ! وە هەروەهاگوتی : ئەگەر ئەو یارمەتیە زووبکرێ ، من لە ماوەی چەن حەوتووان دا دەتووانم هیزی سمکو بشکێنم و ، تەرت و تووناى بکەم .

مەسەلەیەک ،کە بوڕەزاخان‌هات بۆپیشێ ، وە زۆری لەبەر نارەحەت‌بوو ، وەلەبەرئەومەبەستە نەی دەتووانی لەگەل سمکو ڕووبە ڕووبێ ، وە دژی‌وی دەست بەکاربێت مەسەلەی ! هیزی سنە بوو ۴۰۰ پیاوی کەم چەکو ، بێ‌سازو ، بەرگ : فیشە کەکانێکی کە سالەکانی پێشوو بۆ تفەنگی ڕووسی لە قشونی ئیس فەهان دا ئامادەیان کردبوو[۲۵] وەناربوویان ، لەگەل فیشەک و تفەنگیکی کە لە هیـــزی کوردستان دا بوو ، فەرقی‌دەکرد ! سمکو لەو دەمەوساتەدا ، وازی زۆرباش بۆ هاتبۆپێشێ ، وە کاتێکی چاکی بوەەل‌کەوت‌بو ! هەر چەند لە بابەت سازوبەرگی هێز زۆر تەیارنەبوو ، وە بوغزوکینەی هێندێ لەکەسەکان‌و ، هەوال‌دەرەکان بە حکومەت ، پێشی لەکارەکانی‌وی‌دەگرت ، بەڵام دەی تووانی نفوزی خوی تاو لاتی خوواروی کوردستان یانی‌جنوب پەرە پێ بدات وە بەرگریشی‌لێ‌بکات، وە، لەو هەڵکەوتە کەڵک ،وەرگرێ بەلام‌لە مانگی‌ژوئەی سالی‌۱۹۲۲ سمکو لەوەلاتی شەمزینان لەگەل کۆڕیکی تورک بە سەروکایەتی حەیدەربەگ والی‌قەدیمی موسل چاو پێ کە وتنێکی کرد : بەلام‌ئە و کۆڕە لەبەرئەوەی کە ئینگلیس چاوی بە

خالە قوربانی ردین پاش وپیش هەستە لە خوی.....

خالە قوربانی ردین گلکە کەر هەستە لە خوی منگورت هاتە سەر

عەراقێوە بوو، وەنیگەران‌بوو، لەبارەی مەسەلەی‌کوردنەدووان‌و، باسیان نەکرد. لەمانگی ژوئیەی سالی ۱۹۲۲ تەواوی یارمەتی تاران حازرو، ئامادە ببوو، ساحیب مەنسەبی‌تازەی هێزی ئیران، سەرلەشکرجهانبانی بوو، کە لەشکری گاردی تاران وە هەروەهاهێزی تەوریزش‌ی‌لەژێرفەرمان دابوو، ئەوهیزە لەتارانی ڕا هات بوو، وەلەمەجموع دالەگەڵ "هێزی تەورێز" هێزێکی گەورەی ئازربایجانی پێک هێنابوو، وەجگە لەو هێزە، هێزێکی داووخووازی هەرمەنی لەژێر فەرمانی ساحیب مەنسەبێکیەنێوی بە گزورابوف کە ئەفسە ڕێکی روسیەی تزاری بوو حازربوو

لە گشتدا ئەوهێزانە بریتـی لە ۸۰۰۰ کەسبوون کە لە شمالی دە و ڕووبەری‌بەحری ورمێدا جێگیربوون.

کە سەرئەنجام لە ۲۳ ژوییەی سالی ۱۹۲۲ دا بۆلای شاری سەلماس وەڕێ کەوتن[1]

۷ــ شەڕی شەکەریازی (۲۵ی ژوییەی ۱۹۲۲)

شەڕی ئەومەلبەندە زۆر قورس‌بوو، وەلە کردەوەدا لە ۲۵ی ژوییـــــە لەشەکەریازی دەستی پێکرا. کوردەکان چووارجار بۆ سەرهێزی پیادەی ئیران هێڕشیان برد وە هە تا جەرگی‌پیادەنیزام نفوزیان‌کرد، شەڕبە خەنجەرو، شمشیردەکرا، وەدلێرانە لە قەلبی هیزی ئیران دا ڕخنەیان کردبوو، بەڵام لەئاکام‌دا پیرۆزنەبوون‌و، پاشەکشەیان کرد.

سمکو ئەوجار بە سووارەکانیَ هێڕشی دەست پێکرد، بەڵام لەبەر ئاور بارانی گوللەی چەکەکان پاشەکشەی کرد.

گوللەی توپێی کوردەکان ــ کە دەنگی دەهات‌و، داوێڕ را، زۆر چاک وە نیشانە نەدەکەوت نیشانەگیرەکان تورکەکان‌بوون ــ بەلام زۆریان لە گوللەکان

(۱) *لەمیژووی ورمێ دا (تاریخ اورمیه) کە نووسەرەکەی (تمدن) بوو، ژمارەی سەربازەکان و، چریکەکانی ئیرانی پترلە ۱۵۰۰۰ کەسی نووسیوە، کە ئەوهێزە هەمووی هیرشی‌هێنا سەر سمکو. وەرگیر ــ م ــ ر*

نەدەتۆقین، وە سەرئەنجام کوردەکان پاش نیوەرۆیە گەڕانەوە دووایە وەپاشەکشە یان کرد.

سمکو کە لەو شەڕەدا ۱۰۰۰۰ کەسی لەگەڵ بوو، بەلام لەوبەینە دا پترلە هەزار نەفەری لەگەل نەما ــ وەئەویش تەنیا عەشیرە تەکەی خۆی بوو کە هەتا ئاخر لەگەڵی بوو!

بەوجوروە سیمکو لە بەرانبەر هیزی ئیران داشکا.[۲۶] بەشوێنی شکانەکەی داهێزی ئیران ئاهەنگی وورمێی کرد وە لە مانگی ئوت دا پاش ئەوەی کە کوردەکان چووارسالی ڕەبەق ورمێیان لەبەر دەستی دابوو، گریتانەوە!

پاشان هیزی ئیران بۆلای چەهریق کە کانگای ناوە رووکەی هێزی سمکو بوو ڕۆیشت وە لەکاتیکدا کە هەتاسنووری تورکیەدە چۆ پێشێ، لەفەرماندەی هیزی تورکانی ویست کە پارتیزانەکانی کورد چەکبکاوە ئەسلەحەکانیان لێ بستێنێ.

۸ ــ شەڕی ساری تاج (ئوتی۱۹۲۲)

سمکو هیرشی هێنا سەرئە و هێزەی کە هەتاسنوور هات بوون، وە لە قە لەڕە شەدا، ئەوانی مەجبور کرد کە بگەڕێنەوە، وە پاشەکشەی پێدان... بەلام سیمکو لە هەزار پیاو زیاتری هێزلەگەلنە بوو، وە هێزی گەورەی نیزامی ئیران بو یارمەتیان هاتن ــ وە تاقمێکی تۆپخانەی لەگەل بوو وە کوردەکان پەنایان بوکێوی ساری تاج برد، وە لەویش ڕا لە لایەن هیزی تورکانە وە، هێرشیان بۆ هاتوە پاش شەڕێکی قورس شکان. وە سەرئەنجام سمکو "پەنای بۆ تورکیە برد" وە هاوڕێیەکانی لەلایەن تورکەکانەوە چەککران.[۲۷]

۹ ــ دووورکەوتنەوەی سیمکو لەوەڵات:

سمکو لە ئوکتوبری ۱۹۲۲ پاش لەنێو چوونی شور شەکە خۆی گەیاندە شاری هەولێری عەراق، وەتەواوی چەکوئەسلەحەکانی کە بریتی بوون لە:

توپ، ڕەشاش، وە سازوبەرگی جەنگی لەدەستدا، خێزانی کوژرا، کوڕی لە تەمەنی دەسالەیدا "گلێنەی هەردوک چاوی" لە بە ندیخانە کرا، وە بە چاوێخۆی دەیدیست کە ئینگلیسێکان بە ئاشکرائی لەدەوڵەتی ئێران لایەن گری دەکات، وە بەیارمەتیو، قەوەتی وی بوو(کە ڕاپەرینەکەی تێک شکاوە، وەهەربەوجورەش لەتورکەکان زۆر داغدار بوو کە لە کاتی کشانەوەکەیدا، جگە لەوەی کە یارمەتی نە داوە، بەڵکو بە سەریشی دا داوە، وە پەناشی نەداوە[۲۸]. ئەو مەبەستەی کە لە مێژوو دا بۆمان ڕوون بۆتە وە، ئەوەیە کە سمایل ئاغا دەیەویست کە بۆ خۆی ببێتە ڕێکی کورد کە لە نێوان دووحکومەتی ئیران و تورکیە دە ولە تێکی کورد بەهەست بێنێت، وە ئەویش بە یارمەتی ئینگلیس. لەکاتی ئاخری ڕاپەرینەکەی دائینگلیس پیاوێکی ڕا میاری خۆی بەنیوی سیرژان ئیدموند نارده لای سیمکو وەووتو، وێژیکی دوورو، دریژی لە ۱۲ نوامبری ۱۹۲۲ دا لە گەل کرد، وە بە چاکی پێ ڕا گە یاند کە لەوعانەیدا کە ئیران و تورک تەواوی سنووریان گرتۆتەوە، وە تورکەکان دەیانەوێ بۆسەرشاری ڕەواندز هێرش بەرن، ئیتر هەموشتێک تەواو بووە، وە ئێمە ناتوانین، لە ئێوە لایەن گری بکەین

۱۰ ــ پێشوازی شێخ مەحمود

سیمکو کە بەباشی لە فرۆفێلی ئینگلیسێکان گە یشت بوو، لەسەید تەهای جوی بۆوە وە بۆ لای شاری سولەیمانێ وەڕێ کەوت، وەلەمانگی ژانوییەی سالی ۱۹۲۳ دا کەگەیشتە سولەیمانێ بە چەشنی سەرۆک دەولەتیک لەلایەن شێخ مەحمودە وە پێش وازی لێکرا! حەوت تۆپیان بە حورمەتو، ئیحترامـــــی وی هاویشت، دوکانو، بازاریان بۆدا خست، ئینجا سیمکو لە بەرانبەر هێزی نیزامی کوردی سولەیمانێدا کە بە خاتری وی ڕازا بۆوە، بە شانازێوە "سان"ی دیـت!

بەڵام لەپاشان سیمکو زۆر بەباشی لەلایەن شێخ مەحمودەوە کە داوای یارمەتی لێ کردبوو، ڕێزی لێ نەگیرا وە وە لامی نە دراوە. ئینجا لەو نێوەشدا دەهات کە نێوانی حکومەتی بە غدا و سولەیمانێش ناخۆشبێ، وەشێخ مەحمود کە لە سولەیمانێ حکومەتی دەکرد، نەیدەویست خۆی لە کێڕاوێک باوێ کە تەنانەت قارەمانی کورد لەکارەکەیداسەرکە وێ وە قازانجێکی بوویش نەبێ. [۲۹]

سیمکو ماوەی مانگێک لەشاری سولەیمانێ ماوە، لەوبەنیەدا نێوانی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیسێکان ناخۆشتر ببوو، ئەویش وازی لە سولەیمانی هێناو، لەوێ نەماوە. ۳۰

۱۱ ــ سالەکانی سەرگەردانی

سیمکو گــەڕاوە و لاتی تورکیە، خوی شاردەوە، وە ماوەی سالێک لەوێ ماوە، لەسالی ۱۹۲۴ هاتەوە وولاتی ئیران، لەگەل سەرلەشکرتەهماسبی کە سەرۆکی هێزی شمالی ئیرانێ بوو، چاوپێکەوتنێکی کرد، لەسالی ۱۹۲۵ دا چۆوە چەهریق، رەزا شا لاواندیوە. دلداری داوە ئەویش سوێندی خووارد کــە ئیتر تا (ئەبەد) کاری بەکەس نەدابێ

ئینجا پاش سالێک سەری بلند کردەوە، وەبەیارمەتی چەنسەد مرۆڤی هەرکی، هێرشیان بۆ سەر شاری سەلماس بردو، گەمارۆی شارەکەیاندا. بەلام ئەو کە رەتەش شکا، وە تا سنووری ئیران ــ تورکیە کشاوە، لە سنووری تورگیەدا گەمارویان داو، بێچەکیان کردو، گرتیان، پاش چەن مانگیک واتە لەئاخری سالی ۱۹۲۶ دا گە ڕاوە عەراق ئنجا لە سالی ۱۹۲۷ دا گە راوە تورکیە، وسەر لە نوی لە سالی ۱۹۲۸ گە راوە عراق وە چەنپیاوێکیخۆی زیاتر لەگەل نەبوو. دەولەتیئیران داوای وەرگرتنەوەی سمایلئاغای لەدەولەتی عەراق کرد، بەلام عەراق بەئیرانیێ وەلام داوە کە ئەوە مەسەلەیەی پە نادانی سیاسیە. ۳۱

ئینجا سیمکو پاش ماوەیەک کە لەعەراقێ ماوە، لەئاکام دا گەڕاوە ئیرانی وە بووبە حاکمی شاری شنۆیە، سەرئەنجام پاش چەن ڕۆژێک، سیمکو لەسالی ۱۹۳۰ بەدەستووری ڕەزاشا بەمەرگ مەحکوم کرا، وەبەدەستی سەربازەکانیئیرانی کووژرا[۱]

۱) *لەمیزووی کوردستانوکورد، (د ــ ق) داگوتراوە کە بو ووتو، ویــژ بانگکرا شاری شنو، وەلەویدا بە ناپیاوی کوشتیان، گەئەو نووسراوە وگوتراوە دروستترە... وەرگیر. م ــ ر*


سوویەت
ماکو
ئەرەس
خوی
قوتور
ئەزدیکان
شەکەریازی
چەریق
شاپور
تەبریز
دەریای وەرمی
مەراغە
ئیران
میاندواو
ئوشنو
مهاباد
بوکان
سەردەشت
سەقز
بانە
دیواندرە
زابی چکولە
عراق
سەنەندەج
حەلەبجە
هەمەدان
کرماشان
خانقین
کوردستانی ئیران
سنوری ناونەتەوەئی
0 50 100 Kms

فه سلی ۳

ـ شۆڕشی شێخ مەحمود .

من هەرگز لە هەوە لێوە هەوڵ نادەم کە پادشایەکی دانێم کە گەورەو ، عاقڵوبە مشوربێ .! . "ئەو ڕستەو ، ووتەیە ،! ژێر تڕودبیلدەسیتارو ، یارمەتیدەری سیرپیرسی دادسوە ئار نولدویلسون پیاوی‌پایە بەرزی ئینگلیسیکان لە بەیان‌نامەیەکدا نووسرا بوو ، لەبەغدا ،بڵاو بۆوە لەوبەیان‌نامە بە ناوبانگە دا بە چاکی ڕوون بۆوەکە ئینگلسیکان پێیان لەوەی نابوو کە ناتووانن پادشایەکی ئەوتو لە و لاتی عەراقی داهاتوودا دابنێن کە لەقودرت کەڵکوەرگرێ ، بەڵکو پاوێکی وەک فەیسەڵی پادشایەتی باشەو ، کار وباری ئەوان ڕاست دەکاتەوە .

لایان گرانی سیاسی (ئیمپراتوری) ئینگلیس دەیانەویست کە بەین‌ئەننەهرێن هەروەها لەژێر چاوە دێری ئینگلیس بمێنێتەوە ، چوون بیرو ڕای ئەوان وابوو کە ئەگەر ئەو ناوچەیە بێتوو لەژێر چاوی ئستعمارگەری ئینگلیس دابچێتە دەرێ ، بێگومان بە دووی‌وی‌دا ، مەلبەندی ئیران تووشی نالەباری‌و ، سەربزێویوو ، بزوتنەوە دەبێ وە دە ڕووخی . ئینجا و لاتی پان‌و ، بەرینی هندوستان‌ش لەدەست دەچێ‌و ، دەڕووخێ ، مەبەستبەوەبوو کە حکومەتیکی لایەن‌گری ئینگلیس دەبێ‌بێتە سەرئیشوکار ، وە بەووتە ویلسون جاهەرچونێک بی قەیدێ ناکات . ۲

پاش شۆڕشی وەحشتناکی هاوینی سالی ۱۹۲۰ کە چەن سەدکەسێک لە

سەفی هیزی نیزامی ئینگلیس،وە سەربازە هندێکان کوژران، ئیتربۆقودرەتمە ندەکانو، کاربەدەستەکانی مەلبەندی بەینئەنەهرێن چارەیەک نەما کە دەبوو هەل بژاردنێک بەهەست بێت، وە ئەوەتاقی کردنەوەیەک بۆ سێرپێرستی کاکسبوو کە دە بوو پاش دانانی نەزم و تەرتیبێک حکومەتێکی (نەتەوایەتی) لەوزلات دابەهەست بێت.

۱ ــ ئەمیرفەیسەل

فەیسەل لەسالی ۱۹۲۴ی مانگی ژوئیەدا لەشاری دیمەشق کە لە لایەن دەولەتیفەرانسە وە دەرکرا بوو، وە بەخۆیو ۲۴ ژن و ۷۵ (پیاوی تایبەتی گاردی حجاز، وە ۲۵ ئەپسی سوواری وە ۴ تون باروشتمە کەوە سەرگەردانبوو، وە دەسوورا وە لەپاشان لەئوردونی مابوو وە ۳

فەرانسەوێکان فەیسەلیان بە پیاوێکی نالایقو، خۆپەری و زعیف دەناسی، بەلام دەیان گوت لەسەرئەوەش را کە پیاوێکی بە زیپکە، پیاوێکی خەتەرناگو، هارە،[۴] دەی زانی کــە ئینگلیسی‌ش لە بیرو، رای‌وەی‌دا کەلەبەینئەنەهرین دا بیکەنە پادشاوەتاجی لەسەرنێن... وە گورزون[۱] پیاوی ئینگلیس بیروڕای وابوو کە بە هەلە ئەوکارەنەکرێ وە گورزون کەئەوپێشنیارەی‌دابوو لەبەینو، بەین‌دا زورکەم لایەنگری‌ئەوبوو، وە دەی‌گوت کە بە چاکی‌دیارە کە فەیسەل‌لە دیمەشق (پیاویکی زەعیف و ناتووان) بوو وە "ئشکەرنیک زیاترنەبوو". ۵

بەلام ئەوەشیان بۆڕوون ببێوە کە دانانی (جمهوریک) لە ناوچەکەش‌دا "دژی ئاکارو، رەوشتی ئیسلامیە"[۶] وەئینجا پیاوی دیکە شلە مەلبەندەکەدا کەم بوون، لەئاکاما گورزون، وەحکومەتی بریتانیای گەورە، رایان هێنا سەر ئەوەی‌وە پاش دووهەمین کون فرانسی قاهرەلە (۲۴ ــ ۱۲ مارسی ۱۹۲۴) کە فەیسەل بێتە یەکێ‌لە پادشای بەینئەنەهرێن وە ناوچەی کوردستانش بەرەی پی بدرێ!

---

۱) گورزون: میژوونووس پیاوی رامیاری وبەناوبانگی ئینگلیسبەلەسالی ۱۸۹۴دا میژووی "ئیران"ی‌نووسیوە. وەعلی‌جواهرکلام بەفارسی‌وەری‌گێڕاوەتەوەم ــ ریانی

نەتیجەی بەرە پێدانی، قەلەمرەوی‌کورد لە خاکی عەراق دا لە دووشتان بریتی‌بوو: پاش ماوەیەک کە لە کون فرانسی قاهرە ڕا بردبوو، ویلسون‌گوتی کە تەسمیم‌بگیرێ لەسەرپرسین لە خەلکی کورد ـ کە لە ٦ی مەی ١٩٢١ دابەڕێوە ببردرێ، بپرسێ‌چەشنی سازمانی ئیداری پێیان خوشە چۆن بێ، ئایا دەیانەوێ‌لە ژێر چاوەدێری حکومەتی عەراق دابمێننەوە ـ وەبنوسن کە ئایاچەشنی‌هاتو، چۆ لەنێویان لەمەسەلەی ئەساسی داچون بەڕێوببردرێ ـ ئایا ئیوە کوردەکان دەتانەوێ بەچەشنێک لەژێرچاوەدیری حکومەت‌دابن ـ ئایاخۆ لەوکارە ناکێشنەوە وەپێ دزەی ناکەن.

هەڵ بژاردن بەڕاستی لە شەرایتێکی سەیردا کە باوەر نەدەکرا هاتە پێشێ: لەشاری سولەیمانی‌دا هەر دەنگەی واتە هەر ڕەئیەی کە دەدرا بەنرخی ١٠٠٠ ریال لەمالەکان دەکڕدرا!

لە٢٠٠ کە سان، ١٩٠ کەس دەنگیان‌دا، وە٣٢٪کەس گوتبویان کە سولەیمانێ دەبێ لەژێر چاوە دێری عەراق دا بمێنێتەوە.

بەڕاستی ژمارەو، دانشتووانی فەقیر، دەنگی فەقیرشی دەبێ"

ئینجاخەلک‌بو چووارڕەیانێک داوەت‌کراوەگوتیان‌کەبەدەس هەلنیان دەنگی خۆیان دەربڕن. کە ئایا دەیانەوی لەژێرچاوەدێری ناوچەی عەراق دا بمێننەوە؟ بەلام حسی نەتەوایەتی بە چەشنێک بە هێز بوو کە دەنگێک بلند نەبوو کە ئەو بەڵێنیێ‌بدات، تەنیالە گەرەکی چولەکان، لە ٩٢ کەس موافق ٤ کەس‌ش دژی ئەوکارە دەنگی خۆی دەربڕی.

لەگەڕە کە کانی دیکەی سولەیمانێ‌دا قائم مەقام هێندێ پیاوی بودێیەکان نارد. لە ٦٠٠٠ دەنگ، ٥٠٠٠ دەنگ ڕەئیان‌دا کە لەژێر حمایەتی عەراق دا نامێنێنەوە، وە ٣٢ کەس‌دەنگیان نەدا (ممتنع) بوو، وە دیار بوو کە ئەوان لایەن گرەکانی بریتانیابوون. لەنێوان گفت و گوێەک لەگەل ئەفسەرێکی ڕامیاری ئینگلیس‌گوترابوو کە چووار پیاوی گەورەو، نێوناسی کورد سەبارەت بە پێشلێ گرتن لەکاروباری گمرک دا دەنگی مەنفیان دابوو. بەلام لە گشت داخەلکی سولەیمانێ لەوەی مەترسی هەبوو کە لە ژێر چاوەدیری عەرەب‌دا ماندنەوە، کاری کوردەکان خراپ دەکات."

کمیسەری ئینگلیس کە ئەو کارە ساتەی لەسولەیمانێ چاوپێ کەوت، ئیترلە

شارەکانی دیکەوەک دەهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، هەولێروە ئامادیا، خۆیکیشاوە — وەرێگەیاند کە ئەگەر مەجلس پێکهات، ئەو وەخت کوردەکان بەمەیلیخۆیان بڕیاربدەن. واتە "گەورەکانی دانشتگەی شورا" تەسمیم دەگرێ. لەهەولێر دا هەربەوجوورە لەسەر ئەوڕاوتە دبیرەبوون کە شورای گەورەکانی تورکمەنی شاری قەدیم بۆ مەلبەندێکی کورد دەنگ بدەنو، تی کوشن وە تە دبیر هاتە سە رە وە ی کە جگە لە سولە یمانی بوجاری دوەم دە نگ وە رگرن بودانانی فە یسە ل لە ناوچە ی کورد داتە سیم بگیری .

٢ ــ ڕێفراندووم ــ دەنگ وەرگرتن و پرسیارکردن

ئەوجار سێرپێرسیکاکس کمیسەریعالی سیاسی و لات کە تازە لەشاری لەندەنێ ڕا بە بنهەنگلێکی، پڕ لە پەروەندەگەرا بۆوە ناوچەکەدەیەویست کارەکە ڕا پەڕێنێ.

بەفڕوفێلێکی کە بو خۆی دەیزانی دەست بەکاربو، وە لەمەلبەندەکانیدا لەهەرجێگایەیبەجۆرێک کایەی دەکرد.

دەستی بە دەنگوەرگرتنو، ڕێی وەرگرتن کرد، لەهەیندێ لە ناوچەکان ڕا کە دەهاتن ڕێیان دەدا، پیاوێک وەژوور کەوتە دە فتەری هەڵ بژاردنو، گوتیمن دەنگی خۆم بە "بەلێ" دەردەبڕم، بەلام من دەنگدە دەم بە کە سیکی تەمەنیوی لە ٢٠سال پتربێ وە بۆنوێنەربێ

ئینجا ئەندامانی کمیسیونی هەل بژاردنی ئەو دەفتەرە، هێنایان ئەویان سەبارەت بەوقسەیە لەڕێزەی نوێنەران نووسی!

وە هەروەها یەکێک لەسەرۆکەعەشیرەتەکان ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ کە سی کە کۆکردبوەوە، هەموویێکەوە چاویان لەسەرۆکەکە کردو دەنگی بەلییان‌دا.

بەلام هەرئەوفڕوفێلانە یەکو، دوونەبوون: لەشاری کەرکوک لەژێرچاوە دێری سێرپێرسی کاکس کۆڕێکی ئیداری لایەنگری ئینگلیس دانرابوو کە ئەوکۆڕە بە قازانجی فەیسەلدەنگیوەر دەگرت!

ئینجا لە هێندێ لە کوێ بوونەوەکانینهێینی دا تە سمیمیان جۆرێکـــی دیکەدەگرت. لە ٢٣ ژوییە دا لە کوبوونە وەیەکدا کە موفتێک لەوێ حازر دەبێت، فتوا دە دا کە دژی فەیسەل (فتوای مەزهەبی) بدری!

لەوکاتو، سەردەمەدا سێرپێرسی کاکس ووتارێکی سەیرو، پێکەنین‌داری

گوتبوو: "ئەگەر گەلی عەراق وە هەروەها کوردەکان، بەراستی نایانەوێ حکومەتێکی عەرەب بسەلمێنن وە ئەمیر فەسەلیشیان بەو حکوومەتەوە ناوێ، وادیارە هەلوێستیان ئەوەیە کە دەیانەوێ لەژێر ئالای ئینگلیس دابن" !

ئینجا لەسەرچاوەیەکی زەسمیوە زاندرابوو کە کوردستان دەیەویست بۆ خوئی لەژیانیکی ڕا ستەقینە بە شداربێت، جا بەهیچ چەشنێک نەدەویست فەیسەل بەسەری داپادشایەتی بکات، وەیان ببێتە ژێر چەپۆکەی ئستعماری ئینگلیس.

لە ١٨ی ئوتی ١٩٢١ دا کە ڕێفراندووم بە ڕێوە چوو، وە نەقیب ڕای گەیاندکە ٩٠% لەسەددا (نەوەد) کەس دەنگی بەفەیسەل داوە، ئیدی کار لەکارترازابوو، وە شیعەکانی لای خووارووی وولاتش کە وەک کوردەکان دژی فەیسەل کاریان دەکرد، چییان بۆنەکرا. ٩

لەئاکاما لە ٢٣ مانگی ئوتی ١٩٢١ دا ئەمیرفەیسەل کوری شەریفی مەککەی بووبە پادشای عەراقێ وە بەو ووتەیەی کە... کە پادشانیسێ خوودالەئەرزێ! دەنگ و ڕای شارەکوردەکانی وولاتی عەراق بۆوە بەهیچ، وە ئینگلیس پێی لەتەواوی ئەو مەبەستانە خشاندکوە نوێنەرەکانی سولەیمانێ وکەرکوک وەهەل بژاردنەکەیان بەتەواوی وەپشتگوئی خرا. ١٠

٣ــ شاەفەیسەلو، کوردەکان

بەڕاستی پیاوێک، یان باشتربلێن (ئشکەڕنی) کورزون لەعەراق دا تاجی پادشایەتیێ لەسەر داندرا کە تەواوی ئاکارو، ڕەوشتی ئینگلیسیانی هەبووە تامەزروی قودڕەتو، دەستەلات بوو.

چرچیل لەوبارەی دا ئاوای نووسی بو "من بە ڕاستی لەو هە موو تێلێ" گرامە دوورو، درێژەی کە لەسەر فەیسەلوە دە ولە تە کەی دەکرا، ماندوببووم، وەماوەی شەش مانگە کە لەسەر ئەو نووسرا وانە وە خەرجی هوتێلی لندەنێ حیساب دەکری وەڕۆژ بەدووای ڕۆژێ هەوال و، پەیامی ٨٠٠ووشەیدێ، وەلەسەرئە و مەسەلەیە دە ڕووا کە دەبێ ئەو پەیکرە هاتو، چوو، نیوانی لەگەل قودرە تەکانی دەرەوە چۆن بێت." ١١

ئەومەبە ستە پێک هات وە ئینگلیسیکان بەڕاستی لەبارەی‌فەیسەل‌دا باشیان فکر کردەوە وە ئەویان بە پادشایەتی گەیاند، فەیسەل‌ش ئەو ئارەزوێی هەبوو: کە بتووانێ سنوورەکانی گەورەکاتەوە وە قودرەتو، دەسەڵاتی خۆی پەرەپێ‌بدات.

هەر لەبنەڕەتڕا مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی گەورەوگرنگ‌بوو: فەیسەل سەرئەنجام بەو چێگایەی دەگەیشتو، دەیگوت کە ئەگەر زۆر بەتینو حەڕاڕەتەوە لە بیری بە هەست هێنانی‌دەوڵەتێکی‌عەڕەبی سەربەستبم لە ئاکاما ئینگلیسیکان "کوردەکان هان دەدەن وە دژی عەرەبەکان ڕاستیان دەکەنەوەوە ئـــەوەش بەئیشتیای مەنیە" ١٢

مەسەلەی کورد بۆ پادشای تازەی عەراقێ ڕووانگە یەکی دیکەی هەبوو کە بەڕاستی زۆر گرنگ بوو:

فەیسەل لەلایەن عەرەبێکی کەمی سوننی مـەذهەبەوە لایەن‌گری‌لێدەکرا کە لە بە غدایە نشتەجی بوون، وە تەنیا لایەن گرەکانی، ئەفسەرانی بەین‌ئەن‌ـ نەهرین‌بوون کە لە حیجازو، سووریە ڕا لەگەلی بوون. بەلام تەواوی بەین ئەن‌نەهرێنی خووارروو کە شیعە مەذهەب بوون هەموویان لەگەل کوڕی شەریفی مەککەی دووژمنایەتیان دەکرد کە سوونی‌بوو... ١٣

وەلە مانگی سپتامبری ١٩٢١ لەکاتێکدا کە گومانی‌دەبرد کە دەتووانێ لەگەڵیان خۆ ڕێک خات، وە تا بتووانێ لەگەل شیعەکان‌ڕێ بڕووا وەپاشان بەسەریان‌دا زاڵ بێ هەل بژیر درا و، بووبە پادشا یە ک کە چێ لە.بەر چاونە بوو.

فەیسەل لە سیرپیری‌کاکس کمیسەری عالی ئینگلیسی پریسارکرد کە ئەگەر کوردەکانی ئیران بیانەوێ لەگەڵ کوردەکانی تورکیە (وە هێندێ‌لە ناوچەی کوردی عەراق) وەیان‌تە واوی ناوچەی کوردەکان جودابنەوەو، ببنەیەک" ئینگلیس لەو بابەتەوە چ دەکات؟" ١٤

ئەگەر بیانەوێ کە تەواوی سەزرەمینی کوردان لە خاکی عەراق ڕا ببێتەیەک پاڵ وەکوردی شمال بدەن؟ ئەو وەختی چۆن دەبێت؟"

وە لامی سیرپیرسی کاکس زۆرسەر ئاواڵە نەبۆوە گوتی: پاش ئـــەوەی لەکون فرانسی قاهرە لە مارسی ١٩٢١ دا دەولەتی بریتانیای گـــەورە ڕای هێناسەرەوەی کە دەولەتیکی سەربەخۆیی کوردپێک بێت مەبەستی کوردی عەراقێ

نەبوو" وەئینجا لە قاهرە کە گەڕاوەتە وە بەو ئاکامە گەیشتووە کە کوردەکان لەنێوخۆیاندا زۆرپێکە وەنین کە بتوانن لەعەراق جۆی ببنە وە." ۱۵

لەو وە لامەی سیرپیرس کاکس کە دایەوە، فەیسەل زۆر ڕازی نەبوو، وەئینجا کە ئینگلیس مەسەلەی (گرنگی) بوونەوەی کوردی لەبەرچاووو، ڕەزامەندی خۆی نیشان نەدا.

فەیسەل پاش چەند ڕۆژان لە کمیسە ری عالی ئینگلیسی پرسار کرد کە من بە پێویست دەزانم وەک پیاوێکی (عراقی) بدوێم، وە بزانم ئایاانینگلیس بە چاوی عەراقێکم تەمەشادەکات، یان بەپادشایەکی عەرەب کەکوردستانی لی دوور دەبێتەوە، چاوولێ دەکات؟

وەڵامی سیرپرسکاکس وەک سەرەسی مورغێک وابوو، وەگوتی: لەپێشگەیشتی فەیسەل بەتاجو، تەختی پادشایەتی ئەو فکرانەمان لەهەمولا بەکەوە کردۆتەوە، وە "ئاوالە" هێشتۆتەوە دیسان فەیسەل لەسیرپیرس کاکسی پرسی کە ئەگەر دەولەتیکی دیکەی دە رە وە یارمەتی کوردان بدات، ئایا دەولەتی بریتانیا لەسەرئێمە وە جوواب دێت وە تاج ڕادەیەکو، چماوەیەک دەگات؟ وەئایا حکومەتی بریتانیای گەورە لە ناکۆکیو، بێنەزمی کوردستان، ئەوکات بەرگری دەکات، وەئەوە تاج ماوەیەکو، کاتێک دەبێ؟

فەیسەل باش دەیزانی کە تاج ڕادەیەک بریتانیای گەورە لەو دەوروواکاتە دا کەئەگەر بە رەنگاریکی نیزامی بێتە پێشێ لە ناردنی پیاوێک بۆ بە رگری لە کوردستان، چاوو ناقووچێنێ فەیسەل دەیزانیکەلەو دەمەدا کە ئینگلیس لەشەڕێکی جیهانی دێ ڕزگاربێت، ئایا دەیەوێ لەمەسەلەی کوردستان دا لەگەل کوردەکان ڕووبە ڕووبێت. وە هەر بە وجورەی کە عەراق پێویستێتی، ئایا حکومەتی بریتانیای گەورەش هەرئەو هەڵوێستەی لەبارەی خاکی کوردستان دا هەیە وە لەجوییاز بوونی کوردستان پێشگیری دەکات.

بەڵام فەیسەل هەرلەسەر ئیشوکارماو، وەئیتر لەسەر کار لانە چوو.

۴ ــ ئاژاوەی تورک لە کوردستاندا

لە سەرەتای پادشایەتی فەیسەل، تورکەکان خەریکی ئاژاوە بوون لەناوچەی

کوردستانی خۆیان‌دا مەبەستیان لەوکارە ئەوەبوو کە پاش شەڕی هەوەلی جیهانی کە عەراق جۆی دەکراوە، نالەباری بینینە پێشێ، چونکە هێستا پاش‌شکانەکەی لەشەڕ سنووری وەلاتی بۆ دیاری‌نەکرابوو.

ئینگلیسێکان نەیان دەویست کە فەیسەل سەربەخۆ لەگەل تورکەکان ووتوو، وێژ بکات.

لەمانگی ژوئنی ۱۹۲۱ یەکێ لەلایەن گرەکانی مستەفا کەمال کە ساحیب مەنسەبێک‌بوو بە نێوی فازل ئەفەندی نار درا کوردستان کە لەگەل چەن سەربازێک بو لای شاری رە واندزبچن‌ئەو ئەفسەرەدەبوو بە نێوان مەلەبەندەکانێکی کە سمکو داگیری‌کردبوو، رابرێ. لەمانگی ئوت‌دا عەشیرەتەکانی جیرانیان دەستیان بە شۆڕش‌کرد، ئینگلیسکان لەوە ئاگادار‌بوون، وە ڕۆژئاواو، شمالی ڕەواندزیان بومباران کرد. لەئاخری سالی ۱۹۲۱ دا ئینگلیسیکان لە و شۆڕشە مەترسیان ڕێنشت وە زورئێگەران بوون. ئینجا وا دیار بوو کە دەستی دەولەتی فەرانسە لەو کارەدایە، بۆ ئەوەی "تورکەکان یارمەتی بدا بەخاتری نە فتی موسل" وە دەستی کۆمپانی نەفتی" ستاندارد ئویل"ش لەکاردایە کە دەیەوی مەلەبەندی‌موسل داگیرکات.[۱۶] کە مالیکان پاش چول کردنی سی‌لیسی (۴ ژانوئیەی ۱۹۲۲) لە لایەن دەستەی فەرانسەوێکان بەچاکی خاترجەم بوون کەدەتووانن سەبارەت بەپاراستنی مەلبەندی موسل لەبەرانبەر ئینگلیسیکان ڕاوەستن. لە نێوەراستی مانگی مارس ۱۹۲۲ دا کە مالیستەکان قایم‌مەقامێکیان بۆ ڕە واندز نارد، وە لە ئاخری مانگی مەی گەیشتە ڕە واندز. تورکەکان کاریان لەپێش بوو. لەو دەمو، جەمەش دا دووەستە لەکوردەکانی زێباری لەنزیک چەمچەمال وە هەروەها لە نیوەی مانگی ژوئن‌دا کوردە هەمەوەندەکان پاش کوشتنی کاپیتان بوند، وە ماکانت، بەسەروکایەتی کریم‌ی‌فەتتاح بەکەهەلستانە سەرپێ.

لەنیوەی دووهەمی‌مانگی ژوئنی سالی ۱۹۲۲ دا کۆلۆنێل عەلی‌شەفیق کە بە گالتە بە (ئوزدە میر" نێودەبردرا بۆ ڕەواندزێ نار درا کە شەڕی چریکی تورکەکان ڕابەری‌بکات، لەو ناوچەیەدا کاروباری تورکەکان لەپێش‌بوو، بەلام لەناوچەی‌سولەیمانێ وازیان زۆرخراپو، پەشێوبوو.

ئینجا پیاوە بە رزەکانی ئینگلیسی نشتەجی بە غدایە، جا چ بەراست وەچبەدرۆ دەیانگوت بوچ دەبێ تەنیا عەرەبەکان لەعەراقدا سەربەخۆئیوەرگرن، ئەوەی کە لە سەرچاوەی خەبەرەکان وەدەر کە وتووە[17]، پاش ئەوەی کە کمیسەری عالی ئینگلیس سازمانو، تە شکیلاتی فەیسەڵ دانا، بو خوشی لە ئیدارە کردنە کە ی لە و نێوە دامابوو.....سەرئەنجام سێر پیرسیکاکس هاو، تە دبیر هێنا سەرەوەیکە دەبێ چەن پیاوێکی بەرزی کورد لەحکومەتو، ئیدارە کردنی عەراق دا بە شداربن، بەلام لەوەش دامابوونەوە کە کی هەڵبژێرن. پێیان وابوو حەمیدبەگ کە لە عێل وعە شیرەتی بابانی سولەیمانییە دەتوانێ لەوکارە دا بە شداربێوەیارمەتی بکات، بەلام دیتیان کە ئەوپیاوە کوردێ نازانێ وەتەنیا مرۆقیکە کە عێل و عەشیرەتو، خانەوادەکەیخۆی دەناسێ وە سەریشی لەسیاسەت دەرناچێ. هێندێ پێیان وابوو کە دەبێشیخ مەحمود بێتە وەسەرئیشوکار، وە ئینگلیسیکان ئەویان لە ژوئنی ۱۹۱۹ دا لا برد بوو. ئیدموندبێوابوو کە پیویستە سەیدتاها نوێنەری دائمی بێو، بێتەسەرکار

بەلام کارەساتە کە وا دە هاتەپێش کە جی بەجێ نەدەبوو، وەپتر لەو کارانە دا سێرپیێریکاکس چێوتی دێناپێشێ، ئیتر لەوئاخریانەدا کاروباریویش تەواو بوو، دەبوو دەستی کورت کە نەوە!

۵ــ چوڵ کردنی سولەیمانێ ((هەوڵی سیپتامبری ۱۹۲۲))

لەئاخری ئوتی ۱۹۲۲ لیوایهێزی سولەیمانی دژی چریکە تورکەکان کە لەڕەواندزێ ئاژاوەیان سازکرد بوو وە دە هاتن کە نزیک شاری ڕانیە بن، دەس بەکاربوون، لە هەوڵین بەرنگاریدا بەرهەڵستیان بو هاتەپێشێوە دوو ئەفسەری هنـدیش لەگەل تاقمێک بەیارمەتی هێزە کە وە چوو: لە ۳۱ مانگی ئوت لە مەلەبەندی دەربەندو، زابیچکۆڵە ئەو ستوونە لە "رانیکول" تیک شکـــاو پاشەکشەی کرد، دووتوپو، تەواوی ئەسلحەحەکانیان لە سەحرایە بەجێ هیشت، دووئە فسەری ئینگلیسی بریندار بوون، ۳۰ تا ۴۰ سەربازی سیکی هندی کوژران یان برنیدار بوون. ۱۸

ئینجا ئەو کارەساتەیکە تورکەکان لەگەل کوردەکان بەسەرهیـــزی

ئینگلیسیکانیان هێنا، ترسیان‌ڕێ کەوت وە سولەیمانیان چۆڵ کـــــرد: لەبەری‌بەینانی مانگی سێپتامبری ۱۹۲۲ فرۆکەکانی ئینگلیـــس لەهەموولاوە مەلبەندی سەربازخانەکان و ئیدارەکانیان بۆمباران کرد، پیاوە ئیگلیسیکانی دانشتە چێی سولەیمانێ بۆ ڕزگاربوونی خۆیان لەترسی بومباران هاتنە لای شیخ قادر برای شێخ مەحمود وەهاچری صندوقێکی کە ۳۰۰۰۰ روپیە ولیرەی استرلینگی‌تێدا بوو دایە، وەلەئەسباب وچەکو، ئەسلەحەی شەڕێ ۵۰۰ تفەنگی‌ئینگلیسی و(۵۰۰ تفەنگی تورکیان تەسلیم کرد کە نەزم‌وئەمـــری شاری‌بەدەست‌بگرێ.

۶ ــ گەڕانەوەی شێخ‌مەحمود

سەرئەنجام سیرپرسی کاکس تەسمیم دەگرێ کە شیخ مەحمودی بێنێتەوە سولەیمانێ. چوون بە باشی لێ حالی ببوو کە خەلکی سولەیمانێ بەگشتـی (دەنگ) بۆوی دەردەبڕن، وە گەڕانەوەیان دەوی. وەدەشڵێن تەنیا مرۆڤێکە کە دە تووانێ نەزم و ئەمرلە سولەیمانێ دا، بە ڕیوە بەرێوە، ئینگلسیکانش هەر بەراستی پێیان وابوو.! ۱۹

لەکاتێکدا کە سیرپیرس‌کاکس بیروباوەڕی بەوە نەبوو کە دووبارە بەهێزی نیزامی، سولەیمانێ بگڕێتەوە هەروەها گومانی هاتە سەر ئەومەبەستەی کە کوردە نەتەوە پەرستەکان لەدەو ڕووبەری شیخ مەحمود کۆدە بنەوە، وە بۆ شکانـــی تورکەکان لەومەلبەندەدا قۆڵ هەڵ دەکەن‌و، دەس بەکار دەبن. واتە بە "تیرێکی دوونیشانەی هەنگاوت ــ وەرگیر". وەک کە یەکی لە پیاوە بە نێوەکان گوت بووی: "کە ئێمە بە وکارە چ لە دەست نادین وەلەگەل شیخ مەحمود هەوڵ دە دەین."

سەرئەنجام کاتی ئینگلسیکان زۆر خراب ببوو: ژینرال فریزیـــر لەوەی مەترسی هەبوو کە کورد ــ تورکەکان لە لای دۆڵی زابی گەورەوە، هێرش بوسەر مەلەبەندی ئاکراوە هەولێر بەرن!

لەئاکاما شیخ مەحمود، بەچەشنی "حـوکم‌دار" یا "والی"ی کوردستانی سەربەخۆ سەلماندرا و، پێشوازی لێکرا. وە ڕۆژنامەکانی ناوچەکە نووسیان کە ماژور نوئیل ئەفسەری ڕابتـی بریتانیا، ئیدی نەخشێکی نەماوە، تەنیادەبی

"کونسوول" واتە مشاور بێ وە هەروەهالەوەیدواوە لە بەینی شیخ مەحمود وە کمیسەری عالی ئینگلیس بەنێوی ڕێک خەردەناسرێ .

۷ــ شێخ مەحمود "شای کوردستان"

شیخ مەحمود کە لەسالی ۱۹۲۲ دا، ۴۴ سالی لە تە مەنی ژا بردووە، یەکیک بوو لە ڕە قیبە کانی ئینگلیس لەکوردستان دا، پیاوێکی لەش ساغو، پتەوو، سالم بوو. مرۆڤێک بوو ،شەڕکەر، ئەنگێوەی چاک ،قسەزانو، خوشیەیان هۆ نراوە کانی حەماسی وە فولکۆیری کوردی زۆر لەبەر بوو، جارجار بەدەنگی خۆشی خۆی لەقوولائی دڵەوە وەلە ناخی گەروویەوە لەبارەی قارەمانانی کورد هۆنراوەکانی دە خوێندەوە. تە نانەت قسەکانی لە دلی خەلکی زور جێگیر بووە.

بەچاولێ کردنێک وای لە ئینسانی دەکرد، دەتگوت دڵی دەفڕێنێ، کە پیاو بە دل و گیانە وەتەسلیمی دەبوو، مرۆڤ وای لێ دەهات کە لەڕێبازی ئەوداگیان بازدەبوو. واتە شیخ مەحمود پیاوێک بووە کە تەواوی ئاکارو، ڕەوشتی مردایەتی سەرۆکێکی کورد لەوی دا دەدیترا.

۲۰ لەشیخەکانی بەرزنجی بووە، مرۆڤیکی بە مشوورو، ماقوول، گێڕاویانەتەوە کە تیغ بە ندو، گوللەبەندی هەبووە. پێش مەرگەکانیوی سوێندیان خووارد ووە کەگوللە تۆپیش کاری لێ نە کر دووە، وە تەنانەت بریندار یشی نە کردووە.

شیخ مەحمود هەر بە شوێنی ئاکارو کردە وەی باب وبا پیری خۆی کاک ئەحمەد، تووانیوێتی بە سەرهاتو، ڕووداوەکانی داهاتووی خەلکی بزانێو، بیڵێ.

زمانی تورکی، فارسی، عەرەبی، کوردی باش نووسیوەو، خوێندویەتەوە، زانایان ئەویان بە نووسەریکی (قابل توجه ــ تێڕابین) ناسیوەو، چاویان لێ کردووە. قەدوبالایەکی نێونجی، بووەچاووڕەش، دموچاوپان، وەکەللەزل بووە، ڕەگەزی، کوردایەتی بە باشی لە نێوچاوانو، ڕەنگو، ڕوو قەلافەتی باریوە.

دڵیکی خاوێن و پاکی هەبووە، قین هەڵ گرنە بووە، بەلام قینی زۆر لە ئینگلیسیکان بووە.

نووسەرە ئینگلیسیکان لەبارەی ئەودا بە باشی نە دووانون، نووسەرێک بەنێوی سوئان کە ئەفسەرێکی بریتانیائی بووە، سەفەری بۆکوردستان زور کردوە وە لبێ ماوەتەوە، پێش ئەوبەسەرهاتە بابی شیخ مەحمودی دیتوێلە کتیبی (کوردستان ئەوە دی بگۆڕێ) وا دە لێ "شیخ مەحمود پیاوێکی باش نیە وە جنایەتی لەبابی خۆی وەرگرتووە!"

کار بە دەستێکی بریتانی لە سالی ۱۹۱۹ دا نووسراوەیەکی بە نێوی (کارەکانی کوردستانی خووارووی نووسیوە لەوێدادەلێ "وەک گەنجیکی سادەو، ژیرو، وریا دەچێ وە دووردەڕووانێ، بەلام گەنجێکی بە فڕوفێلە وە جاهتەلەبو، لەخۆڕازی... وە تاقمێک ئەویان دەورەدا وە، وەزۆریان زل وگەورە کردوە، وە دەلێن کە بو وەی دروست کراوە کە تەواوی گیروگرفتی کوردو، کوردستان لەناوبەرێ

پرسار دەکرێ جا چۆن لە و دەمو، جەمەدا شیخ مەحمود بۆتە (حوکمدار)ی سولەیمانێ. وە لامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە لەکتێبی!" کازەکانی کوردستانی جنوب) لەسالی ۱۹۱۸ تا سالی ۱۹۲۲ دا نووسراوە، واتە بەبێ ئەوەی کە ئەرکی قورسی لەسەرشانی بێ بەدەستی خۆی "پێویستی بووە کە ساخلوی نیزامی ئینگلیس لە سولەیمانی سازکاو، بیان هێنی .... وەسەرئەنجام وە دەریان نی!"

پاش چەن ڕۆژ، کە شیخ مەحمود بە شانازیوە کە گە ڕاوە شاری سولەیمانی، لە ۱۰ی مانگی ئۆکتوبری ۱۹۲۲ دا فەرمانێکی تایبەتی دەربڕی، وە "شاری سولەیمانێ "ی پێ تەختی کوردستان" نێوبرد ئینجا بەوچەشنە ۸ وەزیری کابینەی خۆی ناساند کە لە وانە بریتی بوون.

۱ ــ شیخ قادر سەرۆک وەزیر، ۲ ــ شیخ مەحمود وەزیری بەرگری، ۳ ــ شیخ مەحمود غالب وەزیری ناوخۆ، ۴ ــ عومەرئاغاوەزیری ئیشوکار، ۵ ــ خاجی مستەفا پاشا، وەزیری تەعلیم و، تەربیەت، ۶ ــ وەزارەتی دارائی ومالی دابەپیاوێکی مەسیحی کەریم ئالاکاکەکاروباری دیکە بەجێ دینا ۸ ــ وەزارەتی دادگوستەری دا بە عەلی قەلاداری، سەیە ئەحمەد بووبە مودیر، سەرۆک پولیس.

وەمانگێک پاش واتە لە ۱۸ نوامبری ۱۹۲۲ شیخ مەحمود ڕای گە یاند کە من "پادشای کوردستان، م! ئالای کوردستان هەر بە چەشنی ئالای سالی ۱۹۱۹

بوو ، کە رەنگی شین بووە ، وە دایرەیەکی سووری تێداکێشرابوو کە لەنێو دایرەکەدا ، هلالی مانگێکی سپی تیدا دیاری کرابوو .

شیخ مەحمود هەروەها تەمری پوستی چاپ کردووە ، کە لەوێدا دوومستی پیاوی کورد بە شکلی زەربدەر کێشرابووو ئەوپستەیەشی تێدا نووسرابو : "حکومەتی کوردستانی جنوب" .

۸ ــ رۆژنامەکانی کورد ، کاتی پادشایەتی شیخ مەحمود

لە سەرەتای مانگی ئوتی ۱۹۲۲ مستەفاپاشاروژنامەیەکی بە نێوی "بانگی کوردستان" وەدەرخست کە ۱۳ ژمارەی بلاو بۆوە . پاش ماوەیەک کاربەدەستەکانی شیخ مەحمود ، روژنامەیەکیان بە نێوی "رۆژی کوردستان" کە هەوەلین ژمارەی لە ۱۵ی نوامبری ۱۹۲۲ لەچاپ درا بلا و بۆوە .

روژنامەی کوردستان ، رۆژنامەیەکی رەسمی ، راميارى ، و (وێژەوەری بوو کە لە حەوتوودا کەرەتێک وە دە ردەکەوت ،وە تا سی هەمی مانگی مارسی ۱۹۲۳ بەهاوکاری نووسەرە گە وەکانی کورد لەژێر چاوەدێری وان دابوو . لەمانگی دیسامبری ۱۹۲۲ داشیخ مەحمود دوو ئوردوگای کەرکوکی خستە سەر خاکی کوردستان وە بو ئەوەی کە نیشان بدرێ لەگەل "قەلەم رەوی" کوردە .

هەرلەوکاتەشدا روژنامەی "رۆژی کوردستان" لەئاخری مانگی دا ئاگاداری دا کە سەروکی عەشیرەی ناوچەی کەرکوک ، هاتوتەسولەیمانێ لەئاکامدا (واوەدەردەکەوت) کە هەریەک لەوانەدەیانەویست کە بۆخویان لەو ناوچەیە دا خاوەن قودرەت و ، سە روگ ، رابە رین "

وەک کە گوتمان روژنامەی روژی کوردستان کە لە چاپ دە درا کۆرێک لە نووسە ران کە لە رووناک بیرە کان ، هۆنە رە کان وە ئە دیبە کان ی سولەیمانێ بە تایبەت وەک عارف سائب ، وەرە فیق حیلمی پێک هات بوو ، بلاوده بۆوە .

ئینجالە ژمارەی هە وە لی رە سمی دە ولە تی را ، دەمە تە قە یە کی راميارى لە گە ل روژنامە کانی بە غدایە کە لە بارەی "کوردستانی" جنوب دادە دووان بە دی هاتئە و روژنامە یە "دۆرگانی پارتی ــ عراقێکان" بو و وە نێوی (لیوای

سولە یمانی) بو . دەی نووسی کە پیاوە کانی کابینەی شیخ محمود تە نیابە" رابەر وسە رۆ کی ئیداری ناوچەکە" پیویستەناو ببردرێن سە رئە نجام روژنامەی شیخ مەحمودوە لامی دە داوە کە بە راستی جێی سە رسوورمانە کە" جیران و دوستی " ئیمە "عراق" دە یە وێ مافی هە زار سالەی کوردلە ژیر پی بخات) . . وە یان سنووری کان لەئا ژا وەدابنێ" مە گەرکوردوعەرە ب پێکە وە لە ماف دابە رانبەر نین ،وە پیویستە نن کە مافی کوردە کان ،وە مافی نە تە وایەتی وان ، وە هەروەها سنوریان لە لایەن " سازمانی نە تە وە کان ناسراوە"[۲۱]

بە وجورە ووتاری ئە و روژنامەیە وای نیشان دەداکەلێ قە ومانێک لەبەینی شیخ مە حمود و ئینگلیسگان بُە وە دێ بە دی بیت .

لە راستە قینە دا لە ماوەی نیوسە دان دا تە جروبە یە کی تال بو شیخ مە حمود رووی دابوو ، وە دە بوو لێی حالی بی کە چون لە و حالە دا ، دو و بارە ، داوەت کراوەتە وە کە چارە سە ری مە سە لە کە بێ . . . لەحەقیقەت داشیخ مە حمود ، لە هەوە لی کارە وە مە ئموریییە تی هە بوو لە لە میژوو داپیی ئە سپاردرابوو ، کە دە یە ویست کوردستانی گە ورە ، پێک بێنێ . ئە ومە سە لە یە ی بە گوئی سە روکی ئە مریکا ویلسون راگەیاندبوو گووت بووی کە داو خووازیتی کە لە کوردستانی خوارووداده ولە تیکی سە ربە خوپێک بێنێ .

بەلام ئینگلیس مە بە ستی ئەوە بوو کە شیخ مە حمود ، وە ولە تیکی ناووچەئی دابنێ وە لە زال بوونی تورکە کان بە سە رشاری سوولەیمانی بە و جورە پیش گیری بکات ئینجائەگە وە ک زانایــە ک ئاکاری خوی لە بە رچاوی ئینگلیس نیشان دابایە ،زور زوولەبیرنەدە چوّوە ، وە پیوست بوو ، ئە گە رلە دە رکەبی کی وە دەریان نایە دە بوولە دە رکە یە کی ئاوالەی دیکە بدات وەلەگیژاوان بەقازانجی کوردە کان خورزگار کات .

۹ ــ مەسەلەی کەرکوک

مە سە لە ی کە رکوک لە هە رە مە سە لە گرنکە کان بود کە لە ووت و، وێژە دابوولە نیوەی مانگی سی پتامبری ۱۹۲۲ کە ووت و وێژ لە گە ل سێر پرسی کاکس لەە غدایە دەستی پێکرابوو، گوت بووی کە پێش ئەوەی کە شیخ مە حمودبگەڕێتەوە سولە یمانی، نابێ پە هیچ چە شنێک باسی ئیدارەکردنی ناوچەی کە رکوک و هەولێر بی نێتە گوری

وازی کە رکوک لە وکاتەدا گرنگ بوو، هێستا تورکەکان لە وشارە دادەبسیان دە ڕۆیشت ئاڵ وگۆڕی نامە بۆبە غدا بەزمانی تورکی بوو، شارە داری کورد سە ربە خۆکاری دەکرد وە ئاڵای عراق هێستا لە سە ر قە ڵا وکوشکی دە ولە تی هە لە نە کرابوو، موتە سە ریفی تورک واتە (والی) شاری کە رکوکی ئیدارە دە کرد، وە لە گە ل ئنگلسیان هاوکاری دەکرد. " بە ڵام وردە ــ وردەئە وشارە چۆڕێردەستی ئنگلیس وە دە ستور لە بە غدایە وەردەگیرا. [۲۲]

فەیسە ل زۆربەی دینا، سە رئە نجام لە۲۳ ئۆکتوبری ۱۹۲۲ بەفەرمانی وی هە ڵ بژاردنی نێونە رایەتی مە جلس دەستی پێکرابەڵام شیخ مەحمود نارەزامە ندی خۆی لە وبابە تەوە دە ربری وگوتی: گە رئێوە دە لین کە زە مانی زۆرلە وە پێش شاری کە رکوک دانشتوو، کانی تورکمە نی بوون، ئە مما ــــ دەبینین کە ناوچە کە کوردنشینە، وە پیویستە لە ژیرقەڵەم رە وی ئێمە دابیت.

وە سە رئە نجام لەدیسامبری ۱۹۲۲ داهە روەک کە لە سە رە وە گوتمان شیخ مە حمود دووکە مپی کە رکوکیی خستە ژێر ناوچە کە. وە لە ئاخری ئەو مانگشدا، روژی کوردستان گە یشتنی رابەرەعە شیرەتە کانی سولەیمانیێ بو کەرکوک راگەیاند. لە ئا کام داهە ریە ک بە شوینی شۆڕەتی "تامە زروی تاکتیکی" دابوو.

۱۰ ــ شیخ مەحمودو، تورکەکان

ئەمماشیخ مەحمود نەی دەویست لەگەل (قودرەتــەکانــی) بەغدایە کایە بکاتو، خۆتێوەردا: ماژۆر نوئیل بە ڕیوە بەری‌کاروباری ئینگلیس، نەخشەی ئەوە بوو کە شیخ مەحمودو، سمکو وە سەید تا ها دژی‌تورکەکان بکاتەیەکو هانیان بدات.

وادیاربوو کە سمکو نەی دەویست لەمەسەلەی عەراق دا دەستی تێدا بێ، بەڵام تە ها لە گە ل ئینگلیسیکان هاوکاری خوێی دەربڕی، وەلە نێوەراستی نوامبری۱۹۲۲ وە بە خۆ بوو بە ۱۵۰ پیش مەرگەی کوردە وە لەگەل سەربازەکانی عەراق ڕێک کەوت،وە هە لوێستی ئەوە بوو، کە ئە فسەری تورکەکان کە ئوزدەمیر بوو لە ڕەواندزیی وە دەرنێ!

ئاکارو کردەوەی "ڕوولاش" هیزی ڕەواندز!، زۆر پیرۆزی لەبەر دانە بوو: سەیدتەها چاوەدێری ئەوەی نەدەکرد کە کارەساتەکە بەو جوورەی لێ بێ وە لەشەڕە کە سەر نەکەوێ:

بارانــی تووندش هەروەها بووبە مەبەستی شل بوون لەکاردا، ئینجا ئەگەر تورکەکان لەئاکاما شاری ڕانیە یان چۆل کرد، مەبەست بەوە بوو کە لە بومباران‌کردنی شاردەترسان

نەتیجە و کردە وەی شەڕی (ڕوولاش) تەنیا قازانجی بۆ شیخ مەحمود تێدا بوو، کە حوزمەتو، گەورەیی‌وی زیاتر کرد. واتە شیخ مەحمود بەو جوورە دووژمنایەتی خۆی لەگەل ئینگلیس دەربڕی وە بە پیچەوانەی ئەو، تەها لایەن‌گری ئینگلیس بوو، وە دژی تورکەکانی عوسمانی ئەوکارەی‌کرد!

ئینجا شیخ مەحمود بە زووئی لەگەل کۆلۆنێل عەلی‌شەفیق وە ئەلیاس ئوزدەمیر لەڕەواندز هاتو، چوێ خوێ سازکرد وە دەری بڕی کە (دەیەوێ بۆ هێزی تورک فداکاری بکات) وە ڕای گەیاند کە ئامادەیە کە مافی نەتەوایەتی ناوخــۆی کورد واتە ئوتونومی بسەلمێنی وەدست لە داواکردنی مافی گشتی سەر بەستی بکێشێتە وە، وە لە گە ل حکومەتی تورکیەش هاوکاری‌بکات.[۲۳]

بەو وو تارە ئاشکرا بوو کە شیخ مەحمود دەیەویست نێوان ناکۆکی لەبەینی تورک و ئینگلیس پتربکات ! تورکەکان خۆیان نەشەمزاند ، وە هەروەک (ئاژانسی ئینگلیس) ڕایگەیاند ، کولونیل عەلی شەفیق ئامادەگی خۆی لەگەل ئینگلیسیکان دەربڕی وە پاش چەندیک بەو سەرئەنجامە گەیشت :

"ئیمەئەوشیخەمان ناوی... زۆر بە فڕوفێڵە!" بەلام بەبێ ئەوەی کە لەگەڵی ڕووبەڕوو بێ ، دەیەویست کە لەهیزی وی بو ولایەتی موسل کە لک وەرگرێ ، موسڵێکی کە پاشە ڕوژی هەرگز لەوکاتە دامەعلوم نەبوو .

۱۱ ــ بەیاننامەی ئینگلیس لەنوئیل ۱۹۲۲

لەڕوژی نوئیلی ۱۹۲۲ پیاوە بە رزەکەی ئینگلیس لە بە غدایە ئا گا-داری دا ، کە دە ولە تی بریتانیا ، وە حکومەتی عەراق ، دان بە مافی سەربە خۆئی ناوخۆی کوردەکان لە سنوورو ، چووار چێوەی و لاتی عەراق دا دەنێ . حکومەتی عەراق دەیەوێ کە لە نێوو لاتی عەراق دا حکومەتی کورد پێک بێت .

لەوبە یاننامەدا ڕا گە یاندرابوو کە کوردەکان بۆ نوسینی یا سای مافە کە پێوستە بێنە شاری بە غدا وە لەبارەی مەسەلەی ئابوریو ، ڕامیاری لە ما بەینی عەراق و ئینگلیس ، وە کوردەکان باس بکرێ . "

لەکاتێک دا کە بە (ئیدموند) وەبەیەکێ لەئەفسەرەپایەبەرزەکانی سیاسی ئینگلیس ، گوترابوو کە بەیان نامەکە بۆ سەروکی کوردەکان بنێردرێوە بخوێندرێتەوە ، لەکاتی خوێندنەوەیدا نەی تووانی کە ئی حساساتی خۆی دەرنە بڕێ ، وە گوتی : دەولەتی عەراق نایەوێ لەگەل کوردەکان ڕووبەڕوو بێ وە لە نەتەوەی کورد دوربێتەوە

ئەوەی کە لەو بەیاننامەیەدا بە چاکی دیار بوو ، عەراق مەبەستی نووادنی قودرەتیخۆی بوو ، دە نانەیدەویست کەبە هیچ چەشنێک هەلوێستەکانیو ، حورمەتی ئەو بەیاننامەیە ڕابگرێ وە نێوانو ، هاتو ، چوئیبچاکی بەرێوەبەرێ !

١٢ ـ لەژێر پێ نانی مافەکەی شیخ مەحمود

پاش شکانی هەوەڵین کنفرانسی لۆزان (٤ی فێورییە ١٩٢٣) لەسەرتا سە ری کوردستان ئاژاوە سازبوو، ئینگلیسیکان بە دانی چەن ئاگاداری ڕایان گەیاند کە شیخ مەحمود وە لیدێرو، گەورەی شیعەکانی نەجەفو، کە ربە لا، لە گە ڵ یەکتر هاتو، چۆیان هەیە، وە دژی عەراق دەیانەوێ کاربکەن وە دەستیان داوەتە دەستی یەکتروە مەبەستیان ئەوەیە کە هێرشێکی گەورە لەمانگی مارس[٢٤] دا بەرنە سەر ئوزدەمیر بۆ شاری کە رکوک. بریتانیای گەورە دەیەویست کە بە تاڵووکە هێرش بەرێتە سەرشیخ مەحمود، وەکاریوی تەواوبکات، وە هەروەها لەوئاگاداریانە و بەیان نامانەدا بە خەلکی ناوچەکەیان ڕادەگەیاند کە دەبێ بی سەلمێنن کە ئیتر شیخ مەحمود بە پێچەوانەی سالی ١٩١٩ کاردەکات وەتەنیا مەبەستی "ئاژاوەو، سەربزێویە"، نەک ڕاپەرینو، شۆڕشی کورد.

سیرپیرس کاکس لە ١٩ی ژانوییە دا گەڕاوە لەندەن تا لە دانشتنێکی پیاوە بەرزەکانی حکومەت لەبارەی عەراق دا ڕاوتە دبیرو هاوبەشی بکات...

دەگونجێ بڵێن کە کاروکردەوی ئەو لەناوچەکەدا تەواو بووە، وەبەجێوی. سێرهانری دابس دێتە سەرکار. بەلام هەرچێکبێ، ڕاوتە سمیم لەبارەی شیخ مەحمود، دا گیرا بوو.

لە نێوەراستی مانگی فیۆرییە دا سێرهانری دابس لەگەل بۆرتۆن بووردیون ئەفسەری دەریائی وە نووسەری پایەبەرزی کمیسەری عالی وەئیدموند گە یشتنە بە غدایەوە کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا، تانەخشەی خۆیان لەبەرانبەر "پادشای کوردستان" بەڕێوە بەرن.

لە ٢١ی مانگی فیۆرییەی ١٩٢٣ دا پاش پێنج مانگ "پادشایەتی" ئەو ئولتیماتۆمەیان دابەشێخ مەحمود: ئینجا بە پێویست زاندراوە کە بۆ خۆت لەگەل کاربە دەستەئیدارێکانت یابەووتەیەکی دیکە "ئە ندامانی دە ولەتی خۆت) بێیە بەغدایە، یان پێوستە لەسەر کانەمێنی! لەئاکاما هەر ئەو بڕیارنامەیە

(اولتیماتوم) بەچەشنی بەیانییە بە فڕۆکە بەسەرشاری سولەیمانی دابڵاو کراوە، وە تێشی دا نووسرا بوو کە ئەگەر بێتوو لەبەرانبەر ئێمەدا خەلکی شاری ڕاوەستن، بومباران دەکرێن. ٢٥

١٣ ـ بۆمبارانی شاری سولەیمانێ:

هەر بەو جورەی کە چاوە ڕووانی دەکرا، شیخ مەحمود چوونیخۆیی بۆ بەغدایە ڕەد کردەوە و لە ٢٢ی مانگی فیۆرییەی ١٩٢٣ دا، ٢٠ فڕۆکە، تراکتو، بەیانیەیان هەل گرت کە لە سەر شاری سولەیمانێ بلاو کە نەوە.... بەلام ١٨ فڕۆکە لە بەر ئەوەی کە سەرکێوە کانی ناوچەی سولەیمانێ وە هەروەها شاری سولەیمانێ تەپو، مژدای گرتبوو، نەیان تووانی کارێک بکەن، گەڕانەوە، وەتەنیا دووفڕۆکە تووانی خۆیی بگەیەنێتە سەرشار! لە ٢٤ فیورییە لەنیوە شەوی دا شیخ مەحمود تێلێ گرافێکی بو ئیدموند کەهاتبۆ کەرکوکێ لێدا وە بە درێژائی ئەوێ شەوێ، تاقمە وە زیرەکانی کورد هەوڵیاندا کە چارە سەریکارەکە بکەنو، نەخشی نێوبچیان هەبێ! بەلام بێ نەتیجە ماوە! وە سەرئەنجام لە ٣ی مانگی مارسدا، فروکە یەک شاری سولەیمانیێ بۆمباران کرد.

ئەوبومبارانەهاوکات لە گەڵ چوونی شیخ قادر برای شیخ مەحمود، وەزیری گەورە، وەمستەفا پاشاو، دووپیاوی خۆفیە بۆ شاری کە رکوک بۆ ووتو، وێژبوو.

لە ٤ی مارسی ١٩٢٣ شیخ مەحمود بەریبەیانی، بارگەوبنەو، خەزێنە و پوولی تێگنا، وەشاری سولەیمانێ بەرەو کیوەکانی سەردەشت[1] بەجێی هێشت، وەلەغارێکدا جێ گیر بوو.

لە ٨ی مارس دا لە نێو ئەشکەوتەکەدا ڕۆژنامەیەکی تازەی بە نێوی "بانگی حەق" وەدەرخست، کە لەوێ دافەرمانی جیهادی دابوو[26]، وە لە گەل چەن سەد سوواریخۆی کە بە سەرۆکایەتی "سالح زەکی) بوو دەستی بە شەڕی پارتیزانی کرد.

١ـ سوردەش دروست ترە، تا سەر دەشت ـ م ـ ر

۱۴ ــ شەڕ دژی ئوزدەمیر

لە ۱۸ی مانگی مارس دا فەرماندەی هێزی هەوائی ئینگلیس سێرجان سالموند[۲۷]، تەسمیمی گرت کە شاری رە واندزێ بومباران کاوە بەوجورەکاری تورکەکان کو تائی پێ بێ نێ . ، ئەویش مەبەست بەوەبوو کە شیخ مەحمودو سەرۆکی تورکەکان، هەردوکیان دەیانەویست دژی ئینگلیس دەستبەکاربن. ستوونێک لە سەربازەکانی (کوئی کول) کەتەنیا ئینگلیسی بوون، هێرشیان بردە سەر شاری موسل، هولێر و، کوی سەنجاق، وە مەبەست لەوهێرشە بڕینی هاتو، چۆ لەبەینی تورکەکانو، شیخ مەحمود بوو. ستوونی دووەم (فرۆن تێرکول) کە بریتی لە پولیسرو، چریک بوون، یەک راست چوونە سەر دێرا، سپی لیکوە شاری رەواندزی.

کولونیل شەفیق سەرداری تورک کەئەوهێرشە گەورەی بیستو، لەپاشان چاوی پێ کەوت، شەڕی نەکرد، وە لە ۲۲ی ئاوریلی ۱۹۲۳ دا ڕەواندزی بەجێ هێشت.

ئەو هوروژمو، هێرشانە هاوکات لە گە ل وەختێک بوو کە دوو هەمین کونفرانسی لۆزان کراوە، دەستی بە ئیشوکار کرد. ۲۸

۱۵ ــ سەید تەها قایمەقامی شاری ڕەواندز

پاش چەن ڕۆژێک سەیدتەها بە نێوی "قائم مەقام"ی ڕەواندز لە لایەن ئینگلیسەوە داندرا: بە یارمەتی هێزی ئاسوریکانلەو ناوچەیەدا، لەسەر ئیشوکاردانشت.

دەگونجێ بڵێن کە سەیدتەها نەوەی شیخ عوبەی دیل لا بوو، وە هەروەها لە پیاوە ڕاو، تەدبیر کە رەکانو، مشاوری سیمکو بوو، بەلام نەیتوانی نەخشێکی ئەوتو بو کوردەکان بەرێوە بەرێ.

ئەو مرۆڤە کە لە مەودای ۲۰ سالاندابوو کورد کاریکرد سەرئەنجام لە

سالی ۱۹۳۹ی زایینیدا پاش ئەوەی کە هاتەئێرانێ دەرمان داوو کرا لە تاران کوچی دووائی کرد.

۱۶ــ گرتنی شاری سولەیمانی (۱۶ مەی ۱۹۲۳)

بێگومان کار بە دەستەکانی بە غدا بەتەواو کردنی کاری تورکەکان وە ڕزگار بوون لە شەڕی ئەوان، دەیانەویست ڕا پەرینەکەی شیخ مەحمودیش زووتێک دەن. گوتمان کە شیخ مەحمود بۆ ئەشکەوتی یازانە، یان ڕاڕانە نزیک شاری سەردەشت کە لەقەراغ سنووری بوو پەنای برد، هیزی ئینگلیسو، عەراق دەیانەویست کاریشیخمەحمود تەواوبکەن. عەراق دەیەویست کە پیاوێک بە نیۆی حاکمی کورد بێتە سەرکار کە لەژێڕ حوکمو، ڕای ئەوان دابێ، بەلام کەسلە سەرۆکە کوردەکان ئامادەی ئەوکارەنەبوو، وە هەروەها لەبابەت بەیاننامەی نوئیلی ۱۹۲۳ش دا خۆیان گێل کردو، نێویان نەهێنا. ۲۹

سێرهانری دابس دەی گوت کە دانی (ئوتونومی) لەلایەن ئێمە بەکوردەکان کاتێک بەڕێوە دەبردرێ کە بەرهەڵستی گەورەی ئەوکارە کە شیخ مەحمودە لەنێوان لاچێ وە ماوەیەکی زۆرەکە ئینگلیس دەیەوێ کاری سەربەخوئی ناوخوئی ناوچەی کوردی محەلی پێکبێت، وە تەنانەت شیخ مەحمودیش ئازادبێ بەلام کمیسەری عالی پێ وابوو کە شیخ مەحمود پیویستەیان بکوژرێ یان بگیرێ، وەواباشترە کە ئەوکردەوەیە بەجێ بێت.

لەڕاستەقینە دا دەگوترێ کە فشارو، هێرشی گرنگی: ۸ی مەی ۱۹۲۳ هاوکات لەگەل بڵاو کردنەوەی بەیان نامەو، تراکت بە سەرشاری سولەیمانی، دەسیان بەگرتنی خەلکیش کرد. وە لە ۱۲ی مەیدا دوو هەنگی نیزامی هیندی کە لە لایەن هێندێ لە ئەفسەرەکانی ئینگلیس، وە ئیدموند ڕا بەری دەکران، بۆ لای کە رکوک چوون. وە بەوجورە ڕوو داوەی سالی ۱۹۱۹ دووپاتە کراوە!

بەلام ئەو کە ڕەتە سولەیمانی بێ شەر و کێشەگیرا: شیخ مەحمود ڕا وتەدبیری ئەوەبووکە تاسلوجەی بگری وە بیکاتە پیگەی خوی، بەلام ئینگلیسیکان پێشدەسیانکردو، لەوکارە بەرگریانکرد، ئەویش چارەینەما وە زووی لەکێوەکان کرد، سەرئەنجام سولەیمانێ لە ۱۶ی مەی ۱۹۲۳ دا دووبارەگیراوە. ئینجا

ئێدموند لەشاری سولەیمانیێ لە" دەفتەری‌کاری" شیخ مەحمود دانشت، واتە لەو مە درەسەیەی کە ماژورنوئیل لەسالی ۱۹۱۹ دا کردبوویە دەفتـــــەری‌خوی، جێ‌گیربوو.

تەنیا عەلامەتو، نیشانەیەک کە لەدەفتەری‌شیخ‌مەحمود دەدیترا: وێنەی شیخ مەحمودی بوو کە نەوارێکی سووری لە دەورەی پێچرابوو، وە هەروەهـــا ئالایەکی کوردی کەلەگەل تاجێک لەسەر پەرچەمی پادشایەتی در ابوو خوئی دەنووساند. پاش‌کاروبارەکەی شیخ‌مەحمود، کاربەدەستەکانی ئینگلیس وە بە تایبەت ئێدموند هەلۆێستیان ئەوە بوو کە لە کوردستان دا چەشنە"ئوتونومی"ک دابنێن وە پیاوێک لەگەورەکانی کورد هەل بژێرن کە بەمەیلو ئاکاری بە غدایە ببزۆتەوە،! ئینجا شیخقادر "سەروک وەزیر"ی کوردستان، برای شیخ مەحمود بۆ کارە لەبەر چاوگیرا کەهەمیشە بۆ لای ئینگلیسیان خۆیی دەکێشا. وە بەرگریو هێمنایەتی شاری وە عودە وئە ستۆی خۆیگرت. ئەحمەد توفیق بەگ پیاوی گەورەی کورد بوو بە کاربەدەستی بدرێبوەبەری‌شار. لەە۲ی‌مەی ۱۹۲۳ تاقمێک سەرباز بو لای‌ستادی‌ناوەندی شیخ مەحمود پاش ڕۆیشتن لە سولەیمانی کە لە ئەشکەوتی رازانە دابوو ناردرا!، گرتنی ئەوشکەوتە کە لە جێگایەکی زور تەنگە بەرو، عاستەم دابوو، وە دو لیکی تەنگو باریکیشی لە پێش‌بوو، وە لە پەناو، پەسیوێکی وا دا بوونەدەدیترا، بەڵام گە ماڕۆیان داوگریتان

لەو ئەشکەوتەدا: تەختێکی نووستنی‌ی ئاسن، چەند کورسی‌دار، ماشینێکی تایپی نووسینێ، وەتێلێفۆنێک بو ڕێیەکانی موبلیمانی کوشکەکانی شاهی!" کە نزیک بە هیزەکانو، ئاقمەکانی ئینگلیس بوو، دەدیترا، وەشیخ مەحمود لەگەل‌چەن کەسیـک لە سووارەکانی خوی بو لای‌ئیرانی، کەلەبەرچاوان نەمابوون ڕویشت بوون وە ئە شکە و تە کە یان چۆڵ کرد بوو.

۱۷ ــ ناکام مانەوەی ڕەژیمی "هاوکاری"

بەلام زۆر زوو کاربەدەستەکانو، قودرەتمەندەکانی‌ئینگلیس بۆ حکومەت کردن لە کوردستان‌دا وە هاوکاری لەگەل هێندێ لەلایەن‌گرەکانی خۆی لە

ناوچەکەدا، ناکامانەوە، ناهومێدانەبەر هەڵستیان بۆهاتەپێشێ: بو کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیس نەدەکرا کە سەروکێکی ئەوتۆی کورد کە "بتووانێ قودرەتی هەبێوەلەبەرانبەر نفوذی شیخ مەحمود دا ڕاوەستی" هەل بژێرێ، ئەویش بەبێ ئەوەی هێزو، قودرەتی ئینگلیسی چاوەدێری لێ نەکاتو، نەی پارێزیو، باڵی بەسەر دانە لێشی. ۲۰

ئەوەی کە بە چاکی دیار بوو، بەتایبەت سەروکە گەورەکانی کورد حازر بە هاوکاری لەگەل ئینگلیسیکان بوون، بەڵام هەرگز فەیسەڵیان نەدەسەلماند!

لەئاخری مانگی مەی ۱۹۲۳ دا سەروک وەزیری عەراق عەبدوول موحسن ئەسسە عدوون، لەگەڵ حاکمی شاری بە غدایە بەنێوی شە ی بەک نەشئەت کەخەلکی (کوردی هەولێر) بوو، هاوڕێ لەگەل کار بەدەستێکی پایەبەرزی ئینگلیس کۆڕن والیس چوونە شاری سولەیمانێ.

کورن والیس ڕای گەیاند کە حکومەتی بریتانیایە تەسمیمو، ڕای هێناوەتە سەر ئەومەبەستەی کە سازمانی حازر لەعەراقدا بکاتە ۶ فوج واتە ۶ لەشکر، وە "کوئی کول" لە نیوەی مانگی ژوییە دا لە سولەیمانی دەچێتەدەرێ.

سێرهانری دابس، ئیدموند، وە کورن والیس زۆر بەنەێنی لەسەر کاروباری ناوچەکەڕاو، تەدبیریان دەکرد، وەلەلایەکی دیکەشەوە کە سەروک وەزیری عەراق هاتبۆ سولەیمانی دەیەویست کە ڕێبازی بەینی سولەیمانێ وە قەڵەم ڕەوی عەراقێ لەداهاتوودا دیاریبکات.

سەرئەنجام بەهاتنی ئەو دوو تاقمە بۆسولەیمانێ لە ۲ی ژوئنی ۱۹۲۳ کمیسەریپایە بەرز، سێرهانڕیدابس، وە سەروکە گەورەکانی کورد نەیان تووانی لە ڕووانگەیبەغدایەوە کارێکی بکەن، وە لە ۱۴ ژوئندا، ڕاوێژەری، کوردی سولەیمانی لە سەرئیش و کار لابردرا!

بەتاڵ کردنی سولەیمانی لەلایەن ئینگلیس، لەپیش دا چاوە دێری دەکرا وەلە ۱۷ی ژوین ۱۹۲۳ دا بەڕێوەبردرا. سێڕۆژی ئاخری پاش ڕا گەیاندنی ئیدموند "سێیەریکیتاڵ و ناخوش) ولاتی داگرت! شیخقادر ئینجا ئەرکی سەرشانی شاری وە نەزمو تەرتیبی ناوچەکەی بەدەستەوەگرت، وە بریتانیا بویارمەتی ئەو ۳۵۰ کەسیلەگەل ئەفسەرێکی ئینگلیس دایە...

کوێکول ــ ستونی نیزامیکوی

بەلام وادیاربوو کە سێرهانری دابس بەوکارە بەڵێنی نەدابوو، وەگوت بووی کە: خۆتیوەردانی بریتانیا لەکاروباری سولەیمانی داهەروا لەسەرجیگای خویەتیو، بەتال نابێتەوە!

وەلە ۱۷ی ژوئنی ۱۹۲۳ دا (کوئی کول) شاری سولەیمانیی چول کردوە ۲۰۰۰ کەسی پەنابەر" بە دووای ئەوان دا لەگەل ئینگلیسیکان وە دەرکەوتن. ۳۱

۱۸ ــ گەڕانەوەی شیخ مەحمود بو سولەیمانی (۱۱ ژوییەی ۱۹۲۳)

لەکاتیک دا کە گەڕانەوەیشیخ مەحمود بۆ سولەیمانیچاوە دێڕی دەکرا، ئیدموند وەپیاوە گەورەکانی بریتانیا دیسان وە خۆکەوتن، بۆ ئەوەی کە نەخشەو، ئاکاریخۆیان بۆ کەڕەتی ئاخر لەژێرچاوەدیریوئیداری خۆیانەوە بەدەستەوەبگرن، واتە ناوچەی (مراوی)، ڕانیە، قەلادزی لەشمال، وە چەمچەمال لە ڕۆژئاواوە، وەقەرەداغوهەڵەبجە لەجنوبەوە، لە بەشی مەلەبەندی سولەیمانی بکە نەوە.

کاتیک کە شیخ مەحمود لە ۱۱ی ژوییەی ۱۹۲۳ لەگەل هێزی نەتەوایەتی کوردستان، کە لە ژێر حمایەتی مەجید مستەفادا بوو،" مەلکی کوردستان" بە شیکی بەرتەنگی زۆر کەمی بو حکومەت بەدەستە وە مابوو. ئینجا شیخ مەحمود ڕاێگەیاند کە ناوچەی سولەیمانی تا سنووریئیران درێژەی هەیە وە لکو پۆکی لی نابێتەوە، وە حکومەتیتازەی کوردستان هەروەها لەژێرچاوەدێڕی حکومەتی عەراقوە هاوکاریلەگەلئەو کارەی خویی بەڕێوە دەبا. بەراستی ئەومەلەبەندە وەک "کەمەربەندیکی حفازی یەکە چاوەدێریلی دەکرێ. ئینجا سێرها نڕی دابس کمیسەری عالی ئینگلیس لەبڕیار نامەیەک دا کە لەڕۆژی ۲۰ی ژوییەی ۱۹۲۳ دا ڕاێگەیاند، بەمەیلیخویی سنووری کوردەکانی دیاری کرد. ۳۲

هاوکات لەگەل ئەو هەواڵە، حکومەتی عەراقیش بەیاننامەیەکی بڵاو کردە وە کە کورتەی بەوجورەبوو، دەولەتی عەراق بەهیچچەشنێک نایەوێ لەبارەی چاوەدێرکردنی ناوچەی کوردستان کەلەژێر حمایەتیشیخ مەحمود دایە قسەی لێبکات، پێویستە ئەفسەرەعەرەبەکان جگە لە ئەفسەرە فەننێکان هەموویان بگەڕێنەوە ولاتی عەرەب، وە هەروەها ڕەواجی زمانی عەرەبی لەناوچەی ئیدارەکانی کوردستاندا بەسەرنەتەوە کەدا، دانا سەپێنی وە نایەوێ زمانێکی

رەسمی‌بێت. کوردەکان بەچاکی دەتوانن‌ماف‌و، سروشت‌و، ئاکارێکی کە لەنێو ئەوان‌دا هەیە جا، چ لەبارەی مەذهەب‌وئائین، وە چ‌لەبارەی شتی‌دیکەوەبێ بەرێوەی بەرن‌و، بی‌پارێزن. ۳۳

ئەمما ئەو مەسەلەیەزورلە بڕیارنامەی نوئیلی ۱۹۲۲ دوور کە وتبوو! جامەبەست بەوچبوو ە ،نەزاندزاوە

بەراستی لە ئاگاداریکی حقوقی لوزانێ کە لە (۲۲ی ژوییەی ۱۹۲۳) درا بوو! بەبێ ئەوە ی کە مەسەلەی موسلێ نەتیجەی‌لێ وەرگیرابێ، لەسەر مەسەلەی مافی نەتەوایەتی ناوخۆ واتە ئوتونومی کورد کوتائی هاتبوو، وە مافەکە دیاری کرابوو.

لەعەراقێدا، "بەچاکی بۆهەموو کوردێک جگەلە کوردە بێخەبەرەکان زووی بۆوە، کە لەداهاتوودا بەشیان هەرمانەوە لەژێر چاوەدێری عەراق‌دایە وەئەوەشیان کوردەکان بەهیچ جورێک نەدەسەلماند، چوونکە ئەوەبەراستی بە هەستهاتنی عەراقە کە بوتە مایەی چارە ڕەشی ئەوان، تەنانەت‌دیاربوو کە ئیدی شیخ مەحمود پادشایەتی ناکا! ۳۴

بەلام لەسەر ئەوەشڕا کە کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیس لەوەی هەڕەشەی دەکرد کە شیخ مەحمود بەکارو کردەوەی ڕامیاری ولات تاقەلەمڕەوی‌جیرانەکانی درێژەپێدەدا.

ئینجا کار بەدەستەکانی بریتانیا بۆ ئەوەی کە گوتە وئاکاری را بوردووی خۆیان وەبیرکوردەکان‌بێننەوە "بیرەوەری مەنتقی" ئەوجار لەسەر تەدبیری پێشوو، کانگای دەفتری گشتی خۆیان لەسولەیمانی بە بومبی (۲۲۰ لیوری) (گەورەتر) لە ۱۶ی ئوتی ۱۹۲۳ بومباران دەکەن، وە ئەوەبۆهەوەلین کەڕەتە کە بومبی "گەورە" لەکاردەبەن!

پاش چەن مانگ لەروژی نوئیلی ۱۹۲۳ فروکەیەکی زور هاتنە هەولێر کە لەوێ ڕابچنەسەرشاری سولەیمانی‌و، لەسەرڕا بومبارانی کەن. بەلام نیوەی‌لە فروکەکان لەتەپ‌و، مڕدا وون‌بوون وە گەڕانەوە، وە دوویان لە ناوچەی شیخ مەحمود کەوتن. کاربەدەستەکان هەر "ئەمرودەستووریان" بە شیخ مەحموددەدا کە خوی لەوکارە بپارێزی، بەلام ئەوەی کەدە بووبکرێ کرابوو!

۱۹ ــ مەجلسی یاسای بنەڕەتی وەمانی پەیوەندی لەگەڵ بریتانیای گەورە

بەلام ئینگلیس و، حکومەتی عەراق لەو خەمو، چەمەدابوون کە: هەڵ بژاردنی نوێنەران بۆ یاسای بنەڕەتی بە چ چەشنێک بەڕێوەبەرن، وەپاش دانانی فەیسەل لەسەرتەختی پادشایەتی ئەو مەبەستەی پێویست بوو. بە دوور خستنەوەی لیدەرە شیعەکان لــە ولات ئەوکارەی نەختێک سووک کردبوو کار بەدەستەکانی عەراق هێندێ کاروباری هەل بژاردنی نوێنەرایەتیان ڕێک وپێککرد ــ وە بەچەشنێکی سەر سووڕمان ئەوکارەیان کرد: واتە لەنێوانی هەل بژاردنی دا " لەکە ڕەتی هەوەڵ" تەواوی پیاوەکانێی کە حەقی هەل بژاردنی یانهەبوو "هەوەلین هەل بژاردەکان" دەنگیان بە "نوێنەرە گەورەکان"ی دەستەی دووەم دا جا ئەو جار ئەوانیش نوێنەری دیکە هەل دەبژیرن. کاربەدەستانی ئینگلیس لەسەرئەوهەمووکارەساتەیڕا، نەیانتووانی پێشولەوەی بگرن کە "کوردەکان نەتوانن نوێنەری باش بو مەجلس بنێڕن.

لەسەرئەو هەموو فڕوفێڵە ش ڕاخەلکی کە رکوکو، سولەیمانی توانیان لە نیوعەشیرەتەکانوشار دەسینان تێ دابێوە نوێنەری چاک بنێرنە مەجلسی یاسای بنەڕەتی. [۳۵]

لە ۱۲ی مارسی ۱۹۲۴ هەل بژاردن "تەواوبوو"! سەرئەنجام کوردستان ۱۷ نوێنەری نارده دانشتگەی یاسائی عەراق. لەنێو ئەو نوێنەرانەدا، "نوێنەرە باشەکان" بریتی بوون لەوانە!

(شیخ قادر برای شیخ مەحمود!) ئەحمەد تەوفیق بەگ لە سولەیمانی، ساڵەبەگ نەفچیزادە لەکەرکوک، جەمیل بەگ لەخانەوادەی بابان لەشاری کیفری، وەشیخ حەبیب تالە بانی لەنێو سەروٚ کە عەشیرەتەکان هێندەیپێ نە چوو کە لە هەوەلین دانشتنەکەی مەجلسی دا، چەن کە سێ لە نوینەرەکان دژی مافی ڕێک کەوتنویەکەتی بریتانیالەگەل عەراقێ دەسبەکاربوون.

ئاژاوە لەمەجلسی بەغدایە بە ڕێوەبردرا، وە ئەوە کاتێک بوو کە دوو

نوێنەری موافق دژی کوشت و کوشتاری نارەوا لـەولات دا وە هەروەهـا لەبەرچاونەگرتنی مافی نەتەوەکان لە عەراقدا، دووانو، قسەیان کرد.

ئەوئاژاوەیە زور زوو لە کوردستان دا ئەسەری دانا: (لەکە رکوک دا سەربازەئاسوورییەکان پەنجاکە سیان بە رەشاش کوشت، بەلام ئەوکارە نرخوبایخی شیخمەحمودی لـەولاتدا بردەسەریوە پێش مەرگەکانی شیخ مەحمودتوانیان ئاسووریکان وە دەرنێن.

ئەوئاژاوە لەگەل مەسەلەی قوسیتەنتەنیە بو قسەلی کردن لەکون فرانسی لوزان دا لە ۱۹یەمەی ـ ژوئنی ۱۹۲۴ بوو کە دەیانەویست سنـووری (پانیتەلائی) عەراقوتورکیە دیاریبکری هاوکاتبوو. ۳۶

۲۰ ـ بومبارانی سولەیمانی لەمانگی مەی ۱۹۲۴

حکومەتی بەغدایە دەیەویست کە شیخ مەحمودی بەهەرچۆنێک بی لە نێوان لابەری، بو لە نێو بردنی ئەوکەرەتە لەریگای دا سەپاندنی مالیاتیکی قورسو، زالمانە دەس بەکار بوو، وە لەلایەکیترە وەخەلکو، دووژمنانیشیخ مەحمودی دژی ئەو هانیدەدا. هاوکات لەگەل ئەوە فڕۆکە کانیش لە۲۰ی مانگی مەی ۱۹۲۴ دا، دەسیان بەبلاو کردنەوەی کاغەزو، تراکت بەسەر شـاری سولەیمانی دا کرد.

لەوبەیان نامەوتراکتانە دا نووسرا بوو کە دە بووشیخ مەحمود لە ۱۵ مەدا بێتە بە غدایە،وە وادیارە کە وە لامینە داوەتەوە، جامەبەست بەوە شار لە ۲۸ و ۲۷ی مانگی دا زور بە گورجیو هەڵە لە لایەن فڕۆکەکانی ئینگلیس بومباران کرا

لەڕاپۆرتێک دا کە هیزی هەوائی سەلەتەنەتی ئینگلیس لەبەغدایە دابڵاوی کردەوە، رای گە یاندبوو کە لەو بومبارانەدا، لە۳۰۰۰ خانوی شاری سولەیمانی ۵۰یا۱۰۰مالی کونی قەدیمی شیخمەحمودلەنێوچووەوەزەرەروزیانێکی گەورەی لی کەوتو.[۳۷]

تورکەکان مەبەستبەو بومبارانە لە ۳ی مانگی سیپتامبردا لەسازمانی نەتەوە یەکگرتوکان دا بڕیار نامەیەکیان بڵاو کردەوەوەدەنگیخۆیان دەربڕی: لە سی بەشی شاری سولەیمانی دووبەشی ویران بووە، وە خەلکێکی زور لەنێو چوون! سەرئەنجام ئەو بومبارانە بەهیچ چەشنێک لەئاکارو، ڕەوشتی شیخ

مەحمودی کەم نەکردەوە، وەلەمەیدانی خەباتدەر نەچوو، بەڵکو دووهێندە لەبەرگریدا شێرگیرتر بـوو. ئینگلیس ئەوجار ئولتیماتومێکیدا بە نوێنەرانی دانشتگەیاسایبەغدایەوە بڕیاری دابوو کە: ئەگەر مەبەستت، پەیمانەکەی کە ئێمە چاوەدێری دەکەن، قامکیلەسەر دانەندری، وە تانیوە شەوی ۱۰ی ژوئن نەسەلمێندرێ وەک ئەوەیەکە دژیئیمە دەتانەوی ببنزونەوە، وەئیمەش بەجوریکی دیکەعەمەلدەکەین.

ئینجا نوێنەرانیمەجلس یاسائی کە زۆریان بۆهاتبوو لە ۱۰۰ نوینەر کە ۶۷ کەس بو دەنگدان هاوبەشیان کردبوو، پیش نیوەشەوی ۱۰ی ژوئنی ۱۹۲۴، کارە کە یان بەڕێوەبـرد، وەلەئاکاما ۳۷ کەسی مووافق، وە ۲۴ مرۆڤی دژ وە ۸ کەسکەدەنگی نەدا، ئەو قەراردادەپێکهات. تەنیادوو نوینەری کوردی موسل لەگەل دەنگی موافق بەڵێنیو، ڕێدەسیتان‌دا.

سەرئەنجام بەو هەموو هەڕەشەوفڕوفێڵەی ئینگلیس، فەیسـەل، مەلکی عەراق تووانی ناوچەی کوردستان بخاتە ژێر دەستی ولاتـی عەراقو، داگیریکات

۲۱ ــ دووبارە داگیر کردنی ناوچەی سولەیمانی لەلایەن دەولەتی عەراق (۱۹ ژوییەی ۱۹۲۴)

لەمانگی ژوییەی ۱۹۲۴ دا حکومەتی بەغدا ڕاوتەدبیری هێنا سەرەوەیکە شاری سولەیمانی بگرێتەوە. بەڵام مەبەست وهەڵوێستی ئەوکارە هێستا مەعلوم نەکرابوو: بێگومان پاش ناهومێدی کوردی تورکیەی شاریقوس تەنتەنیە کـــە ماوەیەک دانشتنەکەی دریژەی پێدرا، وەلەبارەی موسلدا دەیانەوپست کە تەسمیم بگرنوەهەروەها ئەوکارە دەیەویست لەگەل شیخمەحمود پێکبێـتو، کارە کە بەریوەبەری، چاوەڕوانی دەکرا.

ئەوەی کە زوون‌بووە، فەیسەل لەوکارە دانفوزی زۆر بوو، بەڵام هەرچێک بێ، ڕاو، تە دبیرلە لەندەن ڕا دەگیرا وە ئیدارەی دەرەوەی ئینگلیسش لەکەین وبەینی تورک و شیخ مەحمود بەچاکی ئاگاداربوو.

وە ئیدارەی سیاسی دەرەوەی ئینگلیس زور بەگرنگی بە دووای ئەوکارەوەبوو وەتەنانەت ئاگاداری‌دا کە لە "نەکاو" ئەو هەڵوێستە گیراوە وەکمیسەری

پایە بەرزی‌ئینگلیس بەبێ سەلماندن‌و، پرسیاری حکومەتی خوئی ئەوکارەدەکات[۳۸]، بەلام هەرچونیک بی "پێی‌لەوکارەشدەنـــــی" سەرئەنجام دەگوتری کە ئەو راو تەدبیرە زیاترئی بەغدایەبوو، کە کاربەدەستە ئینگلیسیکانش دەسیتان تێدابوو، وەکاتیک کەحکومەتی ناوەندی‌ئینگلیس لەوکارەی‌بەغدایەئاگادار بوو ئیتر درەنگ ببوو، وەهێزیک لەلایەن کاربەدەستەکانی‌بەغداوە ناردرا، کەگەیشتبوونە دە روازەی سولەیمانی، وە لە ۱۹ی ژوییەی ۱۹۲۴ شاریان گرتەوە! [۳۹]

۲۲ ــ ڕەخنە

شیخمەحمود بەهیچ جوریکوابەسووکو، هاسانی‌وەبەبێشەڕ سولەیمانێی تەسلیمی دووژمن نەکرد. سەرئەنجام پاشئەوەی کەشاری چول کرد، لەگەل ۱۵۰ کەسی پیاوی چەکدارلەسەر کێوێکی‌چووک لە سەر سە روی روژە هەلاتی سولەیمانێ "پی‌تەختی" کوردستان، بنکەی‌دامەزراندوە تا ۲۷ی ژوییەی خەریکی زۆر بەوەشاندن لەهێزی داگیرکراوی شاری‌بوو.

پاشان‌پەنای بۆبەرزەنجێ برد، بەشوێنی ئەوە دا چۆ شاری‌پێنجون، پیشمەرگەکان تائاخری سالێ هوروژمو، هەڵمەتیان بو سەر هیزی ڕێک و پێک خراوی بەغدا یەدەبرد، وە تانزیک سولەیمانی دەچوون. لەئاخری مانگی‌نووامبری ۱۹۲۴ ئیدموند دەستوری‌بومبارانی کوردەکانی لە ناوچەی سیتاک وە شاربەزار دا، بو هەوەڵین‌جار بومبی ناپالمی بەکاربرد! شاری سولەیمانی پاشئەوەی کەگیراوە لەژێر چاوەدێری ئەفسەرێکی ڕامیاری ئینگلیسی بەنێوی شاپمەن کە بە "حاکم" داندرابووئیدارەدەکرا، وەکمیسەری عالی ئینگلیس دەسەلاتی تایبەتی لەناوچەکەدا بەڕێوەبرد. لە ۲۰ی دیسامبری ۱۹۲۴ مەلک فەیسەل بوهەوەلین کەڕەت بۆ دتینێ شاری کـــــەرکـــــوک چوو، وە ئالای دەولەتی عەراق بو هەوەلین جار لەسەرقە لای کەرکوکی هەڵ کرا. وەلە پاشان چۆ کیفری، بەلام لە ڕۆێشتن بو شاری سولەیمانی وازی‌هێنا. ئەفسەرەکان پێیان‌گوت کە شار پر لە بەفرە، وەهاتو، چۆ خراپە، لەئاکامافەیسەل نەیوێرا بەو زووانە چاوی بە پێ تەختی کوردستانی خووارو بکەوێ. فەیسەل ئاگای لەوەش بوو کە شیخ مەحمود پەڕیوەتەوە خاکی ئیران.

سالیک پاش ئەو ڕاپەرینە لەئاکاما لە ١٦ی دیسامبری ١٩٢٥ دا سازمانی نەتەوەیەک گرتۆکان ڕاو، تەدبیریان هێنا سەرئەومەبەستەی کە ناوچەی موسل بێتە سەرولاتـــی عەراقی عەرەب، وە وەک شاری "بروکسیل"بیکەنە سنوورو، ڕێبازی ولات.

سەرئەنجام ئەوەیکە بۆ کوردانماوە، ئەوەبوو کە سازمانیەتەوە یەک گرتوکان لەئینگلیس داوا بکات کە لە ئیدارە کردن ودامەزراندنی سازمانێکی ئیداری کوردی، یارمەتی بە کوردەکان بکات تالە داهاتوودا حکومەتیکی ناوچەی بۆ کوردان بەریوە ببردرێ"

فه سلی ۴

شورشو ، ڕاپەڕینی شیخ سەعید (۱۹۲۵)

لەنێو چوون‌و ، تێک ڕووخانی حکومەتی خەلافەتی عوسمانی ،وە هاتنە سەرکاری مستەفا کەمال ، وەڕاگەیاندنی حکومەتی کۆماری لە ۳ی مارسی ۱۹۲۴ ، کاتیکی زۆر نالەباری بو کوردەکان هێنا بو پێشێ ، هەروەک کە گوترا ، کوردەکان بو پێش بردنی ئیشوکاری خۆیان کاتێک لەیونان ، وە وە خێتێک لەئینگلیس وە هێندێ وەخت دژی ئەوان لەگەل حکومەتی تورکەکان ڕێک دەکەوت کە لەبارەی موسڵدا یارمەتیان‌بدەن‌و ، تابکەوێتە ژیر دەستی حکومەتی‌تازەی‌مستەفاکەمال .

لەمەبەستێکو ، هەڵوێستی‌دیکەدا کە دەگوترێ کە بۆچ کوردەکـــان هاوکاریان لەگەل ئیمپراتوری عوسمان‌ی دەکرد ئەوەبوو کە مەسەلەی فاناتیسم‌ی مەذهەبی وە سرردانووواندن بۆ سولتان خەلیفەی عوسمانی لەگوڕێدا بووە . بەشیک لەکوردە دەربارێکانی سولتانی عوسمانی پاشئەوەی کە رژیمی خەلافەت ڕووخا ، هەروابە چەشنی جاران وەفادار مابوونەوە ، جابەو بۆ نەیەوە مەسەلەی مەذهەب لەنێو نەتە وە پەرستەکانی کورد هەروا مەسەلەیەکی گرنگ مابۆوە ، وە هەرگز بیرو ، باوەڕیان نەدەکرد کە بەو زووانە حکومەت لەبەین بچێ . ئینجا کاتێک کە حکومەت ڕووخا ، تە واوی کوردەکانی تورکیە ئامادەی ئەوە بوون کە هەتا دڵۆپەی ئاخری خوێنیان‌بۆ وەدس هێنانی مافی‌سەر بە خوئی گشتی لە کوردستان‌ی تورکیە دا خەبات‌بکەن ، و(بو بەختەوەریوو ، وەدست‌هێنانی مافی‌نەتەوایەتی گشتی تێ بکۆش ، وەتەنانەت هەر جورە فکرو ، ئیدێئۆلۆژیکی کە هەیانە بوخاتری وەدس هێنانی مافەکە دای‌بنێن‌وەلەخەباتی تازەدا بە شداربن

بەلام ئەوکارە ساوەساوی تێداکرا، ئیتر حکومەتی تازەی مستەفاکەمال پەرەی گرتبوو، وەلە ئاناتولیو، ئیرانیش کەسنەما بووە کە لەو خەباتەو شەڕە بی ئەمانە دا هاوبەش نەبێ، بەلام لەسەر ئەوەشڕا کە لک و قازانجیبو کوردەکان تیدا نەمابوو.

لەسالی ١٩٢١ تا ١٩٣٧ کوردستانی تورکیە بێووچانو، پسانەوە لەئاکاری ڕا پەرینو، بزووتنەوەدا هەربەشداربوو. هێندێ لەوشۆڕشانەو، ڕاپەڕینانە لەمێژوودا زۆرحیسابیلەسەر نەکراوە، بەڵکە تەنانەت بەکایەوگاڵتە نێوبردراوە! بەلام دەگونجی لە ڕاپەرینیشیخ سەعیدلە سالی ١٩٢٥ وە لە بزووتنەوەی ئاڕاڕات لەسالی ١٩٣٠ وە هەروەها لە هەلستانی دەرسیم لەسالی ١٩٣٧ بەچاکی نێو ببردرێ.

ئاکاری بەتینی ئەو قارەمانانە زۆرجاران بەهان وتینەدانی ئاکاری دیپلوماتە ڕامیارەکانەوە ڕووانگە یەکی خەمبارانەی بۆ لیدەرە کوردەکانی قوستەنتەنیەی بەدیهێناوە ،وە بە سەرهاتو، سەودا گەری تێدا بووە.

١ ــ ڕاپەرینی شیخ سەعید

لە ١٥ی فیوریيەی ١٩٢٥ دا "هەوال دەری ئاناتولی، بە کورتی ڕای گەیاند کە! بە سەرهاتێک لە گوندی پیران لەنزیک ژەنج، لەبەینی ژاندارمەکان ،وە ٥٠کەس لەپیاوەکانیشیخ سەعید[1] ڕووی داوە، وە دوو کەس

ژیانی شیخ سەعید : شیخ سەعید کوڕی شیخ ــ عەلی وسالی ١٢٨٥ی کۆچی لەدایک بووە، دانشتووی دیسی (کلدار) بووەلەپاشان چووە بو (پالو) کەیەکیکە لەدێیانەی سەربە ناحیەی (منشی کورد)ە لە تورکیا کەئەم ناحیەیەش سەربە ولایەتی (گەنج)ە. باپیریشیخسعید کە (شیخ علی) بووە تەریقەتی نەقشبەندی (مەولانا خالید) وەرگرتووە، لەشەرع ودینداا زانایەکی دەست بالا بووە، وەهەرلەزەمانیباوکیادەستی بەبلاو کردنەوەی دین وارشادات کردووە. وە لە هەلبەستدا دەستیکی بالای هەبووە، هەلبەستی بەکوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی ووتووە. ←

بقیه زیرنویس صفحهٔ قبل

دوای ئه‌وه‌ی که باوکی له‌سالی ۱۳۱۶ی کوچی‌دا ، کوچی دوایی کرد ، شیخ سعید بووه جێ‌نشینی .

شیخ‌سه‌عید (۱۲) زانای گه‌وره‌ی بووه که له‌ژیره‌ده‌ستی خویدا زانیاری دینیان ته‌واو کردوه ، وه‌نزیکه‌ی (۶۰) هه‌زار ده‌رویش و خلیفه‌ی هه‌بووه ، وئه‌مانه‌گشتی له‌ژیر فه‌رمان و چاودیری خویدا بوون وله‌قسه‌ی‌نه‌چوونه ته ده‌ره‌وه .

شورشی شیخ سه‌عید : پاش شه‌ری جیهانی یه‌که‌م میلاتی کوردی‌ش وه کو میلله‌ته‌کانی‌تر بیری‌له‌سه‌ر به‌ستی‌و ئازادی ده‌کرده‌وه ، وه‌پوئه‌مه‌ش چه‌ند کومه‌لیک و پارتی سیاسی دامه‌زرا به تایبه‌تی له‌کوردستانی تورکیه وه‌کو : کومه‌لی (هیوا ــ هیفی) که روژنامه (روژی کورد) یان ده‌رئه‌کرده کومه‌لی ژێک خراوی کومه‌لایه‌تی‌کوردستان) وه‌پارتی (میلله‌تی کورد) کومه‌لی (خویبون) وه‌کومه‌لی (بلاوکه‌ره‌وه‌ی زانیاری) وه‌گه‌ل کومه‌ل وپارتی . . . یه‌کیک له‌وشۆڕشانه که له تورکیه‌دا برپابوو شورشی شیخ سعید بوو . شیخ له‌ناوچه‌ی (گه‌نج) داخوی کوکرده‌وه ، وه به هه‌موو لایه‌کدا هه‌والی بلاو کرده‌وه که نابێ به‌رامبه‌ر به‌م نارەوایه که به‌میلله‌تی کورد ئه‌کریت ده‌سته‌وسان بوه‌ستن وگوی نه‌ده‌نی به‌لکو ئه‌بی مافی نه‌ته‌وایه‌تیمان بسێنین وله‌مه‌بی‌ده‌نگ نه‌بین و داوای له‌هه‌موو سه‌رکرده‌کانی کورد کرد که ئاماده‌بین‌بۆشورش و نامه‌شی نووسی بوئه و سه‌ربازوئه‌فسه‌ره‌کوردانه‌ی‌که بڕاوی پێ ئه‌کردن‌وکه له‌سوپای‌تورکیا دابوون‌که‌ئه‌وانیش به‌شداری ئه‌و شورشه‌بین .

وه‌بوئه‌م مه‌به‌سته له‌شکرێکی گه‌وره‌ی میللی‌پیکه‌وه نا به‌سه‌روکایه‌تی خوالی خوش بوو) خالد به‌گی جبرانی) که‌له دوایدا به‌ده‌ستی تورکه‌کان کوژرا .

شیخ‌سه‌عید له‌گه‌ل سه‌رکرده‌کانی کورد و خالد به‌گدا شوینی شورشه که‌یان نیشان کرد که شاری (گه‌نج) بوو که له‌ڕۆژی ۲۱ ــ مارس ــ ۱۹۲۵دا شورشی به‌رپا بکه‌ن به‌لام بـــه‌رلـــه دووحه‌فته‌پێش شورشه‌که‌یانی‌له ۷ ــ مارسی ــ ۱۹۲۵ دا هیندی له‌مریده‌کانی شیخ له‌ناوخویانداتیک چوون و نهێنی ئه‌م شورشه‌به‌ئاشکرائی که‌وته چنگی تورکه‌کان وه‌حکومه‌تی تورکیه به‌یارمه‌تی ئیستعماری فه‌رانسه هه‌موو هێزیکی خوی‌خسته‌کاروله‌شکریکی

لەژاندارمەکان کوژراون !

لە ۲۳ی فیوریيەدا ڕۆژنامەکان نووسیان کەئەو ڕووداوەیە زۆر سووک وچووک نیە، بەلام وا بەستەی‌نیزامی ئینگلیس لەشاری قووس تەن تەنیە دا'وای گومان برد کە حکومەتی تورکیە ئەوکارەی گەورە، دەکاتەوە، وەڕنگی سیاسی ناوخۆ پێدەدا، ئەوەش مەبەست بە دژایەتی‌لەگەل دووژمنانە ــ یان بو سەرکوت کردنو، مات کردنی ئەوان. ۱

لە ۲۴ فیوریيەدا وەزیری ناوخو ڕای‌گەیاند کە لەوناوچە یە دا هەلویستو، نەخشەیەکی گشتی بزوتنەوە یەک تاتاخری‌مانگی مارس بەریوە دەبردرێ، ژمارەی‌پیش مەرگەکانی شیخ سەعید پترلە ۷۰۰۰ کەسن، کە لەنیوئەوان دا هەروەها هەڵاتووی پەنابەری‌نیزامێکی زۆری‌تێدایە.

هێندێ لەروژنامەکان دەیان نووسی کە بریتانیای گەورە بە شوڕش گێڕەکان یارمەتی دەکات! روژنامەیەک بە نێوی وەتەن، ڕای‌گەیاند کە ئەوکارەساتــە لەبنەڕەتدا لەسازمانێکی خراپ سەرچاوە دەگرێ کەخەریکی بەربەرەکانی‌یە.

لە ۲۶ی‌فیوریيە دا روژنامە کە نووسی کە تەواوی ناوچە کە لەژیردەستی شوڕش گێڕەکان دایە. حەرە کەتو، ئاکاریان سەرچاوە لە دین و مەزهەبە: ڕابەرەکەی پیاویکی تاجدارە کە لە پادشایەتی ئیمپراتوریيە کە نیوی شازادە سەلیم ،وەیە کیکە لەکوڕانی سولتان حەمید!

ئینجا لە سەرئەو هەموو هەواڵ وخەبەرانە کە لەبارەی ڕاپەرینی شیخ سەعید دا دەدرا، هیچ‌پیاوێکی ڕامیاری ئوروپائی، یان روژنامە نووسێــک نەی‌تووانیوە وەیان‌نەچووە کە دیتنێک لەو ڕووداوەیە بکات وە تەنانەت لەماوەی سێ‌سال بزوتنەوە کە ــ روژنامەکان بەمەیلی خویان دەیان نووسی، وەئەوەی

زیرنویس صفحهٔ قبل

گەورەی زیاترلە (۲۵)هەزار کەس‌کوکردەوە ولەڕێگەی (سیواس وارضروم وقەراغی بەحری‌ڕەش) وە هەندیکی تری‌لەڕیگەی ئاسنی بەینی بەغدا. حلب وە نارد، وەئەم هیزی تورکە لەگەل لەشکری شیخ‌لە(دیاربکر) داکەوتەشەڕوەلەئەنجاما لەشکری شیخ‌شکا، شیخ ودکتر فواد و (۵۶) کەی ناوداریان‌گرت لەوانە (۴۶) کەس‌کوژران، وە لەویدا لە ئوتی ۱۹۲۵ لە داردران.» م-ا


کوردستانی تورکیە
سنوری ناونە تەوەئی
چوم
مقیاس کیلومتر ١٥٠
0 50 100 150kms
ئەرزنجان
ئەرزەروم
ئاگری
کیوی ئارارات
خنیس
گیژی
دەرسیم
بایزید
ماکو
مەلازگرد
بنگول
بولانیک
پالو
خارپوت
موش
سیوان
ئیران
بەحری وان
وان
مالایتا
پیران
بیتلس
ئارگانا
دیاربەکر
سی ایریت
تیگر
فرات
سیویریک
چرناک
جەکاری
شەمرینان
ماردین
ئاجەزیرە
اورفا
عراق
سوریە

کەمەعلومو، ئاشکرایە، ئەوبزوتنەوەیەبەچاکی ڕووون نە بۆ تەوە وە وە ک گاڵتە نێوبان بردوە بەلام هەرچونێک هەیە گوتراوە کەئەو ڕاپەرینە هەستی بووە..

۲ ــ شیخسەعید :

بەڕاستی دوورلە عەقلو، زانستی هەرمرۆڤێکی کوردە کە لەبارەی کەسێکدا کە زەمانێک لە بەرانبەر حکومەتی تازەی مستەفا کەمال ڕاوەستابێوە خەباتی نەتەوایەتی کردبێوە کاری لەحکومەت شێواندبێ، پێبگوترێکارەکەی وێگاڵتەو، کایەبووە!

تەمەنو، سال و ئەندامو، باڵاو، سەرو، ڕوو، دیمەنو، ئاکــارو، کردەوەیوەیهێستا بەچاکی نەناسرا بوو! روژنامەکانی شاری دیاربەکر کە لایەن گری دەولەتی تورکیە بوون، بەجۆرێکی باشرو، ڕاستەقیە ئەوپیاوەیان بەخەلک نەدەناساند. تورکەکان شیخسەعیدیان بەپیاویکی نەزانو، کێوێلکە دەناسی (تورکەکان بە تەواوی کوردی دانشتووی تورکیەیان گوتوە، تورکە کیویلکە ــ وەرگیر.) [۲]

شیخ سەعید مرۆڤێک بوو لەبنەماڵەی شیخی نەخشبەندی، کۆڕی شیخ عەلی، کە لە مەلبەندیپالوودا ژیاون، پیاویکی خوداناسرو، مەذهەبیبوو، خەلکی کورد حۆرمەتوڕێزێکی تایبەتی بوئەو گرتووە، پیاویکبوو، کە بو ئامانجی کوردایەتی تێ کۆشیوە، مەبەستێکیدی کە شایانیباسە ئەوەیە وە بەوپرسیارە وەلام نە دراوەتەوە کە ئەوانەی کە تەنانەت دژی کەمالیکانن بزوتوونەوە بۆچ دەبوو لە ژیانی تال دابنو، لەگەلیان خراب ببزونەوە.

لە را پە رینە کەی شیخ سە عیدش دا هەر بەو جورە لە گەل کوردەکان بەتایبەت لەگەل سەر و کەکان عەمەلیان کردوە. دە گوتری کە کە مالیکان بو سەر کوت کردنی دیش لەو بزوتنە وەیە کە لکیان وە رگرتوە. هەروەها مروقە کانی نەتەوە پەرت کــە لەگەل ڕاپەرینی سالی ۱۹۱۹ (کوری ماژورنوئیل) بوون بە سەروکی سادە ناسراوں، ئینجا یان گیراون، وە یان لە ولات دور خراونەوە.

زورحبی باوەر کردن نیە کە ئەندامانی روناک بیری کورد، وەک دوکتور فــواد دیاربەکریو، توفیق بەگی وەکیل، قایم مەقامی شیخ سەعیدبوبن. ئــەوەی کــە

بریتیە ، عەبدول قادری کوری شیخ عوبەی دیل لا کە بوو بەقوربانی پیلانیکـــــی پولیسی ، لە گشت دا دور لە کردە وە بووە .

تەنیا راوتە دبیر کەری خاترجەمی شیخ سەعید خالد بەگ سەروکی عەشیرەتـــی جیرانلی (سەرهەنگی قەدیمی رژیمی حەمید پادشا) وە سەرهەنگ نیوریس بوون .

۳ ــ لە تە دارەکی شورش دا

بەسەرهاتو ، شۆڕشی خەمباری شیخ سەعید لەمانگی نوامبری ۱۹۲۴ ڕا دەستی پێکرا : واتە لە شاری دیاربەکرە وە چەن سەد سوواریکی وی بە قە سدی وەی کە سەرێک لەجیرانەعەشیرەتەکانیدەدا وەڕێ کەوتن . بەباشی دیار بوو کە پیاویکی وا مەزهەبی ، بەڕێزو ، خاوەن قودرەتو ، دەولەمەند کە ئەو حەڕە کەتەی دەسی پێ کردوە ، قەت دەولەت گومانی وەی ناکا کە لێێ دردونگ بی و ، دژی ئەوکاربکات [۳] ئاکارو کرذە وەو ، نفوزی شیخ کە لەناوچە کە دا ئەسەری هەبوو ، بەو حەرە کە تەپتربوو ، وە بەبێ ئەوەی کە لێێ مەشکوک بن دەستی بە را گەیاندنو ، پڕوپاگاندی خویی کرد .

ئینجا تویژەکانو ، جوتیارو کرێکارەکانی کوردی لەدییەکان دا ڕوون کروەوە ، وە مەبەستی دووژمنایەتی دەولەتی ئانکارای لە گەل خەلکی کوردی بۆشەرحدان ، وە وردە وردە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی ناوخوی کوردستان بۆکردن ، وە خەبات وبەربەرەکانی ڕا بردووی کوردەکانی بو بەهەستهینانی مافی سەربەخوئی وەبیرئەوان هێناوە .

مەبەستو ، دەلیلیوەپێش کە وتنی شیخ سەعید لەو ئاکارو کردەوەیە بە چاکی ڕوون بوو : لەبەینی ئیمزا کردنی پەیمانی لوزان ، وە بە تاڵ بوونـــی خەلافەتی عوسمانی ، حکومەتی تازەی ئانکارا تەسمیمی گرتبوو ، کە دژی کورد هێندێکار بکات ــ ئینجا دەستی بە بە ستنی قوتاب خانەکانو ، مەدرەسەکانکرد ، وەقسەکردن ووتو ، وێژی بەزمانی کوردی قەدەغە کرد ، سەروکە کوردەکانی لەولات دوور خستەوە .

جگە لەوانە دەولەتی تازەی ئانکارا لەبارەی کوردستان دا مەبەستو، گومانی دیکەشی هەبوو کە دەیەویست یەک بە دووای یەکێ دا بە ڕێوەی بەرێ، واتە وازی ئابوری ولاتـی کوردستانی تێکدا وەخەلکی بە چارەڕەشی و، کوێرە وەری کێشا، وەهێنای ناوچەی کۆنی شاری سنجاقی لە ژێرئەیالەتی "والیس" دا دانا کە بەراستی ئەو ئاکاروعەمەلەدژانەی کە دەیکرد وە لە بارەی کورد دا بە ڕێوەی دەبرد، زۆر خراپتر لە دەورەی ئمپراتوری عوسمانی بوو.

سەرئەنجام حکومەتی تورک لە کردەوەی ڕامیاریوە بەکاری جوتیـــارە دێیەکانی کورد تەواوی، کوتائی پێدا وە مەسەلەی (تورک کردنی) ولاتـی بە دانی زەوی سەربازەکانی تورکی قەدیم واتە ئەو زەویو، سەرزەمینانەی کە ئی هەرمەنێکان بوو، وە لەولات دوورخرا بوونە وە، وە یان قەلتو، بڕو، ئیعدام کرابوون وە هەروەها زەویـو، زاری کوردەکانێکی کەهەلا تووں، وە یان لە ماوەی شەری هەوەلی جیهانی دا لەولات، دەرکراون و، دوورخراونەوە، حەل کرد

۴ ــ "دەستی" ئینگلیسیکان

شورشی کوردستانی تورکیە کاتیک دەستی پێکرا کە ئەندامانی نەتەوە یەک گرتوکان دەیانەویست لەسەرمەسەلەی ناوچەی موسل وە سنووری عەراق و، تورکیە کە دەگەڕێتەوە بو موسل، راو، تەدبیری لەسەربدەن!

بومستەفا کە مال بەباشی ئاشکرا ببوو، کە ئەو شورشە دەستی ئینگلیسی تێدایە! وەدەی گوت! ولاتـی تورکیە لەمەترسی و، خەتەر کەوتووە، کوردەکان لەلایەن ئینگلیسەوە هان دراون و، لە پشتووانی ئەوان کە لک وەردەگرن... هاوکات لەگەل ئەوکارە ساتە روژنامەکانی تورک بە ئاشکرائی دەولەتـــی ئینگلیسیان بەوە تاوانبار کرد کە یارمەتی گەری کوردەکانە. ۴

دەگونجێ بڵێن کە بەچاکی ڕووں دە بیتەوە کە ئەگەر ئینگلیس لەو ساتەو، دەمەدا کوردەکانی یارمەتی دەدا، دەست لەلایەنگری لەتورکەکانیش هەلناگری، دەساپیتر لەو دووکارە مەبەستی ئەوەیە کە بتوانێ ئەرکێکی گران لەسەر شانی ئەوان دابنێ، وە ناوچەی نەفتی موسل کە کوردەکان لە دەروازەی وی دان رزگار بکات، وە تەنیا حکومەتی تازەی تورکیە لەمەلبەندی خوی دا کە بۆیی دیاری

کراوە قەناعەت بکاو، رازیبێت ۵ ئینجا لە رووانگەی پیاوانی ڕامیاری وە ئەوکارەش بە دووایدا بوون. لەشاری قووس تەنتەنیە، ئالبێرت ساروڵت بالوێزی فەرانسە رای گەیاند کە، لەمەحکەمەی جیهانی داهێستا ئەو مەسەلەیە لە دەستوری ڕۆژدا دانەندراوە، بەچاکی خوتیوەردانی ئینگلیس دیاری نەکراوە.

لەئاکاما ئینگلیس ئاگاداری دا کە ئەگەر دەبیندرێ لەناوچەی موسل دا ئەو کارەساتە بەریوە بردراوە، زیاتر دەستی تورکەکانی تێدایە، ئەویش مەبەست بەوەیە کە لەناوچەی موسلدا کوردەکان سەرگەرم کەن تانەتووانن بە ڕاپەرینەکەی دیاربەکرو، وان یارمەتی بدەن، وە لەنەتیجەدا ئەو ڕاپەڕینەی تێکبشکێنن. ۶

۵ ــ نەخشی شورەوی

۷ ئینگلیس ڕای هێنا بۆ سەر ئەوەیکە خالد بەگجیرانلی لەگەل قونسولی رووسەکان لەوورمێدا پیش شورشەکە چاو پێکەوتنیتکی هەبووە، بەلام ولامی مەنفیوەرگرتووە.... وە ئەو چاوپێ کەوتنە دیاری نەکراوە کە ئایا ڕەسمی بووە، یان عادی و مەعمولی.

ئینجا هەرچیێک بی، دەولەتی ساوای سوویەت لە روژنامەی "ئیزوێسیا" دا ڕای گەیاند دژی شورشی شیخ سەعید کە پەرەی پێدراوەو، گەورەبووە، شورشێکی دەرەبەگایەتیو، فئودالیتەیە، وەشیخ سەعید بەراستی بۆتە قوربانی قودرەتەکانی غەرب، چوونکە زۆر بەباشی روون بۆتەوە کە ئینگلیس لەو شورشە پشتیوانی دەکات، وە ئەوە لە ڕاستەقینەدا دژی ڕاپەرینی کوردە، وەلێرە دا ئینگلیس کوردەکانی هان ویتن داوە. ۸

۶ ــ کاتی پیاوە گەورەکانی کورد لە شارەکاندا

دەسا لەبەینی خەلکی شارەکانو، دێیەکان دا نێوان ناخوشیانلیوەدیارکە وتو، لەیەکتریان هاندان. لەدیاربە کردا هێندێ لە گە وڕەکانی کورد لەدەو ڕووبەری کەمالیێکان کۆ بوونەوە! یەکیک لەوانە پیرنجیزادە سدیق سەروکی پارتی خەلک، وە سێ پیاوی دی کە نوێنە ڕەکانی شاریئانکارا بوون کۆ بوونە وە یەکسان

پێک هێنا کە بریتیبوون لەوانە: پیرینجی زادە فەیزیبەگ، وەزیری پێشووی ناوخۆیتورکیە، مفتیزادە شەرەف، وەزولفیزادە.

بەلام عێلی جەمیل پاشازادە کە لەنهێنی دا لەگەڵ پیلانی ناوخۆ دەستی تێدا بوو، وە نەیدەویست بە تەواوی لەگەل شۆڕشە کە هاوکاریبکات. قاسم برا گەورەکەی هەروەها تاوانبارکرابوو کە لە سالی ۱۹۱۹دا لەگەل دووژمن هاوبەشی هەبووە، وە بوشاری قوستەن تەنیەیان ناردبوو.

ئینجا یەکیک لەسەروکی عێلەکەبەنێوی ئەحمەدبەگ هاوڕێی لەگەل شەڕ کەرەکانی، دژی شۆڕشی شیخ سەعید لەگەل هێزی مستەفا کەمال کەوت، وەلە دییەکان داهەڵمەتی بو کوردەکان دەبرد.

۷ــ سەرەتای شۆڕشو، هەڵستان

هێندەی پێ نەچوو کە ۱۰۰۰۰ پیاوی چەکدار کە هەموویان "گیانو، مالیان" لە پێناوی شیخ سەعیددا، دانابوو، وە ئامادەی شەڕێ ببوون لەدەورەی کو بوونەوە. بەلام ئەوهیزە چەکیان تەنیا شمشیرو، نیزە بوو! هەوەلین رووداوە کە لە نێوەراستی مانگی فیوریە دا وەدیهات.

بەشوێنی بە رەنگاریک لە پیران لە ۱۳ی فیوریەی ۱۹۲۵ لەگەل پێش مەرگەکانی شیخ سەعید، ئینجا سەروکی هێزی فەرماندەری ناوچەی دیاربەکر ۵ هەنگی نیزامی کە زور کوک وتەیار بوون، لە بەرانبەر کوردەکانیدا رازاندەوە، رایگرتو، پاشان بە شەڕی دان.

لە ۲۲ی مانگی فیوریە دا هەوەلین دەستەی بریندارەکانیان کە هیناوە دیاربەکر، ئەوان زور بە مەترسیو، هەراسەوە چونایەتی شەڕکەیان لەگەل کوردە شۆڕشگێڕەکان دەگێڕاوە، وە گوتیان کە ۵ هەنگی نیزامیئیمە قەلتو، بڕ کرانو، لەنێو چوون!

لە ۲۴ی فیوریە دا لە بەرانبەر ئەو ڕوو داوەقورسەدا، هیزی ناوەندی لە شارەکانی دیاربەکر، وە مەئمورەتولعەزیز، (خارپـوت) وە ئورفا چەن مرۆڤێکیوەک جەمیل پاشازادە ئەکرەم، وە دوکتور فووادی گرتو، لەبەندی خانەی کرد.

۸ــ گرتنی خارپوت

لە ۲۶ فیوریەدا هات و چۆی لەبەینی دووشاری دیاربەکرو، خارپوتبڕا وە شورشگیرەکانی شیخ سەعید هاتنە نێوشاری خارپوت... خەلک شاریان زور زوو چول کرد بوو، وەنەیان دەزانی کە چون هیزی دەولەتی کە خـــاوەن ئەسلەحەو، سازوبەرگێکی زور بووە، شاری بەجی هێشتووە، وەیانشکاون. بەلام هەر لەوکاتوساتە دا تەواوی ناوچەی شمالی دیاربەکر لەگەل ئارگانا، پالوو، پیران، مەئورەتوولعەزیز کەو تە وە ژیر چنگی شۆڕشگێڕەکان.

بە ووتەی روژنامەی دەولەتی جمهوریەت، ژاندارمەکانو، هیزی ناوخوئی ئەو ولاتانـــە وە هەروەها تاقمی محەللیهاتنە بال هیزی شورشگیرەکان، وەیان هەلاتن: حکومەتی ناوەندیئانکارا بەراستی سەری لەو کارە سوورما بوو، وە ترسێکی گەورەی لی پەیدابوو. ۹

۹ــ گەماروی شاری دیاربەکر (۴ تا ۷ی مارسی ۱۹۲۵)

لە ۲ی مانگی مارس هیزی شیخ سەعید چەن سەعاتیکی زیگابۆ دیار بەکر نەمابوو، خەلکی شاری لە لایەن هیزی دەولە تێوە لە ۲۷ی فیوریەدا بێچەک کرابوون. لە ۴ی مارس کە شار لە لایەن شورشگیرەکانی شیخ سەعید گەمـــارو درابوو، فەرماندەری هیزی دەولەتی ۲۰ توپی لە دەو رووبەری دیوارو، قەڵای شاری دامەزراندبوو، وە تەواوی مەدرسەو، سەربازخانەو، نەخۆش خانەکان، چۆل کرابوون. دیواری شار لە زور جیگایان لە سەر دەروازەی ریگاکانی، "پیتە ختی" کوردستان بە سمیتی داڕژترابوو. هیرش لەنیوە شەوی ۷ی مارسدا دەستی پێکرا، وەلەلای دەروازەی خارپووتەوە بوو.

کوردەکان لە سەنگە رەکانیان هەل قەندرانو، زە رە رووزیانێکی گەورەیان لێ کەوت... ئینجا دووسەعات بەکاتی بەیانی دەستە یەکی دووسەد نەفەری کورد لە دەروازەی ماردەنەوە هێرشێکی تازەیان بردە سەر تورکەکان، وەهاتنە

نیوشاری، وەتاقمێک لەسەر بازەکانی تورکیە کە لە پۆستی قەراغ قە ڵای شاری دابوون، قەلتو، بڕ کران، بە دووای ئەوە دامەبەستیان ئەوە بوو کە پشت لەسەربازە تورکەکان بگرن، بەلام لەنەکاو تاقمیکی سووارەی تورکان گەیشتنێوە کوردەکانی بلاو کردو، لەکوچەکانی شاری کردن، وە لەکاتی سەری بەیانی وردە ــ وردە کوردەکان کە ماندوو، شەکرت بوون دەسیان لەشەر کیشاوە، وەپاشەکشەیان کردو، هاتنە قەراغ چومیدیاربەکر. چەن سەد سەربازێکیتورک لای سەرووبان گرت بوو، وە لە پەناگایەکی زورقایم دا جبێگیر ببـــون وە سەنگەریان لێ دابوو.

ئینجا ۶ تا ۸۰۰۰ شۆڕشگێڕی کورد، دیسان دەسیتان بەهێرشو، هەڵمەت برد! بۆ شیخ سەعیدئەو شەڕە زور بەنروبایخ بوو، شکانو، نەمانی یەک بوو، هەنگی تازەی شەرکەریتورک بە یارمەتی تورکەکان هات. لە ۸ی مارسدا لە کوچەکانیشار دا زۆربەی پیاوی چەکدارەکانی کورد کە لە شەڕی نیوەشەوێدا کوژرابوون، کە لاکیان دەدیترا. بەشوێنی ئەوە دا تەواوی خەلک لەنێوە ڕاستی شاری دیاربەکر کۆ کرابوونەوە، وەهەروەهالە مالان دا لە کوردەکان دەگەڕان. چەن سەد کە سیک لەکوردی (زازا) تاوان بارکرابوون کە لەگەل شورشگیرەکان هاوکاریان کردوە! بەلام بەپیچەوانەی ئەو مەبەستە لەشاری ئانکارا وەقوس تەن تەنیە وا بلاو بۆوە کە ئیتر ئەوانە هیچ یارمەتێکیان بە شورش گیڕەکان نەکردوە، بەلام تورکەکان هەر لە پەڵپو بیانوو دەگەران تاکوردەکانی نیو شار لە پەشێوی و شپرزەئی دابنێن.

لەئاکامدا لە شەوی داهاتوو دا لە شاری دیاربەکر، هەردەنگی تفەنگ دەهاتو، بە کوردەکانیانەوە دە نا تا لە شاری هەڵێنو، بچتە دەرێ.

۱۰ ــ گەورە بوونی شۆڕشو، سەربزێوی

لەروژی ۱۰ی مارس شێخ سەعید کە لەنزیکدیاربە کرهیزی خوی ڕاگرت بوو، لەنەکاو گەڕاوە بۆشمالو، ڕۆژئاوا، زۆر بەباشی و ئازائێ وە شارەکانی سولیوان، هازرو، ئارگاوە چیرمیکی گرت، وە بولای سیویریکەی چوو. لەنێوە ڕاستیمانگی مارسدا کوردەکان تەواوی ناوچەیکوردستانیان داگیرکرد، وە بۆلای

روژئاوای بەحریوان هاتنە خوواریێ،وە سەرئەنجام تەواوی ناوچەکە لەبەردەستی لایەن گرەکان و هیزەکانی شیخ سەعید دابوو. دووای پاشەکشەپێکردنی قشونی تورکەکان کە "دژی هێرشیان" دەست پێکردبوو، تورکەکان ئەوجارشـــاری بێنگول، کیژیانگرت، وەبۆلای شەرقەهاتن، وەتابولانێک، مالازژیرت چوونە پێشێ، سێرێست وەسیلوانیانگرتوە هیرشیان بو مارون برد! لەلای روژئاواوە پیش مەرگەکانی شیخ سەعید تامالاتیا هاتن[10] لەبەرامبەر تورکەکان دا دژی هێرشیان دەست پێکرد. تورکەکان لەو کاتەدا سەریان لی سووڕمابوو، لەئاکامدا حکومەتی تورکیە بوچارە سەرکردنی مەسەلەیکورد لەگەل دەولەتە ئوروپاییەکان بەتایبەت لەگەل دەولەتی فەرانسە خەریکی گفت وگۆی بوو.

۱۱ ــ سازمانی نیزامی بەرگریو، پێشگیری

بەلام پاش چەندیک، مەترسیو، وەحشەت حکومەتی تورکیەی داگرت،وە خوفی پێ نشت. بوچارە سەرکردنی ئەوشۆڕشە، زور بەبێ ڕوحمی بزووتەوە، خەلکی دەکوشت و ئینجا کەمالئەددین پاشای کەیەکیک لەدووساحیبمەنسەبەکانی بەرزی تورکیە[12] کە لەشاری بیرلەن بالۆێز بوو، بە دەستووری ئیدارەی دەرەوەی لەندەنی ئینگلیس، دژی راپەرینی کوردەکان بانگیان کردەوە تا ئامادەی کاربێت. لەهەوەلّیمانگی مارس حکومەتی تورکیە بە شوێنی ئەوەی کەلەسەر ڕا سازماندرا، لەحکومەتی فەرانسەی داوا کرد کە: ڕێبدا کە روژێ چووار قەتاری شەمەنەفەر لەرێی بە غدایەوە بو ناردنی ۲۰۰۰۰ (تا) ۲۵۰۰۰ سەربازیتورک بە سازوبەرگەوە بو سەرکوت کردنی کوردەکان بنێردرێ.

هاوکات لەگەل ئەوە، حکومەتی تورکیا "مەحکەمەی قەزائی سەربەخوی"ی لە ۵مارسدا پێک هینا، وەبە تاوان بارکردنی خەلک خەریک بوو، هەرچەند ئەوکـۆڕە،قەزائیە پیویست بوو لەگەل مەحکەمەی قەزائی ئانکارا ڕاوتە دبیربکات، بەلام سەربەخۆخەلّکی لەدارەداوخێرادەیکوشت. بەشوینیئەوەدا کە عسمەت پاشالە ۹یمانگی مارسەوە، مستەفا کەمالی بە سەرۆک وەزیردانا، بەتەواوی هیزو، قەوەتی خۆیەوە دژی شورش دەست بەکاربوو[13] ئەوکارە ساتە بەدەستی کە سانێک ئەسپاردرا، وە دژی خەلکی کورد بەڕێوە دەبردرا کە زور

زالم‌و، خوین خورو، خوێن ڕژ بوون. لەدییەکان‌دا خەلکیان قەتل‌و، عام دەکرد، بەژن‌و، منداڵیان روحم نەدەکرد[۱۴]. ئینجا وردە ـ وردە هیزەکانی شاری ماردن‌ـ نیان کو کردەوە، وە دەیانەوێست بەریگای سووریەدا بەڕێی ئاسن‌دا بیانبەنە بەغدایە حکومەتی تورکیا لەوڵایە شەوە لەگەل کەم‌بوونی پوول‌وپارە ڕوو بە ڕوو ببوو، کەئەومەسەلەیەش کە مترلەمەسەلەی شورشی کوردەکان‌نەبوو[۱۵]. لە ۱۰ی مانگی مارس‌دا حکومەت داوای ۱۰میلیون لیرەی باوەڕپێکردن (اعتبار) لەمەجلس کرد کە دژی‌شۆڕش خەرجی‌کات

۱۲ ـ ئاکارو کردەوەی نیزامی‌دژی کوردەکان

لەئاخری مانگی مارس ۱۹۲۵ دەولەتی تورکیا دژی جووڵانەوەکە دەستی پێکرد. لەهەوەل‌دا پێشی کوردەکانیان‌گرت کە بو لای ڕوژئاوای بەحری وان ڕایان‌دەن، مەبەستیان ئەوەبوو کە ڕێگای‌هات‌و، چۆیی‌پەینی ئیران‌و، عەراقیان لێ‌ببەستن، کوردەکانیان لەشارەکان وەدەرنان، هیزی کوردەکان پەنایان بۆ کیوە کانی گەنجی برد، بەلام لەوڵایە شەوە، ۱۵ ڕۆژ لەپێشدا هیزی تورکیا لە دیار بەکر کۆ ببۆوە، تالە ۸ی ئاوریل‌دا بە هەرچونیک بێت کاری کوردەکان لایەکی وەلایەکی بکەوێ. شیخ سەعید لە جەبەکتور دا، لەنزیک گەنجی‌وە، لەگەل سێ‌ئاغای‌مرۆڤ‌بوو[۱۶]. وەپێیان وابوو کە شیخ سەعیدلەگەل هاوڕێیەکانی نیوان ناخۆشیان‌لێ پەیدا بووە، **ئینجا توانیان** لەگیری‌بخەن[۱۷]! ئینجا هەوالێ دەرەکانڕایان گەیاند کەتەواوی گرتو کانیکی کە شیخ سەعید لە۵فوجی تورکیای گرتووە، هەموو‌حالیان باشە. (۱۵ ئاوریل ۱۹۲۵)

ئەوەی کە شایانی باس بوو، شیخ سەعید شەڕیکی عاقلانەی دەکرد، مەبەستی ئەوەبوو کە خەلک لەوشەڕەدا کەمتربکوژرێ وە دەیەویست کە بە ئوروپایەکان بسەلمینی کە ئێمە گەلێکی خوێن مژوخوین‌خۆرنین‌و، بەلکو دەمانەوێ‌لەهیمنی دابژێن[۱۸]. بەلام تورکەکان زۆر بەبێ ڕوحمی هەلمەتیان بو سەر کوردەکان‌بردبوو، ودەیانەویست‌بەهەرچونێک‌بێت‌کارەکەی‌ڕاپەڕێنن‌و، تەواوی‌بکەن.

١٣ ــ سەرکوت کردنی شۆڕش

بۆ تێک شکاندنی ڕاپەڕینی شیخسەعید ٣٠٠٠٠ سەربازی تورکی قین ئەستوری بێڕوحمیان نارده ناوچەی کوردستان. لەشاری دیاربەکر لە کورده "زازا" کان کە یارمەتی شیخسەعیدیان دابوو بەبێ ئەوەی کە بزانن گوناح و تاوانیان چیە لەمەیدانی شاریدا پاش نیوسەعات محاکەمە لەپەنای دیواران تیرەباران کران یان لەدار دران خەلکی دانشتوی شاری دیاربەکر مردنیان لەبەرچاوبوو بەوجورە کوشتارێکی زۆریان لە کوردانکرد. ١٩

لە ١٥ی ئاوریلدا چووار مرۆڤی بەناوبانگی کوردی شاریبتلیس کە لەنێو ئەواندا دووکەس بەنێوی یوسفزیا نوێنەری پێشوی مەجلس وە سەرهەنگ پیلید دەدیتران کە بەقەنارەوە بوون لە ١٨ئاوریل دا شیخعەبدلقادر لەگەل شەشپیاوی گەورەی کورد کە هاتبۆە شاری قوس تەنتەنیە گیران تەواوبوونی کاری شیخ عەبدولقادری کوڕی شیخعوبەیدیللا زور خەمبارو بەتەم بوو: پاشئەوەی کە لەسالی١٩١٩دا ماژۆرنۆئیل تەکلیفی لێ کرد کەبگەڕێتەوە، ئەویش نەیسەلماند بەنەمانی تەواو بوو تورکەکان ئەویان بەخەباتگەڕێکی گەورە تاوانبار کردبوو ٦ سال پاشواتە لەئاخری١٩٢٤زاینیدا یەکی لەهاوڕێیەکانی شیخعەبدولقادر لە بەرەنگاریکدا لەگەل تاقمیکی"مەزهەبی" کە خەریکی ووتو، ویژ لەگەل "مودیری کاروباری ژۆژهەلاتی ئیدارەی دەرەوە بوو لە لایەن پاسەوانیکی تورکەوە گیرا! شیخعەبدولقادر بەوە تاوانبار کرا بوو کە لەگەل "شەریف حوسەینی مەکەی" بوپیکهاتن بەیارمەتی ئینگلیسیکان خەریکی ووتو، ویژبووە بەراستی لەوبارەیەدا کە بە چاوقوچاندنو لاپلەسەنی وەدووی ئیگلیسان کەوتبوو بو بە قوربانی ئەوکارە وبەمەرگ مەحکوم کراو لەداردرا

١٤ ــ محاکەمەی شێخسەعید وەئاکاریدووژمنایەتی

لەشاری ئانکاراو، دیاربەکر، کۆڕی دادگای نیزامیتورک کە سەربەخۆ بوو کاروباریخوی دڕێژەپیدا لەدادگای دیاربەکر پاشنەختێک دەنگو، چەلەمەو

ئیددعا ،وە گێچەل پێکردن وەقسەی‌هیچوپوچ ، دوکتور فوواد بەمەرگ تاوان‌بارکرا بەدووای‌وی‌دا محاکەمەی ئەکرەم جەمیل پاشازادە دەستی پێکرا ![20] بەشوێنی ئەودا نوبەی‌شیخ‌سەعیدهات چەن‌دێرێکی نووسراوەکەدادستان‌نووسـی‌بـووی لەئیددعانامەکەی‌دا خوێندیوە وەبریتی‌بوو لەورستانە : شیخ‌سەعید هیچ‌کاتیک‌تەنیا بەبیانووی ئەوەی‌کەمەبەستی‌خەباتی

مەزەبی‌بێ ، هەڵنەستاوە ، بەڵکوشۆڕشی ئەوپیاوە بەچەشنی شۆڕشەکانی بوسنی‌و[1] هێرزگوین‌بووە . وەهەروەها هەڵستانەکەی وەکهەڵستانی سووریەو ، فەلستین دەبێ نێوببردرێ ، وەتەنانەت تاڕادەیەی دەگوترێ کەئەوشورشانەش لەشیخ سەعید "سەرچاوە دەگرێ"

جگەلەوقسانەی کەپییانەوە نووساندبوو ، بەوەشیان تاوان‌بارکرد کە یارمەتی ڕامیاری‌و فکری‌شی لە بێگانەگان وەرگرتووە ! وە دادگاە پێی‌گوت کە تۆدەتەویست وەلاتێکی سەر بەخوی‌پێکەوەبینی ، وەکوردستانیکی سەربەست‌و ،ئازادبەهەست‌بێنی بەلێ تۆ دەبێ تەواوی ئەوکارانە بەئەستۆی‌خوت‌بگری‌و تاوانی‌بدەیەوە ! [21]

محاکەمەی‌شیخ‌سەعید لە۲۸ژوئەن‌ی۱۹۲۵دا دووائی‌هات ، وەلەگەل ۴۰ مرۆڤ لەپیاوە بەرزەکانی کورد ، بەلەقەنارەدان مەحکومکران ، وەتاریـکـو ، ڕوونی‌بەیانی لەداردران بەکوشتنی شیخ‌سەعیدو یارانی‌ئەو ، دەولەتی تازەی تورکیە ،[22] ئینجا دژی لایەنگرەکانی خەلیفەی‌عوسمانی ، وە دژی‌ڕووناکبیرەکان‌و ، کۆمۆنیستەکان ، دەس‌بەکاربوو ، بەتایبەتی کوردەکانی دانشتووی شارەکانی قوس‌تەن‌تەنیەو ، دیاربەکر ، تاقم‌تاقم‌دەگیران وە تاوان‌باردەکران هەروەها ئەوکەسانەی کەلەوشارانەدا دەیانەویست تەنیامافی سەربەخویی‌واتە (سازمانی ئیداری‌و ، لامەرکەزی ، بەکوردان بدرێت ، ئەوانیش گوناح‌باردەکران بەووتەی کاربەدەستێکی ئینگلیس کە گوتویەتی : مستەفاکەمال‌ش ئاکاروکرداری‌دیکتاتوری ئیتالیا واتە موسولینی ڕەچاوکرد ، وەتەواوی ئازادی خووازان‌و ، مافەداواکەرەکانی سەرکوت‌کرد وەتەنانەت تاڕادەش کەدەنگی‌ڕخنە گەرەکان‌شی‌خەفەکردو ، لەناوبی‌بردن [23]

---

(۱) دووڵاتی‌بالکانی‌قەدیم بوون ، کە لەژیر فەرمانی تورکی‌عوسمانی دابوون ، پاش ڕووخان‌و ، لەتوکوت بوونی خاکی عوسمانی ئەو دوو وڵاتە دژی دەولەتی تورک شورشیان‌کرد وەرگیر.

۱۵ ــ پاشکۆیی ڕاپەڕینی شیخسەعید :

لەبەیانیەیەکو ، بڕیارنامەیەکی ڕەسمی دەولەتیدا کەبلاوکراوە ،نووسرا بوو کە شۆڕش لەئاوریلی ۱۹۲۵ بەتەواوی دووائی هاتووە ، بەلام لەنهینیدا ئەوڕاپەڕینە دڕێژەی هەرهەبوو ، وەشەڕی پارتیزانیدژی دەولەتی تورکیەماوەی مابوو لەئاخری مانگی مەی ۱۹۲۵ یەکێک لەپیاوە ڕامیارەکانی فەرانسە ئاگاداریدا کە هەلو ،مەرج لەکوردستاندا نەگۆڕدراوە !کوردەکان بۆ کێوەکان چـــوون تادەس بەشەڕی گریلالائیبکەن ! ئینجاحکومەتی تورکیە پێویستێتی کەلەسەرڕا داخووازی خوی لە دەولەتیفەرانسەبکا کەلەبەینیوەلاتی سووریەو ، بەغدادا ، کەشەمەنەفەر سەربازو ، شتمەک ڕادەگوێزێ ، چاوەدێریو ، پارێزگاریلێبکرێ . لەئاکاما لایەنگرەکانی وەفادار بەشیخسەعید وەک دەروێشەکان کەمو ، زۆر لەناوچەکەدا ، بزوتنەوەکەیان هەرهەبوو ، بەتایبەتلەناوچەی هاجۆ لەمارسی ۱۹۲۶دا کەنزیکەی (نەسیبەین بوو ئەوسەربزێوێ دەدیترا .

۱۶ ــ گەیشتنی پەنابەرەکان بووەڵاتی عەراق

کوردەکانی دانشتووی عەراق هێستا بەباشی لە ڕاپەڕینەکەی شیخ سەعید ئاگا داریانەبوو کە ، کوردە شۆڕشگێڕەکانی تورکیەگەیشتنە وەلاتی عەراق .

لەمانگی سیپتامبری۱۹۲۵تاقمێکلەپەنابەرەکانی مەسیحی وکورد گەیشتنە شاریزاخۆ و دەهۆک،ئینگلیسیکان ۱۰۰۰۰ کەسیان لەمەسحێکان کەلەدییەکانی گویانێو[۲۴] چێڕناک هەڵاتبوون نشتەجێکرد :بەلام کوردەکان لەهەوادا مابوونەوە تاکوکرانەسێبەش ، وەلە زاخو ، دەهوکوە بەرسەیوی لەنزیک سنووردا جێگایاندانی

لەنیوان کوردەکاندا هیندی ئاغاو ،بەگ لەگەڵیان بوون کە ئەوانە بەقسەی تورکەکانیان نەکردبوون کە هەرمەنێکان بکوژن ، هێندێ لەسەربازەکانی هەنگی ۶۲ی تورک وبەهێندێ لەجویتارو ، فەلەکانو ، عەشیرەتەکان کەهەلاتبوون وەلەنیوکوردەکان دابوون ، جیگادران . [۲۵]

١٧ ـ لەسەرکوتانڕا ، تامەسەلەی اِتْنۆسید (لەناوبردن‌وپاک‌کردنەوە)

هاتنی خەڵکێکی زۆری پەنابەری کوردو، هەرمەنی بۆ و لاتی عەراق مەسەلەیەکی گرینگی بۆ دەولەتی عەراق‌و، ئیدارەکانی ناوچەکە، هێنابو پێشێ لەسەرمیزی شامێکی رەسمی لەشاری ئانکارا لەئاخری مانگی نووامبری ١٩٢٦دا کمیسەری عالی ئینگلیس لەعەراق‌دا سێرهانڕی دابس، ئەو پرسیارەی لەوەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە تەوفیق‌رەشیدبەگ کردو، پێی‌گوت: جگەلەوەی کە تورکەکان نایانەوێ کە پەنابەرەکان دووبارە ڕێ‌داتەوە، ئایا دەشی‌وێ کە کوردەکانی ناوچەی ئاناتولی‌ش لەو.لات دوورخاتەوە، واتە دەیەوێ‌کە ئەوکارەساتەی کە بە سەر یۆنانێکان‌وە هەرمەنێکانی هێنا، بەسەر کوردەکانیش بینی[٢٦]! وەزیری دەرەوەی تورکیەپاش‌چەند حەوتوێک کەدووبارە ووت‌و، وێژی لەگەل باڵوێزی ئینگلیس کرد وەلامی داوە کە تئۆری‌فلسفی ـ میژووئی، وە هەروەها کاتی ڕامیاری حکومەتی تورکیە زۆربەباشی ئاشکرایە، نازانم سیاسەت مەدارانی ئینگلیس خراپ‌حاڵی‌بوون وەیاگوێ‌بیس‌نین! سەربەخوئی‌گشتی بو خەلکیک کە میلیونێک پیترنین، وەیان، پیک ناینەوە(کاتی ئالبانی) سەر ناگرێ کوردەکان هەردەبێ‌بەوچەشنە مەحکوم‌و، چەوساوەبمێ‌ننەوە.

لەکاتی ئێستادا کوردەکان لەچاو تورکەکان فەرهەنگ‌و، ئابوریو، ڕامیاریان زۆر لەپاشە، وەئەندامی ڕامیاریان‌نیە ئینجا "وەک هندوکان‌ی‌ئامریکا، وەیان پێ‌ست‌سوورەکان کەلەگەل‌ئەوانی دیکە بەرابنەرنین.دەگونجێ بڵێن کەتورکەکانی دانشتووی ناوچەی کوردستان زۆر زاناترو بەفەرهەنگترن. سەرەڕای ئەوە تەواوی دانشتووانی کوردی‌تورکیە لە ٥٠٠٠٠٠ کەس زیاترنین کە گەلێ‌لە کوردەکانی ئیران‌و عەراقیش کەهاتوونە نێویان تێکەڵ بوون، وەبەکورتی دەگوترێ کەئەو کوردانە لە ئادابو، روسم‌و، تەممەدن دوورن. ٢٧

سەرئەنجام پاش‌چەن‌مانگێک کە ڕابووارد حکومەتی تورکیە یاسایەکی وەدەرخست (یاسای ژمارە ١٠٩٧ لە ١٩ی ژوئن‌ی ١٩٢٧) کە بەدەولەت ڕێگاو، ڕێ‌دەست دەدا، سەبارەت بە مەبەستی نیزامی‌و، کۆمەڵایەتی، لەناوچەکانی

باشوڕیوە نیزیک بە ۱۴۰۰ کەس کورد لەگەل کەرو کاریان بۆ ناوچەی باکوری، دوورخڕینەوە، وە هەروەها بەوە مەحکوم دەکرێن کە کاری‌قورسرو، پڕ زەحمەت" بکەن دووسال پاش شورشی شیخ سەعید دەولەتی تورکیە لەناوچەی کوردستان‌دا هێستا کوێرەوەری‌و، دەردی‌سەری زۆرمابوو، لەناوچەی‌باشوری بۆباکوری‌ڕا تابەحری وان، ۳۰۰۰۰ پولیسرو، نیزامی تورکیە نەی تووانی و لاتی کوردستان بەچاکی‌هێمن‌و، ئەهوەن کاتەوە،[۲۸] جالەوەی دەگەڕا کە بەیارمەتی ئیران کارو بزوتنەوەی کوردەکان لەسنوورەکان‌دا تەواو بکات وە کۆتائی پێ‌بێنێ، چونکە بەراستی بەتەنێ بوخۆیی نەی‌دەتووانی کاری‌کوردەکان تەواوبکات. [۲۹]

فەسلی ۵

کۆماری کوردی ئارارات (۱۹۳۱ ــ ۱۹۲۷)

۱ ــ پێک هاتنی "خوێبی بوون" مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گشتی

بەهەست هاتنی کمیتەی کورد بەنیوی (خویبی[1]بوون) زور بەچاکی ئاشکراو ڕوون نیە یەکێک لەدامەزرێنەری ئەوسازمانە دەڵێ کەلەبەهاری ۱۹۲۷ دالە داوێنی کێوی ئارارات چووار ئەندامی بنەڕەتی نەتەوایەتی کورد کە بریتی لەچووار تاقمی "کوردستان تەعالی"، کوردستان تەشکیلات"، "کوردمیللییەت"، وەکمیتەی ئیستقلال بوون ڕاوتەدبیریان هێنا سەرئەوەی کەهەرچووارياں ببنەیەک وەبنکەیەکی ناوەندی بەنێوی "خوێبی[2]بوون" پێک بێنن. خویبی‌بوون بەنیوی "کمیتەی بەڕێوەبەری ئەجرائی" هەتا هاوینی ۱۹۲۸ کانگای ئالێپ بوو بەلام دەولەتی فەرانسە لەویی ڕادان، پیاوە بەنرخەکانی کوردی قوستەنتەنیەش لەکۆ بوونەوەکان‌دا بەشداریان دەکرد وە بەتابیەتی (نەوەی) بەدرخـــان: چەلالەت بەدرخان، کەیەکێک لەکوڕەکانی عەلی‌بەدرخان بوو، وە ئەندامانی وەک براکانی کامران‌و، سوڕەیا بەدرخان، وەمەمدوحسالم‌بەگ، وەشاهین‌بـــەک لەکۆنگرەداهاوبەشیان‌دەکرد. ئینجا خویی‌بوون لەوئە ندامانەیکە لەسەرەوە نیۆبران پێک هاتبوو، لەئاکام‌دا وا وەدەردەکەوێ کەئەو کۆبوونەوەیە لە بێحەمڕۆن لەلیبی بەڕێوە چووە، بەلام بەشوێنی ئەوە داچوون ئاکاروکردەوەی نیزامی لەکاتی کۆبونەوەکەدا لەکوردستانی‌تورکیە دەهات دەستی پێبکرێ، کۆنگرە کە ڕاوتەدبیری هێنا سەر ئەوەی کەلەئارارات پێکبێت لەڕاستەقینەدا

ئاکارو، ژەوشتی ئەوکمیتەیە بریتیبوو کە: شکان،وکارە نادروستەکانی ژابردو، وەبیربێنێیتەوە، وە ڕخنەی لێبگرێ تابەلکو لەخەباتی داهاتوودا کارە نارەواکان لەکوردستاندا دووپاتە نەبێتەوە، کارو کردەوەی دروست لەسەرژێو شوێنێکی تایبەتی دەست پێبکرێ ڕاوتەدبیر ئەوەیە کە ژووناک بیرەکان، جوتیارەکانو، هۆزەکان پێکەوەڕێکوپێکبخات، وەبزوتنەوەی دا هاتوو لەسەرنیزامێکی باشو تازە بەڕێوە بەرێ، وەبە شێوەی شەڕی تازە ئاشنایانکات.

خویبوون بەرنامەی ئەوەبوو کە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی، بەچەشنی ئەمریکای لاتین، لەکێوەکانی داگیرکراوی وەلاتی تورکیەکە نێوەرووکەی ناوەندی ژاپەرینەکەبێت، بەهەست بێنێت، وەلەژێرفەرمانی سەرۆکو، ژابەرێکدا، هیزیکی بەقودرەت وتووانا بەهەست بێنێت، وەلەئاکامدا خەباتێکیباش بەڕێوەبەرێ.

سەرئەنجام خویبوون دەیەویست، کە"سەربازە تورکەکان تاسنوور پاشەکشە پێبدات" وەئاکارو کرداریک لەبەرچاوبگرێ کە دووژمن بۆخویی نەتاشی،بەتاییەتی دەیگوت کە کوردیتورکیە لەگەل کوردەکانی ئێران وەک خوشک،وبران، وەئیمەکە خەبات دەکەین هیچکاتێک نامانەوێ لەسنووریئیران ئاژاوە سازکەین، تەنانەت پێویسمانە کەلەلایەن ئێرانەوە یارمەتیمان بدرێتێ، وەدژیمە نەبزونەوە هەروەها خویبوونلە دەولە تانیعەراقو، سوریە داخووازی دەکات کەمافی کوردەکانی ناوخویی لەچووارچێوەی وەلاتانی خۆیاندا لەسەر شوێنو، یاسایخۆیان بدرێ، وە بەچەشنێکبێ کە دەولەتانی ئینگلیسوفەرانسەش بەوە ڕازیبن، وەدووژمنایەتی دەرنەبڕن. وەسەرئەنجام سازمانی تازەپێکهاتووی کورد دەیگوت کەئەگەر لە ژابردوو دا لەبەینی کوردەکانو، هەرمەنێکان نێوان ناخۆشێک هاتۆتە پێشێ، هەردوک لا تاوانبارن،[3] وەدەبێبەوکارە کۆتایی پێبدەن.ئەوەی کەشایو، باسە لەبەینی سازمانی خۆیبوون وەپارتی نەتەوەی هەرمەنی بەنیوی "داشناک" هاتو چۆی زۆر گەرمو‌گوڕ نەبووە. هاوالێکی بریتانیا گوتبووی کە خویبوونبە[4] پاپازیان ئەندامی کوری ناوەندی داشناک ژێی نەداوە کە لەکۆ بوونە وەیەک دا،هاوبەشی بکات، دەنا هەرمەنێکان خاترجەم دەبوون کەلەژێگای تەوریزەوە سازوبەرگی شەڕێ بۆ شورش گێڕەکانـی ئارارات بنێیردرێ ژاپورتی کمیتەی[5] خویبوونی ئالێ لەگەل ئەو تاقمەکوردانە کە لەکاتی خەبات دابوون بەچاکی

بەڕێوە نەچووبوو، لەبەرئەوەی کەکمیتە لەوەلاتی ئۆرووپا دا دەستی بە پەڕو پاگان کردبوو، وەپێی‌وا، بوو کە ئەومەبەستە دەبێتە هۆی ئەوە کە لەڕووحوگیانی شەڕکەرەکان‌دا قودرەتێکی جووان‌پێک بێنێ وەئەوە تەنیا پەیوەندێکە لەگەل دونیای دەرەوە.

ئینجا لەسالی۱۹۲۵وە، شۆڕش لەکردەوە دا لەکوردستان هەرمابوو، وەبەتایبەت لەناوچەی بایەزیدو، ئارارات، بەلام دامەزرێنەرەکانی کمیتـــە ئەوەیان‌دان پێدادینا کەئەو بزوتنەوەیە لەپێش دروستکردنی کمیتە کەدا هەرهەستی هەبوو، وەهاتنی ئیحسان نووری لەوکاتە دا وادیار بوو کە لە نێو ئەوان‌دا بەنێوی سەرۆک زۆر لەبەرچاونەبوو بەڵام لەدەرەوە کمیتەی خویبوون نەخشی یەکگرتنی کوردەکانی بەباشی بەڕێوە دەبرد، وەتەنانەت لەگەل ئەمریکا دەستی دوستایەتی دابوو، وەبەتابیەت لەدیتروادا ئەومەتلەبە بەیان‌کراوە۶"

۲ــ هێرشی گەورە (۱۹۲۷)

دەست تێکەڵ کردن‌و، تاڵووکەو، هەڵەباشی پیاوە ڕامیارەکانی ئیران یان تورکیە وەهات‌و، چۆی‌وان، بەوجورەی دەنووانـد کە لە سالی ۱۹۲۷ زاینی‌دا تەواوی ناوچەی کوردستانی‌ی تورکیە لە ڕاپەڕینێکی بەتین دایە. لەدەوروبەری دیاربەکرو، مدوش، خونین، بوڵانێک‌دا، پیش‌مەرگەکانی شیخ‌سەعید ناوچەکەیان لەمەترسی‌دا دانابوو. هەروەها ناوچەکانی بتلیسرو، کێوەکانی ئارارات لەو ڕاپەڕینەدا بەشداربوون هەوەڵین هێرشی هێزی تورکەکان لەمانگی سپتامبری ۱۹۲۷ دا کە بو لای دۆڵی زیلان دە چوون، شکانێکی گەورەیان خووارد. بەیارمەتی عەشیرەتێکی کە لەئیران ڕاهات بوون کوردەکان، هیزی‌تورکەکانیان، کە ۸۰۰۰ سەرباز بوون لەسەنگەردا خۆیان ئارایش نیزامی دابوون دەڕێنان، وە ۴ توپ، ۳۵ ڕەشاشیان لێگرتن، وە ۱۴ ساحێب مەنسەب‌و، چەند سەد سەربازیان لێکوشتن، یان بەیەخیریان گرتـــن۷ بەوشکانە خوێناویە تورکەکان گەڕانەوە بو دیادین بەشوێنی ئەوشکانە و کشانەوەیە، وەسەرکەوتن‌و، پیروزی

۶) *دیتروا! لە جیژنێک‌دا کە لەدیتروا گیرا بوو دوکتور شیرکو بە شداری هەبووە و قسەی کردوە*

کوردان، دەولەتی تورکیە ئاگادار بووکە عەشیرەتی ماکو یارمەتیـــان داون سەرئەنجام حکومەتی تورکیە ئۆلتیماتۆمی بەدەولەتی ئیرانـدا کە سنووری خوی ببەستێ. وە هەروەها کوردەکان کەلەشەڕدا دەکشێنەوە وەپەنا بوئیران دینن، بێچەکیان بکات. ۸

۳ــڕەوشتو ئاکاری سوویەت

ئاکارو کردەوەی دەولەتی شورەوی لەکاتی شەڕی کوردەکان لەگەل دەولەتی تورکیە لەنهێنی دا بوو، شەڕنزیک بەسنووری ئەوانبوو، ئینجا لەوبارەیەدا وازی ستراتژیکی خۆیان زۆر ڕوون نەدەکردەوە.

دووپەیمانی کەلە سالی ۱۹۲۱ دا یەکیان لەگەل دەولەتی تازەی ئیران، وە ئەوی دیکە کە لەگەل دەولەتی تورکیە بە ستراببوو، بەشۆڕەوی بەهیچچەشنێک ڕیگاو، ڕێدەست نەدەدا، کەخویی لە ڕاپەرینی کوردەکان تێوەردا.

دەولەتی فەرانسەش بەزور مەبەستانەوە دەیدیت کەدانی زاتی سەربەخوئی کوردستانلە ڕووانگەو چاوەدێری ئینگلیسێانە وە زۆر تاریکو، نامەعلومە، جالەکارەکەداشل بۆوە.

وەسەرئەنجام دەولەتی سۆویەت لەمانگی ژوئیەی ۱۹۲۷دا، لەمۆسکۆ بەکاراخانکمیسەری کاروباری دەرەوەی سۆویەتی دەستووریدا کەلەگەل ئارالوف باڵوێزی پێشووی شۆڕەوی لەتورکیە، ئامادەببنکە لەگەل زەکی بەگی تورککە پەیمان نامەیەک کەدژی بزوتنەوەی کوردەکان لەمۆسکۆ ئیمزاکـــــراوە، بە ئیمزای بگەیێنن. ئینجا قەرارادو، پەیمانێکی کەکمیتەی خوبیبوون لەگەل پارتی نەتەوایەتی داشناک بەستبووی، تەنیا بەو جێگایە گەشت کە شورەوی دژی کورد دووژمنایەتی خو ی پیتردەربڕی.

لەسالی ۱۹۳۰ لەکاتێکدا لەوجێگایەی کە شەڕ لە دەوروبەری کێـــوی ئارارات بەگرنگی دەستی پێکرابوو، لەنێو ئەرمەنستانی شۆڕەوی دا نەتـــەوە پەرستەکان هەڵستابوون، وەکوردو، هەرمەنێکانی شۆڕەوی بەشۆڕشگێڕەکانـــی ئارارات یارمەتیان دەکرد، دەولەتی شورەوی لەوکاتە عاستەمەدا چارەی نەما وە بەتەواوی پاڵی وەتورکەکان دا وەپتری لێنزیک بۆوە! لە ئارا سێڕا کە سنووری

تەبیعی شورەوی بوو، هێزەکانی بەگرنگی پارێزگاریان دەکرد، سنوور بەسیمی خاردار دەورەدرابوو، وەسەگ پاسەوانی لێدەکرد، وەهەروەها یاساوڵە سوارەکان زوو ــ زوو دەهاتنو، دەڕۆیشتنو، جغزێکی گەورەیان لەقەراغی سنوور دەکێشا، وەماوەیەکش دەمانەوە بەلام لەسەر ئەوەشڕا نەیان دەتوانی بەچاکی لەسنوورەکە پارێزگاری بکەن.[10] لەئاخری مانگی ژوییەی ۱۹۳۰ دا لەپێش ئەوەی کە هێرش بەرنە سەر ناوچەی ئارارات، تاقمێکی ۵۰۰ سووارى شۆڕەوی گەیشتنە گوندی دەوەلوو، کەنزیکبە ئاراکس بوو، وەلەوێدا دووڕۆژ مانەوە، لەپاشان بەشەو لەبەرچاوان وون بوون.

وا لەخەلکی دێێ ئاشکرابوو کە ئەو سووارانە بە شەو بۆ یارمەتی تورکەکان چوون. ئەگەر بەڕاستی سۆویەت لەشەڕی ئارارات دا دژی کوردەکان هیچ کارو کردەوەیەکی بەڕێوە نەبردبێ[11] ئەما دەولەتی شورەوی بەباشی وازی خۆیی بە بەستنی پەیمانەکە ڕوونکردبۆوە دەگوترێ کە دەولەتی شورەوی بەشوێنی شەڕی ئارارات دا، وە هێندێ هەڵوێستی دیکە "پەردەی ئاهەنین،ی لە سنووری خۆیڕا بەهەستهێنا بوو،وەبەو جورە کاری خۆیی توندو، قائمگرت بوو! [12]

هیرشی دووهەمی تورکەکان لەنوامبری۱۹۳۰دا دژی کوردەکان لە ئارارات دا بەو مەبەستە بوو کە، نێوانی هێزی کوردەکان لەیەکترهەڵبڕنو، بێپچڕن، بەلام نەیانتووانی، وەئەو هیرشە وەک هێرشی هەوەڵ بەقەوەت نەبوو، لەئاکاما تورکەکان هاتنە بایەزید کەزستانێ لەوێدا بمێننەوە ئینجا بۆ هەوەڵین کەڕەت نێو بانگی ئیحسانـنوری بەنێوی فەرماندە، یان "ڕابەرو تە دبیرکەری نیزامی" کوردان وە دەرکەوت. هەرلەو دەمو، جەمەشدا بوو کە کوردەکانی بیتلیس هەڵستان، وە تا دەوروبەی شاری هاتن. [13]

۴ ــ ئیحسان نوریو، هەڵستانی ئارارات

ئیحسانـنوری، بنەچەکەی بیتلیسیە، ماژۆرو واتە ئەفسەری پایە بەرزی تورکیەبوو، گوتراوە کە لەسالی ۱۹۲۵ دا لەشۆڕشی کێوەکانی بۆتان لە بەیتئە شەهاب دا بەشداریو هاوکاری هەبووە، وەلەپاشان لەگەل چەن سەد مرۆڤێک بۆ کێوەکانی ئارارات پەنای هێناوە. لەسالی ۱۹۲۷ دا لەکۆنگرەی کوردانی

"خویی بوون" هاوبەشی بووە، وەلەلایەن "شۆڕشگێڕەکانی ئاگری داغ" وە لەو کونگرەدا بەشداربووە "کانگای بەرهەڵستی" ئارارات لەوکونگرە دا بە هەست هات ،وە بڕیارنامەیان دا کە(پیوستە کوردەکان لە کێوەکانی ئارارات دا کۆببنەوە.

ئەونەخشیەیەو ،کردەوەیە لە لایەن ئیحسان‌نوری وەپێشنیارکرا ، وەلەسالی ۱۹۲۷ وە تێک هەڵچونێک لەگەڵ تورکەکان پێکهات لەسالی ۱۹۲۸ وە ئیحسان نوری بەسەروکایەتی گشتی داندرا کە هێزی کوردەکان ڕێکو ، پێکەکات وە لەسەر ڕێووشوێنێکی باش وەڕێی خات.

کاروکردەوەی ناوخوی درایە دەستی ئیبراهیم پاشا هەسکیتێللو، کە بە (هەسکیتیللو، ناودەبردرا و دەناسرا. ئینجا ئاڵای کوردان هەڵکراو، لەڕێوە وە بەو جورە، کۆماریکی چکۆڵەی کورد بۆ هەوەڵین جار لەکێوەکانی بەرزیئارارات بەهەستهات. ۱۴

۵ــ ئاڕاڕات:

کیوەکانی ئارارات جێگایەکی زۆرعاستەمن، وەلەجیهان دا دەتووانین بڵێن کە باشترین جێیە بوکانگای شەڕی پارتیزانی، بەتایبەت ئاگریداغ، دووقوواللەو، تڕووپکی بڵندو نەوی لەئاراراتی گەورەو، چووکەهیە.جێگایەکی پانوبەرین، بە درێژائی ۹۶۰ کیلومتری چووارگوش وە بە بەرینائی ۱۲کیلومتر بە دریژائی و بەرینائی مەوادی هەیە.بڵندایی قوللەی گەورە ۵۱۵۷ وە بلندایی قووللەی چکۆلە ۳۳۹۶ متــر لەکەفیدەریایەوە.وەئەودووکێوەکە: ،دووایی دەگاتەوە کلکەی سەرداری بلاغ کە بڵندی ویش ۲۴۴۵ مترە ئەوڕۆ لەحالی حازردا سنووریئیران و تورکیە لەوکێوانەڕایە.ئاڕاڕاتی چکولە واتە ڕۆژهەڵاتی ئەوکێوە بەشیخاکیئێرانە ئاراراتی چکولە جیگایەکی ووشکە وەکەلی سەردار ۴۵° درجە بەرەو ،ڕۆژە.بنەڵام ئاراراتی گەورە پەناو پەسیوی زۆر نالەباری هەیە کەپڕەلە تەقتەقە بەردی زەلام زەلام ، وەڕەگی مەعدەنی زۆرە، خووارەکەو پێچەکەیەکی زۆریهەیەکە دەگاتەوە سنووری سۆویەت، وەننریک بە ۳۰۰۰ مرۆڤی شۆڕشگێــڕ لەوێدا لەگەل مالو، مندال، وەئاژاڵو، مەرومالات جێگیر ببون. ۱۵

لەشەڕی جیهانی هەوەلەوە کوردەکانی جەلالی پەنایان بۆ ئاراراتی

گەورە بردبوو، وەتووانی بوویان لەبەرامبەر هیزی زۆرو، ئەرمەنیکان ڕاوەستن وەبەرنگاری بکەن، وەماوەی سێ‌مانگان کە ۱۵۰ کیلومتر لە پشتی جبهەی بوون مابوونەوە، هەلبەت ئەوکوردانە لەسالی ۱۹۱۸ دا کە تورکەکان لەشەڕێ داشکان وچەکەکران، لەویدا جێگیر ببوون. ۱۶

۶ــ ووتو، وێژی سالی ۱۹۲۸

لەسالی ۱۹۲۸دا، تورکەکان لەوەی دەگەڕان، کەهەلو مەرجێک هەڵکەوێ کەبتوانێ لەگەل کوردەکان لەسەرمیزیک بو گفتوگو دانیش: لەپیش دا لەلایەن دەولەتەوە دەیانەویست کەبەچەشنی ڕەسمی یا سایەکی بسەلمێنن کە "ئیعدام هەڵگیرێ" تەقە ڕاوستێندرێ وەفەرمانی لێخوشبوون‌بدرێ وەبڕیاربدەن کەکوردەکان لەماوەی سێ‌مانگان دا بگەڕێنەوە وەلاتی خویان‌وە هەروەها گرتوکانیش لەبەندی‌خانە ئازاد بکرێن.

بەلام زمانی کوردی هەرواپێشی‌لێگیرابوو.

تورکەکان لەهەوەل دا بە سووڕە یابــەگ حاکمی‌شــاری بایەزیدیان گوت کەلەگەل شورشگیرەکان ووتو، وێژبکات. ئەویش لەنامەیەکی دابوو هەسکی تێللو سەروکی شورشگیرەکان ئاوای‌نووسی:

بەڕاستی سەرئەنجامی شۆڕش لەبەرانبەر دەولەتی‌تورکیە بەئاکامێک ناگات ئەوئیش و کردەوەیە (کارێکی عاقلانەنیە!) لەنێو ئێوەدا ئەوەی کە خوێندویەتی دەزانێ کە حکومەتی تورکیە، حکومەتێکی ۶۰۰ساڵەیە، من لەئێوە دەپرسم کە تا کوێستا کە هەزاران کەس کە دژی حکومەت هەڵستاوەتە سەرپێ ئایا پیرۆز بوون وەکەڵکیان لەبزوتنەوەی خۆیان وەرگرتووە؟ من لەجیاتی‌ئێوە وەلام دە دەمەوە، هەرگز. بەراستی حکومەت بۆدانشتووانی وەلات وەک ماموستا وایە!" وە لەوکاتەش دا کە دەولەت دەیەوێ فەرمانی لێ خوش بوون بەریوە بەرێ، پیویستە تەسمیم بگرن.

حاکمی بایەزید هەروەها نووسی بووی کە من چەن ووتەیەکــم بۆ ئیحسان نوری هەیەکە پێی‌بڵێم: تۆ ئەفسەرێکی لەتەمەنی جووان جەحێڵی‌دا، وەگڵێیکی زۆرم لێت‌هەیە، بۆچ دەبێ‌وابێ نازانم گوناحی تۆچیە کەدەبێ ساحیــب

مەنسەبیکی وەکتو لەنێوئەوان دابێ.)

ئینجا ئەونامێلکە کە بۆ دابین کردنەوەی ڕاپەرینی ئارارات بوو، هیچ کەڵکی لێوەرنەگیرا، وەلامی هاسکی تێللو بەراستی زۆڕپیاوانەو، پشت ئەستوورانەبوو وەبونی خوێـــی لێ دەهات وەوەلامی ئاوانووسیبووە: ئەگەر لەڕاستەقینەداحکومەتی تورکیە دەیەوی فەرمانی لێبوردن بدات پیوستە فەرمانی لێ بوردنی گشتی بێلەسەرتاسەری کوردستان، وەهەلوێستی ئەوفەرمانەش لەگەل عورفو، یاسای ئەوڕۆ بەتەواوی بگونجێ، وە ئەگەر لە فەرمانی لێخوش بوونی گشتیدا، قسە لەخەلکێک بکرێ کەبەوەحشی لەلای ئێوە دەناسرێ، ئترئەوفەرمانە هەرنەدرێ باشترە، وەئێمەش قەت ئەوچەشنە یاســا لێبوردنەمان ناوێ، جا کە وابوو، تەنیا لەوکارە دا مەبەست فریودانەو، هیچیدی.بەڵێ کوردەکان بەباشی تەجروبەیان وەدست کەوتووە،وەئێوەش بەچاکی دەناسن، ئیترپێناوی دەرسمان دا بدەن ئێوە دەبێ ئەوەی بزانن کە لەو ناوچەیەدا ئیدی "خەلکی وەحشیو هیچ نەزان ناژین"' وەتا کە نگێ پایە بەرزەکانی حکومەت پێ لەوەینانێنو بڕوا ناکەن". هەرلەو ناممێلکەیە دا ئەوانەشی تێدا بوو: ئەگەر بەراستی فەرمانی لێ بوردنی گشتی دەدەن بۆچ دەبێ تاکو ئێستا مالومندالانی ئێمە کە لەوولات دوورخراونەوە، بۆوەلات نەگەڕاندراونەوە.بەراستی تاوان و گوناحی ئەوان کــە دووساڵە لەمالو، وەلاتی خۆیان پچڕاونەوە، و دوورخراونەوە دەبێ چبێت؟ پێوستە مەسەلەی گەڕانەوەی ئێمە وەکەسو کارمان بۆوەلاتیەکێکلەهەرەمەسەلە گرینگەکانبێ[۱۷]" هاوکات لەگەل ڕاگە یاندنی ئەو هەواڵە یەکێک لەکاربەدەستە کانی گەورەی شاری بایەزیدبە شورشگێڕکی ئارارات کەنێوی نوعمان ئەفەندی بوو، وەیەکیک لەکاربەدەستەکانی بو کە لە دەولەتی پیشووی تورکیەدابوو، ئاوای نووسی: تائێستا کە ۴۷ ڕۆژ لە هەڵاتنی تۆ ڕا دەبرێ وە چوویەنێو شورشگیرەکان، لێت دەپرسم کە تۆ چۆنت تووانیوە تاکوئێستا لەنێو ئەو وەحشیانــە، دا ژای بوێری، ئەوە فەرمانی لێ خۆشبوونی گشتی دەدرێ، بەپێوست دەزانم کە زووتر بۆ سەرکاری دەولەتی خۆت بگەڕێیەوە، وەهەرشارێکی کە بۆ خۆت هەڵی دەبژێری سەرپشکبە ئینجا وەلامی نووعان ئەفەندی کە زور بە تووندی درابۆ وە ئەوەبوو! بەڵێ ئەوەی کە دەبووبێبینم، دیتم، ئەوەی کە چێوتیو نالەباریە، وەڕێم هاتووە وەزۆر چاکیشم لێحالی بووە، دیارە داواکردنی مەبەستی واگـــــــــەورە

نارەحەتیوو، چێوتشی تێدایە، وەهەموشتێکی بەدوودا هەیە[۱۸] تو پێت وایە کە من بەونوشتارە گوێت بۆشلدەکەمو، سەرت بۆ دادەخەمو، قسەکانت دەسەلمێنم وە بەسووکو، هاسانی دەگەڕێمەوە، وەئێوەش لێم خۆش دەبن نەهەرگز وهەرگز ئەوکارەساتە و کردەوەیە بۆمن ناسەلمێندرێ، من وەدووی فکرو، ڕایەکی گەورە کەوتووم و، ئیتر هەر بە دووانی دام پاش ئەوەی کە پارتی ئیمە لەنێو چوو وەتالان کرا، ئیتر هەلوێست ڕامانچی ژیان زور مەسەلەیەکی گرینگو، لەبەرچاونیە بەسکەوابوو ئێرەو، ئەوێ بۆمەتەفاوت ناکا. ئینجا بەو هەموو فڕوفێڵەو پڕپاکاندەی کەدەولەت لەوبارەیە دا بەڕێوەی برد، نەتیجەی لێ نەگرتو، ناکام ماوە.

لەمانگی سیپتامبری ۱۹۲۸دا، دەولەت تاقمێکی پایە بەرزی نارده شاری بایەزید کە دووکەس لەوانە، نوێنەری ئانکارا، وەحاکمی قەرەکلیسا فەرماندەی هەنگی ۲۹ وەهەروەهاقایم مەقامی. ناوچەی دیادین وە بایەزید بوون، کە بۆ گفتوگو لەگەل ئیحسان نوری لەشاری بایەزید حازر بوون.

یەکتردیتنی دووکۆڕ لە ۳۰کیلومیتری شاری بایەزید لەجێگا یەک بەنێوی شیخلی کەپروو، کەلەڕۆژهەلاتی ئارارات بوو، لەنێوەڕاستی مانگی سیپتامبری ۱۹۲۸دا بەڕیوە چوو. ئیحسان نوری لەگەل ۶۰سووارى خۆیی هاتبوو. ئینجا فەرمانی لێبوردنی گشتی وەخۆبەدەستەوەدانی خۆیی و، هاوڕێیەکانی وەدانانی ئەسلەحە لەلایەن دەولەتەوە درایە دەستی. وەهەروەها بەئیحسان نوریان پێشنیار کردبوو کە پۆستی وابەستەی نیزامی لەیەکێک لە شارەکانی ئوڕوپایەدا کە بۆخۆیی هە لی بژێری قەبوول بکات.

بەلام کورده ناسیونالیستەکان، وە هەروەهائیحسان نوری بەو داوخووزاەو پیشنیاری دەولەتی تورکیە بە لێنیان نەدا، لەئاکاما ووتو، وێژ دووائی پێ هێندراو بڕدرا.

۷ــ سەرەتای سەر

بەفری زستانی کەتوواوە، لەنیوەراستی مانگی مارسی ۱۹۲۹ دا تورکەکان لەنزیک شاری ایگدیر، وەبایەزید دووتاقمی ۱۲۰۰۰ تا ۱۵۰۰۰ سەربازیان لەگەل ۳۰ فڕۆکە کە لەژێر فەرمانی سالح پاشا بوو کۆکردبۆوە. هاوکات لەگەل

ئەوکارەساتە، دەولەت لەئەرزەڕۆم دەستی بەگرتنی پیاوە کوردەکان‌کرد، ۹۰مرۆڤیان لەبەندیخانەکرد کەیەکێک لەوانە کوڕی شیخسەعید کەنێوی سەلاحئەددین بووگیرا. لەوگرتوانە هێندێکیان بەکوشتن وەهێندیکیان بە۱۵سال زیندانی کاریگران مەحکومکران، کوڕی شیخسەعید کاتی گیرانەکەی تەمەنی ۲۱سالبوو،... (هێندێ دەلین ۱۲سالونیوی لەتەمەنی ڕابردبوو، هێرشی نیزامی ئەسلی لە ۱۱ی مانگی ژوئنی ۱۹۳۰ وە بە هەلمەت بردن بۆسەر پۆستی هەوەلێ جەبەهەی شەڕ بەکۆماری کوردی ئارارات دەستی پێکرا. وە تا ۱۵ی ژوئن شەڕ و هیرش دژی کوردەکان لەکێوەکانی ئارارات دا درێژەی هەبوو.

۸ ــ دژی هێرش کوردەکان لە۱۵ی ژومیەی ۱۹۳۰

بەلام کوردەکان زور زوو دەسیان بە هێرش کرد، دەگوترێ بلێن کە ئەو هیرشە. هیرشیکی لە خۆڕازیانە و جاەتەلەبانە بوو بەیارمەتی عەشیرە تەکوردەکانی تورکو، ئیران، لە دوو وەلاتەوە بە سەروکایەتی ئیحسان نوری وە ئیبراهیم بەگ کە سەرۆکی عێلی جەلالی بوو وەهەروەها محمودبەگ ئەفسەرێکی کۆنی هێزی تورک هیرشیان بو سەربازە تورکەکان لە پشتەوە ڕابرد وەهەولیان دا کە بەینی دەستەکان هاتوچۆ ببرن وە بە یارمەتی دانشتوانی شاریش ئەوکارە بەجێبێت. ئینجا لەدیار بەکرەوە بڕۆن بۆ جنوب و شمالی بەحریوان.

وە ئەو شەڕە زور زوو لد. بەرەیەک بە بەرینائی ۱۵۰کیلومتر لە ئارارات بو شمال تاخوشاب، وە لەروژ ئاواوە تا بەحریوان دریژەی هەبوو.

لە ۵ تا ۹ی ژوییە هیزی تورکەکان وە کوردەکان لەشەڕێکی ڕێکوپێک دا لە دەشتی زیلان لە شمالی ئیرسی وە دەستی پێکرا. کوردەکان بەرەنگارێکی باشیان دەکرد، بەلام سەرئەنجام لە تورکەکان شکان وە لە دووسێ جیگایان پاشەکشەیان کرد وە زەرە رو زیانێکی زۆریان وێ کەوت[۱۹] دەستەیەک لە هیزی کوردەکان لەشمالی بەحریوان دا، هاتوچۆیان لەگەل، هێزەکانی دیکە بڕا و بەتەنێ مانەوە، تەنانەت هێندێکیان پەنایان بۆ ئیران بردو، هێندیکشیان گەرانەوە کێوی ئارارات کوردەکان ۹۰۰ کەسیان لی کوژرا، ۲۴۰۰ کە سیان بریندار بوون، وە۳۶۰۰ کەسیان لێ وون بوو یەلام کوژراو بریندارو ئیخسیرگرتـــن

لەتورکەکان لەئی کوردەکان زور زیاتر بوو. بەپێی‌هەواڵەکان ۲۸۰۰ پیاو کوژران و ۴۰۰ سەربازیان بریندار بوو وە ۱۷۰۰ کەسیان ئی‌خسیرگیران. ۲۰

کوردەکان ۲۴توپ، ۶۰ژەششاش، ۶۰۰۰۰ فیشەک وە ۱۲تەییارەیان لی خستبوون! ژۆژنامەکانی تورکەکان نووسیان کە ئەو ژمارەیە درۆیە وەوانیە بەلام شکانی کوردەکانیش بەو سوک و هاسانە نەبوو لەوکاتەدا ژنێکی ئینگلیزی بەناوی روزیتافوربس "ژنی پۆرتاژێکی" پێکهێنا کە لەبارەی راپەرینی کوردەکانی ئارارات دابوو: لەپاش ئەوەی کەباسی ئەرمەنیکانی سوویەتی گێڕاوە لەئاخریدا گەیشتە سەر مەسەلەی کوردەکان لەتورکیادا وەگوتی لەماوەی ۱۱ ژۆژ کە لەگەڵ شۆڕش گێڕەکانی کورد بووە، وێنەی یەکیک لەتەیارەکانێکی کە لە کلکەی قامچی‌ئارارات‌دا کوردەکان لێیان دابوو نیشانی دا وەهەروەها لە بارەی یەکێ لەتوپەکانێکی کە لە تورکەکان گیرابوو قسەی کرد! ڕۆژیتا هەروەها گێڕایەوە کە شورش گێڕەکان لەلایەن کوردەکانی ئیرانەوە یارمەتی دەدرێن! وە لەئاکاما ئەوەشی گێڕاوە کە کوردەکان نازانن توپەکان بەکاربێنن و(یارمەتیان لە زەفەرئەددەولە فەرماندەی هیزی ئازربایجان (دووژمنی‌کونی سمایل ئاغاسمکۆ: ویستبوو کە بو بەکاربردنی ئەو توپانە کارسازیمان لە گەل بکەن بەلام ئەویش لەترسان ئەوکارەی نەکرد بوو، یان نەیەویست ئەوکارە بکەن سەرئەنجام زەفەرئەددەولە ئەرمەنێکانێکی کە لەلایەن تورکەکانەوە کە بەکوشتن مەحکوم کرابوون نارد‌نێ لای کوردەکان تا ئەگەر کوردەکان وەریان گرتن هەمێننەوە،[۲۱] ئەگینەبیان‌نیرنەوە.ژۆژیتافۆرب گوتی: "کە کوردەکان شەڕەکەی بەگالتە وگەپ زادەبوێرن وەدەستی پێوەدەگرن... وەتەواوی ژنەکانیان لەکاتیکدا کە منداڵەکانیان بەکۆڵەوەیە، تفنەگیشیان بۆ شەڕێ بە دەستەوە گرتووە ۲۲

۹. دوژمنایەتی لە نێوتورکوئیران

تورکەکان‌زاوتە دبیریان وا بوو کە کاری کوردەکان وە ڕاپەڕینەکەیان دەتوانن زوو بشکێنن بەلام لەنەکاو تووشی کە ندوکوسپێکی گەورە بوون: سنوری تورکو ئیران کە لەسالی ۱۹۱۴وە لە ئاراراتی چووکەوە دیاری کرابوو، کوردەکان دەیان تووانی هەمیشە بۆ سنوری ئیران بێنو بچن، وەیا پەنابێنن و یارمەتی

ورگرن وە سەرئەنجام تورکەکانیش نەتوانن گەمارۆیان بدەن. رە سەرکەوتنی تورکەکان وەهیرشیوان بو سەر کوردە شورش گێڕەکان بوو بە هۆی ئەوەکەئەو هیرشە بولای ئیران بچێوە درێژەی پێبدرێ. لەسنور ۸۰۰ سەربازی ئیرانی کەهیزیکی زور گەورە نەبوو، پارێزگاریان دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئیران کە هێمنی لەناوچەی کوردستان دا بەجێهێنابوو، وەشەڕی سمایل آغای سمکو بەقازانجی خۆی تەواو کردبوو، بەهیچ چەشنێک نەیدەویست ئاژاوەلەوناوچەیەداسازبێوەنایەوێ، بارو، دوخی ڕامیارێکی کە بەدەستی هێنابوو، بەخاتری شورشگیرەکانی ئارارات لەدەستی بدات واتە دژی ئەو شورشگێڕانەی کە کەسوکاریشیان لە ئیراندا دەژین کاربکات لەسەر ئەوەش ڕاکە هەرچەند ئیران پێک هێنانێکی کە لەگەل تورکەکان بەجێ هێنابوو بەلام بەدانی ماڤی گشتی بە کوردەکانی تورکیە دوژمنایەتی نەدەکرد وەهەروەها نێوانی ئەرمەنێکانی تەورێزو ئەرمەنیکانیتورکیا کە لەگەل کوردەکانی پارێزگاری تورکیا کە پیکەوە سازبوو، زورگوێی نەدەدایە وە ئەوئەرمەنیانە لە ریگای شاری ماکۆوە[۲۳] هاتوچۆیان هەبووو وە بە درێژائی شەڕدا حکومەتی ئیرانێ هاتوچۆی خوی لەگەل سەروکی شورش گێڕەکانی ئارارات تاسالی ۱۹۳۰[۲۴] نەبڕیبوو ئینجا لەو بەینەدا حکومەتی ئیران و تورکیا، نوشتاریان بە یەکتردەدا، وە ئەو نوشتارانەدا بۆنی گلێی لێ دەهات. وەلەمانگی ئوتی ۱۹۳۰ دا کۆبونەوەیەکیان لەشاری تاران پێکهێناوە بە تورکەکانیان گوت کە ئیران نایەوێ بەهیچجورێک لەوناوچەیە دا بەرەنگاری پێکبێت تورکەکان لەکاتیکدا کە دەیانەویست کارەساتی کوردان تەواوبێت[۲۵] مانگی ژوییەش بەسەرچوو ئینجا لەوە زۆر نیگەران و درۆنگبوون کە کوردەکان دەیانەوێ هەرواشەڕەکەی درێژە پێبدەن.

۱۰ ــ خۆتێ وەردانی شێخ ئەحمەدی بارزان

لە عەراقدا شێخ ئەحمەدی بارزانی، لە ۲۱ی ژوییەی ۱۹۳۰دا، ۱۰۰ یا ۲۰۰ پیاوی شەڕ کەری بە یارمەتی کوردەکان لەناوچەی ئورامار بو تورکیا نارد

لە ۲۶ ژوئیەی سالی ۱۹۳۰ دا، دولەتیتورکیا ڕەسمەن لە بالوێزی بریتانیا، دژی ئەو کارە دەنگی خۆیدەربڕی. بەشوێنی ئەوەدا لە۸ی ئوت شیخ

ئەحمەد دەستەیەکی دیکەی شەڕ کەر بەیارمەتی کوردەکان ناردە وەلاتی تورکیا، کە ئەو تاقمە، لەگەل تورکەکان بەرەنگاربوون، وەهێزیک لە تورکەکان بۆلای جنوب چوون کە جوولانەوە کەی پێش بگرن و، نەیەڵن پەرەبگرێ وە ناوچەکانی کوردی دیکەش بگرێتەوە. جایارمەتیدانی شیخ ئەحمەد بە بزوتنەوە کە پتر دریژەی پێ دەدرا: پاش شکانی شەڕی مانگی سیپتامبری ۱۹۳۰ هێندێ لە کوردەکانی تورکیا لەدەستی تورکەکان پەنایان بۆ کوردەکانی عەراق لەبارزان هێنابوو. لەئاخری سیپتامبر ۱۹۳۰دا نوری پاشا، لە حکومەتی تورکیای داخوواز کرد کە بێڵێهیزیتورک بچێتە نێو خاکیعەراق و کاری کوردەکان لەوێ دا تەواو بکات.

شیخ ئەحمەد کاری یارمەتی دانی کوردەناسیونالیستەکانی تورکیای بە ئەستۆ گرت بوو، ئینجا سالێک پاش واتە لە دیسامبریسالی ۱۹۳۱ لەلایەن دەولەتی عەراقوە ئاکارو کردەوەی نیزامی دژیئەو دەستپێکرا.

۱۱ ــ بزوتنەوەی حاجو

یەکێک لەسەرۆکی کوردەکانی وەلاتی سوریە بەنێوی هاجو کە لەلایەن کمیتەی خوێیبوونەوە، یارمەتی دەکرا لە سنووردا لە گەل تاقمێکی سەدان مرۆڤ لەلایەنگرەکانی، لە ۵ی ئوتی ۱۹۳۰، گوندێکی چکۆڵەیان لەمەڵبەندی نسیبێندا، داگیرکرد- وەلەوێ بڕیارنامەیەکیان لەچاپدا، کەمەبەستو، هەڵوێستی نەتەوایەتی گشتی سەربەخۆئی تێدا دیاری کرابوو، وە بانگە وازیان لە خەلکی کوردکردبوو کە بە یارمەتی وهاورێیی لەگەل کوردەکانی ئارارات دەس بکارین.

بەلام هاجۆ لەسووریەدا لەلایەن تورکەکانەوە بزوتنەوەکەی تێکشکاوە زوولەنێو چوو هاوکات لەگەل ڕاپەڕینەکەی هاجو، لە ناوچەکانی جووڵامێرک (۷ی ئوت) وە لە لای سیئیرت (۶ئوت) وە لە لیسی (ئاخریئوت) وە بە تابیەتی لە دەوروبەری شاری دیاربەکر (۲ی سیپتامبر) ئەو بزوتنەوانەی کە لە سەرێ نێو بران دەستی پێکرابوو.

۱۲ ــ ڕووخانی کۆماری کوردی ئارارات لە (سیپتامبری ۱۹۳۰)

لەنێوە راستی مانگی ئوتدا حکومەتی تورکیە تەسمیمی گرت کە بەبێ چاوەدێری حکومەتی ئیران، بە ژێنیرال سالح پاشا فەرمان بدا کە هیرش بۆسەرکوردەکانی ئارارات بەرێ وە پاشماوەی تاقمە کوردەکان کە لە کێوە کە دا پەنایان گرتووە لەنێو بەرێ.

ئینجا هیزی تورکەکان بۆ ئەوەی کە لای ڕۆژهەڵاتی کیوی ئارارات بگرن لە سنوورتێپەڕین، تابەینی و هاتو، چۆی کوردەکان ببڕن، وە لە قولین چکێکدا هەڵیان پەسێرن و لەبەینیان بەرن. [۲۶۱]

هێرشی نەهائی کە لەلایەن ژینیرال سالح پاشاوە درا لە ۷ی سیپتامبری ۱۹۳۰ بوو کە بۆ لای سەروی تەپەکانی ئارارات بوو.

لە ۱۰ی مانگی سیپتامبردا سالح پاشا کلکەی زینوێی بەینی دوو ئاراراتی (کەلی سەرداربلاغی) داگیر کرد.

بەو تاکتیکەدە هات کۆتاهی بە شەڕەکە بێنێی بەدووای ئەو هیرشەدا، کوردەکان بۆ لای خوارو کشانەوە هیزی تورکەکان بە شوێنیان‌دا چوون ئیحسان‌نوری (ژینرالیسم)ی کورد پەنای بۆ ئیران برد. ئیحسان‌نوری لەتاران دەژیا تاکو لەنیوەی مانگی ئاوریلی ۱۹۷۶دا کوچی دووائی کرد بەلام ئەوە پایانی کار نەبوو زۆر بە چاکی دیارە کە تورکەکان لەو ڕاپەڕینەدا بەرداشتێکی غەڵەتیان کرد.

هەروەها مێژوو نووسەکانی کوردیش لەو بابەتەوە کە دەبوو نووشتار بنوسن نەیان نووسیوە، وە ڕاپەڕینەکەیان زۆر بە شانازێوە باسنە کردوە، وە پڕۆپاکاندی بۆ نەکراوە.

دەسا هەر چونیک بوو بێ، ئەوەیان ڕوون نەکردۆتەوە کە ئایا ئیحسان‌نوری کەنگێ لە کانگای ستادی گشتی فەرماندەهی خۆی هاتۆتە دەرێ و بۆ خاکی ئیران هاتووە، ئایا پەنای هێناوە، یان سەبارەت بە شکانەکەی هاتە ئیران. ئینجا شەر لە ناوچەی ئارارات لەمەڵبەندی سنووری ئیران بە درێژائی

سالی ۱۹۳۱ هەر ماوەی هەبوو.

بەگومانی هێندێ لەهاوال دەرەکان وا ئاشکرا بووە کە ئیحسان نوری لەکاتێک دا پەنای بۆ ئیران برد، کەوە ختەکە زۆر عاستەم و، ناسک بوو، بەس لەبەر ئەو مەبەستە ئەوەیان لێ بە ڕخنەوئیراد گرتووە (پائیزی سالی ۱۹۳۰) ئەوەی کە شایوباسە کوردەکان لەوبەینەدا پیاوێکی دیکەیان بە سەرۆکی نیزامی دانەنابوو، کە ئەگەر بێتوو ئیحسانوری کارەساتێکی بەسەربێت ئەوجێگای بگرێتەوە، لەوبابەتەشەوە لە کمیتەی خۆئیبون رخنە دەگیردرێ! ۲۷

لە لایەکی دیکە شەوە ئاکارو کردەوەو، بیلانی کوماری کورد لەئارارات دا زۆر بە ووردی ڕوون نەبۆتەوە: کوردەکان دوو شکانی گەورەیان تووشهات (زیلان، ئارارات) کە لەو دووشکانەدا ئەندامی پێش مەرگەی زۆریان لەدەسدا چەکو، ئەسلەو، سازو، بەرگێگی زۆریان کە لە سالەکانی پێشوودا کۆ کردبۆوە، وعەبناریان کرد بوو لەدەسچوو، مەلبەندی ئارارات کە زۆر جیگایەئی ناسکو عاستەم بوو، لێیانگیرا. لەبارەی شەڕەکەدا هاوالی زور بە خاترجەمی وە دەرنەکەوتووە.

بەلام گوتراوە وە نووسراوە کە کوردەکان تووشی شەڕێکی گەورەی کلاسیکی نیزامی ببونەو، خۆیان تێوەردا وە نەدەبوو نرخ وبایخی شەرەکەی بەو جورە لێبکەن، بەڵکو دەبوو، لەکێوەکان دا دەسیان بەشەڕێکی پارتیزانیو، گرێڵلائی دابایەوە لەتە واوی شارەکانی کوردستان دا بەو چەشنە ئاکاری نیزامی خۆیان دربڕێژە پێ دا بایە.

میژوو دووپات نابێتەوە بەلام پیاو ناتوانێ بەسەرهاتو، پێشهاتەکان لەداهاتوو دا بەچاکی فکر لێ کاتەوەو، ڕوونی کاتەوە، بەلام هەرچێک بێ روو داوەو، بەسەرهات لە کوردستاندا یەکبەدووایەکێدا دێتە پێشـــێ، لەوەلاتی عەراقدا پاش نیوسەدان دیسان بەسەرهاتێک دەقەومێ.

۱۳ــ کێشانی شەڕ بۆئیڕان لەبەهاری ۱۹۳۱

حکومەتیئیران بە بێڕوحمیو، بەگرنگی لەو دەمەدا لە سنووری خوی پارێزگاریو، بەرگـری دەکرد، وە زورزوو لێی حاڵی بوو کە کات عاستەم و ناسکە.

لە نیوەی‌مانگی‌مارسی ۱۹۳۱ بەشوێنی هێرشێک دا لەناوچەی ماکۆ، لەلایەن کوردەکانەوە فەرماندەی نیزامی تەورێز هێرشێکی گەورەی لەژێر فەرمانـــــی سەرلەشکرێک، نارد جەنگەی شەڕێ. پیاوەسیاسێکانی تاران چاوە.ڕووانـــــی تووانەوەی بەفری زستانیان دەکرد. جا بەرهە چەشنێک بوو حکومەتی‌ئیران چاک یان خراپ سیاسەتی خۆی لەبارەی سەرکوت کردنی کوردەکان‌دا لەسەرڕێبازی حکومەتی تورکەکان دانا وە بەوجورە کوردە جەلالیێکانی کە لە ناوچەی ئارارات‌و، سنووری شورەوی دەژیان دوور کردەوە. لە هەوەڵێ مانگی ئاوریلی ۱۹۳۱دا ڕێبوارێک دەگێڕێتەوە کە سەفێکی دوورو درێژی کوردانی پەنا بەری دەرکراوی چاو پێ کەوتووە کە ئەوسەفەە۱کیلومتری درێژائی هەبووکە بۆلای شمال دوور

دەکەوتنەوە... مالو، منداڵیان بەوردو، درشتەوە لەگەڵ بوو، وە کۆچیان دەکردو، پیاویان لەگەل نەبوون، مەڕو ماڵاتیان وەپێش‌خستبوو، وەعارەبەشیان دەکیشا وەئەو ڕێبووارە گوتبووی کە ژمارەیان زور بوو، نەدەبژاردران[۲۸]، بەلام دەکرێ بلین ۵۰۰۰ کەس‌پتر بوون. خالدبیکئاغا، یەکیک لەسەرۆکی‌کوردەکانی جەلالی لەگەل پیاوەکانی دێتی‌خۆی شتمەکی تێک ناو، بۆ خاکی تورکیە پەنای برد. هەر لەو کاتەش‌دا، ڕێبوارێکی دی کە لە ناوچەی بایەزیدەوە ایگ‌دیر ڕا هاتبوو، گێڕابوویە وە کە ئەوناچەیە پڕ بوو لە تاقمە نیزامیێکانی تورک وە دەنگی شەڕە تفەنگ دەهات‌و، ڕەگباری ڕەشاشو، گوللەی توپێ لەلای ئارارات‌ەوە وە دەبیسترا لەلایەکی دیکەوە تورکەکان ۲۰کیلومتر هاتبوونە نیو خاکی ئیران وە لەناوچەی قۆتور دا خەریکی گوڕانەوەی جیگایەک بوون لە گەل ئاراراتی چکۆلە.

۱۴ ــ هێزەکانی حازروئامادە:

ئەهەوەڵێ مانگی مەی ۱۹۳۱وە کە هیزی ئیران لە سنووری تورکیە دا جێگیر بوون بریتی بوون لە ۳۸۰۰ سەرباز ۲۰۰۰ چریکی بە کرێگیراو، وە ۱۲۰۰ کوردی لایەن‌گری دەولەت ۳ فڕۆکەی کۆن لە ناوچە کە دادەگەڕاو، و لاتی تاقی دەکردەوە لەولایەشەوە هێزی کوردەکان بریتی بوو لـــــە ۶۰۰ تـــا ۷۰۰ پیاوی عەشیرەتەکانی جەلالی وحەیدەرانلو، وە ۳۰۰ پیاوی کوردی ئاراراتی‌ش هاوکاری

دەکرد- چەکی ئۆتۆماتیکی تازەیان پێبوو کە ۲۵تیریدە خووارد. سەرۆکی ئەوانە یەکێک لەئەندامانی "خوێ بوون" بو کە فەرزندەیان پێدەگوت سەرۆکێ کیدیکە کوری ئیبراهیم ئاغای جەلالی بوو کە نێوی "بڕۆ"ی لەسەرخوی نابوو. ۲۹

لەسالی ۱۹۳۰ وە هەرمەنیکانی داشناک بەخاترجەمی هاتو، چۆیان بۆنێو کوردەکان دەکرد.

۱۵ ــ فازیەکەمی ئاکاری نیزامی ئێرانێکانلە (مانگی می ــ ژوئنی ۱۹۳۱)

لە نێوە ڕاستی مانگی می ۱۹۳۱ هیزی ئیران هێرشی بردە سەر مەلبەندی قەرەعەین مەبەست بەوەی کە جەلالێکانی سمایلئاغا کە لە ئارارات بوون کۆیان کاتەوە سمایلئاغا لەو مەبەستە ئاگاداری پەیدا کردو، پەنای بو وەلاتی تورکیە برد، ئینجا فارسەکان ناوچە چولەکانیان کە کوردەکان بەجێیان هێشتبوو داگیر کرد. لە ۱۹ی می ۱۹۳۱ کوردەکانی جەلالی، لەلایەن شەڕ کەرەکانێکی کە لە تورکیە ڕا هات بوون، یارمەتی دران، وەشەوێ هوروژمێکیان بو سەربازخانەیەکی ئیرانیکان برد.

سەرهەنگ کەریم خانی سەییاح سەرۆکێ هێمنایەتی سنووری ئیران ــ تورک بەو هێرشەی کە کوردەکان کردبوویان سەلماندی کە لەونێوەدا ۱۲۴ سەرباز کوژران وەپیترلە ۲۰۰ تا ۳۰۰کەس بریندار کران. بەلام لە سەرگێڕانەوەی هاوال بەری رامیاری ئینگلیسەوە ژمارەی کوژراوەکان پتر لە سێ بەرانبەر لەوەی کە گوتراوە بوون کوژراوی کوردەکان: تەنیا ۷کەس بوون کە لە مەیدانی شەڕێ دەدیتران. "شۆڕشگێڕەکان کوژراوەکانیان وەک هەموجاری لەمەیدانی شەڕێ بردۆتە دەرێ". دەولەتی ئیران دەیەویست لەوکاتە عاستەمە دا ژمارەی کوژراوەکانو، بریندارەکان وە دەرنەخرێوە لەنهێنی دا بمێنێتەوە: لە جەنگەی شەڕێدا سەربازەکان بڵاویان دەکردە وە کە لەڕاستەقیتەدا کوژراو، بریندار زۆرن!

لە ئاکاما ئیرانیکان دەسینان بە گلێیی وناکۆکی لە تورکەکان کرد، وە گوتیان کە لەسەر کوت کردنی کوردەکان دا هاوبەشیمان لەگەل ناکەن!

سەرهەنگ کەریم خانی سەییاح تورکەکانی گوناح بار کرد کە دەیانەوێ لە بە رانبەر کوردەکاندا بە هێمنی و ئارامی بیژونەوە، وە بە سیاسەت لەگەڵیان

بدوێن، بە تایبەتی لە ۱۹ی مارس ڕا تا ۹ی ژوئین کە کاتی شەڕێکی توندی کوردو، ئیرانیکان بوو، تورکەکان خۆیان لەهیچنەگەیاندو، ئیران لەوبابەتەوە زۆر نارحەت بوو. [۳۰]

۱۶ ــ فازی دووهەمی شەڕ (ژوییەی ۱۹۳۱)

بەلام لەسەر ئەوەشڕا کە ئیرانیکان، پڕتەو، بۆڵەو، تووندو، تیژیان لە تورکەکان دە کرد، ئینجا ئەوکارەساتە بوو بە هۆی ئەوەکە هاوکاری لەنێو هەردوو دەوڵەتدا، دژی کوردەکان پتربێت: بەپێی شەڕوکردەوەی نیزامی کە تورکەکان دەیان کرد، کۆڕی هێمنایەتی سنووریئیران سێ پێشنیاریان کەدا پێویستبوو بە ڕێوەی بەرێ.

ــ بەستنی سنووریئیران، بەخاتری ئەوەی کە کوردەکان لە هیــــچ کاتوساتێکدا نەتوانن بێنوبچن.

ــ چۆڵ کردنو، لابردنی کوردەکانی ئێران لە خەتتی سنووردا: ئاراراتِ لەهەوڵەوە لەعەشیرەتەکان چول کرابوو، وەنەیان دەهێشت کەکەس بچێتەوە نێوێ.

ــ شەرکردن لەگەل تاقمیکوردە "چەردەکان"! لە ناوچەی فارسەکاندا.

لە هەوڵی مانگی ژوئیەی ۱۹۳۱ هیزی ئیران بۆ جاری دووەم قەرەعەینی گرتەوە لەوجێگایە دا لە لایەن کوردەکانی ئیران و تورکەوە لە ۱۴ژوییــــەدا هێرشێکیان بۆ کرا، زەرەرو، زیانێکی قورسیانلێکەوت. بۆڕۆژی داهاتو کوردەکان لە دێیەک دا لە مەلبەندیئیران دەسیان بە قەلتو، بڕو تاڵانێک کرد، وە لەونیوەدا ۵۰کەسکوژران.

ئینجا فارسەکان سەربازە تورکەکانیان گوناحبار دەکرد کە لە "جلکــی کوردی" دا یارمەتیان بەکوردەکان کردوە، وە هەروەها تورکەکانیش دەولەتی شورەویان تاوان بار دەکرد کە یارمەتی کوردەکان دەکەن، وە چەک و ئەسلەحەیان بۆ ناردوون! [۳۱]

۱۷ ــ یەکەتی عەراق ــ ئێران ــ تورک دژی کورد

پاش ئەوەموو تاوانبار کردنی یەکترو، تووندوتیژیو، نێوان ناخۆشی، لەئاکامدا لەسەر مەسەلەی کوردەکان قەولو، قەرار داندرا کە لەبەینـــــی تاران‌وەئانکارا هات‌و، چۆ سازبێت. فارسەکان دەیان گوت کە ئێوە نابێ بەوەی رازیببن کە کاتێک کوردەکان لە کێوەکان هەڵ دەبڕین‌وە بلاویان دەکەین، وە بو دەشتەکانی ئیران دێن، ئیتر دەسیان لێ بکێشنەوە. ۳۲

سەرئەنجام لە هەوەڵی سالی ۱۹۳۲ دوو کۆڕی تورک بە چەشنی رەسمی سەفەریان بوئیرانێ کرد.

سەروکی یە کێ لەو کۆڕانە، جەلال بایار بوو، کە پاش چەندیک بەسەر کۆماری تورکیە داندرا.

ئەو کۆڕە لەسەرەتاوە بۆ مەسەلەی ئابوری و مالی بۆئیران هات بوو، بەڵام لەنهێنی‌دا لەمەسەلەی کورد دەدووا.

کۆڕی دووهەم کە بە سەرۆکایەتی توفیق ڕۆشتۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە بوو، هەڵوێستی ئەوە بوو:

کە ئاراتی چکۆلە کە خاکی ئیران بوو لە گە ل ۶ گوندی کوردنشین بگۆڕێتەوە.

رەزاشا تاڵووکەی ئەوەبوو کە ئەوکارە زوو لەبەردەست ڕاپەڕیو، جێبەجێ بێت! ۳۳

پاش چەن مانگێک، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەراقش دووسەفەری لەسالکانی ۱۹۳۱ ــ ۱۹۳۰ بۆ ئانکارا کرد لەکاتی ووتو، وێژدا تورکەکان بەوەزیری کاروباری دەرەوەی عەراقیان ڕا گەیاند وادەبیندرێ "لە ناوچەی بارزان‌دا هات‌و، چۆ، جوولانەوە زۆر وەبەرچاو دێ، وە هێندێ لەکوردەکانی کۆماری تورکیە، بە پیانووی زیارەت خەریکی ئەوەن کە تاقمی خرابکاری دروست بکەن‌و، هێمنایەتیو، ئەهوەنی ئەو مەڵبەندە تێک بدەن"!

ئینجا حکومەتی عەراق ڕای گەیاند کە لە هیچ‌کاتێک‌دا، لەگەل کوردەکان

سازش ناکاتو، پێک نایەو، ڕێک ناکەوێ، وە لە دەوروبەری سنووری عەراق قەت نایەڵێی ئاژاوە سازبێت، وە هاتنە سەرئەوەی کە دژی شیخ ئەحمەدی بارزان لە کردەوەی نیزامیدا هاوکاری بکات. [٣٢]

لە نیوە ڕاستی مانگی ژوئینی ١٩٣١، با ڵۆیزی ئیران لە ئانکارا، لەبەرانبەر بالوێزی ئینگلیسدا کە لەوێبوو، داوخووازیکرد کە "ئەو کۆ بوونەوەیە زیاتر بە خاتری مەسەلەی کوردەکانە، کە پێویستە لەبەینی سێ دەولەتـــــاندا ڕاپەڕێندرێو، حەل بکرێ" وە سەبارەت بەوە دەبێ زۆر بەگرینگی قسەی لێبکرێ وە هەروەها ڕایگەیاند کە بۆ هەڵ سەنگاندن و سەنگ و سووککردنی مەسەلەی کورد بزوتنەوەی شیخ مەحمودیش بەگرینگی لەبەرچاوبێت.

سەرئەنجامی ئەو هاتو، چۆیەو، ووتو، ویژە بەوە گەیشت کە لەسالی ١٩٣٧ دا پەیمانێک بەنێوی پەیمانی سەعدئاباد لە نێو ئەواندا ببەسترێ

لەوپەیمانەدا گوترا بوو کە ئەگەر هەرکاتێک لە کوردەکانی دانشتووی ئەوسێو لاتە سەر بزێویو، نارەحەتی بێننە پێشێ، بەپێویست دەزاندرێ ئەو سێ دەولەتە بە یارمەتی یەکیتر دژی ئەوکارە قۆڵ هەڵکەن وەنا لە باریکەو، جوولانەوەکە لە نێوهەڵ گرن.

١٨ ــ وەلامی تورکەکان لەبارەی مەسەلەی کورد

لە ٥ی مەی ١٩٣٢ حکومەتی تورکیا، ڕەسمەن ڕای گەیاند کە یا سایەک لە مەجلس بەجێ هاتووە کە ڕێگا دەدا کە لە ناوچەی ڕۆژ ئاوا دا خەڵکەکانی هەڵ گرێو، کۆچیان، پێبدا، وە ڕەوشتو، ئاکاری کوردایەتی لەنێو بەرێ هەروەکو لەزەمانی مستەفا کەمال وە تەوفیق ڕەشید بەگ لەگەل کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیز لە بەغدا داوە بالوێزی ئینگلیز لە شاری قوستەن تەنیەدا لە مانگی نووامبری ١٩٢٦ وە ژانویەی ١٩٢٧ دا لە دانشتنێک دا ئەو مەسەلەیان سەلماندبوو.

بەو یاسایە دەستیان ئاوالە بوو دەیان تووانی لە ناوچەی ڕۆژ ئاوادا ئەوەی کە بیانەوێ لەبارەی کوردەکان و، لایەن گرەکانیاندا بیکەن، واتە سەروک بەگ، ئاغا و شێخ، عەشیرەتەکان، پالە و جوتیار وەتەواوی ئورگان و سازمانەکان وە هەر "مرۆڤ وخاوەن قودرەتێک" کەلێی دڕدۆنگبن وخراپ ببزوێتەوە لەوەڵات

دووری خەنەوە ولەوێ هەڵێگرن.

"هەروەها تورکەکان دەتوانن نەهێڵن کە دانشتووی ئەو وەلاتە بەزمانی زکماکیخۆیان قسەو، ووت و وێژبکەن، تەنیا پێویستە بە زمانی تورکی قسە بکرێ، ئەو زمانەی کە بەچەشنێکی تازە لەشارو دێیەکان دا ڕەواجی دەبێ و پێ دەخوێندرێ." [۳۶]

بەلام دوورخستنەوەی کوردەکان لەوەڵاتی خۆیان، زۆر لە پێشدانانی ئەویاسایە دەستی پێکرا بوو. لەمانگی سێپتامبری ۱۹۳۱، ۲۰۰۰ مرۆڤی کوردی جەلالی، لەگەل مەرو مالاتیان کە۴۰۰۰۰ سەر ئاژاڵ وگیان لەبەر بوو، لەلایەن دەستەیەک لە سەربازە تورکەکانەوە لە ناوچەی کورد، دوور خرانەوە وەلەنێووەلاتی تورکان داگیڕایان[۳۷]! ئینجا لە جیگای ئەوان تورکیان دانان، ئەو خەلکە کوردە کە بەنێو شارەکانی تورکان دا دەیان گیڕان زۆریان بێجلک و بەرگ بوون، پێخوواس بوون لەوشار بۆوشار، لەو دێ بۆو دێ ئەومال، و منداڵەیان کە برسی و تووندیش بوون لەسەر عەرابەکانیان ئاوارە مابوونەوە وە هەناسە سارد ئەستۆیان خووار کرد بۆوە پاشە ڕۆژیان مەعلوم نەبوو وە ئیوا بوو لەبرسان دەمرد وەیان نەخۆش دەکەوتگیان لەبەرەکانیشییان دەکەوتن و دەمردن."

کاتێک کە دە گەیشتنە شارێکی گەورە کە "دەیان بردنە نەخۆشخانە" وەیان برینیان بۆ دەرمان دەکردن، چیوایان پێ ڕانەدەگەیشتن شەوێ کە دەهاتن بنون، هیچ پێخوستیان نەبوو[۳۸] لە سەرەرزیخۆلاوی، یان لەسەرعەرضیسمیتی دەنوستن" ئینجا ئەوانەی کە لە ناوچەی کوردستان مابوونەوە وازیان خرابتر بوو، بە دیتنی ئەو خەلکە هەژارو، ئاوارەیە، کە بێجلوبەرگ بوون، کوردستانێکی زۆر ناخۆش و وێران لە بەرچاو دەدیترا. لە مانگی مەی ۱۹۳۰دا ئیدموند، کە لە حکومەتی تورکەکان دا دەستی دەڕۆیشت، بەڕێبووار وسەفەر چوو بۆناوچەی کوردستانو، شارەکانی، مەڕاش، سیویریک، دیاربەکر بیتلیسو مووشی تا بە حریوان دیت بوو، وەگیڕا بوویەوە کە: "لەو شارانەدا تەنیا وێرانی وهەژاریو، بەدبەختی و کوێرەوەری کوردەکان لە بەرچاو بوو، ئێتر هیچی دی.شاری بیتلیس بەتاییەتی زۆر لەغەمباری و وێرانی دابوو، ماڵەکان بە درێژائی دوو کیلومتر وێران بوون و لەنێو چوبوون ئەوشارەی کە لە پیشدا ۴۰۰۰۰ کەسی تێدا دە ژیا، لەوکاتەی کە دیتم لە۵۰۰۰کەسی

پتر تێدا نە بوو" شاری مووش خرابتربوو، بەڕاستی مرۆڤ بە دیتنی ئەوشارە سەری لێ سوورڕدەما، وە دڵی تێکەڵ دەهات، ئەوشارە کە ۳۰۰۰۰ کەسی دانشتوو هەبوو، بەچەشنی دێیەکی وێرانە دەدیترا کە۳۰۰۰کەسی پتر تێدانە مابوو"[۲۹]!

لە تەواوی ئەهەموو وێرانێی کەلە ئاسۆی کوردستانی تورکیەدا دەدیترا، دەنگێک لە ئیسانێک دەرنەدەهات تاکو شۆڕشی سالی۱۹۳۷ی ناوچەی دەرسیم دەست پێکرا.

فەسلی ٦

شورشی ئاخری شیخمەحمود

پاش ئەوەی کە شیخ مەحمودی بە رزەنحی لەمانگی ژوییەی١٩٢٤ دا لە سولەیمانی وەدەرکەوت، چۆسنووری عەراق وئیران، وەکاتی شەڕێی بەخوێیگرت لە نیو عەشیرەتەکانێکی کە لە ژێردەستی عەراق دانەبوون، قودرەتێکی تایبەتی بەدست هێنا بوو. هەرچەند دەولەتی عەراق هەولیدەدا کە ئەوکارەساتەی لەبەین بەرێ وتێکدا، بەلام نەیدەتوانی. ئینجا (لەسالی ١٩٣١ شیخمەحمود واتەپاش حەوت سال خەبات و، شەڕ ڕاپەرینەکەی لە سەرڕا دەست پێ کردەوە، لەڕاستەقینەدا بزوتنەوەکەی هەر درێژەی هەبوو، وە نەپسابۆوە، سەرئەنجام ڕابەرەکانی عەراق بەو نەتیجەیە گەیشتبوون کە مەسەلەکەی لە ڕێگای ڕامیاریوە حەل و فەسل بکەن.

١ ــ شەڕی سالی ١٩٢٥

هەوڵین شەڕی دەولەتی عەراق دژی شیخمەحمود لەهاوینی سالی١٩٢٥دا واتە سالێک پاش گرتنەوەی شاری سولەیمانێ بوو لە مانگی ژوئندا ستوونێک لە هیزی عەراق ناردرا سەر هەڵەبچە کە دژیشیخمەحمود دەست بەکاربن، عەراق بەهیوایە بوو کە ئێرانش لە سنوردا وەک عەراق هێرش بۆ کوردەکان دێنێ.

بەلام هێزی فارسەکان نەگەیشتێو، ساوەساوی‌کرد، شیخمەحمود تووانی

کە پەنابەرێ بو لای مەحمودخانی دزلی وەمەحمودخانیکانیسانانی، کە هەردوکیان سەروکی عەشیرەتی هەورامانو، مەریوان بوون شیخمەحمود دەیەویست لەگەل ئەدوو سەرۆکانە، یارمەتی شازادە سالارو ددەولەی قاجار کە شۆڕشی دژی رەزاخانی دەست پێ کردبوو، بدات. ۱

۲ــ ئاکاری نیزامی ۱۹۲۶

دووای سالیک شیخمەحمود هەلمەتێکی نوێی بە یارمەتی کوردەکانی ئیران لە مانگیژوئندا بردە سەر هێزی عەراق بەلام نەیتووانی سەرکەوێ، لە سەروەشرا تووشی قایقیکی ئینگلیس دەبی گەماروی دەدا، مرۆڤی مکانیکەکەی دەگری و زیندانی دەکاتوە چەندمانگ لە زیندان دا دەمێنێتەوە سەیر ئەوە بوو کە شیخمەحمود ئەو زیندانیێی لەگەل خۆی بو ڕاوێ دەبرد. ۲

ئەوجار حکومەتی ئیران داخووازی عەراقێی سەلماند، بەلام ئەو داخووازە بۆ ئیرانی گران تەواوبوو یانی: لە ۳ی سیپتامبری ۱۹۲۶، تاقمێکی نیزامی ئیران کە بریتی لە ۳۰۰ سربازی پیادە، وە/۷۰۰ سوواربوون هێرشیان بۆ سەر پشدەریکان کە کانگای ناوەندیان قەڵادزێبوو برد. پاش چەند سەعات شەڕ. ئیرانیکان کشانەوە، چەند سەد کەسیان لێ کوژرا، کوردەکانیش لە کاتێکدا کە ۱۵نەفەر سەربازی یەخسیریان پێ بوو گەڕانەوە جێگای خۆیان،وە هەروەها تۆپێکیشیان لەگەل خویان هێنابوو

۳ــ گفتو، گۆ لەگەل کۆڵۆنەلیس (۹ی ئۆکتوبری ۱۹۲۶)

لە لەسەر ئەو هەموو خراپەی ڕژێما کە دەولەتی ئینگلیس لەگەل شیخمەحمودی کردبوو، وە هێزی هەوائی سەلتەنەتی ئەوی زۆڕ لە سەخلەت دا دانا بوو، شیخ لە ئۆکتوبری ۱۹۲۶ ئامادەی ووتو، ویژ لەگەل کورنوالیس کمیسەری پایە بەرزی ئینگلیس لە بە غدایەبوو،ئەو گفتوگۆیە لە مەلبەندیخۆڕمال

دەبیئەولوتکەیە لەبەحریزڕێبار دابووبێ، کەمەکانیکە کەی بەیەخیرگیرابێ. م. ر

بەخوشی و دلپاکیۆە بەڕێوە بردرا. ئەو چاوپێ کەوتنە لە جیگایەکی سەرئاوالە بەجێهات. پیش مەرگەکانی شیخمەحمود لەلایەگەوە، وەلەلایەکی دیکە شەوە سەربازانی عەراقی ئەو مەلبەندەیان گەمارۆدابوو، وەدیان پاراست. لە هەوەلدا کۆڕنوالیس ۱۰۰ هەنگاو لەگەل ئەحمەدی بە نجی هاتەپێشێ. شیخمەحمود ۴۰۰متر لەوی دوورتربوو، ئینجا لەگەل هاوڕێیەکەی کە مکانیکەئینگلیسیکە بوو، لە کاتیکدا کە بەرگری لێدەکرا بۆلای کۆڕنوالیسی هات، پیاوەکەی بولای ئەو ئازاد کرد، شیخمەحمودو کورنوالیس هەردوکیان لەسەر پشتیندێکی کوردی کە ڕاخرابوو دانشتن، وەماوەی دووسەعاتان چاوپێ کەوتنەکەیان درێژەی هەبوو، وە لەودووسەعاتەدا پیاوەکانێ کی بە قەدرو حورمەت ڕاوەستا بوون لەوبەرو، بەر بەرگریان دەکرد چاویان لەوان بڕیبوو. ئینجا کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس بەشیخمەحمودی پێشنیار کرد ئتر بەسە، وە قسەی من بسەلمێنە، وە بچۆ لە ئیران دابنیشە، ئینجا حاسلێکی کە لەزەویووزاری خۆت لەعەراقی وەدەست دەکەوێ بۆت بنێرنو، ژیانی خۆتی پێ ڕابوێرە. بە کورتی دەگویی‌دا خوێند کەلەو لات دووربخەتەوە شیخمەحمود هیچ قسەی پێ مانەکرا وە لە کنەخوی پێوابوو کە دەڵێ بگەڕێوە و لاتی‌خۆت، بەلام کاتیک کە پێشنیاری دوورخستنەوەی گوێلێ بوو، دەری‌بڕی و گوتی: کە چارەنووس هەرچونێکبێ دەبێ وابێ، ژیان بۆمن هێندە گرنگنیە، بەلام ئەو ئامانجەو ئاکارەی کوردایەتی کە لەمێشکی من دایە ناتووانم قەت لە بیر خۆمی بەرمەوەو لەدەستی بدەم وە هەروەها درێژەی بە ووتارەکەی داوگوتی: ژیانی‌من ونەتەوەکەم لە ریگای کوردستان دایە" وەمن ناتووانم بەووسوکو، هاسانیە دەستی لێ هەڵگرم ئینجا شیخمەحمود بە سافیلکەوە، دەقودۆغری بە کۆڕنوالیسی ڕاگەیاند کە حکومەتی بریتانیا دەیەوێ دەست بەسەر کوردەکانی ئێران‌ش لەنهێنی‌دا داگرێ

سەرئەنجام کورنوالیس پشیناری کرد کە بچێتە بە غدایە دابنیشێ، لەوێ ژیانی خوێ ڕابوێری شیخمەحمود گوتی دەزانم چۆن دەولەتی ئینگلیس لە نهێنی‌دا پشتیوانی لەودەولەتە زوردارانە دەکات، بەلام من پیشنیار دەکەم، کە هەر بەو قودرەتەوە بچمە شاری پیجوون دابنیشم.

لە ئاکام‌دا ئەو دووپیاوە لەیەکتر جوێبوونەوە، لە کاتیک دا شیخمەحمود کە چاوو پی کەوتنەکەی لە نیوشاری خورمال‌دا نەسەلماند بوو، سەبارەت بەوە

بوو کە ئەو شارە پڕ لە عەرەب بوو، وە نەیدەویست لەوێ ووتو، وێژ بکرێ، بویە لەدەرەوەی شاری خورمال گفتوگویەکە بەریوە چووبوو.

پاش حەوت ڕۆژان، شەڕ دەستی پێکراوە، وە هێزی هەوائی سەلەتەنەتی ئینگلیس دیسان زۆر بەگرنگی، شیخمەحمودی لەمەترسیهاویشت، شیخمەحمود چارەی نەما بوو ئیران پەنای بردِ، وە لەوێرا هیزی زەمینیی عەراق ڕەدووای کەوتو، جێگای پی تەنگ کرد لەسالی ۱۹۲۷ شیخمەحمود لەگەل حکومەتی عەراق لە بارەی گەڕانەوەکەیدا بو ناوچەی دانشتووی خویی، ووتو، وێژی کرد.

ئەوکوردە ناسیونالیستە مەزهەبیە "کارێکی زۆری بۆ کوردان کرد، بەلام سەرنەکەوت! ئەمالە ڕووانگەی رامیارێوە بۆکوردان گەلیکی قازانج لێوەرگیرا ئەومرۆڤە نەبەزە دەیەویست کوردستانیکی سەربەخۆ پێک بێنێت، ئینگلیسکانش لە سالی ۱۹۲۱دا لەگەل ڕاو، تەدبیری ئەو بوون، بەلام بە دانانی فەیسەل ئینگلیسیکان گومانیان گۆڕا. وە لە سالی ۱۹۲۶ ــ ۱۹۲۷دا تەواوی کوردستانی عەراق لەسەر ڕا بووبەکانگای ئاژاوەی نەتەوەی کورد.

۴ ــ سەرکەوتنی "کۆڕی زانیاری کورد" لە کوردستانی عەراقدا (۱۹۲۶ ــ ۱۹۲۷)

تەواوی کۆڕی کورد سەرئەنجام بەو نەتیجەیە گەیشتبوون کە تاقمی وەزیرانو کاربەدەستە ئیدارێکانی عەرەب، لە لایەن عەرەبەکانەوە، لایەنگریو بەرگریان لێدەکرێ،وە دەیانەوی بەسەر کاروباردا زاڵبن." بەلام لە سەر ئەوەشڕا لە سالی ۱۹۲۵دا ڕێیان بە کوردەکان دابوو کە زمانی کوردی لە ناوچەی کوردستاندا ڕەسمیبێو بخوێندرێ.ئاشکرا بوو کە خوێندنی زمانی کوردی لە نەتیجەی تێکوشان و هەوڵی کوردەکاندا بەرێوەبردرا. کۆڕە زانیارەکانی کورد لەوهەلو، دەرفەتەدا لە بنەڕەتەو، فەرهەنگیکی پاکو، خاوێن، کە لە ڕاستەقینەدا ئەوەی کە خەلکی کوردە دەیەویست بەهەستی هێنا.لە شاری سولەیمانی دا یارمەتیک بە نیوێی "زانستی کوردستان" واتە کومەلایەتیی ویژەوری لە بەهاری ۱۹۲۶دا لەلایەن، ڕەفیق ئەفەندی، ڕەمزی ئەفەندی،

فایق‌بەگ، وەمارف‌بەگ، داندرا، کەمەبەسیتان دروست‌کردن‌و، باش‌کردنی فەرهەنگی توودەی کورد بوو" هەوەڵین هەڵوێستیان ئەوە بوو کە فەرهەنگێکی کوردی کە لەگەل مافی نەتەوایەتی گشتی‌کورد کەڕێک‌و، پێک بێت دامەزرێنن... ئەو کومەلە بە ئاکارو، ڕەوشتێکی باش دانشتنی بەجێ‌دینا ئینجا حورمەت‌و، رێزێکی گەورەی بەدەست هێنا ئینجا زۆر زوو هێندێ لە ئەندامانی کورد وەک جەمیل‌بەگ کە نایبی سەرۆک بوو ویستیان ڕەنگی شەرقی سیاسی پێ بدەن. وە هەرلەوکاتەش‌دا مستەفاپاشا گەڕاوە سولەیمانێ (هاوینی ١٩٢٦) کە لە هەل‌بژاردنی نوێنە رایەتی دانشتگەی عەراق داهاوبەشی‌بکات،وە هیوای ئەوە بوو کە پاش هەڵ بژاردنەکەی، تەواوی نوێنەرانی کورد لە دانشتگەکەدا بکاتەیەک

لەشاری ڕەواندز سەیدتاها بوەدانانی کومەلی‌ئەدەبی بەنێوی"هو ژیری" کە"بو باش‌کردنی زمانی‌کوردی وە بۆ ناسینی میژوو ئاکاری کوردی" و وە داب‌وڕوسمی خەلکی کورد بوو پێک‌هێنا، بەلام نەخشەی ئەومرۆڤە نەخشەیەکی رامیاری بوو کە حکومەت پێشی لێ‌گرت،ئینجا دەبێ بگوترێ کە شاری موسل ناوەرووکەی ناوەندی هات‌و، چۆی کوردەکانی تورک، عەراق و ئیران بوو. لەسالی ١٩٢٦دا حکومەتی ئینگلیس کۆڕی زانستێکی نهێنی بە نیۆی (پێش‌کەوتن" کە هەڵوێستی ئەوە بوو کە لەگەل کوردەکان نیۆانی خۆش‌کات، بەهەست هێنا، بەلام زۆر بە گورجی کوڕێکی دیکە دروست کرا.

لەشاری کەرکوک، هەولێر، چەن کوڕێکی‌دی لە نهێنی دا پێک‌هات کە راستەقینەدا شیخ‌مەحمود لەگەل هەموویان هات‌و، چۆیی هەبوو، لە نێو ئەو کۆڕانەدا، هات‌و، چۆی زۆر بوو، بەلام لەوەی مەترسیان هەبوو کە هەوا دارەکانی ئینگلیس پتر نفوذ بکەن و، بنکە دابنێن لە ئاکام دا تەواوی ئەوکۆڕە زانیارانە، وە هەموو کار بەدەستەکان‌و، عەشیرەتەکان، ئەفسەرەکان‌و، دانشتووانی شارەکان کە ئەندامیان بوون، وردە ــ وردە بۆلای مافی گشتی‌نەتەوایەتی کوردستان کێشران... ئینجا ئەگەر لەولایەوە ڕێگایان نە دەدرایە کە بۆ قازانجی گەل هەول بدرێ، بەلام، تاقمیک لە کوردەکان لەڕێگای مەجلسەوە، وەک ئیرلەندیکان وە یاسای‌هوم‌ڕوول (قانونی مەجلسی ایرلند) سەریان وەدەردەنا، لە ئاکام‌دا ئەوە حکومەتی عەرەب بوو کە لەگەل دووژمنی خویی لەمەجلسی یاسائی‌دا رووبەروو دەبوو، وە چوێتی‌و، نالەباری بودەهاتە پێشێ. ٥

۵ ـ ڕاپەڕینی سولەیمانی لە (۶ی سی پتامبری ۱۹۳۰)دا

ڕاوتە دبیری بریتانیای گەورە لەمانگی فیوریەی ۱۹۲۹دا لە سەرفەرمانی دانبە سەردانان لەووتو، وێژدا کە مافێکی تازە بدات، وە لەمانگی ژوئنی ۱۹۳۰دا ئیمزای بکات، دەهات تینێکی تازەی نەتەوایەتی بە خەلک بدات، وە شۆڕشی سولەیمانی لە مانگی سی پتامبری ۱۹۳۰دا هاوکات لەگەل ئەوتینوحەرارەتە دەستی پێکرا. ئینگلیسێ دەیگوت کە ئەگەر کوردەکان بەوەی ڕازیبن کە بەچەشنێک مافی نەتەوایەتی بە نێوی "ولایەتیکوردی"بسەلمێنن وە بۆخویان ناوچەکە ئیدارە بکەن وە پەیوەندی لەگەل حکومەتی ناوەندی هەبێ زۆرباشە وەکمیسەیری عالی ئینگلیسش لەوبابەتەو (چاوەدێری دەکات ئەوەش ، بەشوێنی مەبەستی سالی ۱۹۲۵ بوو کە پیویستبوو لەبارەی مافی سەربەخۆیی لێبدوێن، بەلام دەولەتی ئینگلیسوعەراق مەسەلەکەیان خستە پاش هەلبژاردنی نوینە رایەتی مەجلس. ۷

لەمانگی فیوریەی دا کۆڕێکی تازەی کورد بە نێوی "گەلی یە کتائینی کوردان" بڕیارنامەو، تڕاکتی بڵاو کردەوە، وەدژی "سیاسەتی تونـــدی" ئینگلیسیکان، دەنگی خۆپیی دەربڕی لەوکاتە دا حاکمی سولەیمانێ تەوفیقوەهبی ڕەسمەن دژی هەل بژاردن دەنگی خۆیی دەربڕی ۸

وە پیاوە گەورەکانی سولەیمانی نوشتارێکیان بە سازمانی .S.D.N دا لە ۲۸ ژوئیە وەلە ۳، ۲۰، ۳۰ی مانگی ئوتی ۱۹۳۰ شکلی حکومەتی کوردی ڕاگەیاندرا وە گوترا کە پیویستە ئەوحکومەتە لەژێر چاو (دێری پایەبەرزی S.D.N دابێ!

چاوپێ کەوتنی شازادە غازی لە ۱۰ی ئوتدا، وەکاتی بڕیارنامەی دووژمنایەتی، ئەندامانی نوێنەری حکومەتی عەراق وە بەر جنێو دان دران. سەروکی وەزیرانیعەراق نوری سەعیدش مەترسی ڕینشتو نوشتارێکی بڵاوە

اس. د. ان کومەلی سازمانی بەریوەبەری دایمی. م. ر

کردەوە، وە بەوجورە دژی ئەوکارە دەیەویست تۆڵەی خۆیی بستێنێەوە.

ئینجا کوردەکان لە لایەکی دیکەشەوە لەسەرووتەی ئینگلیس و عەراق پەلپو بیانوویان گرت، وە نارەزامەندی خۆیان دەربڕی وە هەمان مەسەلەی ئوتونومی بە جوریکی دی داوا کراکە سەرئەنجام بە بڕینی هاتو، چوی گەیشت!"

لە ۶ی سێپتامبری ۱۹۳۰ ئەو کارە بەوجیگایە گەیشت کە دەبوو، بتۆقێ.

هیزی دەولەتی عەراقی لەسولەیمانی تەقەقەی لە خەلکی کردو، دەها قوربانی ئەستاند.

حکومەتی عەراقیش تەوفیق وەهبی لە سەرکار لابرد. وە لەگەل هێندێ ئیمزا لێدەرەکانێکی کەعەرزحالیان ئیمزا کردبوو لە بەندیخانە کرد،

وە حکومەتی بریتانیا کەلەکاتیک دا کە نەدەهیشت کە لە بەند کراوەکان هەڵوێستو، دەلیلیخویان بڵێن، ئەوانیشی تاوان بار دەکرد کە لە هەلستانی راپەرینەکەدا دەسیتان تیدا بووە وە سەرئەنجام لەو وەختەدا کە سازمانی S.D.A دەیەویست لەوکارەدا تاقی کرد نەوەیەک بکات، هەوڵ و کۆششی خەلک بە جیگایەک نەگەیشت.

۶ ـ هەڵستانی شیخ مەحمودلە (نوامبری۱۹۳۰)

شیخ مەحمود ئەو کەڕەتەش کاتی هەلستانەکەی جووان لەبەر چاوگرتو، وەسرنجی دەدایە: پاش دەڕۆژ لەراپەرینی سولەیمانێ، نامەیەکی لە کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لەبەغدایە، نووسی، وە دەنگی خۆیی دژی کارەساتەکەی کە عەرەبەکان لە سولەیمانێدا بەڕێوەیان دەبرد، وە خەلکی بێسووچو، تاوانیان دەکوشت، دەربڕی وە گوتی جا چۆن بەو چەشنە ئاکارە نالەبارانەی کە عەرەبەکان لەگەل کوردەکان بە ڕێوەی دەبن، کوردو، عەرەب دەتوانن لە تەنشت یەکتر ژیان رابوێرن! بەراستی ئیوە تەنیا لایەنگری عەرەبەکانن.

بەشوێنی ئەوەدا شیخمەحمود بە نێوی" نەتەوەی ئاریائی" داوای کرد کە گەلی کورد، لەعەرەب جوێبازبێ وە بۆخوئی سەربەست و ئازاد بژی... وە لەژێر چاوەدێری ئینگلیس سەربەستی خوێی درێژە پێبدات"! ۱۰

ئینجا شیخمەحمود لەپاشان سازمانێکی تازەی پێک هێنا، وەلە هەوەلی

مانگ ئوکتوبری ۱۹۳۰دا عەرزوحالێکی بە چەشنی تۆمار نووسی. لەیەکیک لەو تومارانەدا، کە ۳۲کەس لە مرۆڤە سەرۆکە کوردەکان ئیمزایان کردبو، ڕایان گەیاند بوو، کە ئیمە دەمانەوێ کە حکومەتێکی جوێیازمان هەبێ، وە ئەویش لەژێر چەتری بەرگری حکومەتی بریتانیا، وە شیخمەحمود ببێتە حاکمی تەواوی ناوچەی کوردستان.

وە لە تۆمارێکی دیکەشدا کە کوردەکان ئیمزایان کردبوو، نووسیبوویان کە "دەولەتی ئینگلیس دەبێ بە چاکی "زوولم و جۆری عەرەبەکان کە لە کوردەکان کراوە، وەبیر خۆیان بێننەوە" وە ئەوەشیان لە تومارەکەدا دووپاتە کردبۆوە کە کورد دەبێ سازمانێکی جودای هەبێ وە حوکم دارەکەشی شیخ مەحمودبێ، نەکە سی دی لە نوامبری ۱۹۳۰ شیخمەحمود، کارەکانی سەرڕاست بەرێوەدەبرد هیوادار بوو کە ئەو سەراستیە، بێگومان دەولەتی ئنگلیسی وادار دەکات کە دان بە ووتەی سازمانی اس.د.ن دابێنێ.

بەلام هێستا پاشکۆی شەڕی ئازادات ئاشکرا نەببوو، کە بە کوی گەویشتووە، وەبەکوی دەگات. پێویستە لێرە دا بە نامەیەکی کە بۆ کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لە بەغدایەدا نووسراوە سرنج بدەین: "هومێد وایە کە جیرانە کوردەکان پێکەوە چاکبن" وەشیخ مەحمود ڕاوتەدبیری ئەوەیە کە هەلستانو، ڕاپەرینەکەی خۆیی لەگەل بزوتنەوەی کوردەکانی ئیران و تورکیە هاوکات بکات، وە یەک پارچەبێت. لەمانگی ژوئنی ۱۹۳۱ لە کۆ بوونە وەیەکدا کە بالوێزی ئێران لەشاری قوستەنتەنیەی پێک هینا بوو، نوشتارێکی بە بالویزی بریتانیا سێرکلیڕک هاوتای خوئی تەسلیم کرد، بریتی لەوە بوو کە مەسەلەی شیخ مەحمود، دەبێ بە مەسەلەیەکی "زۆر گرنگ بزاندرێ". ۱۲

ئینجا شیخمەحمود هەوڵی دەدا کە بە هەرچونێک بێ قەولی یارمەتی لە شیخ ئەحمەدی بارزان وەرگرێ بەلام لەو مەبەستەدا پیرۆز نەبوو! چونکە سەروکی بارزان دەی گوت کە شەڕ لەگەل دەولەتی عەراق کە نەتەوەیەکی موسولمانی عەڕەبە، باشنیە، وە بە ئەرکی سەرشانی خوم دەزانم کە بۆوحکومەتە سەرشۆڕ کەمەوە"! ۱۳

لە ۳۰ی ئوکتوبری ۱۹۳۰ دا پولیسێک بەدەستی پێشمەرگەکانی شیخمەحمود لە ۱۵ کیلومتری سولەیمانێدا کوژرا، وە هەروەها لە ۳ی نوامبر

شاریپێنجوون لەلایەن ۳۰۰پیاوی چەکداری کورد کەهێرشیان بوسەر شار هێنابوو، گیرا، ۴۰ پولیس لەوشارە زۆریان بەرگری کرد، وەتەنانەت هێزی هەوائی سەلەتەنەتی ئینگلیس بینجون بومباران کرد، تا پولیسەکان خوراگرن و بەرگری بکەن.

سەروک و کاربەدەستەکان دژی ئەو شۆرشەو، قەومانە زۆر ئاکارو کردە وەیەکیان نیشان نەدا، وە چاوەڕوانی سازمانی اس. د. ان بوون کە چون تەسمیم دەگرن و ڕاوتەدبیریان چیە.

لەوبارەدا ڕاپورتی جۆربەجوردەدرا، کمیسەری پابەبەرزی ئینگلیس لە بە غدادا، داوخووازی کرد کە ئەگەر دەولەتی بریتانیا بە قازانجی کوردەکان دە ڕووانێتە ئەوکارە، تامنش ئیحتیاتو، تەقیە لەدەس نەدەم، ئەگینە پیویستە بە دووای ئەوکارەدا بەوردیبروا کە بزانێ بەکوی دەگات. ۱۴

لە دیسامبری ۱۹۳۰ دا حکومەتی بریتانیای گەورە لەپێش هاوالیکی ڕەسمی خۆیدا، ڕاپورتی کومەلی بەریوەبەری دائمی S.D.N یپیگەیشت سەرئەنجام داوای سەروکە پایە بەرزەکانی کورد ــ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بوو لەژێڕ چاوەدیریو، فەرمانی S.D.N دا، بەلام ئەو داخووازە لەلایەن "حکومەتی پادشایەتی ئینگلیس، وە کاربەدەستەکانی نەسەلماندرا، وەدانیان بەسەردانەهینا. ۱۵

۷ــ ئاخرین شەڕ دژی شێخمەحمود

بو دەولەتی عەراق هیچ شکوگومانێک نەمابوو، کە هەلویستی ئەوەبوو کە زۆرزوو دەبێ کاری شیخمەحمود کۆتائی پێبندری وە دژی وی ئاکاری نیزامی دەس پێبکردرێ.

لە هەوەلی مانگی فیوریەی ۱۹۳۱دا شیخ مەحمود نامەیەکی بۆ کاپیتان هۆڵت، کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لە ڕۆژهەلات‌دا نارد کە لە تووانائی و نفوزی خۆئی کەڵک وەرگرێ وە لەو کارەدا نیۆنجیبێت. بەلام پاش شەڕی ئاویبازیکا (۵ی ئاوریلی ۱۹۳۱) لە مەلبەندی کیفری‌دا شەڕکەرەکان دەیانەویست "دەرسێکی تووند) بە دووزمن‌بدەن، کە ناکام مانەوە، وەشیخمەحمود چی‌بۆ

نەکرا.

بەدووای ئەو شەڕەدا شیخمەحمود بۆ ئیران پەنای برد، لە لای ڕۆژئاوای پێنجوونەوە، نامەیەکی تازەی لەسەرزا بۆ کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لە۲۴ی ئاوریلی ۱۹۳۱دا نووسی، وەتکای لێ کرد بوو کە کاربە دستێکی نەێنی بو ووتو، وێژ لەبارەی خۆ بەدەستدانی خوێی بنیرێ. لە هەوەڵی مانگی مەی ۱۹۳۱ هێزی ئامادەی ئیران لە مەریوان (لەسەر داخووازی حکومەتی عەراق) کاری شیخ مەحمودی بێووچان کۆتائی پێ دینێ. پاش سێ ڕۆژ ووتو، وێژ لەشاری پێنجوون لەگەل کاپیتان هۆڵت، لە ۱۳ی مێی ۱۹۳۱ سەلماندیان کە شیخ مەحمود بگەڕێنەوە وەڕ دەولەتی عەراق بۆ ژیانی لەوەی پاشی شیخمەحمود جێگایەک لەبەر چاوبگرێ وە هەروەها کۆمەکو، یارمەتیشی بکات.

سەرئەنجام شیخمەحمود لەژێر چاوەدێری چەندسووار وە پۆلیسی عەراق بۆ شاری سولەیمانی یان هێناوە، وە لەوێرا لە ۱۵ مە فڕۆکە بو اور ناردرا، لەوی نەختێک لەمیوانخانەی ڕێی ئاسن ماوە، پاشان بردیانە نزیک شاری ناسریە.

کمیسەری پایەبەرزی ئینگلیس لە هەواڵێک دا لە ڕاپورتی خۆ ی دا نووسی بووی کە شیخمەحمود دەیەوێ شەڕێکی قورسی گرێلالائی، دەست پێ بکات ئەویش لە پائیزی سالی ۱۹۳۰دا، وە هەروەها نووسی بووی کە بە ڕاستی سەرکەوتن بەسەر شیخمەحمود دا کارێکی زۆر هونەربووە. ۱۶

شیخ مەحمود لە سالی ۱۹۴۰دا ئۆلتیماتومێکی دا گە بومەیدانی شەر بگەڕێنەوە: هومێدو، ئاواتی وابوو کە وەک ئاخری شەڕی جیهانی هـــەوەل ئەوجارەش نەخشێک لەڕاپەڕینی کوردەکان دا کایە بکات، وە لە جەنگەی شەری دووهەمی جیهانی دا لەگەل ئینگلیس دەس بەکاربێت.

ئینجا بەو بۆنەیەوە چاوپێ کەوتنێکی لەگەل ئیدموند لە فیوریەی ۱۹۴۰دا لە دەفتەری کاری خۆئی لەبەغدایە کرد، وە بپێی گوت، "من ئێستا کە پیاوێکی پیرو، گەڕاوەم وە ئاواتم ئەوەیە کە ماوەی عومرم لە هێمنی و، ئەهوەنی دا ڕابوێرم" وە تکام ئەوەیە کە ڕێگابدەن بگەڕێمەوە سولەیمانی. بەشوێنی ئەوەدا بەرنامەیەکی زۆر دڕێژو، پڕی لەپێش ئیدموند دانا، وە گوتی دەیەوێ کە هێندێ لەکوردەکان دژی شورەوی ئامادە بکات. (کمیتەی کوردانی شاری سولەیمانی دژی سوویەت) هەوڵی دەدا کە لەگەڵ ڕووسەکان بەربەرەکانی بکات. بەڵام ئیتر

ئینگلیس لە هیچلاوە، کاری بەشیخمەحمود نەمابوو، جا، چ بەڕاست، چ بەدرۆ، بێ کارێک بەڕێوە بەرێ.

شیخمەحمود لەسالی ۱۹۵۶ کوچی دووائی کرد، واتە دووسالپێش شۆڕشی عەراق کە حکومەتی مونارشی، واتە حکومەتی پادشایەتی هاشمیتێک برووخی، ئەو حکومەتەیکە بێووچان دژی (پادشایکوردستان) سەرسەختانە ئاکـــــارو کردەوەیدەکرد.

هێندێ لە کوردەکانی ئەو ڕۆژگارە دەڵێن کە ئینگلیس لایەنگری لە شیخ مەحمود دەکرد، وە بەڕاستی جارجار هەڵیدە سووڕاندو، کایەی پێدەکردو، دەیگێڕا.

سەرئەنجام شیخمەحمود "لەسوروشتدا بیرەوەرێکی زۆر خراپی لەئینگلیس لەمێژوودا هەیەوە وجدانی لە لای ئەوانەوە نارەحەت بوو" وە ئەو،نمونەیەک دژی ئاکارو کردەوەی نالەباری ئینگلیسە:

شیخ مەحمود بەڕاستی لەکاتی بەهەستهاتنی عەراقدا مرۆڤێکـــــی بەنێوی و، ناسراوبوو، وە عەراقش ئاکارو کردەوەی وی لە کوردستان دأڵەبەر چاووە. بەڕاستی شیخمەحمود لەخەباتێکی دووردرێژ قەت (نەحەساوە وە لە میژوو دا بە کوردێکی خەباتگەر ناسراوە

فەسلی ۷

شێخ ئەحمەدی بارزان

شێخەکانی بارزان لە سەدەی۱۹دا بەرەقیبی شیخەکانی شەمزینان دەناسران، بەلام ڕامی دەستی ئەوانیش بوون، دەگونجێ بڵێین کە لەراستەقینەدا نەخشێکی سیاسیئەوتوێان نەبووە. ئینجا لە سالی ۱۹۰۹وە شورشی شیخ عەبدوسەلامی دووهەم دەستی پێکراوە، وە ئەوپیاوەلەسەرەتای سالی ۱۹۱۴ دا لە لایەن تورکەکانەوە لەدار درا.

براکەی بەهۆی ئەوەوە ناسراوە کە لە نوامبری ۱۹۱۹دا دوو ئەفسەری ئینگلیسی لەکاتی بزوتنەوەی بادینان‌دا کوشتووە. شیخ ئەحمەد کتوپڕ بوو بە دووژمنی بریتانیا و عەراق کە ئەو دوو دەولەتە قازانجیان هەمیشە پێکەوە بووە. ئینجا شیخ ئەحمەد لەلانی شێخایەتی‌و، مەزهەبێوە چەن شەڕێکی کردوە کە ئەویش ئینگلیسیکان بە سەریان دا سەپاندوە، کاتێکەکە شەڕەکەیان دامرکاندۆوە، بۆخۆێو براکانی لەوەلات دوورخراونەوە شەڕەکەلە سالی ۱۹۳۴ دا کۆتاهی پێهاتووە.

ناتووانین ئەوڕۆ ئەوەی بسەلمێنین کە شیخ ئەحمەدو، براکەی پتر لایەنگری مەسەلەیمەزهەب بووبن تەنانەت بەوەی گوناحبار کراوە کە ویستوویەتی مەزهەبی مەسیحی لە کوردستان‌دا ڕەواج پێبدات،وە ئەو تاوانەشیان لەبەر ئەوەی پێ بەستووە کە ڕێگای بە خەلک داوە کە گوشتی بەرازی بخۆن‌و، خۆنە پارێزن.

شیخ ئەحمەد بەچەشنی باب‌و، باپیری خۆی لە لایەن خەلکی کوردی بارزانەوە لە حوڕمەت‌و، ڕێزیکی تایبەتی کەلک وەرگرتووە، عێل‌و، عەشیرەتی


بنە ماڵەی شێخی بارزان
تاج الدین
عەبدوڵلا
شێخ عەبدوسەلام ۱
عەبدورەحمان
شێخ مەحمەد
شێخ بابو
مەلا مستەفا
شێخ ئەحمەد
شێخ عەبدوسەلام ۲
۱۸۸۵؟ ۱۹۱۴
مەسعود
۱۹۴۶
ئیدریس
۱۹۴۴
لوقمان
عەبەیدوڵلا
۱۹۲۷
محمد
خالد
شێخ عوسمان

بارزان پێیان وابوو کە شیخ پیاوێکی گەورەی خودایە کە بۆ ڕا بەری هاتووە، وە تەنانەت پێشیان دەگوت خودای بارزان! ۱

بەلام لە ڕاستەقینەدا مەبەستو، هۆی ڕاپەڕینی شیخ ئەحمەدی بارزان، پتر مەبەستو هەڵوێستی سیاسی بووە، وەدەولەتی عەراقیش لەهەموو بابەتەوە گوێی خوی ئاخنیوەو، خویی مات کردوەو، بەسەر خۆی نەهێناوە. لە سەرئەوەشڕا عەراق لەگەل ئینگلیس دەیانەویست دەرفەتێکیان بۆ هەڵ کەوێ، کە بتووانن کارەساتێک بەسەر شیخ ئەحمەد بێنن و، سەرکوتی کەن.

لە ئاکامدا لە سالی ۱۹۲۷ وە بوو کە شیخ ئەحمەد بەر هەڵستی بۆ عەراق هێنا پێشێ! وە هەر لە ڕێدەستی مەزهەبەوە کە خۆی بە پیاوێکی خوداناس زانیوە، بە ژیریو، وریاتی هێزی خۆئی پەرە پێدەدا، وە لە مەلبەندی "ڕۆژاوای ڕوو کوچوک" واتە لەو ناوچەیەی کە عەراق دەیەویست دەستی بەسەر دابکێشێ بزوتنەوەی هەبوو. ۲

دەولەتی عەراق تاقمێکی سەرباز بە سەرۆکایەتی کمیسەرێکی پایە بەرزی عەراق وە بەڕابەرایەتیو، چاوەدێری ئەفسەرە ئینگلیسێکان ناردە سەر شیخ ئەحمەد کە بزانی ئایا داوای مافی ئیسلام[۳] دەکات، یان سەروسەودای ڕامیاری لەسەر دایە. بەلام هەرچێکبێ ئەوهێزە لە بیلێ واتەلە چەنکیلومتری بارزان داماوە وە بو وەلاتی بارزان نەچۆ پێشێ.

۱ ــ شیخ ئەحمەد، وە ڕاپەڕینی ئاڕارات:

چووارسال پاش، یانی لەسالی ۱۹۳۱دا شۆڕش گەیشتە کاتیکی گرنگ، بەو هێرشەی کە هیزی تورک هێنابوویە سەر کوماری ئارارات، وادیاربوو کە دەیەوێ کاری کوردەکان کۆتائی بێنێ وا تە تێکیان بشکێنێ. لە مانگی ژوئیە، وەلەمانگی ئوتی ۱۹۳۱ دا شیخ ئەحمەد تاقمێکی چەنسەد کەسی ناردە شەڕی ئارارات، وە لەونێوەشدا دەنگی خۆی[۱] دژی دەولەتی تورکیە، وە دەلەتی عەراق دەربڕێ. ئینجا ئەو هاوارە لە بەرئەوەی بوو کە دەولەتی عەراق هێزی ئامادە نیزامی خوی بو ناوچەی بارزان بەڕێ[۲]کردبوو.

لە بارەی ناردنی هێز لەلایەن شیخ ئەحمەدە وە بۆ ئارارات، بریتانیا دەنگی لە بەردەرنەهات، وە مەبەست بە بزوتنەوەی مەلەبەندی بارزانش گوتی کە شیخ ئەحمەد دەیەوێ مەزهەبیکی نوێ لەو ناوچەیەدا ڕەواج بدات!

ئەومەسەلەیە لەلای کار بەدەستێکی ئینگلیس لەعەراق دا لە پەرتۆکێکی میژووئی دا نووسرا بوو کە: لەمانگی ژوییەی ۱۹۳۱ دا شیخ ئەحمەد فەرمانی بە پیاوە لایەن گرەکانی خۆی دا بوو کە لە خووارەنی گوشتی بەراز دا ئازادن، وە دەتووانن بی‌خون‌و، بی‌کەنە کەباب." [۴]

هێندێ گومانیان ئەوە بوو کە تا وە دە رکەوتنی فەرمانی ۱۹۳۲، دەولەتی عەراق دەیەوی تا سنوور ناوچەکە داگیر بکات. ئینجا وادیارە شیخ ئەحمەد کەم‌و، زۆر تا سالی ۱۹۴۳ لە خەبات ڕانەوەستاوە، وە ئەوجار بەئاشکرائی دەنگی خوئی بو وەرگرتنی مافی‌نەتەوایەتی کورد دەربڕی. ۵

بەڕاستی دەبێ بگوترێ کە ئەوهەڵوێستە لەمێژوودا خراپ نووسراوە کە شیخ ئەحمەد مریدەکانی خۆی هیبنو تیزە کردوە! وە دەولەتی عەراق مەبەست بەوەی بەهەڵستان‌و، ڕاپەرینی شیخئەحمەدی گوتووە کە بزوتنەوەیەکی مەزهەبیە، بۆ ئەوەی کە بو جیگای‌دی بلاوە نەبێتنەوە: بەتایبەت لەسەر کوردە ناسیونالیستەکان ئەسەردانەنێ.

ئایا بەراستی دەبێ ڕابتەو، هاتوچۆی شیخ ئەحمەد لەگەل بزوتنەوەی کوردە ناسیونالیستەکانی تورکیە چۆن بووبێ؟ ئایا دەبێ لەگەل کمیتەی خویی‌بوون هاتوچۆنی بووبێ؟

ئایا پێش ناردنی هێزی سالی ۱۹۳۱، هێزێکی دیکەی ناردۆ؟ ئایا چۆن زاندراوە؟

سەرئەنجام ئەگەر وابووبێ، بۆچی شیخئەحمەد ووتەی‌یارمەتی دانی لەسالی ۱۹۳۰دا ڕەد کردوە تەوە، وە لەپاشان پاش سالێک سەلماندوویەتی کە کوردەکانی تورکیە یارمەتی بکات؟

بەلام هەمووی ئەوپرسیارانە بێوەلام ماونەوە.

۲ــ ڕووبەڕووبوون لەگەل شیخ ڕەشیدی لۆلان

ئینجا ئاژاوە لە مەلبەندی برا دۆستەوە دەستی پێکرا ،وە لە نووامبری ۱۹۳۱دا لەبەینی برادۆستەکانو، بارزانێکان بەرەنگاربێکی گەورە وەدیهات. "هەوال دەربێکی ڕامیاری نەبینی" ڕای گەیاند کە شیخ ڕەشیدی لولان پیاوێکی مەزهەبیفەناتیکە، وەجیرانو، درلوسێکانی ڕەقیبی خۆی بەوە تاوان باردەکات کە بە سەرۆکایەتی شیخ ئەحمەد دەیانەوێ "لەگەل ئاسۆوریەکان بۆ ئەوەی کە لەدەست موسولمانەکان خوێنی رزگار بکات ،ببێتە یەک،جامەبەست بەوەیە کە دەیەوێ دژی ئەوکافرە دەس بە کاربێت. بەڕاستی شیخ ڕەشیدیان لـــــەو داوەخستبوو وە لە ۲۶نووامبری ۱۹۳۱دا هێرشی بردە سەر شیخ ئەحمەد کە لەبەینی بەرێ. حکومەتی عەراقش کە لە مانگیمەی ۱۹۳۱دا لە چنگی شیخ مەحمود رزگاری ببوو، لێرەدا بیانووی وەدەست کەوتوە هەروەها بە بیانووی ئەوەی کە شیخئەحمەد بە کوردەکانی تورکیەی یارمەتی داوە،تەسمیمی گرت کە شیخئەحمدی بکوتێ ،وە هێرشێکی گەورە بەرێتە سەر گوندیبێلە وە لـــــەو کارەساتەش سودو ،قازانجی سوروشتیو، ئەخلاقی وەرگرێ. ۷

۳ــ هەوەڵین شەڕدژی شێخئەحمەد (دیسامبری ۱۹۳۱)

هەوەلین شەڕ دژی ناوچەی شیخ ئەحمەد تووشی ناکامی بوو: تاقمێک لە هێزی عەراق کە بریتیبوون لە ۲توپ وە هێندێ چەکـی ڕەشاش،لە شەوی ۹ی دیسامبری ۱۹۳۱دا مەڵبەندی بارزانیان گەماروّدا، ئەو تاقمە بە هیوابوو کە لەنەکاو پێش مەرگەکان غافلگیر بکات: بەلام بۆ خۆیان لەداوی ئەوان کەوتن، لەدژی ئەو هێرشەدا پارتیزانەکانی شیخئەحمەد، بەشێکی زۆریان دیلو یەخسیرگرت ،کەلە نێوانداقائم مەقامی بێلەی دەدیترا! بۆ دووارۆژێ بەریبەیانی هێزی ئاسمانی سەلتـــەنەتی ئینگلیس ئاوائیکانی بارزانی بومباران کرد !ئینجا شیخئەحمەد وەلامبەرێکی ئاشتی خووازی نارد ،وە ڕایگەیاند کە

یەخسیرەکان ئازادەکات.

۴ ــ دووهەمین شەڕی دژی شیخ ئەحمەد (فیوریەی ۱۹۳۲)

سەرئەنجام حکومەتی عەراق بەو نەتیجەیە گەیشت کە کاری شیخئەحمەد کۆتائی بێنێت. لەمانگی ژانوییەی ۱۹۳۲دا کە کمیسەری‌عالی بریتانیای داوا کرد کە مانۆڕێکی ئاسمانی لە ناوچەی زێبار، ئاکراوە بارزان بەڕیوە بەری، وە عەراق هاوکات لەگەڵ ئەوە، ئاکاری نیزامی خۆی دەست پێدەکات[۸]... ئینجا بەبێئەوەی‌کە چاوەڕوانی تەواوبوونی زستانێبکەن، هێرشێکی تازەیان لە۹ی‌فیوریەدا کرد، ئەوکەڕەتەش شکان! هێزی عەراق۱۴کەسی کوژرا، ۹کەسی زامدار بوو، وە لە کوردەکانیش ۲۰کەس کوژراو، ۳۰کەسیان بریندار بوون. لە ئاکامدا حکومەتی عەراق ڕاو وتەدبیری هێنا سەر ئەوەی کە تا گەیشتنی بەهار لە ئاکاری نیزامی دەس هەڵگرێ.

۵ ــ سێهەمین شەڕی دژی‌شیخ ئەحمەد (مارسی ۱۹۳۲)

لە ۱۲ی مارسی۱۹۳۲دا حکومەتی عەراق اولتی‌ماتۆمێکی بە شیخئەحمەد دا، وە ڕای‌گەیاند کە: دەولەت دەیەوێ ئیدارەیەکی کشوەری لەناوچەی بێلەدا، دامەزرێنی، وە بۆوکارە ۴۸ ساعەتی مۆڵەت دابوو.

شیخ ئەحمەد بەڵێنی بەو کارەنەدا. لە ۱۵ی مارسی ۱۹۳۲دا هێزێکی گەورە کە بریتی لە سووار(و، توپخانە و هێزی پۆلیسش بوون وە هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی ئینگلیس پشتووانی لێ دەکرد، هێرشی‌بردە سەر ناوچەی شیروان.

هێزی عەراق لە لایەن پێش مەرگەکانی شیخ ئەحمەدەوە هەڵبردران، وە دوو دەستەی شەڕکەری‌بارزانی لە ۱۹ی‌مارس، وە ۳ی‌ئاوریلی ۱۹۳۲دا ۴۰۰ئی‌ستر کە بارگەوبنەی شەڕیان لێ بارکرابوون لەگەل هەموو زووقەواروسەربازەکانیان گەمارۆدا، بەڵام لەلایەن هێزی ئاسمانیۆە رزگار دران" وە لە گەمارۆی کوردەکانیان هێنا دەرێ، تەنیا پیاوێکیان لێ کوژراو، چەن کە سی‌کیشیان لێ بریندار بوو. لەئاکاما کوردەکان لە لای شیاکانی‌لنیگ‌لەی‌ئاوریلی ۱۹۳۲دا شکان، بەشوینی

ئەوەدا هێزی عەراق هێرشی بردە سەر ناوچەی ئاکراوە بەبی ئەوەی کە تووشی بەرهەڵستێک بی ناوچەی بارزانیان گرتوە.

٦ ـ لە قوڕێوە چوون (ئاوریل ی ١٩٣٢)

سەرئەنجام پیرۆزیوسەرکەوتنی عەراق، پیروزێکی راستەقینە نەبوو: شۆڕشگێرانی کورد تاکتیکی شەڕکەیان گۆڕی، واتە لەگەل رووبەرووبوونی هێزی گەورەی عەراق خۆیان دەپاراست، ئینجا ڕێبازی هێرش کەم کراوە. لەکاتێکدا کە هێزی پێشمەرگە لەسەر کێوەکان بوون وە بەباشی لەوێرا جولانەوەی هێزی عەراقێکانیان جووان لەبەرچاو بوو، لەنەکاو زۆربەیانلێدەدان، وەدەگەڕانەوە لای ناوچەی ڕووکوچک.

ئەوجار هێزی عاسمانی عەراق بە فەرمانی حکومەت لە ١١ی ئاوریلی ١٩٣٢دا داوای یارمەتی لە هێزی عاسمانی بریتانیای گەورەی کرد. ئەوان بەشکوگومانەوە یارمەتی هێزی عاسمانی عەراقیاندا وە ناوچەی مازوریبالایبە ڕاکێتان داگرت. لە ٢٩یئاوریل یەکێک لە ئاکاری هێزی عاسمانی شکاو، وە فروکە وانە کان ئە سیرکران

شیخئەحمەد ڕاوتەدبیری هێنا سەرەوەی کە شەڕەکەی ڕاوەستێنی وە بە قازانجی خۆی داوای تەققە وەستاندن بکات وە دەیەویست کە شەڕ ڕاوەستان لە دەورووبەری لای راستی چومی رووکوچکبی. وە عەراقیش بە هیوا بوو کە بەو تەققە وەستاندنە، مۆلەتێک بەدەست بێنێ کە ڕێبازی هاتوچۆی کوردەکان لە ڕووکوچکدا ببەستێ، وە لە پردەکانێکی کە ئەوهاتو، چۆیێەی لەسەرە، چاوە دێری بکات، وە هەروەها لە ناوچەی بارزاندا لایەنگرانی شیخئەحمەدی گەماڕۆ بدات، وە سەرئەنجام تا ئەوجێگایەی کە دەگاتەوە سنووری تورکەکان بگرێتەوە وە لە تورکەکان داوا بکات کە سننوری خۆیی لەو ناوچەیەدا بپارێزێ.

٧ ـ تەواو بوونی ئاکاری شەر لە (ژوئنی ١٩٣٢)دا

لە ٢٦مەی ١٩٣٢ هیزی عەراق هیرشیکی تازەی دژی شیخ ئەحمەد دەست

پێکرد ، کە دەگوترێ ئاخرین پەلامار بوو ئەو هێرشە کە لە ئاکاما ڕە سەرکەوت ، ئەوەش سەبارەت بەوە بوو کە هێندێ لە ئەفسەرەکانی ئنگلیزی کە سەرۆکی ئەوان بەنێوی ژێنێرال هیدلام بوو ،هاوبەشیان لە شەڕکە دا دەکرد . ۹

لەوشەڕەدا هێزی عاسمانی ئیگلیزیش نەخشێکی گرینگانەی هەبوو ،جیگای پارتیزانەکانی شیخئەحمەدی بۆمباران کرد وە بۆ سنوری تورکیا هەڵیان بڕین ، لە ئاکاما شیخ ئەحمەد ، چارەی نەماو بەخۆیو چوارسەد کەسەوە لە ۲۱ ژوئنی ۱۹۳۲ پەنای بۆ تورکەکان برد : ۱۰

شیخ ئەحمەدیان نارده شاری قوستەمونیەوە ، لەوێڕا بۆ ئیدرین دوور خراوە لەوکاتەدا حکومەتی تورکیا ۱۵ پیاوی لە کوردەکانێ کە لە شوڕشی ئارارات‌دا بەشداریان کردبوو ،وە یارمەتیان دابوون وە لە دووای شەڕەکە پەنایان بو شیخ ئەحمەد هێنابوو ، لەدار د ا . ۱۱

بەوچەشنە جووڵانەوەی شیخ ئەحمەدی بارزانی دووائی هات ،وە لە دوولایان بەگوناحبار دەناسرا واتە هەم لە لای تورکەکان وە هەم لـــــە لای عەرەبێکانەوە و پێ یانکوت کە نابێ بەهیچجۆرێک بگەڕێتەوە بو ناوچەی باڕزان . وە حەقی‌نیە کە بە هیچ چەشنێک لەبارەی شەڕەکەی دا قسان بکات و دەنگی دەرێت .

۸ ــ سەربزێوی و شۆڕشی مەحمەدسەدیق و مەلامستەفابارزانی

پاش دامرکانی ئەوشەڕە ،لەسەر ئەوەشڕا حکومەتی عەراق تووانائی ئەوەی نەبوو کە هێمنی‌و ئاشتی واتە (سولح و ئاشتی‌عەرەبی) لە کوردستانی عەراق‌دا بەڕێوە بەرێ لە ئاخری سیپتامبری ۱۹۳۲ مودیری ناوچەی شەمزینان لە تورکیە ،لە رەفیقی هاوتای خۆی لە ناوچەی مازوری بالادا داوخووازی کرد کە چاوپێکەوتنێکیان لە سنوری تورکیا لە بیروخ ،سەبارەت بەوەی کە بازرانێکان لە کێوەکانی مانکولاوە وە جەنگەلەکانی ڕوبار ئەل جاجی بەگدا سەربزێوێ دەکەن هەبێ " . ۱۲

لە ئاخری ۱۹۳۲ دا تورکەکان ، کوردەکانێکی کە لەگەل شیخئەحمەد پەنایان هێنابوو ئازاد کرد لەنێو ئەوانەدا موحەممەدسەدیق و مەلامستەفاش

لەگەل بوون،کە ئەوانە هەموویان گەڕانەوە ناوچەی بارزان وە شەڕی گرێلایان دەس پێکردەوە لە ۲۲ی دیسامبری ۱۹۳۲ دا لە مێرگەسوور ڕووداوەیەک قەوما. وە لە مانگی مارسی ۱۹۳۳ ئەو دووبرایە بەخۆیان و ۳۰۰کەسەی شەرکەرەوە هیزی دەولەتیان تەنگاوکرد وە لەکاتێکدا هێزی حکومەتی عەراق کە دەچوو بۆلای ئاوایەکانی سنور، لە خاکی تورکەکاندا، لە جنوبی دەشتی گووانداا لە ۴۰ کیلومتری شمالی ڕۆژ ئاوای خاکی بارزان،دامەزرابوون.

ئینجا فەیسەل پادشای عەراق بەتایبەتی لە بالۆیزی تورکیا لە بەغدایەدا داخووازی کرد کە پێویستە دەولەتی تورکیا لەو کارەساتەدا هاوبەشی بکات ئەوکارە چەند مانگێک بێدەنگەی لێکرا وە تا ۸ی سێپتامبری ۱۹۳۳ باسی لێ نەکراوە تورکەکان هێزیان لەو نانچەیە دانەبوو.

دەگونجێ بڵێن کە ماوەی ۴۰سال خەباتی بارزانیکان، بەتایبەت بەسەروکایەتی ژینیرال بارزانی مەلامستەفاو موحەد سەدیقی برای کە پاشان دڕێژەی پێدرا، لەوەی ڕا دەستێپێکراوبەهێز بوو واتە بارزانیکان کاتێک کە لە سالی ۱۹۳۲ دا پەنایان بۆ تورکیەبرد، هێندیکیان ئەسلەحە لە ژێر خاکدا شاردبۆوە،وە سەرەتای شەڕی دووایەی بارزانیکان هەر بەو چەک و ئەسلەحەیە بوو وە هێزی بارزانیکان لە بەهاری ۱۹۳۴ دا ئامادەی شەربوون.[۱۳]

دەگوترێ بڵێن کە هەرچەند ئەو دوو برایە کە لە هەوڵی سالی ۱۹۳۴ دا کە لەوڵات بو ناسریە دوور خرابوونەوە، بەلام هێستا هێمنی بۆ ناوچەی بارزان نەگەڕابووە، چونکە لەناوچە کەدا خەلیل خوشەوی ئەفسەر وە یەکێک لە خزمەکانی نیزیکی بارزانی وە ئالۆ بەگ مامی دایکی تا سالی ۱۹۳۶ (مانگیمارس) سەریان بودەولەت دانەنا،وە لەنهێنی دا گویزقولاغ ببوون کە کاتیان بۆ هەڵکەوێ وەدژی دەولەت هەلستنە سەرپێ.[۱۴]

فەسلی ٨

شۆڕشی دەرسیم

پاش سالی ١٩٣٢ کوردەکانی تورکیا لەلایەن حکومەتەوە زۆر لەفشار دابوون بەبێ‌ڕوحمی تاوان بار دەکران‌و ،ناڕەحەتیان دەکردن وە هەموویان لە تەنگەبەری دابوون ،لەئاکاما دانشتو کوردەکان کەس نەی دەتووانی لە سنـــور نزیک بەبێ‌تەوە وە سنوور بە تەواوی بەسترابوو .

بەلی ئەو پرسیارانە دەهاتنە پێشێ کە ئایا دەها یا سەد، ان وە هەزار ان کەس کە لە کوردەکان پاش جوولانەوەی ئارارات لە وەلات دوور خرابوونەوە ئێستا کەچەندیان ماون و لە چکاتێکدان؟ !وە ئایا جووڵانەوەی دیکە لـــــە کوردستان لەو کاتەدا هە بووە؟ وە سازمانی بەرگری کوردەکان لەنهێنـــــی‌دا پێکهات بوو؟ بەڵێ ئەوانە پرسیارێک بوون کە بێ‌وەلام ماونەوە .

لە ئاگاداڕێک‌دا لەسالی ١٩٣٤ ڕاگـــە یاندرا کە حکومەتی تورکیا سەرلەشکر کەنعان‌پاشا کە فەرماندەی هێزی دیاربەکر بوو ناردە چەڕناک ،وە لە مانگی ئوتی ١٩٣٤دا کێوەکانی کوردستان بو ماوەی ٨ ڕۆژ بومباران کرا ، تا کوردەکان لە کێوەکان بێ‌نێتە دەرێ. ڕۆی‌نیرال کەنعان‌پاشا هەروەها لە سالی ٣٥ ــ ١٩٣٤ لە مەعورە تول ئەزیز چەند کەسێک بۆ چاوترساندن لە دارد راوە دەبی چاوە ڕۆوانی شورشی دەرسیم لە ١٩٣٧ دابکرێ کە تورکیە نە ی توانـــی بیشارێتە وە .

١ ــ نەخشەی عابدین ئۆزمان بۆ گۆڕانی نەتەوەی کورد .

بە شوێنی ئەوەدا چەن‌مانگ پاش، سەرسیخورو ، پشکنینەری ناوچەی

رۆژ هەلات پیاویکی رامیاری تورک بەنیوی عابدینئۆزمان بە دەولەتی ڕا گەیاند کە ڕێبدات کە لە ناوچەی کوردستاندا بۆ گۆڕانی ئەو گەلە چارەسەرێکو، نەخشەیەک بەڕێوە ببردرێ.

دەولەتی تورکیە لەسالی ۱۹۳۲دا لەکانگای دانشتگەی یاسائیدا، سەلماند بووی کە یاسای دژی کوردەکان لە ڕۆژهەلاتەوە بوروژاوا بە ڕێوەبچێ. وە ئەو نەخشتەیەو، یاسایە بە تورکەکانی ڕێدەدا کەبێنە ناوچەی کوردستان، وەجیگای کوردەکان بگرنەوە وە لە ئاکامدا لە دەوروبەری بەحری وانو، دەشتی مووشیدا جێگیر بن، وە هەروەها ڕێی ئاسن بکێشرێ وە ریگاکان قیلڕێز بکرێن".

ئینجا بو ئەوەی کە کوردەکان لەسەر ڕێیوشوێنی خۆیان لابدەن، لە بەرەوە گوتیان کە کوردەکان لە مندالی ڕا نابێ بەزمانی خویان قسەبکەنو، زمان بکەنەوە، بەڵکو پێویستە بەزمانی تورکی بدوێن وە ئەوکارە دەبێ لەتەواوی گوندو، و لاتی کوردستاندا بەڕێوە ببردرێ. سەرئەنجام عابدین ئوزمان پێش نیاری کرد کە سیستمێکی قەزائی تایبەتی دابندرێ کە تەواوی عەشیرەتی ناسراو لەژێرچەتریئەو یاسایە دابن، وە قازی تایبەت بوچارە سەرکردنو، بەریوەبردنی ئەوکارە لە هیچ شتێک دریغێ نەکا. [۳]

۲ ــ یاسای سالی ۱۹۳۷

لە ئاخری سالی ۱۹۳۷ حکومەتی تورکیە یاسای تایبەتی مەجلسێی بەوچەشنە کە چاوەڕوانی دەکرا بەڕێوە بـرد: کاربەدەستانوئیدارەکانی کشوەری حوکمیان نەما، یاسای چەنگیبۆبەڕێوەبردنی حکومەتی نیزامی: "کارتیسپی" درایە دەستی نیزامیکان بۆ ئەوەی کە هەر کارێکی کە پێیان خۆشە ئەنجامی بدەن.

بەوجورە حوکمی مەرگی تەواوی عەشیرەتەکانو، دانشتووی و لات ئیمزا کرابوو.

تەعلیمی زمانی کوردی وە هەروەها هەموو زمانێکی خارجی جگە لە زمانی تورکی لە ناوچەی کوردستان دا بەرگری لێکرا وە خوێندنەوەی هەموو پەرتوک و نوشتارێک جگە لە کتێبی تورکی پێشی گیرا. [۴]

لە بەهاری ۱۹۳۷ لە شاری دەرسیم ئەو ئاکارو کردەوەیە بە چەشنێکی

گرنگتر بەڕێوە بردرا، تەنانەت ڕۆژنامەی سون‌تی‌لی‌گراف کە لە قووستەن‌تەنیە دەردەچوو، وە وەلایەن‌گری دەولەتبوو بۆ وەلاتی کوردستان دەهات، مەبەست بە خەتایەکی چووک نەیان هێشت چاپکرێ وە لە ۲۳مەی۱۹۳۷دا بەستـــرا. سەرئەنجام مەسەلەی ئاژاوەو، بزوتنەوەی ئەوکاتەش نەزاندراوە کە چۆن‌بۆوە وە سەروک و ڕابەریان کێ بووە، واتە ئەوەش وەک شۆڕشی سالی ۱۹۲۵ نەزاندراوە لەگشتدا سەروکەکان چکسانێک بوون.

۳ــ سەیدڕەزا (۱۹۳۷ــ ۱۸۶۲)

پیاوە دیپلوماتەکان‌و، ڕامیاریکانێکی کە لە پوستی ئیدارەی شاری ئانکارا دابوون، کاتێک کە جوولانەوەو، ڕاپەڕینی دەرسیم دەستی پێکرا نەیان‌دەزانی کە ڕابەروسەرۆکەکەی کێیە هێندێک پێیان وابوو کە سەیدرەزا یەکیکە لـــە "سەروکی‌ناوچە) واتە سەروکێکی مەزهەبی دەبێ ببێ.

٥ دوکتور نوری دەرسیمی تەنیا نووسەری، پەڕتوکی دەرسیم، کە بە دریژائی سالەکان لەگەل سەیدەرەزا ژیانی ڕا بووارددوە، وەشان‌بەشانی وی خەباتی کردوە، بەداخەوە زۆربەکەم مۆکۆڕێ‌ئەو بەسەرهاتەی نووسیوە.

بە چەشنێکی‌کەدوکتور نوری گێڕاوێتە وە، و نووسیوێتی، سەید رەزا، کوڕی سەید ئیبراهیم بووە کە ئەو پیاوە سەرۆک عەشیرەتی حەسەنانە کە لەڕۆژئاوای دەرسیم‌دا ژیاوە کە ئەو عەشیرەتە یەکێ لە هەرە عەشیرەتەکانی بە ناوبانگی ناوچەکە.

ووشەی "شیخ" لە نێو کوردە شیعەکانی دەرسیم‌دا بە "سەید" نێودە بردرا وە هەروەها لە نێو ئیران‌و، تورک‌دا بەهەردوک نێو ناسراوە؛

سەیدبرایم کە لە ئاوائی دەری‌ئاهری ژیاوە، لە نیو خەلکی وولات‌دا لەحوڕمەتو، ڕێزێکی تایبەتی کەلکی وەرگرتووە، بە مروڤێکی ڕابەر ناسراوە.

ئینجا سەیدڕەزا یەکێک لە چووار کوڕانی سەیدبرایم بووە کە تەمەنی لەهەموان چوکتر بووە. وە زۆڕ لە لای بابی خوشەویست بووە.

سەیدزەزا دەرسی زانایەتی و مەلایەتی لە لای مەحمیت عەلی‌ئەفەند خوێندوە کە یەکێک بووە لە زانایان‌و، مرۆڤێکی مەزهی‌و، بەنفوزی ناوچەکە.

ئەو زانایە کە سەید رەزای تەعلیم داوە، زۆر لە سەر وی ئەسەر و نفوز داناوە وە بە تایبەت لەمەسەلەی نەتەوایەتی وای گوبی پڕ کردبوو کە هۆی دابووە.

پاش ئەوەی کە بابی کۆچی دووائی کرد، سەیدەرەزا مەبەست بە ووتــەو، وەسییەتی بابی جێی گرتوتەوە، وە لە گوندی ئاغداد نشتە جێ بووە کە ئەو ئاواییە لە داوێنی کێوی تۆژیکە.

شەرحی حال سەیدەرەزا وا نیشان دەدا کە ئەو پیاوە ئاکاروکردەوە (، زێنی و شوینی تەواوی کوردایەتی لە سوروشت دا بووە" مرۆڤێک بووە خۆشخولق کە خزمەتی بەخەلکەو، نەتەوەکە کردوە، خەڵکش سەبارەت بەوە حورمەتو، ڕێزێکی تایبەتیان بۆ گرتووە.

بەشوێنی شکانی شۆڕشی شیخ سەعید لەسالی ۱۹۲۵، سەیدەرەزا بە پەنابەرە کوردەکان خزمەتی زور کردبو خەلکی لاواندبۆوە. ۶

نامەیەک کە لە ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیسروەدەرخراوە، تەواوی ئەو ئاکارانەی کە لەسەرەوە گوترا دەسەلمێنێ وە دووپاتەی دەکاتەوە کە بەڕاستی سەیدرەزا مرۆڤێکی زانا و ڕووناک بیر بووە: لە بەیانییەکی کە ڕاپەرینەکەی دەرسیم بلاوی کردوتەوە، وا ئاشکرابووە، کە سەیدرەزا مرۆڤێکی نەبەزەوڵە هیچشتێــک ترسی و باکی نەبووە. ۷

۴ ـ مانی فیشتی سەیدەرەزا

لەمێژ سالە واتە بە درێژائی حکومەتی تورکەکان، لە و لاتی کوردستاندا کوردێک نەیتووانیوە کە روژنامەی بخوێنێتەوە وە بەزمانی کوردی زگماکی خر ی بخو ێنی و، بنوسێ وە پەرتوکیک لەچاپبدات، وە یان بە زمانی خۆی ووتو، وێژ بکات. هەروەها خەڵکی کوردی وەلات بۆ ناوچەی ئاناتولی دوورخراوەتەوە کە بەراستی وەلاتێکی بێئاوە، وە زەویوزارەکانی بەکەلکی هیچنایە. ئینجا ئەوگەلە تاقمتاقم لەبەین چوون. لە ناوچەی دەرسیم دا حکومەت هەوڵی داوەو، تێکوشیوە کە بەهەر چۆنێک بێت (نفوزبکات) وە خەلکی لە چێوتی و نارەحەتی دا بنــێ وە زوڵم و ستەمیان زیاتر بە سەر داسەپێنێ. ئینجا لە بەرامبەرئەوهەموودژی و نالەباریدا تەنانەت لەوە لاتی دوورخراوەدا کوردەکان دەستیان داوەتە چەک، بۆ

ئەوەی کە وولاتەکەیان بپارێزن و، مافی بەشخواری خویان وەدەست خەنەوە و بەرگری لێبکەن. نمونەی ئەو بەرگری و هەلستانە، ڕاپەرینی ناوچەی ئارارات لە سالی ۱۹۳۰، وە ناوچەی زیلان و، بایەزید بووە کە لەڕابردوودا دیتراوە.

هەرچەن ماوەی سێ مانگە شەڕێکی بێ ئەمان و، نابەرانبەر لەو ناوچەیەدا دەستی پێکراوە، وە سەرۆکەکانی حکومەتی تورک بە بۆمبی ناپالم و، گازی سەممی وولاتی کوردستان بۆمباران دەکات، بەڵام لەسەر ئەوکارە ساتەشڕا هێستا نەیتووانیوە سەرکەوی، تەنانەت تووشی ناکامی و، شکانش بووە، لە بەرانبەر ئەو بەرگریو، راوەستانەی ئێمەدا، فڕۆکەکانی تورک ئاوائیکان بومباران دەکاو، ژن و، منداڵی بێتاوان دەکوژێ و، ڕووحمی بەو نەتەوەچەوساوەیە نایە، وە خەڵکی بێسوچ و تاوان لە و لات دەردەکاو، دوورەدەخاتەوە.

بە ندیخانەکان تا قورقوڕۆچکە لە بەندێ کوردەکان پڕبووە. وە دەستەدەستە پیاوە ڕووناک بیرەکان تیرەباران دەکرێن و، لەدار دەدرێن.

سێمیلیون کورد کە لە تورکیەدا دەژین، مەبەستیان ئەوەیە کە بەزمانی خۆیان بخوێنن و، بنوسن، وە لە هێمنی و ئاشتی دابن، ئازادیان هەبێ داب و، ڕوسم و، فەرهەنگ و، ڕەگەزیخۆی بپارێزێ. ئایا بەراستی کوردەکان کەداوای مافی بەشخووراوی خۆیان دەکەن، دەبێ لە کنئێوە تاوان باربکرێن؟

دەبێ دەولەت بەسەر تەواوی ئەو ئاکارو ڕەوشتانە کە داوا دەکرێ دوائی پێ بێنی، تا ئەو گەلە نەجیبە لەژێر زوڵم وستەمی نەتەوایەتی بێتە دەرێ و، ڕزگار بێت.

"ئاغای وەزیر من لە ناخی دڵەوە ئەوقسانە دەکەم، هیوا دارم ئیحساساتو، سروشتی دەروونی من سەبارەت بەوە بسەلمێندرێ وە قەبولبکرێ وئیتر...

ئیمزا ــ ژێنێرال ایسمی دەرسیم ــ سەیدڕەزا

۵ ــ هەوەڵین ئاژاوەی (۱۹۳۶)

دوکتور دەرسیمی کە یەکێک لەخەبات گێڕەکان بووە، گێڕاوێتەوە کە هەوەڵین شۆڕش لە سالی ۱۹۳۶ دا کاتێک کە هێزی تورکەکان لەنێو شاری دەرسیم

کەدەیەویست لە هێندی جیگادا خۆپەرە پێبدات، دەستی پێکرا.

بەشوێنی ئەوەدا سەیدرەزا بە سەرۆک عەشیرەتەکانێکی کە دەیانەویست دژی دەولەت بەرنگاری بکەن ڕای‌گەیاند کە ئامادەبین.

لە ڕۆژێکی سالی ١٩٣٦ذا کە دیاری‌نەکراوە، چڕۆژێکە سەیدرەزا لەگەل عەبدوول‌لائالپ دوگان کە فەرماندەری ناوچەی ئەل عەزیز بوو، چاوپێکەوتنێکی بە جێ هێنا. هەروەها سەیدرەزا لەوکاتە ناسکەدا ویستی کە دوکتور نوری دەرسیمی بۆ وەلاتی ئوروپایە بنێرێ، تا بەوجورە لایەن‌گریو، چاوەدێری جیهانی لە کوردەکان پتر بکرێ. ٨

ئینجا زۆری پێنەچوو کە ژێنیرال ئالپ دۆگان دەستی بەهان‌دان لەنیو عەشیرەتەکانی کورد دا کردوە پێڕاگەیاندن‌کەئێوەدەتوانن ٢٠٠٠٠٠ تفەنگ ئامادەبکەن.

هەڵبەت مەبەستی گوتنی لەو پێڕاگەیاندنە ئەوە بوو کە کوردەکان خۆبەخۆ بەرەنگاری یەکترین.

وە بەو چەشنە ڕاپەڕینەکە لەنێو بەرن، ئەفسەرەکانی دیکەش ووتەی ئالپ دوگانیان سەلماندو، دڵنیان پێداهێنا.

بەشوێنی ئەو ئاکارو کردەوەدا، تورکەکان لە دەرسیم سەربازخانەیەکی دیکەشیان دانا، دانانی ئەو سەربازخانەیە بوو بە هۆی هەوەڵین بەرەنگاری: لە دوو لایانەوە بۆ چەک کردنی ئەو سەربازخانانە، کوردەکان دەست بەکار بوون.

هاوکات لەگەل ئەو ئامادەگیی کوردان، سەیدەرەزا لە ژینیرال‌ئالپ دوگانی ویست کە ئاگادارێکی کە لە بابەت چەکەوە داوێتی بەتاڵی بکاتەوە وە لەشاری دەرسیم "ئیدارەیەکی ناوچەئی کە قازانجی خەلکی کوردی لەبەر چاوبێ" بکاتەوە.

بەڵام وەلامی ئەو گوتەیەی زۆرزوو دراوە، وە بە پێچەوانەی ئەو، هەنگێگی لە هێزەکانی ژاندارمەری نارەدە دەرسیم وە بەدووای‌یدا هێزی ٩ی‌چەکدار لە سنووری دەرسیم سەنگەری لێدا. فڕۆکەکان بەڕۆژ دەسیان بەسوۆڕانەوەو، ناسینی‌جیگاو، پەناو پەسیوی کوردەکان کرد، وە بە چەشنیکی زۆر دڕندانە ئاکاری خۆیان نیشان‌دا. بەلام بە هاتنی‌زستان کردەوەی نیزامی لەبەر سەرماوسۆڵ

کورتەی پێهاتو،راوەستێندرا،وە دەرسیم هەروەها لە حالەتی گەمارۆدانی سەربازانی تورک داماوە. ۹

۶ــ مەبەستی فەوری ڕاپەڕینی ۱۹۳۷

تووانەوەی بەفری سالی ۱۹۳۷ ڕێدەستی بەوەدا کە تورەکان هیزی خۆیان بە بیانووی چەکدانی عەشیرەتەکان ئامادە بکەن، بەتایبەت لە ناوچەی مازڕێتدا. لە بەهاری ۱۹۳۷دا، براییراهیم یەکێ لە کور ەکانی سەیدرەزا لە شاری هۆزات بۆ گفتو،گویەکی عادلانە لەگەل پیاوەکانی دەولەت لەستادی هێزی ناوەندی تورکەکان حازر بوو، ووتو، وێڕ دەستی پێکرا برا ئبراهیم داوای کرد کە ئاکاری نیزامی ڕاوەستێندرێ بەلام لە گەڕانەوەدا لەقوژبنێکڕا لە نەکاو ئەفسەرە تورکەکان،لەگەل چەندکەسێک لە عێلی کورگان کە دەولەت خوواز بوون دەستڕێژی لێدەکەنو دەی کوژن. کوشتنی برائبراهیم سەرەتای دووژمنایەتی تازەی لە نێو کوردەکانی دەرسیم دا وەدی هێنا.

سەیدرەزا ناوچەی کوردەکانی کورگانی گەمارۆدا،وە پێڕاگەیاندن کە کوژراوەکان بدەنەوە،وە هەروەها ئەو ئاکارە بێتاوان نامێنێتەوە،وە ئەوکەسانەی کە ئەوکارەیان کردووە پێویستە بکوژرێنەوە وە دەولەتش کە دەیەوێ قاتلەکان خەلات بکات دەبی لەوکارە دەست هەڵگرێ.

۷ــ سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکە:

تورکەکان بە گورجی هێزیکی گەورە دنێرنــە ناوچەی شورش، واتە هیزی یارمەتی دەری تیپی۷ لە دیاربەکرەوە، شارەکانی ئورفا، سیرت، وان، ئەل عەزیز، دەگری وەتیپی۶دەچێتەئادەتا.

ئەو دوو هیزە گەورەیە کوردەکان هەڵدەبڕن بۆلای جنوب،وە مانۆڕێکی دەدەنو، بولای سنووری کوردی سووریە دەچن. لەوکاتەدا شیخعەبدورەحیم یەکی لە براکانی شیخسەعید کە لە ناوچەی پاڵو بوو، لەگەل تورکەکان تووشی شەر دەبێ،وە دەکوژری، کوردەکان دەشکێن. ۱۰

بەشوینی ئەوەدا تورکەکان بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان دەچنە ئەرزەجام، هیزی عاسمانی بۆ لەنێو بردنی سەیدرەزا ئاکاری دڕندانەی خۆی دەستێ پێ دەکات، فڕۆکەوانێک بە نیۆی سابی هەگوگسین کە بە چەشنیکی زۆر دڕندانە ناوچەی دەرسیم بومباران دەکات[11]، بەوهویەوە "خەڵات دەکرێ" وە بۆ هەوەڵین کەرەت دەبی گە هێزی تانک لەو شەرەدا لەگەل فڕۆکەکان هاوکاری دەکەن.

۸ــ ووتو، ویژ

سەرئەنجام سەیدەرەزا ئامادەگی خوی بۆ ووتو، ویژ لەگەل ژینرال ئالپ‌دوگان‌ی ڕادەگەیێنێ[12]

لەو ووتو، ویژەدا سەیدەرەزا لە سەرەتاوە گوتی، ئەگەر بێتوو مافی نە تەوایەتی کورد بەچاکی‌وە بەڕێز و حورمەتەوە، لەبەرچاوبێت‌وە هەروەها لە دادگایەک دائەو کەنسانەی کە کوژەکەیان بێ‌گوناح کوشتووم محاکەمە بکرێن، منش حازرم کە ئەفسەرو سەربازەکانێکی بە دیل‌گراون‌وە سازوبەرگ و شتمەکێکی‌کە گرتومانە بی‌دەی‌نەوە.

بەلام ژینیرال ئالپ دوگان داوای ۸۰۰۰۰ تفەنگی ماوزێر لە سەیدرەزا دەکات وە سەیدرەزاش لە بەرانبەر ئەوداویەدا هیچ‌شتێک ناسەلمێنێ

۹ــ نفوزی عەلی‌شێرو، کوشتنی‌وی

مرۆڤێکی ئازاو، نەبەزو، بەڕاوتەدبیر، وە مێشکی بیرکەرەوەی نیزامی کورد، بە نیۆی عەلی‌شیر کە پیاوێکی زانا بوو، ناوبانگی هەبوو، وە دەگوترا کە تەواوی نەخشەی ئەو شەڕانە بەدەستی‌وی دەکێشراو، بەڕێوە دەچوو. عەلی‌شیر لە ناوچەی عومرانی نزیکی کۆشگیرێ، لەدایکبووە کە ئەویش وەک شیخ‌ڕەزا لەڕیزەی‌عەشیرەتی حەسەنانە. لە مەدرەسەی سیواس دا خوێندوویەتی لەزەمانی سولتان عەبدوول‌حەمیددا هۆنەرێک بۆ کە هەل بەستی جووانی نەتەوایەتی دەگوت. پیاوێکی زانا خوێندوارو، ئەدیب بووە، پاشان بۆتە نووسەرو، ڕای‌زەنی مستەفابەگ سەرۆکی عەشیرەتی کۆشگیرێ، وە پاش ئەوەی‌کە

ئەوبەگە لەلایەن حاکمی دەرسیمەوە لەدار دراوە، بەنێوی جێنشین وقەیوم ڕابەرایەتی بووە و کوڕی مستەفابەگی ڕابەری کردوە.

عەلیشیر کە نفوزێکی گەورەی لەنێو عەشیرەتی کۆشگیری دا هەبوو، دەیەویست کە یەکەتی لەنێو ئەوان‌دا بە هەست بێنێ.

بە شوینی ئەوە کە ڕووسەکان لەسالی ۱۹۱۷ دا لە ناوچەی تورکەکان پاشەکشەیان کرد، تورکەکان مەبەست بەوەی کە عەلیشیر نەخشێکی گەورەی لە ناوچەی لواسێک‌دا دەگێڕا بەومەبەستەی کە لە کاری دەرسیم‌دا خۆتێوەرنەدا، چاویان دەقووچاند، دەنگیان نەدەکرد.

بەلام بە پێچەوانەی هەڵوێست و مەبەستی تورکەکان، عەلیشێر زۆر بەگرنگی خۆی لە ڕاپەرینەکەی دەرسیم وەردا وە لە هیچ چەشنە ئاکارێک کە بە قازانجی کوردەکان بێت، کۆتائی نەدەکرد وە بە ئاشکرائی بۆ سەرکەوتنی ئەوان تێدەکوشی.

لەسالی ۱۹۲۰دا بوو بە ئەندامی کوری "کوردستان تەعالی جەم عییەتی" لەشاری قوستەنتەنیەدا. وە هەروەها داوای‌کرد کە لکێک لەو کۆڕە لەشاری دەرسیم‌دا دانەرێ.

لەسالی ۱۹۲۱دا عەرزحالێکی بە تێلێگرام بۆ دەولەت‌نارد کە دەیەوی لە کون‌فرانسی سێڤور دا Sevre بەشداری بکات.

ئینجا لەشۆڕشی ناوچەی کۆشگیرێ دا بە گرنگی هاوکاری دەکات. لەلایەن حکومەتەوە حوکمی کوشتنی وەدەردەکوێ. بەلام خۆی رزگار دەکات‌و، هەڵدێت

۱۳ لەسالی ۱۹۳۷ دا عەلیشێر نەتەنیا هاوبەشی لەئاکاروکردەوەی‌نیزامی دەکرد، بەڵکو لەڕێدەستی هەمووچەشنە ئاکاری نووسین‌واتەلەڕێگای رامیاری‌و، ویژەوەرێوە، خەریکی خەبات بوو، وە هەل‌بەست‌و، ووتارو، مانی‌فیستی دەنووسی وە لەخەلکی داوا دەکرد کە لە دەوروبەری سەیدرەزا کۆ ببنەوە.

لەمانگی ژوئنی ۱۹۳۷، سەیدرەزا داوای لێکرد کە بۆ ئیران یان بۆ عەراق پەنا بەرێ وە لەوێ لەگەل پیاوە ڕامیارێکانی ئینگلیس‌یان فەرانسە چاوپێ کەوتنی هەبێ وە ڕابگەئینێ کە لەنێو کوردەکانی تورکیە، وە دەولەت نیۆنجی بن‌و، چی‌دیکە نەیەڵن ئەوبراکوژیە دڕێژەی پێ‌بدرێ. ئینجا هەر ئەوێ شەوێ کە دەیەویست ئەو سەفەرە بکات، بەهان دانی ژینرال ئالب دوگان لە ئەشکەوتی

ئاغداد دا کە ستادوکانگای ناوەندی کوردەکان بوو، بەدەستی نەوەی سەیدرەزا کە نیۆی ڕاپەڕی دەبێت دەکوژرێ ئەوکورە دەپیشدا بێلایەنی خۆی ڕادەگەینی، بەلام لەبنەوە لایەن گری تورکەکان بووە.

لەنێو چوونی عەلیشێر زۆربەیەکی زۆرگەورەی لە ڕاپەڕینی کوردەکان دەدا.

۱۰ ــ تەواو بوونی ئاکاری نیزامی

لە ئاخری ژوئەی ۱۹۳۷دا تەواوی خەڵکی شاری ئانکارا دەیان گوت کە ڕاپەڕینی دەرسیم پاش ئاخرین تاقم کە لە ۲۴ی ژوئەدا بەرگری دەکرد، تەواو بووەوتێک شکاوە.

نەزاندراوە کە زەرەروزیانی ئەوشەڕە چەندە، بەلام پیاوە ڕامیارەکانی ڕۆژئاوا گوتویانە کە هێزی عاسمانیو، ژاندارمری زیانێکی "گەورەیان" لێکەوتووە.

خاوەنکارێکی دەوڵەتەتێ کە لە دەرسیمەڕا گە ڕابۆوە وەووتو، وێژیان لەگەل کردبوو، گیڕابوویەوەکەپیاوەڕامیاریکانیئینگلیسلەئانکاراپێیانوابووکەژینیرال ئالبدوگان ئەوسال بەهیوای ئەوە نەبوو کە تەواوی ڕاپەرینەکەی کوردان تێک بشکێنێ، وەدەرسیمی بگرێتەوە، دەیەویست بۆ سالیداهاتوو ئەو کارە بکات. ۱۴

پاش مەرگی عەلیشێر، کانگای بزوتنەوەی کوردەکان بۆلای ناوچەی بەختیار چوو بەلام تورکەکان لەو ناوچەیەشدا زۆر بەبێڕووحمی کوردەکانیان دەکوتان، جەنگەلیان لێ ئاور تێبەردەدان، وە سەرۆکی ئەو ناوچەیەیان بە نیۆی شاهین کوشت.

لە دۆڵی دیکسوردا چەن هەزار پیاو، ژنو، منداڵی بێسووچوتاوان کەپەنایان بۆ ئەشکەوتەکان بردبوو، تورکەکان زاری ئەشکەوتیان لێگرتنو، ئاوریان تێبەردان یەکێک لە کور ەکانی سەیدرەزا کە نیۆی حسین ڕەسیک بوو وە برینداربوو، دایکی دایە دەستی ئەفسەرێکی تورک کە بێباتە ئەڵعەزیز ناسۆرەکانی دەرمان بکات، بەلام لەژێر ئەشکەنجەدا، لەنێو چوو لەونێوەدا عەشیرەتەکانی وەک قورەشەوە کورگان کە لەشەڕدا هاوبەشیان نەبوو، وە لایەنگری لە هیچ لایەک نەدەکرد، بەلام کوشت و کوشتاریان لێ کراوە ڕووحمیان پێ

نەکردن، مالّو، منداڵیان بە، ئەخسیر دە گرتنو، دەیان کوشتن وە مالو، خانوویان ئاور تێ بەردەدان.

ئینجا لە جەنگەی شەڕو کوشت و بڕینـدا جێگای سەیدرەزا دەبینـنەوە، هێزی عاسمانی بۆمبارانی دەکات،بەلام خۆ پەدەستەوە ناداو، وە لە گەماڕو خوی رزگار دەکات وە بۆ لای ئواسێک هەڵدێ لەوبەینـە کە سەدان کەس کوژرابوون کوڕانی سەیدەرەزا و سێ نەوەی دەدیتران.

سەیدرەزا کە بۆ شاری ئوئاسێک چوو بوو شارەکە لە لایەن تورکەکانەوە لەلای کوزوئکاوەگەمارۆ درابووورزگارکردنی ئەوشارەزۆر بەنرخبوو، بەلام سەدان کەسش لەوێ دەکوژرێ کە لەنێوئەوان‌دا (خێزانی چوکی سەیدرەزا وچەن‌کە سێکی دیکەش وە هە رووەها کوڕەکانی و سێ نە وی لەنێو چوون.

١١ــ گرتنی سەیدەڕەزا

سەرئەنجام سەیدرەزا بە چەشنیکی زۆر خراپ لەداو دەکەوێ. وەک کە کوردەکان گیراویانەتەوە، حاکمی ئەرزەڕۆم لە مانگی سێپتامبری ١٩٣٧دا ئاگادرایکی‌دا کە حکومەتی تورک دەیەوێ بە داخووازەکانی کوردەکان دان دابنێ وە تەقەڕاوەستێنی. وە هەروەها ڕای‌گەیاندبوو کە زەرەرووزیانێکی کە لە خەلکی کورد کەوتووە،دەوڵەت دەیداتەوە. ئینجا سەیدرەزا بە بونەی ئەو ڕاگەیاندنەو، بەیان نامەیە کە لە لایەن حاکمی ئەرزەنجام درابوو بۆوتو، وێڕ دێتە شاری ئەرزەنجام، کە دەس بەسەر دەکرێو، دەگیرێ (٥ی‌سێپتامبری ١٩٣٧) ئەوگرتنە کاتێک‌بوو کە لە کۆشکی ئوستانداری دێتە خووارێ.

سەیدەرەزاکاتێک‌کە لەسەرپلەکانەکانی‌ئوستانداری‌دەهاتەخوارێ ئـــەو "ڕستەیە" دەڵێ: ئەی حکومەتی‌تورکی‌درۆزنو، بێ‌شەرەف، ئاواناپیاونەدەم‌گرن."

لە کاتی محاکەمەی‌دا لە ئەل‌عەزیز دەوڵەت هەوڵی‌دا کە بە سەیدرەزا "بســەلمێنی" کە لە گەل دەولەتی شورەوی کەین‌و، بەینی بووە، وە یارمەتی چەک و ئەسلەحەو، سازوبەرگی نیزامی لێ وەرگرتووە، وە ئەفسەرانی سۆویەت لە نێوان دابوون، بەلام سەیدرەزا ئەوان وە درۆ دەخاتەوە وە دەنگی خو ی دەردەبڕێو، دەڵێ من تەنیا پشتوانم گەلی کورد بووە، وە بە درێژائی سالەکانی

خەباتدا بۆ قازانجی بەرزی خەلکی کورد حەولم داوە لەدەرەوە کەلکم وەرنەگرتووە بەلام بە داخەوە ناکام ماوەتەوە!

لە ئاکامدا لە ۱۴ی مانگی نووامبری ۱۹۳۷ پاش چووارڕۆژ محاکەمە، هاوکات لەگەل ۱۰ سەرۆکی کورد کە لە ڕاپەرینە کەدا هاوبەشیان کردبوو، لە۱۸ی نووامبردا لەدار دران: کاتی لەداردان ئەووتارە بەنرخانەیگوتبوو:

من ئەوکاتە ۷۵سالم لە تامەن ڕادەبڕێ،وە تا ساتێکی دیکە دەچمە لای شەهیدانی دیکەی کوردستان هەروەک ئاگاتان لێبێ، بزوتنەوەکەی دەرسیم شکا، بەلام کوردوکوردستان هەروەها لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، ژیانی خۆی ڕادەبوێرێ وە هەرگزوهەرگز نامرێ، گەنجەکان بە هیچ چەشنێک نایەلن ئەوبزوتنەوەیە بکووژێتەوە، ئەوان تۆڵەی من دەستێننەوە، بژی کوردو، کوردستان، بڕووخێ دەزگای زالمانو، ستەمکاران، نفرینبۆوان.[15] هاوکات لەگەل سەیدرەزا، سەیدحسین سەرۆکی عەشیرەتیقوزەیشی وە سەرۆکی عێلییوسفیان عەلیئاغا، وە سێ سەرۆک عەشیرەتی دیکە لە داردران چووار سەرۆکی دیکە "مەبەست بە تەمەنی زۆریان" بە سی ۳۰ سال زندانی سزەمەرگی، وە ۳۳کەسی دیکە لە کوردەکان بە زیندانی دوورو، درێژ مەحکوم کران، تەنیا ۱۴کەس ئازادکران. لە ۱۹ی مانگی نووامبری ۱۹۳۷ کۆڕێکی مەزهەبی لە مزگەوتی کوردان لەشاری دمشەق بەبۆنەی شەهید بوونی ئەو قارەمانانە مەجلسی دانا وە یادی لێکردن.

شورشی دەرسیم بە داخەوە لە لایەن میژوونووسەکان زۆر بەچاکی ڕوون نەبۆتەوە. تەنیا لەو دووایەدا لە لایەن عسمەتئینینۆ لە دانشتگەی تورکیەدا بەوجورە باسی لێکراوە کە: لەوشەڕەدا لە ئێمە ئەفسەریک وە ۲۸ سەرباز کوژران، وە ۵۰کەس بریندار بوون. لە کوردەکان ۲۶۵ کەس کوژران وە ۲۰کەس زامدار بوون، وە ۸۴۹ کەس خۆیان بەدەستەوە دان.[16]

بەلام لە ئانکارا لە سەر زاران بوو، کە ئاکاری نیزامی دەرسیم زۆر گەورە بووە. بە گوتنی سەرچاوەکانی هەوال دەری کورد کە ڕاگەیاندراوە، ژمارەی قوربانیکانی شەڕ لە ۴۰۰۰۰کەس پتر بووە. پاش ئەو شەڕە خەم باری، بێدەنگیوماتی لەسەرڕا سەرتاسەری کوردستانی تورکیەی داگرت. لە ماوەی ۲۰سالی ڕەبەق، تورکەکان کوشتو، کوشتاریان لە کوردەکان کرد. لە سالی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۷ کە ڕاپەرین لە کوردستاندا بەردەوام بوو، لە تەواوی سەرۆکەکانی کورد

کە بزوتنەکەیان پا بەری دەکرد، تەنیا ئحسان نوریپاشا نەکوژرا،دەنا تەواوی سەرۆکە کوردەکان،یان لەشەڕدا کوژران، وەیان لەدار دران. هێندێ لەو سەرۆکانە لەلایەن بێگانەکانەوە هاندرانبوو.

لەئاکامدا کاتێک کە ئەو قارەمانانە لەنێو دەچوون،پەردەیەکی ئەستوری تەمومژەم بەسەر تەواوی و لاتی کوردستاندا دەکێشرا،وە حکومەت نەیدەهێشت ووستە لەبەر خەلکی کورد دەرێ"

بەشی یەم

خەبات بۆ ماف ی گشتی نەتەوایەتی

فەسلی ١

١ ــ هەوەلّین شۆڕشی بارزان ، وە بەهەستەهاتنی خیزبەکان (١٩٤٥ ــ ١٩٤٣)

ماوەیەکی زوری پێ دەوێ کە نەتەوەیەکی زیندوو کە لەلایەن قودرەت مەندێکی دەرەوە بە زنجیر کێشرابێ ،خۆی ڕزگاربکات ئینجا ئەو نەتەوەیە دەبێ بەتەواوی هێزوتوانائی خۆیەوە ،هەوڵ بدات کە دژی دوژمنی دەرەوە خەبات بکات

بەراستی ژیانی ناوخۆیێ فەلەج بووە ،وە ناتووانی ئازادی کومەلایەتی خوی ڕەنێوبێنێ

ک ــ م

پاش شکانی ڕاپەڕینی دەرسیم وە هەروەها لە پێش ــ تیکچوونی "کوماری کوردی ئارارات" لە کوردستانی تورکیەدا کە بەڕاستی ئیشتباهاتو ، هەلّەیان زور بوو ، ماوەیەک بزوتنەو ،ڕاپەرین دەمێنێتەوە . ئینجا تەواوی سەروکە مەزهەبێکان ،وە یان ڕابەرە ڕامیارێکان ،یان لەشەڕ دا کوژران یان لەدار دران و ، تیرەباران کران[1]،وە هەروەها کوژەکانی گەنجو ، لاوان و ،ڕووناکبیران کە بە نوبەی خۆیان نەخشێکی گەورەیان لە ڕاپەرینەکان دا دەگێڕا ،ئەوانیش یان لەدار دران ، یان نەمان ،وە یان لەژێر چۆ پۆکەدا مانەوە ، بەگرینگی چاوەدێریان لێ کرا .

لە ئاکام دا دەبوو ماوەی ٢٥ سال درێژەی هەبێ ،تاکو نەسل و بەرەبابێکی دیکە ، بتوانێ ، بنکەو ، نبەڕەتی کادری کومەلایەتی کوردستانی تورکیە لەسەرڕا دامەزرینێ ،وە خۆیی لە گێژەلّووکەو ،گێژاو ڕزگار بکات و ،نەیەلّێ بخنکێ ، پەلەقاژەی بکات و ، وەمەلەبکەوی ،واتە لە خەوێکی کە نزیک بەمەرگونەمان بوو ،

ڕاپەڕێ و هەلستێ.

لە کوردستانی عەراق و ئێرانیشدا کە کوردەکان بۆ ئازادی و، سەربەستی خەباتیان دژێژە پێدەدا، سەرئەنجام وا ڕوون دەبۆوە کە کەم و، زۆر خیزبەکانی رامیاری بەرە و ئیدئیولوژی مارکسیستی دەڕۆن. بەلام لەوکات وسەردەمەدا پیاوێک وەدەردە کە وێ کە ماوەی ۳۰ سالی ڕەبەق لە مەیدانی ڕامیاریدا گەسپی خوی لینگ دەداوە کاروباری حیزبەکان کە ئەوە دەهات بە هەستبێی و، خوی بگرێ لەمەترسی و، خەتەر باوێ.

لەشاری سولەیمانێ کە نێوە ڕووکەی بڵێسەی ناسیونالیسمی کورد بوو، لەسەرەتاوە واتە لە پێش شەڕی هەوەلێ جیهانیدا لە پیاوە ئاگادارەکان و، ووریاوژیرەکان کە هەروەها کە گوتمان، نێویان زۆر بەزەحمەت ناسراوە، ئەو ڕاپەڕینە هەربووەو، دژێژەی پێدراوە، وە سەرئەنجام چەن تاقمی جور بەجور لەچەند دەستەو، کۆڕدا ڕێکەوتوونووو، پارتیان پێکهێناوە وە یان سازمانیان دروست کردوە.

"برایەتی"

لەسالی ۱۹۳۷ دوو سازمان کە دەبنە دووبەش، بەنێوی کـــــوردە نەتەوەپەرستەکان خوێان وەدەر دەخەن.

کۆمەڵی (برایەتی، لەلایەن شیخ لەتیف کە یەکێ لە کۆڕەکانـــی شیخمەحمود بوو داندرا، کە لەسەر ئاکارو، ڕەوشتی کوردەکانی کۆمەڵـــی قوستەنتەنیە دەبزووتەوە. ئەوکومەڵە بەتایبەت لە مرۆڤە بەناوبانگەکانی بوورژوای کورد بەهەستەهاتبوو کە بریتیبوون: لە محەممەدسەدیق شاویس (بابی نوری شاویس) سمایل حەقی شاویس (مامی) وە مەلا ئەسەد، مەلای سولەیمانێ.

ئەو تاقمە ڕووناکبیرە دەیەویست نخشێکی گەورە کایەبکات، چوونکە یەکێک لە برا سەرۆکەکانی کوردکەبو سولەیمانێ دوور خرابۆوە ــ وە مە لامستەفـــای بارزانیبوو ــ لـــە کۆبوونەوەی ئەوان دا بەنهێنی هاوبەشی دەکرد.[۲۰]

پاش ئەوەی کە مەلامستەفا تەواوی فڕوفێڵی شەرێی لە کێوەکانی بارزان دا لەتەنشت براکەی شیخئەحمەد فێر بوو، هەر ئەو پیاوەبوو کە ماوەی ۳۰ سال لەگەڵ

پیاوە بوورژواکانی کورد لە مەیدانی سیاسەتدا ،لە"پێشەختی کوردستان"دا ، واتە شاری رووناک بیرەکانی عەراق ڕاچ بەنهێنیو ،چبە ئاشکرائی دەستی پێکردو ، درێژەی پێدا .

سازمانی "دارکر"

بەلام "برایەتی" کۆمەلێک بوو کە لەکوردە ناسیونالیستەکانی بەنێوبانگی کورد پێکهاتبوو ، لەنێو ئەواندا تاقمی گەنجە خەبات گەرەکانی کورد کە سەر بەحیزبی کومونیستی عەراقبوو ، وە ئەو حیزبەش لە سالی ۱۹۳۴وە بنەڕەتە و پایەی داندرابوو ،نفوزی زۆر کردبوو ،وە ئیتربۆ "ڕێفورمیستەکانی تاقمی بەغدا" ڕێدەستێک نەبووو ، جیگایەکیان بۆ نەمابووە . ۳

لەسالی ۱۹۳۸ دا گەنجەکانی شاری سولەیمانێ کەلەتەمەنو ،ئیدیئولوژی ئەوکوڕەیان دەکۆلێوە ،کۆمەلێکیان لەنێو برایەتیدا بە "هەست" هینا کە بە ئاشکرائی دیاربوو ،وە ئەویشنێوی "ئازادیکورد" بوو کەئەوانیش سازمانی سیهەمیان بەهەست هیناو ، بەنێوی سازمانی "دارکر"بەچەشنینهێنی ، واتە کاربوناریهەولیدەدا ۱

دامەزرینەرەکانی ئەو کۆمەلەیە نوریشاویس ،ئەندامیسیاسیداهاتووی بارزان ،یونسرەئوف ،هونەرێکی کورد کەنوسەری هونراوەی مارشی ئەیرەقیب ،بە ، کە لە پاشان بوو بە ئەندامی حیزبیکومونیستیعەراق وە عەبدوول لا تەوفیق جوهەر بوون ،بەلام ئەندامی دووائی چوون یەکێ لە ئەندامەکانی "برایەتی" بوو وەدەریاننا .

"دارکر" ئەندامانی خۆی لە گەنجە ڕووناک بیرەکانی کورد پێک هینا ــ لە نێو ئەواندا ڕۆستەم جەببارییەکیلی هەولێر بوو ،وە مستەفا ئوزەری ،کە خاوەنکارێکی ئیداری وە خەڵکی هەولێر بوو ،وە لە پاشانبوو بە قازیو ، حاکم ،وە کە لەبالێ چەپی حیزبدا بوو ،نێودەبردرێ .

---

۱) کاربوناری : نیوی تاقمیکیرامیاری نهێنیبووەکەلەسەدەی۱۹دا لەوڵاتی ئیتالیاپێکهات ،بو شارەزائی وتەدبیریئازادیخووازان . م ــ ر

۱) ئەیرەقیب هەرماوە قەومیکورد زبان-نای‌شکینی دانەی تۆپی زمان گەسنەلی کورد مردوە ، کوردزیندوە ــــــ
لاوی کوردی حازرو ئامادەیە گیان فدایەگیان فدایا ، گیانفدان م ــ ر

ئاکارو کردەوە، بەرنامەی ئەو تاقمە پتر لە نەتەوایەتی لایەن گـــری دەکرد، وە بۆ وەدەسخستنی مافی نەتەوایەتی واتە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عەراق وە هەروەها بۆ مافی گشتی نەتەوایەتی واتەئیستقلال تێدەکوشی ــ وە هەروەها کەمێک لە حیزبی کومونیستی عەراقدا رخنەی کردبوو، بەلام وازی ئەئیولوژیکی زۆر ڕوون نەبوو: "ئێمە دژی فاشیسم و، هیتلیر خەبات دەکەین وە بۆ دیموکراسی تێوەکوشین وە هەروەها دژی ئمپریالیسم وە بەتایبەت دژی بریتانیا خەبات دەکەین." ۴

لەوکاتەدا حیزبی کومونیستی عەراق لە چەند فاکتاندا بەش بەش بوو، دەیەویست دژی ئەو ئەندامانەی کە ڕێبازیان ڕوون نەبوو وە خەبات بکەن!

لە ئاکامدا هەر چونێک بێ "دارکر" لکوپۆکی کردو، بۆ دەرەوەی سولەیمانێ چوو، بە وەلاتاندا بلاوبۆوە، وە لە سالی ۱۹۴۰دا بە نهێنی لە شاری هەولێر، خانەقین، بەغدا، وە موسل خەریکی بزوتنەوەو، کارو باری خەبات بوون.

۱ ــ پێک هاتنی "هیوا"

لەسالی ۱۹۴۱ پاش شۆڕش ڕەشیدعالی (ئاوریل ــ مەی ۱۹۴۱) وە پە یوەندی ڕە فیق حیلمی بە سازمانی دارکرد، کاربە دەستانی جوربە جوری کومە لایەتی کوردلە کۆبوونە وەیە ک دا، ڕاو، تە دبیریان هێناسەرئەوەی کە لە ژێرچاوە دێری حیزبێک دابە نێوی "هیوا" یە ک بگرن، وە تە واوی میلشیای کوردلە وحیز بە دایەک گرتووبن: ڕووناک بیرەکان، ئە نـدامانی زانستگە وە کرێکارانی نەفتلە کە رکوک و، لە ڕێگای ئاسن دا، جوتیاران وە هە روەهائە فسە ران کە لە داها تووداد ە توانن نە خشێکی گە ورە بە دە ستە وە بگرن و، هاوبە ش بن.

حیزبی تازە کە کانگای لە دە رە وەی کوردستان ــ بە عذا ــ وە لکەکانی لە شارە کانی دیکەی کوردستان، کەرکوک، هەولیر، سولەیمانێ وەبە هەستها تبوو. بە شوێنی ئەوە داگۆڤارێکیان بە نێوی (ئازادی) لە چاپ دالە و گۆڤارەدا، داواکرابو و کە پارتـــی کومونیستـــی عراق وەهە روەها ئە ندامانـــی باڵی چـــە پی

هیواش نزیـــک ببنەوە .

نە خشی بنە ڕە تی " هیوا " لە پێش هە مووشتێک یارمە تی دان بە هەڵاتنـــی مە لامسنە فالە شاری سولە یمانێ لە سالی ۱۹۴۳ بوو ، وە بە دووای و ی دا نەخشەی گرنک ئە وە بووکە پێکەها تنی (کومەڵەی ژ ــ ک) لەشاری مهابادی ئێران دانەخش بگرێ .

لە ماوەی پترلە۶ سال ، مە لامستە فابارزانی ، واتە لە سالی ۱۹۳۶ وە ، لەپاش ئە وەی کە چە ندمانگێک لە گە ل شێخ ئە حمەد وەخا وخێزانی لە شاری ناسریە بوو ، وە گە ڕابووە سولە یمانێ ، دە ست بە سە ربوو ، وە بە گرنگی چاوە دێری لێدە کرا .

لە وکات وساتەدا ، بە عذابە نگرسی ، هێندێ بە رئاواڵەئی بە خە ڵک دابوو ئینجالە شەڕی جیهانی دووەم دانرخی شتوومەک وخو واردنە مە نی لە عراقدا ، دە بە رانبە ر چووبۆسە رێ .

دە ولە تیعراق لە هەواڵێکی تایبە تی دا ڕای گە یاند کە مە بە ستی تێ هەڵ چونی ئە ونرخانە ، مە سە لەی مالیات وە بە دی هاتنی شە ڕی جیهانی وە ئاڵۆزی وولاتە . ۵

هە ڵوێست لەو وە ختە عاستە مە دا جوربە جوربوو ، بۆهە موو مرۆڤێک بە تابیە ت بۆئە وپیا وانەی کە لە مە لامستەفانزیک بوون ،بە چاکی ڕوون ببۆوە کە بێ گومان بارزانی لە ڕۆژێک دە گە ڕێ کە هە ل ومە رجی بۆهە ل کەوێ . بە لام لە براکەی شیخ ئە حمە د تە قیەی دە کرد . ۶

سە رئە نجام ئە وەی کە ئاواتی بوو ، بە دی هات و ، بە سە رهات بە دووی خۆی داکێشای

۲ــ هە ڵاتنیبازرانی لە ۱۳ ژوئیەی ۱۹۴۳

لە وکاتە دا مە لامستەفا لە تە مە نی ۴۰ سال ڕا برد بوو . . . بۆپیا وێکی کە

لە وازی ژیانێکی تاڵ و، ناخوش داژیاوە، ئە ویش لە بە یبنی مە رگ و ژیان دا، ئیتر هیچ پرسیارێک و، مە بەستێک نامێ نێتەوە، کە لێی بکرێ هە روەهالە باری ڕامیاریوە ئە و، وەخت، دە رفە ت، زۆرباش هاتبۆ پێشێ ــ پاش شۆڕش ڕەشید عالی، بە ین عراق و ئینگلیس ناخۆشی لە نێودابوو وە تا سە رکە وتنی سالی ۱۹۴۳ قودڕەتی گە وڕەی دە زگای ئینتێلی جینت سێروس ی عراق تە نیابۆسەر کە وتنی خۆی هە ولّی دە دا، لێرە دائینگلیس کارتی گە وڕەی کایە کردن لەگەل کوردان ڕووکرد[۸]. وبە تایبە ت نە خشی بە شداری کوردان لە نێوهێزی ئینگلیس بە ڕێوە دە بردرێ. بە وجورە ئیدی دە ولە تی عراق لە شمال دالە نێوکوردەکان تووانایە کی ئە و تۆ ی نە ما بوو. یارمەتیلە لایەن شێخ لە تیف لە سولەیمانێکە ۱۰ ژۆژی خایاند وە هە روەها هە لاتنی مە لامستە فا " ژینرال مستە فای دواژۆژی کورد " لە ۱۳ ی مانگی ژوییەی ۱۹۴۳ وە چوون وگەڕانەوەی ئەو بو و لاتی بارزان ،وە هەروەها بەشوێنی هاتنی ئەو بۆلای ئێران ،ئەوانە هەموو کارەساتێک بوون کەیەک بە دووای یەکێدا وەدی دەهات.

۳ ــ هەوەڵین گفتوگۆ

ئینجا بارزانی بۆ ناوچەیەک هەڵات و، پەنای برد کە بەچاکی شارەزابوو ،وە مەڵ بەندەکەی دەناسی: لەو جێگایە بوو کەلەساڵە کانی ۱۹۳۴ ــ ۱۹۳۰ ــ ۱۹۳۱دا، لەبەینی ڕووکوچوک ،شەمزینان وە سنووری تورکیەدا دژی هیزی عەراق شەڕی کردبوو ،وە تێکی شکاندبوون.

بەڵێ بارزانی لەهەوەڵەوە لەبەرانبەر چێوتی و، نالەباریدا، لەمپەری ڕاگرتو، ڕاوەستا. دیپلوماتێکی ڕامیاری ئینگلیس لەبارەی مەلامستەفادا گوتویەتی: هێزو، تووانائی بەدەست هێنا، لەوەڵات دا داوخووازی ڕێفورم بوو. لە بڕیارنامەیەکدا، کە بڵاوی کردبۆوە، داوای ئەوەی کردبوو کە دەست بداتە دەستی ئیمە ،وە لەگەڵمان ڕێکەوێ.

بەهەستهاتنی پارتیدیموکراتیی کوردستان لە کاتوساتێکی عاستەم

دابوو: دێیەکان چۆڵ ببوون و، کەسی تێدا نەمابوو، بەشی زۆری وێران ببوون، لەتەواوی ناوچەکان ئاسەوارێک لەخوێندن و، خوێندەواری نەبوو، قاتو، قڕی بەرادەیەک گشتبوو کە خەڵکی زۆر لە مەترسی داهاویشتبوو. خاوەن کارەکانی ئیداری بەرتیلیان لە خەڵکی وەردەگرتو، کاریان جێبەجێ دەکرد، حاکمی هەولێرو، موسل لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتیان نەبوو نەیان دەتووانی بچنە نێوخەڵکی. زێگاکان زۆرجێی مەترسی بوو، وە بەشی زۆری بنکەی حکومەت وەک مەدرەسەکان، نەخوشخانەکان لەکاتی وێرانیدا بوون. کوردێکی دوورخراوە بو و لاتی مسر لە سالی ۱۹۴۶دا، وای گێڕابۆوە کە لە ۶۰ مەدرەسە کە لە کوردستانی عەراقدا بوو، تەنیا دوو دەبیرستان، وە ۳۰ دەبستان ئاوالە بوون، وە ئەوانیش باغچەی منداڵان بوون[11]، لە ئاکامدا بە دروستی نەزاندراوە کە لەوساتەدا کە مەلامستەفا ڕاپەرینی دەستپێکردبوو، چشتێکی لە دەولەت دەویست، بەڵام هەواڵەکانێکی کە لە بە غدایە لەلایەن حکومەتەوە دەرچووە، گوتراوە کە مەلامستەفا مەبەستی بوروکراسی بووە، وە هیچ شتێکی دیکەلەبارەی ئەو، نەزاندراوە.

۴ ــ بریتی هاتو، چو

لە ۳ی سپتامبری ۱۹۴۳ مەلامستەفای بارزانی یارمەتێکی بە چەشنی تایبەتی لە سەعید بیرۆخی تورکیە وەرگرت. لەوکاتەدا هەڵکەوتیــــکو، ڕووداوەیەک لەبەینی مەلامستەفاوە پۆلیسی عەراق ڕووی دا[12]، بەڵام نەزاندراوە ئایا پۆلیس لەپێش دا دەستی وەشاندووە، یان پیاوانی مەلامستەفا.

ئینجا پێش هاتەکان یەک بە دووای یەکێدا قەوماوە: بارزانی پۆستێکی پۆلیسی عەراقیی لە بەینی بارزانو، سنووری تورکیەدا مەجبور کرد کــە بنکەی خۆیان چۆل بکەن، بەدووای ئەوەدا لە مانگی ئۆکتوبری ۱۹۴۳ لە نیزیک میرگە سوور، ۱۵۰ پولیس چەکدکران، وەزەرەروزیانێکی زۆریان لێدان.

لە ئاخری ئۆکتوبری ۱۹۴۳ حکومەتی عەراق، هێزیکی بڕیگاد کە بریتی بوون لە (پیادە نظام، پۆلیس، موتوریزە، توپخانە) دژی ۲۰۰ مــــڕۆڤی پارتیزانی بارزانی نارد مەلبەندەکە! لە ۹ی نوامبری ۱۹۴۳ حکومەتی عەراق، تاقمێکی پێشەنگ نارد لای میرگەسوور، ژێنرال بڕۆمیلو سەرۆکی (کۆڕی نیزامی

بریتانیا) شەڕەکەی چاوەدێری دەکرد. شەڕ لەمەلبەندی "هێنان"، تا ۱۱ی نوامبری ۱۹۴۳ بەردەوام بوو، هێزی عەراق شکا، وە ۶۰کەس کوژران و، بریندار بوون، بڕۆمیلولەچەنگەدا بەناراحەتی و پەشێوی خۆی دەرباس کردو کشاوە

۵ ــ بارزانی و ئینگلیسیکان

پاش کوشتنی سەعید بیڕۆخی لە ئاخری ئوکتوبری ۱۹۴۳دا بە دەستی تورکەکان، مەلامستەفا لە هەموو دەرکێکی دەداوە بۆ یارمەتی وەرگرتن هەولی دەدا، بەلام کەڵکی وەر نەگرت، ئینجا دەستی یارمەتی بۆلای باڵوێزی بریتانیا دڕێژ کردو، پێشنیاری کرد کە هەڵوێستی ئەوەیە خۆی بەدەستەوە بدات، واتە سەرئەنجام دەیەویستکە پێی ئینگلیسێکان لەوبابەتەوە بێنێتە نێوی، وە راپەرینەکەی لەریگای رامیاریوە، جێبەجێ بکات. لەبەرچاوگرتنی کاری رامیاری کوردان لەوکاتەدا زۆر گرنگبوو، دەوڵەتی بریتانیا ئاکاری ستراتژێکی لە ناوچەکەدا بە نرخوبایخ دەزانی، بەلام نەیدەویست لەوکارەدا دەست ڕەپێش بخات[۱۳] هاتو، چۆی لەگەل دەوڵەتی ئیرانێی لەو وەختە ناسکەدا بە قازانجی نەبوو، وە حکومەتی بریتانیا نەیدەویست لەشەڕی کوردو، عەراقدا خۆ تێوەردا. وەزارەتی دەرەوەی دەولەتی ئینگلیس بە ئاشکرا بە کۆرنوالیس بالوێزی خۆی لەبەغدا، ڕادەگەیێنی کە شەڕ لەگەل مەلامستەفا لەسەرشانوئەرکی دەولەتی عەراقە... ئەگەر عەراق لەوکاتەدا ناتوانێ لەگەل کوردەکان ڕووبەرووبێو، شەڕبکات، ئیتر حکومەتی ئینگلیس بە ئەرکی سەرشانی خوی نازانی ئاکاری نیزامی بە ڕێوە بەرێ.[۱۴] کۆرنوالیس بە حکومەتی عەراقیێ ڕاگەیاندوە بە تایبەت بەسەروک وەزیری ئاگاداری دا، کە ئاکارو کردەوەی نارەوای عەراق لەو وەختەدا کە قاتی وقڕی ناوچەی کوردستانی عەراقیێ داگرتووە، لە جیاتی وەی کە چارەسەری ئەوکارە بکات وە یارمەتی شیخ ئەحمەدو، مەلامستەفای دابایە، نایەوێکەئەوکارە بکات، ئەوە بە هیچچەشنێک بە قازانجینیە، وە هەروەها دووپاتەی کردەوەو، بەسەرۆک وەزیری گوت کە تەواوی مەلبەندی بارزان لەمەترسی (قات و قڕی) دایە وە حکومەت لەوبابەتەوە چارەسەریکی نەکردووە. [۱۵]

لەسەرئەوەشڕا، لەمانگی دێسامبری ۱۹۴۳ بریتانیا لەبەرامبەر ئاکاری سەرکەوتنی بارزانی خۆف‌و، ترسی ڕێنشت وە دەستیکرد بە ناردنی هیزی سووکی مۆتوریزە بولای دیانا نیزیک بە شاری ڕەواندز. ئەویش مەبەست بەوەبوو کە ئەفسەرەکانی ئرتباتی خۆی،وە هەروەها سەربازەئاسۆوریەکان کە لە کەمپێکی هێزی نیزامی دابوون بپارێزی،وە بە هێزی عەراقێ بسەلمێنی کە بکشێتەوەپاشێ.

وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس لە کۆرنوالیسی ویست کە بە بارزانی ڕابگەینێ کە بەوجورەی کە دەبزوێتەوە، "کاری حکومەتی بریتانیا لەزەحمەت[۱۶] داوێ"، بەڵام لەسەرئەوەڕا بارزانی هێرشی بۆسەر دیانا برد لە ۶ مانگی دی سامبری ۱۹۴۳ گۆڤاری "هیوا" بڕیارنامەیەکی کومەڵنا وەندیکوردستانی لەچاپداوە بەنەتەوەیی‌نەجیبی‌عەراقێ ڕاگەیاند کە دژی ئاکاری رامیاری دەولەتی عەراق،وە ڕەوشتی حکومەتی "دیکتاتوری عەراق کە لەژێر نەخشەو،چاوەدێری یاسای ئاتلانتیکدایە ،پێویستە خەبات بکرێ. ۱۷

بەڕاستی شۆڕشی بارزانی، ئینگلیسێکانی ناوچەی عەراقێی لەمەترسی هاویشتبوو، لە نیوە راستی مانگی دێسامبری ۱۹۴۳دا، کورن والیس چاوپی کەوتنیکی دیکەی لە سەروک وەزیرانی عەراق (نوری سەعید) کرد وە پێیگوت کە "شورشی کورد" وادیارە سەرەتای (مەترسیکی راستەقینە"ی هەیەوە، وادیارە کە بۆ لای داواکردنی مافی نەتەوایەتی گشتی دەچێ. بەلام کورن والیس، لەوشکوگومانەش‌دابوو کە ڕاپەرینەکەی بارزانی نەکامەترسێکی بۆسەرچـــاوە نەفتەکان بەهەستبێنی‌و، هات‌و،چۆ لەنارەحەتی‌باوی.

۶ــ هات‌و، چۆی و ارتباتی بارزانی ــ کۆرن والیس

کۆرنوالیس نامێلکەیەکی پڕ لە هەڕەشە لە بارزانی نووسی،وە پێ ڕاگەیاند بوو کە ئاکاری وی مەترسی بۆ ئیمە هێناوەتەپێش،وە هەروەها نەسیحەتی کردبوو کە خۆیی بەدەستەوە بدات. بارزانی کەلەوەڵامدا گوتبووی کە لە باڵوێزی ئینگلیس داوا دەکات کە لەبەینی کوردەکان‌و، دەولەتی عەراق دا نێونجی بێت، بەلام گوێیان نەدایە. تەواوی ئەوقسانەی کە لە نامێلکەکان‌دا هاتبوون،وا

وەدەردەکەوێ کە مەلامستەفالە لە سالەکانی ۴۳ ـ ۱۹۴۴دا بەشێکی تـــازەی هاتوچۆ لەبەینی خۆی و ئینگلیس بەهەستهێنابوو، بەلام هەرلەوکاتەدا "هیوا" لایەنگری لە بارزانی دەکردو، دەیتووسی کە بارزانی، بەڕاستی پیاوێکی دژی ئمپرپالیستە. لە ۲۳ دیسامبری ۱۹۴۳دا لەپێش ئەوەی کە نامەی کۆرنوالیس بەدەستی مەلامستەفا بگات، بارزانی نامەیەکی بۆ بالۆیزی بریتانیا لەبەغدا نووسیبوو، وەجێژنی "نوئیل"ی پیرۆزبائی پێگوتبوو، وە هەروەها لە نامەکەدا گوتبووی کە: لە خودای مەزن سەرکەوتن و پیرۆزی دەولەتی بریتانیای بەسەر ئالمانیدا داوادەکات، چوون ئاواتی هەموو گەلانی جیهانە، بەلام ئەوەی کەجێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە نووسیبووشی کە: من لە ناخیدڵەوە سەر بۆ ئێوە شۆڕ دەکەمەوە، وە وەک باب و کوڕێک دەبزوومەوە.

بارزانی هەروەها بەچەشنی پیاوەڕامیارێکانی ڕۆژهەلات زۆر بەگرنگی نووسی بووی کە: "بیروباوەڕێکی ئەوتۆی لەگشتدا بە دەولەتی ئینگلیس هەیەوە بەڵکو پتر لەوەی کە فکر دەکەنەوە لەبەرچاوودایە!

ئینجا بە شوێنی ئەوەیدا کە حکومەتی عەراقیێ تاوانبار کردبوو کە ئەوی مەجبور کردبوو کە "بەرگری لەخۆیی بکات" هەروەها لەنامێلکە کە دا نووسیبووی کە بەراستی ئاگاداری لێ بوردنی عەراق فڕۆفێلی زۆرتێدایە وە لە کورنوالیسی ویست بوو کە ئەفسەری عالیمەقامی خۆی بەنێوی ماژۆرستی پینگ کە بەو لات شارەزایە بۆ پرسیار بنێرێ وە لە بارەی مەسەلەکەدا بیروڕای خەڵکی بزانێ: بارزانی هەروەها لە ئاکام دا نووسی بووی کە: "بەهەر چەشنێک بێ من فەرمانی پادشای ئێوە لەسەرسەرو، لەسەرچاو دادەنێم" ـ بەڵام لەکاتی خوێندنەوەی نامەکەدا وەرگێڕ ئاوا دەڵێ "ئێمە لەبەرانبەر پادشای ئێوەدا سەر دادەنوێنین"[۱۸].

لە ۲۷ دیسامبری ۱۹۴۳ لەکاتێکدا کە بارزانی بەچەشنی (ئولتیماتوم" بەکۆرنوالیسی وەڵام دابۆوە، لەسەرژا داوای کردبوو کە بریتانیا لە لێ بوردنی گشتیدا چاوە دێڕی بکا، وە لە بالۆیزی ئینگلیسی ویستبوو کە بە حکومەتی عەراق: "فەرمان بدات" کە پارتیزانەکانی ئازادو، دەستڕۆ بێلێتەوە، وە بۆخویشی ئیدارەکردنی ناوچەی بارزان بەدستەوەبگرێ.

سەرئەنجام کورنوالیس داوای لە دەولەتی عەراق کرد کە پتر قازانجی کوردەکانی لەبەرچاوبێ وە لەگەڵ سەرۆکەکان هاتوچۆی بەڕێوەبەرێ، تەنانەت

(شیخئەحمەدو، شیخ مەحمودیش بۆ نوێنەرایەتی دانشتگەی سەنا پێشنیار بکات.
[۱۹]

۷ــ سرنجدانو، متاڵا لەسەر مەجید مستەفا

لەکاتێکدا کە ئینگلیس فشاری‌دێنا، نوری سەعید لە ۲۵ دیسامبری ۱۹۴۳دا کابینەی خۆی گۆڕی وە وەزیرێکی کوردی بەنێو مەجید مستەفا کە لە کوردە بە نێودارەکانی سولەیمانێ بوو، بۆ کابینە هێنا، کە دەگوترێ بـــوو پاراستنو، ڕاگرتن لە کابینەی خۆی‌بوو.

هێندێ لە کوردە ناو دارەکان، لەو بارەدا دەیان‌گوت کە مەجید مستەفا لە لایەن گەنجە کوردەکانی سازمانی هیوا بە دوژمن دەناسرێ،وە ئەوی بە پیاوێکی "هەوال بەری بە کرێگیراوی ئینگلیس" دەزانن وە هەروەها خائن بە نەتەوەی کورد. [۲۰]

دیار بوو لە کابینەدا سەرۆک وەزیر لایەن‌گری لە مەجید مستەفای دەکرد، بەلام هێندێ لەئەندامانی کابینە ناخۆشییان‌دەویست، وەلە ئاکام‌دا هەڵبەزانو، دابەزانێکی زۆری لەکابینەدا بەهەستهێنابوو.

وا وەدەردەکەوت کە ڕاوێژی زاریان یەکنیە، چوونکە گفتو،گۆی لە کابینەدا جۆر بەجۆر بوو. مەجید مستەفا ڕای‌گەیاند کە من بیرو، باوەڕم وایە کە لە ڕێگای ڕامیاریو، تاکتیکەوە. مەسەلەی شۆڕشەکە بەجێ بێت،نە ک لە ڕێگای ناردنی هێز و شەڕ. وە هەروەها گوتی ژمارەی شورشگێڕەکان زۆر بەچاکی دیاری نەکراوە،وە پێویستە بزاندرێ کە سەروکەکانی شورشگێڕ تاکوێ یەکێتیان هەیە، ئینجا پاش ئەو خەبەرانە، ئەووەخت هێز وەکار بکەوێ.

ئەوەی کە شایانی باسە، مەجید مستەفا پێشنیاری کرد کە شیخ ئەحمەد بو و ڵاتی بارزان بگەڕێتەوە وە بە مەلامستەفای بڵێ کە جێگایەکی دوور لە مەیدانی شەڕێ دابنێ تاکو ووتو،وێژی لێ‌بکرێ. کاتێک ئەوگفتو،گوێەکرا، داخووازەکانی مەلامستەفا لە دانشتنی وەزیران دا قسەی لێ‌بکری. سەرئەنجام گەڕانەوەی دووبرا لە سێ‌برایان، بۆخو ی نێوان ناکۆکی لەبەینیان‌دا بەهەست دێنێ کە بە سوودو، قازانجی ئیمە تەواودەبێ، وە لە ئاکام‌دا شۆڕشەکەیان لێک بڵاو دەبێ وەیان دەبێتە دووبەر. مەجیدمستەفا پێی وابوو کە ئەوسێ‌برایە ناتووانن لەسەر یەک

فکرۆرابن[۲۱] مەجید مستەفا هەروەها لە حکومەتی ویست کە لەبەینی ئاکرا،وە ئامیدیا، بۆ بیللە خەتی تلفون بکێشرێ تا ئاگامان لەوەمەلەبەندە هەبێ.

بۆ دانانی پۆستی پۆلیسی "بە هێزو، قەوەت" دەست بەکاربین،وە ئاوە دانێکان بە تەرخان یان بەنرخێکی زۆر کەم بە جوتیارەکان بدرێ کە ئەوە کارێکی زۆر بە قازانجە بۆمە.

لە ئاکامدا مەجید مستەفا پشنیاری بە کابینە کرد کە ئیدارەیەکی ڕاستەقینەی کشوەری کەمەبەست بە "کەم کردنی نفوزی شیخ ئەحمەد" بی دابندرێ. وە بەوەزیری ڕاوتەدبیرکەری گوت کە ئەگەر ئەونەخشەیە بەچاکی بەڕێوە نەبردرا،ئینجا لەڕێگایەکی دیکەوە بەسەر شۆڕشگێڕەکان دا دەتووانین فایقبین.

ئینجا ووتو،ویژێک لەبەینی مەجید مستەفا و مەلامستەفا،وە هێندێ لە ڕابەرەکوردەکان لە ۱۰ ژانوییەی ۱۹۴۴ لە میرگەسوور پێکهات. لە ئاکامدا سێ‌ووتە لەلایەن وەزیری کوردەوە لە پێش مەلامستەفا داندرا: چەشنی ووتو،ویژی خوی بە وەزیرەکانی ڕاو، تەدبیری بدات، کورتەی ئەو،ووتو،ویژە بەکورن‌والیس بە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس ڕابگەیندرێ، وە ڕاوێژو،ووتەی کوردەکان ۲۲ بگوترێ. یەکێک لە پێش نیارەکانی مەجیدمستەفا کەدەنگی داوە، مەسەلەی ڕاپەرینی کوردەکان بوو، وەنێو بردنی ئەفسەرە کوردەکان کە بە تایبەت بە نێوی ئەفسەرانی ڕابت هەل بژاردرابوون کە هێمنی لەناوچەکەدا لە ژێرچاوەدێری ئەوان بێت.

حکومەتی عەراق لەوبابەتەوە زۆر پێی نەدەچەقاند،بەلام بەراستی ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگبوو: کە "شۆڕشگێڕەکان" لە بەخشین بە شداربن، وە پۆستی پۆلیسی‌ش لە ناوچەکەدا دابندرێ، هیزی عەراق لەمێرگە سوور بکشێتەوە.

۸ــ سەر دانووانەدنی بارزانی بۆکاربەدەستەکانی بەغدا

لە ۲۲ی مانگی فێوریەی ۱۹۴۴ دا بارزانی بەچەشنی ڕەسمی لەگەل دووازدە ئەفسەر لەهاوالەکانی کە یەکیان فەتتاح ئاغای سەرۆکی هەرکی‌بوو،بو ماوەی چەند ڕۆژان زۆر بە گەرم‌وگوڕیەوە. لەلایەن حکومەتی بە غدایەوە میوانداریان لێکرا. لەوچەندڕۆژەدا بارزانی لەگەل باڵۆێزی ئینگلیس لەبارەی

هێندێ لەمەسەلەکانی کوردستان کەبەراستی چاوەڕوانی نەدەکرا ،ووتو ،ویژی کرد ،وە بەهیوایەوەی بووکاتی کەکابینەدەگوری ،وەچەشنی ناوچەی شمـــــال‌ش لەئال‌وگورداد‌ەبی .

مانەوەی کوردەکان لە بەغدایە ، واوێدەچوو کە ئەوکۆڕە بۆ سەردانێکی رەسمی چۆتە بەغدایە ، نەکبۆ "سەر دانووادن" .

بو کۆڕن‌والیس ، بالوێزی ئینگلیس ، واشکرا ببوو کە ئاکارو کردەوەی مەلامستەفا ،وە ڕاپەرینەکەی بەچەشنێکی ڕێکوپێک بە ڕێوە دەچێ ،وەبەتایبەت ئەوهەڵستانە بۆ لاواز کردنی حکومەتە لەئاکام‌دا . " ۲۲

ئینجا وەختیک کە دیترا لە بەغدایە زۆر بەگەرم وتینەوە لە مەلامستەفا ،وە هاوڕێیەکانی پیشوازیو ، میوانداری کراوە ، عەرەبە ناسیونالیستەکان شیروتینیان دەکیشاو ، قەڵسرو ، نارەحەت بوون ،وە تا ئەوڕادەیەی کە مەلامستەفا مانەوەی خوی لەبەغدایە کورت کردەوە(۲۴) وە لەولایە شەوە سیاسەتی مەجیدمستەفا لەلایەن نوێنەرانی مەجلسی سەناوە لە دانشتگەی سەنادا ڕەخنەی لێگرا .

۹ ــ پێ لێ خشاندنی وە عدەکان

کات‌و ، واز زۆر زوو گۆڕا ، وە ڕوو بە خراپی ڕۆیشت . لە نیوەی مانگی ئاوریل‌ی ۱۹۴۴دا بەنیگەرانیەوە ڕاگەیاندرا کە ئەو هەموو هەوڵو ، تەقەلاو ، هەلوێستە کە بۆ "هێمن کردنەوەی ناوچەی کوردستان دراوە ، بە هیـــچ‌کوی نەگەیشتووە" کۆڕن والیس" گفت و گوێەکی زۆر گرنگی" لەگەل عەبدوول‌ئیلاە نایبی پادشای عەراق کرد ، ئەو ووتو ، وێژە کاتێکبوو کە دەیەویست بچێتە کوردستانێ وە لەگەل سەرۆکە کوردەکان لەنزیک ئامادیاوە ڕەواندز پێک بگەن وقسەبکەن .

ئینجا لەو دەمەعاستەمەدا بالوێزخانە لە ۱۴ ئاوریـــــل‌ی ۱۹۴۴دا نامیلکەیەکی تازەی بارزانی پێگەیشت کە بۆنی‌گلێیی لێ دەهات ،وەبارزانی گوتبووی کە حکومەت قەولوقەرا ڕێکی کە پێویستبوو لەناوچەی کوردستان‌دا ،بەجێێ نەگەیاندوە ، جگە لەوەش هیزی تازەی نیزامـــــی بۆسەربازخانەکانی کوردستان ناردووە ،وە ساخڵۆو ، پوستەکانی قایم‌ترکردوە .

مەلامستەفا هاوتای ئەو نامێلکەیە، بۆ ئەفسەرانی ڕامیاری شاری موسل، وە هەروەها بۆ مەجید مستەفا، دوونامەی دیکەی ناردبوو، وەگوتبووی کە بۆخۆئی لەتەنشت نەتە وەنەجیبەکەی بۆ وەرگرتنی مافەکانیان قەت ڕاناوەستنو، خەبات دەکەن، وەتەنانەت حکومەتی بریتانیای گەورەش لەگەل ئاکارو کردەوەی ئیمە بەدژی نابزوێتەوە، وە دانی بەسەر دادێنێ. ۲۵

باڵوێزخانە هەروەها لە نایبی پادشای عەراقیش داوا کرد کە لەگەل کوردەکانی شاری ڕەواندز کۆبوونەوەیەکی هەبێ کە بتوانن لەگەل بارزانیش لەئاکام دا چاوپێ کەوتنیان بەجێبێت.

بەلام (کاتێکی نالەبار) هاتەپێشێ وە کۆبوونەوەی شاری ئامادیای تێک داو، هەروەها کۆبوونەوەی شاری ڕەواندزش کورتکراوە، وەبارزانی مەبەست بە بارینی باران، وە... مەبەست بەنەهاتنەکەی گوناح بارکرا.

۱۰ ــ نوری سەعیدو، کورد

لەنێوەڕاستی مانگی مەی ۱۹۴۴دا، نوری سەعید سەفەرێکی بۆکوردستان کرد: هاوڕێ لەگەل مەجیدمستەفا "شاربەشار" گەڕا، بۆ شارەکانی موسل، کەرکوک هەولێرچوو، وە لەبەرانبەر سەفی ئەفسەران لە باشگای وان دا ووتاری بڵاوەدە کردەوە، وە هەروەها خۆی بە هەواداری کوردانیشان دەدا، لەووتارانەدا بەرگری لەمەسەلەی نەتەوایەتی دەکرد وە تەنانەت گوتی کە من ئامادەم کە کاروکردەوەی کوردەکان بەڕێوە بچێ، وە مافی ناوچەئی (لیوا) بەکوردان بدرێت... ئینجا لەکاتێک دا کە نەخشی لایەنگرانەی بەگومانیخۆی بەنێوی "وەکیلی کوردان" دەگێڕا. گوتی سەروک وەزیر لە "دایکەوە کوردە". لەکاتێکدا کە هەوڵی دەدا لەووتارەکانی خۆیدا وابنوێنێ کە بۆڕێک و پێککردنی مەسەلەکە تێ دەکوشێ وە تەقەڵلای ئەوەیە کە کوردەکان هەموو لەدەوروبەری مەلامستەفا کۆکاتەوە،[۲۶] واتە لەوسەفەرەدا نوری سەعید لەگەل مستەفامەجیید زۆر بەگەرموگوڕیەوە بەدووای مەسەلەکەیەوە بوو، وە هەڵوێستیشی ئەوەبوو کە بزانی ڕاوێژیزارو، ئاکاری ڕاستەقینەی مەجید مستەفاش بە چ چەشنێکە.

لە ئاکام دا نوری سەعید بە مەجید مستەفای ڕاگەیاند کە لە کوردستان

بەڵێنیانەوە ،وە "چەک و ئەسلەحەکان" لە مەلامستەفا بستێنێتەوە .

مەجیدمستەفا بەپێشنیاری نوریسەعیدی ڕێدەستنەدا وە پێیگوت ،جا چۆندەبێ کە هەتائێستا حکومەت هەنگاوێکی بەچاکی کە بۆ کوردستان هەل نەهێناوەتەوە ،لەو کاتەوساتەدا چەک و ئەسلەحە کۆکاتەوە ،وە ئەوکارەساتە بەهیچلانیک دروستنیە ."

ئینجا ئەووتو ،ویژە بەسەر سووڕماوی لەبەینی نوریسەعیدو مەجیدمستەفا کە دڕێژەی هەبوو ، نوری سەعید لەنێوان قسەکاندا گوتی : ئەوانەی کە گوتت هچیان وەڵامی پرسیاری من نەبوون ،وە بەهیچ جۆرێک کاروباری کوردستان ڕاستناکاتەوە ."

مەجید مستەفا گوتی : "من بەو کارەی کە تۆ لەبەرچاوتە بڵێنی نادەم" ئەگەر تو دەتەوێ ڕاوتەدبیرێکی جوان بکەی وە ڕێگایەکی باش ببینێوە ، بەوجۆرەی کە دەڵێ نابێ ، تۆ لەو وەختەدا ۳۰ تا ۴۰ ئەفسەری کوردت تەینا بەگوناخی کوردبوون بوچ لەسەر ئیش وکار لابردوون؟" نوری سەعید گوتی : "من نامەوێ هیچزی نیزامی لەخۆم نارازی بکەم ، بوخاتری ئەوەی کە مەلامستەفا لەمن رازیبێت ."

مەجید مستەفا لەپاشان پەڕێ سەرقسەکانی نوری سەعید وگوتی : "پەس تۆ بە هیچ جورێک ناتەوێ کارێک بو کوردەکان بکەی ، ئایاوانیە؟

تۆ دەتەوێ بەمنبڵەی کە بۆ دروست کردنی ئاوەڕوێەک تەنیا ۱۵ دیناران خەرج کەی؟ ئایا تۆ تاکووئێستا بۆ بەزیوەبردنی پلەی بەرزی خوێندن بۆ کوردەکان هیچ هەنگاوێکت هەڵناوە؟ وەیان هەلیان هێناوە ،ئایا چەن مرۆڤ لەپلەی خوێندنیعالی بەشدار بوون؟

سەرئەنجام بەهەر چونێکبوو ، مەجیدمستەفا بەڵێنیدا کە بو ووتو ،وێژ بچێتە لای مەلامستەفا ،وە داوای لێکرد کە چەکەکان کۆکاتەوەو ، بیاندانەوە بەدەوڵەتێ .

۲۷

ووتو ،وێژ لە نیوەی مانگی مەی ۱۹۴۴دا دەستی پێکرا ، حاکمی موسلو ، ڕایزەنی ڕامیاری لەشمالدا بەنیوی ماژور کینچ ' Kinch لەو گفتوگویەدا بەشداریان کردبوو .

بارزانی بە تێڕاشکاوی و ،ئاشکرای ڕایگەیاند کە لەساخلوکانی میرگەسوور

و بیللە کە هەروا دێن بە قەومەتبن، بەچاکی ئاگای‌لێیە وە چاوەروانی دەکات، ئەوەش مەبەست بەوەیە کە ئیتر وەک سالی ۱۹۳۱ی لێنەیە کە هێزی عەراق گەمارۆی داو، کارەساتی بەسەرهێنا. وە هەروەها گوتی تا ئەو کاروبارە لەسەر ئەوڕێوشوێنەبێ "بەهیچ چەشنێک لەحکومەتی‌عەراق‌لەو بابەتەوە خاترجەم نیە"

ئینجا لەووتو، وێژەدا حاکمی‌موسل بە کەللەشەقێوە بە بارزانی گوت کە دەبێ ۱۱ ڕەشاش، ۷۲ تفەنگبدەیەوە، وە ۲۵۰ سەرباز کەهەڵاتوونە لای‌تو وەنایانەوێ بگەڕێنەوە پێویستە بەزۆر بییان‌نێرێوە.

بارزانی گوێی بۆقسانەدانەخستو، تەنیا ڕای‌گەیاند کە دەبێ لەبابەت مەسەلەی لێبووردن باس‌بکرێ وە هەروەها لەبارەی سەربازە گرتوکان داگوتی، ئەوانە بە قسەی من‌ناکەن‌و، ناگەڕێنەوە! بەکورتی‌بلێن ئەو ڕستەووتو، وێژانە پترلە ۶سەعات بەردەوام بوو!

ئینجا بەسەرهاتێک و هەڵکەوتێک لە لایەن ماژور کتبچوە ئاشکرا کراوە کە لە بەینی ئینگلیسو، بارزانی کەین‌و، بەینێک هەستی هەبووە.

کنێچ سەرئەنجام بارزانی کیشا قەراغێو، پێیگوت کە بەراستی لەگەل ئاور گاڵتە دەکەی! وە لە تۆم دەوێ کە ئیتر ئەو نامێلکە نالیکانە بۆمن نەنووسی. پێی ڵا گە یاند کە ۱۰ سە ر بازی پە نابەری چە کدا ر بداتە وە ۲۸

۱۱ ــ وەستانی شەڕ لە (ژوئنی ۱۹۴۴ تا ژوئنی ۱۹۴۵)

نیگەرانی ئینگلیس لەمەسەلەی کوردستان لە ژوئنی ۱۹۴۴دا پتر ئاشکرا بوو، واتە پاش لێ کەوتنی نوری سەعید لەسەروکایەتی‌ئەلە (۳ی ژوئنی ۱۹۴۴) زیاتر بەدگومان ببوون، تەنانەت لەسەرکار نەمانی نوری‌سەعید لەگەل مەسەلەی کورد تێکەل ببوو.

لەووتو، وێژێکی کەلەبەینی وەزیری ناخۆئی عەراق‌وە کۆڕنوالیس‌کرا، بالوێزی ئنگلیس گوتی کە عەراق پێویستە بەرنامەیەکی تازە بۆ پێش‌کەوتنی کاروبار لەکوردستان‌دا دابنێ، وە مەسەلەی کورد لەبەرچاوبێ تاکو بارزانی لەونێوەدا وەک ((قارەمانی ــ نەتەوایەتی مافەکانی کورد)) نەناسرێو، تەمەشانەکرێ، وە بە حکومەتی‌عەراقیێ ڕاگەیاند کە ((حکومەت نابێ بێپرسو،

رای من هیزی بۆ ناوچەی کوردستان بنێرێ)) ! ۲۹

لەئاخری ژوئیەی ۱۹۴۴ ماژۆر کنج ، چاوپێ کەوتنێکی تازەی لەبارزانی کردو ، بەوبیروڕایەوەگوتی منکەووتو ، وێـــــــژم لەگەل بارزانی کردوە ، زۆر بە زمانێکی چەورو ، نەرم دوواوم ، وەڕێزم زۆرگرتووەو ، پێم هەل کوتوە ، بەراستی هەردەبوو واش بێت !

ئینجا بارزانی لەسەردەمی خووازتنی کچی مەحمودئاغای زێباری دابوو ، هەڵوێستی ئەوە بوو نفوزی خۆیی تاسنووری ئیران پەرەپێدات وە لەگەل ڕەقیبی خۆی یکێتی بەهەستبێنێ وە هەروەها لەعەشیرە کوردەکانی ئیرانێ یارمەتی وەرگرێ .

ئینجا کات واهاتەپێشێ کە ماژورگێج وازی لە ناوچەی زێبار هێنا ، وە لەکاتێکدا کەپێی خۆش نەبوو کە هیچکاربەدستێک بۆ کوردستان بچێت ، ڕای گەیاند کە پێویستە ئێمە خۆمان لەتینوهان دانی ئاژاوەی کوردستان بپارێزین ، مەبەستبەوە کەئەوکارە بە قازانجی مەنیە . " ۳۰

پاش چەند مانگێک کە دەهات شەڕ لە کوردستان دا ڕاوەستێندرێ : هیزی حکومەت لەناوچەی شمال دا پاشەکشەی کرد ، وا وەدەردەکەوت کە دەگوترێ کە چەشنە سەربەستێک لە کوردستان دا بە ڕێوەبردراوە ، بارزانی بە ســـەرۆک دەناسرا ، وە تادەهۆک بەگیروگرفتو ، کاروباری هۆزو ، عەشیرەتەکان ڕادەگەیشت .

بەڵام لە ئاوریلی ۱۹۴۵ دا با لۆێزی ئینگلیس بە نیوی ستۆن هیوربیرد ، بەجێگای کورنوالیس دا ندرا ، بارو ، دوخی مەسەلەکە گۆڕدرا .

لەنامەی خودا حافیزی دا کورنوالیس بۆ بارزانی نوسیبوی کە حکومەتی عەراق دەیەوێ یاسای لێبوردن لە دانشتگەی بەغدادا بەڕێوەبەرێ تاهێمنایەتی لە ناوچەکەدا بەهەستبێت . " ۳۱

یاسای لێ بوردن لە ۱۰ی ئاوریلی ۱۹۴۵ سەلماندرا ، بەڵام ئەو یاسایە زۆرچوکو ، مەحدود بوو ، واتە سەربازو ، پۆلیسێکی کە لەماوەی شەڕدا هاتبوونە نیۆ شورشی کوردستان وەبەر ئەویاسایە نەدەکەوتن !

ڕۆیشتنی کورنوالیس ، وەگۆڕانی وی بەرانبەر بوو لەگەل ئەوەکە دەهات دووژمنایەتیو ، شەر لەو لاتی ئوروپادا تەواوبێ ، وە هەر بەوجورەش چاوەدێری دەکرا کە ووتو ، وێژو ، هاتوچۆش لەنێوان ئینگلیسو ، بارزانی ببڕدرێو ، کۆتائی

پێبێت .

حکومەتی عەراق لەوبارەوە زۆری پەرۆش بوو ،وە گومانی دەبرد کە مەبەست بەکوردەکانەوە لەوکارەدا دەستی کێشاوەتەوە. بەلام بالۆێزی تازە ئینگلیس رایگەیاند کە حکومەتی بریتانیا لەکاتێکدا کە قازانجی کوردەکانی لەبەرچاوە، لەسەرئەوەشڕا قەت تەفاوەت لەبەینی هەردوکیاندا دانانێ: ئەفسەرانی ئینگلیس نایانەوێ کە بۆ لیدەرە کوردەکان زۆر گوێ شۆڕ کەنەوە... وە کوردەکان بەچاوی گشتی چاوولێ دەکرێن ، وە هیچ کاتێک مەسەلەی کەمایەتی نەتەوەئی لەبەرچاونسە ، بەڵکو مەسەلەی تەواوی‌ولات مەبەستو ، هەڵوێستی ئێمەیە . ۳۲

۱۲ـ شەڕی ۱۹۴۵

لە ڕۆژەکانی ئاخری مانگی مارسی ۱۹۴۵ شەڕ دەهات بەگورجی دەستی پێبکرێ: بە موتەسەریفی (حاکم)ی شاری هەولێر ڕاگەیاندرابوو کە هەلوێستوایە کە مەقەرەکانی پۆلیس لەناوچەکەدا ، دابمەزرێتەوە .

بارزانی زۆرزوو لەوبابەتەوە دەنگی خۆ ی دەربڕی ،وە گوتی حکومەت بو قسەی خویی ڕێزدانانێ ، بەلام حکومەت گوێنەدایە .

لە۶و۷ی ئوتی ۱۹۴۵ ، لەبارزان‌دا پێشهاتێک ڕووی‌دا ،واتە تاقمێک کەهاتبۆ بارزان‌وە دەیەویست مەدرەسە و پۆستی پۆلیس دامەزرێ نێتەوە ، پێش مەرگەکانی بارزانی وەدەریان‌نان . بۆ ڕۆژی ۸ مانگی ئوت ،ئەسەدئاغا خۆشەوی "ئیدارەی ناوچەئی حکومەتی مەرکەزی) لەبارزان‌دا تێکەوەپێچا .

هەر لەوکات‌دا بارزانی زۆر بە توندوتیژیوە بەکۆلۆنێل عید کە لە موسل‌بوو ، وەڵامی دایەکە بەو ئاکارانە دەبێ چاوە ڕوانی پێشهاتی دیکەشی ببێ ،وە پێڕاگەیاند کە هیواوایە کە هێزی پۆلیسی دەولەتی بەتەواوی لە ناوچەکە بکشێتەوە .

١٣ ــ دووبەرەکی ئینگلیسو، عەراق

لە ٨ی ئوتی ١٩٤٥ ڕاو، تەدبیرکەری وەزیری عەراق پێی چەقاندو گوتی پێویستە هێزی نیزامی، ناوچەی بارزان بگرێتەوە وە "بەزووێکی زوو کە بکرێ" گوناح بارەکان لە بەند بکات.

ژی‌نیرال ڕانتون گەورەی کۆڕی نیزامی بریتانیا بەحکومەتی عەراقێی راگەیاند کە لە تەدارەکی هێرش بۆ سەر ناوچەی بارزان‌دا نەبێت، وە پێویستە ئەوکارە بەشێنەئی بکرێت، وە تا ڕێگاو بانەکان دروست نەکرێ نەخشەی دەست درێژی بۆسەر ناوچەی بارزان بە قازانج‌نیە، وە بە گومان دەبێ ئەوکارە لە١٥ی‌سی‌پتامبر ڕا دەستی پێ‌بکرێ.

بەلام دەولەتی عەراق بەبیرو، ڕای خۆی پێی‌وابوو کە لەماوەی دوویاسێ حەوتووان‌دا دەتووانێ ناوچەی بارزان بگرێتە وە بۆپێشەوەبچێ، جا بەو مەبەستە بەقسەی ژێ‌نیراڵ ڕانتون‌ی نەکرد.

بەگومانی ژێ‌نیرال ڕانتون، ئاکاری نیزامی هێزی عەراق "لەنەزم ونیزامێکی زۆر باش بەشدار نەبوو" وە بەشی زۆری لە سەربازە عەراقێکان (خراپ‌تی‌گەیشت‌بوون))، ئینجا لە یارمەتی دان‌و، ناردنی ئەفسەرەکانی ئینگلیس خۆی پاراست!

وە لە ١٦ی ئوتی١٩٤٥کارداری بریتانیا ئاگاداری بە سەڕوک وەزیردا کەبریتانیای گەورە تەنیا لەکارێک‌دا خۆی تێوەردەدا کە بۆ خوی مەسلەحەتی لەسەربێ.

١٤ ــ هەوەڵین هێرشی عەراقێکان

ئینجا عەراق گوئی بەقسەکانی بریتانیا کە بەتەقێەوە گوت‌بووی نەدایە، وە ناوچەی بیڵڵەی‌بۆمباران کرد وە لە ١٣ و ١٥ی‌ئوت خۆی بۆ هێرشێکی گەورە

ئامادەکرد، وە سێگوردانیان دژی بارزانی نارد ناوچەی بارزان. بارزانی ۷۵۰ پێشمەرگەی لە ناوچەی برادوست ڕاگرت، وە دوو کە ماندوبی لە ناوچەی ئامادیای دانا کە ئەوانە بەچەکو، ئەسلەحەو، ڕەشاشی سووک کە لە سالی ۱۹۴۳دا لە عەراقیێکان گرتبوو، چەکدار ببوون. هەوەڵین شەڕ لە سیدکان دەستی پێکرا: وەهێزی عەراق تووشی بەلایەکی گەورەبوو، سەد سەربازی لەدەستدا. بەشوێنی ئەوەدا سەرۆک وەزیری عەراق لە هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی ئینگلیسی داواکرد کە لە شەڕەکەدا بەشداری بکات، بەڵام کارداری ئینگلیس گوێنەدایـــە، وە، بەسەرهاتی ۱۶ی ئۆتی دووپاتە کردەوە! ۳۳

۱۵ ــ شکانی تازەی هێزی عەراق

لە هەوەڵی مانگی سێپتامبر، عەراقیێکان ۱۴۰۰ سەربازیان لە شاری ئاکرا، وە ڕەواندزوە نارد ناوچەی بارزان، وە مێرگەسوور، وادیاربوو، ئەوە هەوەڵین هێرشی گەورەیانە. بەڵام تووشی شکانێکی گەورە بوون: هەوەڵین ستوونکەلە ڕەواندزوە بۆپێشەوە دەهات، لە نێزیک شاری مەزناوە. شەڕێکی تووندی کرد، بەلام شکان و تەسلیم بوون، وە زەرەروزیانێکی زۆری ویکەوت. دووهەمین ستوونێکی کە لە ئاکراوەهات، زیناڕا گەمارودا، وە پاش شەڕێکی تووند کە نەخشەی ئەوە بوو وە دەبوو لە ۸ی سێپتامبر پاشەکشەی بکات، تووشی دەستەیەکی کوردان دەبێ کە دژی هێرشی دەست پێکردبوو، وە بارزانی بۆخۆی لەوشەڕەدا بوو، ئینجا لەو بەرەنگاریێدا ۱۶۰ سەرباز بریندار ببوون وەیان کوژران، وەسێ توپی سەحرائیان لێگرا!

ئەو ڕەسەرکەوتنە بۆبارزانی بووبە هۆی ئەوە کە دەنگ بداتەوە، وە ناوبانگ بکات، وە ئاکارو، تاکتیکی نیزامی بارزانی بچێتە سەرێ وە ژمارەی پێشمەرگەکانی پتر بێت، تەنانەت تارادەی ۲۰۰۰ مرۆڤ بگات.

چلۆ نایەتیوکاتی حکومەت زۆر نالەبار و تاریکبوو، سەرۆکی پایە بەرزی هێزی عەراق ڕای گەیاند کە پیرۆزیو، سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکان، بێشکو، گومان دەبێ دەستی دەرەوەی تێدابێ، دەنا چۆن دەبێ ئەوان بەو جورەوە سەرکەون، وە ئەوە دەستی شۆڕەوی تێدایەوەیارمەتی ئەوانە!

لەبەینیووتو، وێژێکی کە سەرۆکی حکومەتی عەراق لەگەل ئینگلیسێکان‌لە (لە ۱۱ی‌سی‌پتامبری) کرا، ژێنێرال‌رانتون لەئاکاری شەڕ لە ناوچەکەدا بە تووندی دووا‌و، گوتی: هێزی عەراق تووشی ئیشتباو، کارەساتێکی تێکنیکی بووە، وە ڕابە رایەتی‌و، ڕەوشتی ئەوکارەش زور غەڵەت بووە.

۱۶ ــ مەحمود ئاغای زێباری پشتی بارزانی بەردەدات، لەنەکاو کاتو، واز گۆڕا!

لە ۱۴ی سپتامبری ۱۹۴۵دا مەحمود ئاغازێباری کە خەزوورو، هاوکاری بارزانی‌بوو دەستی لەشەڕ کێشاوە. بەیان نامەیەکی کە باڵوێزی بریتانیا لە بەغدایە بلاوی کردەوە، ئاشکرای کرد کەمەبەستی "پشت بەردان‌و، گەڕانەوە"ی مەحمود ئاغا ئەویە کە: هەوڵدان بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە لایەن زێبارێکان، بو دانانی عەشیرەتەکەیە کە لە ژیانێکی باش‌دا کە لکەوەرگرن، پێناوە ڕامیارێکانی ئینگلیس ڕایان‌گەیاند کە[۳۴] ئەسلەحەو، پوول لە ناوچەکەدا بلاو دەکەنەوە، وە سەرۆکی زێبارێکان پیاوەکانی خۆی لەژێر فەرمانی حکومەتی عەراق داناوە، وە هەروەها بەشوێنی ئەوەدا لەلایەن شێخ ڕەشیدی لۆڵان، وە ڕەقیب ئاغا سەرۆکی عێلی سوورچێکان ئەوکارە دەکرێ. لەئاکام‌دا ئەوکارە قەوەت و هێزی عەراقیێ پتر کرد، واتە شارەزایەتی‌و، پێزانینی کوردەکان لە ناوچەکەدا، بێشک بارزانێکان بێهێزدەکات. وادیاربوو کە سەرۆکە کوردەکان لە لایەن حکومەتەوە بەپووڵ کردراون.

۱۷ ــ تەواو بوونی هێرش

لەهەوڵی ئۆکتوبری ۱۹۴۵دا هێزی دەوڵەتی کێوی پیریس‌ی گەمارۆدا، وە لە۷ی ئۆکتوبرش‌دا هەروەها ناوچەی بارزان گەمارۆدرا.

بەلام لەسەر ئەوەشڕا، عەراقێکان نەیان تووانی تۆڵەی شکانی پێشوویان بکەنەوە، وە هەربەوجۆرەی کە ژێنێرال ڕانتون گوتبووی، هێمنایەتی لە مەلبەندی

بارزان‌دا بەئاکاروکردەوەی نیزامی پێکنایە، وە پێویستە لە ڕێگای یاساو، کردەوەدا لە نەتەوە عەشیرەتەکان چاوەدێری بکرێ.

ئینجا بارزانی تانەو، رخنەی لێگیرا، وە لە ئاسۆی سەرەوەی سنوور دا واتە لەشمال، تورکەکان سنووریان لێبەست، پاش حەوتوێک هەوالێکی ڕەسمی ڕایگەیاند کە بارزانی تووانیوێتی لەگەل هێندێ لە پارتیزان‌و، پیشمەرگەکانی، بو و لاتی ئێران پەنابەرێ.

۱۸ ـ دەنگدانەوەی شۆڕ لەدونیادا (لەبەینی نەتەوەگان‌دا)

گەیشتنی ۲۰۰ تا ۴۰۰ مرۆڤی پێشمەرگەی کوردی ئێران کە لە سنوری عەراق ـ ئیران لە ۲۰ی‌ئوتی ۱۹۴۵، ڕادە بردن وە بە یارمەتی بارزانی دەهاتن، هومێدواریکی باشی بە کوردەکان دابوو، وە ئەو هێزە دەبوو لە کێوەکانی بارزان‌دا نشتەجێبن، جا ئەو مەسەلەیە لە دویناداا لە نێو نەتەوەکان‌دا دەنگی داوە.

بەشوێنی ئەو هەوالەدا حەوتوێک پاش، بالوێزی شورەوی دەری‌بڕی کە کوردەکانی ئێران کە لە شۆڕشی بارزانی‌دا، هاوبەشیان کردوە لەگەل ئێمە هاتوچۆیان هەیە. پاش دەڕۆژان لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە، بەیان‌نامەیەک وەدەر کەوت کە ((ئێمە لەوکارە دڕدۆنگین، وە مەبەست بەهەڵستانی و ڕاپەرینی شمالی عەراق نیگەرانن!

لەکاتی‌ووت‌و، وێژ لەگەل پیاوە ژامیارەکانی بالوێزی بریتانیا لە واشنگتن‌دا، سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەشی دەولەت‌دا، مەسەلەی لایەن‌گرتنی دەولەتی شورەوی لە شۆڕشی شمالی عەراق‌دا باسکردوە بەو نەتیجەیە گەیشت کە هاوبەشی کردنی هێزی‌نیزامی دەولەتی ئنگلیس لە شۆڕشی شمالی عەراق‌دا، بەهیچ چەشنێک مەسەلەی شەرقی ناوەڕاست کە هێستا چارەسەری نەکراوە هەروا ماوەتەوە جێبەجێ ناکات"! [۳۵]

بوئەمریکا وەک عەراقیکان زوون ببوێوە کە: بێگومان کوردەکان لەیارمەتی دەولەتێکی "دەرەوە" بەشدار دەبن، وە مەسەلەی چوونی ئارچی ـــــ روزوێلت وابەستەی نیزامی‌وە ئاجوودانی ئامریکا لەعەراق بۆ کوردستان دیـــارە زۆر بەمەترسی وشکەوە چاوەدێری لێدەکرێ.

پیاوە کاربەدەستەکانی بریتانیا لە بەغدادا پێیان لەوە نابوو کە دەولەتی شورەوی لەمەسەلەی کوردستان‌دا بەشدارە، وە کاتێک لە ئاخری سێپتامبری ۱۹۴۵ سێرریدربولارد بالویزی بریتانیا لە تاران، لە لایەن هەواڵێکی ڕابەری لە سەرۆکی جەنگی ئێران هاوالی وەرگرتووە کەُ سەرۆکی گەورەی نیزامی (قازی مەحەممەد لە مهاباد لەچاوپێ کەوتنێکی لەگەل نمازعەلیۆفی، ووتو وێژی کردوە کە دەولەتی شورەوی تەسمیمی هەیە کە یارمەتی نیزامی بۆ بارزانی بنێرێ، وە ئینگلیسێکانی دانشتوی بەغدایەش لەوچاوپێکەوتنەوەیە کە بەڕاستی بەڕێوە بردراوە هەواڵیان وەرگرتووە. ئینجا ئەوەیان سەلماند بوو کە چاوپێکەوتنی قازیمەحەممەد لەگەل ئەفسەرەکانی شورەوی کارێکی عادیە، وە هێندە گرنگنیە. دەگونجێ بڵێن قازیمەحەممەد "شایەکی بێتاجو، تەختی کوردستان، وە سەرۆکی کمیتەی کوردان لەمهاباد دایە. وە پیاوێکی گەورەیە زۆرپیاوانی ڕامیاری کەدێنە ئەو ناوچەیە چاوپێکەوتنێکی لەوی دەکەن. ئینگلیسێکان دەیان گوت کە ئەمریکایەکان دەبێ لەهەواڵەکانیان‌دا ڕای‌بگەیینن تا مەسەلەکە بۆخەڵک زۆون ببێتەوە، وەڕووانگەی ئەوکارە بەچاکی دووائی‌بگیرێ. ۳۶

۱۹ ــ بارزانی‌و، حیزبی‌هیوا

پێش‌مەرگەکانی مەلامستەفای بارزانی لەپەناو پەسیوی کێوەکانی بارزان‌دا، بێخووارد نەمەنی‌و، تفاق‌و، بێپوول‌و، پارە، بێدەرمان‌وە بێ سازوبەرگی نیزامی مابوونەوە، وە تەنیا جێگایەکی کە دەبوو هومێدیان بێت، حیزبی هیوا بوو. بەلام مەلامستەفا هاتۆچۆیی لەگەل دوولایان هەبوو، یەک لەگەل حیزبی هیوا، کە ئەویش زۆر بەباشی زۆون نەبوو، وە هات‌وچوی‌دی لەگەل ئینگلیسێیان بوو. براگەورەی خویی عەبدوسەلامی کردە پیاوی هات‌و، چۆیی بەینی خۆی‌و، بریتانیا، وە مەبەستی لەوکارەش ئەوە بوو کە ئاکارو ڕەوەشتی خۆی بەچەشنێکی‌دی لەبەرچاوی ئینگلیسێکان چاک بکاتەوە، وە تۆڵەیان بۆ بکاتەوە، وە ئەوجار بەقسەیان بکات.

می‌لیشێکان‌ی هیوا هیچ یارمەتیکیان لە لایەن دەوڵەتی ئمپریالیستی بریتانیا نەدەوست وەرگرن، بەڵکو ئەگەر یارمەتیان لەدەرەوە وەرگرتبایە

دەیانەویست لە لایەن مۆسکوەبێ واتە لە دەولەتی شورەوێ وە کە دەتوانێ لە لای کوردستانی ئێرانەوە بیکات. بەلام مەسەلەیەکی کە گرینگ بوو، ئەوە بوو کە ئایا بۆچی ئنگلیزێکان لەوبارەدا بە پێچەوانەی ئەمریکایەکان بزوتونەوە، وە نەخشی ڕاستەقینەی شۆڕەویان لەوکارە دا بەچاکی نەکتووە. ئەوەی شایانی باسەئنگلزیکان چاوە دێڕی ئەوەیان دەکرد کە لەئێران کەو زۆر دێ شتێک بەهەستبێت، بەلام ئنگلزێکان تاکو بە باشی لێ نەکۆڵنەوە وە بەباشی نەزانن کە شورەوی بەڕاستی لە جێگایەکدا ئاژاوە سازناکا، وەک ئەمریکایەکان لە خۆڕا لەدەهولو، زۆرنا نادەن، وەهاتو چۆی خۆیان لەئێران دا لەگەل شورەوێکان لەبەر چاو دەگرن. ئینجا هەرچێک بێ بارزانی نێوانی خۆی لەگەل هیوا لە دوورو نیزیکەوە ڕا دەگرێ، لەکاتێک دا کە لە هەوەڵەوە نەیسەلماند کە تاقمێک لەو حیزبە بێتەبارزان وە هەروەها پێی وابوو کە ئەوکارە چەلێ زووە. وە تەنیا لە سالی ۱۹۴۴ دا بوو کە بارزانی دەیسەلمێنێ کە تاقمێک لەناسیونالیستە گەنجەکان: وەک [۳۸]

ئەفسەر عیززەت عەزیز، کە یەکێک لە ئەفسەرە ڕابتەکان بوو، کە مەجید مستەفا بەئەستۆی دا بڕی بوو، بۆ ئەوەی کە لە"هێمنی و دابن کردنی" کوردستان دا تێکوشێ، وە هێندێ لەئەفسەرەکانی دیکە، وەک سەرهەنگ دووەم ئەمین ڕەواندزی وە کاپیتان عەبدول عەزیزی گیلانی کوڕی شیخ عەبدولڵا (وە کوڕی چوکی عەبدولقادر)، میرحاج، لە ئاکرا، فواد عارف (نەوەی مەجید مستەفا) لە پشدەر مستەفاخۆشناو، مەجیدعالی، بێتە لای بارزانی. ئەوەی کە ئاشکرا بوو مەجید مستەفا بۆ خۆی لە ئەندامانی پارتی هیوا نەبوو، بەلام ئەوە نەزاندراوە کە چۆن تەواوی ئەو تاقمەی کە ناردوویەتی، لە ئەندامانی هیوا بوون (جگەلەفوادعارف) کە وا بوو وادیارە، کە لایەنگری ئەو پارتێ بووە.

ئینگلزیکان هەوڵیان دەدا کە بەهەرچونێک بی لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردەکانی عەراقدا دەستیان هەبێ، بەلام گومانی دەبرد کە ئەوانە ناسیونالیستێکن کە بۆ لای چەپ چوون[۳۹]. سەرئەنجام بەداخەوە، ئەو بزوتنەوەیە، بەچەند شاخەولکوپۆک بەشکراو دژی یەکتر دەست بەکاربوون وە هەروەها شۆڕشی بارزانی گەیشتە جێگایەکی عاستەم چونکە هێندێ لەوان دژی بارزانی کاریان دەکرد.

یەکیک لە نەخشی گرینگی میلیشیانەی هیوا ئەوە بوو کە هەوڵبدا وە بگەڕێ کە کوردە پوڵدارە دەولەمەندەکان بەبێ نیێتەوە و ،بۆ بارزانی پوولیان لی وەرگرێ وە بەوجورە ئەوان بۆلای یارمەتی نەتەوە کەیان بکێشێ . ۴۰

ئینجا بەشی زۆری لە گەنجەکانی حیزبی هیوا ،بارزانیان وەک (شێخێکی مورتەجع) چاو لێ دەکرد . بەڕاستی بارزانی بەشی زۆری لەپیاوە گەورەکانی بەناو بانگی کوردی دڕدۆنگ کردبوو ، وە ئەوان دەیانگوت کە بارزانی شوڕش گێڕیکی خەتەرناکە !

یەکێک لەوانە شێخ لەتیف بوو کە لەگەل مەلامستەفا نێوانی ناخۆش بوو کە چارەی نەماو ، لە شوڕش لای دا ،وە هاتە شاری سەردەشت دانشتو ،بۆخۆی چەشنە سەربەستیکی بەهەست هێنابوو .

سەرئەنجام لەکۆبوونەوەیەکدا لە بە غدا کە لەژێر چاوەدێری پارتی هیوا پێکهات ، فوادعارف شیخ لەتیفی تاوان بار کردو ،گوتی کە "لەگەل شورەوی هاتو ،چۆی هەیە." وە هەروەها بەدووای ئەوەدا دوو دەولەمەنـــــــدی کورد ، عەلی کامل وە تەوفیق وەهبی (وەزیری ئابووری لە حکومەتی حامید پاچەچی پاش لابردنی نوری سەعید لەژوئنی ۱۹۴۵دا) ،وە دامەزرێنەری سازمانی هیوا ،کە ئەوانە داوای پوولیان لە (دەولەتی شورەوی واتە دۆستی بارزانی کردوە) لابردن[۴۱]. هەر لەو کاتەدا ڕەفیق حلمی ناسیونال سۆسیالیستی کورد کە لەلای باڵی ڕاستاوە فشاریان بۆ هێنابوو ،وە بە چاوی کومونیست تەماشایان دەکرد لە سازمانی هیوا وەدەرناندرا .

۲۰ ــ لێک بڵاوبوونی "هیوا"

بەلام باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد ،هەروەک باڵی ڕاستی بەشبەش بوو ، وە لەنێوراستی هاوینی ۱۹۴۵ ، "هیوا" بەچووار فاکتی جوربەجور بەشبەش کرا :

ــ شوڕش ،کە ئەندامەکانی ۳۰۰ تا ۳۵۰ کەس بوون[۴۲] کە "پارتی کومونیستی عەراقێی" پێکهێنا ، وە ڕۆژنامەیەکی بە نێوی شوڕش بڵاو دەکـــردەوە ،وە حیزبەکەش هەر بەو نێوەبوو .

سەروکی ئەو تاقمە عەلی عەبدوواڵلا ، نوری شاویس، جەمال حەیدەری ، (بەعس لەسالی ۱۹۶۳ شەهیدی کرد) وەسالح حەیدەری بوون

ـ "ڕزگاری" کە ۵۰۰۰ تا ۶۰۰۰ ئەندامی هەبوو کە مرۆڤەکانی لە پیاوە کوچە و بازاڕیکان بوون[۴۳] کە لە داهاتوودا ئەو دەستەیەبوو بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی عەراق کە بەسەرۆکایەتی و ، ڕابەری دوکتور جەعفەر عەبدوول کەریم (برای حەبیت کەریم سێکرێتیریگشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عەراق لەداهاتوودا پاشبوحرانی ۱۹۶۴) وە دوکتور سەدیق ئەتڕووشی ،وە تاهاموحییەدین (نایبی سەروک کۆماری عەراق لە سالی ۱۹۷۵) بوو .

ـ ئازادی "ڕی ڕاست"

کاتوجێگای هیوا لەجەبهەی ناسیونالیستی کورددا ـ وە بەتایبەتی هاتو ،چۆ لەگەڵ مەجیدمستەفایەکێک لەمەسەلەکان بوو کە مەبەستی بڵاوبوونی و تەقینی هیوای بەهەستهێنا ،وە بە تایبەتی هەروەها هاتو ،چۆ لەگەل پارتی کومونیستی عەراقش یەکێ لەمەسەلە هەرگرنگەکانی بڵاوبوونی هیوابوو ، .

۲۱ ـ (پارتی کومونیستی عەراق) وە مەسەلەی کورد :

بەراستی پارتی کومونیست لەسەر ڕێبازی بزوتنەوەی خۆ ی ،وە لایەنگری لە نەتەوەکەمەکان ئەسەرێکی باشی لەسەر خەڵک دانا ،بە گوێرەی هێندێ لە هەواڵەکان ،کوردەکان لەسەدا سیوپنج تا ۴۰% ئەندامی ئەو حیزبە بوون ،وە هەروەها گوتراوە کە لە سەداسیکەس۳۰% لەخەلکی عەراق ئەندامی ئەو پارتیە بوون . [۴۴]

ئەندامانی ڕزگاری ،وە شۆڕش لە سازمانی هیوادا پتریان لایەنگری پارتی کومونیستی عەراق بوون هەلو ،مەرجێکی کە پارت بۆی هەلکەوتبوو ، لە سەر مەسەلەی کورد لە دوو مەبەستان لایەنگری دەکرد ، لەلایەکەوە لەمافی کورد بەرگری دەکرد ،وە لەلایەکی دیکەشەوە داوای کورد تا ڕادەیەکی بەحەق دەزانی .

لە تڕاکتێکی کەبە زمانی عەرەبیو ،کوردی بڵاوی کردەوە ،وە هەروەها

لەوکاتەیدا کە هێستا بارزانی سەرۆکی هێزەکانی کوردی لەبەرانبەر هیزەکانی نیزامی عەراقیدا بوو، دەنگی خۆی بەوجورە بلندکردکە: "کمیتەی بەڕێوەبەری پارتیکومونیست، هێرشی نیزامی دژی کوردەکان مەحکوم دەکات، وە ئینگلیس بە گوناحبار دەزانێ کە نایەوێ ئەوشەڕە بوێستێ، وە ئازادی کوردەکانی لەبەندیخانەکان دا داوادەکات، وە دەیەوی شەڕ ڕاوەستێندرێ وە یاسای هاوسەری و، هاوبەشی لەشمال دا بەڕێوەبچێ، لەبەسەرهاتەکانی و لات بەچاکی بکۆڵێتەوە.

بەلام لەبەیاننامەکەدا باسی لەسەر مەسەلەی مافی ناوخویکورد، چ (ئوتونومی) وە چ مافی گشتی نەتەوایەتی (ئستقلال) نەکرا بوو!

وە هەروەهالەو تڕاکتەدا بو سەرلقی، شۆڕش، وە ڕزگاری هەڵمەتی بـرد، بوو، وە ڕخنەی گرتبوو کە داوای "جۆبیازی" دەکەن!

پارتی کومونیست لەسەر مەسەلەی کورد بەقوولّی دووابوو، وە لەلایەن ئەلقاعدە وەهێندی نووشتار بلاو ببوە. ۴۷

لەکاتێکدا کە تێزی کوردە کومونستەکانی دەبردەوەپاشێ کە دەیانگوت: هەر نەتەوەیەک پێویستە کە پارتی کومونیستی خۆی ڕێوشونێکی جوێیـازی هەبێ، بەلام پارتی کومونیستی عەراق دەیگوت لەکاتێکدا کە مافی تەواوی نەتەوەکان وەک کوردو، عەرەب لەبەرچاوە وە لەڕادەیەک دا تەمەشـای دەکین، بەلام هەڵوێست ئەوەیە کە لەپێش هەموشتێک دا دژیئمپریالیسم خەباتبکرێ، چوونکە خەباتیچینایەتی جودا لە خەباتی ئمپریالیسم نیە، وە هاوکات پێویستە ئەو خەباتە بەڕێوە ببردرێ، جا لە چوارچێوەی عەراقدا پێویستە هەردووک لقی پارتی کومونیستی کوردو، عەرەبو، نەتەوەکانی دیکە، کە لەژێر ئاڵای کومونیستدان، وەدژی ئمپریالیسم خەبات دەکەن، پێکەوەبن، وە جودا لەیەکترنەبن.

مەسەلەی بزوتنەوەی کومونیستی انترناسیونال لەگەڵ کـــــوردە ناسیونالیستەکان مەسەلەیەک بوو کە راوێژی زاری کوردەکانبوو، وەلە بەینی بزووتنەوەی کومونیستی جیهانیو، ڕاپەرینی کوردەکان ئەوپرسیارە هەرمابوەوە.

سەرئەنجام لەسالی ۱۹۴۶ دا پارتی دیموکراتی کوردستان

کە جوی بوەوە، کومونیستەکان پێکگەیشتنەوە. بەلام بارزانی کاتێک کە لە ئوکتوبری ۱۹۴۵دا گەیشتە سنووری ئیران لە مەجموعدا هاتەوە نێو بزووتنـــــەوەی

کوردستان ،وە وا ڕووەن ببۆوە کە لە داهاتوودا "ژینیرال" بارزانی لە ڕوو بە ڕوو بوون لەگەل ئەندامانی پارتیکومونیست زۆر ڕووی خۆشی نیشان نەدەدا .

۲۲ ــ گەیشتنی بارزانی بو ئیران ، هەوڵین چاوپێکەوتنی لەگەل شۆڕەوێکان

مەلامستەفا لەپێش ئەوەیدا کە بگاتە ئیرانێ ، سێ پیاوی نارد لای قازی موحەممەد ، وە ڕای گەیاندبوو کە لەگەل پێش مەرگەکان و ، مال و منداڵی خۆی دیتە ئیرانی ــ بەڕاستی عێڵو ،عەشیرەتێکی ۱۰۰۰۰ مرۆڤی ! لەوکاتەوساتەدا بێتە ئیرانوە بمێنێتەوە ،کارێکی واسادە نەبوو ،ئینجا قازی موحەممەد بەوکارە بەڵێنی نەدەدا ، بەڵام بارزانی وەڕێ کەوتبوو . . . وە چاوە ڕوانـــــی وەلام نەمابووە ! [۴۸]

پاش چەند ڕۆژێک بارزانی بۆ هەوەڵین کەرەت چاوپی کەوتنێکی لەگەل شورەویکان کرد . هەروەها نابێ لەبیربچێ کە هەواڵ بەرەکانی ئینگلیس قەت چاویان لەسەر بارزانی هەل نەدەگرت .

بارزانی هاوڕێ لەگەل میرحاج وە هەمزە عەبدوواڵا چاوبێ کە وتنێکیان لەگەل ژینیرال لیوبۆفی شورەوی کرد : "کە هاتنی بۆ ئیرانیێ بەڵێنی دابوو"

بارزانی لەگەل پیاوە چەکدارەکان کە هاتبوو ، پێشنیارێکی لەگەل هەمزەعەبدوواڵا لەپێش لیوبۆف، دانا کە بریتی بوو لەوەکە پیاوە چەکدارەکان هەروەها چەکدارو ، ئامادە بمێننەوە ،وە کەسوکاریشیان جێگیربن .

پاش دەڕوژان ژینیرال لیوبوف وەڵامی داوە کە بارزانی پێویستە تەنیا ۴۰پیاوی چەکداری بمێنێتەوە وە بچێتە ناوچەیەکی دوور ولە بەفری ۱ دا قوژبنێکی بۆخۆی بگرێ . [۴۹]

لەئاکام دا ڕاگەیاندنی پیکهاتنی کۆماری مهاباد لەژانوییەی ۱۹۴۶ ئەومەسەلەیەی لەبار چاو نەگرت .

۱) بەفری واتەزستانی

فەسلی ٢

شۆڕەوی لە کوردستانی ئێران‌دا ، وە کۆماری مهاباد

مهاباد بەراستی بەهیچ‌جورێک نەدەزاندراو، مەعلوم نەبوو کە ڕۆژێک شاری مهاباد ببێتە کانگا و ناوە ڕووکەی جوواڵانەوی کورد ،وە لەنێو شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا نەخشێکی گرینگ‌و ،گەورە بەدەستەوە بگرێ.

گوتراوە کە سەرچاوەی بزوتنەوەکەی مهاباد لەشاری سولەیمانێوە یە کە بێ‌گومان ئەسەری لەسەر ڕاپەڕینی ئەو شارە داناوە.

خەڵکی شاری مهاباد موسلمانی سوونی مەزهبن. ڕەزاخان ئەو نێوەی لەسەر دانا، دەنا لەپێش‌دا سابڵاغی نێوبووە. لە سالی ١٩٤٥ی زاینی‌دا (١٣٢٤کوچی) شاری مهاباد جێگایەکی چووک بووە،وە ژمارەی دانشتووانی لە ١٥٠٠٠ کەس پترنە بووە، ئیدارەکانی دەستوری لەشاری ورمێ کە ناوەندی ئوستانە وەرگرتووە،دەگونجێ بڵێن کە ئەوشارە لەپێش‌دا نەخشێکی ڕامیاری‌و، ئابوری نەبووە.

ڕێبوارانکە لە سەدەی ١٩ زاینی‌دا لەوشارەوە ڕابووار دوون‌و، بۆ شارەکانی ورمێ‌و، سنە چوون گوتویانە کە تەنیا ئاوەدانێک بووە کە ٥٠٠٠ مرۆڤی تێدا دانشتووە.

ئەو ڕو ژمارەی دانشتووانی شاری مهاباد، زۆر زیاد بووە، بەڵام ئەو شارەش وەک شارەکانی دیکەی ئێران چاوی‌لێ نەکراوە،وازی لەشساغی باش‌نیە، نەخۆشی لەو شارەدا زۆرە،جا هەرچێک‌بێ مرۆڤ چاوەڕووانی‌ئەوەی نەدەکرد کە ڕۆژێک ببێتە" پێتەختی" کۆمارێک کە دەولەتە هەرە بەقودرەتەکانی جیهانی

لەمەترسی باوی.

۲ ــ بنەماڵەی قازی

بنەماڵی قازی موحەممەد کە شێخ‌و، قازی بوون، لەنێو دانشتووانی ناوچەی مهاباددا، زۆر بەڕێزو، حورمەت‌و، گەورە بوون لەسالی ۱۸۳۰دا بابەگەورەی قازی‌موحەممەد، واتە شێخ‌ئەل‌مشایخ، لەهۆزو، عەشیرەتەکانی ناوچەی (خۆبات) لە نزیک شاری دیوان‌دەرەدا کۆبوونە وەیەکی پێکهێنا، کە لەو کۆبوونەوەیەدا، داوای "جەبهەی یەکێتی" دژی ئنگلیس کرد وە هەروەها ئازادی کوردستانی‌شی پێشنیار کرد.[۱]

لە سالی ۱۹۱۶ازاینی‌دا قازی‌فەتاح‌براچووکەی‌باپیری قازی‌موحەممەد بۆ پاراستنی شاری مهاباد لە بەرامبەر هێرشی ڕووسیەیەی تزاری‌و، تورکە عوسمانیێکان نەخشێکی گرینگی بەدەستەوە گرت‌و، لەو بەینەدا لەگەل یەکێ لەکورێ ەکانی کـوژرا (۱۹۱۶ ــ ؟ ۱۸۳۲)

قازی عەلی بابی قازی موحەممەد (سالی ۱۹۳۴ کۆچی دووائی کرد) لە پیاوەکانی هەرە زاناو بە ناوبانگی ئەو ناوچەیە بووە، وە برای وی سەیفی‌قازی (وەفات ۱۹۴۴) لەسالی ۱۹۲۰ دا سازمانێکی نهێنی بەنێوی (بزوتنەوەی موحەممەد) پێک هێنا، ئەو سازمانە لەگەل بزوتنەوەی شیخ موحەممەدی خیابانی لە ئازربایجان داهات‌و، چۆی هەبوو.

ئینجا لەووختەدا بوو کەسەیف ئەل‌قوزات هۆنراوەیەکی لـــــەبارەی (ڕاپەرینی‌تەورێز) لەروژنامەی ئازادستان‌داچاپ‌کردو، بڵاوی‌کردەوە.

بنە ماڵەی قازی موحەممەد هەمووپان، زاناو، زۆوناکبیر و موسولمان‌و، کوردخۆشەویست‌بوون، چەن پارچە ئاوائێکیان لەناوچەی بۆکان‌دا هەبوو، وە لەڕێزە بنەماڵە دەولەمەندەکانی کوردستان ژماردراوە.

---

۱) ارتباط لەگەل ڕەحیمی قازی ۹ مارسی ۱۹۷۶ لەباکو لەلایەن‌نووسەری ئەو مێژوویە وەرگیر م ــ ر


بنه مالّەی قازی مەحەممەد
شێخ المشایخ
قازی فەتتاح
۱۹۱۶ ؟۱۸۳۲
قازی قاسم
قازی عەلی
۱۹۳۴ – ؟
سەیف ئەل قوزات
۱۹۴۴ – ؟
رحیم
سەیف
۱۹۴۷ – ۱۹۱۱ ل باکویه
قازی مەحەممەد
۱۹۴۷ – ۱۹۰۰
سه در ۱۹۴۷ – ۱۹۰۸
حەسەن
عەلی وشەش کچ
کەمال – عەبدوولا وەکچێک

٣ ـ هاتنی ئینگلیسو، شۆڕەوی بۆئێران

لەسالی ١٩٤١دا هێزی شورەوی لەلایەک،وە هێزی ئینگلیس لەلایەکی دیکەوە خاکی ئێرانیان داگیر کرد، جالە و هەلو، مەرجەدابوو کە شاری مهاباد پشکوتو، شانازیو، بەختەوەری ڕووی تێکرد. لەوکاتەدا هێزی سۆویەت لەپاش ئەوەی کە لە سنوور تێپەڕیوە هات شاری خۆیو، ماکۆی گرت،بۆ لای جنوب هاتە خوواریٚ وە تا شارەکانو، مەڵبەندی بانەو،سنە ڕۆیشت وە لە ڕێگاکانی شاری میاندواو، شنووە، هاتە شاری مهاباد.

لەولاشەوە ئنگلیس، چەتربازی لەمەیدانی نەفتی خوزستان هێناخوواری، وە جنوبی خوزستانی تا کرمانشا واتە تا دەگاتەوە سەرڕیی بەغدایە، شارەکانی خانەقین، تارانو،سنەی داگیر کرد. ئینجا لەناوچەکانی بەینی دوو داگیرکەرەکاندا یانیمهاباد ـ سردشت ـ بانە ـ سقز ـ دیوانەدەرە) هیچ قودڕەتیک دەستی بەسەر دانەگرتبوو،بەلام ئەو مەڵبەندە لەسەر ئەوەشڕا هەردوک دەولەتە گەورەکان چاویان لەسەر هەلنەدەگرت. لەئاکامدا سۆویەت لەشمالدا تا شاری مهاباد وە ئنگلیسش تەواوی و لاتی جنوبی ئێرانی داگیر کردبوو. ٢

٤ ـ ئنگلیسێکان، کوردەکان، سۆویەتەکان

پاش تیۆەرسووڕانی ٢٥سال لەشەری جیهانی هەوەڵ،هێندێ لەئەفسەرە ئنگلیسێکان لەوەی دوو دلو،بەدگومانبوون کە ئایا بەراستی پیویستە کارەساتەکانی پێشوو دووپاتە بێتەوە. کمیتەی فەرماندەرەکانی ستادی ئنگلیس،وە کاربەدەستەکانی نیزامیو، کشوەری،لەئێران لە دوو بڕواڕنامەدا لە ئەفسەرەکانی ئنگلیسی داوا کردبوو کە نەزمو، تەرتیب ڕابگرن. ناوەرووکەی ئەو بڕوارنامەیە بەو جورە بوو: مەبەستی دەوڵەتی ئنگلیس لەوکارەدا ئەوەیە کە بەهەر چەشنێک بێ

١) پاش شۆڕشی ئیلامی نێوی کرمانشا بۆتە باختەران م ـ ر

"لایەنگری لە دەولەتی ناوەندی ئێران دەکات" وە بەهیچجۆرێک نایەوێ بە سوودو،قازانجی کوردەکان ببزوێتەوە،چوونکە جوولانەوەی کوردەکان"ڕەنگی ئرتجاعی هەیەو(ئێمە ناتووانین ئاکارو کردەوەی ئەوان بەچاک بزانین و، چاوەدێری لێ بکەین" دەست تێوەردان لە کاروباری کوردەکان لە لای ئێمەوە،جگە لەوەی کە کەڵک و قازانجی تێدانیە،بەڵکو مەترسیشی تێدا هەیە. ئەگەر ئێمە خۆ لەکاری کوردان وەردەین،بمانەوێ یان نەمانەوێ،دەبێ بۆ هێمن و، ئەهوەن کردنی کێشەو، هەرای عێل و عەشیرەتەکان بینەپێشێ جا ئەوەش لە ئەرکی سەرشانی مەدانیە. هەروەها لەو بڕوارنامەیەدا کمیتەی فەرماندەرەی ستادی ئنگلیس ڕایگەیاند بوو کە تێ هەڵقوتانی ئێمە لەکاروباری کوردەکانی ئیران، تورکیە... بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەکە لەلایەن هێزەکانی شورەوی لەئێران دا، بەسەرهاتێک پێکبێت. ۳

ئنگلیس کە ئێرانی داگیر کردبوو،مەبەست بە کاروکردەوەی ستراتێژیکی بوو، وە ووتەو، قەولو،قەرار وابوو کە پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانی لەئیران بچێتە دەرێ.

جا هەر لەبەر ئەوە بوو کە هەوڵیان دەدا کە هات و،چوو، هەڵستان و، دانشتنیان لەگەل کوردەکان بەخۆشی بێ،وە هەروەها شتمەکو،ئەسبابێکی کە لەڕێگای ستراتێژیکی بەغدا ــ خانەقین ــ کرمانشا، هەمەدان ــ تاران بۆ شورەوی دەچێ، بە هێمنی و ئارامی بەو مەلبەندەدا بڕوا،وە بە جێگای خۆی بگات.

ئنگلیس بۆی ئاشکرا ببوو کە دەوڵەتی شورەوی لە ئازربایجان دا خەریکی کاروبارێکە،وە ئیتر ئازربایجان بە (داخووازی خۆی) دەبێتە یەکێ لە کۆماری تازەی یەکێتی شورەوی. ئەو هەواڵانە،وە هەروەها مانەوەی هێزی شورەوی،وە بەتاڵ نەکردنی ئازربایجانی ئێران بۆ ئنگلیس دژواریو، چێوتی دێنا پێشێ، لەولایەشەوە بۆ خۆشی جنوبی ئیرانیێ داگیر کردبوو، وە ئەوەشی دەزانی کە ئەگەر شەڕ بە قازانج و سەرکەوتنی ئێمە تەواو بێت بەراستی دەولەتی شورەوی ئەرکێکی زۆڕ گەورەی لەسەرشانی ئێمە هەیە، سەرئەنجام ئەو بەسەرهاتەو، هەڵکەوتەی لەخەلکی ئێران نەدەزانێ،وە لەئاکام دا کارو، کردەوەی ئنگلیس وە بزوتنەوەی ئەوان لەگەل کوردەکان،بەو جێگایە گەیشت کە قازی موحەممەد بوو بە لایەنگری شۆڕەوێکان و، سەرۆک کۆماری مهاباد.

سوویەت
ماکو
ئەرەس
خوی
قوتور
ئەزدیکان
شەکەریازی
چەریق
شاپور
تەبریز
دەریای وەرمی
مەراغە
ئیران
میاندواو
ئوشنو
مهاباد
بوکان
سەردەشت
سەقز
بانە
زابی چکولە
دیواندرە
عراق
سەنەندەج
حەلەبجە
هەمەدان
کرمانشاه
خانقین
کوردستانی ئیران
سنوری ناونەتەوەئی
0 50 100 Kms

۵ــ قازی موحەممەدو، سۆویەت

بۆ هەوەڵین‌جار لەڕۆژی ۲۵ی سێپتامبری ۱۹۴۱ دا واتە دروستپاش مانگێکگرتنی ئێران لەلایەن شورەوی وەئینگلیسێکانەوە، دوو ساحێب مەنسەبی ئامریکا و ئینگلیس لەشاری مهاباد چاوپێ کەوتنێکیان لەگەل قازی موحەممەد کرد قازی‌موحەممەد نەخشەی "یەکێتی کوردستان)ی بۆ ئەوان باسکرد، وە بۆی شەرحدان وەلەوانی پرسیارکرد کە "چۆن دەکرێو، دەتووانێ لەگەل سەرۆکی فەرماندەری پایە بەرزی ئینگلیس چاو پێکەوتنێکی هەبێ؟"

ئەفسەرە ئینگلیسێکە پیاوێکی "سڵو، ویشک"بوو، گوێی خۆی بوو قسە شڵنەکرد،وە بەوکارە بەڵێنی‌نەدا.

جا بەشوێنی ئەوەدا کە (ناخوشی)و، ناکۆکـــــــــی هێنا گۆڕی، قازی مەحەممەد، لەگەل شۆڕەوێکان دەستی بەووتو، وێژی ڕامیاری کرد.۵

سەرئەنجام ئەوکەڕەتە بۆ دووهەمین جار بەخاترجەمێوە، قازی موحەممەد لەگەل هاوڵەکانی پایەبەرزی کورد، بۆ شاری باکویە داوەتکرد.

۶ــ هەوەڵین سەفەری باوەڕ، پێکراوەکانی کورد بۆ باکۆ (نوامبری ۱۹۴۱)

دەگوترێ پاش ئەوەی کە شورەوێکان زانیان کە ئینگلیسێکان دانشتنێکیان لەگەل باوەڕپێکراوەکانی کورد لەبۆکان‌دا پێک هێناوە، سێکەسی باوەڕپێکراوی کوردیان هاوڕێ لەگەل دوو ئەفسەری موسلمانی خۆیان کەخەلکی و لاتـــی ئازربایجانی شورەوی بوون، وەنێویان میرئەسلانوف، وەعلییەف بوون، بەسوواری ماشێنی لەڕێگای تەورێزە وەبۆ باکۆیە نارد. ۶

وێژراوێکی دیکە رادەگەیێنێ، لەشاری‌مهاباد ۳۰ مرۆڤی باوەڕپێکراوی کورد کوبوونەوەیەکەیان پێکهێنا، بەلام لەگەل ئینگلیسێکان هیچ کۆبونەوەیەک چاوەدێری نەکرابووە.

مەبەست لەوکۆ بوونەوەیە ئەوەبوو کە بزانن حەمەرەشیدخان کەدژی ئیران

هەلستاوەتەسەرپێ ، هەڵوێستی چیە . ئینجا هەرچونێک بێ ، گوتراوە کە دەولەتی شورەوی میوانی جوربەجوری بۆ باکویە بانگ دەهێشت ، واتە هەموو چەشنە پیاوی پایەبەرزی باوەڕپێکراوی سوونی مەزهەبی کوردی تێدابوو: قازی مەحەممەد لەمهابادەوە ، ئەمیر ئەسعەدو ، حاجی بابەشێخ لەمەلبەندی بوکانڕا ڕەشیدبەگو ، زێڕۆ ، لەلایەن کوردە هەرکێ کانەوە ، موحەممەدی قاسملو (بابی قاسملو سێ کرێیتێری گشتیپارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران ، لەلایەن کوردەکانی دەوروبەری ورمێوە ، وەهەروەها مەحەممەسدیق کوڕی تاهای شمیزنیان داوەت کرابوونو ، چووبوون .

ئەو مرۆڤە باوەڕپێکراوانە لەڕۆژی ۲۵ نوامبری ۱۹۴۱ تا ۵ی دێسامبری واتە ۱۰ ڕۆژ لەباکۆیە مانەوە ، لەو بەنیەدا لەجێگاکانی فەرهەنگی پێشکەوتووی شاری باکۆ وەلە کارخانەکانو ، زەویوو ، کشتوکاڵی نموونە ، وە تەسیساتی نەفتی ، سەربازخانەکان ،وە چەن جێگای دیکە چاوپێکەوتنیان کردبوو . . . ،

پیاوێکی ڕامیاری ئینگلیس بەتەوسەوە گوتویەتی ، کە شورەویکان ، دوو حەوتوو پێش داوەت کردنی کوردەکان بۆ باکویە ، کۆڕێکی ۸ نەفەرەیان لەبوورژواکانی تەورێزش هەربۆ بەرنامەیە داوەت کردبوو . چاوپێ کەوتنی ئەوکۆڕە کوردانە لەو ڵاتی شورەوی زۆر جار یەک بەشوێنی یەکێ دابوو ، وەهەموویان لەسەر ئەوگومانە بوون کە میرجەعفەر باقرۆف سەر کۆماری شۆڕای سۆسیالیستی ئازربایجان ، مەسەلەی کوردەکانی زۆر بەمەترسیۆە باس دەکرد . ۷

لەزمانی ئەمیر ئەسعەد دەگێڕنەوە کە دەولەتی یەکێتی شورەوی گوتویەتی کەلەبارەی نەتەوە بچوکەکانی جیهانیدا باش دەڕووانێ ، بەلام "هێستاکات بۆ دانی سەر بەستی گشتیکوردستان چاکنیە ،وە کوردەکان پێویستە نەختێ چاوە ڕووان بمێننەوە . "

بەشی زۆری لەکورەکوردەکان بەگویی باقرۆفیان هەڵ کێشا بوو کە کوردەکان هەڵەئێستاوە ، دەیانەوێ بەمافیگشتی نەتەوایەتی خۆیان بگەن ، وە باقرۆف لەوپێشنیارە پێکەنینی هاتبوویە . ۸

هێندێکی دیکە لەکوردەکان گێڕ ابوویانەوە کەباقروف گوتویەتی دەبێ سەبەر ، حەوسەلە لەدەس نەدەن وەڕۆژێک دێتەپێشێ کەئێوە بەومافە دەگەن . تەنانەت دەگێڕنەوە کە لەوسەفەرانەدا کەکۆڕەکانی کورد بۆ شاری با کۆیان

کردبوو، باقرۆف لەنێو قسەکانیدا ڕایگەیاندبوو کە (پەیوەندیکی هاوخوێنیو، هاوڕەگەزی) لەبەینی ئازربایجانێکانی شورەوی وئیران داهەیە، وەئەوەی کە ئاشکرایە ئێستا کە دەبیندرێ کە "سنووڕێک لەبەینی دووئازربایجان دا کەهەیە نابێتە بڕینی ئاکاری فەرهەنگی و مەعنەوی، وەڕۆژێک دەبێ کەئەو دوو زەویە دەبێتە یەک. ئینجا ئەووتەیە بۆخۆی دەبوو بەهۆی ناخۆشی بۆ کوردەکان. ۱۰

۷ــ دەنگ دانەوەی جیهانی لەبابەت سەفەری باکۆ

چوونی کوردە باوەڕ پێکراوەکان بۆ باکویە لەدونیایە دا دەنگی داوە، هەرچند باڵوێزی شورەوی لەتاران گوتی کە ئەو سەفەرە، سەفەرێکی "فەرهەنگی" بووە، بەڵام لەجەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی دائەوسەفەرەبۆهاوپەیمانەکانی شەڕی جیهانی، بوو بە مەسەلەیەکی گرنگ، وەباڵوێزی دەولەتی بریتانیا لەمۆسکۆ بەنیۆی کریپس، لەمولوتوف، وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆویەت داوا کرد کە پێویستە پتر لەوبابەتەوە ئێمە ڕوون کەنەوە (۲۰دیسامبری۱۹۴۱)! سێرڕۆژ پاش سێرڕیدر بولارد، باڵوێزی بریتانیا لەتاران کەبۆ سەفەرێک چوو بو موسکۆ ئەومەسەلەیەی لە مۆلۆتۆف دووپاتە کردەوە. مولوتوف لە۲۹ی دیسامبری ۱۹۴۱دا نووسراوەیەکی لەبارەی ئەو سەفەرەدا بەبالوێزخانەی بریتانیا دە داتەوە نێوەرووکەی ئەو نووسراوەیە بەو جورە بوو: کوردەکان بۆخویان مەیلیان وابوو، چوونە باکۆیە، وەئیتر مەسەلەی سیاسی لەگوڕێ دانیە.

هێندەی نەمابوو کە ئەومەسەلەیە ببێتە مەسەلەیەکی گەورەی سیاسی: سێر ئانتونی ئیدین هەوالو، نووشتارێکی کەپیاوە ڕامیارێکانی خۆی ئامادەیان کردبوو بۆ مۆلۆتۆفی نارد لەوونووشتارەدا قامک لەسەر ئەوهەڵوێستە داندرابوو، کەبەڕاستی بالوێزی سۆڤیەت لەتاراندا، ئاگاو، خەبەری لەئاکارو کردەوەی ناوچە داگیر کراوەکانێکی کە ئێستا کە هێزی شورەوی تێیدایەنیەو، دەستەڵاتی ناڕووا! ۱۱

۸ ــ ترسو خۆفی تورکەکان :

لەراستەقینەدا ئەوە تورکەکان بوون کە بوونە مەبەستی سەفەری کوردە باوەڕ پێکراوەکان بۆباکویە وە شۆڕەوێکانیان وادارکرد کە لەوکارەدا خۆتێوەردن وەتین وهان‌بدرێن . لە ۲ی دیسامبری ۱۹۴۱ تورکەکان دژی هێزی نیزامی بێگانە کە ئیرانیان داگیر کردبوو (بەبێ ئەوەی کە مەبەستی هێزی نیزامی شورەوی یابریتانیا)بێ، بەدەولەتی بریتانیای شکایەتێک تەسلیم کرد. ئاشکرا بوو کە ئەوشکایەتە لەبەر ئەوەبوو کە تورکەکان پێیان وابوو کە ئاکارو کردەوەی هێزەکانی نیزامی لەئێران‌دا ، دەبێتە هۆی ئەوە کە "کوردەکان بۆ وەرگرتنی مافی‌نەتەوایەتی هان بدرێن‌و ، هەوڵبدەن ، وە کوردەکانی ناوچەی تورکیەش هەر لەئیستاوە دەستیان بەهێرشو ، هەڵمەت کردوە ، وەلەکردەوەدا هاتوچۆی بەینی ئیران‌و تورکیە براوە .

هەر بەوجورەی کە مرۆڤێکی سیاسی ئینگلیس گوتبووی ، بەراستی ئاکارو کردەوەی کوردەکان نەبوو کە دەوڵەتی تورکیەیەی لەمەترسی‌هاویشتبوو ، بەڵکو ، رەفتاری شورەوی لەکوردستان‌دا بوو کە تورکەکان‌ی‌نیگەران‌کردبوو ، ئەمما ئەوانیش وەک ئیرانیێکان لەوەی دەترسان کە بەئاشکرائی ئەوەی‌بڵێێن وە لەگەڵ شورەوێکان ڕووبەڕوو بن .

۹ ــ دەنگ دانەوەی سەفەری باکۆ لە ناوچەکەدا

ئینگلیسێکان دەیان‌گوت کە بێگومان دەولەتی شورەوی بەهۆی تەبلیغاتی خۆی پیرۆزێکی بەیایخی وەدەست هێناوە ،جا بەوبونەیەوە لەناردنی مرۆڤی سیاسی بۆ مهاباد چاویان قووچاندو ، بێدەنگەیان کرد ، وە ئەوناوچەیان لەژێر چاوەدێری شورەوی‌دادەژمارد . بەڕاستی ئەوشارەچووکە (نە شورەوی داگیری کردبوو ، نەئینگلیس ،وە دەولەتی ناوەندی ئیرانیێش قودرەتی تێدا نە مابوو ، کەلەنەکاو ،کت‌و ، پڕلەهەڵکەوتێک‌دا بووبەکانگای‌ناوەندی‌و بەهەستەهاتنی‌بزوتەوەی

تایبەتی ،وە لەمێژووی کورددا هاتەڕێژەی بنەڕەتی ڕاپەرینەکانی کوردوکوردستان

۱۰ ــ دووبەرەکی و ، بەرهەڵستەکانی ناوچەئی

بەڵام تا ئاخر و ئۆخری سالی ۱۹۴۱ وە سەرەتای ۱۹۴۲ هێستا مهاباد نەگەیشتبۆ ئەو کاتەی کە نەخشی قارەمانانەی خۆی کایەبکات . خەڵکی شاری هەر لەچاوە ڕوانی کاری قازیموحەممەدو ، ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری دابوون کە ڕەقیبی یەکتربوونو ، بەربەرەکانیان لەگەل یەک دەکرد .

هێستا چەن حەوتوێک لە داگیر کردنی ئێران لەلایەن دەولەتی شورەوی وە ئینگلیس ڕانەبرد بوو کە دەولەتی ناوەندی ئێران هەولیدەدا ،کە قازی موحەممەد کە پێاوێکی ناسرا و بەڕێز بوو بۆ ڕاگرتنی نەزمو ، ترتیبی شاری دا بمێنێ ،ئینجا ئێران ئەوکارەی کردو ، قازی کاروباری مهابادی بەئەستوی خۆیگرت .

لەو لایەشەوە ، ئەمیر ئەسعەدو ، هێندرێ لە کوردەکان مەترسیان لەوەبوو کە ئەگەر بێتوو لەبەینی هێزەکانی نیزامی ئیرانو ،حەمەرەشیدخان بەرەنگاربێک بێتەپێشێ ،شایەد لەونێوە دا هێرش بۆ ئیمەش بێنن ،وە ئینجا هێزی نیزامی شورەویش لەوکارەدا خۆ تێهەلقوتێنێ ، چونکە نیزامیکان شورەوی لە قۆناغی نیزیکی مهابادێ بوون .

جا مەبەست بەوە بوو کە لە فیوریيەی ۱۹۴۲ دا ئەمیرئەسعەد لەشاری سەقز لەگەل تیمسار شابەختی چاوپێکەوتنێکی کرد ، وە پێڕاگەیاند کە حازرو ، ئامادەیە کە هێمنی و ئەهوەنی لەشاری مهاباد بەڕێوە بەرێ ، ئەویش بەڵێنی بەوکارە داو ،ووتە حوکمی فەرمانداری لەتاران بۆ وەردەگرێ ئەمیر ئەسعەد بو تارانی داوەتکرا ، وە لەو سەفەرەیدا ئەوەی کە دەیەویستو ، ئاواتیبوو ، بەدەستی هێنا ،واتە:بە فەرمانداری شاری مهاباد داندراوە پووڵوپارەیەکی زۆریان دایە ، وە ماشێنێکی سووارى شان خەڵات کرد ،وە بەڕێزەوە لە ئاخری مانگی فیوریيەی سالی ۱۹۴۲دا گەڕاوە مهابادێ .

قازی موحەممەد دژی ئەو کارەی دەولەت دەنگی خۆی دەربڕی ،وە بێووچان ڕێی تارانێ داگرت . . .

ئەوەی کە شایانی باسە ئەمیر ئەسعەد نەیتوانی هێندە لەمهاباد

خۆی ڕابگرێ، وە تووانائی ئەوتۆی بۆئیدارە کردن نەبوو، ناچاز لە مانگی‌ئوتی ۱۹۴۲دا لەو کارە وازی هێنا!

ناکۆکی‌و، ئاژاوە تەواوی ناوچەی کوردستانی ئێرانیی داگـــــرت، وە لەکردەوەدا ئەو ئاژاوەیە تا ڕۆژئاوای بەحری وورمێ درێژەی هەبوو.

نەخشی "نێوان کردنی" شۆڕەوێکان لەکوردستان لە ۱۹۴۲

ئینجا کە تەواوی کوردستان لەسالی ۱۹۴۲ وە لە هەیەجان‌و، ئاژاوەو، دەنگو، چەلەمە دابوو هەموو ئەو کارە ساتەیان لە شۆڕەویان دەزانی، وە هێندێ دیپلوماتەکانی ڕۆژ ئاوایە بەئاشکرائی دەیان‌گوت کە لەوکارەدا دەستی شورەوی تێدایە.

چوون ئێمە نەمان توانیوە کە تەواوی ئارشیوی شۆڕەوی چاولێ‌بکەین‌و، بگەڕێن، سەرئەنجام ناش تووانین میژووی ئەو بزوتنەوەیە بە چاکی ڕوون بکەینەوە

بەلام بە تێراشکاوی دەگوترێ کە کاتێک شورەوێکان لە لای ناوچەی قەفقازەوە لە لایەن دووژمنەوە هەڕەشەی لێدەکرا، ئیتر مەبەست بەو حەڕەکەتە نەیان دەتووانی بە چاکی و ئاشکرائی خۆیان لە کاری کوردستانی ئێرانەوە تێوەردەن: تەنانەت هیتلر کاتێک کە لەیەکێ لە میشەو، دارستانی ناوچەی ئوکرائین کە ۱۵۰۰کیلومیتر لەو لاتی ئالمان دوور کەو تبۆوەوە لە ســـــەر کورسێکی‌داردا دانشتبوو، گومانی دەبرد کە ڕۆژێک دادێ کە بتووانێ بە یارمەتی پیاوە سەربزێوەکانی خۆی لە ناوچەی ئێران و عەراق دژی ئینگلیس دەس بە کاربێت، و هەروەها لەفکری ئەوەدابوو کە تا ئاخری‌سالی ۱۹۴۳ چادرو، خێوەتی ئالمانیان لەتاران، بەغدا، وە خلیجی‌فارس هەڵبدات... جا شورەوی هەر مەبەست بە وەبوو کە مەسەلەی مانگی ئوتی ۱۹۴۲ لە بیر خۆی بردەوە.

لە ئاکام‌دا ئەوجورە (خیال‌پڵاو، وخەونەی کە بە هۆی زرێ پۆشەکان و تانکەکانی ئەلمانی لە ۱۲۰۰کیلومیتری ڕۆژهەڵاتی و لاتی ئەلمانەوە دامەزرابوو[۱۲]، بە هیوای هێرشی گەورە بۆسەربەشی ئاسیای شۆڕەوی بوو، لە سەرزاران دابوو، پتر باسی لێدەکرا (۱۲) جا لەوچەشنە هەڵو، مەرجەدا، وە هەروەها لەوکاتە ناسک

---

۱۲) ڕۆژنامەی سپاندو، آلبرسپیر، "گفت‌و، گۆ لەگەڵ هیتلیر لەوینتێز مانگی مە ــ اوت ۱۹۴۲

و عاستەمەدا بۆ شورەوی لەڕاستەقینەدا جێگای مەترسی بوو، وە بە چاکی دیاربوو کە ناوچەی جنوبی و لاتی خۆی بۆنی ناڕامیو، نارەحەتی لێدێ.

دەگوترێ کە دوو بەسەرهات، بوو بە هۆی ئەوە کە شورەوی زۆر بە ئیحتیات لەبەرامبەر ڕاپەرینی ناسیۆنالیستی کورددا لەسالی ۱۹۶۲دا ببزوێتەوە: لەمانگی ژانوییەی ۱۹۴۲ کاربەدەستەکانی شورەوی کمیتەی حیزبی "ئازادی خووزان"ی کوردو، ئاسۆڕیو، ئەرمەنێکانێ کی کە لەدەورەی یەک کۆببوونەوە تێکدا، وە هەروەها پاش هێندێ بەسەرهات لەگەل ژاندارمەکانی ئیرانێ، هێزێک لە ئەرتەشی سوور بۆگەڕان لەنێو شەڕدا دەنیردرێو، جێگیر دەبێ (۱۳)

۱۱ ــ ئاژاوە لە ورمێ (ئاوریل ــ مەی ۱۹۴۲)

دەولەتی ئێران بەرنامەی ئەوەبوو کە کوردەکان لە ناوچەی ورمیدا چەک بکات، ئینجا دێنێ ژاندارمی ئازەری شیعی مەزهەب بەخزمەت دەگرێ، لە ئاوریلی ۱۹۴۲دا وازی ئەو ناوچەیە زۆرخراپ دەبێ وە ئاژاوە لە مەڵبەندەکەدا پتر دەبێت (ئازەریکان بە زمانی تورکی قسە ــ دەکەن)

لەونێوە دا بە رنگاری، تێک هەڵچوون وەدێت، وە لە ڕۆژی ۲۸ ئاوریلی ۱۹۴۲ عێلوعەشیرەتەکانی کورد لەشاری ورمێدا خۆپێشان دانێک لە شەقامەکانی شاریورمێ بەڕێوە دەبەن، خەتی تەلیفون هەڵدەبڕن، وەشاری گەمارۆ دەدەن حاکمی شاری ورمێ لەوکاتەدا هەڵدێو، بۆ شاری تەوریز دەچێ

لەروژی ۳۰ئاوریلی هەر ئەوێ سال، کونسول شورەوی لە تەوریز، وەفەرماندەری هێزی نیزامی شورەوی لە ناوچەکەدا، بە فڕۆ کە دێنە ورمێ، وە لەگەل سەرۆکەکوردەکان چاوپێکەوتنێکیان دەبێ.

لەو پێک گەیشتنەدا کوردەکان شکایەتێکی کە بریتی لەو داو خووازانەی ژێرەوەبوو تەسلیم دەکەن: کوردەکان دەبێ لەهەڵگرتنی چەک ئازادبن، تەواوی ژاندارمەکانی بەینی شاری خۆی وە مەهاباد دەبێ لەوناوچەیە بچنەدەرێ. کوردەکان پێویستە لە "کاروباری نەتەوایەتیدا ئازادبن" وە نوێنەرانی کورد لە

۱۳) ڕاگەیاندنی سێرریدیر بووڵارد، باڵوێزی بریتانیا لەتاران ۱۴ژانوییە ۱۹۴۲وە کونسولی تەوریز.

تەواوی ئیداراتی دەوڵەتی ورمێوە لەمەدرەسەکان دا جێگیربن، زمانی کوردی لەمە درەسەکان‌دا بخوێندرێ وە هەروەها داوای ئازادکردنی ۲۰ کەس‌کە لەبەندیخانەکان دابوون دەکەن.

شۆڕەوی کە چاوی‌پێدەکەوێ وەگوێبیس دەبێ کە لەومەلەبەندەدا پتر لە ۱۰۰۰۰ مرۆڤی چەکداری کورد هەستی هەیە، نیگەران دەبێو، نەختێ سەبر دەکات.

لە ۷ی‌مانگی‌مەی ۱۹۴۲ دا فەرماندەری هێزی شورەوی هاوڕێ لەگەل وەزیری بەرگری نیزامی ئیران،وە فەهیمی حاکمی تازەی ئازربایجانێ ڕۆژئاوا دێنەورمێ.

کوردەکان هێستا لە دەوروبەری ورمێدا مابوونەوە، بەلام لەونێوەدا ووتو،وێژێکی کە کراوە،ئاشکرا نەبوو ـ ئینجا لەسەر ئەومەبەستە پێکدێن کە هیزی نیزامی ئیران بۆشاری ورمێ بگەرێتەوە، لەسەر ئەو قەولوقەراوە لەڕۆژی ۷ ژوئەی ۱۹۴۲دا هێزنیزامی ئێران بە هێمنیو، وردێوە دێتەوە شاریورمی.

۱۲ ـ کۆبوونەوە (کون فرانس)ی شاری شنو (سی‌پتامبری ۱۹۴۲)

لە روژی ۴ سی‌پتامبری ۱۹۴۲ دا تەواوی سەروکە کوردەکانی لای خوواروی ڕۆژئاوای ئازربایجان وە شمالی کوردستانێ ئیران بە ماوەی چەن ڕۆژ لە شاری شنوێەدا کۆ دەبنەوە.

هەوالە کانێکی کە بە دەستی پیاوەڕامیارێکانی ئینگلیس لەوبارەیەوە بۆ تەورێز چووبوو، وا گوترا بوو کە ئەو کۆبوونەوەیە بە دەستوری شورەویکانە، وە لە کوردەکانیان ویستووە کە بەنێوی"دۆستانی وەفاداری شورەوی هەروەها بمێننەوە" وە "کۆمەلەی یەکیتی کورد" پێک بێنن.[۱۴] ئەو کۆبوونەوە دەگوترێ کە مەبەست بە ژنهێنانو، شائی کوڕی قەرەنیئاغا کە یەکێ لەسەروکە کوردەکانی ئەو ناوچەیە بوو، پێک هاتبوو، وە ئتر وانیشان‌دراکە، لە راستەقینەدا شورەوی لەو کوبوونەوەیەدا دەستی تیدانیە!

ئەوەی کە شایانی باسە،لەوبارەیەدا کە بزاندرێ شورەوی چ نەخشێکی لێزەدا هەبووە، بە چاکی ڕوون نەببۆوە، بەلام وادیاربوو کە کوردەکان لەو کارەدا

زیاتر مەبەستیان ئەوەیە کە شورەوی بەگاڵتەبگرن.

ئینجا دوو مەسەلەی گرینگ لەو نێوەدا لە بەینی کوردەکاندا هەستی هەبوو، یەکیان لەنێو سەرۆکە کوردەکان دا هاوکاریو، هاودەنگی نەبـــــوو، هەڵوێستی دیکە ئەوەبوو کە دەبوو، دەولەتێکی زۆردار لایەنگریان لێ بکات.

لە حەقیقەتدا دووبەرکی و، نێوان ناخۆشی تائەوکاتە، هەرگز بەو جێگا ناسکە و عاستەمە نەگەیشت بوو. لەبەینی سەرانی عەشیرەتەکاندا سێکەس پێکەوە پتر لە دووژمنایەتیو، ناکۆکیدا بوون، کە بریتیبوون لە ئەمیر ئەسعەد ئاغای دێبۆکری، عەبدولڵاغا سەرۆک عەشیرەتی مەنگور، قەرەنی ئاغا سەروک عەشیرەتی مامەش.

ڕابەرە ڕامیارێکانی دیکەی کوردستان وەک قازی موحەممـــــــەد، وە حەمەڕەشیدخان یەکێتی لە بەینی کوردەکانیان بەپێویست دەزانی، وەزۆر بەگرینگی دەیانەویست کە ئەوکارە و مەبەستە لە ڕاپەڕینی کوردستاندا بەجێیە بەڕێوە ببردرێ بەتایبەتی قازی موحەممەد لەوەی مەترسی هەبوو کە بەو زووانە کوردەکان نەتوانن یەکتر بگرنەوەو، وە یەکێتان هەبێ، وە لەوەی مەترسی هەبوو کە دە ولەتە قو درەتمەندەکان پاش تەواوبوونی شەڕی کە زۆر ماندو، هیلاکن، ئیتر ناپڕژێنە سەر کاروباری کوردەکان، جا دەولەتی ئێرانیش بەسووکیو، هاسانی قوتیاندەدا

۱۳ ــ مانووڕو، ئاکارو کردەوەی قازی موحەممەد

ئاکارو، بزوتنەوەی قازی موحەممەدوە ڕووبە ــ ڕووبوون لەگـــــەل دوو دەولەتی قودرەتمەندی گەورە وەک ئینگلیسرو، شورەوی[15]، وە بوونی هێزی نیزامی ئەو دوو دەولەتە لە کوردستاندا، بەراستی زۆرناسکو، نامەعلوم بـــــــوو: قازیموحەممەد لەوەی دەگەڕا وە بەو گومانەبوو کە لە گەل ئینگلیسێکان هاتو، چوێ سازبکات، بە تایبەت لەنێوە راستی مانگی ئۆکتۆبردا میوانی یارمەتیدەری مارشالی هەوائی ئینگلیس لەعەراقدا بەنێوی گرسپینیبوو کە ئەووەخت لەلای یورکارت کونسوول ئینگلیس لەتەورێز بوو.

ئینجا ئینگلیس زۆر لە کوردەکان دڕدونگ بوو، وە بە تایبەت گومانیان دەبرد کە قازیموحەممەد لەگەڵ شورەوێکان هاتو، چوێ هەیە! ئینگلیسیکان

لەلای ئەو، زۆر بە دەم و، زارێکی گەرمەوە لەشەڕی ستالینگراد، وە ئازایەتی شورەویکان باسیان دەکرد، وە دەیانەویست بزانن لەو بارەیەدا، بەرداشتی قازی چۆنە، بەحەقیقەت ئەوە (داوو) بوو، بۆیان دا نابوو. وە دەیانەویست فکر قازی موحەممەد هەلسەنگێنن و، سەنگو سووکی بکەن. بەلام قازی موحەممەد لەلایەکی دیکەوە دەستی بەقسەکردو، وەلامی داوە کە ئاکارو کردەوەی ئینگلیسێکان لەبارەی بزوتنەوەی کوردەکانی عەراق دا زۆرباش بووە، وەئەوەشی لەقسەکانی زیادکرد ئەوە "تەنیا بەیارمەتی دەوڵەتی بریتانیایەکە کوردەکان دەتوانن بەگەیشتنی مافی ئازادی خۆیان بگەن).

یورکات کونسولی ئینگلیس لەوکۆبوونەوەیەدا مەسەلەی ئیسکاتلەندێکانی کە دژی پادشایەتی ئینگلیس خەبات دەکەن، دێنێتە پێشێ وەدەڵێ هەرچەند دەولەتی فەرانسە یارمەتی ئەوانی دەدا، بەلام لەئاکام دا، شکان جامەبەست بەگێژانەوەی ئەو بەسەرهاتە، کۆنسول دەیەویست کە بەقازی موحەممەدی ڕابگەێنێ کە ئینگلیس لەکاروباری خوی دا مامۆستایە (۱۶)

ئینگلیسیکان ئەوەیان بۆ ئاشکرابوو کە قازی موحەممەد دەیەوێ بەهۆی ئەوهاتو، چۆیە لەگەل ئەوان نێوانی چاک بکات وەپتر هەڵوێستی نیگەران کردنی دەولەتی شورەویشە کە بە خێرائی نەخشەیەکی کە هەیانە... کوردەکان کەڵکی لێوەرگرن ۱۶۰

سەرئەنجام قازی موحەممەد لەمانەوەی خۆی لەباکۆیە "خوشحال" گەڕا بۆوە بەلام پاش ماوەیەک ناکۆکی خۆی لەکاروباری شورەویکان دەربڕی، وەئەویش هەرمەبەست بەوەبوو کە شورەوی باشتر سودو قازانجی کوردەکانی لەبەرچاووبێت.

هەروەها ئینگلیسێکانیش لە بابەت کۆبوونەوەی کۆنفرانسی کوردەکان بەو چەشنە نەتیجەی وەردەگرت کە کوردەکان ڕێبازو، شوێنیان ئەوەیە کە لەبابەت ڕاپەڕینی کوردەکان وە مافی نەتەوە کەیان پتر لەئینگلیس کەڵکوەرگرن.

بەکورتی دەگوترێ کەلە هەموولایە کەوە مەسەلە کە زۆر پیچو خەمی هەبوو، نەدەزاندرا ئەوڕێبازە بۆکوێدەچێت. لەکاتیکدا کە هەوال دەرەکان لەبارەی مەسەلەی کوردستان و، بزوتنەوەی مافی خودموختاری ئـــــــەوان دەدووان، شورەویکانیش نەیان دەویست کە لەوکاتە عاستەمەدا ئێران هێزی نیزامی خوی

۱۶) چاوپێکەوتنی ئورکات لەمهابادبەینی ۱۳ ــ ۱۴ئۆکتوبر ۱۹۴۲

بوکوردستان بنێرێ و لەومەلەبەندانەدا جێگیریان بکات . . .

وە لە لایەکی دیکەشەوە نەیان دەویست کەبۆخۆیان نەزم و هێمنی لەکوردستان دا بەرقەرار بکەن ، بەڵکو لەسەرۆکە کوردەکانیان داوا دەکرد کەنەزمی وواڵات بەدەستەوەبگرن و ، ناوچەکەلەئەهەمەنی و هێمنی باوین .

بەکورتی شایانی باس ئەوەبوو کە شورەویکان لە پیلانێکی ئەوتو دان کەمافی گشتی نەتەوایەتی بەکوردەکان بدەن ، ئەممالەو بابەتەوەمەترسیان لەئینگلیس هەبوو کە هوڵوێستی ئەوەیە کە زووتر دەس بەکاربن ، وەسەیر ئەوەبوو کەئینگلیسێکانیش هەرئە و مەترسیان لەشورەویکان هەبوو . بەراستی لەوسەردەمە ناسکەدا کوردستان لەناوچەکە دا بەتایبەتی تاق هەل کەوتبوو . یارمەتی دەری کونسوولی شورەوی پاش ئەوەی کە سەفەرێک بۆلای مەریوان ، سەقز دەکات لە بەرانبەر یەکێ لەهاوکارەکانی خۆی دەری بڕیو ، گوتی کە : "لەکردەوەدا کۆمارێکی بچووکی کورد لەناوچەدا هەستی هەیە" هێندێ وەخت ئیرانیکان مەجبوردەبن کە ۴۰ تا ۵۰ کیلومتر دەور لێبدەن کەلە مەلبەندێکی ڕا بینە مەلبەندێکی دیکە ! وازی نان و ، خووارد نەمەنی لەکوردستان دازۆر خراپ بووە : قاتی و ، قڕی لەکرماشان دەنگی داوەتەوە ، کونسولی ئینگلیس هەرڕۆژێ ۲۰۰کەس نان دەدات . لەسەرەتای ۱۹۴۳ داشەقامەکانی کرمانشان پڕبوو لە "ژن و ، پیاوی سووالکەر کەڕووتوقووتبوون و ، برسی و ، تینوو" وە هەموو ڕۆژێ ۱۵کەس لەوان لەبرسان دەمردن !

لە ۲۷ فیوریەی ۱۹۴۳ دا هەزار جوور نەخۆشی تیفوس لەشاردادە بیندرا وە نەخۆشخانەکان مەبەست بەوەی کەدوکتورەکان و ، پەرستارەکان تووشی نەخۆشی نەبن داخرابوون . ۱۸

۱۴ ــ کۆمەڵەی (ژ ــ ک) پێکدێ

لەو هەلکەوتەدا! بوو کە ۱۵مرۆڤ لەخەلکی مهابادی ، "کومەلەی ژیانی کوردستان ، یان پێکهینا ، ئەومروڤانە بریتی بوون لە : عەبدورەحمانی زەبیحی ، کەپاشان بووبە سێکرێتێری گشتی کمیتەی ناوەندی کومەلە ، موحەممەدی شەرەفی ،

۱) ماموستا هەژار هونەری بەناوبانکی کورد کەنەتەنیالەنیونەتەوەی کوردا ←

موحەممەدی یاهوو، کە بازاری بوون، قاسم‌قادری ئاموژگار، ئەحمەدی علمی، خاوەن ئیدارە، قادری مودەرسی لە خانەوادەی مەلایان، حسین فروهەر، سەروک پولیس، عەزیززەندی. وا باس‌بوو کەعەزیززەندی پیاوی‌وریای ئەوکۆمەلەیە، وە لەگەل‌قازی‌موحەممەدیش‌زۆرنیوانیان‌خۆش‌نەبووو خوی بۆرابەڕێتی‌داهاتوودانابوو.

ئەوپیاوانە لەچینە خوردە بورژاوزی وە بەڵکو لە هەرە چینە خووارووکانی نەتەوە کە بوون.

وەک رەحمان‌ی‌زەبیحی کە لە مالێکی هەژار دا گەورە ببوو، کە بۆخوی بوو، باب‌و، براو کەسەکانی تەنیا لە ژوورێکدا، ژیانیان ڕادەبووارد.

رەحمان‌ی‌زەبیحی هەتا پۆلی نوهەمی دەرس خوێندبوو، بەلام چوون پیاوێکی بەهۆش‌و، گوش بوو، زۆر زوو بوو بە گەورەی دەرەبەگەکانی ئـــــەو ناوچەیە.... هەر ئەو پیاوە بوو کە دەرسی خوێندن‌و، فێربوونی زمانی کوردی بە هەژار فێرکرد[1] جا هەژار بەشوێنی ئەوەدا بووبە یەکێ لە هەر هۆنەرەکانی پایەبەرزی ئەو زەمانە، وە هەر بەو جۆرەش هێمن یەکێکە لە هۆنەرە بە ڕێزەکانی گەورەی کوردستان لەکاتی حازردا، کە ئەویش مالْ و گیان‌ی لەوڕێگایەدا فیدا کردوە، ئینجا ڕەحمان‌ی‌زەبیحی هەوەڵین مرۆڤێک بوو کە لە مهابادا لەبیرۆزای ئەوەدا بوو لە گەڵ گانگای بزووتنەوەی کوردی سولەیمانێ هات‌و، چۆ سازبکات.

نەخشی بزووتنەوەی کوردە عەراقیکان لەدانانی کومەلەدا لە میژوودا لەنهێنی ماوەتەوە. کوردەکانی ئێران دەڵێن کە بۆخومان ئەو ئۆرگانەمان بەهەست هێناوە، ئتر یارمەتیکمان لە کوردەکانی عەراق وەرنەگرتووە!

بەڵام هەموو لەسەر ئەوقەولو، قەرارەن کە ئەو بزووتنەوەیە لەسەر چاوەڕا لە سولەیمانێوە دەستی پێکراوە، واتە کاتێک کە مەحمود جودەت‌د کە لەپاشان تاقمێک لەئەفسەرە کوردەکانی هیوا وەک سەروان میرحاج کە جێگای وی گرتەوە ئەوبوو کە (کومەڵەی ژیانی کوردستان)ی دامەزراند.

بەلام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕی کە ئایا میرحاج لە کۆبوونەوەی هەوەڵی

بەرزوخوشەویستە، بەلکو لەباری‌زانائی‌و، نبوغەوەلەجیهان‌دا ناسراوە. هەروەها ماموستا هێمن‌ی خودالێخوش‌بوو لەریزە هۆنەرە بەنرخەکانی کوردبوو. م-ر

کومەلەدا کە لە ڕۆژی ۱۶ی سێپتامبری ۱۹۴۲ لەیەکێ لەباغەکانی دەوروبەری مهاباد پێکهات هاوبەشیکردبوو؟

وەئایا هەر ئەبوو کە گوتی کومەلە دەبێ لەتاقمی جۆێیاز جۆێیاز لەنهێنیدا دەس بەکاربێت؟

ئەندامانی تازەی کۆمەڵە پێشهاتن بۆنیۆ بزوتنەوەکە، پێویست بوو کە سوێند بەقورئانی بخۆن، ئایا ئەو داب و، رووسمە، سەرۆکەکانی کومەلە هاوڕێ لەگەل میرحاج دایاننا؟

ئایا کۆمەلە، یەکێک لەلک وپۆکی "هیوا" بوو؟

ئەوانە مەسەلەیەکن کەئەو ڕۆ کوردەکانی عەراق لەوە لایەنگری دەکەن. دەگونجێ بڵێن بەهەر چونێک بووبێلەنێوان کومەلەو هیوا کەموکوڕ هاتو، چۆهەبووە، لەمانگی مارسی ۱۹۴۴ موحەممەدی شەرەفی بۆ چاوپێ کەوتن لەئەفسەرەکانی ناسیونالیستی هیوا (ئەمین ڕەوان دزی، عەبدول عەزیزی گەیلانی (شەمزینی) عیزەت عەزیزو، مستەفاخوشناو، دەچێتە کەرکوک.

پاش مانگی مارس، حەمزەعەبدوڵڵا، یەکێ لەڕابەرەکانی شاخەی "چەپ"ی هیوا، چەن جارسەفەری بەشاریمهاباد کرد. قادربەگ کوڕی چووکی جەمال پاشا کەخەلکی دیاربەکر بووە لەوکاتدا لەو ڵاتی سووریە دەژیا، وەهەروەها قازی مەلاوەهاب لەو لاتی تورکیەیە، یەکبەدووایەکیدانینە کوردستانی ئیران.

ئینجا کومەڵە زۆر زوو پایەو، بنەڕەتی جوغرافیائیونەتەوایەتی خوێدا دەمەزرێننێ وەپەرەی پێدەدا: کانگای ناوەندی کومەلە لەشاری مهاباد بوو، ئەوکومەلەیە سەرۆکە عەشیرەتەکان لەناوچەی خۆیە ڕا بیگرە تا بۆکانو، سەقفز لەچەنووبەوە، بۆ لای شاریخۆی کیشابوو.

سنوورو، نفوزی کومەلە بریتی لە کوردستانی سوننی مەزهەبەوە تاسنووری کوردستان شیعە مەذهەب بوو. وادیاربوو کەسازمانو، ئۆرگانی هیوا، وەپارتی کوردیعەراق لەگەل ئۆرگانی کومەڵە نەختێلە یەکتر جۆی بوون.

ئەندامانی هیوا زۆرتر لە مارکسیستەکانی شارنشین بوون، ئەمما ئەندامانی کومەلە لەپیاوە باوەڕ پێکراوەکان، وە هێندێ لەمرۆڤە عەشیرەتەکان بوون کە

تاقمی دووائی خاوەن ئیدەئولوژی سیاسی زۆر ڕاستەقینە نەبوون.[1]

مەبەست لەوشەرخو بەستە ئەوەیە کە هیواو، کۆمەڵە چ لە هەوەڵەوە خاوەن ئۆرگان بن یان نەبن، بەچاکی دیاربوو کە دوو شاخەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوون کە بە ڕێو و شوێنی جودا لەیەک خەباتیان دەکرتوە پەرەیان بە سازمانی خۆیان دەدا.

لە ئاخری سالی ۱۹۴۴ لە کوردستانی عەراق، وە لە کوردستانی ئیران، وازێکی تایبەتی هاتبۆ پێشێ: لەمانگی‌مەی ۱۹۴۳ لە شاری مهاباد خەلکی شار هێرشیان بۆ سەر شارەوانی بردو، حەوت کەسیان لە پۆلیس کوشتو، هێندێکیشیان وەدەرنان، وە بەو چەشنە قودرەتی ناوەندی ئێران ئەوەندەی کە مابوو، ئەویش لەنێو هەڵگیرا. لە مەلبەندی بارزان، مەلامستەفای‌بارزانی، لەگەل هێندێ لە هێزە چووکەکانی نیزامی عەراق ڕووبەڕوو دەبوو، ئەو ئاکارو کردەوەیە بۆخۆی تاقی کردنەوەیەک بوو، وە لە ئاکام‌دا بەوجورە زۆربەی خۆیان بەو دوو دەولەتە نیشان دەدانو، کوردەکان خۆیان بۆ بەدەست گرتنی مافی نەتەوایەتی، یان مافی گشتی کوردستان لە هەردوک لا ئەمادە دەکرد.

هیچ مرۆڤیک لەوکاتە عاستەمەدا لە فکری ئەوە دانەبوو کە خوێی لەوانی‌دیکە بە پتر بزانێو، خۆی زل بکات، هێندێ لە نوینەرە کوردەکان کە لە و لاتی دیکەی کوردەواری ڕا دەهاتن، تەنیا مەبەسیتان تاقی‌کردنەوەو، دانی پێشنیار بوو.

۱۹

لەمانگی ئوکتوبری ۱۹۴۴ دا قازی‌مەحەممەد بوو بە یەکێ لەئەندامانی کۆمەڵە. لەو ساتەدا دووسال لە دامەزراندنی کومەڵە ڕابردبوو، بەلام تاکوو ئەوکات، بەتایبەت سەرۆکەکانی کمیتەی ناوەندی کە لە زانائیو، بە کاری قازی‌مەحەممەد ئاگادار بوون، وە خۆفیان ڕێنیشت، پێیان لەوەنا کە مرۆڤیکی زۆر ماقوول و بەڕێزیان بۆ کومەلە بانگ کردوە.[2]

ئینجا قازی مەحەممەد هەرگزوهەرگز نەبوو بە ئەندامی کمیتەی ناوەندی کومەڵە، بەلام لەسەر ئەوەشڕا سەبارەت بەزانائیو ڕامیاری قازی زۆر زوو بەسەر ئورگانی کومەلەدا زاڵبوو وە کومەلەی بەچاکی ڕابەری دەکرد، وە دەتگوت کە

(۱) تەشکیلاتی کومەلەی تازەی زەمانی شورشی ئیران کە بەهەستەهاتووە، هیچ ڕەبتێکی لەگەڵ کومەلەی ژیانی کوردستان لەپیشوودانیە ــ م ــ ر

سێکرێتری کومەلەیە .

لە هەوەلی ئۆکتوبری ۱۹۴۴ قازیمەحەممەد هاوڕێ لەگەل سەروکـــە کوردەکانی دیکە ،بەداوەتی سەرۆک وەزیری وەختی ئیران بو تاران چوو (۲۱)

قازیمەحەممەد لەماوەی مانەوەی لە تاران لەگەڵ تیمسار حەسەن ئەرفەع سەروکی هیزی ئیران گفتوگویی کرد .

بەو چەشنەی کە لەزمانی ئەرفەع ڕا دەگێڕنەوە ،لەو چاووپێکە وتنەدا ، سەدری قازی ،بڕای قازی مەحەممەد کە نوێنەری مەجلسێ بوو ،وە سەیفیقازی ئاموزای ، لایەنگریئەوەبوون .کەکوردەکان دەیانەوێ کاروباریهەردوک لا بەچاکی پێکبێت وە بەسوودو ،قازانجی نەتەوەکانی ئیران تەواوبێت .

قازی مەحەممەد بەڕاستی ،وە لەقوڵای دڵەوە وە لە ناخی گەرووێوە قسەی دەکرد ،وە ڕەخنەکانی کوردەکان کە لەمەوپێش لە دەولەتیان هەبوو ،بە ئەوانی ڕادەگەیاند وە هەروەها پێڕادەگەیاندن کە خاوەنکار بەدەستەکانی ئیداری ناوچەی کوردستان بەباشی لە ناوچەکەدا نە بزووتوونەوە ،وە لە دەولەتی ئیرانێ وبست کە ئیدارە کردنی ناوچەی کوردستان بەدەستی کار بەدەستەکانی کورد بسپێڕدرێ۲۲ . . . لە بەر چاوی ئەرفەع[1] ، قازی مەحەممەد پیاوێکـــی سەرسەخت بوو ، وە دەیەویست قسەکانی خۆی بەسەر دەولەتدا ،داسەپێنێ و ،بسەلمێنی ،بەلام هێدی ولەسەرخۆ بوو ،لەبابەت مافی نەتەوایەتی ،وە مافی گشتیو ،جۆیبوونەوە ،قسەی نەدەکردو ،نەدووا .

۱۵ ــ دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان

بەسەرهاتەکان دەقەومان ،وە یەک بە دووای یەکێدا ڕووی دەدا . لە ۱۶ی ئوتی۱۹۴۵دا لە کۆبوونەوەیەکی کومەلەدا ،قازیمەحەممەد پێشنیاری دا کە بزوتنەوەکەی کومەلەکە هەتا ئێستا لەنهێنیدا بووە ،ئاشکرا بـــێ وە[23]

(۲۱) اف ۳۷۱/۴۰/۱۷۳ نەزاندراوەلەچ سەرچاوە یەکە م ــ ر

۱) سەرلەشکر ئەرفەع سەروکی ستادی ئیران لەبارەی کورددا پرتۆکێکی بە نێوی (کردهاویکبررسی تاریخی و سیاسی)نووسیوە .

۲۲) حەسەن ئەرفەع : کردها صفحه ۷۵

بەنیۆی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" بناسرێ(۲۳) ئایا لەڕاستەقینەدا مەبەست لەهەستەهاتن و پێکهاتنی ئەو حیزبە تازەیە کە وەک ئورگانی "دیموکراتیکی" شورەویان دەچوو، دەبێ شورەوی نەخشی تێدا هەبووبێ؟ بەلام لەوبابەتەوە شتێک نازانین،

وەهەروەها ئیمە نازانین کە چۆن ئەوحیزبە بەهەستەهات.

تەنانەت لەژێر چاوەدێری دیپلوماتە ڕۆژئاوایەکان وەک ویلیام ئیگلیتۆن وە ئارچی بالدروزوێلتی(کورە)کەیلە بارەی کوماری مهابادا نووسیویانە وە گوتویانە کەحیزبی دیموکراتی کوردستان بە شوێنی چەند حەوتووی دووهەمین سەفەری سەرۆکە باوەوڕ پێکراوەکانی کورد بۆ باکویە بوو کە لە مانگی نووامبری ۱۹۴۵دا وەدی هات.

ئەو مرۆڤانە کە بۆ باکۆیە چوون لە کوردەکانی عەراقی کە لە باڵی ڕاستی ئینگلیسێکان دەناسران وەک شێخ عەبدوول لای گەیلانی وە کورەکەی عەبدوول عەزیز مەحەمەد سەدیق کە ناوبانگی "پوشو" بوو وە یەکێ لەکۆڕەکانی سەید تەها بوو سەریان لەباکویەدا(۲۴) جا هەر چونێکبێ پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامەیەک کە کۆڕێک لە پیاوە بەرزەکانی کورد ئیمزایان کرد بوو لە "مانیفستێک" دا بلاویان کردەوە، وە ئەو داخووازە نەیان ویستبوو،

- خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران لەچوارچێوەی و لاتیئیراندا،
- زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی بناسرێ
- شورای ناوچەئی هەل بژێردرێ.
- خاوەنکار بەدەستەکانی ئیداری لە خەلکی خۆنی بێت
- قانونێک بۆهەلوێستی فئودالەکان و، جوتیارەکان دابندرێ
- هاوکاری لەگەل بزوتنەوەی ئازربایجان
- پێوێستمانە کە وازی ئابوری و، کومەلایەتی کوردستان، بەتایبەتی لەڕێگای وەدەرخستنی کانی مەعدەن، باشکردنی وازی کشتوکاڵ، وە ڕاگەیشتن بەکاروباری لەش ساغی و، دوکتوری، وەتەعلیم و، تەربیەت بەچاکی بەڕێوە

۲۳) *ڕۆژی "ڕەسمی "لەلای میژوو نووسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران پیشترە.*

۲۴) *مراوەدی نووسەر لەگەل ڕەحیمی قازی، باکو مارسی ۱۹۷۶*

ببردرێ.

ئەوبەرنامەیە لەبنەڕەتڕا داوخووازێکی نەتەوایەتی‌و،کومەلایەتی هەبوو کە حیزبی تازە پێشنیاری کردبوو،بەلام هێستا زۆر شۆڕش‌گێڕانە نەبوو.

۱۶ ــ سەفەری دووەم بۆ باکو،لە (سێپتامبری ۱۹۴۵)

دووهەمین سەفەر بۆ باکۆیە لە مانگی سێپتامبری۱۹۴۵ بەڕێوە دەبردرێ. ئەو سەفەرە پاش چوونی قازی موحەممەد بۆ تەورێز بۆ هاوبەشی‌کردن لە دامەزراندنی "حیزبی دیموکراتی ئازربایجان" کە شاخەیەکی حیزب تودە بوو ئەنجام درا.

هاوڕێیەکانی قازی موحەممەد لە دووهەمین سەفەریان بۆ باکۆیە بریتی بوون لە پیاوە بەرزەکانی وەک سەیفی‌قازی‌و، منافی‌کەریمی. سەفەری دووهەمی قازی موحەممەد بۆ باکویە لەگەل سەفەری هەوەلیێ تەفاوەتی هەبوو:

لە سێپتامبری۱۹۴۵ دا تازە دەهات شەڕی دووهەمی جیهانی تەواوبێت،وە نێوانی‌شورەوی، و دەوڵەتە هاوڕێیەکانی‌دی "متفقین" نێوان ناکۆکی بەهەست هاتبوو.

شورەوی بەرامبەر بە پەیمانێکی سێ قولی کە لەگەل هاوڕێیەکانی بەست بووی پێوەیست‌بوو، پاش ۶ مانگ تەواوبوونی شەڕ،لەو لاتێ ئیران بچێتە دەرێ،بەلام لەوبابەتەوە ئیتر گوێی نەدەدایە وە هێزەکانی نەدەبردە دەرێ..

هاوکات لەگەل دووهەمین سەفەری قازی موحەممەد بۆ باکویە، کاروبار بەچاکی ڕووەن دەبێتەوە، واتە ئەوکەڕەتە لەبارەی کاروباری فەرهەنگی‌وە نەبوو،بەڵکومەبەست بەکاروکردەوەی ڕامیاری‌وە بووەنوێنەرانی کورد نووسراوەیەکی کە مەسەلەی کوردستانی تێدا گونجاوە،ئامادەیان کرد وە لەپێش شورەویان داناوە:

کوردەکان بۆ دامەزراندنی کوردستان داوای پشتیوانی ودانی‌شتمەک و ئەسلەحە لەشورەوی دەکەن.[۱]

ویلیام ئێگلیێتون نووسەری پەڕتوکی "کۆماری کوردستان ۱۹۴۶ " دەلی

۱ــ کتبی‌کوماری‌کوردستان وەرگێڕاوی سەید. سەمەدی. نووسراوەیەکی

لەهەوەلەوە باقروف بە کوردەکان ڕادەگەیەنی کە ئێوە ناتوانن دەولەتیکی جوێیاز دامەزرێنن."

لەڕاستەقینەدا باقرۆف ڕاوتەدبیری وابوو کە کوردستان کاتێک ئازاد دەبێ کە بزوتنەوەی گەلی کورد، نەتەنیا لە نێو کوردستانی ئێـــــران‌دا پیویستە، بەڵکو دەبێ لەنێو کوردستانی عەراق و تورکیەشدا ئەو ڕاپەڕینە بەهەستبێت، وە هێزەکانی بزوتنەوە تا ئەوکاتەی کە بە یەکێتی نەگە یشتوون، دەبێ لەژێر چاوەدیری بەشێک لە ئازربایجانی خودمختار دا ببن، وە بەو کارە بەڵێنی بدەن، سەرئەنجام سیاسەتی باقرۆف لەبارەی مەسەلەی کوردستان‌دا لەوەی پتر نەبوو.

بەلام قازی موحەممەد و هاوڕێیەکانی ئەوەیان نەدەویست، ئینجا لە قسەی باقروف نارەحەت بوون، وە دژی ئاکاری وی‌دووان، لە ئاکام‌دا ئـــــەو نەسەلماندنە بوو بەهۆی سەرکەوتن و پیرۆزی کوردەکان، چوون بە شوێنی ئەوەدابوو کە با قروف مستی لەسەر میزەکەی داوگوتی تا شۆڕەوی هەیە، مافی گشتی نەتەوایەتیش بۆ کوردان هەیە.

پاش ئەوەی کە باقروف بەوچەشنە بەڵێنی بە کوردەکان‌دا، ووتەی‌دانی ئەسلەحە و ماشین و تۆپ و، ڕەشاشی پێدان، وە هەروەها قەولی دا کە ژمارەیەک لە کوردە گەنجەکان بۆ خویندن بێنە زانستگەی نیزامی باکویە. ۲۷

باقروف هەروەها ووتەی یارمەتی مالی بە کوردەکان‌دا، وەگوتی کـــــە چاپەمەنی بۆ وەدەرخستنی کتێب و، ڕۆژنامەی کوردی‌تان دەدرێتێ. قەولبوو کوردەکان بۆ شاری تفلیس‌ش سەفەر بکەن، بەلام پەکی کەوت چونکە:

بارزانی لە سنوری ئیران دەهات ئاوابێ، وە باقرۆف بارزانی بە پیاوێکی (سیخوری‌ئینگلیس) دەناسی، جامەبەست بەوە بەقازی موحەممەد و هاوڕێیەکانی ڕا گەیاند کە بۆ چارە سەرکردنی ئەو کارە ساتە پێویستە زووتر بگەڕێنەوە و لاتی خۆتان. ۲۸

دیکەشی بەنیوی شاهد لەزمانی نیگلیسی وەبەفارسی وەرگێڕاوە — م. ر

۱۷ ــ کۆماری کوردی ڕاگەیاندراو، دامەزرا (۲۲ی ژانوییەی ۱۹۴۶)

لە ناوچەی ئازربایجان ڕوو داوەکان پەیتا پەیتا وەدی هات، لە ۲۰ی نوامبری ۱۹۴۵ جەعفەری پیشەوەری خودموختاری ئازربایجانی ڕادەگەیێنی. لە ۱۵ی دیسامبری ئەوێ سالی، پیشەوەری بە نیێوی سەرۆکی (دەولەتی خودموختار)ی ئازربایجان، دانشتگەی نەتەوایەتی دەکاتەوە وە لە قازی موحەممەد داوا دەکات کە پێنج نوێنەر لە لایەن حیزبی دموکراتی کوردستان بنێرێتە ئەو مەجلسە.

چەند ڕۆژ پاش واتە لە۱۷ی دێسامبری۱۹۴۵ لە شاری مهاباد ئاهەنگێک دەگێردرێ وە خۆ پێنیشاندانێک بەرە و ئیدارەی دادگوستەری کە هەوەڵین و ئاخرین نیشانەی قودرەتی دەولەتی ناوەندی لە مهابادبوو، بەڕێوە دەبردرێ.

ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان کە بریتیبوو لەڕەنگی سوور، سپی و سەوز وە وێنەی ڕۆژێک لەنێوان دوو شمشیران دا کێشرا بوو، لە لوتکەی خانوێکانی دەولەتێکان لەشاری مهاباد، شنو، نەغەدە هەڵدەکرێو، دەلەرێتەوە. بەڵام لەسەر ئەوەشڕا هێستا هاتوچۆی کوردەکان لەگەل تاران نەبڕابوو، قازیموحەممەد بەڵێنی دەدا لەسەر داوخووازی ڕۆژنامەی شەهباز (تاران) ووتو، وێژێک بەڕێوە بردری.

لەو ووت و وێژە دا لەهەوەڵەوە قازی موحەممەد بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕادەگەینی، بە شوێنی ئەوەدا ڕادەگەێنی کە ئەو حیزبە مەرامی کومونیستی نیە، بەڵام دەیەوێ بەچەشنی ڕەژیمی شورەوی (نیزامی دیموکراسی راستەقینە لەو حیزبەدا پیادەبکات).

هەروەها قازی موحەممەد ئەوەش ناسەلمێنی کە حیزب لەگەل کوردەکانی دەرەوەی و لاتی ئیران هاتو، چۆی نیە وە یاسای بنەڕەتی ئێرانیش بەرەسمی دەناسێ وە هەروەها دەڵێ "شورای عالی" کە ناوچەی مەهابادی لە بەر دایە لەگەل دەولەتی ناوەندی ئێران لە پەیوەندیو، هاتوچۆ دایە. ئینجا ئەوەش ڕادەگەینی ئازربایجان و کوردستان هەڵوێستی جوێیاز بوونەوەیان نیە، بەڵکو

ئەوە دووژمنان وخیانەت پیشەکانن کە ئەو مەسەلەیان کردۆتە ڕاوێـــژی زاریخۆیان . . . ۲۹

لە ئاخری و ئۆخری دیسامبری ۱۹۴۵ بوو، قازی موحەممەد، لەلایەن عەبدورەحمانی زەبیحی وە لەگەل کونسولی بریتانیا هات و چۆ بەرقـــەرار دەکات، وە ئەوەش مەبەست بەو مەسەلەیە بوو کە ئەگەر کوردستان خودموختاری خۆی ڕابگەیێنی، ئایا دەولەتی بریتانیا لەگەل ئێمە هات و چۆ بەرقەرار دەکات یا نە؟ بریتانیا ئەو پێشنیاری قازی موحەممەدی ناسەلمێنی، وە وەلامی کونسولی بریتانیا زۆر "بەلالووتی" و دلساردانە دەبێ". ۳۰

ئەوەی کە شایانی باسە ڕوون نەبۆوە کە شورەوی بەچاکی لەپشت قازی موحەممەدی ڕادەوەستێ، لە ئاکامدا پاش ئاخرین هات و چۆوە. چاوپێ کەوتن لەگەل نوێنەرانی شۆڕەوی لەشاری تەورێز قازیموحەممەد لە ۲۲ ژانوییەی۱۹۴۶ دا لە نێو خۆپی نیشاندانو، ئاهەنگێک دا لەمەیدانی چووارچرا لە شاری مەهاباد لە کاتێکدا کە مەلامستەفای بارزانی لەتەنیشتی ڕاوەستا بـــوو، "خودموختاری کۆماری کوردستانی"ی ڕادەگەیێنێ.

بەشوێنی ئەوەدا، ڕۆژنامەی کوردستان (۱۱ی فوریەی ۱۹۴۵) نێوی وەزیرەکانی "دەولەتی نەتەوایەتی کوردستان"ی بەچەشنی ژێرەوە بـــلاو دەکاتەوە:

حاجی بابا شێخ (سەرۆک وەزیر) سەیفی قازی (وەزیریجەنگ) مەنافی کەریمی (وەزیری تەعلیم و تەربیەت) موحەممەد ئەمینی موعینی تاجـــر (وەزیری نێوخو) محمدی ئەیوبیان دەوافروش (وەزیری لەش ساغـــی) سمایلیئیلخانیزادە لە دەرەبەگەکان (وەزیریژێ)، ئەحمەدی ئیلاهی تاجر (وەزیری ئابووری)، کەریمی ئەحمەدێن (وەزیری پۆست)، مستەفا داودی تاجر (وەزیری بازەرگانی) مەلا حسین مەجدی (وەزیری دادگوستەری)، مەحمود ولیزادە تاجر (وەزیری کشتوکاڵ)، سەدیق حەیدەری (وەزیری تەبلیغات).

پۆستی وەزارەتی عەبدوررەحمانی ئیل خانی زادەی مالک هیستا بە چاکی دیاری نەکرابوو.

سەرئەنجام وا چاوپێ دەکەوێ کەبەشی زۆری لە ئاندامانی ئەو کار بەدەستانە لە تاجر و کاسب و فیئودال، پیکهات بوو.

١٨ ــ هێزی مەهاباد و "بارزانێکان"

قازی موحەممەد کە کۆماری، چووکی مهابادی پێکهێنا، لەهەوڵدا کۆمارێکی بێهێزو، لاواز بوو. ئینجا بەگورجی خەریکی دروستکردنی هێزەکانی بوو، تابتوانێ بەرگری لە کۆمارەکە بکات. شیخ ئەحمەد کە لەگەل ٦٠٠ پیشمەرگە هاتبوو ئێرانێ، لەنزیک شاری نەغەدە جێگیربوو، وە تا ئاخریتێکڕووخانی کوماری مەهاباد لەو مەلبەندە ماوە، لەوکاتدا شێخ ئەحمەد یەکێ لە کچەکانی سەرۆکی عێلی قەرەپەپاق لە عەشیرەتەکانی ناوچەکە دا، خوواست. (ئەو عەشیرەتە تورکن، بەلام جلکی کوردی لەبەر دەکەن).

مەلا ستەفای بارزانی کە لە مەهاباد جێگیر ببو، هێزە پیشمەرگەکانی کە ١٢٠٠ تا ٢٠٠٠ مرۆڤ دەبون لەژێر چاوەدێری کۆماری مەهابادی دانا، وە. بۆ خوشی لە مانگی مارسی ١٩٤٦ وە بوو بە یەکێک لەچووار ئەفسەری هەرە پایە بەرزەکانی کومار، واتە (ژینێرال). بەلام قازی موحەممەد نەیدەویست بە تەواوی پشت بە پێش مەرگەکانی بارزانی و هەروەها هۆز و عەشیرەتەکانی دیکە ببەستێ، جادەستی بە ڕازاندنەوەو، پێکهێنانی (هێزی کلاسیک) واتە نیزامیدا، وە ئەو هێزە، هەوەڵین هێزی نیزامی بەنەزمی پێکهێندراوی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان بوو، کە بەڕێوە بردرا.

ئەو هێزە لەدووایەدا وردە ــ وردە ژمارەی گەیشتە ١٢٠٠ پیشمەرگە، کە بریتی بوون لە ٤٠ دەرەجەدار، ٧٠ ئەفسەر کە بە تایبەت بەشی زۆریان ئی خەلکی مەهاباد و دەوروبەری مەهابادێ بوون.

بەلام بە پێچەوانەی ئەوە کە باقرۆف بەڵێنی دابوو کە یارمەتێکی باشی نیزامی بە کوردستان دەکات، ئەو یارمەتیە کەم بوو، وە تەنیا برتیی لە ١٠٠٠٠ تفەنگ، دەمانچە، ڕەشاشی چکوسلەواکی وە ٢٠ کامیونی نیزامی بوو.

لە مانگی مارسی ١٩٤٦دا سوویەتەکان کاپیتان سەلاح[1] ئەددیـــــن

---

[1] سەلاح ئەروین کازم اوف، لە وینەی ژمارە ٢٠ ئاخری میژوکە دا دەبین دری، وە شوللیکی بە دەستەوە یە ــ م ــ ر

کازم‌اوف‌یان نارده مەهاباد ،ئەو ئەفسەرە کە کوردەکان پێیان دەگوت "کاکاغا" لە دووایەدا بوو بە سەرهەنگ وە یارمەتی دەری ئەفسەرە کوردە عەراقێکان کە لەگەل مەلامستەفای بارزانی هاتبوونە ئیران ،دروستکردن و ڕێک و پێکهینانی هێزی ڕازاوەی کلاسیکی بە ئەستۆی خۆیگرت. هەر چەند هەوالی زۆرگرینگ لە ڕۆژنامەکانی لایەن گری ڕۆژئاوایەکان (غربی)لە بارەی یارمەتی شورەوی بۆ کوردەکان بەدەهۆڵو ،زووڕنا بە دونیایە ڕادەگەیاندرا ،وە لە لایەکی دیکەشەوە قازی موحەممەد پەیتا پەیتا لە شورەوی داوای توپ و کامیون و شتومەکی دیکەی دەکرد ،وە ئەوانیش قەولیان دابوو ،بەلام ئەو یارمەتیە هەرگز بە کوردستان نەناردراو ،نەگەیشت. ٣٢

١٩ ــ بۆحرانی ئازربایجان ــ کوردستان

لەنێو تەوڕێز و مەهاباد ئالۆزێک دێتە پێشێ ،کوردەکان لە ناردنی ٥ نوینەری خویان لە مەهابادەوە بۆ تەوڕێز بۆ هاوبەشی‌لە مەجلس دا خوڕادەگرن وە بەو چەشنە نیشان دەدەن کە نایانەوێ لەژێر چاوەدێری ئەوان دابن.

لە فیوریيەی ١٩٤٥ دا جەعفەری پیشەوەری ،قازی‌موحەممەدی بۆ تەوڕێز بانگ دەکات ،ئەو بانگ هێشتە لە بەر ئەوە بوو کە پێی‌بڵێ لەکاتێک دا کە ئێمە خودموختاری‌مان ڕاگەیاندوە ،ئێوە بۆ ئەوکارەتان کردوە وە دەولەتێکی سەربەخۆئی کوردستانو ڕاگەیاندوە.

قازی موحەممەد بە پێشەوەری دەڵێ ،دەپێش ئەوەی دا کە ئێمە کۆماری سەربەخۆئی کوردستان ڕابگەێنن ،،لەگەل یەرماکوف ئەفسەری ڕامیاری شورەوی لە تەوڕێزدا ،ووت و وێژمان بووە ،وە لەسەر ئەوەش‌ڕا ئەو ئەفسەرە لە ڕۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستان دا لە دوورەوە هاوبەشی کردوە. ٣٣

بەڵام دەبوو ، ئەو ووتو ، وێژەو ، بەرەنگاریە هەر بێتەپێشێ ، چوونکە دەبوو هەردوک کۆمار لەسەر زەوێک دا پێکبێت.

کوردەکانی ئاوایێکانی کوردستانی ئیران وەک کوردەکانی دێیەکانی تورکیە لە نیزیک یەکتربوونو ، پێکەوە بوون ،بەلام لە شارەکان ،ئەو یەکێتی کەمتر دەدیترا ،لەڕووانگەی سۆسیۆلۆژیۆرامیاڕیۆە پادشاکان بۆ کەم کردنەوەی

ئاکارو شوێنی کوردە سوننێکان، خەلکیکی کە مەذهەبیان شیعەبوو، وە وەفادار بەپادشا بوون، پشتیان زیاتر دەگرتن.

شارەکانی وەک خۆیە (۳۵۰۰۰ کەس دانشتوو، شاهپور (۱۲۰۰۰ کەس) میلندوواو (۸۰۰۰ کەس) ورمێ (۵۵۰۰۰) کەسیان ژمارە و نفوس هەبوو، مروڤی جوربەجوری تیدابوون، بەتایبەتی کە تورکەکان تورکیان دەگوت، قەومی ئەرمەنیو، جولەکە و ئاسۆریشی تێدا دەژیان، بەلام کوردەکان لەشاریدا زور کەم بوون، ئەوان تەنیا لەگەڕەکێک دابوونو، ژمارەیان وەک جوولەکەکان بوو.

دەولەتی پیشەوەری ئەوشارانەو، دەشتوچیا پڕ لە نعمەتانەی دەویست، بەلام ئەو جێگایانەی کە لە سنووری تورکیە بوون و کوردنشین بوون وەیان ئەو زەویانەی کە لە دەوروبەری مهابادا بوون، دەیگوت ئی کوردەکان بی.

ئینجا بە پێچەوانەی ووتەی پیشەوەری، کوردەکان ناوچەی زەویکانی دەوروبەری ڕۆژئاوای بەحری ورمییان بە ئیخۆیان دەزانی.

ورمێ بەهیچ چەشنێک بو کوماری کوردستان نەدەبوو، نوینەری کوردەکان بەنیوی غەنیخوسرەوی لەوێ دانشتە جیبوو. کاتی رامیاری ورمێ زۆر عاستەم و ناسک بوو، لە گەنجەکان کە لەپێشدا لەپارتی تودەدا هاوکاریان دەکرد.

کاتێک لەکەیەکێتی لاوانی حیزبی دیموکرات) پیکهات هەموویان ڕوویان لەوێ کرد ئینجا لەورمێدا دوو تاقم خەباتی رامیاریان دەکرد، تاقمێک بە نێوی لاوانی حیزی دیموکراتی کوردستان، تاقمێکیدی بە نێوی (یەکێتی لاوانی حیزی دیموکراتی ئازربایجان) لەسێپتامبری ۱۹۴۵دا.

پێک هەل پڕژانو، بەرەنگار بوونی ئەو دوو تاقمە هەر دەبوو پێشبێت.

کوردەکان بۆ لەنێوبردنی ئەو نیوان ناکوکی، یارمەتیان لە شورەویکان ویست: لە کوبوونەوەیەکدا لەگەل هاشمۆف کونسوولی شورەوی، "مارشال "زێرۆ بەهادری، یەکێ لەسەروکەکانی عەشیرەتی هەرکی، سەر بەخۆ ڕایگەیاند کە "بیگانەکان"ی ورمێ هیچ مافێکیان بەسەر ئەوشارە کوردنشینەوە نیە: ئینجا کورسیێکی هەڵگرتو، لە نێوەڕاستی وەتاقێکی کە کوردەکانو، ئازربایجانیکان لەگەل هاشیموف دانشتبوون، دایٕنا وە لەسەری ڕۆنشت، وە لەپاشان بە کونسولی شورەویگوت: "ئەو وەتاغەکە ئی تۆیە... ئایا من دەتووانم لەنێوە ڕاستی دانشموو، بڵێم ئەوە وەتاغی منە؟... نەٕپەس کەوابوو، ئەوە ناگونجێ!"

باورڕ پێکراوەکانو، سەرۆکەکانی ئازربایجان بە هیچ چەشنێک نەیان دەسەلماند کە ورمێ ببێتە ئی کۆماری ئاذربایجان، هەرچەند وابوو کە تەوریز چ بووان ناهێلێتەوە، وە بە پێچەوانەی ئەوان پێیان خۆشبوو، ببێتە ئی کوماری کوردستان، وە ئەوەشیان بەقازی محەممەد لە سەفەرەکەیدا کە هاتبۆ لای پیشەوەری ڕاگەیاندبوو، بەڵام پیشەوەری بە بیانووی ئەوەی کە "ددانی دێشێ" لەو بارەیەوە دەنگی دەرنەبڕی.

مەسەلەی ورمێ هەر لەسەر ڕاوێژی زاریان بوو ــ لە عەراقدا پاش ۲۵سال ڕابردن، مەسەلەی شاری کەرکوک لەسەر زمانانبوو، بەراستی لەسالی ۱۹۷۰دا ئەو مەسەلە گرینگە دەهات کە نێوانناخوشێکی زۆر گەورە لە بەینی مەلامستەفای بارزانیو، دەولەتی عەراق سازبکات. پاش ئەوەی کە لەووتو، وێژکاندا ئەو تێک هەڵچوونە زۆر دەهاتە پێشێ، قازیمەحەممەد بۆ هێمن و ئەهوەن کردنەوە دەچێتە شاری میاندوواو، نێوانی تورکەکانو، کوردەکان لەوێ زور پیس تێک چووبوو. لەوکاتوساتەدا دەولەتی شورەوی لە هەردوک کۆماری کوردستانو، ئازربایجان داوا دەکات کە پێکەوە بووتو، وێژ دانیشن.

ئەو دوو دەولەتە لە ڕۆژی ئاوریلی ۱۹۴۶دا سەرئەنجام پەیمانێکی دۆستیو، یەکێتان بۆماوەی ۲۰سال ئیمزا کرد. پەیمان نامەکە لەوانەی ژێرەوە بریتی بوون.

ــ ئاڵ و گۆڕی نوێنەرانی ڕامیاری لەبەینی دوو دەولەتدا.

ــ دانانی خاوەنکارەکانی کوردی ئیداری لەو جێگایەی کە کوردی تێدا زیاترە، وە هەروەها دانانی خاوەنکارەکانی ئازربایجانی لەو جێگایەی کە تورکی تێدا پترە.

ــ بەستنی پەیمانێکی تجارەتی

ــ یارمەتیدانی نیزامی لەکاتی پێویستدا یەکبەیەکێ.

ــ هەر چەشنە ووتو، وێژێک کە لەگەل دەولەتی مەرکەزیئیران دەکرێ، پێویستە هەردوک دەولەت ڕەزامەندیان لەوەدا هەبێ.

هەردوک دەولەت دەبێ مافی فەرهەنگیو، وێژەوری نەتەوەکان لەوەلاتی خویان دا چاوەدێری بکەن، وە هاوکاری لەگەل یەکتر بۆ سەرکوت کردنی پیلانەکان دژی شۆڕش، دەبێ ببێت.

بەلام زۆری پێنەچوو دژی ئەو پەیمانە دەنگ بلند بوو. ۳۴

دەولەتی بریتانیا ڕایگەیاند کە ئەو پەیمانە لە لای وان بەرەسمی ناناسرێو، گوتیان ئیمە ڕەدی دەکەینەوە. دەولەتی تاران گفتو،گوێکی لەگەل جەعفەری پیشەوەری بەسەرۆکایەتی تاقمیکی بەنێو کە هاتبوونە تاران وە دوو "نوینەری کوردی بەدەستەڵاتیان" دەگەل بوو، دەست پێکرد. ۳۵

لە لایەن دەولەتی ناوەندێوە مزەففەرفیروز[1] کە هەموو کارەبوو وە لەکاتی دەولەت دا قسەوێژی سەرۆک وەزیری ئێران بوو، بۆ گفت و گۆی لەگەل کوردەکان دیاری کرا.

لەبارەی مەسەلەی نیزامی کەندو،کۆسپ هاتە پێشێ، وە لە ۱۳ی مەی ۱۹۴۶دا بێدەنگ ماوە. پیشەوەری،لەوکاتەیدا،قەوام ئەسلتەنەی تاوانبار کرد کە دەیەوێ بە سووکوهاسانی ڕژیمی ئازربایجان خۆ بەدەستەوەبدا،بەلام لەسەر ئەوەشڕا هیچ لایەک نەیدەویست کەهاتو،چۆ لەنیویان داببرێ.

مانگێک پاش لە ڕۆژی ۱۲ ژوئنی ۱۹۴۶دا شازادە مزەففەرفیروز هاوڕێ لەگەل یارمەتی دەری. وەزیری جەنگ،سەرلەشکر هدایەت،وە سەرلەشکر مەحەممەدعەلی مقەددەم،دەچنە تەورێژ.

پەیمانێکی پێکهاتن دەنووسرێ. جەعفەرپیشەوەری دووبارە ڕادەگەێنی کە ئازربایجان دەیەوێ لە چووار چێوەی ئیران دا وەک جاران بمێنێتەوە،وە ئەوەش دەسەلمینێ کە فەرماندارێکی کەئیران پێوستێتی لە ئازربایجان دانێنێ،پێویستە لەنێو سەرۆکەکانی حیزبی دیموکراتی ئازربایجاندا هەل بژێرێو،دانێنێ جا بەو پێکهاتنە،دوکتور سەلاموللاجاوید (وەزیری پێشووی ئیران) بەفەرمانداری ئازربایجان دادەندرێ.

تاران لەبەر چاوودادیار بوو ڕزگاری هاتبوو... وە زیرەکانی پێشوو ببوونە سەروکەکانی ناوچەئی. بەلام بەراستی ئەوە شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە لە ئازربایجاندا ئاڵ و گۆڕێک بەهەست بێنێ،وە ئەو پەیمانە لەلایەن ئیرانیکانەوە

[1] وینەی موزەفەر فیروز، لە ئاخری میژوکە دا، لە وینەی ژ مادە ۲۷ دا لەگەل ڤەوام ئەسەلتەنە سەروک وەزیری کات دەبین دری — م — ر

وە پشگۆیخرا.

سەرۆکەکانی مەهاباد چەرمەسەرەیان بۆ پەیدا بوو: ڕابەرەکانی تەوریزو، تاران بەبێپرسو، ڕای کوردەکان لەهێندێ مەبەستدا پێک هاتبوون، وە دۆکتور جاویدش، سەیفیقازی بە نێوی (فەرماندار)ی مەهاباد دانابوو!

قازی مەحەممەد "سەرۆکی دەولەتی گەل" نەبوو، بەڵکو پیشوای حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

کوردەکان زۆر لەوپەیمانە کە ژێردەستی دەنووساند، ئاگایان لێ نەبوو، وە خەریکی کاروباری خۆیان بوون، وە دەتگوت کەهیچشتێک نەقەوماوە.

بە کورتی بڵێن واز بەتەواوی تێکەڵو، پێکەڵ ببوو.

۲۰ ــ تەقەوەستاندن (مە ــ سپتامبری ۱۹۴۶)

لە۲۴ ئاوریلی ۱۹۴۶ دا کوردە بارزانێکان لە چەند کیلومتری سەرەوەی شاری سەققز هێزێکی ئیرانیان کە بریتی لە ۸۰۰سەرباز بوو وە لە دێی قاراوا دابوون، گەمارۆدا، زەرەرووزیانێکی زۆریان لێدان، لەو گەمارۆیەدا کە شەڕ دەستی پێکرا، ۲۱سەرباز کوژران، ۱۷سەرباز بریندار بوون، وە۴۰سەرباز بە دیلگیران.

پاش ئەو "پیروزبێ" کوردەکان، سەرلەشکر ڕەزمئارا، پشکنێری گشتی هێزەکانی ئیران، ووتو، وێژی لەگەل تاقمێکی کوردو، ئازربایجان لەشاری سەققز بەڕێوەبرد،

لە ۳ی مەی۱۹۴۶ سەرلەشکرڕەزمئارا لە پێکهاتنێکدا لەگەل کوردەکانو، ئازربایجانێکان تەقەیان وەستاندوەپەیماننامەیەکیان نووسی کە لەوپەیماننامەیەدا، کوردەکان سەلماندیان کە هێزەکانیان تا چەند کیلومتری سەققزو، سەردەشت بۆدووایە بکێشنەوە.

هێزەکانی شورەوی لە۱۰ی مەی۱۹۴۶دا و ڵاتی ئیران بەجێ دێڵن، هەر ئەو بەجێ هێشتنە بوو بەهۆی ئەوەکە کۆماری مەهابادیی لەمەترسێکی گەورە هاوشت. ئینجا دەورەیەکی هێمنیو، ئارامی لە کوردستاندا بەهەستدێت کە ئەو هێمنێ تا سێپتامبری

۱۹۴۶ دریژەی هەبوو.

پاش تەقەوەستاندن لە مانگی‌مەی‌دا هێندێ لە پیاوەکانی بێگانەکانی دەرەوی و لات کە لەنێو ئەوان‌دا ئامریکائی و فەرانسەویشی تێدابوو سەریان لەمهاباددا .لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەل قازی محەممەد، گوتویانە کە زانائی‌و ڕامیاری و کارزانی‌و، پیاوەتی‌ئەو مرۆڤەیە کەکوردستانی ڕاگرتووە، وە هەروەها بۆ خۆشی بۆتە سەمبولی نەتەوایەتی کورد لەو لاتی کوردستان‌دا. ۳۶

۲۱ ــ سەرکۆمار قازی مەحەممەد

قازی‌مەحەممەد کە ۴۶سالی لەتەمەن ڕادەبرد (لەمەی ۱۹۰۰ لەدایک بووە)لە بنەمالەیەکبوو کە هەموویان زاناو،ژیرو،ڕووناکبیربوون،قازی سەبارەت‌بەهۆش و،گوشی‌زانایەکی‌کەهەی‌بوولە ناوچەی کوردستانی ئیران بەچاکی حوکمایەتی دەکرد.

قازی‌مەحەممەد،جگە لەزمانی زگماکی کوردی،زمان‌فارسی،عەرەبی دەزانی،ئینگلیسی‌شی قسە دەکرد،وە بەباشی لەپیاوە ئینگلیسێکان حالی دەبوو. لە لای خۆی خوێندنەوەی زمانی فەرانسە،ئالمانی وە رووسی فێربوو، کتێب‌خانەیەکی هەبوو کە پڕ لە پەرتوکی میژووئی،ویژەوەری، بەزمانە جوربەجورەکان بوو،وە بۆخۆشی چەند نمایشنامە کە سەرچاوەی میژووئی و نیشتمانی‌هەبوونووسی‌بووی.بەتایبەت درامی میژووئی سەلاحئەددین کە خەبات و شەڕی ئەوپیاوە قارەمانە کوردەی کە دژی مەسحێکان لە شەڕەکانی سەلیبی‌دا کردبووی هێنا بوویە سەر نووسین،وە هەروەها نمایشنامەی دایکی نیشتمان کە بەسەرهاتی قەومی کورد پاش بەستنی پەیمانی سەعداباد کە لەبەینی ئیران ــ عەراق ــ تورکیە لە سالی۱۹۳۷دا بەسترا بوو،هێنابوویە سەرکاغەز،کە ئەو دوو نمایشنامانە لەمهاباد هاتە سەرسێنی نمایش.[۱]

قازی پیاوێکی دیندارو،خوداناس بوو،سیغاری نەدەکیشاو مەشروبی

۱) *نمایشی دایکی نیشتمان لەلایەن هێندێ لە لاوانی شار بەسەرپەرستی خودا لێخوش بووعەبدوول لای نەهری وە سیروس حەبیبی کەئیستاکە لەگاتی ژیان‌دا وە ماموستایەکی زانایە هاتەسەرسێن،ونمایش. ۲-ر*

قازی مەحەممەد سەرکومار ــ

نەدەخووارد‌ەوە، وێنەیەکی قازی لە پشتی میزی کاری هەلاوەسرابوو، کە بە باشی دیمەنو، ڕووانگەی ئەوی نیشان‌دەدا، وە لەپشتسەری نەخشەیەکی جیهانی دەدیترا.

قازی‌مەحەممەد مرۆڤێکی باریک ئەندام وە نەختێ ڕەنگی زەردبوو، کەمێک ژانی مەعدەی هەبوو، تووکی سەری کورت‌بوو، ڕدینێکی تۆپنەی هەبوو، چاوی وەک ئەستێرەی عاسمان دەدرەوشا دیمەن و ڕووخساری وی ڕووحانیە تی لێدەباری. بەراستی بەجووانی دیاربووە کە قازی‌مەحەممەد مرۆڤێک بووە زۆر ماقوول‌و، باوەڕ پێکراو، بەایمان‌و، فیداکار و نەبەز ئەو خسلەتانەی وی تێکەڵ لەگەل ڕووناک‌بیری‌و، لەسەرخۆیی و هێمنی بەڕاستی جێی تێڕابینیە. ۳۷

هەموو ئەو مرۆڤانەی کە لەگەل ئەو هەڵستاون‌و، ڕۆنشتوون‌وەیان هات و چۆیان لەگەل بووە پێیان لەوەی ناوە کە هەرچەند قازی‌مەحەممەد لەگەل شوڕەوێکان زۆر دۆست‌بووە، وە ئاکارو، ڕەوشتی ئەوانی سەلماندوە، بەلام لەسەر ئەوەشڕا زۆرش کورددۆست وە نەتەوە پەرست بووە، جا هەر بەوبۆنەوەیە بووە کە خەلکی بۆلای خویی کێشاوە. ۳۸

لە مەسەلەی پان‌کوردیسم‌دا هەر چەند قازی زۆر خۆت‌ئاسائی نەبوو، بەلام ویستوویەتی کە شاری مهاباد لەجیاتی شارەکانی سولەیمانی‌وە دیمەشق، بکاتە کانگای ناوەندی ڕاپەڕینەکەی کورد، وە هەر بەوجوورەی کە هەوالێ‌بەری ئاژانسی فرانس‌پرێس ڕای‌گەیاندوە لەووت‌و، وێژە دریژە کەی‌دالەژوینی ۱۹۴۶ کەبوویەتی، داخووازەکانی زور نەبوون، وە ئاوای گێڕابۆوە:

ئەگەر فەرمان بدەم، لە۳یان۴ڕوژان‌دا، ۴۰۰۰پێش‌مەرگەی کورد بەرەوکرماشان دەچن، هەڵبەت ئەو ژمارەیە جگە لە پێش‌مەرگەی پاشەڕۆژو، زەخیزەیە کە هەمانە، باش دەزانین کە کرمانشاە کانگای نەفتە. بەلام نامەوێ لەو بەینەدا خوێن بڕژێ، کوردەکان هەرگزو، هەرگز لە هەوەل‌دا دەست ڕەپیش ناخن. ۳۹

لە وەلامی هەوالێ‌دەری ئاژانسی فرانس‌پرێس‌دا کە لە قازی پرسیاری کردووە، چلۆنایەتی کاتی حازری کوردستانی لە بەرامبە دەولەتی ناوەندی ئاوا ڕوون بۆتەوە، وە قازی‌مەحەممەد قامکی لەسەر سێ مەسەلان داناوە وە لامەکەی

بریتی لەوانە بووە .

۱ ــ ئەگەر دەولەتی ناوەندی ئێران بەڕاستی گومانی بێ‌نێیتە سەرئەوەی کە قانوونی دێموکراتیک لە سەرتاسەری ئێراندا بەڕێوە بەرێ ،وە کوردەکان خوێندنەوە ،نووسینیان بەزمانی کوردی بێ ،وە هەروەها سەربەستی و ،سەربەخوی ناوخوی ئیدارات وە هێزی ناوچەئی بەرەسمی بناسێ ، ئیمە لەوکارە پیشوازی دەکەن .

۲ ــ دیارە لەوکاتەدا دەولەتی ناوەندی لەوڕادەیە دانیە کە بتووانێ ئەو قانوونە بەڕێوەبەری

۳ ــ ئیمە دەمانەوێ کە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلس زۆر زوو دەستی پێ‌بکرێ ،بە چەشنێکی کە هێزی نیزامی دەستی تێدا نەبێ .

لە وەلامی ئەو پرسیارەدا کە "ئایا لەوەی ناترسێ کە تێکهەڵچوون و ، بەرەنگاری لەنێوان دەولەتی ناوەندی ،وە کوردستان‌دا ،وەدیبێت ،وەببێتە هۆی ئەوە کە دەولەتەکانی دی خوتێوەردەن ؟" ، قازی‌مەحەممەد وەلام دەداتەوە : "چلۆنایەتی و ،وازی کوردستان لەگەل وازی ئازربایجان تەوافەتی زۆرە . زەویوزاری مە هیچ‌کاتێک لەلایەن شورەوی‌وە داگیر نەکراوە ،کاتێک ڕەزاخان لاچوو ،ئتر هێزەکانی جوربەجوری ئێران تا ئێستا لە کوردستان‌دا هیچ‌کارە بوون ،پەس لە ئاکام‌دا هەر لەهەوەڵەوە سەربەستی تەواومان هەبووە" .

"وە هەروەها ئیمە هەرگز بە هیچ دەولەتێکی بێگانە ڕێگا نادەین کە لەکاروباری کوردستان‌دا دەست تێوەردەن ،بەڵکو مەسەلەی کوردستان ، مەسەلەیەکی ناوخۆیە کە دەبێ لەبەینی کوردەکان‌و ، دەولەتی مەرکەزی‌دا حەل بێت ."

لەو ووتو ،وێژەدا قازی مەحەممەد ،هەروەها ڕادەگەیێنی کەمێژووی‌خەلکی کورد پڕلەخەبات بۆ گەیشتن بە ئاواتی ئازادی‌یە ،وە لەوبارەوە وەبیری دینێتەوە کە لەباش شەڕی جیهانی هەوەڵواتە .کاتێک‌کە پەیمانی وێرسای لە گۆڕی‌دا بوو ، دروستکردنی دەولەتێکی کورد لە کوردستان‌دا لەبەر چاوو بوو ،بەڵام لە کردەوەدا بەڕێوە نەبردرا .

قازی‌مەحەممەد لە ئاخری گفتوگۆیەکەدا ڕادەگەیێنی و ،دەڵێ "ئەگەر ئەوڕۆ ئیمە لە سەر مەسەلەی خودموختاری پێ دەچەقێنین ، مەبەست بەوەیە کە

تا ئێستا دەولەتی مەرکەزی بۆ زەیووزاری ئێمە هیچ کارێکی نەکردوە. ئێمە دەمانەوێ بۆ خۆمان بۆ پێشڕەفتی کوردستان تێبکۆشین. ئینجا نامانەوی لاسای ئەمریکا وەیان شورەوی بکەینەوە، بەڵکو لەسەر ڕێژوشوێنی خۆمان دەڕوین وە ژیانی دراندانەی دەولەتە موتەممەدینەکان ڕەد دەکەنیەوە[۴۰] جا ئەو وتانەی قازی وای‌نیشان دەدا کە نایەوێ بۆ هیچ کەس سەر شۆڕکاتەوە، وە هەر بەوجورەی کە ئەورو ڕەحیمی قازی لەنوشتارەکانی خوێدا نووسیوێتی: "قازی‌مەحەممەد مروقێک بوو نەمارکسیست نەسۆسیالیست وە تەنانەت نەلیبرال. بەڵکو ڕابەرێک بوو نەتەوە پەرستو، ڕووناکبیر."

ڕەحیمی‌قازی هەروەها دەڵێ!" بەلام ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژێ بۆلای مارکسستی هەنگاوی چاکتر هەل‌دێناوەڕووانگەی وی لەگەل ڕووانگەی مارکسستی نزیکتر دەبووە،وە تا دەمی مردن لە قوولای دڵەوە بیروباوەڕی بە شورەوی بوو".[۴۱]

۲۲ ــ مهاباد لەکاتی "کۆماری"دا

کۆماری مهاباد ڕووانگەو، دیمەنێکی جووانی‌هەبوو،وە ئەو کەسانەی کەتاهاوینی‌سالی ۱۹۴۶ چاویان بەوشارە کەوتووە، پێیان خۆشو، دڵگیربووە. بەپێچەوانەی کۆماری ئازربایجانی جیرانی، ڕژیمی پۆلیسی نەبووە، بەدرێژائی ۱۱مانگ "کۆماری مهاباد"تەنیا یەکێک لەداردرا، ئەویش‌ئەسەرێکی زۆری لەسەرخەڵک دانا.

لەوماوەیەدا دەوڵەتی کۆماری کارێکی واشۆڕشگێڕانەی بەڕێوە نەبرد، نەبانکەکانی مللی‌کرد،وەنە زەوێکانی دابەش‌کرد. کەپێویست‌بوو،وەک تەورێز بیکات. خەلکی مهاباد بۆهاتو،چۆئازاد بوون لە ۱۰ی مەی ۱۹۴۶ نزگەی رادیۆی ڕەسمی لەمهاباد داندراو،کراوە،بەلام تەنیا بۆنێوشار کەڵکی لێوە وردەگیرا،دەنگی زۆر دوور نەدەڕوێشت، خەڵکی شاری‌پتر لەرادیۆکانی دەرەوە کەلکی وەردەگرت. قازی مەحەممەد لەسالی ۱۹۲۶ تا ۱۹۳۱ کەسەرۆکی[۴۲] ئیدارەی ئاموزشرو، پەروەرشی مهاباد بوو،هەر بەو چەشنەی کەبۆخویندەواربوونی

ڕەحیم ی قازی ئەو وتارەی لەپەرتۆکی " پێش مە رگە " دا کەنوسراوە ئ خۆیە تی نووسیوە ــ م ر

خەلکی هەولێ دەدا، لەکاتی کوماریکەیدا، خەڵکی بۆ لای خوێندن دەکێشا، لە هەوڵی دامەزراندنی کۆماردا، خوێندنی زمانی کوردی لەمەدرەسەکان دانا، لەپێش هەموو کارێکدا ماموستاکان کتێبەکانی فارسیان بەزمانی کوردی وەرگێڕا، هێندێ کتێبی چاپەمەنیان لەو لاتی کوردستانی عەراق ڕاهێنا بوو، بەڵام لەوکتێبانە کەلکی لێوەرنەگیرا، چونکە تادەستیان بەئامادەکردنی ئەوکارانە کرد، کوماری مهاباد تێکڕووخا.

لە ئاوریلی ۱۹۴۶ دا ۶۰ گەنجی کورد بۆ خونیدن چوونە مەدرەسەی نیزامی شاری باکۆیە، لەوانە بەشی زۆریان گەڕانەوە، وەهێندکیشیان مانەوە.

چەن دەزگا ماشێنی چاپەمەنی کە قازی مەحەممەد لە شورەوێکانی وەرگرت بوو، بەوانە هێندێک ڕۆژنامەو، کتێبچاپبوو، یەکێک لەوڕۆژنامانە، ڕۆژنامەی ڕەسمی کوردستانبوو کە ڕۆژانەبڵاودەبوەوە، وەلەسەرەتای ڕۆژنامەکەدا ئەو ڕستەیە نووسرابوو "بەناوی خودای مەزنو، بێهاوتا[۴۳]، ڕۆژنامەو، گوقاری دیکەش لەمهاباد دەردەچوون، نیشتمان یەکێک لەوانە بوو کە لەلایەن سەرنووسەر عەبدوررەحمانی زەبیحی وەدەردەکەوت، گۆڤاری ژنان بە نیوێ هەڵاڵە، گۆڤاری وێژەوەری هاوار کەهۆنراوەکانی ماموستاهێمن (موحەممەدئەمینی شێخئەل ئیلامی) وەهەژار (عەبدوررەحمانی شەرەفکەندی) تێدا دابڵاودە بووە.

۲۳ ــ گفتوگۆی ئاخر (دووائی)

ووتو، ویژێکی کەپێویست بوو لەمانگی ژوئن‌دا لەتاران دەستی‌پێ بکرێت، وەدووایەکەوت، تاکو لەمانگی ئوتڕا ئەوگفتوگۆیە دەستی‌پێکراوە. قازی مەحەممەدلەو ووتو، ویژەیدا کەلەگەل قەوام ئەسسەلتەنە سەرۆکوەزیر دەیکات، داوادەکات کە کوردستان ببێتە ئەیالەتێک کە ئەوئەیالەتە لەسنووری شورەوی ڕا تاکرماشانو، سنەدرێژەی هەبێ، وەهەروەها بۆخوشی‌ڕابەروحوکمرانی ئەوئەیالەتەبێت. [۴۴]

هێندێهەوال ڕایان گەیاندووە کەقەوام ئەو داخووازەی قازی مەحەممەدی سەلماند، بەڵام پێویستبوو دوکتور جاوید کە ئەستانداری ئازربایجان‌بوو، ئەوپێشنیارەی بسەملمێنێ. [۴۵]

هەروەها دەگوترێو، دەڵێن کەقەوام ئەسسەلتەنە، ئەو پێشنیاری سەلماند، بەڵام شورەویکان لەوکارە لالوتبوون.[۴۶] ئینجا بەهەرچونێک بووبێت سەرئەنجام ووتو، وێژەکە بەجێیک نەگەیشت، وەقازی مەحەممەد بێ‌ئەوەی کە بتووانێ هەستێتی کۆماری مهابادی بە سەر دەولەتی ئێران‌دا داسەپێنێ، هەروەها گەڕاوە.

لە ۲۰ی ئوتی ۱۹۴۶دا کۆڕێکی ئازربایجانی بەسەرۆکایەتی شەبستەری سەرۆکی دانشتگەی مللی، کەبەشوێنی ئەوەدابوو بەمەجلسی (ناوچەئی) چۆ تاران. هەر چەند خۆتێوەردانی تایبەتی سادچیکۆف بالۆێزی شورەوی لەتاران باسی‌لێدەکرا، بەڵام لەسەرئەوەش ڕا ئەوکۆڕە چەن حەوتووان‌لەتاران‌ماوە، وەنەی تووانی بەشای ئێران بسەلمێنێ و، دان‌لەسەرئەوەدابنێ کە هێزی خەلکی‌ی ئازربایجانی هەستی هەبیت.

ئارچی بالۆڕووزوێلت، وابەستەی‌نیزامی‌بالۆێزخانەی ئەمریکا لەتاران کەلەسی‌پتامبری ۱۹۴۶دا چاوی بەمهاباد کەوتبوو، وازی‌شاری زورهێمن وەبەرچاوهات بوو.

پاش ئەوەی کە لەوێ نەهارێکی ڕەسمی خووارد‌بوو، لەگەل ئەندامانی (کابینە)ی کوردستان گفتوگوێەکی درێژی کردبوو، وەبەتایبەت لەگەل قازی مەحەممەد لەهەموو‌بارەیەک‌دا دووابوو قازی‌مەحەممەد پێڕاگەیاندبوو، وەگوت‌بووی کە (کوماری مهاباد)، (ئیشکەڕنی) دەستی شورەویان‌نیە، وەپێگوت‌بوو، ئەگەر بەراستی‌وایە، کوواتۆ تاقمێکی شورەوی لێرەدا دەبینی.؟"[۴۷]

لەراستەقینەدا دەهات کاروبار، تەواوبێت.

لەئوکتوبری ۱۹۴۶دا دوکتورجاوید (ئوستانداری) ئازربایجان لەگەل قوام ئەسسەلتەنە لەبارەی ئالوگۆڕی ناوچەی خەمسە (ئەوناوچەیە لەسنووری ئازربایجانی ڕۆژهەلات دایە) وەهەروەها کەهێزی خەلقی ئازربایجانی تێدابوو، لەگەل ناوچەی سەردەشت‌و، تکاب گفت‌و، گودەکات. قەوام حازردەبیت کە ئەوکارە بکات (!) بەڵام شاو، هێزی ئێران دژی ئەوکارە دەنگیان دەربڕی. کاتێک کەقازی مەحەممەد کە نووسراوەی سەنەدێکی کەقەوام ئیمزای‌کردبوو، وەبو گۆڕانەوەی ناوچەکە دەهات بی‌باتە شاری سەقزبۆلای سەرلەشکر هومایوونی،

،نەچوو. ۴۸

۲۴ ــ تێکچوونی کۆماری مهاباد (۱۷ دی‌سامبری ۱۹۴۶)

لەمانگی مەی ۱۹۴۶ بەولاوە، کۆماری مهاباد دەورەیەکی باشو، بەختیاری [1]ڕادەبووارد، بەلام لەنەکاو دەهات کەتەمەنی ڕابرێ. لەڕاستەقینەدا هەموشتێک بەگورجی دەقەوما: لەنێوە ڕاستی‌مانگی نوامبری ۱۹۴۶ دابوو، کەبەشوێنی گفتوگویی شاه ــ قەوام ئەسسەلتەنە، وەزیری‌شەڕ وە سەرلەشکر ئەرفەع فەرماندەی هێز، شا، ڕای گەیاند کە دەزانم سەرۆک وەزیر مەترسی لەوەی هەیە کە دەولەتی شورەوی بە سودو، قازانجی پیشەوەری لەکاروباری ئێمەدا خۆتێوەر، دا، بەلام فەرمان دەدەم کە هێزی ئێران بەرەو، ئازربایجان بڕووا. لە ۲۳ی نوامبری ۱۹۴۶ گوردانی سووەمی هێزی ئیران بەبێ بەرهەلستو، بەرەنگاری هاتە شاری زەنجان کە ناوەرووکەی خەمسەبوو، شابۆخۆیی دژی "کومارەکانی" ئازربایجانو، مهاباد دێتە زەنجان وە فەرمانی هێرشی ئاخری دەدات: دەگوترێ کە گوردانی سووەمی‌هێزی ئازربایجانوە گوردانی چووارمی هێزی ئیران لە کوردستانی (سنە)وە کە ۳۰۰۰ چرکی‌نارێکبوون، وەلەگشت‌دا ۲۰۰۰۰ کەس دژی هەردوک کوماردەست بە هێرش دەبات. لەڕاستەقینەدا هێزی ئێران لەوهێرشەدا بەرگرێکی دژی بونەهاتەپێشێ.

لەشمال‌دا پیشەوەری بەبی‌ئەوەی کەشەڕ بکات، کۆماری‌تێک دەڕووخێ، ژمارەیەکی زۆر لە سەروکەگەورەکان لە ۱۱ی دی‌سامبر بەرەوو لاتی شورەوی هەڵدێن، لەکاتێک‌دا کەخەڵک دژی‌کۆمارەهڵستابوونە سەرپێ (دیموکراتەکانیان کەوەچەنگ دەکەوت دەیان‌کوشتن، یەکێک لەوانە مەحەممەدی‌بێریا وەزیری ئاموزشو، پەروەرشبوو کە ترمەکەیان لەدووای ماشنێک خستبوو وەبەشاری تەوریزدا ڕایان دەکیشا...

لە۱۳ی دی‌سامبری ۱۹۴۶ دا بەرەبەری‌ئێوارێ، هەوەڵین تاقمی هیزی ئیران‌لەگەل سەرلەشکر هاشمی گەیشتە شاری تەورێز.

لەناوچەی کوردستان‌دا، لەمابەینی‌ڕێگای تکاب‌و، میاندوواو، لەنێوان تەپۆڵکەو کێوەکانێکی‌کە شاری چکۆڵەی شاهین دژی‌یان لەنێوخۆی گرتووە، هیزی

خەلقێتی ئازربایجان ماوەی ۴ ڕۆژان واتە لە ۷ تا ۱۱ی دی‌سامبری ۱۹۴۶دا لەبەرامبەری هێزی ئیران بە ڕەنگاری‌کرد، بەلام لەئاکام‌دا لەپێش ئەوەی کە پێش مەرگەکانی بارزانی بە یارمەتیان بگەن، سەرکوت کران.

پاش‌ئەوبەرگریە، شەڕێک نەقەوما... پێش مەرگەکانی بارزانی بۆ لای مهابادی پاشەکشەیان کرد، لە ۱۳ی دی‌سامبری ۱۹۴۶دامیاندوواو تەسلیم‌بوو. لە ۵دی‌سامبردا لە "شۆڕای شەڕ"ی مهاباد، قازی مەحەممەد لەگەل براکەی سەدری قازی کە نوێنەری مەجلسی شۆڕای تارانێ بوو، وەهەرئەویش‌بوو کە لەبەینی تاران ــ مهاباد دانێونجی‌بوو ــ لەگەل ۱۰مرۆڤ لەسەرۆکو، فەماندەرەکانی پایە بەرزی ڕامیاری‌ونیزامی کوماری کوردستان ڕاوتەدبیر دەکەن کە ڕێووشوێن بکێشێ کەچبکەن، ڕۆژێک‌پاش‌بڕیارنامەیەک لەمزگەوتی هەباس ئاغا لەبەرانبەر خەلک خوێندراوە کەهێزی کورد دەیەوێ لەبەرامبەر هێزی ئیران‌دابەرگری‌بکات‌و، ڕاوەستی. ۴۹

بەلام لە ۱۵ی دی‌سامبری ۱۹۴۶، ئەسەدوف (نوێنەری) تجارەتی شورەوی لەمهاباد، دەفتەری کاری‌خۆی دەپێچێتە وەو، بەرەو، کونسوول‌گەری شورەوی بۆ ورمێ دەڕووا. ئەسەدوف دەیەویست کە کوردەکان حالی‌بکات کەچوون دەولەتی شورەوی‌پاش شەڕی دووهەمی‌جیهانی[۵۰] زۆر (لاوازو، شەکەتە) ئیتر بۆیەکوماری‌مهاباد بەجێ‌دێلێ، واتە بەوجورە ڕادەگەینی کە ببوورن‌و، چارەنیە!

کاتێک کەسەرۆکە پایە بەرزەکانی مهاباد بۆیان ئاشکرابوو کە شورەوی یارمەتیان نادا وەپشتی لێ کردوونەوە، ڕاوتەدبیردێننە سەرئەوەی کەخۆیان بەدەستەوەبدەن.

لە ۱۶ی دی‌سامبری ۱۹۴۶ داقازی مەحەممەد، سەیفی‌قازی، حاجی‌بابا شیخو، سەرۆکەکانی‌دیکەی‌مهاباد بەرەومیاندوواو وەڕێ‌کەوتن، وەخۆیان تەسلیمی سەرلەشکر هومایوونی دەکەن.

پاش گفتو، گۆیەکی‌نەختێ دۆستانە، هومایونی بەقازی دەلـــی بگەڕێتە وە مهابادێ.

قازی بۆچاری ئاخر چاوی‌بە مەلامستەفای بارزانی کەوت. بارزانی زۆری هەول‌دا کە گەلی بکەوێو، بڕوا بەلام قازی مەحەممەد لەبەر ئەوەی کە خەلکی مهاباد تووشی کوشتو، بڕین نەبێ لەمهاباد دا ماوە، بەقسەی بارزانی‌نەکردو،

لەگەلی نەچوو.

لە ۱۷ دیسامبری ۱۹۴۶، قازی مەحەممەد ڕەسمەن شاری مهابادیی دابەدەستی کاربەدەستانی دەولەتی ئێران. بەشوێنی ئەوەداچەندڕۆژ کەڕابرد، سەروکەپایەبەرزەکانی کۆماری کوردستان کەبریتی لە ۳۰مرۆڤ بوونگیرانو، لەبەندیخانە کران.

۲۵ ــ محاکەمەی قازی مەحەممەد

لەهەوەڵی مانگی ژانوییەی ۱۹۴۷ قازی مەحەممەد، براکەی سەدری قازیوەئاموزای وی سەیفی قازی لەدادگاهێکی نیزامی تایبەتیدا کەسەروکی ئەودادگایە سەرهەنگ پارسیتەباربوو محاکەمەیان کردن، دادستانی ئەودادگایەش سەرهەنگفیوزی، سەروکی ستادی سەرلەشکر هومایونیبوو.

محاکەمەکە لەنهێنیدا پێکهات، خێزانیقازیمەحەممەد زۆری هەوڵدا کەسەرلەشکرهمایونی کاری قازیکان سووکبگرێو، تاوانبار نەکرێنو، ڕزگاریانبێت تەنانەت۱۸هەزارتمەنی قەولپێدا، بەڵام نەکراو هەرسێکیان بەمەرگ ناسرانو، حوکمی لەدارداندیان لە ۲۳ی ژانوییەی ۱۹۴۷بەڕێوەبردرا، وە بەجورە یەکسالو، یەکڕوژ لەتەمەنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕا بووواردبوو.

ئینجا هەر لەوکاتەشدا قەوام ئەسسەلتەنە لەگەل شۆڕەوییکان بەگرینگی لەووتو، ویژدابوو، وە ۵ حەوتوو لە دانیحوکمی دادگایمهاباد ڕابردبوو (لەوماوەیەدا هێندێ هەوالان گوتویانە کە ڕەت قازی مەحەممەدیان هێنا تارانێ [51] کە دادگایەکی تایبەتی بۆ بەڕێوە بردنی ئەو تەشکیل بێت، لەتاران لە ۲۸ تا ۳۰ مارس لەبارەی دانیحوکمی دادگایمهاباد ڕاوتە دبیریانکرد، واڕاشکرا بوو کە حوکمی دادگاە بەپەلە دراوە، سەرلەشکر همایونیش ئەوکات لەورمێ بوو، وەلەشەڕی دژیبارزانی چاوەدێری دەکرد، کە هەوالی حوکمی لەدارداندی سەروکەکوردەکانی پێگەیشت، وەبەرادیودەستووریدا کەسیقازیکان هەلاوەسرێن، جائەوسێ مرۆڤەیان لەبەرەبەریبەیانی ۳۱مارسی ۱۹۴۷ لەمەیدانی چووارچرای مهاباد، هەرلەو چێگایەی کەقازیمەحەممەد کە جلکی ئونیفورمی شورەوی لەبەردابوو، وەحکومەتی کۆماریمهادیی

ڕاگەیاندبوو، لەدار دران.

ترمەی ئەوان تائێوارێ لەسەر دارمابوونەوە... (بوتەنبی‌بوونی‌خەڵک)

لەئاکامدا لەنێوان چەندڕۆژان‌داهەموو شوێنو ئاکاری کوردەواری کە مابوونە لەنێویان‌برد ئەوکەسانەی کە لە ڕاپەرینە کەدا دەسیتان تێدابوو، زور بەتاڵوولە تەواوی‌کاغەزو نووسراوەیەکی کەجێی مەترسی بوو، وەک وێنەو، روژنامەو، ئەسنادو، ئاڵاو، هەرشتێکی کە مابوونەلەنێویان‌برد. تەواوی ئەوکتێبانەی‌کە دەولەتی کوردستان بەکوردی لەچاپی‌دابوو، کۆیان کردەوەولەمەیدانی‌مهاباد سووتاندرا، وەسەرئەنجام مهاباد دووبارە لەتەم وخەم‌داماوە.

۲۶ ــ کۆماری‌مهاباد بۆتێک‌چوو؟ (مەبەستی تێک‌چوونی کۆماری مهاباد)

بەڕاستی ئەوە کورد نەبوو کە لەبەرامبەر ئێران داشکابوو،... بەڵکو دەولەتی شورەوی بووکەلەبەرانبەر ئەمریکاو، بریتانیادا شکابوو!" بارزانی ئەومەبەستەی لەپێش‌دا لە ۱۱ی‌دی‌سامبری۱۹۴۶[۵۲]دا لەبۆکان بەژیری‌و، وریائێوە ڕاگەیاندبوو، وەهەروەها گوت‌بووی‌کەڕابەرەکانی کۆماری‌مهاباد لەوبابەتەوەزۆر لەکاروباری دەولەتەکانی جیهانیوە ئاگادارنین.

قازی مەحەممەدو، هاوڕێیەکانی لەمهاباد داسوور دەیان زانی کەئتر "کوماری‌مهاباد" تەواو لەمەترسی دایە: یەکێ‌لەنیگە رانێکانیان ئەوەبوو کە هێزەکانی شورەوی‌لە ۱۰ی[۵۳]۱۹۴۶دا، واتە پاشنێوان‌ناخوشێکی دەولەتە گەورەکان کەلەبەینی گفت‌وگۆیەکانیان‌دا قەومابوو، دەبووئیران‌بەجێ بێڵن. دووەم بریتی‌بوو لەوە کە وەزیرەکانی "تودەئی" لە ۱۹ ئۆکتوبری ۱۹۴۶کەلەکابینەی دەولەتی ئیران وەدەریان نابوون، سووهەم، وتارەکەی جورج‌ئالێن‌بالوێزی تازەی ئەمریکا لەتاران‌بوو کە لە ۲۷نوامبری ۱۹۴۶دا گوت‌بووی کە دەوڵەتی ئەمریکا دان بەسەر "پاراستنی تەواوی زەیوی‌ئیران دادەنێ وەدەیەوی دەولەتی مەرکەزی بە هێزبی" بەڕاستی ئەوەی کە بۆ کوماری مهابادزۆر پێویست بوو، لەسەرپـــی ڕاوەستانی‌کۆماربوو، دەبوو ڕابەرەکان هەرلە هەوەڵەوە لەبیروڕای ئەوەدابین، وەنەدەبوو بەهیوای قودرەتی‌نیزامی‌وڕامیاری دەولەتی شورەوی‌بن، دەگوترێ کە تەنیا قازی مەحەممەدو، چەن‌کەسێکی دیکە لەهاوڕێیەکانی بوون کە ژیرو،

زانابوون. کوماری مهاباد هەرچەند ناوچەیی چووکبوو، وەتەمەنی حکومەتەکەی زور دریژەی نەبوو بەڵام لەڕاپەرینی نەتەوایەتی کورد لەمێژوودا جێگایەکی بەرزو بەڕێزی هەیە: ئەوەیەکەم بزوتنەوەی کوردبوو کە دەدیترا "ڕووناک بیرەکان" ئەوڕاپەرینەی بەڕێوە دەبەن. ئەگەر کۆماری مهاباد بەردەوام بایە، کوردەکان بە دونیایان نیشان دەدا کە کورد بەڕاستی مل‌هوزنیە، بەڵکو تووانانی‌وەی‌هەیە کە خویی بەڕێوەبەری.

سمکو لەڕاپەرینەکەی دا نەختێ تووند ڕۆیشتبوو، ئینجا پاش سی‌سال رابوو اردن لەڕاپەرینی پێشوودا، شکان‌وتێک‌چوونی کوماری مهابادش نەی تووانی تۆ لێورەگرێتەوە.

دەگوترێ کەشکانی دووائی مەبەست بەوەبوو کە بزوتنەوە کە لەسەداسەد بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی بوو بەبێ ئیدئیولوژی کنە هەرگزوهەرگز نەی دەتووانی خەباتی ڕزگاری‌تێدا بەبیندرێ کە نەتەوەیەکی ڕابەری‌بکات.

۲۷ ــ دووادڕۆژی بارزانی‌و، هاوڕێیەکانی

بارزان‌نیشتەکان هەموویان بەتەواوی لەگەڵ‌ساغو، چەکداربوون، کاتێک کە لەمهاباد ڕاوەدەر... دەکەوتن، لەئەنباری ئەسلەحەی (کۆماری) لەمهاباد، نزیک بە ۳۰۰۰ تفەنگ، ۱۲۰ ڕەشاشو ۲دووقەبزە تۆپ‌یان لەگەل خۆیان برد[۵۵]. لەڕۆژی ۲۰دیسامبری ۱۹۴۶دا بارزانی لەمهاباد چاوپێ کەوتنێکی لەگەل سەرلەشکر همایونی بەڕێوەبردو، پێ ڕاگەیاند کەئەگەر بالۆێزی بریتانیایە، دەتووانێ تەئمینم بۆوەرگری کەلەعەراقدا بەخاترجەمی‌بژیم، من خـــوم بەدەستەوە دەدەم.

ئینجا مەلامستەفا بەشوێنی نووسینی نامەیەک بەزمان عەرەبی کە سەر شۆڕکردنەوەی خۆی تێدا نووسی‌بوو، هاوڕێ لەگەل میرحاج، عززەت‌عەزیز، نوری‌تاها، بۆ ووتو، وێژلەگەل پیاوەکانی ئێرانی وپیاوەڕامیاریکانی بالویزی بریتانیا لەبابەت پاشەڕۆژی خۆی‌و، هاوڕییەکانی هاتە تاران. بارزانی ماوەی مانگێک لەتارانێ ماوە، لەوماوەیەدا لە (باشگای ئەفسەران) ڕووبەڕووی دەفتەری ستادی‌هێزی نیزامی ئێران جێگیر ببوو، وەلەپێش‌گەڕانەوەی بۆ مهاباد لەڕۆژی

۲۹ ژانوییەی ۱۹۴۷ دابوو کە لەگەڵ شای‌ئیران‌و، پیاوە زامیارێکانی بریتانیاو، ئەمریکا چاوپێ کەوتنی بەڕێوە بردبوو.

بارزانی نەی‌تووانی لەگەل ئنگلیسێکان‌پێک‌بێت، بەلام ئەوپێشنیارەی ئیرانیێ سەلماندکە ۱۰۰۰۰ کەس لە "عێلی" بارزانی‌لە ناوچەی ئەلوند لەنزیک هەمەدان جێگیر ببن.

لەوکاتەدا شێخ‌ئەحمەد لەشاری نەغەدە دژی ئەونەخشەیە بزوتەوە.

ئینجا لەگفت‌وگوێ ئاخری‌دا کە لەڕۆژی ۱۹ فوریەی ۱۹۴۷دا لەبەینی شێخ‌ئەحمەدو مەلامستەفا لەلایەکەوە، وەلە لایەکی دیکەوە سەرلەشکر هەمایونی وەدی‌هات، حازر بەخۆوەدەستدان‌بوون.

لە ۱۱ی مارس تا ۱۲ی ئاوریلی ۱۹۴۷ واتە لەماوەی مانگێکدا، هێزی ئیران، هێزەکانی بارزانییان لەمەلەبەندی کێوەکانێکی کەلە رۆژئاوای شاری شنوێیەڕا تاکووسنووری ئیران وعەراق‌وتورکیە دەستی پێدەکرێ، وە دووویان کەوتن.

لەبابەت کاروبارو، فڕەفێلی نیزامێوە، هێزەکانی بارزانی خۆیان وانیشان‌دەدا کە شکۆگومانیان‌لەنێو شەڕکەرەکان‌دا هەیە، لەنێوەڕاستی مانگی مارس‌دا ۱۲ئیرانی لەتێکەهەڵ چونێک داکوژران‌و ۷۰کەسیان‌یەخسیرکران... پاش حەوتوبەک هێزی‌ئێران دووبارە لەشەڕێکی‌دیکەدا ۲۰سەربازی کوژرا، وە ۱۵کەسی‌شیان ئەخسیرکران. لەنێوان بارزانێکان‌دا لەوانەی کەشەڕیان پێ‌نەدەکرا، ڕایان هێنا سەرئەوەی کەلەگەل‌شیخ‌ئەحمەد خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەوانەچەند هزارکەس ژن‌و، منداڵ‌و، پیاوبوون کەلەگەل بارزانی‌بوون وەلەژێر بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئێران، وەسەرماو سەخلەتی زستان‌دا ئەوێ‌ساڵێ مابوونەوە.

لەهەوەڵی مانگی ئاوریلەوەشیخ‌ئەحمەد بۆعەراق پەنای هێناوە لەگەڵ زوربەی عێل" چەند ڕۆژپاش لە ۱۳ی‌ئاوریلی ۱۹۴۶ دا بارزانی هاوڕێ لەگەل‌هاوالەکانی کەچندسەد کەس‌بوون بۆلای‌عەراق وەڕێ کەوتن کە بچنەوە ولاتی بارزان.

٢٨ – ڕی پێوانی دوورو، درێژی بارزنێکان بۆلای و لاتی سوویەت

بارزانی لەلای خوی پێیوابوو کە عەراق ڕێی دەداتەوە، بەڵام زوو وەلامی دراوە کە بەڵێنی نادرێتێ، نوێنەرەکانی کورد لەمەجلسی یاسائیدا دەنگیان دەربڕی، بەلام کە لکی لێوەرنەگیرا، لەسەر ئەوەش ڕاچووار ئەفسەری کوردی عەراق بەناوانی مستەفا خۆشناو، خێزوڵڵا، مەحەممەد مەحمود وەغززەت عەزیر، کە لەگەل شیخ ئەحمەد خۆیان بە دەستەوە دابوو لە ١٩ژوئنی ١٩٤٧دا لەدار دران.

سەرئەنجام تەنیا ڕێگایەک بۆ بارزانی دەماوە ئەویش پەنابردن بۆو لاتی سوویەت بوو.

چونکە نەدەولەتی ئیران، نەتورکیە، بەهیچ جۆرێک ڕێگای مەلامستافایان بو ولات نەدەدا.

وادیار بوو کە لەئاخری سال ١٩٤٥ڕا کە مەلامستەفادەیەویست بوئیرانێ بێ، لەگومانی وەیدابوو کە ئەگەرنەی تووانی لەئیران بمێنێتە بچێتە شورەوی: لەئاکام داپاش چەندێک، وەپاش گەیشتنی بوئیرانێ، وە چاوپێ کەوتن کەلەگەل ژێنیرال لیوبۆفی. همزە عەبدوول لا بەنیۆی بارزانی نامێلکەیەکی بۆستالین نووسی وەلەوێدا داخووازی کردبوو، کە بۆبەرگری لەکۆماری کوردستان لەئیران دابمێنێتەوە.

وەئەگەر هاتو، کۆمار سەری نەگرت، شورەوی حەقی پەنابەری بوو لات بداتێ. ٥٦

پاشڕابردنی سالێک، بارزانی لەسەرڕا لەدەولەتی شورەوی داخووازی کرد کە ئەو داوەتە بکرێ...

لە ٢٧ یمەی ١٩٤٧، عەراق بەئیرانێی ڕاگەیاند کەئەوە بارزانی لەسنووری تورکیە ڕادەبرێوە دەیەوێ لەشمالی و لاتی بارزانەوە بێتەوە بۆلای ئیران.

مەلامستەفای بارزانی هاوڕێ لەگەڵ ٥٠٠ مروف لەپێش مەرگەکانی بەشوینیڕی پێوانێکی دوورو، درێژ واتە ٣٥٠کیلومتر کە لە ٤ ڕۆژاندا پێوابووی،

گەیشتە ئارازێ (ارس) وەپەنابو شورەوی‌دەبات! شای ئیران لەوکاتەدا لەشاری ئەردەوێلێ بوو، وەدەستووری‌دابوو، بەهەر چونێک بێ، پیشی‌بارزانیکان بگرن، وە هەڕەشەی لەئەفسەرەکان کردبوو، ئەگەر بێتو بەپاشی هەول نەدەن دەدرێنە دادگای‌نیزامی. بەلام بارزانی‌بەزۆروریائی ئاکاری نیزامی ئیرانیێ ناکام هێشتەوە وەرێگای سنووری ئیران‌و، تورکیەیەی پێوا وەخوێی گەیاندە مەلبەندی کێوەکانی ئارارات، کاتێک کە هێزی ئیرانیان لەقەراغ بارزانیێکان ڕادەبردن، وە کەمێک چووبوونە نێوخاکی تورکیە، ئینجا بارزانیێکان بەبێ زانیینی هیـــزی ئیران بەپشت‌سەریان‌دا ڕادەبردن.

سەرئەنجام بارزانی و هاوڕێیەکانی لە ۹ی ژوئنی ۱۹۴۷ وە، لەشمالی شاری‌خوێیەڕا، ئاخرین زۆربەی‌خۆیان لەهێزی‌ئیران‌دا

حەوتوێک پاش لە ئارازێ ڕابردن، وەبوماوەی ۱۱سال لەوەلاتی شورەوی‌دا مانەوە، وە "لەبەرچاوان" وون‌بوون.

فەسلی ٣

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران

لەپاش تێک چوونی کۆماری مهاباد تاشۆڕشی عەراق (١٩٥٨)

بە دووای تێک چوونی کوماری مهاباد ،لەداردانی سێ قاضی ، لەبەندکردنی هێندێ لەئەندامانی کمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەهەڵاتنی هێندێ لەوان بۆعەراق ،حەزەکەتی نەتەوایەتی کورد لەئیراندا ڕاوەستێندرا .

١ ــ ک ک وە پ ــ د ک لەهەوەلی سالی ١٩٤٨ ڕاپارتی دیموکراتی کوردستان هەولی داوە کەلەگەل کمیتەی کومونیستی کوردستان (ک ک، ک) وەبەتایبەتی لەگەل ڕەحیمی سولتانیان هاتوچوی دامەزرێنینی کەدەگوترێ بلێن کەجێ نشینی قازی مەحەممەدبوو لەپارتی دیموکراتی کوردستان دا .

پارتی دیموکرات بەشێک وەشاخەیەک لە (حیزبی تودە)ی بوو لە کوردستان :

ئەندامانی پارتی دیموکراتی مهاباد کەهاتبوونە تاران هەر لەحیزبی تودە دامانەوە . فشاریان بۆ خەڵک پتردەکرد ، هەواداران ،واتەمیلی شیای ئەندامانی تازە ، تازەکاربوون ،زۆر تەجرو بەیان نەبوو ،وەزۆر زوو لەلایەن پۆلیسەوە سەرۆکەکانیان گیران ، کەیەکێک لەوانە عەزیزی یوسفی بوو کەلەسالی ١٩٤٨وە تاسالی ١٩٥٢ لەبەندیخانەکرا .

٢ـ مصدق ــ پاش سالی ١٩٥١ کە موسەددق هاتەسەر ئیشوکار ،ئازادی بەخەلکی زیاتردرا ، وەلەژێر چاوەدێری دووئەندام بە ناوانی عەزیری یوسفـــــی

وەغەنی بلوریان پارتی دیموکرات بووژاوە. لەهەلبژاردنی سالی ۱۹۵۲ ئەندامێک لەپارتی دیموکراتی کوردستان بە نیوێی سادق وەزیری لەمهاباد هەلبژاردرا...

هەر چەند، پۆلیسرو، کاربەدەستەکانی دەزگای دەولەت لەوکارەپێشی گرت، بەلام بە نوێنەر هەل دەبژێردرێ لە سە رئەوەشرا بەدەستوری حمەرەضاشا هەلبژاردنە کە لە مهاباد قەبول نەکرا، بەجێگای ئەو، امامی جومعەی تاران کە شیعەبوو، داندرا. خەڵکی مهاباد قەت ئەوپیاوەی نەدیتبوو نەناسیبووی. جا امامی جومعەی تاران بووبەنێونەری داسەپاوی خەلکی مهاباد لەدانشتگەی شورای میللی دا.

لەناوچەی دەوروبەری مهاباد هێندێ بزوتنەوە، راپەڕین دەستپێکرا: لەسالی ۱۹۵۲ دا شۆڕشی جویتاری لەناوچەی بوکان دژی ئەربابە فئودالەکان دەستی پێکرا. لەمانگەکانی مە و ژوئنی ۱۹۵۳ چەند خۆپێنیشاندان لەمهابادوە وەدیهات، لەونێوەدا گەنجێک بەدەستی پولیس کوژرا وە هێندێک لەخەلکگیران.

لە ۱۶ی ئوتی ۱۹۵۳ دا خۆ پێنیشان دانیکی گەورە بە لایەنگری موسەدق لەمهاباد بەڕێوەهات. بۆ هەوەلین جارپاش شکانی شۆڕشی کۆماری مهاباد، هێمن هونەری کورد، هونراوەیەکی بەزمانی کوردی لە خۆپێنیشان دانیکدا خویندەوە[1]

شەقامی پەهلەوی بەنێوی (۱۶ی ئوت) واتە ۲۵ی مرداد گۆڕدرا، ئەوکارە بەخاتری ئەوە بوو کە قازی موحەممەد لەسالی ۱۹۴۵ دا لە (۱۶ی ئوت) حیزبی دیموکراتی دامەزراند.

بەلام پاش چەندێک لاپەڕی مێژوو پەڕی لێدرا، شا کە چووبۆ شاری ڕۆمی ئیتالیایە، هێندێ لەلایەنگرەکانی لەئێران بە یارمەتی ئەمریکا پەیان کودتایان کرد، وەشالە ۱۹ی ئوتی ۱۹۵۴ دووبارە گەڕاوە ئێران! ئینجا لەنیوەشەوێ داشاری مهاباد لەلایەن سەربازەکانی شاوە، گەمارۆدرا، وەئەوجاریش دەسیان بەگرتنی خەلکی شارکردو، دووبارە حیزبی دموکرات کردەوەکانی بووە بەنهێنی

۱) هێمن هونەری بەناوبانگ لە ۲۵ی مردادی سالی ۱۳۳۲ دا بەبونەی هەلاتنی شاوە چونی بوروم ئیزگەئی بەغدایەوە هونراو (یەکی باشی خویندوە گەتاخرێکەی ئەوەبوو: برو ئەی شای خائن بەغدا نیوەی رییەت بی - م - ر

۳ــ جیاوازی یارتی دێموکراتی، کوردستان لەحیزبی تووده

خەبات گێڕەکانی هەوا داری پارتی دیموکراتی کوردستان چاوە ڕوانی ئەوەیان بوو کە ۷۰۰ ئەفسەری تووەیی لەهێزبی گشتی ئیران داهەن، بزوێکی زوو هەل دەستنە سەرپێ وکاروبار بەدەستدەگرن، وەحیزب وابە قەوەت بوو تاڕادەیەی کە هێندێ لەوئەفسەرانە تانێوە ڕووکەو، دەروونی دەرباری شای چووبوونە تێو، وەهەروەها یەکێ لەسەروکەکانی (ڕۆکنی دوو) کە چووبۆسەر کوت کردنی کارگەرەکان بۆ ئابادان لەئەندامانی حیزبی تووەبوو. بەلام نەیان تووانی کارێکی بکەن، جامەبەست بەوبەهانەیەحیزب دەنگی دەربڕی، وە جوی بوونەوەی هینا پیشی.

بەراستی هێزی حیزبی تووده لەشاری سەنعەتی ئابادان زور بەقەوەت بوو، پاش ئەوەی کە ساواک پێکهات، ئەوهێزەیان بەتەواوی تێکدا

ئینجا لەوکاتەدابوو کە پارتی دیموکرات خۆی لەحیزبی توده جوێ کردە وە ــ سەرئەنجام لەسالی ۱۹۵۵ ئەوکارەکرا. پاش ئەوجوێبوونەوەیە، پارتی دێموکراتی کوردستان لە گەل حیزبی توده نێوان ناکۆکیان لێ پەیدابوو، وە لە ئاکاما کاتێک کە لەسالی ۱۹۵۵ پولیس سازمانی حیزبی توەدەی تێکدا، حزبی دیموکرات تەدبیریهێنا سەرئەوەی کە خەباتی خۆی لەحیزبی توده جوی کاتەوە.

۴ــ کمیتەی مهابادو، سنه

لەو کاتەدا کە لەلایەن دەولەتی ئیران خەلکیان لەبەندیخانە دەکردو، زۆریان بو خەلکی دێنا، سازمانێکی کە بتوانێ بەچاکی هێزبگری پێک نەهاتبوو، ئەندامانی بەنێوی ئەوحیزبەکەبریتی بوون لە عەزیریوسفی، غەنی بلوریان، عەبدووڕەحمانی قاسملو، ڕەحیمی سولتانیان، کەریمی ئووەیسی وە عەبدوولڵای ئیسحاقی (ئەحمەدتەوفیق) وەلەشاری سنەلەلایەن شەریعەتیو، هێندێ لە ئەندامانی دیکە، کمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان،

پێک هینا . . . .

لەسالی ۱۹۵۴ – ۱۹۵۵ داغەنی‌بلوریان ، تووانی‌چەند ژمارەیەک رۆژنامەی کوردستان لەچاپخانەی تەورێز لەچاپبدا ، بەلام پاش ئەوەی‌کە پۆلیس بەوکارەی زانی ،نەیان‌تووانی پتر لە پێنج ژمارە ئەورۆژنامەیە لەچاپبدەن‌و ، وەدەری خەن (ئوتی ۱۹۵۵) ئەوروژنامەیە لەبارەی دامەزراندنی‌حیزبی دیموکراتی کوردستان دەی‌نووسی‌وهەوالێ‌شی بڵاوده کردەوە .

۵ – کمیتەی ناوەندی سالی ۱۹۵۴

لەسالی ۱۹۵۴ زاینی‌دا دووکمیتەی مەهابادو سنە یە کێتی خۆیان راگەیاند وە (کمیتەی مەرکەزی) لەئەندامانی هەردوک شارپێکهات .

لەمەی ۱۹۵۵کمیتەی مەرکەزی کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا وە لەچەند کیلومەتری شاری مەهاباد کۆن‌فرانسێکیان بەڕێوەبرد کە ۲۰مرۆڤی ئەندام ئەوکمیتەیە دا بەشداری کرد لەئاوەدانیێکان‌و ، دێیەکانی‌دەوروبەری مەهاباد دا ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆربوو هەروەها لەشاری سنەو کرمانشانیش‌دا چەند هەزار مرۆڤێک ئەندامی حیزب بوون . سازمانی‌حیزب زورباش پێکهاتبوو ، بەلام بزوتنەوەکەی هەر بەنهێنی بوو ، وەهەروەها یەکجار بە نهێنی‌و ،دزی ، لەگەڵ پارتی چەپی‌عەراق پ.د.ک.ک.ع وەپارتی دیموکراتی کوردستان عەراق پ.د.ک. کە خۆیان بەپارتێکی‌سەر بەخۆ دەزانێ هات‌و ،چۆیان پێکهێنا ، وەتائەوڕادەیەی کە ئەدوو حیزبە نێوان ناخوشیان لێپەیدا ببوو ویستیان کە حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستانی‌ئیران لەوبارەیەدا قەزاوەت لەنێوانیان دابکات ،وەپێکیان بێ‌نێتەوە .

۶ – پروگرامی پ.د.ک ئیران (۱۹۵۶)

لەسالی ۱۹۵۹ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران هەوەڵین "بەرنامەی خۆی لەچاپدا ، واتە "نەخشەی‌بەرنامەی" خۆی بەڕێوە برد ، کە هەر دووائی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی زەمانی قازی‌موحممەدبوو ئینجا حیزب دەنگر

ئاهەنگ و ، هەوای گۆڕی ! دروشمی (خەبات دژی ئیمپریالیسم وەسەر کەوتنی- نەتەوایەتی" لەڕووی نەزمو ، ئاهەنگێکی دروستەوە دەگوترا ، نووسەرەکانی کورد لە هەوەلەوە لەبارەی چێوتیو نالەباریو نارەحەتێکیدا کە بە درێژائی میژوو لە کوردستانی،ئیران کراوە ، دەیان‌نووسیو ، بڵاویان دەکردەوە کە بریتی‌بوون لەوگوتراوانە : منداڵانی‌کورد ناتووانن بە زمانی خۆیان بخوێنن‌و ، بنووسن ، وەبەزۆر زمانێکیان‌پێ فێردەکەن ،کەپێیان‌خۆش‌نیە وەئەویش زمانی فارسیە . . . . وەئەوەی کە بۆنی کوردێیەتی لێدێ نابی‌بەسەرزار دابێ ، تەواوی کاربەدەستەکانی کوردستان لەتارانەوە دەنێردرێن ،لەکوردستان‌دا هیچی‌نیزامی زۆرە ،واتە "میللی‌تاریزەبووە ، پۆلیس دەسیان بۆ سەرناموسی خەڵک درێژ دەکەن . "

وە هەروەها نوسەرەکان بەوجورەیان دەنویسی کە: نەتەوەی کورد لەژێر دەستو ، پێی سێ ملهورو ،زوردارد "فشاری ئیمپریالیسم ، حکومەتی ناوەندی سەرمایەداریو ، فئودال بوورژوا ،وەفئوداڵەکانی کورد" بەسەردەبات . . .

هەروەها دەریان دەبڕی کە پێویسیە دژی شۆڤینیسم ئیرانی کە دان بەسەرمافی نەتەوایەتی کورد دانانێ وەمافی‌هیچیەک‌لەنەتەوە بەش‌خوراوەکان‌و ، چەوساوەکانی ئیران نادا ،وەلەئاکامدا دژی حکومەتی مەرکەزی مۆنارشی ــ فاشیستی (شای خەبات دەکات ، تابتوانێ مافی‌خۆی بەدەست‌بێنێ‌وەحکومەتی نەتەوایەتی کورد دامەزرینێ ،وە داوادەکا پارڵمانێکی لەنێوخۆرانی نەتەوەکان دروست بێت ، تاکاروباری نەتەوەکان بەچاکی بەڕێوە بچێت . ژنان پێویستە لەکاروباری و لات داهاوبەش‌بن‌و ، هەل بژێردرێن ،وە لەگەل پیاومافیان بەرامبەربێت .

زمانی کوردی پێویسیتە زمانێکی ڕەسمی کوردستان بێت ، وەمافی نەتەوە چکۆلەکان‌و ، کەمەکان‌ش لەوبارەدا لەبەرچاوبێت .

ئازادی مەزهەبی ، قەڵەمی لەبەرچاوبێت ، سەرئەنجام حیزبی دیموکراتی کوردستان دیەوێ حکومەتێکی دیموکراتیک پێکبێت ، حکومەتێک ، بێت کە زۆری سەرنێزەوپۆلیسی تێدانەبێ . ئینجا هێزی نیزامی وپولیسی ، پیویسیە لەخەلکبی بەنێوێ هیزی نەتەوایەتی) .

هەروەها لەبەرنامەی حیزب‌دا ، مەسەلەی دانانی کارخانە لەو لاتی کوردستان ، بەشداربوون لەکان‌و ، مەعدەنی ژێرزەوێکان‌و ، بەشدار بوونی‌خەلک لەئاوو ، سەرسەبزەدیمەنەکان‌و ، جەنگەلەکان ، دابەش کردنی زەوێیکانـــی

فیۆدالەکان لە نێوخەلکە چەوساوەکان ،وە ئەستاندنیزەیو ، زارەکانلەدووژمنانی خەلکو ، بەشکردنی لەجوتیارەکان و فەلەکانی،چەوساوە ،بەڕێوەچێ وە هەروەها تاکو تەمەنی ۱۴ساڵە بێویسیتە خوێندن ئیجباری بێت ، دانانی کانکای تێئاترو ، ئیزگەیرادیو ، زانستگە ، وەدانانی مەدرەسەی نەتەوایەتی بە زمانی کوردی• وە هەروەها حیزی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەیخەباتدەکات ،کەتەواوی ، نەتەوە کوردەکانی جیرانی خۆی لە دیلی و ئێخسیری ڕزکاربکات ، وە بۆ ئازادی ئەوان تێدەکوشی . "

سەرئەنجام بەو بۆنە یەوەبوو کە لەسالی ۱۹۷۳ ، لەکێشەکێشوشۆڕشیدا کە حیزبیدیموکراتیکوردستانی ئیران "ڕەسمەن" ڕایگەیاند کە خەباتی "چەکدارانە" دژی ڕەژیمی شادەکات . بەڵامحیزبی دیموکرات لەسالەکانی ۱۹۵۸ – ۱۹۵۵ ، ڕووناکی کردەوە کەلەحەرەکەتی نەتەوایەتی شۆڕش گێڕانە دوومەبەستی هەیە ،واتەوەدەرنانیشاوەبەدەستهێنانیمافی نەتەوایەتی وەیارمەتی بەکوردە چەوساوەکانی و لاتی جیران وەخەباتبۆسەرتاسەری کوردستان

فەسلی ۴

ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەکاتی دامە زرانێوە (۱۹۴۶) وەشۆڕشی ۱۹۵۸

پێشوازیو، دڵنوازی قازی مەحەممەد لەمەلامستەفای بارزانی وە ۱۰/۰۰۰ کوردی هاوڕێی، مەسەلەیەکی گرنگی هێنا گۆڕێ... قازی مەحەممەد تێدەگۆشی کەبە مەلا مستەفایلەپێشهاتنی ڕابگەێنێ کە لەو کاتەدا کە دەیەوێ پەنـــــای بۆ کوردستانی ئیران بێنێ، مەسەلەیقاتیو، قڕیو، بێنانی لەگۆڕێ دایە، وەهاتنی وان بۆئیران پڕ لەمەترسیو، دژواریە.

سەرئەنجام مەلامستەفاو،هاوڕێیەکانی لەلایەن هێزی عەراقەوە لەسالی ۱۹۴۵ بۆئیران ڕەپال دران وەبەبێ ئەوەی کە چاوە ڕووانی وەڵامـــــی قازیمەحەممەدبێ، وەبیرلەکارەکە بکاتەوە، لەگەل مرۆڤەکانی لەسنوور ڕادەبرن، وەدێنە ناوچەی شنۆ، مەهاباد. ئینجا بە هاتنی ئەوان قاتیو،قڕی، نەخۆشی کە وتووئی زەرەروزیانێکی زۆری لەومەلبەندەدا.

کوردەکانی ئێران بەچەشنی کوردەکانی عەراق زۆر سڕ پۆش بوون، وەلە چەشنی ووتو،وێژێکی کەلەبەینی قازی مەحەممەد، وە مەلامستەفادا ڕادەبرد، حالی نەبوون. سەرئەنجام وارووونبووە کە مەلامستەفا بەچاکی سەری بۆ قازیمەحەممەد شۆڕ کردوتە وە،وەگەورەئی وی‌سەلماندووە. لەڕاستەقینە دامەسەلەی گفتوگوی ئەودوومرۆڤە بەچاکی‌دیاربوو، ئەویشمە بەستی هەردوکیان ئەوەبوو کە مەسەلەی (پەیامو، وەلامی میژووایەتی) کەلەوکاتو، دەمەدا، کە لە گۆڕێ دایە، بەڕێوەببردرێ!

لەمانگی فیووربیەی‌سالی ۱۹۴۶ دامانێگ پاش‌قازی مەحەممەدو، حکومەتی

کۆماری کوردستانی ئێران لە (۲۲ ژانوییەی ۱۹۴۶) رایگەیاند کە ۹کەس لەکوردیعەراق واتەبارزانیو، هەمزەعەبدوواڵا کمیتەی پارتی دیموکراتی کوردستانیئێران بۆ چارە سەرکردنی بارزانیێکان لەئێران داپێکهاتووە! مەبەستی دانانی ئەوکمیتەیە ئەوەبوو کە هەستینەتەوایەتی خۆی بۆ کوردانی عەراق، چاوەدێریبکات! لەهەوڵەوە قازی مەحەممەد لەسەر دامەزراندنی ئەوکمیتەیە رازیبوو، ماشێنی تایپی لە ژێردەستی دانان، بەڵام وردە ـ وردەپێی حالی کردن کە تەنیاحیزبێک لە کوردستانی ئێراندا، پێویستە، لەکارو کردەوەدا ببزوێوتەوە.

پاش چەندێک هەمزەعەبدوول لا گەڕاوەعەراق، وە نامێلکەیەکی پێبوو کە بۆ باباعلینووسرابوو، کە ئەومرۆڤە یەکێک لەقەومەکانی شێخمەحمودبوو، نووسراوەی ئەو نامێلکەیە بریتی بووە لە داخووازی گەڕانەوەی مەلامستەفا بوعەراق، وەووتو، وێژکردن لەگەل دەولەتی عەراق. ـــ، هەروەها بارزانی ویست بووی‌کە پیاوە چەک دارەکانی عەراق بەیارمەتی هەمزە عەبدوواڵا پارتی دیموکراتیکی کورد لەعەراق، دامەزرێنن.

۱ ـ گەڕانەوەی بارزانی بۆعەراق

پێویستە بگوترێ کە نێوانی قازیموحەمەد، لەگەڵ مەلامستەفای‌بارزانی هەروا دەهات ناکۆکترو، خراپتربێت ـ وازوچلۆ نایەتی پەنابەرەکان لەبابەت لەشساغیو، خووادنەمەنی ڕۆژبەڕۆژ بەرەوخراپ دەڕۆیشت. لەلایەکی دیکەشەوە بارزانی لەگەل ۳۳ کەس لەهاوڕێیەکانی، وەشیخ ئەحمەد لەسالی ۱۹۴۵ دا لەدادگای بەغدایەدا بە ئیعدام مەحکوم کرابوو، چونکە لە دادگایەدا خازرنەبوو. [۲]

بەڵام وادیاربوو کە چوونەوەی بارزانی بۆخۆی تاکتیکێک بوو، بیرۆڵای بارزانی ئەوە بوو کەلەسەر ئەوەشڕاکەنێوانیان لەگەل قازیموحەمەدو هاوڕێیەکانی زۆرخوشنەبوو بەڵام بارزانی دەیەویست بەهەرچونێک بێ دڵیقازی بەجێ بێنێ، وە بۆ لای خۆی زیاتر بکێشێ.

برایم ئەحمەد نەیدەویست کە کۆماری کوردستان لەمهاباد لەڕو،

لاوازبێ، ئینجا نامەیەکی لەقازی موحەممەد ،نووسی کە لە بارزانی زیاتر چاوەدێری بکرێ،وەباشتر ئاگای لێبێوە تاکتیکی حیزبیدیموکراتی عەراق لە شاری سولەیمانێ دا بەوجورە بە شکان ڕووبەروو بوو. ۲

بەشوێنی ئەوە دالەچاپەمەنیکان‌دا بەتایبەت لەڕۆژنامەی کوردستان لە سالی ۱۹۴۶ نیۆی بارزانی‌نیان بە ژێنیرال مەلامستەفای بارزانی نیۆبرد و مەسەلەی گەڕانەوەکەی دووائی‌هات‌و، ئی‌دی‌باسی‌نەکرا.

۲ ــ پێک هاتنی حیزبێکی کورد لەعراق‌دا

کۆڕی هەمزەعەبدوول‌لا کە بەشی دووهەمی کۆڕەکە بوو،بەو نەتیجەیە گەیشت کەبۆسەر کەوتنی گەلەکە لە داهاتوودا پێویستە "حیزبی دیموکراتیک کوردستان لەعەراق دا پێکبێت،وەبەدووای ئەوەدالەکوردستانی تورکیەش‌دا حیزبێک هەستی هەبێت وە بەوجورە هات‌و،چۆ لەنێوان ئەوان‌دا وەدی‌بێ،وە پەرەی پێ بدرێت. لەوبەینەدا بەرەنگارێک لەبەینی برایم ئەحمەدو، ئەوانی‌دی ڕووی‌دا،چەند سالێک ئەوە هەردرێژەی هەبوو، حیزبی دیموکراتی عەراق لەبەینی دوو ڕەقیب،واتەبرایم ئەحمەد وە هەمزە عەبدوول‌لا، کاروباری خۆی دەکرد، ئینجا هەوڵ دەدرا،بەینی ئەو دووانە نێونجی بکرێو،پێک بێنەوە وەنەخشێکی ئەوتۆیان ڕەچاوکرد،کەئەو دووانە بکەنەخزم‌و، بەنێوان ناخۆشێکە دووای پێبدەن جاهێنایان خوشکی برایم ئەحمەدیان دابە هەمزەعەبدوول‌لا، و خوشکەزای هەمزە عەبدوول‌لاشیان لەبرایم ئەحمەد مارەکرد. وەتەنانەت ئەوئال وگۆڕە بە کوردەکانی مەهابادیش ڕاگەیان‌درا. لەبەینی کوردەکانی عەراق‌دا ئەوکارە بەچاکی‌دەنگی داوە،وە سەبارەت بەوەبوو کەسەرئەنجام کوردەکان ببنەیەک پارچەوە نبنەباعسی ئەوەی کە "کۆماری مەهاباد[۴] لەڕو لاواز بکەن‌و، لەیەکتر بڵاوبێ". ئەمما پاش سی‌سال واوەدەرکەوت کە بزوتنەوەی کوردەکان لەمەهاباددا کە لەئاکاما "کۆماری کوردستان بەهەست هات،لەگەل بزوتنەوەو، ڕاپەڕینی کوردەکان لەعەراق ــ کەتەنیامەبەستیان مافی‌نەتەوایەتی لەچوارچێوەی عەراق دابوو، فەرقی هەبوو.[۵] بە بۆنەی ئەوەوەبوو کە کۆڕی دامەزرێنەرەکانی حیزبی دیموکراتی عەراق،زۆر بەزەحمەت دەی تووانی لەگەل کۆماری مەهابادهات‌و،

چۆ بەرقەرار بکاتەوە دەستوری کاروباریان لێوەرگرێت. سەرئەنجام کۆماری مهاباد بەوانی ڕاگەیاند کە ئۆتۆنۆمی واتەمافی نەتەوایەتی لەئێراندا لەگەل ئوتونومی لەعەراقدا تەفاوەتی زۆرە، وەپێکەوە جوورنایەنەوە. ۶

پاشئەو ڕاگەیاندنە، هەمزەعەبدوواڵا کە لایەنگری شیوعێکان بوو، هیوای بەهەست هێناوەگەڕاوەباڵ "شۆڕش" وەهەستا چوبەغدایە وەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ لیدێرەکانی شیوعی بەجێهێناوە لەکونگرەی حیزبیکومونیستدا بەشداریکرد وەلەگەڵجەمال وەسالححەیدەری وە نەفەریونی چاوپێ کە وتنێکی کردو، دژی بارزانی لەگەل ئەوان ڕێکەوت، وەلەگەل (براکانیحەیدری وە نەفەریونی بوونە "ئەندامی کمیتەی ناوەندی" لەکاتێکدا بەشیزور پێشنیاری دالەگەل حیزبی دیموکرات هاتوچوی ببردرێ، وەئەویش بەنیوی کەمایەتی شورش لەگەلیان تیکەلبوو. لەژوئینی ۱۹۴۶ هەمزە عەبدوواڵا گەڕاوەو لاتەوە ڕێگایەکی تازەی حیزبایەتی بۆمەلامستەفادانا، وەبارزانی بووبە سەرۆکیحیزب، وەشیخ لەتیف، یەکێک لە کوڕەکانی شیخ مەحمود، وەزیاد مەحەممەد، بووبە نایب سەرۆکی، حیزب

۳ ــ هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی عەراق (۱۶ ئوتی ۱۹۴۶)

لە۱۶ی ئوتی ۱۹۴۶ نوێنەرانی تەواوی ئۆرگانی کورەکوردەکان لەکاتێکدا کەسەرۆکایەتی بارزانیان سەلماندبوو، لەنهێنیدا هەوەڵین کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد. بارزانی لەمهاباد لەلایەن هەمزە عەبدوول لاوە ناساندرا.

برایم ئەحمەد (لەکاتێکدا کە دەیەویست لەو کونگرەیەدا بەشداربێت، بەڵام مەبەستی ئەوەبوو کە سەروە حیزبێ، نەسەلماندراو، لەحیزب وەدەریانا! (پاشتێک جوونی کۆماری مهاباد لەمانگی مارسی ۱۹۴۷ بووبە ئەندامی حیزب).

لەسەربیروڕای ئۆرگانو، سازمان، هەمزە عەبدوواڵا بەنیوی سێکرێتێری گشتی حیزبیدیموکراتی کوردستان هەڵ بژێردرا. کەتەواوی نەخشەو، ئاکاری ئەوحیزبەلەسەر ڕێو شوێنیحیزبی کومونیستی شورەوی بوو، وەکمیتەی ناوەندی کە لە ئەفسەرەکانی میللی کە بریتیبوون. لەمیر حاج، عززەتعەزیز، مستەفا

خۆشناو، وەنوری ئەحمەدتاها، وئەندامانی "پۆلیت بۆرو"[1] کە بریتی بوون لە کارەبەدەستان ودەستەلاتدارانی هەرە سەرووی حیزب، کە هەمزە عەبدوللا، عەلی عەبدوول لا وە دوکتور جەعفەرعەبدوول کەریم بوون.

بەرنامەی تازەحیزبی کوردستان عەراق، بەرنامەیەکی کە لەسەرپلەی ژووروبو، هاوڕێ لەگەل ئەوپارتیە خەباتێکی گرینکی کوردایەتی ناسیونالیستی ڕەچاو کردبوو، ــ لەسەرەتای ئەوبەرنامەیەدا، ئۆتۆنومی بو کوردستانی عەراق ــ بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوا کردنی مافی ئیجتماعی بۆ گەل کە بریتی بوون لە:ئیسلاحاتی زەوی، چاک کردنی کارو، باری ژیان، باشکردنی ئیشو کردەوەی ئابوری، میللیکردنی ئاوەکان و مەعدەنەکانی ژێرعەرزی،جۆی بوونەوەی کلیسا لەدەولەت) لەئاکاما، حیزبی دیموکراتی کوردستانی عەراق ڕایگەیاندبوو کە لەبنەڕەتڕا حیزبێکی دژی ئیمپریالیستو، دژی ئیرتجاعیو، کۆنەپەرستیە، کەبەشدار دەبێ لە (جەبهەی ملی) لەگەل حیزبی خەلکی، عەزیزشەریف، وەلەگەڵ پارتیناسیونال دێموکرات،وە حیزبی کومونیستی عەراق، هاتوچۆ دادەمەزرێنی

ئەندامانی ئەو سازمانە شۆڕشە کە لەنهێنیدا بوون لە ۵۰۰ تا ۲۰۰۰ مرۆف[7] پێکهات بوو[8] ئینجاحیزب ڕۆژنامەیەکی حەوتووئی، بەنێوی ڕزگاری بە عەرەبی چاپکرد. بەلامنزیک بوونەوەوهاتو،چۆی حیزب لەگەل سازمانی هیوا زۆربەزەحمەتپێکهات، چوونکە بارزانی لەوکارە پێشکیریدەکرد، وە کەنجەکانی کوردیش دەیانەویست،ئەوهاتوچۆیە بەرقەرار بێت. جا هەرچونیک بوو بەو هەموو دەردی سەرێوو ناڕەحەتیە،حیزب پێکهات، بەلام دەهات "هەتیو" بمێنیتەوە. لەمانگی ئاوریلی ۱۹۴۷ مەلامستەفا چۆ و لاتی شورەوی‌وە پارتی دیموکراتی کوردستان، تائەوڕادەیە گەیشت کەلەگەل بارزانی هاتوچوی ببرێوە تا سالی ۱۹۵۵ ئەوکارە بەردەوام بوو.

① پولیت بورو: دەفتەری ڕامیاری حیزب

۴ ــ حیزبی دێموکراتی کوردستان عەراق بەبێ مەلامستەفا (۴۷ ــ ۱۹۵۸)

ئاکارو ، کردەوەی مەلامستەفای بارزانی لەلایە کەوە ، وەبیرو ، ڕای ڕووناک بیرەکانی کومونیست لەلایەکی دیکەوە (شۆڕش) ، سەرئەنجام دەهاتبەوجێگایە بگاتکەحیزبی دیموکراتی عەراق ببێتە دووبەش ، جالە نێو ئەندامەکاندا ، باسو ، دەمەتەقە ڕووی دەدا .

لەسالی ۱۹۴۶ڕا ، لەکاتی کەئەندامانی پایەبەرزی حیزب کوبوونەوەیەکیان لەبەغدایە پێکهێنا بوو ، فشار بۆخەلک زۆر پتربوو ، وەبی سووچو ، تاوان خەلکیان دەکوشت ، هەروەها ڕژانە سەرسەرۆکەکان ،گرتنان ، هێندێ لەخەلک کوژران . بالی چەپی حیزب لەنێودەولەتەوە کە بریتی لە شوێدی بوولایەنگری لیدەکرا ، بەلام ئەرشەدئەلعومەری جێنشینی ئەو دژی ئەوکارە دەبزوتەوە .

لە ژانوییەی ۱۹۴۷ ــ نوری سەعید بە قودڕەتکەیشت ، پۆلیس لەنەکاو نووسەریگشتیی حیزبی کومونیستی عەراقێ کە بەنێوی یوسف سەلمانیۆسفبوو ، وە و دوو ئەندانیدیکەی حیزب کومونیستگرت داداگائەوانیبەمەرگ ناساندوویان بەزیندانی ئەشکەنجەئی مەحکومکران لەسەرئەوەش ڕا کوردەکان پترخەباتیان دەکردو ، ڕانەدەوەستان : لە ۱۹ مانگی ژوئێنی ۱۹۴۷ دا چووار ئەفسەر بەناوانی سەرهەنگ عززەت عەبدوول عەزیز مستەفاخۆشناو ، وەخێزووڵڵا ، عەبدوولکەریم وەسەروانمەحەممەد مەحمود کە لەگەل خانەوادەی بارزانی لە ئێران ڕاگەڕابوونەوە عەراق ، لە بە غدا لە داردران

ئەوکارەساتە بە شوێنی تێک چوونی کۆماری مهاباد دابوو ، کەلەگەل ئەوکەسانەی کە لەداردران نزیک بە ۵۰۰۰ کەس ژنو ، منداڵ ، پیاویپیر ،بوون ، لەسەر بازخانەیەکدا ، نزیکبەدیانا زیندانی کران ،وە پیاوەکانێکی کەلەگەل مەلامستەفا نەچوو بوونە و لاتی شورەوی وەنێزیکبە ۱۰۰۰ مرۆڤ دەبوون لەبەندیخانەکانی کەرکوکو ،سولەیمانێ دا زیندانیکران ،وە شیخ ئەحمەدیش لەگەل ئەوان بوو! لەسالی ۱۹۴۸ دا ، دەولەتپالەو ، پەستوێکی زۆری بوسەر لایچەپی حیزب هێنا . هەر لەوکاتەشدا پەیمان نامەیەکی تازە بەنێوی پەیمانی

پۆرتسموت کە جێگای پەیمان‌نامەی سالی ۱۹۳۰ دەگرتەوە، لەلایەن سالح جابرە، کەسەروک وەزیر بوو، لەنهێنی دا بەسترا. ئەو پەیمان نامەیە پێک هاتنێکی بەرگری بوو لەنێوان عەراق و دەولەتی ئینگلیس لە درێژائی مانگی ژانوییەی سالی ۱۹۴۸ دا لەبەیان‌نامە کانێکی کەلەبەغدایە، وەدەر دەکەوت بریتی لەوەبوو کەشۆرشێک بەشوێنی ئەو کارەساتەداهەیە. بەدووای بەیان‌نامەی ۲۷ی ژانوییەی ۱۹۴۸ وەکوەحشیان لەگەل‌خەلک دەبزوتنەوە، وەنزیک بە ۳۰کەس کوژران وە ۳۰۰ کەس بریندار بوون، بۆلای ئێوارێ حکومەت گۆرا، وەجێ‌نشینی‌تازە پەیمانی پۆرتسموتی ئیمزاو، دووپاتە کردە وە.

لەکاتی هەوەڵین شەڕی عەرەب ـ ئیسرائیل یاسای جەنگی پا گەیاندرا وەهێندێ لە سەرۆکەکانی حیزی دیموکراتی‌ی کوردستانی عەراق مەبەست بە "کومونیست" بوون پاڵەستۆدران‌و، گیران، وەبرایم ئەحمەد بە دووسال‌زیندا‌ن مەحکوم‌کرا، ئەوانی‌دی پەنایان بۆ و لاتەکانی دیکەبرد، وەهێندێکیش خۆیان شاردە وەو، بێ‌دەنگ بوون. لەوبەینەدا حیزب لەگەل پارتی کومونیست، وە حیزبەپیش کەوتوکانی دیکە، شان‌بەشان خەباتی‌دەکرد. لەئاکاما حیزبی دیموکراتی‌کوردستان لەتەنیشت حیزبی کومونیستی عەراق بەخەبات و ژیانی‌خوی دریژەی دەدا، وەبرایم ئەحمەد بەنێوی سی‌کریتیری حیزب هەل بژێردراوە. ۱۰

۵ ـ بارزانی لەوڵاتی شۆڕەوی‌دا

مەلامستەفا لەکاتێک‌دا کە زۆر بەزەحمەت‌و، کۆێرەوەری بۆ و ڵاتی شورەوی‌هات بوولە بە رچاوی دەولەتی‌شورەوی باش ناسرابوو. دەولەتی شورەوی زۆر لەمێژ بوو لەوەی‌دەگەڕا کە نەخشەی بکێشێ کە پیاوێکی مەخفی ئینگلیس لە داوخا بەو چەشنە لە ڕووانگەی و ڵاتە غەربێکان (روژئاوەیەکان)دا، "ئشکەرێنگی کوردی مسکەوی" لەڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست دا پێک بێنی! لەڕۆژنامەی نیویورک[1] تایم لەسەر هەوالێکی کەدابووی، کاتی ڕامیاری شورەوی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست‌دا ڕوونا‌ک کردبۆوە، وە سایروس سالیزبێرگێر گوتی: کەچۆن کوردان، بوونە ستوونی پێ‌نجمی سوێەت، وەمەلامستەفا بەئاشکرائی مەدرە سەیەکی

۱) روژنامەی نیویورک تایم‌لە ۳ ئوریلی ۱۹۵۰

تایبەتی ڕامیاری بە یارمەتی شۆڕەویکان لەشاری نەخجوان، داناوە کە ئەندامی هاوڕێی خۆی بۆرخنە لەو وەلاتەکانی تورکیە، عەراق وەئیران، لەومەدرەسەیەدا تەعلیم، وەپەروە ردە دەکرێن! ۱۱

بەشوینی ئەوەدا لەئەندامانی حیزب لەو،لاتی ئوروپاداتێ کوشان کە مرۆڤێکی ئەفسانەی کورد بەنێوی "ژی‌نیرال‌ی‌سوور بەهەستبێنن.[1] بولتەنی متالای ــ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد کەلەپاریس‌دا لەلایەن ئەمیرکامران بەدرخان‌وە بە چاپ دەگەیشت، ڕای‌گەیاند کەمەلامستەفا لەوەی‌پاش بەچەشنێکی ڕازاوە،ڕوژی سەعاتێک لەرادیو باکو،قسان بلاودەکاتەوە،وە خەلکی کورد بەیەکەتی داوەت دەکات،وەمزگێنی‌شی‌دا کەئەگەر سەبرو، حەوسەلەتان‌بێ، ڕۆژێک دێ کە ڕۆژی پیروزی بۆ کوردان دەبێ. بەلام نەزاندرا کە چۆن ئەمیر بە درخان ئەوەهەواڵەی پێگەیشت بوو، وەبلاوی کردبۆوە ــ پاشان ئەمیر بەدرخان لەپاریس گوشەنشین‌بوو وەئەوەهەواڵەش ڕاست نەبوو! ۱۲

ئینجا بەگەیشتنی مەلامستەفا بەو لاتی شورەوی لەگەل میرجەعفەربا قرۆف سەرۆکی ئاذربایجانی شورەوی چاوپێ کە وتنێکی‌کرد، وەلەبابەت مەسەلەی پەرەوازەو، بال‌بەسەرڕاکێشانی دەوروبەری ڕۆژئاوای ورمێ ووت،وێـــژی دەست‌پێ‌کرد، وەمەسەلەی کۆماری ئاذربایجانیش قسەی‌لێ کرابوو. بارزانی بەومەسەلەیە ڕووی‌خۆشی نیشان نەدا، ئەومەسەلەیە دەپێش‌دا لەگەل قازی موحەممەدیش باسی‌لێ کرابوو گوتی کە دەزانین ئەوناچەیە کوردەکانی تێدان. دەگێڕ نەوە کە لە جێژنێکی ڕەسمی ڕامیاری‌دا کە باقرۆف، بارزانی بانگ هێشت بوو، مەلامستەفا گوتی کەمن: چون دەتوانم لەوجێژنە داشادبم وەشت‌بخۆمو، بخۆمەوە! لە کاتێک‌دا هێستا ۵۰۰کەس لەهاوڕێیەکانم لەو لاتی شورەوی برسیانەوە کاروئشیان بۆ ڕەچاونەکراوە (ئایا ئەوقسە، راست بێیان درۆ، بەهەرچونێک بێ‌هات‌و، چۆلە بەینی‌بارزانی و قودڕەتەکاتی ناوچەکەم ببۆوە. ئینجا پاش ئەوکارە ساتە پیاوەکانێکی کەلەگەل بارزانی هات‌بوون، بو ئاوەدانێکانی هەرمەنی‌نشین ناردران،بەلام پاش‌چەندێک نازیاننە ئوزبەکستان وەبەنێوی پەنابەر جێگیربوون، ئترنێوی پەنابەری ڕامیاریان لەسەرنبوو..

بارزانی‌و، هاوڕێیەکانی کەلەو لاتی شورەوی‌جێگیر بوون وردە-وردە

۱) ۲ بولتن ناوەری متا لای کوردان ژمارە ۱۰/۱۹۵۰

وازیان باشبوو وەبەچاکی دەژیان، بەلام هیچ نەخشێکیان بەتایبەت بارزانی لەکاری ڕامیاری دانەبوو چاپەمێکانی کوردیی ڕادیۆنەینی کوردەکان بەرنامەی بەڕێوە دەبرد، ڕۆژنامەی ئاذربایجان هەموو ڕۆژێ لاپەڕێکی تایبەتی بۆ کوردان هەبوو، وە ڕادیۆی نەینی لەباکو هەروەها ووتو، وێژی لەبارەی حیزبی دیموکراتی ئاذربایجان وەکوردستان‌دا تاسالی ۱۹۵۵ - ۱۹۵۴ بەنیوی کوردستان بلاو دەکردەوە. وەبارزانی وەک ئەندامێکی سادە لەوڕۆژنامەدا وەیان ڕادیو دا، دەی‌نوسی ویاقسەی‌دەکرد. پاش مردنی ستالین، دوژمنایەتی لەنێوان باقروف وە مەلامستەفا ناخۆشتر ببوو، وازی کوردە پەنا بەرەگان ئسلاح کراً . بارزانی بەفڕۆکە چۆ شاری مسکو، وەلەگەل کمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی شورەوی کە بریتی بوون لەخروشچف، مالنکۆف، وە مۆلۆتۆف تووانی چاوپێ‌کەوتنێکی بەچێ‌بێ‌نیت‌وەوەک‌ئەندامێک‌بێ.

بارزانی لەو کۆ بوونەوەیەدا هێندێ بەقین ئەستورێوە لەهەوەڵەوە دەستی بەقسەکردن کرد، وەلەبابەت هاوڕییەکانی خۆی دەنگی دەربڕی وەگوتی تکام ئەوەبوو کە پەنام بدرێتێ، پەناتان دام، وەپێم‌وایە کە شورەوی دۆستی کوردانە، وە هەروەها بەقسەکانی دربڕەی پێدا، کەبۆنی گلێیی لێ‌دەهات" ئینجا بارزانی لەووتارەکەی‌دا ڕای‌گەیاند کەڕەجادەکەم کە ڕێگا بدەن کە گەنجەکانی کورد بتوانن بچنە قوتابخانەکانی سەنعەتی، وە بچنە قوتابخانەکانی حیزب کە درێژە بەکاروباری‌خۆیان بدەن، وە تاقمێکی کەمیش لەسەرۆکەکان لەمسکوی‌بمێننەوە، وەلەمەکتبی سیاسی ڕامیاری، مارکسیسم‌دا دەرس بخوێنن

پاش‌چەندێک کە جەلال تالەبانی کە چۆشاری‌وەرشۆ، وەلەفیستیوالی جیهانی گەنجان‌دا لەسالی ۱۹۵۵ بەشداری‌کرد، تووانی‌لەمۆسکوی لەسەرڕێگای خۆی‌لەگەل مەلامستەفا چاوپێ‌کەوتنێکی بەجێ‌بێنێ، ئەوە هەوەڵین چاوپێ‌کەوتنی بارزانی لەگەل خەبات گەرەکانی کوردی عەراق‌بوو، پاش سالی ۱۹۴۷!

لەکاتێک‌دا کەبارزانی وەدەرنانی شیخ‌لەتیفی لەحیزبی دیموکراتی کوردستان‌زانی، بەجەلال تالەبانی‌گوت کە پێویستە دووبارە پەیوەندی خوتان لەگەل نایبەرەیس، تازەبکەنەوە، وە هەروەک سالی ۱۹۴۶ هاتوچۆتان بەرقەراربێ وەهەروەها ئەوەشی‌گوت کە: ئێوەدەبێ لەگەل تودەی خەڵک نیزیکێکی زۆرترو هەبێ... حیزب نابێ سازمانێکی تەنگ نەزەر سەربەستبێ، بەڵکودەبێ لە

ڕووانگەی دوور بڕوانێ! "جەلال تالەبانی بۆباری دووەم هاتەوە مسکوی وەلە فێستیوالی ۱۹۵۷ دا بەشداری کرد. ئەوە دووهەمین کەرەت، وە ئاخرین جاری چاوپێ کەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەل سەرۆکی خۆیمەلامستەفابوو کاتێک کەمەلامستەفا لەگەلهاوڕێیەکانی چۆشورەوی، خەلکی کوردهەربەو هیوایەبوو کەئایا ڕۆژێک دادێ کە بارزانی بگەڕێتەوەعەراقێ؟ وەئەوڕۆژەیان چاوەڕوانی دەکرد.

۶ــ پە یەوەندی بنەڕەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕادیکالیزاسیون)

لەسالەکانی ۱۹۴۷ تا ۱۹۴۹ لەکاروباری حیزب پێشگیری لێکرا، واتە حیزب بەهیچچەشنێک بزوتنەوەیەنەبوو، وەهەروەها ئامانجیشی نامەعلوم بوو. سەرۆکەکانی حیزب تازەلەبەندیخانە ئازادببوون، هەوڵیان دا بەلکو یەکتر بگرنەوە وەژیانی تازە بەحیزب بدەنەوە.

لەمانگی سێپتامبری ۱۹۵۰ لەیەک گرتنێک دا ژایان هێنا سەرئەوەی کەلەمارسی ۱۹۵۱دا دووهەمین کنگرەی حیزبی دیموکرات پێکبێنن.

لەسەردەمی کوبوونەوە - دا ئەندامە سەرۆکەکان لە پێشدا دەیانەویست کەبرینی کۆنیان ساڕێژ بکەنەوە وە تەرتیبێکی باشتر بە سازمانی خۆیان بدەن.[۱۳] برایم ئەحمەد دەبیری حیزب دوومانگ بوو کە لەزیندان وەدەرکەتبوو. لەوکاتەدا بەشوێنی دامەزراند نەوەی سازمانی حیزب چەشنە "کودتا"یەکلەناوخۆیدا دژی هەمزە عەبدوولا بەڕێوە بردرا. کۆڕی کونگرە بۆ بەهەست هێنانی سێهەمین کنگرە بەرنامەیەکی تازەیدانا. ئینجا لە ژانوییەی سالی ۱۹۵۳ لە شاری کەرکوک سوهەمین کنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان عەراق پێکهات. لەو کنگرە یە دابرایم ئەحمەد بۆ کەڕەتیدووەم بۆوە بە دەبیری حیزب وەهەڵ بژێردراوە. ئاکارو کردەوی حیزب،وادیاربوو بۆلای چەپ دەڕووا وەتەنانەت کێشرا بۆلای پارتی کومونیستی عەراق[۱۴]! کێشانی حیزب بۆلای مەرامی "مارکسیسم ــ لنینیسم" هاوکات لەگەل ئەو ئاگادارێو، ڕاگەیاندنە بوو کە حیزب داخووازی خۆی بەنێوی مافینەتەوایەتی لەچووار چێوەی عەراقدا واتە بەنێوی دەولەتی فێدراتیو ڕایگەیاند! بەڵام ڕاشی گەیاندبوو کە حیزب خەباتیخۆی کە خەباتێکی دژی

کونەپەرستی و ئرتجاع و، دژی‌ئمپریالیستە، درێژەی پێدەدا. هەروەها نوری شاوێس کەیەکێک لەسەرۆ کە کانی حیزب بوو گوتی:

ئیمە براوامان وایە کە قازانجی گەلەکەمان دەبێ لە پێناوی قازانجی کۆماردابێ. لەرابردووداوە هەروەها لەکاتی حازردا بۆ کوردستانی عەراق دووشت واتەدوو رێگا لەپێشە، ئەویش ئمپریالیستو، سوسیالیستە، مرۆف دەبێ لەودوورێگایەی کەهەرکامیان بۆ کورد بەختەوەری تێدایە هەڵ بژیری، ئینجا هەرکەسێکی، لەبەینی ئەو دووانەش‌دا بمێنیتەوە وادیارە لەخزمەت ئمپریالیستەکان‌دایە." ۱۵

خەباتو، دووبەرەکی کە لەنێو حیزب‌دا واتە لە نێوان برایم ئەحمەد، وە هەمزە عەبدوولا دابوو لەئاکامدا بەوجێکایە گەیشت کە حیزبی‌دیموکراتی کوردستان لەسالی ۱۹۵۵ ببێتە دووشاخە، بەشێک برایم ئەحمەد بەسەری ڕادەگەیشت، وەبەشی پێشکەوتووی‌حیزب کە لەلایەن هەمزە عەبدوولڵاوە ئیدارە دەکرا، کاروکردەوەی خۆی بەجۆی بەرێوە دەبرد. لەکاتی دامەزراندنی‌حیزب کەسالی ۱۹۴۶دا حیزب لەگەل دوومەسەلەی گرنگ ڕووبەڕووببوو. یەکیان مەسەلەی ناسیونالیستی واتە نەتەوایەتی بوو وە ئەوی‌دیش مەسەلەی سۆسیالیست؟

ئەوەی کە ئاشکرا بوو، حیزب هەمیشە لەلایەن‌قودڕەت مەندەکانەوە لەمەترسی دابوو وەبە ڕاشکاوی لەوەی بەرگری‌دەکرا کە حیزب‌دیموکرات دژی حیزبی کومونیست ببزوێتەوە.

ئاکارو، کردەوەی‌حیزب بەچەشنێکی تازە لەسەر ڕێبازی مارکیسیستەکان دەڕۆیشت، بەلام لەسەر ئەوەش ڕا لەسازمانی حیزبی کومونیستی عەراق هەر جودابوو، وەئەوەشی دەزانی کەئەو جۆیازیە لەبەرچیە. دەسالی ڕەبەق کە لە دامەزراندنی ئەوحیزبە ڕابردبو و، هێستا بەچاکی ئدئۆلۆژی خۆی ڕوون نەکردبۆوە. لەسالی ۱۹۵۵دا سەروکە ناسیونالیستەکان‌وە هەروەها سەرۆکە پێش کەوتوکانی نێوحیزب، بۆ لەنێوبردنی کێشەو، نێوان ناخۆشی خۆیان داوایان لەحیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران کرد، کە نێونجی‌بی، وەلەبابەت دوومەسەلەی نەتەوایەتی و سۆسیالیستی‌دا باسی‌لی‌بکری، ئیتر هەموو کوردەکان لەیەکڕێبازداخەبات‌بکەن، ئەوەش بەریوەبردرا، وەهەردکیان بوونەوەیەک! بەشوێنی ئەوەدا پێشنیاد دراکە بەک گرتینکی گشتی لەبەینی حیزبەکانی کوردی

عەراق و، ئیران و، تورکیە بەجێبێت.

سی سال پاش، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەحیزبی دیموکراتی کوردستانی عەراق کۆبوونەوەیەکیان بەنێوی کۆنگرە پێکهێنا، بەلام نەتیجەیەک لەوکارە وەرنەگیرا. ئینجا لەسالی ١٩٥٦ حیزبی دیموکراتی کوردستانی‌عەراق لەسەر ڕاو تەدبیرێکی تازەوە، نێوی خۆی نا "پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان وەدەبیری کشتی هەمزەعەبدوولا بوو، وە ڕۆژنامەی خەباتی کوردستانی" بەچاپگەیاند.

٧ ــ حیزبی کومونیستی عەراق ــــ وەمەسەلەی کورد

لەمانگی سێپتامبری ١٩٥٦ لەکاتی دووهەمین کۆنفرانسی حیزبی کۆمونیستی عەراق پاش باسێکی دوورو درێژو گرینگ لەسەرمەسەلەی کورد ئاکارو کردەویەکی‌تارەبەرێوەبردراوەبەو ئاکاما گەیشت کەلەڕاستەقینەدا، "وڵاتی عەراق سەرزە مینێکی عەرەبە" بەلام ئەوە نەخشەیەکی ئمپریالیستەوە عەراق بەشێکش لەکوردستان دەگرێتەوە. لەو کونفرانسەدا ڕاگەیاندرا کە "دروستە کەنەتەوەی کورد لەعەراق داهەن، ئەمما لەنێو وڵاتی تورک و ئێرانیش داکورد. دەژین، جائەوە دابەش کردنێکە کەلەلایەن ئمپریالیستەکانەوە بەرێوە بردراوە. نەتەوەی کورد لەعەراقدا خاوەن زەویوزارە، لەو سێوڵاتانەدا بۆخۆی‌خاوەن زمانو داب‌وروسمێکی تایبەتیە، وەزۆرلە-مێژە ولەسالەکانی درێژەوە، مێژوو ئەوەی دیاری کردوە بەدرێژانی مێژوو دا پیاوانی کورد لەوو لاتانەدا بوون، کەبەو سەرزەمینە خوو، عادەتی‌یان گرتووە، لەزەوێکانی‌دا کشتو، کاڵی‌یان‌کردوە، ومەسەلەی‌ئابوری ناو خۆی بەدەستەوە گرتووە، وەڕیشەو، بنەچەکەی نەتەوایەتی لەوڵاتی کوردایەتی دامەزراندوە."

هەروەها حیزبی کومونیستی عەراق ڕای‌گەیاند کە خەباتی گشتی لەتەنشت نەتەوەی‌عەرەب بەوە ڕێگا دەدا کە گەلی کوردش بەمافی نەتەوایەتی خۆی بگات وەدان بەسەر ئەوەش دادێنی کە نەتەوەی کورد لەسەرزەوی کوردستان، دەوڵەتێکی سەربەستی تایبەتی پێک بێنێت.[١٦]

ئینجا لەپێشنهادی حیزبی کومونیستی عەراق بەئاشکرایێوە ڕا ڕاگەیاندرا

کە لەزۆر مەسەلان دا پارتی کومونیستی عەراق بەو نەتیجەیە کەیشتوە کەلەکاتی حازردا تەنیا ڕێگایەک کە لە هەمووان گرنگترە وە پێویستە دووائی‌و، درێژەی بدرێ، کەئەوڕێگایە بۆ گەیشتنی ئاواتی خەباتی گشتی دژی ئمپریالیسم و، هاو پەیمانەکانێ تی، وەئەوخەباتە بۆ وەدەست هێنانی‌مافی کورد، وە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکانی کوردو، عەرەب‌وەبۆ وەدەست خستنی ئازادی هەردوو نەتەوە کەپێویستی بە خەباتێکی گرنگ هەیە. " سەرئەنجام حیزبی کومونیستی عەراق هەلوێستی ئەوەبوو کە: "حیزبی کومونیستی عەراق‌وەبەتایبەت شاخەی کومونیستی کوردستان، تابەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی وە پیرۆزی، خەباتی درێژەپی‌دەداو، ڕاناوەستێ.

هەروەها ڕای‌گەیاند کەلەکاتێکدا کە پێویستە خەباتێکی گشتی‌گرنگبکات، جودالەوە خەبات دژی‌تەنگ نەزەرەکانی نەتەوایەتی وجوێباربوون پێویستە بەریوەبەری.

ئەو بڕواڕە کاتی‌تایبەتی هەبوو، چوونکە هیچکاتێک، هیچپارتی ڕامیاری عەراقیێ بەو چەشنە تایبەتیەلەسەرمافی نەتەوایەتی کوردی عەراقی هاوڕێ لەگەڵ مافی نەتەوایەتی گشتی کورد کەمەبەستی میژووئی، ئابوری، وەفەرهەنگی تێدابوو نەدووابوو، وەلەسەری نەڕۆیشتبوون. بەلام تامک لەسەردانان لەسەرمەسەلەی خەباتی گشتی" دەبووە هۆی ئەوە کە مەسەلەی نەتەوایەتی لە بیربچێتەوەو، وردە ــ وردە خەباتی گشتی‌و ڵات وەبەشکردنی کاروئەرکی سەرشانی دەهات مەسەلەی ــ ناسیونالیستی تەنگ نەزەرانە، لەبەرچاو لاچێ، جائەومەبەستە بەجێگایەک دەگات کە تووی دووبەرەکایەتی دابچێندرێ، وەسەرئەنجام بەو جێگایە بگات‌کە حیزبی دیموکراتی عەراق خۆ لەپارتی کومونیست جوێیاز بکاتەوە، وە کەڵکو، قازانج‌لەو هەلو یستە وەرنەگیرێ

۱) ئەووتارە لە ڕۆژنامەی *اتحادالشعب* دا لە ۳۰ ژانویەی سالی ۱۹۵۹ داپاش سێ‌سال نوسراوە

۸ ــ پارتی دێموکراتی کوردستانو، شاخەی حیزبی کومونیستی کوردستانی عەراق

لەمانگی ژوئنی سالی ۱۹۴۷ دا بە شوێنی پێک گەیشتن بۆ ئیدارە کردنی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گەورە، وەبەڕێوبردنی (لکی حیزبی کومونیستی کوردستانی عەراق) ڕایان هێنا سەرئەوەی کە لەگەل حیزبی یەکێتی دیموکراتی کوردستان یەکبن، وەلە "ئۆرگانی یەکێتی هیزی دیموکراتیکی کوردستانی عەراق داخاترجەمی وە دیارکەوێ." [۱۷]

لکی حیزبی کومونیستی عەراق لەو کارە دازۆر بەباشی نەهاتەپێشێ: لەکاتێکدا کە لەحیزبی دیموکراتی کوردستان نێزیک ببووە، بەلام وەکحیزبێک چاوێلێنەدەکرد، جابەجوێیازی کاری خوی بەڕێوەدەبرد" وەلەگەل ئەمریکاوە ڕاپەڕینەکەیان کەوتوە ڕەخنەی لەمە گرت کە دروشیمی مەسەلەی مافینەتەوایەتی گشتی کوردستان کارێکی بەجێنیە.

وە پێویستە دژی ئیمپریالیسم خەبات بکرێ، وە لەڕێگای ئازادی ڕاستەقینەدا لەعەراقێکی ئازادی سەربەخۆ داخەبات بکرێ،[۱۸] وەبەوچەشنە حیزبی کومونیستی عەراق لەسەرڕابە جوێیازیکاریخۆی دەست پێکرد.

۹ ــ پارتی دێموکراتی کوردستان پێش شۆڕشی ۱۹۵۸

لەسالی ۱۹۵۸ بەشوێنی بە هەستهاتنی کۆماری یەک گرتووی عەرەبی (مسروسوریە) سەرۆکە کوردەکان دژی پادشایەتی عەراق خۆیان نوواند. چاوپێ کە وتنێکیان لەگەل ناسرکرد، وە یارمەتیان لێویست وەچاپکردنی گۆڤارێکیان بەزمانی کوردی وە بلاو کردنەوەکەی لە رادیو قاهرەدا داوخووازبوون.

لەنیۆەڕاستی سالی ۱۹۵۸دا حیزبی بەکێتی دێموکراتی کوردستان، ۵۰۰ مروڤی بۆ شەڕی چریکی گرێڵلائی لەناوچەی کوردستاندا ئامادەکرد، وە لەژێرچاوەدێری کمیتەی ناوەندی، لە ۲۶ ژوییەلەکەرکوک دا کۆبوونەوەکی

پێکهێنا تالەبارەی دەستپێکردنی شۆڕشو ، ڕاپەرینەکەی تەسمیم بگرێ .

بەلام لە ۱۴ی ژوییەی ۱۹۵۸ پادشایەتی عەراق بەدەستی کەریم قاسم ڕووخا ! "پارتکوتی نیوەی کاری ئیمەی کرد ، وەلەکاتی کۆبوو نەوەکەمان لەشاری کەرکوکدا ئیمە تەسمیمان گرت کە لایەنگری لێ بکەینوە سەرئەنجام کۆڕێکمان بۆلای قاسم نارد . ۱۹

لەشۆرشی عەراق (۱۹۵۸) تابڕینی‌هات‌و ،چۆی لەکەل‌قاسم

۱ ــ هومید ــ ئیڕە ئزکەی کۆماری عەراقەئە وڕو ڕوژی سەرکەوتن‌و، پیرۆزی ئیۆەیە، دووژمنانی خوداو، خەلک ئەوە لە کولانەکانی عەراق‌دا، جەندەکی بۆگەنیویان لەسەر ئەرزێ کەوتووە وەبەدەستی گەلی قارەمانی عەراق لەنیۆ چوون". ئەوە ووتارێک بوو کە لە ئیزگە کۆماری عەراق بڵاودەبۆوە. هەروەها ئەو ئزگەیە لەکاتی ۷ی بەیانی لە ۱۴ مانگی ژوییەی[1] ۱۹۵۸ داپاش چەندسەعات سەرکەوتنی شۆڕش بەدەنگێکی بەرز دووپاتەی دەکردەوە، دەیگوت "دووژمنی خودا" نوری سەعید، پیاوی ئینگلیسێکان، لە هەرە گلاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستکە لەچەپەلی داهاوتای نەبوو، لەبەین چوو،وە هەروەهـــــــا نایبئەسلتەنەی عەراق ئەربابیویش عەبدوول ئیلاە لەنیۆچوون.ئەو رادیویە بەووتاری خۆی دریژەدەداو،دەیگوت کە ئەو بۆگەنیو و چەپەلانە کەهەمیشە خەلکیان لەچارەڕەشیو، بەد بەختی داهێشتبوۆوە، لەگەل تاقمە کەسیفەکان کە بەوونە درکو، درووی چاوی خەلکی چەوساوەیکورد، دەمو، دەزگای سەلتەنەتیان لێ ڕووخا، وەخانەدانیهاشمی هەموو کوژران، ئەوڕۆ ڕۆژی وەیە کەگەل پیرۆزبایی بە یەکتربڵێ، ڕۆژی گەورەی شانازی گەلی عەراقە.

ئینجا هەربۆ ژۆژێکپاش سەر لەبەیانی تاقمێک بەنیۆی تاقمی شۆڕشگێڕی عەراق کە بریتی بوون لە خانەدانی شیخ خالدی نەقشبەندی بامەڕنی، وە لەپیاوە عەرە بەکانی سوونیو،شیعە، کاروباری ناوخۆی شۆڕشیان لەعەراق‌دا بەدەستەوەگرت.

ئینجا لە ۲۰ی مانگی ژوئیەی پاش حەوتوێک کە لە پێک هاتنی کۆماری

عەراق ڕابردبوو، فەرمانی لێخوش بوونی گشتی بەخەلک ڕاگەیندرا، وەگوترا کەتەواوی بەندێکان لەبەندیخانەکان بەردەدرێن وە هەروەها ئەو کەسانەی کە لە ڕژیم ڕابردوودا لەوڵات دوورخراونەوە، بۆمالبەندو، ناوچەکانی خۆیان دە گەڕێنەوە، لەوانە مرۆڤە بەناوبانگەکان وەک شێخ ئەحمەد، شێخلەتیف، وەماموستا کۆڕانی هونەری کورد، کە نێویان لەنێو مرۆقە دوورخراوەکان دابوون، گەڕانەوە ناوچەی کوردستان. هەروەها لە مادەی ۳ی یاسای مووەققەتی عەراقدا کەلە ۲۷ی ژوییەدا نووسرابوو، وەبڵاوبێووە گوترابوو، کە: "مافی نەتەوایەتی خەلکەکانی عەراق لەژێربناوە لەسەر ڕای گشتی نەتەوایەتی، وەبەڕێز گرتنی مافی مەدەنی، وە مافی ئازاد، لە بەرچاوە، نەتەوەی کوردو، عەرەب لەتەنشت یەکدالە مافێک بەشداردەبن واتە دوو نەتەوەی کوردو، عەرەب لەباوەشی نشتمانی خۆیدا لەمافی نەتەوایەتی بەشداردەبن، وە بۆ هەوڵین کەڕەت لە بەهەستەاتنو، پێکەبوون لە کوماری تازەی عەراق دا هاوکاری دەکەن. نیشانە وەسەمبۆلی کوماری عەراق خەنجەری کوردیوە شمشیری عەرەبیە کەچەپو، ڕاستبەیەکەوە دەبین درێ.

۲ ــ گۆڤارەپێشکەوتوکان

یەکێک لەهەرەکارە گرینکەکانی شۆڕش کە بۆ کوردەکان زۆر بەنرخبایخ بوو ئازادی ڕۆژنامەکانو، نووسینو، وە دەرخستنی نامیلکەو، مەجللە کوردیکان بوون، کە نووسراوەی ئەدەبیو وێژەوەری وەدەردەخراو، بڵاو دەبۆوە: هێندێ لەوانە چیرۆکو، هەڵبەستو، نووسینی لاپەڕەی میژووئیبوو، وەبەهیچ چەشنێک نەیان دەتووانی، بەسرهاتی ڕامیاری بگێڕنەوە، وەبینووسن: هیوای دەستنووس لەسالی ۱۹۵۳ لە سولەیمانی دەردەکەوت، وە هەروەها کەلاوێژ پاش شورش جێگای هیوای گرتووە. وە "ژین هەر بەدوو حەوتووان کەڕەتێک وەدەر دەکەوت.

پاششۆڕش، کوردەکانی سولەیمانێ هەروەها کۆقاری "پێش کەوتن"، "شەفەق" چاپ دەکران لەشاری کەرکوک "بەیان" وە ڕۆژانۆی وەدەردەکەوت، وە شەفەق دەردەچوو پارتی دیموکراتیکوردستان لەسەردەمی ئاوریلی ۱۹۵۹ گۆڤاری "خەبات"ی وەدەردەخست بەشوێنی تێک چوونی ڕژیم پادشایەتی عەراق

روژنامەکانو، گۆڤارەکانی کوردی، بەباشی چاپدەکران، لەدژی حکومەتی ڕەشی پادشایەتی وەنۆکەرانی ئمپریالیسم، ووتەو، ڕستەی باش باشیان دەنووسی، وە دروشمی کوردو، عەرەب، بران لە روژنامەکاندا دەتیران.

تەنانەت ئەو دروشیمەیان دەدایکە: لەکاتێکدا کە پێویستە هەربەو جورەی کەلەیاسای موقەقەتیدا نووسراوە و گوتراوە" برایەتیو، دۆستایەتی لەگشت وڵاتی عەراقدا" واتە دەبێ هەبێوە هیوا ڕاگەیاندبوو کە کوردو، عەرەب پێکەوە بەچاکی بژین وە بە مافی نەتەوایەتی خۆیان بگەن، هەروەها پێویستە، نەتەوە بچووکەکان وەک ئاسۆرێ، تورگمەن، هەرمەنی کانیش لەنێو وڵاتی عەراقدا وەک کوردو، عەرەب لەمافی نەتەوایەتی بەشداربن. ئینجاکوردەکان: مەبەست بەوە دلیان خوش کردبوو وە بە هیوا بوون کە لەسەر ڕێبازێکی ڕاستەقینە، مافی نەتەوایەتی خەلکی کورد لەچووارچێوەی عەراق دا بیدرێتێ، روژنامەو، گۆڤارەکان زۆریان لەسەر ئەو هولوێستە دەڕۆیشتن وە دەیان نووســـــــی و، ڕایاندەگەیاند کە کوردو، عەرەب زۆر بەچاکی و، بەباشی دەتووانن لەتەنشت یەکترا ژیانی خۆیان ڕا بوێرن، کوردان سنووری عەراق بەچاکی چاوەدێری بکەنو، بیپارێزن. ۳

۳ــ سەر لێ شێوان لەنێوریژیمی تازەی عەراقدا

بەراستی ریژیمی تازەعەراق لەنێوخویدا سەری لێ شێواوبوو، لەنێو ئەفسەرەکانی عەراق کەشۆڕشەکەیان پێک هێنابوو، (تاقمی ئەفسەرانی ئـــــازاد دروستکرا.

نێوان ناخۆشی لەنێهنی دا لەبەینی ژینێرال عەبدولکەریم قاسم سەروک ومدیر، وەوەزیری بەرگریبوو، وە کۆلۆنێل عەبدووسەلام عارف کە نایب سەرۆک وەزیر وەوەزیری ناوخۆی عەراق بوو وەدیهات. پارتی کومونیستی عەراق وەتەواوی حیزبەکانو، سازمانەکانی ئۆپپۆزیسیونی عەراق لایەنگریان لە حکومەتی تازەدەکرد، پارتی بەعس، پارتی ملی دیموکراتی کەمال چادرچی وەپارتی دیموکراتی کوردستانش بەقازانجی دەولەت دەبزوتنەوە.

ئینجا لەمادەی ۲ی یاسای مووەقەتی عەراق دا نە شار درابۆوە کە وولا

عەراق بریتیە لەخەلکی عەرەب، وە دەولەت زیاتر لایەنگری لەوگەلەدەکات!

پاش ئەوەی کە تاقمی ئەفسەرانی گەنجی ئازاد، پێکهات، دروشمیان ئەوەبوو کە پێویستە گەلی عەرەب یەکگرتووبێت. وەئەویەک گرتنە لە فیوریيەی ۱۹۵۸ وەدیهات. عارف لەگەل بەعسیێکان وە لە تەنشت ناسریێکان پێنج زۆژپاش سەرکەوتنی شۆرش وەشکانو ڕووخانی حکومەتی پادشایەتی لەبەرانبەر دەهەزار کەس داگوتی: نێزیک بونەوە لەوپەیمانە زۆر پێویستە. بەلام ناسر لەوکارە قەڵس بوو، وەدەریبڕی کە عەبدوسەلام "بەبێ پرسو، ڕایئێمە" کاری زۆر هەڵەباشانەو منداڵانە دەکات! ۴

وا ئاشکرابوو کە قاسم وەک ژێنیرال نەجیبی[۵] مسر وردە ـ وردە تووانائیو ئیدارەکردنی حکومەتی عەراق لەدەست دەدات، وەعارف بەتەواوی هێزو، دەستەڵاتی خۆیەوە بەسەرئیش وکاری عەراقدا، دەهاتڕاڵبێت.

کوردەکان پاش چەندێک دەست دەدەنەچەک، وەهێزێکی کوردی پێک دێنن، وەقاسم کە لە هەوەڵەوە لایەنگری لە شیوعیێکان دەکرد، دژی ئەوان دەست بەکاربوو.

لەمانگی ئوتی ۱۹۵۸، شۆڕش لە کوردستانی عەراق دەستیپێکرا. ۶

عارف ڕاوتەدبیری هاتبوو سەرئەوەمەبەستەی کە یەکێتی ۳۶میلیون عەرەب بەنێوی‌پان عەرەبیسم نەحشەیەکی‌باشو، گرینگە، وە مەبەستی گەورەی خەلکی عەرەبە، لەکاتێکدا کورد زۆرکەمن، ئیتر بەهۆی ئەویەکگرتنە، خەلکی کورد وەلاش بندرێ، قەیدی ناکا، چونکە گەلی کورد لەبەرامبەرگەلیعەرەبداوەک دڵۆپێک لە بەرامبەر دەریایە داوایە.

بەلام لەو لایە شەوە دژیەکگرتنیخەلکی عەرەب، پارتی کومونیستی عەراق،وە کوردەکان لەلایەن دەولەتی شورەوی‌وە لایەنگری لێکرا. ۷

ئینجا لە نێوەراستی مانگی سیپتامبری ۱۹۵۸ دا قاسم لەگەلعارف نێوان ناخوشێکی زۆزیان لێپەیدابوو، لەئاکاما عارف لەبەر چاوی خەلک بەنێوی بالوێزی عەراق بۆشاری بۆن پێتەختی ئالمان لەبەغدا دوورخراوە، وەئەوکارە لە ۱۳ی مانگی ئوکتوبردا بەڕێوە بردرا، ئەمما بەراستی ئەوە دوورخراوەیەکی ڕامیاریبوو، ئینجاقاسم بۆخۆی بووبەهەمەکارەی وڵاتی عەراق. سەرئەنجام قاسم وردەوردەکە لەگەل باڵی‌راستی عەراقوەبەعسیێکان هات و چۆی خۆیبڕی،

بەپێویستی زانی لەگەل پارتی شیوعیو، کوردەکان نێوانی خۆیساز بکاتەوە،وە هەروەها لە دەولەتی شۆڕەویش نیزیک بۆوە، وە بە گەرانەوەی بارزانی بۆ وولاتی عەراق ئەوکارە پەرەی زیاتر پێداو، وەراست گەڕا.

٤ ــ گەڕانەوەی ژێنێرال بارزانی بۆ وڵات لە دووروخراوە کەیەوە

بەبیستنی تێک چوونی پادشایەتی لەسەرزەویعەراق، ژینیرال بارزانی لەگەل میرحاج وە ئەسەد خوشناو، دەچنەشاری پراگ، وەلە هوتێل دوپارتی (میوان خانەی حیزب) نیشتەجێ دەبنو، ماوەی مانگێک لەوێ دەمێننەوە.

ئەوەی کە شایانی باسە دەڵێن کە دەولەتی شورەوی نەیدەویست کە مەلامستەفا لەوڵاتــی شورەویبمێنێتەوە، جامەبەست بەمە ناردی پی‌تەختی چکوسلواکی کە لەوێ لەبابەت گەڕانەوەکەی دا ووتو، وێژبکات. لەئاکاماتێلێ گرامێکی بۆسەرۆک قاسم لێدەدا، وە داخووازی لێدەکا کە ڕێگا بدا بگەڕێتەوە وولاتی عەراق.

عارف گەڕانەوەی بارزانی زۆر پی‌ناخوش‌بوو تەنانەت بەقاسم دەڵێ کە لەوەلامی تێلێ گرامەکە دا تەنیا ئەو دوو ووشەی وەلام بداتەوە: بڕۆ! بڕۆ

لەسێ‌پتامبری ١٩٥٨ دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی عراق کۆڕێکی کە بریتی بوون لە، برایم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تاها، سەدیق بارزانی (کوڕی شیخ بابۆ، وەعوبەی دووڵا بارزانی بۆ شاری پراگ دەنێری. سەرئەنجام بەغدا ڕێگادەدا کە ژینیرال بارزانی بگەڕێتەوە، لەسەر ڕێگای خۆی بارزانی لەشاری قاهرە چاوپێ کە وتنێکی لەگەل ناسردەبێ، وە لە ٧ی ئوکتوبری ١٩٥٨ بەفڕۆکە دەگاتەوە بەغدایە، پیاوە دەولەتێکان لەفڕۆکەخانە، بەگەرم‌وگوڕێوە، پێشوازی لەبارزانی دەکەن

پاش ڕۆژێک کەلە میوان خانەی سمیرامیس دەمێنێتەوە، بەدەستووری قاسم‌کۆشکی کوڕی نوری سە عید بەتایبەت دەدەن بەبارزانی

لەمانگی ئاوریلی ١٩٥٨ پاپۆڕێکی دەولەتی شورەوی بەنیۆی گرۆزیا، ٤٦٠ مرۆف، ١٠٨ ژن وەلەگەل ٢٢٥ مندال لەوڵاتی شورەوی ئوزەبەک دە هێنێنەوە وڵاتی عەراق. ٨

۵ــ بارزانی کێبوو؟

پاشیازدەسال دوورکەوتنەوە لەعەراق، بارزانی وەک قارەمانێک کەدژی دەوڵەتی ئینگلیس، وە دوو دەولەتی پادشایەتی عەراقو، ئێران بەشەر هاتبوو ئەوە گەڕاوەولاتی خۆی.

بارزانی چ لەلایەن کوردانەوە،وەچلەلایەن شیوعی کانی عەراقەوە ناسیونالیستەکان، قارەمان دەناسراوەهەمووخۆشیان دەویستو، لایەنگریانلێ دەکرد. لەبارەی بارزانی دادەگوترێ کە هەرچەند بارزانی، ماویەکی زۆر لەشاری مۆسکو وەلەولاتەکا نی شورەوی مابوو، بەلام، ڕەنگوڕوو نهادی هەر شەرقیانە بووە، وەپیاوێکی خۆخۆڕو، مەرموز مابووە.

پاش گەڕانەوەی‌خوێ، مەلامستەفا چوو بو لای شێخ ئەحمەدی برای کە یازدەسالبوو واتە پاش تێک چوونی کوماری مهاباد لەڕ دوور کە وتیـــــــۆوە. لەوچاووپێکە وتنە دا شیخ ئەحمەدومەلامستەفا یەکتریان لەباوەشگرت شێخ ئەحمەد بەمەلامستەفای گوت: تۆ ماوەیەکی زۆرە ڕۆیشتووی‌و، دوور کەو تبوویەوە ئایا وانیە... پاش ۲۰ دەقیقە بی‌دەنگی‌و، بێ‌هەستی، شیخ ئەحمەد لە بارزانی پرسیار کرد: ئایالە شورەوی دەچوویە ڕاوەبەرازێ؟

لەڕووانگەی سیاسی‌و، دیپلۆماتیکەوە، زۆر بە زەحمەت پیاو دەتووانێ بڵێ کە بارزانی لایەن گری‌چەلایەکبوو. ئەو پیاوانەی کە لەسیپتامبری ۱۹۵۸ لەشاری پراگچاویان بەمەلامستەفا کەوتبوو ئەوانیش بۆیان وەدەرنەکەوتبوو، کەچۆنبووە.

ئەوەی کە بڕێک بۆمان ڕوون بۆتەوە ئەویە کەمەلامستەفا لە گفـــــتو، گۆیەکانی‌دا ووشەی مارکسستی بەکاردەبرد، وادیاربوو کە پلەی ســــــــەرووی لەشورەوی‌دا دیتووە، وەخوێیدوویەتی. بەلام لەئیشو، کردەوەدا زۆر ئاشکرانەبوو نوری ئەحمەد تاها، یەکێک لەکوردەکانی‌عەراق کە چوبۆو لای مەلامستەفا، گوت بووی‌کە: مەلامستەفا، مارکسیسمی ڕووسی‌باش‌دەناسێ، وەدەی‌زانێ، بەڵام ناتووانێ کە ئەو شێوەی لەنێوکوردەکان‌و، عەرەبەکان دابەباشی ڕەنێوبنێ [۹]

بارزانی مرۆڤێکی زۆر زانا نەبوو، بەڵام زاوێژی زاری وەک روشنبیران دەچوو، ئەوەی کە واوەدەردەکەوێ بارزانی بەگرینکی بۆڵای شورەوی هەنگاوی هەڵنەدەهێنا، ئە مما ڕوون بۆتەوە کە لایەنگری قاسم، وە دژی عارف بوو، قاسم ش سەربەسوویەتەکانبوو. لەڕاستەقینە دا بە چاکی نەزاندراوە کە ئاکارو، ڕەوشێ چۆن بووە، وەئایا سەربە کۆمەڵێ ڕووناکبیری پلەی تەرەقی خووازە، یان هەروا فکری دەرەبەگایەتیو، فئودالیتەی هەیە!؟

کاتی گەڕانەوە دەهات بەسەربچێ، بارزانی وردە ــ وردە بۆڵای شورەویو شیوعیکان دەچوو، وە هەروەها لەگەل هەمزە عەبدوولڵا کە سیکرێتری پارتی دیموکراتی کوردستانی عراق بوو، وەئەویش لەگەل پارتی سوسیالیستی عەراق لە ۱۰ی نووامبری ۱۹۵۸ داکە پەیمانێکیان دەبەست نیزیک ببۆوە، جائەو ڕێک کەوتنە، دەهات کە مزگێنی بدات و، شائی لەدلان باوێ کەبێنو، دەست بەکاری ئەوەببن یاسایەکی کەعەراق ئامادەی کردوە، وەلە مادەی ۳ی ئەو قانوونەدا چاوەڕوانی مافیگەلەکان دراوە، بەڕێوە ببردرێ. ۱۰

۶ ــ بەرنامەی کۆنگرەی (پانکورد)ی بارزانی

لەوساتەدا، واتەلەئاخری نووامبری ۱۹۵۸ لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەمزە عەبدوولڵا، وەبرایم ئەحمەد، وەهەروەها ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەشداریان کردبوو، بارزانی پێشنیاریکرد کەئەو حیزبانە ببنەیەک، وە بەوچەشنە دەستی بەووتاریک کردوگوتی: "بۆمن لایەنگری کردن لەولا، یان لەمڵا، لەبەرچاوونیە!" بەڵکو یەک گرتنە، ودە بێ بزانین، کەسنوور هێندە گرنگولەبەرچاووێنە، بۆهەڵ بژاردنی سیکرێتری گشتی پارتی تەنانەت دەتوانین لەئەندامی پارتی دیموکراتی ئیرانیش هەڵ بژێرین! لەوکاتەدا ئرانیکە کەدەڵی من ئیرانیم، بارزانی وەلام دەداتەوە، تۆش کوردی، هەموومان هەرکوردین."

بەلام بە باشی ڕوون ببۆوە، کە کوردە ئێرانێکان تەماشای زەمان دەکەن مەبەسیتان شتێکی دیکەیە، وە وەلەبەرامبەرحیزبی کومونیستی عەراق، وە ڕووناک بیرەکان وە کوردەکان ئێران کەهەموویان لایەنگری دەولەتی سۆویەت بوون،

"کەسانی بارزانیش لایەنگری دەستڕاستیکان بوونوە، بەرنامەیەکی ڕاستەقینە یان نەبوو" مەبەستی بارزانی ئەوەبوو، کەسەرۆکایەتی گشتی کـــوردەکـــان بەدەستەوەبگرێ.

چەند حـەوتوێک کە لەو کنگرەیە ڕابرد، دەولەتی تورکیە نوێنەرێکی کوردی خەلکی تورکیەیەی لەئاخری سالی ۱۹۵۸ بونێو کوردەکان نارد. حەزی کرد کە یارمەتی چەکو پوول وەرگرن،... بەڵام بارزانی ئەوەی بەپیلانێک زانی، رازی بەوکارە نەبوو، وەگوتی، پێویستە بچمە لای ئامریکا،یان شورەوی ۱۱

لەهەوڵی سالی ۱۹۵۹ دەولەتی شورەوی، لە کوردان پشتووانی دەکات. بارزانی لەگەل برایم ئەحمەد کە سەرۆکی حیزبی یەکەتی دێموکراتی کوردستان پ . د . ک وەتاقمێک کەبریتیبوون لە هەمزەعەبدوواڵلا، خسرو تەوفیق، نووری شاوێس، نەجاتعەزیز، وەحامدعوسمان کەهەمووی ئەوانە باڵیچەپیحیزب بوون، کۆبوونەوەیەکیان دەبێ وە عەهدو،پەیمانێک دەبەستن. "۱۲

دەگونجی بڵێن کە بەڕاستی بارزانی سەرۆک عەشیرەیەک بوو، بەڵام کردەوەو، ئاکاریڕووناک بیرانەی هەبوو،وە هەروەها خۆی بە لایەن گرێکی گرنگی قاسم زانیوە، وەلەشەڕو، شۆڕشی شاری موسڵدا بەباشیپێش مەرگەکانی خۆی بەشدارکردو، بەوچەشنە لایەنگری لەقاسم نیشاندا

۷ ــ هەڵستان و شۆڕشی موسل (۸ مارس ۱۹۵۹)

لەمانگی فیوڕییەی سالی ۱۹۵۹ قاسم ئاڵ و گۆڕێک لەحکومەتی خۆیدا بەڕێوە دەبا، واتە دەست ڕاستیکان لەنێو دەولەت وەدەردەنی وەهەوا دارانی (یەکیتی عەرەب) ار ــ ا ــ یو لادەبا. کۆلۆنێل عارف لە ۵ی نووامبری ۱۹۵۸ کە دەیەویست "پیلانێک" بکات، دەیگرێ وەلەبەندیخانەی دەکات وەحوکمی کوشتنی داوێ،[۱۳] لە ۷ی مارس بەیانیزوو، لەکوچەو، کۆلانەکانی شاریموسل کە دووهەمین شاریلای سنووری سووریە بوو، شۆڕشێک بەڕێوە دەبردرێ. لە۸ی مارسی ۱۹۵۹ سەرلەبەیانی کولونێل وەهاب شەواف فەرماندەی هێزی ۵ی موسل لەرادیو دا ووتاریکی بلاو کردەوە،بەتووندی هێرشی بردە سەرقاسم وەگوتی: من عەراق لەدەستی ئەوزاڵم و،ملهورە ڕزگار دەکەم.

شەوواف، لایەن گرەکانی چە پی کە بۆ"کنگرەی ئاشتی خووازان"هات بوونە موسل لە بەندیخانەی کردن (۵ – ۷ مارس ۱۹۵۹) وەئالای (یەکەتی عەرەب ار – ا – یو هەڵ کرد وەعەشیرەتی بێدووئین‌ی عەرەبی شەممار کە لە قەراغ شاری موسل‌بوون بۆ یارمەتی وی حازربوون. بەلام سەرئەنجام ئەوشۆڕشە زۆر زوتێک شکا، شەش فڕۆکە هاتنە سەرشاری موسل، دوویان بۆسەرشاری بە غدایەچوون، فڕۆکەکان کانگای ناوەندی شەوواڤیان بۆمباران کردو تێک وپێکیان‌دا، عەشیرەتی دووئینی عەرەبش، تەرتوتونا کران‌و، پەرش و بڵاو بوون جا بەو جورە شورشی شەوواف ناکام ماوە.

ژێنێرال تاباک کەلی‌فەرماندەی هێزی دووهەمی نیزامی کە رکوک، کە چاوەڕوانی ئەو تێک‌شکانەی دەکرد، لەتێڵێ گرامێک داپشتووانی خوی لەقاسم دەربڕی.

هەروەک‌کە گوترا، بارزانی لایەن‌گری نێزیکی قاسم بۆتێک شکانی ئەو شۆڕشەکوتائی نەکردو، بەباشی بەشداری کرد، وەلە ۵ی مـــارس‌ی ۱۹۵۹ پێش‌مەرگانی کورد بەهاوکاری دەوڵەت شۆڕشی موسلیان لەنێو برد، وەهەروەها لە ۴ی نووامبری ۱۹۵۸ شورشی عارفیان تێک شکاندو، بەوجۆرە فیۆدالە لایەن گرەکانی شەوواڤیان لەنێوبرد.

سەرئەنجام شەوواف کە لەسەر تەختی نەخۆش‌خانە کەوت‌بوو، وەبرین‌دار کرابوو ئیتر کەلەلابوو،چی‌لەدەست نەدەهات، هەوا دارەکانیشی بڵاو ببون، بۆخوشی مرد.

پاش۴۸سەعات‌موسل‌وە دەست کوردان کەوت، کۆ بە کۆپێش مەرگەکان دەگەڕان، خەلکیان دەکوشتو، دەبڕی وەڕوحمیان بەکەس نەدەکرد، لەئاکاما تاقمێکی ۴۰۰ کەسی پەنایان بۆ مـزگەوت برد، کە لەدەستی‌کووشتنی‌کوردەکان ڕزگاربن.[۱۴] ئەوکاتەی کە کوردە جوتیارەپێش‌مەرگەکان شاری موسلیان دژی شۆڕش خاوێن کردەوە، دەگونجێ بڵێن ئەوە بزوتنەوەیەکی‌جوتیاری‌و، کرێکاری بوو، کە دژی فئودالە گەورەکانی موسل بەڕێوەهات. نەخشی خسروتەوفیق ئەندامی سەروکی پ ـ د ـ ک لەیارمەتی‌و، کۆمەگ دانەخشێکی زۆر گرنگانەی‌بوو، کەبەوجورە لەهێدی‌وهێمن کردنەوەی شاری موسل‌وە هەروەها لە کوشتن‌وبڕینی عەشیرەتی دووئین (شەمر) کە لە سووریەوە یارمەتی دەکران زۆر بەجێبوو. جاهەمووی

ئەوئاکارانە، بەباشی لایەنگری کوردەکان لە قاسم دەگەیێنێ.
سەرئەنجام یەکەتی دوو سازمانی گەورە کە بریتی لە پ.د.ک.پ، ی.د.ک پارتی کومونیستی عەراق پارتی یەکەتی دیموکراتی کوردستان کە لەپاشان حکومەتی عەراقیان پێکهینا، بووبە هۆی یەک گرتنی پارتو، قاسم، کەبەراستی ژووانو، سێ رۆژانەی ئەدوو پارتیەبوو. ئینجاتووانائی و حوزمەتی پارت زۆر چۆسەرێ وە تازادەیەک کە بە چاپکردنی روژنامەی خەبات دووهەمین روژنامە وەنووسینی هە والی باش جێگای حیزب زۆر لەسەرێبوو. (۴ئاوریلی ۱۹۵۹)

۸ــ (نەوروزی ۱۹۵۹)

یازدەروژپاش شکانی شۆرشی موسل، کوردەکان لەشاری سولەیمانێ جێژنی نوروزیان بەشادیو، بەخۆشیگرت. شاربەوێنەی هەرگەورەی قاسمو، بارزانی تازاوە، وەلەتەنشت ئەدووویێنانە، وێنەی شیخ سەعید، شیخ مەحمـــــود، وەقارەمانانی دیکەی کورد، لەشەقامەکان هلەدەرکو، دیوار درابوو.
پارتی دیموکراتی کوردستان بەچەشنێکی باش خۆ پێنیشاندانی دەها هەزار کەسی لە سازمانی گەنجان وە یەکێتی جوتیارانو، کرێکاران وە بە تایبەتی سەندیکای کرێکارانی پێک هینابوو. سەرۆکە کوردەکان زۆربەتین و گرینگ لەبارەی شۆرشی قاسم وەیەکێتی کوردو، عەرەبقسەیاندەکرد، وەهەموویان سڵاویان بۆکوردە چەوساوەکان کە بە درێژائی میژوودا خەباتیان کردوە دەنارد.
سەرۆکە کوردەکان لەو تارەکانی خۆیان دا بیرەوەری ئەوەیان دەکرد کە چۆنکاوەی ئەسینگەری کورد بەسەر زووحاکی زالم وملهور دازاڵبۆوە، وە هەروەها دژی ئمپریالیسمی ئینگلیس و ئەمریکا وەدژی لایەنگری فاناتیسمەکانی ناسر دروشمیان دەدا.

۹ــ بەیانییەی پارتی یەکێتی کوردستانی عەراق (مەی ۱۹۵۹)

پارتی دیموکراتی کوردستان کەلەئاخری بەهاری ۱۹۵۹ لەژێر چاوە

دیرێی‌هەمزەعەبدوول‌لاوە بەسەرۆکایەتی ژێنیرال بارزانی پێکهاتبوو، ئتر پشتی پارتی سۆسیالیستی عەراقیێ بەرنەدا، وە لەمانی‌فێستێکدا کـــەوە دەری‌خست بەوجورەی گوتبوو:

"پارتی ئێمە هەمیشە دژی ئمپریالیسم و کۆنەپەرستو، فێئودال ڕاوەستاوە وەلەگەل ئەوان ئاشتی ناکات، بەرگری لەمافی نەتەوایەتی، بەتایبەت لەبەشدار بوونی کە مایەتی دەکات، وەشەڕێ چینایەتی بەقزانجی گەل دریژە پێدەدا، تاکوبەئاواتی خوی دەگات.

پارتی ئێمە لە چووار چێوەی و لاتی، کوردستان عەراقدا بووەدەست هێنانی مافی‌گەل و نەتەوایەتی خەبات دەکات، وە بۆ یەکێتی ڕەگەزی کوردو، عەرەب وەبەدەست خستنی مافی دیموکراتیک وە دانانی کۆماری خەلق، وە هەروەها بۆ پێش کەوتنی کاری ئابوری‌و، ڕامیاری لەهیچ تێکوشانێک ڕاناوەستێ.

برایەتی کوردو، عەرەب ڕوژلەگەل ڕوژێ بەپەرەتر دەبێ، وەلەڕاستەقینەدا ئەوەدێ وەدی‌بێت کە بنکەی دیموکراسی لەسەریەکێتی ئەو دوو گەلەدا مەزرینێت.

ئەوانەی کە دووژمنی گەلی ئازادی خووازی ئێمەن، دەسا دووژمنی گشتی ئازادی خووزانی جیهانن. کەسانێک کە دەنگی‌جیاوازی دەردەبڕن، ئەوانە دووژمنی سەرسەختی‌ئێمەن، وەدژی دیموکراسی وپارتی‌ئێمە دەبزونەوە.

خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عەراق لەهەوەڵین ژمارەی خو ی‌دا "داوای مافی نەتەوایەتی‌و، سەربەخۆیی وە وێژەوەری خو ی کردبوو" [۱۶]

بەڵام نێوان تێک چوون‌و، بڕینی هات‌و، چۆلە نێوان پارتی کومونیست‌و بارزانی زۆری‌پێ‌نەچوو، کاتێکی زۆر باریک‌و، عاستەم ونامەعلوم‌و، نەزاندراو هات‌بۆپێشێ، وە ئەوکارە ساتە لەکاتی هەلستانی سەروکە کوردەکانی فیئودالی ناوچەی ڕەوان دزوەری‌هات.

۱۰ــ هەڵستانی سەروکە کوردەکانی ڕەواندزلە (مانگی مەی ۱۹۵۹)دا

ماوەی **حەوتوو** کە لە شۆڕشی موسل ڕابردبوو سەرۆکە کوردەکانی مەڵبەندی ڕەواندز لەکاتێکی زۆر تاریک داشۆڕشیان دەست پێکرد. لەوهەڵستانە

داشێخ رەشیدی لۆلان، وە زاواکەی مەحمود خەلیفە وەمەحەممەد ئاغای زێباری وە داودجاف، دووژمنانی هەرکۆنی بارزانی، بەشدار بوون، بەلام شێخ مەحەممەد سددیق یەکیک لە کۆڕەکانی تاها لەگەل بارزانی هەروەها نیۆانی خوشبوو.

ئەو شۆڕشە بە هۆی ئەوە بوو کە بە شدارکردنی جوتیارەکان لەبەشەکانی زەوی وەلایەن گری کومونیستەکان لە کاروباری جوتیارەکانیموسڵو، ڕەواندز، مەسەلەیەکی گرنگبووبۆ ئەو فئودالانە کە نەیان دەویست، زەوی لەنێوان جوتیارەکاندا بەشبکرێ، جائەوکارە ساتەیان هێنا بۆ پێشێ

شورشلەلایەن هێزی عەراقەوە، وە بە یارمەتی یەکێتی (جوتیارەکان) وە بارزانی تێک شکاوەنزیکەی ۴۰۰۰ کەس بۆ تورکیە وە ۲۰۰۰۰ کەس بۆئیران پەنایانبرد.

هەڵبەت پاش ئەو کارەساتەبوو، بارزانی کە گەڕاوە بۆ کوردستان وەلە ووتارێکدا گوتی کە "کومونیستەکان دەیانەویست ئەمن بکوژن!" پێویسیە مرۆڤ پرسیاربکا، ئایا بەڕاستی دژی بارزانی پیلانێک لە کاردابوو، یان بارزانی لەوەی قەڵس ببوو کە چریکەکان لە جوتیارەکان دەپرسن: "ئایاتو، کوردی؟یان کومونیست؟"

جالە بەرئەوە بوو، کە ڕووناک بیرەکان زۆر لە بارزانی خاترجەم نەبوون، لەئاکام دا پاش ماوەیەک مەلامستەفا لەگەل هەمزە عەبدوول ڵاهاتو، چۆیی خۆی بڕی وەدەنگی لێگۆڕی.

دەگونجێ بڵێن کە بارزانی لەپێش کەوتنی کاری کومونیستەکان، سەری سووڕمابوو، وەلە وەی دەترسا کە پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆر لەپارتی سۆسیالیستی عەراق نزیک بۆتەوە ئەوی وەلابنێن. چوونکە لەشاری سولەیمانێ، کەرکوک، هەولێر بە جووانی ئۆرگانەکانی پارتی سۆسیالیست نەختێک بەئاشکرائی دەبزوتنەوە، وە کاری وباری خۆی لە سەرریوو، شوێنێکی دروستەوەدەبردەپێشێ[۱۷]

ئینجا نووسەرەکانی کورد لێرە دا بێدەنگ ببوون، وەلەکاتێکی ناسکدا، گوێی خۆیان هەڵ خست ببوو،[۱۸]

چووارەمین کونگرەی پارتی یەکێتی کوردستان (پ دیو . ک) وەپارتی دیموکراتی کوردستان پ . د . ک کەسەرئەنجام ئەونێوەی لەسەردانەدرا، لەگەل

پیاوەنیزامێکان هەموویان بەڕاوتە دبیری بارزانی تاقمێکیان هەڵ بژاردو، هەمزەعەبدوولایان لابرد.

ئەوکەسانە: ئیبراهیم ئەحمەد بەنێوی سێکرێتێری گشتیپارتی دیموکراتی کوردستان، جەلال تاڵەبانی ئەندامی ڕامیاری پارتی، کەئەندامی جیاوازی ڕادیکال بوو[19] عومەرمستەفا، نوری شاوێس، وەعەلیعەبدوولا، کە لە لایەن بارزانی وە قامکی لەسەر دانداربوو هەڵ بژاردران، هێندێلەوئەندامانە کە لایەنگری بالی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، یەکێک لەوانە دوکتور مەحمود عوسمان بوو کە لەسالی ۱۹۶۲ بووبە ئەندامی پارتی دیموکرات کەلەلایەن گرەکانی نزیکی بارزانیبوو.

۱۱ ــ قاسملەهاتوچۆیی خۆیی لەگەل بارزانی دەبڕێ

لە ۶ی ژانوییەی ۱۹۶۰ ژێنیرالقاسم، سەرئەنجام لەگەڵ سێ قودرەتان ڕووبەروو ببوو کە ئەوسێ قودرەتە لە دەمو، دەزگای دەوڵەتی داهەستیان هەبوو. پارتی نەتەوایەتی دیموکراسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، وەپارتیکومونیست کە لەگەل پارتی ئەسلی کومونیستی عەراقێ لەپاش ڕوو داوەکەی شاری کە رکوک (۱۴ی ژوییەی سالی ۱۹۵۹) نێوانی نەبوو. پارتی دیموکراتیکوردستان لەوکاتەدا کە هێزێکی گەورەبوو، دەستی بە وەدەرخستنی ڕوژنامە یەک بەنێوی کوردستان کرد [۱۲۰]

بەڵام بەینی قاسمو، کورد، دەهات بەتەواویتاریکبێ، هەروەکو مێژوو نووسانی کورد نووسیویانە عسمەت شەریف وانلی، وەژێنیرالقاسم لەدانشتنێکی دۆستانەدا کە لە هەوەڵی ژانوییەی ۱۹۶۰ دا کۆبوونەوە، قاسم داوای کردکەهیچشتێکباس نەکرێ، ئینجا کوردەکان، "مەسەلەی مافینەتەوایەتی کورد لە چووار چێوەی عەراق داهێنابوویانەپێشێ[21] برایم ئەحمەد وەکمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەلماندیان کە ئەومەسەلەیەلە کۆنگرەی ۵ی پارتی دیموکرات کەلە۵ی یان ۱۰ی مەی ۱۹۶۰ پێکدێ باس بکرێ. لەبەندی ۶ بەرنامەی کۆنگرە دا لە ئاکام دا نووسرابوو، کە پارت پێویسیە پشتیوانی لێ بکرێ، وەبرایەتی کوردو، عەرەب پترپەرەی پێبدرێ، وەمەسەلەی نەتەوایەتی

کورد لەچووارچێوەی عەراقدا دەبێ لەیاسای مەجلسی عەراق چاوەڕوانی بکری

بەڵام لەسەرئەوەشڕا زۆر مەسەلەی دیکە لەبەرچاوونەگیرابوو، نێوانی پارتی دیموکرات لەگەل بارزانی بە باشی ڕوون نە ببۆوە، وە هەروەها نەدەزاندرا کە قاسم لەگەل کوردان چلۆن دەیەوێ ببزوێتەوە، وەجگەلەوانە کۆمونیستەکان نێوانیان وردە ــ وردە دەهات لەگەل قاسم ببردری. لەمارسی ۱۹۶۰ داقاسم لایەنگری خوی لەپارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پاش شۆڕشی ۱۹۵۸ هاتبوونە وڵاتی عەراق مەبەست بەوەی کە تاوان بارکراون کە لەگەل کومونیستە کانن بڕی. یەکێک لە ئەندامانی پارتی بە بارزانی گوت کە قاسم گاڵتەت پێ دەکات پاشئەوەی کە کۆمونیستەکانی سەرکوت کرد، وەبلاوی کردن، ئینجا نۆبەی کوردە کانیش دێ.

بەڵام بارزانی نەتەنیا بــــەقاسمی ڕانەگەیاند، وەلەوکارەشدا نێونجێتی نەکرد، تەنانەت ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لەعەراق وەدەرنان.

لەکۆتگرەی ۵ی مانگی مەی ۱۹۶۰دا، پاش ئەوەی کە بارزانی لەگەڵ کومونیستەکان نێوان ناخۆشی لێوەدەرکەوت، سەرئەنجام حیزبی دیموکراتی کوردستانش بووبەپارتی (شۆڕش). لەبەیان نامەیەکدا کە دەریبڕی بوو گوتبووی کە: "تەواوی خەلکی کورد، چکرێکار، جوتیار، پاڵە، سەنعەتکار، گەنجانی ڕووناک بیری شۆڕشی کورد" دەتوانن لەدەوری یەکتر کۆببنەوە. بەشوێنی ئەوەدا، لەڕاو تەدبیرێکی دا کە گیرا، هەموویان گوتیان کەپێویستە ڕێبوو، شوێنی (دکترین)ی مارکسییسم ــ لێنینیسم لەبەر چاوبگرن، ئینجا دانیان بەسەر داناوگوتیان ئەومەبەستە لەئاکامدا خەباتی ڕامیاری چینیایەتی وەمەسەلەی ئاتالیزی لێ کۆلێنەوەی خەلکایەتی تێدا دەبیندرێ."

لە ۳ی مانگی نووامبری ۱۹۶۰ بارزانی، بەبۆنەی سالی تێوە رسووڕانی شۆڕش شورەوی چۆشاری مسکۆ، کە بە شداری لەوجێژنە دابکات. لەوێ لەلایەن خروشچوفەوە، ڕێزێکی تایبەتی لێ گیرا تانیوەی مانگی ژانوییەی ۱۹۶۱ نەگەڕاوە بەغدایە. ئینجانەزاندرا کە چاوپی کە وتنە کەی لەگەڵ پیاوەکانی شورەوی چ سودو، قازانجێکی لەبەر دابوو، وە بەکوێگەیشت.

لەئاکامدا هەر مەبەست بەوەبوو کە قاسم لەو گفتوگویە دڕ دۆنگ بوو،

وە بە شۆڕشی ئەوە دا هێندەی پێ نەچوو کە نیوان‌و، هات‌و، چوبی قاسم‌لەگەل بارزانی بڕا.

۱۲ــ مەبەستی بڕینی‌هات‌و، چۆ لەگەڵ‌قاسم

لە پاش‌ئەوەی کە زوریان کەندو، کۆسپ بو کومونیستەکان، وە کوردەکان لەعەراق‌دا هێناپێشێ، وەپاش سالێک کە لەشورشی ژوئیەی (۱۴ ژوئیە ۱۹۵۸ ــ ۱۴ ژوئیە ۱۹۵۹) ڕادەبرد قاسم‌کە لەبە قودرەت‌گەیشتنی کۆمونیستەکان مەترسی زور بوو، ئینجا ڕووی لەبالی‌راستی پارتی ناسیونال دیموکراتی ـ کرد، وەبەتایبەتی بۆ لای ناسیونالیستی عەرەب‌چوو. بەوجورە چلۆنایەتی وازی قاسم لەبارەی مەسەلەی کوردەکان‌دا زۆرنامەعلوم بوو.

لەیاسای مەجلسی عەراق دالەمادەی ۲ و ۳ی یاساکەدا، مەسەلەی کورد بەباشی ڕوون نە بوو. برایم ئەحمەد، لەڕۆژی ۹ی نوامبری ۱۹۶۰ کە بەبوبە سێ کرێتیری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرنای ڕوژنامەی خەبـــاتی کوردستان‌دا لە ۱۹ی ئۆکتوبری ۱۹۶۰[۲۲] بەچاکی ئاشکرای کرد. چەندمانگێک بە شوێنی ئەوەدا، شەڕی قەلەمی لە لایەن حکومەتی شۆڕشی عەراق لە ڕۆژنامەی "الثۆرە، دا دەستی پیکرا، وەلە نوشتارێک دا لەژێر عینوانی: (شۆڕشی عەرەب وەمەسەلەی نەتەوەکەمان) ڕاگەیاندرا، کە سەرئەنجامی (کوردی عەراقی) لە چووارچێوەی ناسیونالیستی عەرەب دالەبەرچاوە، وەپێویستە "نەتەوەکەمەکان واتە "ئەقەلیت" بۆلای ناسیونالیستی‌ی عەرەب بکێشرێن"[۲۳۰]

ڕەژیمی عەراق کوردەکانی لە کاتی چێوتی‌و نالەباری‌دا، دانابوو، لەمانگی مارسی ۱۹۶۱ برایم ئەحمەد گوناح‌بارکرا کە پیاوێکی لە فیئودا لە دەربەگەکوردەکانی بەنێوی سەدیق نیران عوسمانی، لەفیورییەی سالی ۱۹۶۰ دالەشاری شەقلاوێ لەکاتێک دا کە بەرەنگاری‌پێش مەرگەیەکی بارزانی بووە، کوشتوە.

هەروەها ئەندامێک، بەنێوی عومەر مستەفا دەگیرێ وە لەولات بوجنوب دوور دەخرێتەوە.

هاوکات لەگەل ئەو تاوان‌بارکردنە، قاسم دەستوردەدا، کە ڕوژنامە

کوردەکان ،وەک کوردستان، دەنگی کورد، هەتاو، لەچاپنەدرێن. وەڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی ڕەسمی ئیداری (پ د ک) لەنووسین بوێستێندرێ (ئاخری مارسی ١٩٦١).

بەرانبەری مارسی ١٩٦١، ژێنێرال بارزانی، کە ئەو کارەساتانەی چاوپێ کەوت، ئتربەچاکی لێی حالی بوو، وەمەسڵەحەتی نەزانی لەبەغدایە بمێنیتەوە ،وە بو ناوچەی بارزان، گەڕاوە.

پاش شەش مانگ شەڕ دەستی پێکرا، وەهاتو، چۆی لەبەینی بارزانیو، قاسم بەتەواوی بڕا. وازی ناوچە ڕۆژبەڕۆژ خرابتردەبوو، لەمانگی ئاوریلی ١٩٦١، کمیتەی ناوەندی پ د ک لەبەغدایە کۆبوونەوەیەکی پێکهینا، لەو کۆبوونەوەیەدا، دەبوو، تەسمیم بگرن کە ئایا لەشۆڕش لایەنگری بکەن یان دژی شۆڕش دەست بەکار بنو، بۆبەرگری ئامادە بن. قاسم لەوکاتەدا بە تایبەتی دژی بارزانی، وەلە مەجموع دا دژی کوردستان ووتاری بڵاو کردەدەو، هەڵمەتی بردە سەرکوردان[٢٤]. جەلال تاڵەبانی لایەنگری ئەوەبوو کە دەبێ شەڕی پارتیزانی دەستپێبکرێ

لە هاوینی ١٩٦١ لەمانگی ژوئن وە ژوئیە دا پارتی دیموکراتی کوردستان دووبڕوارنامەیبە حکومەتی عەراقدا، بەڵامقاسم وەپشت گوێیخـــــۆیدا، وەمەسەلەی کوردستانی لەبەرچاونەبوو. تەنیا لە بیروڕای مەسەلەی نەتەوایەتی ناسیونالیستەی تووندی) عەرەبەوو کەپێگرنگبوو، جامەسەلەی کوویەتەی هێناگۆڕێ. هەروەها لەکاتێکدا کە کوردەکان دەیانەویست تێوەرسووڕانی سووەمین سالی شورشی ژوییەی ١٩٥٨، جێژنبگرن، حکومەتنەیهێشت، وەلەمەلبەندی بارزان پێشمەرگەکانی بارزانی لەگەل پیاوە چەکدارەکانی مەحمود ئاغازێباری بەرەنگاری یەکتربوون.

١٣ ــ بیلان ــ تەرازنامە

سێ سال سوڵحو، ئاشتی لە میژووی کورد دازۆر بەنرخوبایخبوو، بەڵام قسەکردن لەسەریاسای عەراق کە مافی نەتەوایەتی کوردانی تێدا گونجابوو، لەکردەوەدا بەجێ نەهاتو، کەڵکی لێوەرنەگیرا. لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا

کوردەکانی عەراق لەئازادی دادەژیان، ووتارو، نوشتاریان ئازادبوو، هەرچەند قاسم پیاوێکی ملهور بوو، بەڵام لەسەر ئەوەشڕا کوردەکان هەولو، تەقەڵلایان هەردەدا. بەتایبەتی ڕۆژنامەکان نەخشێکی گەورەیان دەگێڕا.

هێندێ لەپیاوە سەرۆکە بـە نرخە کوردەکانی ئێرانیش، لەکاروباری شۆڕشدا لەشاری بەغدا هاوبەشێکی گرنگیاندەکرد. ڕاپەرینی باشی پارتی دیموکراتی کوردستان تووانی بەشیکی زور لەهەوادارەکانو، لایەنگرەکانی خو ی لەسەرپێڕاگرێ، وەسازمانێکی جووان بەشێوەیەکی دروست پێکبێنێ.

لەسالەکانی (١٩٣٤ – ١٩٣١) نەخشی بارزانی بەنیوی سەروک زور گرنگ بوو، هەوەڵین دوور کەوتنەوەی بارزانی لەعەراق لەسالی (١٩٤٣ – ١٩٣٤) کەسالەکانی پڕپیتو، تاقیکردنەوەی بارزانیبوو، وەدیهات، هەروەهادووهەمین دوورکەوتنەوەی بارزانی بو ولاتی شورەوی (١٩٤٧ – ١٩٥٨) بووبەهۆی ئەوە کە بەرزتربێ

وەسەرئەنجام بارزانی بەنیوی پیَشمەرگە، سەرۆکهیز، سەروکیَنیزامی، وە هەروەها بە نیوی مرۆڤێک لەکاری کوردایەتی دانەخشی دەگێڕا.

بەوجورە بارزانی بەسەرهاتو، چلۆنایەتی کوردی عەراقیێ بەدەست دەگرێوەلەگەل پارتی دیموکراتی کوردستان بەنیوی سەروک هاوکاریدەکات. بارزانی دەیەویست کە سەرۆکایەتی تەواوی کوردەکان بەدەست بگری، وەتەنانەت قاسموە شورەویشئەوەی بسەلمێنو، بە لیدێڕی کوردەکانی بناسن، بەڵام لەوکارەدا ناکامما. ئینجا ئەوە هەوەڵین ناکامی و شکانی بارزانی نەبوو، بەڵکو شکانی دیکەشی بەدووائی دا هەبوو. عەیب و عاری گەورەی ژینیرال بارزانی ئەوەبوو کە قەت لە دڵەوە لەگەل حیزب هاوکاری نەبوو وتەنیا "ئالەتی" دەستی دادەنا تەنانەت دەیەویست بەتەنیا، تەواوی هیزوتووانائی و قودرەتی لەچنگ دابێ، وە کارەکان بوخوی هەلسووڕێنێ.

وادیار بووقەت نەخشو، ڕێبازی دیموکراسیو، ڕامیاری نازانی وەبۆچی ناچێ"

بەڕاستی پێویستە بڵێین کە بارزانی بە دریژائی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانوە سالەکانی شۆڕشدا واتەئەو چەند سالانەی کەحیزب هەستی هەبوو، قەت بە چاکی هاوبەشی نەکردبوو، بۆ ئەوەی کە بڵێین کارێکی

کردوە، جارجاریەکێکی لەئەندامی سەرۆکی حیزب لادەبرد، وەمرۆڤێکی دیکەی لەجێ دادەنا...

سەرئەنجام لەو کردەوەیە کەس رەزامەندی، نەبوو، بەکورتیبڵێن کەنێوانی بەینی پارتی و سەرۆک قەت خۆشنەبوو. سەرئەنجام ئەوکارو، کردەوانەبُوو، بەهۆی ئەوە کە سەرەتای چێوتیو، نالەباریو، ئالۆزیو، بوحران لەسالی ١٩٦٤ دا پەیدا بوو، وەلەئاخردا بە شکان و ناکامی بارزانی لەسالی ١٩٧٥ دا گەیشت.



کوردستانی عراق
سنوری ناونەتەوەئی
، ریگا
، چوم
0 25 50 75 100 kms
مقیاس ١٠٠ کیلومتر
سوریە
تورکیە
بەحری ورمی
ئیران
عراق
شیرانیش
کانی ماسی
زاخو
ئامادیا
بامەرنی
دەهوک
سەرسەنگ
تەروش
ئەل کوش
شیخان
بیلە
بارزان
ئەکرا
میرگەسور
دیانا
گەلالە
حاج عمران
رەواندز
زابی گەورە
سەبخار
موسل
شەقلاوی
سەنجاق
هەولیر
کوی
رانیە
قەلادزە
دوکان
زابی چکولە
چەمچەمال
کەرکوک
چوارتا
پەنجون
سولەیمانی
بەرزنجە
دەربەندی خان
حەلەبجە
کیفری
Takrit
خانەقین

فەسلی ٦

شەڕی قاسم :

بەڕاستی گەلەکانی عەراق هومێدێکی زۆریان بە شۆڕشی١٤مانگی ژوییەی سالی ١٩٥٨ بوو، بەڵام دەهات شورشەکەلەڕێگای‌خۆی لابدات، وەمافی گەلەکانی عەراق بەتایبەتی مافی کوردەکان لەژێرپێ‌دابندرێ. سێ‌سالی ئازگار بەشۆینێ ئاگاداری یاسای کاتی‌مەجلسی عەراق، کەلەژێرسایەی کۆماری عەراق داپێکهاتبوو، دەولەتی عەراق یاساکەی لەبەرچاونەگرت، وە،وردە ــ وردە دەهات کە شەڕی حکومەت لەگەڵ خەڵکی کورد هەل بایسێتەوە.

لەئاکام‌دا لەسالی ١٩٦١ زاینی شەر دەستی پێکرا، وە واشکرا بوو کە بەو زووانە ناکوژێتەوە، وەحکومەت بەتەواوی هێزو، تووانائی خۆیــــەوە تێ دەکوشی کە کاری کوردەکان تەواوبکات ،وە شۆڕشەکەیان سەرکوتکات. ئینجا کاتێک شەڕ زۆر بەتین دەبوو، وەکاتێکی تر هێمنی‌و، ئەهوەنی لەناوچەکە دا بەرقەرار دەبووە. کاتێک کە حکومەت شێوەی ڕامیاری لەپاش دەبوو، کوردەکانی دەلاواندەوە، سەرئەنجام بە درێژائی ١٤ سال کە چوواررژیم گۆڕا، وەبەوجێگایە دەگەیشت کە وازی کوردەکان لەگەل دەولەت بــاش بیت، لەنەکاو، حکومەت سەرەوژیر دەبووە، هەڵمەتی دەبردە سەرخەلک، زوری لێ دەکوشتن، هاتو، چۆی‌و، وتو، وێژ دەبڕا، ئیشوکار لەگرێژەنە دەچوو، دوژمنایەتی‌و، بەرەنگاری لەمابەینی کوردەکان‌و، حکومەت تازە دەبۆوە.

دەگونجێ تەنیا پێک هاتنێک کە ١٥ی مارسی ١٩٧٠دا، لەبەینی حکومەتو، کوردەکان وەدی‌هات، هەرچەند، ریشەو، بنەرەتی‌سستو، بێ‌دەوام

بوو، بەلام، هات وچۆی دەکرا، وەنێوان ناخوشی کەمتر دەبوو.

تاکو ۵سال پاش واتە لەسالی ۱۹۷۵ بارزانی کە سەرۆکی ئەو شۆڕشەبوو، بۆ لایەکی دیکە کێشراوە سەرئەنجام ڕاپەڕینو، شۆڕشەکەی تێک شکا.

۱ ــ دەست پێکردنی دووژمنایەتی

دووژمنایەتی لەکاتێکی زۆر گرنگوباریک دادەست پێکرا[۱]. ئینجا لەپاش ئەوەی کەژی نیرال بارزانی بۆ بارزان گەڕاوە، لەمانگی مارسی ۱۹۶۱دا لەبەینی دانشتوانی ناوچەی بارزانو، عێلی زێباری شەڕ وەدی هات. حکومەت بەپوولو پارەو، هێزی چەکداری خۆی، یارمەتی زێباریکانی دەدا.

لە۱۵مانگی ژوییەدا بارزانی بۆتێکشکانی تاقمی زێباری هەڵمەتێکی بردەسەریان: بەرەنگاریو، شەڕ تا ۱۹ی ژوییە ۱۹۶۱ بەردەوام بوو، سەرئەنجام سەرۆکەکانی زێباری بۆتورکیە پەنایان بردو، شەڕەکە دووائی هات. ئینجا لەکارو کردەوەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی باش نشان دا، وە هەروەها مەلبەندی کوردستان، بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی دەستوری حیزبێ یەک پارچە هەڵستا سەرپێ، وەدژی حکومەت لەمانگی سێپتامبری ۱۹۶۱دا دەست بەکاربوو. وەخۆیبۆ هەڵمەت و هێرش ئامادەکرد. لەوبەینەدا، کەسنەیدەزانی کە نەخشی بارزانی چیە!

خەلک لەیەکتریان دەپرسی کە، آیالەودەمو، دەستەدا پێویستنیە کە مەلامستەفا ئاکارو ڕەوشتی خۆی بنوێنێ؟ بەلام ئەوپرسیارانە هەروا بێوەلام مانەوە، وەتاکوئستاش نەزاندراوە کەبۆچی مەلامستەفا لە وکارەدا بێمەیلی لەخۆیی نشان دا، ئایا بەهۆی ئەوە بوو کە دەیەویست هەربۆخویی خاوەنجێو، مەقامبێ، وە دیکتاتور بمی نێتەوە، بەڕاستی هەرواش بوو، وەشورشە کە بە رابەرایەتی مەلامستەفا لەڕێگای خۆی لای دا.

لە ۶ی مانگی سێپتامبری ۱۹۶۱، پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی بیرەوەری شۆڕشی شاری سولەیمانێ کەلە۶سێپتامبری ۱۹۳۰ دا ڕووی دابوو، مان گرتنێکی ڕازاندەوە. بەشوێنی ئەووازە حکومەتپاش سێ ڕوژ هێرشێکی بۆسەر عەشیرەتەکانی کوردبرد. مەلامستەفاش لەبەرانبەر ئەو هێرشە داخۆی ڕاگرت

وەدژی هێرشێگی لە ۱۶دا ،کرد .لەئاکام داژی نیرال قاسم لە۲۴ مانگی سێپتامبری ۱۹۶۱ دابەهەوال دەرەکانی حکومەت ڕادەگەیێنێ کە شۆڕشی کوردەکان سەرکوت کرا ، وەحیزبی دیموکراتی کوردستانش پێوێستە لەنێوان دانەمێنێ ۲

۲ ــ کاتی پارتی دێموکراتی کوردستان

لە پاش ئەوەی کە حەڕەکەتی پارتی دیموکرات لە عەراقدا پێشی لێ گیرا ، حیزب ماوەی چەندمانگ بێدەنگ و بێهەست دەبی ، بەلام سەرۆکی پارت برایم ئەحمەد ، لەشاریبەغدایەلەگەلقاسم ، هاتو ، چۆی و ، ووتو ، وێژی خۆیی دربڕە پێدەدات . لەگفتوگۆیەکی کە برایم ئەحمەد لەگەل ئێریک ڕولو ، هەوال دەری ڕۆژنامەی لوموند بەڕێۆەی بردبوو ، دەنگی خۆیی دەربڕی بوو ، وەگوتبووی کە ،هێزی حکومەتی عەراق ، بەهەموهێزو ، تووانائی خۆیەوە هێرشی بردۆتە سەر ناوچەی کوردستان ،وە لەوێدا جوتیارو ، فەلەو ، ڕەنخبەرەکان قەتلیعام دەکات ، وەدەیەوێ شەڕێکی دوورو ، درێژ بە سەرخەلکی زەحمەت کێشی کورد ، داسەسپێنێ ، تەنانەت حیزبی دیموکرات دەتوانێ زۆرباش لەژێر عودەی ئەو کارەنالەبارەێ کە حکومەت لەو گەلە چەوساوەیە دەکات بێتەدەرێو ، سەربەرزبێت . ئینجا بە هۆی ئەومەبەستەیە لەمانگی سێپتامبرەوە ، کارو کردەوەی ناوچەی شەڕە کە بە ئەستۆدەگرێ . بەلام لەسەر ئەوەشڕا ، حیزب تا هەوەلێ مانگی مارسی ۱۹۶۲ لەشەڕدا زۆر بەگرنگی بەشداری ناکا ، کەوایە ، سەبارەت بەوەبووە بەلکو داخووا بتوانێ لەڕێگای گفتوگـــــــووە ، مافیژیانینەتەوایەتی کورد وەدەست بێنێ وەبەپیاوکوژی و نالەباری لەناوچەکە دا کو تایی بێنێ

بەلام بارزانی هەر بەخۆڕ هەڵ بەزندانو ، هەڕە شەو ، گوڕەشە کارەکەی ناحەزترەدکات وە حازرنابێ کەهەنگاویک بەقازانجی کوردەکان بۆپێشەوە هەڵێنێ ، بەلکو هەر بەقسەی خویی دەکاو ، پرس بەکس ناکات .

لەوبەینەش دا پارتی کومونیستی عەراق (پ . ک . ع) بەتەواوی هێزە وە دژی فەردپەرستی حکومەتی قاسم دەست بەکاربوو پێیوابوو کەکوردەکان ، حکومەتی عەراق دە ڕووخێنن ، جابەوجورە ڕاوتەدبیری هێناسەر ئەوهەلوێسبتەی

که "جـبهه‌ی خه‌لقی" پێکبێنێ وه‌له‌ناوچه‌ی کوردستان واته شمالی عه‌راق دابه دووژمنایه‌تی‌و، به‌ربه‌ره‌کانی خۆی دژێژه‌پێبدات. ۴

وادیار بوو که حیزبی کومونیستی عه‌راق له‌مانگی مارسی ۱۹۶۲ وه، ڕاو، ته‌دبیری به‌قازانجی کورده‌کان گۆڕیوه، وه دروشمی "مافی ژه‌وای‌نه‌ته‌وایه‌تی" خه‌لکی کوردی، له‌به‌رچاووگرتووه، وه‌ئیدی نایه‌وێ له ئیداره‌کردنی وڵات دا له‌گه‌ل سه‌رۆکه‌کانی حکومه‌ت به شداری بکات وه‌داوای مافی خۆشی،شان به‌شان له‌گه‌ل مافی ژه‌وای نه‌ته‌وایه‌تی کورده‌کان به چاکی به‌ڕێوه ده‌بات. ۵

۳ ــ هه‌وڵین شکانی کورده‌کان

ئینجا له‌ده‌ست پێکردنی شه‌ڕه کەدا، هه‌ردووک لا یه‌کیه‌کیی تاوان‌بار ده‌کرد. به‌لام هه‌رچیێکبێ، ئه‌و شه‌ڕه بۆ کوردان زور گران ته‌واوبوو. هێزی عه‌راق لـــــه خواروی با کوریۆه پەلاماریێکی بۆسه‌ر ناوچه‌ی کوردستان برد، وه له ده‌وروبه‌ری شاری سوله‌یمانێ کورده‌کان سه‌رکوت کران،وه‌تێک شکان! به‌لام له‌ناوچه‌ی شاری هه‌ولێر،زیاتر له‌چه‌ند سه‌د پێش مه‌رگه به‌سه‌رۆکایه‌تی عه‌بدوول‌لا ئسماعیل له‌به‌رامبه‌ر هێرشی هێزی عه‌راق‌دا، ماوه‌ی سێ مانگان به‌ره‌نگاری کردو، له‌مپه‌ری ڕاگرت. هه‌رچیێک بێ له‌به‌رئه‌وه‌بووکه زۆر به‌ی هێزی عه‌راقی‌هات‌بوو، ناوچه‌ی‌کورده‌کان، وه‌پیاوه‌کانی کورد، چه‌کیان نه‌بوو، وه‌سه‌رۆکی باشیان‌نه‌بـــوو که‌ڕابه‌ریان‌بکات،جابووبه‌مه‌به‌ستی‌ئه‌وه‌که نه‌توانن زۆر به‌باشی له‌به‌رامبه‌رهوروژمی هێزی عه‌راقیدا خۆیان ڕابگرن، به‌تایبه‌تی فرۆکه‌کانی عه‌راق، به‌بۆمبـــی ویرانگه‌رانه‌هێرشی ده‌کرد

ژی‌نیرال بارزانی پترله ۶۶۰ پێش مه‌رگه‌ی چه‌کداری نه‌بوو، ئه‌وپێش مه‌رگانه‌ش‌ته‌نیا ئه‌سله‌حه‌یان تفه‌نگ‌بوو[۷]، جاحه‌ق‌وایه که‌بگوترێ ده‌ستێ به‌کاریێکی زۆر نه‌ترسانه‌و، پیاوانه‌دا. ناوچه‌ی بارزانی، به‌نیێوی ناوچه‌یه‌کی "بێ‌لایه‌ن" بوشیخ ئه‌حمه‌دی برای به‌جێ هێشت، وه به‌خۆی‌و، به‌پیش مه‌رگه‌کانیێوه، بۆه‌ولاتی بادینان ڕبێ داگرت‌و، چۆ زاخوێه، که‌ئه‌و جێگایه له‌خووارووی،روژئاوای ناوچه‌ی بادینانه، وه‌زستانی سالی ۱۹۶۱ ــ ۱۹۶۲ی له‌پەناو،پەسیوان دا ڕابـــوارد، که‌له‌هێرشی دووژمن به دووربێ

لەدیسامبری ۱۹۶۱ دا برایم ئەحمەد سەرۆکی پارتی دیموکرات پاش ئەوەی کە بەچاکی بۆی ڕوون ببۆوەکە، ئیدی ووتو، وێژ لەگەل حکومەتی قاسم کەڵکی لیی وەرناگیرێ، لەشاری بەغدایە، وەدەرکەوتو، هاتەوە ناوچەی سولەیمانێ، لەوێ داکانگای حیزبی دامەزراندەوە، تابەهاری سالی ۱۹۶۲، زۆر بەخۆفو، ترسەوە لەوێ ماوە، وە سازمانی پارتی هەڵ دەسووڕاندو، ئیدارەی دەکرد.

۴ ــ پارتی دێموکراتی کوردستان و، سازمانی بە رگری

۸ ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی حیزب، ڕای‌گەیاند کە پیویستە لەو کاتەی عاستەمەدا، سازمانێکی بەرگری دەست بەکاربکات، وەزیاتر مەبەستی کوشتنی پیاوە خراپەکانو، خائنەکانوە تێرۆڕی ئەوان بێت، هیندی جیگاش بسووتێنێ، ئەوسازمانە دەبی لەژیر چاوەدێری حیزبی دیموکرات ببزوێتەوە. دروستکردنو بەڕێوەبردنی ئەوسازمانە پترمەبەستبەوەبوو کە سازمانێکی بەرگری شەرکەربەهەستبی، کە کوردەکانی ناوگوندو، شارەکان بەچاکی ڕێکوپێک بکرێن وەنیزامێکی تایبەتی هەبی. سەرئەنجام ئەوسازمانە لەدەستەی ۱۰ کەسی پێشمەرگە وە پەلی ۵۰ کەسی‌وەلکی ۳۵۰ کەسی پێش مەرگەی چەکدار دروستبوو، کە ۷۵% واتە لەسەدا ۷۵ مرۆڤی ئەندامی حیزب" لە شکری شورش گیری کورد" بوو.

ئەوپێش مەرگانەلەسەر ڕێو شوێنێکی باش، نزمو، تەرتیب درابوون، ئاکارو کردەوەیان زۆرباش بوو، لەگەل خەلکی بەچاکی دەبزوتنەوە، وەرزشیان پێدەکردن، لەشوبەندەنێکی‌ساغیان هەبوو، هەرپیش‌مەرگەی سەلتە۷۵ فلس لەمانگی دا ۱۲ فرانگ) پوولیان دەدایە، پیش مە رگەی خاوەن خیزان لە مانگی دا ۳ دینار (۴۵ فرانگ) یەوە ردە گرت. (۱۵) . جابەوچەشنە هێزێکی گەورەی باشوئازا لە کوردستان پێکهات، کە ئەوهێزە لە۷۰۰۰ مرۆڤی پێش مەرگەی شەڕکەر دروست ببووەتاسالی ۱۹۶۲ ئەوهێزە نزم‌وتەرتیبو، ئارایش‌درا، ئامادەی هەموو کارێکبوو. هاوکات لەگەل پێکهاتنی ئەو هێزە، سازمانی پ . د . ک لەسەرتاسەری کوردستان عەراق‌دا بەچەشنێکی ڕامیاری‌باش دەبزووتەوە. ۱۵ کمیتە تەواوی مەلبەندی کوردستان ئیدارە دەکرد ئەو ۱۵ کمیتەیە لەشاخەکانی

نیزامی، ڕامیاری، زانیاری، بەڕێوە بردنی کاری ئیداری، بەئەستۆ گرتنی کاروباری لۆژیستیکیوە... ئیش و کردەوەی دیکەبوو کە دەتوانین بڵێن کوردستان بەوانە لەسەرپێ‌خۆی ڕاوەستا بوو، واتە ناوچەی کوردستان بەچەشنی حکومەتی بە و دو حیزبە ئیدارە دە کرا

٥ ــ نێوان وهات‌و، چۆی حیزبی‌دیموکرات و بارزانی

ئەوسازمانە بەهێزو، تووانایە کە بەڕاستی بەجۆریکی چاک‌وباش پێک‌هات بوو، وەزۆر لەڕووی‌نزم و تەرتیبێکی تایبەتێوە دەبزووتەوە، وە بەخسوس لەجنوبی کوردستان دا دسەلاتی‌زۆر بوو، وەبرایم ئەحمەد لە چوارتا جەلال تا لەبا- نی لەچەمی رەزان‌عومەر مستەفا لەبیتوات دانا وەندیان) بەئە ستوگرت بوو، دەهات کەلەشمال‌ومەرکە زدا پەرەپێ‌بدەن، بەداخەوە چێوتی و نالەباریان بۆ حیزب هێناپێشێ، وەلەڕو، لاوازیان کرد. ڕۆژێک هەوال بەڕێکی دەرەوە لە سێ‌پتامبری ١٩٦٢ دا لەگەل مەلامستەفای بارزانی، ووت‌و، وێژیکی بەڕێوە بردو، لێی‌پرسی: ئایا نەخشو، کردەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەڵستان‌و، بزووتنەوە کەی کورد دا تاچ ڕادەیەکە؟ بارزانی بەدەنگێکی بلند ولامی داوە وەگوتی هەموو، کە لێرە حازرن گۆی‌تان‌لێ‌بێ: تائەو کاتەی کە من ئاگادارم‌و، دەزانم، حیزب هەستی‌نیە، بەڵکو تەنیا نەتەوەی کوردە کەڕاپەریوەو، بۆ مافی ڕەوای خۆی تێ‌دەکوشێ‌و، هەوڵ دەداو، خەبات دەکات. ١٢

لەئاکاما بەوجورە نێوان ناخوشی لەبەینی‌مەلامستەفا، وحیزب پەیدابوو، ١٣ هات‌و، چۆیان نەماو، ئاڵۆزی و ناکۆکی پتر لەبەینی کوردەکان دا وەدی‌هات. ١٤

٦ ــ ڕووناک بیرەکانی حیزبی دێموکرات

بەوبیرو باوەڕە لەڕاستەقینەدا دەگوترێ کە بارزانی لە کاروباری پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت لەکارو، کردەوەی‌گەنج‌و، لاوەکانی ڕووناک بیر ڕازی نەبوو. ئەوەش مەبەست بەوەبوو کە وردە وردە دەهات‌کەهێزو ڕابەرایەتی

لەمەلامستەفا بستێندرێ.

برایم ئەحمەدیەکێک لـــەو ڕۆشنبیرانەبوو: لەسالی ۱۹۱۳ی زاینیدا لەشاری سولەیمانێ لەدایکبووە وەپاشان چۆتەنێو بزوتنەوەی کوردەکان،قوتابی مەدرەسەی حقوق بووە، زانستگەی حقوقی لەسالی ۱۹۳۷ لەبەغدایە تەواودەکات. لەزانستگە لەبارەی مەسەلەی کورد ــ عەرەب دەکۆلێتەوە، وەرسالەی خۆی لەو بارە دادە نووسی،[15] کۆڕی ماموستاکانی زانستگە لەو رسالەیە بەرگری دەکا. گۆڤاری گەلاوێژ لە ژێرچاوەدێری ئەو بەچاپ دەگات. لەسالی ۱۹۴۶ دەبێتە سەرۆکی یەکێک لە شاخەی پ . د . ک ی ئێران کە قازیمحەممەدلە سولەیمانیی دانابوو.

بارزانی لەگەل ئەو لکەی حیزب ڕووی‌خۆشی نیشان نەدا. بەلام هەتا کۆماری کوردی مهابادتێک نەچووبوو، مەلامستەفا ناچار بوو، لەبەر چاووان‌دا، لەگەلیان بێ. تەنانەت لە پاشان پالێوە حیزبی دێموکراتی عەراق‌دا، تاکوو چۆڵاتی شورەوی وەهات وچوی بارزانی لەگەل حیزب برا.

ئیبرایم ئەحمەد کەسەرۆکی گەنجە ڕۆشن بیرەکان بوو، مروڤێکی زانا، لەکتێبی ژانی گەل‌دا ئیبرایم ئەحمەد لەپێشدا بە پیاوێکی خاوەن ئیدەی ڕۆمانتیکەوە بەشێوەی ئەودابە نووسەرێکی ڕئالیست ناســـــان دراوە. گوتراوەبەڕاستی ئیراهیم ئـەحمەدا نوێنەرێکی پێشرەوی ڕێبـــــــــــازی ڕئالیزمە...

دەسەلاتی بەسەرئەدەبیاتی زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیسی، فارسی،هەبوو[16] چەندمانگیک پاش کە لەکاتێک‌دا لەبەر چاوان نەماو، لەغارێک‌دا خوی شاردبووە روژنامە نووسەکان چوونە لای وە پرس و جۆیان لێکرد لەغارە کە داچاویان بەکتێب خانەیەکی کەوت کەکتێبی، راسێل، داستایوفسکی، مارکس لنین، لوئی‌پاسترناک،پەرتوکی‌سالیسبوری، وەژان‌پول[17] سارتری‌تێدایە. بەراستی ئەو هەموکتێبانە لەوغارە دووردەستەوە دەبین‌درا، جائیبرایم ئەحمەد، دەپڕژا کەمۆتالای بکاو، لەوەختی‌خوی‌دا بیان خوێنێتەوە. بەلام بەپێچە وانەی ئەو، کەسێک نەبوو کەقەت کتێبێک، بەدەست بارزانی‌وەببینێ،هەوال نووسێکـــــی بریتانیانی بەنێوی داود ئادامسۆن دەگێڕێتەوە کەتەنیا کەرەتیک بو کە چاوم پێکەوت کە بارزانی کتێبی دەخوێنێتەوە، ئەویش کتێبی عومەری‌خەییام بوو! [18]

لەهەلوێستی ڕامیارێوە ئیبرایم ئەحمەد بەباشی نەزاندراوە، وە نەناسراوە کە چۆن پیاوێک بووە. ئەوەی کە ڕوون ببۆوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی مارکسیست ـ لنینیست بوو، ڕەقیبە لای راستێکانی ئیبرایم ئەحمەد دەیان گوت[19] کە پیاوێکی کـــریپتۆکـــومـــونستـــــە کە وردەوردە بۆلای "دیموکراسی لیبرال" دەڕووا"! ڕخنەگێڕەکانی چەپ پێیان دەگوت کە پیاوێکی ناسیونالیستە کە زۆرتر بەعارف نێزیکترە تابەقاسم. خالد بەکتاش دەبیری گشتی پارتی کومونیستی سووریە کە لەڕەگەزەوە کوردە، دەڵێ کاتێک کەبرایم ئەحمەدم لەسالی ۱۹۵۸ لەشاری پراگ چاووم پێکەوت، وەووتو، وێژم لەگەڵ کرد، لەسەر ڕێوو، ڕەوشتی بەعسیگام دیت، پیم وایە بەعسییە. [20]

جەلال تالەبانی لەسالی ۱۹۳۳ لەکۆی سەنجاق لەدایک بووە، ذانستگەی حقوقی بە غدایەی تەواوکردەوە، دەگونجێ بڵێن کە نەسلێک لەگەل بارزانی وە هەروەها لەگەل برایم ئەحمەد، وە هەمزە عەبدوواڵلاتەفاوەتی تەمەنیان هەیە، وەزاوای بووە. جەلال تالەبانیزۆر زوو خۆیی بەخەلکناساند، وەبەچەشنی "گەنجێکیژیو رادیکال" لەحیزب[21]داناسرا. ئاکارو کردەوەکەی لەبەرچاوی ژێنێرال بارزانی جووان دیتراوە، تەنانەت بارزانی ئەوی وەک "کوڕی" خوی تەمەشادە کرد!

هەواداری خەبات بوو ولەئەندامی کە مایەتی کمیتەی حیزب دا دەبزوتەوە[22]

ئینجا جەلال تالەبانی" ڕابەرو، تیۆریسینی حیزب بوو" وەبۆ سەر بلندی حیزبو، ڕازاوەکەی چاکتێ دەکوشی

۷ـ نێوان ناخۆشی لە بزوتنەوەی کورددا

لەسالی ۱۹۶۲ ـ ۱۹۶۳ لەنێو بزوتنەوەی کوردەکان دا ئاژاوەیەک سازدەبێ واتە لایەن گرەکانی بنە ڕەتی دەستبەچەکدەبن، ئەوشۆڕشە، ئی مروقە رادیکالەکان دەبێ.

ئیواری تەنگی بانگی شەوان سەروکەکانی کورد لەدەوروبەری ئاوڕێکی

۱ـ لەنهینی دا لایەن گریان بوو. م. ر

کەهەڵیانکرد بوو، کۆبوونەوە، وەسرودی نەتەوایەتی کوردی "ئەی ڕەقیب" یان بەدەنگێکی بەرزو، بڵندەوە دەخوێندەوە... کەس نەڵێ کورد مردوە... کورد زیندوە، زیندوە، قەت نانەوێ ئاڵاکەمان... وەهەروەها چەندسرودێکی دیکەی کوردی، "ئازادیخوازین کوردین ئیمە" یان، خوێندەوە...

بەڵێ "ئاغاو، کۆڕەبەگەکان خوێنی کرێکاران و جوتیارانو، فەلەکان دەمژن." شانبەشانی تەواوی نەتەوەچەوساوەکانو، زوولملێکراوەکان،[۲۳] ئێمە خەبات دەکەین، وەدژیدووژمنی خوێن خۆرمان کەچنگو، ددانیبەسەر هەستو ژیانی ئێمە داگرتووەیانی ئیستسمار گەرەکان کە دووژمنی هەموو گەلەچەوساوەکانە خەبات دەکەین.

ئەندامەکانی ڕادیکالی حیزبی دموکرات لەبەر چاووی بارزانی وا دەبزونەوە کە هیچ بیانوێکی نەدەنەدەستوی بەتایبەت مەترسیان لەوەبوو کە جووتیارەکان دژی حیزب هانبدرێن وەسازمانی حیزب لەڕو، لاوازبکەن برایم ئەحمەد لەچاوپێ کە وتنێک دا کەلەگەل هەوالدەری ڕۆژنامەی "لوموند"ی کرد[۲۴] ئەوەی ئاشکرا کردو، دەریبڕی کە: ئێمە لە هانوتیندانی جوتیارەکان مەترسیمانزۆرە، وەلەتۆی ناشارمەوە، وە هەروەها ڕادەگەیەنی کە ئێمە بەجوتیارە کانمان قەولو، قەرارێکیزۆر ڕووندمان نەداوە، بەلام پێمان ڕاگەیاندوون کە پێویستە مافیڕەوای نەتەوایەتیمان بەدەست بێنین، وەهاوکات لەگەل وادەپێدانی ئەومەسەلەیە واتەپێگەیشتن بە بەهەشتی مەوعود، ئینجا هەلو، مەرجی باش هەل دەکەوی کە هەنگاوێکی گرنگبۆ جوتیاران هەڵێنن.

هەروەک کەدەزانی بۆ جوتیارو، فەلەکانی کورد، "مەسەلەی گرنگ زەویە" ئەگەرهاتوو نەخشی فئودالیتە لەنێو هەڵگیرا وەزەویەکانیش دابەش کرا ئیتر جوتیارو، فەلەکاریان باش دەبێت. برائم ئەحمەد درێژە بە قسەکەی داوگوتی[۲۵] بەڵام لەوکاتە عاستەمو، ناسکەدا ئێمە دەست لەهیچ نادێن، چونکە حکومەتی بەغدا، لەبیانوان دەگەڕێ جا سەرۆکەعەشیرەتەکان هان دەداو، دژی ئیمەی دەکات، پەس کەوابوو، پێویسیە جارێ بێ دەنگ بین.

سرودی ئەی ڕەقیب ریک خراوی یونسر ئوف

٨ ـ مەسەلەی مافی نەتەوایەتی ناوخۆ (ئۆتۆنۆمی)

دروشیمی ! یان کوردستان ، یان نەمان ، لەسەر زاران دەگوترا . وەیەک لەیەکێ دەپرسی کەئایا مافیڕەوای‌گشتی نەتەوایەتی واتەئستقلال داوا دەکرێ؟ هێستا کەبەچاکی مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ڕوون نەببۆوە : هێندێ لە کوردەکان لەشەڕ مەترسیان هەبوو وەنەیان دەویست لەگەڵ هێزی حکومەتی قاسم ڕووبەڕووببن ، وە هەروەها قاسم‌ش نەی دەویست کە بەتەواوی بەرەنگاری کوردەکان‌بێت ، بەلام لانی عەرەبەکانیشی بەر نەدەدا . ٢٦

ڕابەرە کوردەکانی پ . د . ی بەدرێژائی ٦ مانگی هەوەڵدا ، وەبەشوێنی ئەمەدا نەیان‌دەویست ووشەی "مافی‌گشتی نەتەوایەتی" بەسەرزمان دا بێ‌نن ، بەڵکو ووشەی "ئۆتۆنۆمی)یان دەگوت ! لەمانگی ئاوریلی ١٩٦٢ وە ، حکومەتی عەراق بۆ،وەدەرکەوت کە کوردەکان تەنیا لەچووار چێوەی عەراق‌دا مافی ڕەوای خۆیان دەوێ. خەبات ئۆرگانی ڕەسمی پ . د . ک ڕای‌گەیاند کە لە چوارچێوەی یاسای حکومەتی عەراق‌دا شۆڕشی کورد بەسەرۆ کایەتی مستەفا بارزانی قارەمانی کورد " پیویستە بەجی بێت ، وەدەبی‌ئەوانەشی‌تێ‌دابێ . ٢٧

١ ـ هەل پەساردنی جاشەکان کەلە لایەن حکومەتی عەراقەوە ، بەکرێ‌گیراون وە بەنەتەوە کەخائنن

٢ ـ وەستاندنی بۆمباردمان لە ناوچەکەدا .

٣ ـ ئازادی ڕامیاری لەناوچەکەدا

٤ ـ لەناوبردنی شەڕ لە کوردستان دا ، وگەڕانەوەی هێمنی‌بۆ و،لات وە دانانی حکومەتی دیموکراسی

٥ ـ کۆبونەوەیەک واتـــــــەاوڕ،دامەزرێ ،لەئەندامانی ڕامیاری عەراق کە لەبارەی دانانی دانشتگەیەکی سالم ، وە خاوەن پاک کە" دان بەمەسەلەی مافی نەتەوایەتی ناو خوی کورد دابـنێ لە ناو چووارچێورەی کۆمارەکەدا

٦ ـ دان بەسەر داهێنانی زەوی بەش‌کردن ، بەم جورەی کە لە کوردستان

دا دەگونجێ، وەحکومەت دەتوانێ جێ بە جێی‌بکات، وەقازانجی کرێکارەکان و جوتیارەکانی تێدابێ، بەشی کاروپیشەی سەنعەتی لە کوردستان دا ڕەواجی‌پێ‌بدرێ وە کە لکی لێ وەرگیرێ...

ووشەی (ئوتونومی) کە سەرئەنجام لەبەندی ۵ دا نووسرا وبوو، زۆر بە لاساری ومەترسیوە نێوبردرابوو.

ئینجا وورده وردە داوا کردنی (ئوتونومی) لە لایەن پ . د . ک نەوە بەتێڕاشکاوی دەگوترا، حیزب دەیەویست کە دەوڵەتە عەرەبەکان وەک مسرو، "ولاتەعەرەبێکانی‌دی‌مێ‌شکیان لەو ووشەیە پڕ بێ‌و، گوێیان شل‌کەن(، سەبارەت بەمەسەلەکە ڕەزامەندی بدەن. حیزبی دیموکرات هەروەها ڕای‌دەگەیاند کە هەلوێستو، مەبەستی کوردان تەنیا لە چووارچێوەی عەراق‌دا داواکردنی مافی ڕەوای‌نەتەوایەتیە،وەبەهیچ چەشنێک مەسەلەی جودای لەگۆڕێ دا نیە.لەسالی ۱۹۶۲ و ۱۹۶۳۵ دا هەوالٌ بەرەکانی چەند ڕۆژنامە، وەک لۆمۆند، نیویورک تایمز، ساندی تێلێگراف، کەلەگەل برایم ئەحمەد وەبارزانی چاوپێ کە وتنێ کیان بەجێ هێنا، مەسەلەی مافی نەتەوایەتی ناوخۆیان بەچاکی ڕوون کردبۆوە.[۲۸]

۹ ــ بارزانی‌و، گالتەی دەوڵەتەگەورەکان

ناسینی ژێنێڕاڵ بارزانی لەبەر چاوی نەتەوەکانی جیهان‌دا، لەمەجموع‌دا گوتراوە، مەبەست بە دوومەسەلان بوو، یەکێک سەبارەت بە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ۱۹۴۳ ــ ۱۹۴۵ وەئەوی‌دیش مەسەلەی پێک هاتنی کۆماری کوردستان لەشاری مهاباد بوو، کە بارزانی، پاش ئەوەی کە دوور کەوتەوە وە بۆ شورەوی چوو، بە (ژێنێڕاڵی سوور) دەناسرا.

جامەبەست بەوەبوو کە خاوەن ڕۆژنامەکان‌و، گۆڤارەکانی ئەمریکاو ئوروپا دەهاتنە لای، وە هەوالٌ بە ڕەکانیان،ووت‌و،وێژیان لەگەل دەکرد، وەبەنێوی پیاوێکی نیشتمان دۆست دەیان ناساند[۲۹]. بارزانی ۶۰ سال لەتەمەنی ڕابردبوو، لەکاروکردەوەکان‌دا بە "سەرۆکی حکومەت" واتە سەرۆکی بزوتنەوەی کورد دەناسرا، پیاوێک بوو کە قەت دووجار لەچێ‌و، بانێک دا نەدەنوست، زووزوو جێگای خۆی دە گۆڕی، لەلایەن مرۆڤەکانی نێزیکی خۆی بەرگری‌و، پارێزگاری لێدەکرا،

هزۆر بەگرنگی تی‌دەکوشان کەلەهەموپیلان‌و، بەلایەک بی‌پارێزن.

لەبارەی رابردووی‌خۆیی دا لە پەڕدە داقسەی دەکرد، دەی‌گێڕاوە کە "باب‌و، باپیری‌و، کەسەکانی، بە درێژائی ۱۲۰۰سال سەرۆک عەشیرەبوون"! بەڵام لەبارەی مانەوەی خۆیی لەوڵاتی شورەوی‌دا وەهەروەها، هاتو، چۆڵەگەڵ خەلکی سوویەت بێ‌دەنگ دەبوو، وەچی‌نەدەگوت.

بەزمانی کوردی، عەرەبی، فارسی‌و... ڕووسی جووان قسەی دەکرد، بەلام بە زمانەکانی ئینگلیسی‌و، فەرانسە زۆر شارەزانەبوو، وەرگێڕ دەبوو، ووتارەکانی وەرگێڕێتەوەو، لەسەری بڕووا. (۳۱)

قەدو بالای نێونجی بوو، جلکی کوردی لەبەردەکرد، لەچاوی ڕا دیار بوو، کە مرۆڤێکی زاناو، ژیرو، ووشیارە، وەچاوە وریاکانی لەژێر بروێ پڕلەموو، دەدرەوشاو، گەشەی‌دەهات‌وپیاوی بو لای خوی دەکێشا.

لەشێکی ساغی هەبوو، بەلام نەختێک قەلەو، بەخۆوەبوو، قەت لە کاروئیش ماندو نەدەبوو، وەڕانەدەوەستا، وەلەبەرانبەر ڕووداوەکانی‌ژیان‌دا وەک پۆڵا لەمپەری دەگرت، وەقودڕەت‌و، دەسەڵاتی دەنووان.

هەوالێ بەرەکان‌و، ڕۆژنامە نووسەکان، لەکاتی دەس‌پێ‌کردنی شەڕی ۱۹۶۲ – ۱۹۶۳دا بۆ ناوچەی کوردستان، سەرەوژێرەبوون، وە هێندێ جار ماوەی دەڕۆژی دەخایاند کە لەلای بارزانی دەمانەوە، وەشتی‌وایان چاوپێ دەکەوت کە سەریان سووڕدەما.

ئینجا هەوال بەرەکان بەشێنەیو، حەوسەلە پرسو، جۆیان لێدەکردو، ووشەی وردو، ناسکیان لێ‌پرسیاردەکرد، وە جاری واچەندسەعاتێکی‌دەخایاندو ووشەیەکی نەدەگوت بەلام لەسەرئەوەشڕا کە وەڵامی دەدانەوە، داریکی تیژی چکولەی (داوی داری‌کەوی بەدەستەوە بوو، دەستی بەقسە کردن دەکردو، لەسەری دەرویشت، وەمەتڵەبێکی زۆری نەدە دادەستی ڕۆژنامە نووسەکان بارزانی پترقسەی لەوەر گرتنی چەکو، ئەسلەحە دەکرد، واتە بە ڕۆژنامە نووسەکانی دەگوت کەدەولەتانی گەورە پێویستە بەخەڵکی کورد یارمەتی‌چەکی‌قورس بکەن، وە هەروەها لەگەل ڕۆژنامە نووسەکان‌و، هەوال بەرەکانی ئینگلیسو، ئەمریکا کە دەدوا، وەوتو، ویژی، دەکرد، یارمەتی لە حکومەتەکانی دەویست.

جاروبار قسەکانی دەگۆڕی‌و، لەبارەی شتێکی دیکە داباسی دەهێنا

گۆڕێ، پاشیەک دوسەعاتان ،دیسان لەسەرڕا بۆ قسەکانی پێشوو دەگەڕاوە.

واوەدەردە کەوت کە قسەی زۆرپێیە، بەلام لە گوتن خۆی دەپاراست، تەنانەت: لەبارەیهاتو، چۆلەگەل سوویەت زۆر بەترسەوە دەدوا، واتەترسی دیپلوماسی هەبوو! سەرئەنجام ڕۆژنامە نووسەکان کە ماوەیەکی زۆر لەلای مەلامستەفا دەمانەوە، بۆیان ڕوون دەبۆوە، کەلەبابەت هەلوێستەکانی، وەک ئابوری، نەتەوایەتی، ناتووانێ زۆر بەباشی لەسەری بڕوا، وەمەترسی لەوەهەیە کە بە لکووەلامەکانێکی کە دەی داتەوە دروست نەبێ"!

وەجارجاریش لە بەر خۆیە قسەی دەکرد!

لەئاخری سالی ۱۹۶۲ دا لەبارەی مەسەلەی "ئۆتۆنۆمی کورد" دووا، وەبەتایبەت قامکی لەسەر قازانجی، داهاتوی،نەفت داناوە گوتی پێویستە لەسێ بەشان بەشێک بە کورد بدرێ، وە حکومەت دەبێ دان بەسەر مەسەلەی کورد دا بنێ، وەهەروەها پۆلیس لەخۆیبێ، مالیاتی مەلەبەندە کە لەنێو خۆ ی دا وەرگیرێ و خەرج بکرێ، منداڵانی کورد بە زمانی زکماکی بخوێین، وەهێزی بەرگری لەناوچەکەدا لەمڕۆقە کوردەکان بێت.

وەبارزانی گوتی تەنیا حکومەتی عەراق دەبێ کاروباری دەرەوە چاوە دێری بکات، وەئەگەربێتو هێزی نیزامی بۆ مەلەبەندی کوردستان بنێڕی، پیویستە ریگالە ئێمە وەرگرێ. ۳۲

کاتێک کە لێیان پرسیار دەکرد کە، چفرقێک لەبەینی مافینەتەوایەتی گشتیوە ئوتونومی واتە مافی نەتەوایەتی ناوخۆ هەیە، مات و، بێدەنگ دەماوەو، چینەدەگوت! کەڕەتیک کەلەبارەی حەل کردنی مەسەلەی کورد لێیانپرسی کە بەغدا دەڵێچیو، چاوەڕووانی چۆنە؟ بەناهومێدی وەلامی داوە وە هەڕەشەی کرد کە ئەگەر حکومەتی بەغدا قسەیمە نەسەلمێنێ، ئێمە هەولدەین کە لەبەینی کوردەکانی عەراقو، ئێران یەکەتی پێکبێت!

لەوبارەدا بە هەوال بەرێکی دەرەوەی گوت بوو، کە ئێمە وەلامان بۆ کوردەکانی ئێران ناردووە کە یارمەتی و کۆمەگی خۆیان ڕابگەینن، بەلام هێستا خەبەرەکەمان بۆنەهاتۆتەوە جارو بار وەلامی بۆ وەزیری دەرەوەی فرانسە،وە بۆ ئیدارەی دەرەوەی ئینگلیس دەنارد، وەڕاو، تەدبیری لەوان دەویستو، لەبابەت ڕاپەرینەکە دەیەویست بزانێ چۆن دەڕوانن.

ئەوەی کە شایانی باسە بارزانی زۆرجار بەهەناسەساردیۆوە کە لە ناخی دڵە وەهەناسەی هەڵ دەکێشاو، بەڕۆژنامە نووسەکانو، هەوال دەرەکانی دەگوت کەبەداخەوە "کورد دوستێکی باشی نیە". بەڕاستی بۆخەلکی کورد لایەن گرێک وە یا پشتیوانێ وەیان "دوستێکی" چاکی نەبووە کە یارمەتی بکات. وەگێڕایەوە کە تەنیاهەمزاغای مەنگوربوو کە بەچەشنێکی باشلەشێخ عوبەی دیلڵای پشتیوانی کرد، دەستی لێ بەرنەداهەروەها بارزانیش لەخەڵکی کوردی ئێران ئەوچاوەدێرێی هەبوو.

عەزیز عەقراوی کە سەرهەنگ دووەمێکی کوردبوو، گوتبووی: کە "ژینیرال بارزانی، ڕابەرێکی گەورەی کوردە بـە لام لە کاروباری ڕامیاری دا زۆرسەری دەرناچێ!" ۳۵

بەڵام ئەو قەزاوەتە زۆر دروستنیە، واتە لەسەتحی خووارەوەیە ڕۆژنامە نووسێکی ڕۆژئاوائی (غەربی) دەگێڕێتەوە کەمن ڕەوانشناسێکم، وەبەو جۆرە چاوم بەبارزانیکەوت کەبەڕاستی پیاوێکی بەگرێ وگوڵو، مەرموزە و سەرلێ سووڕماو، تاساوەیە، وە مەبەستی لە درەنگ وەڵام دانەوەی هەوالبەرەکان ئەوەیە کە زۆرشتان نازانێ کەوەڵام بداتەوە، وەلەخۆی خاترجەم نیەوەترسی لەویە کە هەودای ڕەشو، سپی، وەدیاربکەوی. ۳۶

ئینجا تەنیا شتێکی کە لەبەرچاوی بارزانیبوو و دیاربو: دیپلوماسی گەورەبوو. لەسالی ۱۹۴۵وەکەلە ڕاپەرینەکە دابوو، هیوای بە ئینگلیسێکان بوو، جاوردە وردە کێشرا بولای شۆڕەوێکان، لەکاتی حکومەتی کۆماری قازی مەحەممەد لەمەهاباد دا چاوی بەوە کەوت بوو، وە خورد ببوۆوە کە چۆن دەولەتی شورەوی پشتی لەقازیبەردا وسەرئەنجام چۆن حکومەتی ئەمریکا بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، زاڵ و حاکم بووە.

وەهەروەها لەسەر ئەوگومانو، تەدبیرەبوو کە ڕۆژێک پێویستە قاسم بڕووخێ وەعەراق ببێتە قەلایەکی گەورە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆغەرب کەئەمریکا پشتیوانی لێ بکات وەیەکێ بێ لەپەیوەندیکای هەرگرینگی ئـەمریکا. بارزانی پیاوێکی سادەبوو، جارجار هەڕەشەی دەکرد، کەڕەت کەڕەت دەیەویست لەریگای فڕۆفێڵەوە بدوێ.

دەیگوت کە "ئەگەر ئەمریکا تەنیا قازانجی خوی لەوەدا دەبینێ کە

یارمەتی ئیران‌و، تورکیە بدات‌وەئیمەوە لابنێت، جائیمە چارەمان نیە کەیارمەتی لە کومونیستەکان وەربگرین... پەس کەوابوو، ئەوە مەترسیکە کە بۆگەلی کورد لەبەرچاوە"

هەربەو جۆرە لەووتارەکەی خۆی داگوتی‌و، درێژەی پێدا کە!"تەمەشا کە وازی‌ستراتیژیکی سنووری ئیمە چۆنە،

"لەوەختی پێویستدا ئێوە نیازو، بەئیمە دەبێ. پەس کە وابوو ئیمە دەتوانین سەبارەت بە هیزی گەورەی خۆمان نەخشیکی ئەوتۆ کایە بکەین کەوینەی‌نەبێ، واتە دەتوانین هیزەکەمان بەچەشنی ڕازاوەو،بنەخشین،وەیان بەچەشنی گرێڵلائی،لەشەڕدا بەکار بێنین، دەڕووانن کە هیزی‌مە لەبالی سەرەوە لەسنووری قەفقازی شورەوی‌ڕا وەلە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە جووانی هەل سووڕێ وە باشترین هێز لە ڕوژهەلاتی ـ ناوەڕاست دابێ... ئیمە دەتوانین وەک پارتی کومونیست کە بۆ قازانجی شورەوی کاردەکات، بو ئەمکریکا کەلکو قازانجمان هەبێ."

ئەومەبەستو، ووتارانە کە ماوەی دەسالان چاپلوسانە دەگوترا، نەک‌بو وەی‌بوو کە خۆی بۆلای ئەمریکا بکێشێ، بەڵکوپتر لەبەروەی بوو کە خۆی‌ڕکوردەکان لە ڕاوێنی سیا باوێ. کەبەڕاستی بەدبەختی‌و، ڕۆژێکی ڕەشی گەورەی بەدووا‌وەبوو.

لەئاکام‌دا بارزانی هێستا لەگەل شورەوی نێوانی‌و، هات‌و، چۆی هەرمابوو، لەهاوینی ۱۹۶۲ دا، لە هەواڵێکدا کە هەوال بەریکڕای‌گەیاندبوو، دەری‌بڕی‌بوو کەبارزانی، لەڕێگای پارتی کومونیستی عەراق پ. ک. ع وەحیزبی تودەوە لەگەل شورەوی‌هاموشۆی هەرهەبوو.

وە هەروەها ڕا گەیاندرابوو کە ئەگەر بزوتنەوەکەی بکێشیتە و لاتی تورکو، ئێران دەتوانێ کانگای ناوەندی "ستادی مەرکەزی، لەکن سنووری شورەوی دامەزرێنێ، ئینجا دەولەتی شورەوی هەموو چەشنە یارمەتێک ـ وەک ئەسلەحە، سازوبەرگی شەڕێ، وەپوول دریغی ناکا، ... واتە هەرشتێکی پێویستی‌بێ دەی داتێ." ۳۸

ئەگەر بارزانی بەو ووتارەی وەڵامی نەداوەتەوە سەبارەت بەوە بوو. لەوکات‌و، سەردەمەدا شورەوی گەورەترین دەولەتێک‌بوو کە سازو بەرگی نیزامی

بۆ قاسم دەنارد،

وەپێویست بوو کە یارمەتیێکی خاترجەمی هەبێ، وەپاش ڕووخانی قاسم لەباری ژامیاریو، ئەسلەحەو سازوبەرگەوە بەهیوای شورەوێکان بێت.

۱۰ ــ شەڕدەستی پێدەکرێتەوە

لەمانگی فیوریەی سالی ۱۹۶۲ دابارزانی، لەپەنای کێوەکان نزیکبەزاخۆ وەدەردەکەوی، وەهێرش دەباتە سەر پۆستەکانی پۆلیسو، هێزی عەراق. وەچەکیان دەکات بەم جۆرە کەلک لەهێرشەکانی خۆی دەبا، وە شوێنی تێلێفۆنی هێزەکانی عەراق دەبڕێ، وەدەست دەکا بە شەڕی چریکی، وەلەناوچەی گەلی سپی وەگەلی زاوێتا پیرۆزی بەدەست دێنێ، وەلە ئاخری مانگی مارسی ۱۹۶۲ دەگاتە کێوەکانی ئاکرا.

۲۹ ئینجا هەر لەم کاتەدا، تاقمێک لەلایەن ژێنێرال قاسم، کە سەرۆکیان ژێنیرال عەبدود بوو، دێتەلای مەلامستەفا. داخووازی بارزانی لە حکومەت زۆر قورسنیە، وەسەنگو، سووک کراوە. واتە داوادەکا، کە کوردەکان لەبەندیخانە بەردرێن، حکومەت بەتەڕدەستی مەدرەسەکان بکاتەوە، کشتوکاڵ پەرەپێبدرێ سەنعەت لە کوردستاندا ڕەواجی هەبێ، زمانی کوردی لە ناوچەی کوردستان دا ڕەسمیبێ. بەڵام ووتو، ویژ هەروەها دریژەی هەبوو، وەشەڕیش پاشڕاوەستانێکی کەم، لەسەر رادەستی پێدەکرێتەوە. ۴۰

لەئاخری مانگی مەی ۱۹۶۲ دا ناوچەی بادینان لەهێزی عەراقوە جاشەکان پاک دەکاتەوە، وەیەکێک لە سەرۆکەکان بەناوی ئەسەد خۆشەوی کە لە شورەوی‌را لەگەلی گەڕاوەتەوە بەفەرماندە دادەنێ. مەبەستی ئەم پیشڕەویە ئەمەبوو، کە بارزانی خۆی بگەیێنێتە، چۆمی زابیگەورە، پۆستی حاجی عومەران وەپۆستیڕایەتێ پاش ۳۳ ڕۆژ گەمارۆ دان دەگرێ[41]، وەڕێگای هامیلتون کە سەربە شاری ڕەوان دزێیەوە لەسنوری ئێڕانەوەیە دەگرێ، وەئەوشەڕە نەخشێکی گەورە لەدرێژائی بزوتنەوەی کورد دا کایەدەکات، جا مەبەست بەوەبوو کە هێزی عەراق بەو زووانەئیدیئەتووانی، تێکشکانی کوردەکان بە ڕێوەبەرێ وەتاسالّی

۱۹۷۵، بەسەرئەو ناوچەیە دا زاڵبێتەوە.

بەوجورە بارزانی لە سنووری تورکیەوە تا مەلەبەندی زاخۆ،وەلەوی را تا سنووری ئێران ئەو بەشەی بەدەستەوەبوو،ئینجا بەرەبەرە دەچۆ پێشێو، پیتری دەگرت.

بەلام هاوکات لەگەل ئەو پیرۆزو، پێشکەوتنەی، دووژمنەکانی بارزانی وەک زێبارێکان کە لەزەمانی شیخ ئەحمەدەوە لاساریو، دووژمنایەتیان دەکرد، وە هەروەها پێش مەرگەکانی شێخ رەشیدی لولان، وەمەحمود خەلیفە کە لە برادوست دابوون، چێوتی و نالەباریان بۆدێناپێشێ.

لەسالی ۱۹۶۲ داهێزی عەراق تەنیا بریتی بوو لە ۴ لەشکر. مەسەلەی کوویەت کە بوعەراق هاتبۆ پێشی، لەشکرونیوێک لە هیزەکان لەسنووری جنوبدا ڕاگیرابوو بەشی کە می لە شمالدا مابۆوە وەلەجنوبی کوردستانیش داواتە نیزیکی شاری سولەیمانیلەبەرەی چووارتادابەشێکمابووە ــــــ . .هێزیعەراق بەراستی لە چووار بەشانبەشێک (ــ) وەبەلکو (۱/۳)ی کورد بوو کەئەوانیش دەیانەویست تیکەڵبە شۆڕشی مەلامستەفابن، نەیاندەویست کەشەڕبۆ حکومەتی عەراق بکەن. لەودەمودەستەدا یەکێک لەسەروکەکانی کورد بەنیسبەتی عەبدولوەهاب ئوتڕوشی کە لەسالی ۱۹۳۸دا لەناوچەی ئوتڕووشدا لە دایک ببوو، کەئەو جێگەیە یەکێک لەگوندەکانی شاری دەهۆکە، هەلدێتە، نیۆ هێزی کورد، ئەو پیاوە یەکێک لە ئەفسەرە کۆنەکانی حکومەتی عەراق لەسالی ۱۹۶۵ – ۱۹۶۶ بووە کە بەنەهێنی، سەرۆک دەفتەری هێزی بەرگری کوردوە هەروەها فەرماندەی نیزامی بەشی سولەیمانێ بووە. ۴۲.

هێزی عەراق بەینابەین بە فڕۆکەو هێزی زەویی داهێرش دەباتە سەرکوردەکان، بەلام چێبۆناکرێ تەنانەت ئەوەهوالەش لەلایەن روژنامەی ساندی تایمزدا لە ئاخری سال ۱۹۶۲ دا لە هەوالبەرەکەیکە هاتۆتەکوردستان تێلێگرام کراوە.

هیزی عەراق تووانی کێوەکانی بگرێتەوەو بەبی بەرەنگاری بچێتەپێشێ وەهەروەها بەگرنگی ناوچەی کوردەکان بۆمباران بکات.

عەزیز عەقراوی لە دەروازەکانی هەولێر وعەزیز عەسکری وە جەلالتالەبانی لە دەوروبەری کە رکوک خەریکی شەڕ بوون. تەسیساتی نەفتی زۆرلە پێشمەرگەکانی

کورد دوورنەبوو وەئاگاداری باشی لێ نەدەکرا شاری کەرکوکو، هەولێر، سولەیمانێ وە کۆی سەنجاق شەوانە لەژێرچاوەدێری پێشمەرگەکان دابوو.

۱۱ ــ سقوتی قاسم :

لەکردەوەدا ئاکاری شەڕ دژی "کوردە شۆڕشگێڕەکان" لەلایەن پۆلیس عەراقیوە بەسوکوهاسانی بەڕێوە دەبردرا، بەلام وادیاربوو کەئەوشەڕە بەوزووانە تەواونابێ بەبی ئەوەی کە قازانجێک بە کوردەکان بگات.

دەگونجێ بڵێن کە لە سەدا ٤٠ی بودجەی عەراقێ خەرجی هێزی نیزامی دەبوو وە قاسم‌ی دیکتاتۆرش هەروەها لەبیری شەڕی دابوو.

وادیاربو لەگشت دا تەواوی بیرۆڕای خەلک دژی قاسم‌بوو! هێزی‌نیزامی پێی‌وابوو کە قاسم کەرەسەوئەسبابی شەڕی‌بەدەستەوەنادا کەدژی کوردەکان بەکاربگیرێ. وە هەروەها نەتەوەپەرستەکانی عەرەب وەناسرێکان وەیان‌بەعسیکان کارێکناکەن. لەونێوە داوەلەو ئاخریانە دا تاقمێکی "ئەفسەرانی ئازاد" کە هاموشویان لەگەل لیدەرە کوردە شۆڕشگێڕەکان دەبێت. هاتوچۆوپەیوەندی لەبەینی‌بەعسییکان‌و کوردەکان شتێکی تەبیعی نەبوو... وەسەرئەنجام دیترا کە هەرگزوهەرگز "پەیمانێک" وەیا "نووسراوەکی‌پەیوەندی" لەبەینی ئەودووانەدا نەگونجا.

بەلام لە ۱۹۶۲دا تاهریحیا، سەرۆکی‌ستادی داهاتووی حکومەتی حەسەن‌ئەل بەکر لە (فیوربیەی ۱۹۶۲ ــ نوامبری ۱۹۶۳)چاوپێکەوتنێکی لەگەل ئەفسەریکی جەحێلی کورد کە رابطی بەینی حیزب دیموکرات بوو وە نێوی کەریم قەرەنی بوو کرد[۴۳]. بەپێچە وانەی عەرە بەناسیونالیستەکان لە ۲۸ی ئاوریلی ۱۹۶۲ دا برایم ئەحمەد ئەوەی سەلماند کە پێویستە دژی‌قاسم لەگەل دووژمنانی‌ئەو هاوڕێبی. بەلام لەسەرئەوەش را کەکوردستانی‌لە مەترسێکی گەورەدادەدیت لە نامێلکە یەکی دوورو، درێژدا، بەتێگرائی مەسەلەی کوردەکانی ڕاگەیاندبوو، وەمەسەلەی مافی ڕەوای نەتەوایەتی کوردی،وەبیر هێنانەوە، وەهەروەها ئەوەشی‌گوتبوو، کە کوردەکان وازیان بەجیاوازبوون لەدەولەتی عەراق‌دانیە. جابەوجورە حکومەتێکی کە لەداهاتوو دادەیەوێبێتە سەرکار،

پێویسیەدان بەسەر ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بەگرنگی دابنێ ،وە هەروەها لەنێو ئەندامانی شۆڕشی عەراق وەلەحکومەتدا بنووسرێو ،باسبکرێ[۴۴] وە بۆ پاراستن لەدژدۆنگیو ، دووقسەئی ، پێویستە تەواوی مەسەلەکانی داهاتو ، وەهەروەها مەسەلەی خودموختاری لەناوچەی کوردستاندا بەڕەسمیبناسرێ وەئەوهەلوێستە دەبێ لە بڕوارنامەیەکدا لەشۆڕشی داهاتوو دا نیوببردرێ .

برایم ئەحمەد هەروەها داوایلە ئە فسەرانیئازاد کرد ،دەبی لەکردەوەدا : بگونجێندرێ کە مەلامستەفا وەک سەروک وەزیرێک لە حکومەتی کوردستاندا دابندرێ . ۴۵

بەلام واڕوون بوو کە کوردەکان لەکردەوەدا لەوپێشنیارانە کەلکیان وەرنەگرت ،بەڵکو هەر سەرزارەکیبوو ، کەئەویش لەمانگی ئوتی ۱۹۶۲دا لەلایەن فواد عارفەوە کەلەحکومەتی قاسم ، تۆریا بوو وەجوێ ببوە ، وەلە دەولەتی حەسن ئەل بەکردا پۆستی هەبوو ، سەرزارەکیباسیلێکرا؟ لەڕۆژی جومعەی ۸ی مانگی فیوریەی سالی ۱۹۶۳ لە کاتی سەعاتی ۸/۵ بەریبەیانی رادیو بەغـــدا لەدووتاری خویدا ،پاشماوەیە کڕاوەستان گوتی : "دیکتاتوریخائن بەنەتەوەکە ،

وەک مشکێک ئەوە لەژێر خانووی بەسەردا ڕووخاوی، خراپ کراوی وەزارەتی بەرگری دالەنێو چوو" بەڵام قاسم هێستا کە نەکوژرابوو ، هەرئەوێڕۆژێ جومعەی[۴۶] لـــــە بەغدایەدا خۆ ی بەخەلکی نشاندا ، وەگوتی درۆیەمن ماومو ،نەکوژراوم ئینجا لە ئێوارەی جومعە وەزارەتی بەرگری لەلایەن زرێپۆشەکانی پادگانـــــی رەشیدیەوەگەمارۆ دەدرێ وەقاسم لەڕۆژی شەممودا سەعاتی ۶ بەریبەیانیکاتێککە هەڕەشەی دەکردتەسلیمبوو . لەوێڕا بەنیوەگیان دەیهێنن ، سەرئیزگەی رادیو ، لە لایەن سەرهەنگ عەبدوسەلام عارف کەلە شۆڕشیی ۱۴ ژوییەی سالی ۱۹۶۱ دابەشدار ببوو، "پرس وجوێ" لێدەکرێ ، وەپێی دەڵێ خـائن بەنەتەوەکەی ، وەتۆ سەرۆکی ڕاستەقینەی ژوئیەی سالی ۱۹۵۸ نەبووە ".

لەئاکامدا قاسم لەسەعاتی ۱۰/۳۰ لەبەرانبەر دووربینی تلویزیون ڕەشاشێکی گوللە لێدەدەن و ، دەیکوژن .

۱۲ ــ راو کردنی کۆمونیستەکان

لەنێو چوونی قاسم بووبە هۆی ئەوەکە کۆمونیستەکان لەچیوتی و، نالەباری بکەون، وەڕاویان بکەن. (هێزی نەتەوایەتی بەعس) واتە قۆڵ سەوزەکان بەدووی کومونیستەکان دا بوون، یانی ڕاویان دەکردن، یان دەیان کوشتن، وەیان لەسەر بازخانەکان لەبەندی خانەدەکران لەکۆدِ تاو، شۆڕشی بەعسیێکان دا پتر لە ۱۰۰۰ کەس[۴۷] لەبەغدایە دا کووژران، بەشوێنی ئەوکووشتو، کوشتارە دا بوو کە ڕاوی کومونیستەکان لەلایەن بەعسیێکانە وە دەستی پێکرا، تەنانەت بەتانـــکو، زریپۆشان لەکوچەو، شەقامەکان دا لێیان دەگەڕان، لەوەزارەتی نەفتدا تەنیا دووخاوەن کارمابوونەوە دە لەمودیری گشتیوەتادەرکەوان گیرابوون[۴۸]. کون بەکون لەماڵان دالێیان دەگەڕان، خانوویان ئاورتێبەردەدان. وەیان دەگیران ژمارەی کوژراوەکان بەچاکی دیاری نەکرا ، لەوبەنیەش دا هێندێ لەشەڕ کە ڕەکانی کوردیش بەبیانووی ئەوەی کە کومونیستن گیرانو، لەزیندانکران.

۱۳ ــ دژی کردوەی کوردەکان

لە ۸ی فیوریەی ۱۹۶۳ دا ژێنێرال بارزانی لەلای ناوچەی کوردستاندا بەیەک لائی تەقەقەی ڕاوەستاند. وەچاوە نۆڕی و ئاگاداری حوکمی ئۆتۆنۆمی کوردستانی دەکرد.

بەلام حکومەت یەک بە دووای یەکێدا هەواڵ و بڕیارنامەکانی بەگوتنی "ووشەی گەورە" ڕادە گەیاندو، دەی خوێندەوە، وەشتێکی لەبابەتمافی ڕەوای نەتەوایەتی "ئوتونومی" تێدانە بوو.

هاوڕێیەکانی بارزانی زۆرقینیان لەوە هەستا بوو، وەخۆیان پێڕانەدەگیرا دەیانگوت: "وادیارە ئەو کەڕەتەش دەیانەوێ هەڵمان سووڕێنن!"

فەسلی ٧

هەولین نەفەس کیشان (فیورییە ــ ژوئن ١٩٦٣

ئەوا دەگونجێ کەبڵێن گەورەترین ڕازونە گوتراوێکی کەلەهەلوێستێک دا ئامادە کرابوو زۆربەو، کودتای ٨ فیورییەی ١٩٦٣ بوو کە نەخشی متقابلی شارستانێکان و نیزانێکان بوو، وەبەڕاستی سەنعەت گەرانێکی ماهر وژیر بوون کە لەو کودەتایەدا بەتوندیو، تیژی دەبزوتنەوە، کە ئەویش بەعسێکان بوون! گەنجەکانی بێ تەجروبە کە لە نێو گەل دا نەناسرابوون، لە لایەن میشێل ئەفلەقەوە تەربیەت دەکران، وەلەگەل هێزی نیزامی دەکەوتن.

بەچەشنی ژێ نێرال نەجیب لەکاتی خۆیی دا کەلەولاتی مسر ڕەچاوی هێنا ئەویش وای کرد."

ئینجا ئەوەلە لەنهێنی دا بۆشەڕ ئامادە کرابوون کە بە قودڕەتەوە، وِلات بەدەستەوە بگرن، بەلام نەیان دەزانی کەئەگەر قودڕەت بەچنگ بگرن چۆن ببزونەوە وەزۆرخراپ حالی کرابوون.

هێندێ سەرۆکەکانیان کە هێستا لەبەنددابوون، بەوەیان بیرو، باوەڕ هەبوو کەعەبدوسەلام عارف دەبێ قارەمانی ئەوکارەبێ، وەئەوکەڕەتەش بەچەشنی ١٤ ژوییەی ١٩٥٨ ڕاپەڕێو، شۆڕش بکات وەلەقودڕەت دابمێ نێتەوە[٢]. راز ونهێنی یەک حار زۆر بوو، وەختێکی ئیزگەی رادیو بەغدا ئاگاداری بەوەدا کە کودتا کراوە "کۆمەڵی نەتەوایەتی سەرۆکە شوڕشگێڕەکان بەسەرۆیەکاتی سەرهەنگ عارف داندراوە" بەبێ ئەوەی کە نێوی ئەندامەکانی دیکەی تاقمەکەبەڕێ، وە هەروەها بەبێ ئەوەی کەقسەیەک لەبارەی مەسەلەی کوردستان دا بەخەڵکی ڕابگەیندرێ، چ دیکەی

نەگوت.

ئینجا پێش مەرگەکانی بارزانی دەیانەویست کە هێرشی خۆیان بەزوویکی زوو لەو دەمو، دەستەدابەرنە سەرشارەکانی گەوری کوردستان وەک کەرکوک، سولەیمانێ، وەگەمارۆی بدەنو، دەستی خۆیان وەپێشخەن. بەلام بارزانی ئەوکاتە ناسکەی لەبەرچاوبوو، هیوا داربوو ئەو کەرەتەش بتوانێ رێگای گوفتو گۆی بێلێتەوە، پێێ لەوەچاکتربوو کە لەو هەلە تازەدا دەس بەشەربکات. ۳

بەشوێنی ئەوە دا پاش حەوتوێک، حکومەتی تازە پێگەیشتووی عەراق دووەزیری کورد، بەناوانی "فواد عارف، وەباباعەلی" کە لەزەمانی قاسمش داهەبوون، ڕاگەیاندڕان، تاکولەڕێگای هێمنی و ئەهوەنی وەپرسیاری گشتی مەسەلەی کورد تەواو بکەن.

۱ ــ هەوەڵین تێک پەڕین ــ بەرەنگاری

جەلال تالەبانی لە ۱۹ی فیوریيەی ۱۹۶۳ لەگەل سالحیوسفی بۆبەغدایە ناردرا، لەچاوپێ کە وتنی هەوڵێیان دا زۆر بەفڕوفێل لەگەلیان بزوتنە وە واتە: ژێنیرال تاهریحیا کە سەرۆکی ستادبوو لە پۆستی تازەدا لەگەل کوردەکان خەریکی گفتوگۆ بوو. ئەو تاهریحیایە لە بەهاری سالی ۱۹۶۲ شدا لەبارەی "ئەفسەرانی ئازادی خواز" وەشۆڕشی کوردەوە لەلایەن دەولەتی عەراق لەگەل کوردەکان ووتو، وێژی کر دبوو.

ئینجا تاهریحیا لە گفتو، گۆی دووائی دا ئاوای دەسپێ کردو گوتیکە لەو هەلو، مەرجەدا مەسەلەی نەتەوایەتی، پێشترلەمەسەلەی کوردستانە، وە لەلایوابوو، کە "خودموختاری کوردەکان" زەرەرو، زیانی بۆنەتەوە عەرەبەکان هەیە. ۴

لە کاتیکدا کە لە دووڵایانەوە کایەی دەکرد، هەروەها لەوبارەیەدا ڕابەری بەعسیکان لەبەغدایەدا ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێک ناگونجێ کەلەوکاتە دا مەسەلەی کورد باسیلێبکرێ، پێویستە کەمێک وەدووایە بکەوێ، تاکوحکومەت پەرەبگرێ وە لەگەل دەولەتەکانی دیکەی عەرەب یەکیتی بکات، جائەوکەڕەت مەسەلەی شمال بێنیتە پێشێ، وەپیشنیاری بەجەلال تالەبانی کرد کە لەگەل

تاقمەکەی ڕەسمی کورد بۆوتو، وێڕبچێتە قاهرە بۆلای ناسر. هەروەها گوتی کە ئەوەی کە بەچاکی ئاشکرایە، ئەوەیە کەناسرش ڕای لەسەر ئەو هەڵوێستەیە کە گەلی عەرەب یەکتربگرن، وە هەروەها دژی جوێبونەوەی خەلکی کوردشە.

۲ ــ سەرۆک کۆمار ناسرو، مەسەلەی کورد :

لەنەکاو لەوەختێکی تایبەتیدا، ئەندامانی کۆمەڵی عەرەبەکان ــ عەلیسالح ئەسسەعدی، نایب سەروک وەزیر وەوەزیری ناوخۆی، تالبشەبیب وەزیری دەرەوەی عەراق، وەژیرنیرال عەمماش وەزیری بەرگری، وەسەرۆک ناسر، تێگرا ڕایانگەیاندکە: کە! هیچ مرۆڤێک حاشای ئەوەناکات کەخەلکی کورد هەستینیە، وە سەرئەنجام پێویستە بەمافی خۆیان کە ئوتونومی یەبگەن. ۶

بەلام نەتەوەی عەرەب "دووژمنێکی گەورەی هەیە کە ئەویش ئیسرائیل هـ": سەرۆک ناسر هەروەها ڕایگەیاند کە ئێمە لەو وەختەدا نامانەوێ شەڕی ناوخۆ هەلایی سێندرێ... کوردەکان دەبێ لەچووار چیۆەی عەراق دا مافی ڕەوای خۆیان بدرێتێ. نازانم بۆچیئێوە لەووشەی "ئۆتۆنۆمی" دەترسێن؟" ۷

لەڕاستەقینەدا وائاشکرا بوو، کە ئەوقسانەی کە ناسر لەبارەی چارەسەرکردنی کوردەکانی عەراق کردبووی، دۆستانەبوو، ئەمما ڕەسمی نەبوو. ئەوەی کە کوردەکان بۆیان وەدەرکەوت بوو، ناسرحەزیدەکرد کە لەگەل کوردان دۆستا یەتیبکات، وەلەحەقیقەتدا کاربە دووژمنایەتی نەگا. ئینجا ناسر لە قسەکانیدا گوتی کە ئەگەر یەکێتی لەگەل حکومەتی عەراق،وە هەربەوجورە لەگەل حکومەتی سوریە پێکبێت، پێویسیە چارەی مەسەلەی کوردش بکرێ، بەلام ئەگەر بێتوو تەنیا عەراق دەسبەو کارەبدات،یانی (ئوتونومی)بەکوردان بدا، وازوئابروی خویی لەنێونەتەوە عەرەبەکان لەمەترسیداوێ.

بەلام هەر چونێک بوبێ، ناسرنەیەویست کە کۆڕێکی مسری بنێڕێتەنێو کوردستانی عەراق مەبەست بەوەی کە بۆخۆیی لەودەمو، دەستە دا زۆرپیس لە نێو قوڕو، زەلەقو،گیژاوی یەمەندا مابۆوە، ئەوە بۆی مەسەلەیکی گرنگ، بوو.

لەولاتی ئەل جەزیرە سەرۆک بن‌بلا، لەنەکاو ڕای‌گەیاند کە "من بەرلە وەی کە عەرەبێکبم لەکاتی‌حازردا، ئی‌حساس دەکەم، ئینسانێکم، من‌بەباشی ئاگام لەمەسەلەکەی هەیە. ئیمەش بۆخومان لەنێوو لاتەکەمان ئالۆزیمان زۆرە" وە لە بەرانبەر شۆڕشی کورد دامەسەلەی بەرەی ئازادی بەخشی‌نەتەوەئی لەگۆڕی دایە خە باتی ئە و دووانە وەک یەک بەرە و پێش دەرون (اف. ال. ان)

۳ــ دوودڵی عەراقیکان:

لەبەغدایە ش‌دا، سەرۆکەکانی عەراق، دوودڵ بوون، وەدەیان گوتکە ئایا پێویستە ئەومەسەلەیە زوو پێکبێت یان بمێنێتەوە، وەنەیان دەتووانی بەباشی بی‌گونجێنن:

ژی‌نیرال عەمماش لە سەرئەوقسەیەبوو، کەدەبێ پارتێکانی تەواوی نەتەوە عەرەبەکانی عەراق لەکۆبونەوەیەکدا، باسکەن تەسمیم بگرن، بۆئەوەی کەئایا مەسەلە کە لەدووایەدا بەپرسیاری گشتی، "ڕیفراندووم"، دابندرێوە لەپاشان‌ش بەنەهێنی باسی لێبکرێ.

لە ۲۸ فیۆرییەی ۱۹۶۳ لە کۆن فرانسیکی ڕۆژنامە نووسسەکان‌دا کە لە شاری قەلا دزێگیرا مەلامستەفا بەقەلسی‌و، تۆڕ هئی ڕای‌گەیاند کە ئیترپێویست نیە لەوەی پاش جەلال‌تالەبانی بۆشاری قاهرە وەال‌جەزیرە بچێت، وەپێم گوتە وە دەستورم داوەتێ کە پێش مەرگەکان بگەڕێنەوە سەرجێگای خۆیان‌وەبوشەر ئامادەبن، وەهەروەها ڕای‌گەیاند کەئەگەر بێتو حکومەتی عەراق مافی "ئوتونومی"ی کورد نەدا من مافی‌گشتی نەتەوایەتی واتە "ئیستقلال"[11] ڕادەگەیێنم. بەلام‌ئەو هەرە شەیەش سەرئەنجامێکی‌نەبوو.

۴ــ چاوپێکەوتنی دووڵاەکانی ماران

بەشوێنی ئەوە لەوئاخرییانەدا چاوپێکەوتنیک لەبەینی ژی‌نیرال بارزانی، وەکۆڕێکی عەراقی لەڕۆژی ۴مارسی ۱۹۶۳ دالەکانی ماران "پێکهات.

اف‌ال.ان بەرەئی‌ئازادی بەخشی‌نەتەوەئی‌م.ر

کۆڕی عەراقیکان بەسەرۆکایەتی تاهریحیا ڕابەری دەکرا، کەبریتیبوون لەسەرهەنگیگی هەوائی وەئەندامی شۆڕشگێڕێک کەدەبی هەردان تکریتیبێ، وەهەروەها ژێنیرال فەتتاح شاعەلی وە سێ مرۆڤی دیکەش بەناوی کوردکە: وەزیرەکان باباعلی وەفوادعارف وەحەیدەر سولەیمان کەبالوێزی عـــــەراق لەئەمریکادابوو، ئەوکۆڕەیان پێکهێنابوو.

هەوال بەری تایبەتی ڕۆژنامەی لوموند کەهەواڵو، وێنەیی دەنارد، بەهێلیکوپترێک لەگەل کۆڕی ڕامیاری و نیزامی عەراقیهاتبوو ئینجا پێش مەرگەکانی کورد کەهەتا ددان پڕچەک و ئەسلەحەبوون، لەکانیماران ئەو کۆڕەیان دەپاراست. ۱۲

هەوەلین دیداریان زۆربەساردیوسڕیبوو.

پاش ئەوەی کەڕاگەیاندرا کە ئەوشەڕەو، براکوژیێ لەلایەن رژیمیڕووخاوی ڕابردودا بەسەرئێمە داسەپاندراوە، تاهریحیا ڕایگەیاندکە، کوردو، عەرەب لەهەموکاتێک دا پێکەوە ژیاون

هاوفەرهەنگو، هاوئاهەنگن" وەپێکەوە لەزۆرنایەکی دادەتووڕێنن.

ئینجا بارزانی لەوەلام داگوتی، لەڕاوێژی زاراندا، ووشەی مرۆڤ بۆ هەردوونەتەوە، بەکاردەبردرێ، ئەمابەتۆ دەڵێن تاهر، وەبەمنشدەڵێـــــن مەمستەفا!... هەردوکمان هەین، وەنابێ خۆمان زیاتر لەیەکتربزانین، وەکاتی تایبەتی بۆخومان ڕەچاوکەین" مەلامستەفا زۆر بەتوندی ئەو ووتارانەی دەگوت، وەهەروەها بەقسەکانیدرێژەداو، گوتی! "لەڕابردوودا، لەگەل خەڵکی ئێمە بە پێچەوانە بزووتونەوە، قاسم مال ومندال و ژنانی ئێمەی دەکوشتو، دەبڕی!"

مەلامستەفا دیسان بەتووڕەئی بەقسەکانیدرێژە پێداوگوتی: ئەگەر دەتانەوێ پاڵ بە رژیمی ئیوبەبدەین، پێویسیە زەمانەتێکمان بدەنێ، وەهیچ پەڵپو، بیانوویەکیشی تێدانەبێ، وەچارەسەری مەسەلەکە بکرێت. دەبێ حکومەتی عەراق نەخشەی ئوتونومی کوردان بکێشێو، مافی ڕەوای کورد بدرێ تا ئێمە لەباوەشی دەولەتی عەراق دابمێنینەوە.

ئەگەر بێتو ئەوکردەوەیە پێک نەیە، دووژمنایەتی هەروادەمێنێ، ئەگینە دووژمنایەتی لەنێومان دانامینی. ژێنیرال تاهریحیا، گوتی کە ئەوگوفتوگوێیە دەبێ لە کۆبوونەوەیەکی دیکەش هەر درێژەی پێبدرێ. ئەو چاوپێ کەوتنە

سێسەعاتی خایاند، لەپاشان کۆڕەکان لەیەکتر جوێ بوونەوەوە هەردوک لالەو پێکگەیشتنە (گەشو، شاد) بوون.

بەڵام مەلامستەفا لیستێکی لەپێش تاهریحیا داناو، دایە کەدەیگەیاند داواکانی زبرو، سەختە.

۵ ــ داوخووازەکانی بارزانی

داوخوازەکانی بارزانی بریتیبوو لەوانەیژێرەوە:بەڕەسیمی ناسینی مافی ڕەواِی کورد لەسەرزێوِشوینی ئوتونومی

کۆڕێکی کورد بۆ دانانی یاسای مەجلس لــەلایەن تەواوی خەڵکی کورد هەڵبژێردرێ،ئازادیو، سەربەخۆئیهەبی، ــ دانانینایب سەرۆکی کوردلەکوماردا ناوچەکوردستان بریتی بێلەلیواکانی سولەیمانی، کەرکوک، هەولێر، وەناوچەی لیوایموسڵوە دیالەی، کوردستان،

ــ پێکهێنانیهێزێکی کوردی لەپێش مەرگەکانی تەواوی کوردستان، وەئەوهێزە لەژێر حوکمی فەرماندەری بەغدایەدابێ

ه پێکهێنانی ژاندارمی کوردستان

ــ بەشدار بوونی کورد لە قازانجی نەفتدا ۱۲

بارزانی ئەو لیستە داوخوازانەی لە پێش چاوی حکومەتی عەراق داناۆە هەروەها لە بارەی ڕاگەیاندنی خودموختاری، "ئولتیماتۆم"ی دانێ، وەگوتی! ئەگەر ئەومەبەستانە بەجێ نەیەت، شەڕپاشی سێڕۆژان دەسپێدەکرێتەوە!

حکومەتی بەغدایە لەو داخوازنە کە.پێی زۆروگران بوو، مەترسیڕێنشت، وەئاگاداریدا کە ئەو هەڵوێستانە بۆ ئێمە ناگونجێ! وەلە ۶ مارسی ۱۹۶۳ تالب حسین شەبیب وەزیری دەرەوەی عەراق کەیەکێکلە گەورەکانی باڵیڕاستی، دەولەتی بەعس بووڕایگەیاند کە: "مەسەلەی چارە سەرکردنی مافینەتەوایەتی کورد مەسەلەیەکی ئەوتۆنیە" وە ئەو داوخوازانە ڕێگا لە گفتوگۆ دەبڕێ وەجگە لەوەی، تەواوی کوردەکانیش لەسەر ئەوگومانەنین.

ئەگەر بارزانی لەڕاستەقینەدا دژی ئێمە نابزوێتەوە، کارێکی باشە، ئەگینە بوئێمەتێک شکاندنی ئەوشۆڕشە زۆر سووکوهاسانەو، زۆرناکێشێ. ۱۴

لەبەغدایە کوردە ناسیونالیستە میانەرەوەکان مانی فیستیکیان وەدەرخست وەبەگورجی لەبەرانبەر پیاوەکانی میانەرەوی حکومەت کەبێ‌هەستو، دەنگبوون، هاواری‌خۆیان دەربڕی.

۶ــ هەڵەکان:

بەلام لە ۹ی مارسی ۱۹۶۳ تەدبیرکەری هێزی فەرماندەی شۆرشی عەراق ڕای‌گەیاند کە "مافی کوردەکان بەنێوی "لامەرکەزی" دەناسێ! ئـــــەوە، بۆ ڕۆژنامەکانی وولاتەکان بووبە بیانوو، وەڕایان گەیاندو، خەبەریان‌دا. بە تایبەت ڕۆژنامەی لوموند لە سەرەتادانووسی‌بووی کە: "بەغدا مافی ئوتونومی بە کوردەکان داوە!" (۱۲ مارسی ۱۹۶۳).

لەئاکام دا ئەومەسەلەیە زۆر بەباشی ڕوون نەببۆوە چونکە عەراق هەرلە خۆیەوە، بەبێ‌بیروڕای بارزانی "لامەرکەزی" ڕاگەیاندبوو، ئینجا بارزانی داوای شتێکی دیکەی کردبوو، واتەلەچاوپێ کەوتنەکەی‌دا لەگەل تاهریحیا (۴ی‌مارس) داوخووازەکانی لەوە پتر بوو.

عەلی سالح ئەسسەعدی‌نایب جـێگری سەرۆک وەزیری حکومەتی عەراق لەمافی کوردەکان "بەرگری" دەکرد، وەلەووتو،وێژێکی لە کۆبوونە وەیکدا لەگەل ڕۆژنامە نووسەکان‌یڕای‌گەیاند بوو (۱۱مارسی ۱۹۶۳) لەشاری دەمشق لەسەر ڕاوتەدبیری دەوڵەتی عەراق کە "کوردەکان ئیدارەی تایبەتی خۆیان هەبێ، لەناوچەکەدا جگە لەکاروباری دەرەوەی عەراق، هێزی بەرگری، دارائی، بەدەستی خۆیان‌بێ، هەروەها گوتی کە مەیلی بارزانی وەکوردەکان بەوەیە کە هێزی بەرگری ناوخۆی‌وە دارائی ناوچەکە لەدەستی خۆیان دابێ، وەڕای‌گەیاند کە ئەوە بەرهەلستێک‌وکەندوکوسپێکە کە لەنێو حکومەت‌و، بارزانی داماوەتەوە.[۱۵]

لە کۆبونەوەیەک لەشاری کۆی‌سەنجاق کە نـزیک بـــــــــــە ۲۵۰۰ کەسهات‌بوون،وە (۲۰۰ مرۆڤیان کەهەل دەبژارد، بەبانگەوازی پارتـــی دیموکراتی کـــــوردستان ئەندامەکانی نیزامی وە پیاوەبەرزەکان‌و، ڕوشن بیرەکانی کوردتێدا بەشداریان کردبوو. ئەو دانشتنە کە پێکهات‌بوو بۆلێ کۆلێنەوە لەباری کاروباری و لات دابوو.

ئینجا لەسەر ڕێوشوێنی تازە وەلەسەر بڕیاری "۲۴ئاوریل" لە کۆبوونەوە کە دا جەلال تالە بانیان هەل بژارد کە ووتو، وێژە کە لەگەل حکومەتی عەراق دربژە پێبدات

۷ــ دووبەرە کایەکردنی بەغدا

ووتو، وێژی سێقولی (مسر، سوریە، عەراق) لەشاری قاهـــــرە، وایئاشاندەدا کە نوێنەرە بەعسێکانی بەغدا سیاسەتی دووبەرەکی دەگێڕن، وە لەڕاستەقینەدا نایانەوێ لەگەل کوردەکانپێکبێن.

بەشوێنی ئەوەدا پاش چەندڕۆژ کەلەکودەتا، تێپەڕیبوو وە بەعسێکان لەوڵاتـــی سوریە دا، دەهاتن بەقەوەتو، هێزبن، لە ۸ی مانگی مارسی ۱۹۶۳ وە، وەختاووەخت لەشاری قاهرەدا بە درێژائی مانگێگ گفتو، گۆ بۆیەکگرتنی وڵاتەکانی مسر، سوریە، عەراقواتە "کۆماری یەک گرتووی عەرەب" هەوڵدرا.

سەرکۆمار ناسر پەیتا، پەیتا داوای ئەوەی دەکرد کەژینیرال بارزانی دەبێ لەووتو، وێژەکان داحازربێ، وەدەریبڕێ بوو کە بەپێوستی دەزانم کەلە فازی ئاخری گفتو، گوێیکەدا بەشداریبکات، بەلامنوێنەرەکانی عەراق دەیانگوت کەچارە سەرکردنی مەسەلەی کورد، دەبێ لەنێو خۆمان باسی لێبکرێ! سەرئەنجام لە ئاخرین کاتەکەی کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری عەراق ڕووی لە جەلال تالەبانیکردو، گوتی کەمەسەلەی مافی کوردەکان ناگونجێ(، پێکنایە، چونکە پتر مەبەست لەوکۆبوونەوەیە، "یەکێتی دەولەتە عەرەبەکان"ە،وە ئیمـــە دەمانەوێ لەویەکێتە سودو، کەلکوەرگرین،وە ناسرش ئەو هەڵوێستەی لەبەرچاوە. ۱۶

۸ــ بارزانی لەگەڵ بەعسێکان هاتو، چۆی دەبڕێ

لەنێوە راستی مانگی ئاوریلی ۱۹۶۳وە،ڕۆژنامەیتروود ئورگانی سەندیکای سویەتەکان، ڕایگەیاند کە واچاوەڕووان دەکرێ، کەشەڕ دژی کوردەکان دەستپێ بکرێتەوە. ۱۷

ئینجا لەحەقیقەتدا، دەبی‌بلین کە شکانی ووتو، وێژە کە عەلامەتی دیار بوو: پاش ١١ ڕۆژان جەلال تاڵەبانی لە بەغدایە (بیرەوەری نامێلکەی کوردەکان"ی ١٢ ئاوریلی ١٩٦٣ لە بە غدادا لە چاپدا ـ بەشـــــی‌ووتو، وێژەکەو، کوێبوونەوەکەی شاری‌کوێ‌سەنجاق، وە لە پیش‌دانانی (لیستی داوا کراوەکانی کورد) کەلەلایەن بارزانێوە، بەتاهریحیا درابوو لە ٤ی مارسدا لە چاپدراو، ڕاگەیاندرا.

ئینجانە ووشەی "ئوتونومی" وە نەووشەی "لامەرکەزی" ئیدی قەت باسی لێ نەکرا. بەلام داوای کوردەکان لەسەرمەبەستی دانانی دەولەتێکی بێ‌ناسیونال واتە لەچەشن و شکلی حکومەتە فیدرالەکانی ولاتی ئوروپا وەک (یوگسلاوی یان‌سویس" مەیلیان‌بوو.[1] "فۆرمی دراکوینەن" (کوردە کانی لایەن‌گری چەشنی قانون‌گزاران یونان)) بەشوێنی بەیان نامەکان کەلەچاپ دران‌و، بڵاوکرانە. ئینجا مەتلەبیکی کە دەهات، ووتو، وێژەکە ببڕێ، ئەوەبوو کە جەلال تالەبانی رای‌گەیاند کە: "ئێمە ئامادەیێن لەبەغدایە بۆ ووتو، ویژ بمێ‌نیننەوە، بەلام ئەگەر حکومەتی بەغدا نەیەوێ درێژە بەگفت‌وگوێەکەبدات، پاش‌حەوتویک بو شمال دەگەڕێتەوە." ١٨

سەرئەنجام لە ١٣ی مەی ١٩٦٣ جەلال تاڵەبانی بۆ ووتو، وێژێکی دۆستانە لەگەل ناسر سەرۆک کوماری‌مسربوقاهرە گەڕاوە.

بەلام ئەو چونەش‌نەی‌تووانی دەس کەوتێکی تێدابێ وە هەروەها لە دەس‌پێکردنەوەی شەڕێکی تازە دژی کوردەکان بەرگری‌بکات.

درآکونیەن ـ چەشنی‌قانون‌دانانی‌یونان.

فەسلی ٨

هەوەڵین شەڕی بەعسیەکان لە (مانگی ژوئن ، نووامبری ١٩٦٣)

لە ١٠ی ژوئنی ١٩٦٣ رادیو بەغدا لەووتاری خۆی دابڵاوی کردەوە کە (شۆڕای نەتەوایەتی شۆڕشگێڕەکانی عەراق) بریاری هێناوەتە سەرئەوەی کە زۆرزوو ، ئاکاری نیزامی خوێی دژی سەروک مستەفابارزانی دەس پێبکاتەوە" .

بەوجورە واز ڕوون بێووە : پاش ٤ مانگ گفتو ،گوی، مولەتدان ، حکومەتی عەراق ،تەنیا هەڵوێستی ئەوەبوو ، کە بۆسەر کوردەکان هێرش بەرێوە بێ پەڵپوبیانوو ئەوکارەدەس پێبکات .

دڵ بریندارەکانو ، داخ دارەکان (جودائی خووازان ، فئودالەکان ،وە ئەوانەی کەدڵ پڕبوون وەلەگەل شۆڕشی عەراق دووژمنایەتیان دەکرد ، لە دەوروبەریبارزانی کۆ بوونەوە ، شۆڕای نەتەوایەتی کۆماندای شۆڕش ئاگاداری دا ،هاوکاتلەگەل ئەوە هێندێ لە ئەندامی تاییەتی بۆخارترجەم کردن کە "شورایەکی دائمیسولح و ئاشتیبەینی کوردو ، عەرەب پیکبێنێوەدیهات [١]

١ ــ نەخشەی لامەرکەزی وئیداری عەراق

سەرئەنجام عەراق دانی بەسەر ئەو مەبەستە دانا کە ئیدارە کردنی ناوچە کەبەنێوی بەرگری لەخۆی "موحافاڤات" ی (ناوچەئی ، لەژێر چاوەدێری حکومەتی ناوەندی وەبەئەستۆ گرتنی کارەکان بەنێوی "شۆڕای ناوچەئی" کە هەل بژاردنێک کەمافی کاربەدەستە ئیدارەکانی تێدابێ . وەدیبێت : [٢]

کوردستان ــ لەهیچ کاتێک دا لە پرۆژەی حکومەت ئەووشەیە بکارنابات ــ کوردستان بەدوومەلەبەندی کەرکوک، وەسوڵەیمانێ دابەشبێ. لیواکانی شاری سولەیمانی کەواتە سولەیمانێ، هەولێر، وەدەهوک،وە هەروەها ناوچەی زاخۆ ئامادیا، ئاکراو زیباری دەگرێتەوە، لەگەڵبوو.

ئینجا بە کوردەکان ڕێگا درابوو کە بەزمانی زگماکی خۆیان کەزمانێکی ڕەسمی کوردایەتیە لەناوچەی سولەیمانێ وەکەرکوکدا بخوێنن وەبنووسن!

بەڵام ئەوەی کەپێوینستبوو کە دانی لەسەر دابندرێ "شەخسییەتی کوردەکان"ی شمالی عەراق وەئەوانەی کە لە دەولەتی کۆماری عەراقدا دەبن کە بگوترێ، نیۆنەبردرابوو. لەئاکامی دائەوەی کە بەباشی ڕوون ببۆوە دەولەت مەبەستی لەوکارە ئەوە بوو، کە خەڵکی ناوچەکەهەڵ فریوبێیی، دەناهیچ کەلک وقازانجێکی بۆکوردان تێدانەبوو.

۲ ــ سەرەتای دەس پێکردنی شەڕ

سەرئەنجام لە ۹ی ژوئنی ۱۹۶۳ لەکاتی ۵ی بەرلەبەیانی، لەپێش ئەوەی دا کە ئولتیماتوم بە بارزانی بدرێ کە دەبی لەماوەی ۲۴ سەعات سەرشۆڕەکاتەوە هێزی عەراق دەستی بەگوللە بارانی شاری کەرکوک، هەولێر، وەسولەیمانێ کرد، لەپاشان ئەوشارانەی بەتانک گەمارۆدا، بەشوێنی ئەوەدا شارەکانیگرت، دووکان و بازاری کوردەکان تالانکرا، دەستیبەگرتنوقەڵتوبڕی خەلکی شاری سولەیمانێ کرد ه پتر لە ۲۶۷ مروف کوژران، وەخەڵکێکی زۆر لەوشارە لەجیگایەکی سەر ئەوالەدا کە گیرابوون، زیندانیکران. ۳

۳ ــ شەڕی بەعس

شەڕی بێ ئەمانی بەعسێکان دژی کوردەکان، کەلەمانگی ژوئنی ۱۹۶۳ دا دەستی پیکرا "هەوەلین شەڕی بەعسێکان بوو" وەعارف کەببوو سەرۆک حکومەت، دەرەجەی مارشالی لەمانگی فیوربیەدا، بەخۆی دا.

بەلام ئەونیوە ووشەیەکی پوچ بوو، وادیاربوو کە لەڕاستەقینەدا تووانائیێکی ئەوتۆی نیە تەواوی پۆستەگرینگەکان لەدەستی بەعسیێکان دابوو وە ئەوکەسانە کاروباری وڵاتیان لە ناوخویدا بەشکردبوو: پۆستی وەزارەتی بەرگری (عەممش) وەزارەتی ناوخو (حازم جەواد)، سەرۆکو، سەرفڕۆکەوان (هەردان تکریتی)، (حەسەن ئەل بەکر) سەرۆک کۆمار...

ئیدوارد سەعاب کەیەکێک لەباشترین تیرا بینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، لەوبارەیەدا نووسیوێتی، کە: "بەڕاستی پۆستێکی دیکە نەمابوو کەبەعسیێکان لە ئیدارەکانو، وەزارەتخانەکاندا دا گیری نەکەن" وەهەروەها دەڵێ کە: "مرۆڤێک نەمابوو کەبەعسیان نەی کەنە سەربازو، قامکی لەسەر دانەنێن" ۴

دەگونجێ بڵێن کەعارف مرۆڤێکی راستەقینەی سیاسی نەبوو، تەنیا پیاوێکی کەللەشەق بوو کە دەیەویست شەڕەکەی بە نیوخۆیی تەواوبکات. دەی گوت کە "نەتەوەی کورد ئیتر لەعەرە بەکانە" وەبەو زووانە "لایەنگرەکانی بارزانی بڵاوەدەبن." ۵

شەڕێکی کەزۆربە تینترلەشەڕەکانی پێشووبوو

بەعس شەڕێکی واقوورسی دەست پێکردبوو، کەهەتائیستا لەمێژووی شەڕی عەرەبو، کورددا نەدەتیرابوو، وەنرخوبایخیئەوشەڕە لە بەرچاوی سەرکوما ناسربە نومایش داندرا.

سەرۆکە نیزامێکانی عەراق بەو سەرئەنجامە گەیشت بوون کە قاسم بەڕاستی "نەیدەویست شانازی" بەوەبکات کەبەسەر کوردەکاندا پیروزبێ، بەلکوپتر هەڵوێستی ئەوەبوو کە هێزیزنیزامی لە بەغدایە دووربکاتەوە.

وە هەروەها لەکنخۆ ی گومانیشی ئەوە بوو، کە لەماوەی حەوتوێک دا شۆڕشگێڕە کوردەکان لەنێو دەچن. لەئاکام دا ڕاوگومانی بەعسیێکان هاتە سەرئەو مەبەستە کەبە: بۆمبی ناپاڵمو، ئاورین، وەتانک و توپێقورسوەچەکی هەرەتازە هیێرش بەرنە سەر کوردەکان وە بێئەمان بیان کوتن...

هاوکات لەگەل ئەومەبەستە دەیەویست کوردان لەنێوبەرێ، جا، چ کوردی تاوانباربێت، چ بێتاوان قەڵت وبڕیانبکاتو، بیانگرێو، بیان کوژێ، وە

تەنانەت سەری بارزانی یەمزگینی دانا، وەڕای‌گەیاند کە کەسیکی سەری بڕاوی بارزانی بێنێ (۱۰۰،۰۰۰ دینار) (۱/۵) میلیون فرانکی ئەورۆ!) پوولی دە درێتێ. ئینجا لە ئەزیەتو، ئەشکەنجەی ئەندامانی پارتی‌دیموکراتی‌کوردستان ڕانەدەوەستان. سالح یوسف کەیەکێک لەسەروکە کوردەکان بوو، وەلەگفتو، گوی دەولەتدا بەنێوی نوێنەری کوردان قسەی دەکرد، چەندمانگ لەبەغدا گیراو، ئازاردرا. ۷

۴ ــ عەرەبی کردنی "وڵاتە کە (ئارابی‌زاسیون)

ئینجا عەرەبەکان پڕهێزو، تووانابوون بەقودرەتگەیشتن نەخشەیان ئەوە بوو کە ووڵاتە کوردەکان بکەنە عەرەبی، وە لە چاوەڕووانی ڕامیاریوەش ئەوکارە بەڕێوە بەرن‌وەتاسالی ۱۹۶۸ خەریکی ئەوکارەبوون لەهەوەڵەوە هێزی عەراق تێ دەکوشی کە کوردەکان لەجێگا عاستەمەکان واتــەلەمەلەبەندە کانی "ستراتیژیک"ی وەدەرنی، وەلە هەرێمی ناوچەی سنووری‌و، نەفتی ڕایان‌دا. جابەوجورە دێیەکانی بۆمباران دەکرد، دەی سوتاندن، وەپاشان بەبوڵدزێر ۸ سافی دەکردو، لەگەل تەختی زەیو دەکردەیەک. لەناوچەی کەرکوک ۴۰۰۰۰ کوردی دەرکرد! وەهەروەهاٸەو چەشنە ئاکارەی لەهەولێرێش‌دا کردۆە بەچەشنی سیستێماتیک ئەوکارەی لەشاری هەولێرش بەڕێوەبــەرد.

۵ ــ کارو، کردەوەی‌نیزامی

هێزی نیزامی عەراق سێ هێرشی بۆسەر ناوچەی شمال (بادینان) کە بەدەستی بارزانێ وەبوو، برد وە بۆ سەر ناوچەی (ناوەندی وەخووارو) کە بە دەستی، هێزی پ . د . ک بوو، هەروەها هێرشی برد. ئەوشەڕە زۆر زوو لــە دەرەوەی ولاتی عەراق دەنگی داوە.

بەلام بارزانی هەروەک جارەکانی پێشوو چاوە ڕوان دەکرا کە دەچێتە نێو کێوەکان: لەمانگی ئوتی ۱۹۶۳ داهێزی عەراق گەیشتە زێبارەوە ناوچەی بارزان‌ی داگیر کرد (هەوەڵی‌ئوت) وەبەچەشنی سالی ۱۹۳۲ بارزانی پاشەکشەی

کرد ،وەبۆ کێوەکانی لای‌تورکیە پەنای‌برد . . .

بەڵام هێزی حکومەت لە هێرشە کە دا سەری‌لێ سووڕما وەنەی دەزانی بۆ کوێ بچێ . . . وەدەگونجێ بڵێن کە هێزەکانی بارزانی هەروا ساغو ، سلامەت مابوێوە ،وەدەستی لێنە درابوو. لەچەند باڵی دیکەی شەڕدا هێزی عەراق ، زۆر وازی باش نەبوو : لەناوچەی رەواندزدا هەنگێک لەهێزی نیزامی عەراق لە زارکی "گەڵی عەلی‌بەگ"دا گەمارۆدراو ، لەداوخرا ، ئەوتەڵەو ، داوە چەند حەوتوو بەردەوام بوو ، واتە تانێوەڕاستی مانگی ئوت هەرچەند ، هێزی عەراق لە لایەن فڕۆکەکان یارمەتی دەدرا ، لەسەرئەوەشڕا زۆریان لێکوژرا وەهاتوچۆیان لێبڕابوو. لەجنوب‌دا ، پێش مەرگەکان ، هێرشیان بۆسەر جەمبوری‌چالاوە نەفتەکان لە خوواروی کەرکوک‌ەوەدا ، لە۱۷ی ژوئەن‌ی ۱۹۶۳ ، وەهەروەها ۲۲ ژوئن هێرش بۆسەر شاری کەرکوک‌بردرا .

هەروەها لەوئاسۆ یەش دا فەرماندەری عەراق ، پێش‌مەرگە کوردەکانیان بۆپشتەوە کشاندەوە هێزی عەراق لەچەمی ڕازاب‌دا مەرکەزو ، کانگای جەلال تالەبانی گەماڕۆدا ، ئەوگەماڕۆیە دووکەڕەت لە مانگی سێپتامبرو ، نوامبر بەرێوە بردرا . ۹

لە۱۴ی ژوئیەی ۱۹۶۳ پاش‌مانگێک کەلەسەرەتای شەڕ رابردبوو ، مارشال عارف لە ووتاری‌بەناوبانگی‌خۆی‌دا بەبۆنەی پێنجمین ساڵی تێوە سووڕانی شۆڕشی ژوئیەی ۱۹۵۸ ڕاگەیاند وگوتی ، کەناوچەکە لە شۆڕشگێڕەکانی کورد خاوێن بۆتەوە.[۱۰] لە ئاکام دا شەڕی بەعسیێکان کەبەسەرۆکایەتی حەردان تکریتی وەعەمماش دەستی پێکرابوو ، بەوجورەی کە چاوەڕوانی‌دەکرا ، نەی تووانی پیروز بی‌و ، سەرکەوێ بەڵکو لەڕاستەقینەدا ئەوهێرشە "گەڕان‌و ، سەیڕی هێزەکـان ناوبردرا کە لە لایەن ژینرال عە مماش و ، هە ردان تکریتی پیک هابتو

۶ــ سووریيە خۆتێوەردەدا

هەوەڵین شەڕی بەعسیێکان کە دژی کوردەکان دەستی پێکرا (هیزی عەراق نەی تووانی پیرۆزی بەدەست بێنێ ، پاش‌ئەوەی کە مارشال‌عارف لەگەل سەرۆکی هێزی سووریيە چاوپێکەوتنێکی لەنەێنی‌دا بەڕێوەبردبوو ، هێزی‌نیزامی سووریيە

لە ۲۲ی ئۆکتوبری ۱۹۶۳ داپەلاماری دەستپێکرد"ئە وجاو پێکە وتنە لەزاخو بو. ۱۰'
لەئاکام دا هێزی (یەرموک)ی سوورییە لەسنووری ئسرائیلدا کە سێ هزارکەس بوون، بەتانکو، توپەوە ئامادەی هەڵمەتبوون.

پەلاماریان لەناوچەی جوغرافیائی زاخۆ و، دەهۆکەوە بوو، وە ئەو تێ هەڵ قوتانەی سوورییە لەبەرئەوەبوو کەبەڕاستی بەوجێگایە گەیشتبوو کەبەعسێکان ئابڕووبان دەهات بچێ، وەلەنیوبچن (نوامبری ۱۹۶۳)

ئینجا ئاکاروکردەوەی نیزامی سوورییە نەی تووانی سەرکەوێ وەبارو، دۆخی عەراق ڕاستکاتەوە. کوردەکان، زۆربەیەکی تەواویان لەهێزی سوورییە دابوو. بەڵام پێش مەرگەکانش نەختێک لە بابەت ڕووحییەوە، خۆیان وون کردبوو، وەدەیانگوت، "ئەوجار ئەوە دژی شۆڕشی کورد، دەوڵەتێکی دیکەش دەست بەکاربوو"! ۱۱

دەگوترێ بڵێن ئەوە بۆ هەوەڵین جارو، ئاخرین جاربوو کە هێزی نیزامی بێگانە دژی کوردەکان لەعەراق دا دەست بەکاروئیشی نیزامی بوون.

۷ــ کاتی ناسر:

کاتێک کە شەڕی کوردەکان لەگەڵ هێزی عەراقی بەعسی دەستی پێکردەوە ڕۆژنامەکانی مسر بەبێ ئامانج، یان "کەم ئاماج[۱۲] باسرو، خەبەریان بڵاوەکردەوە سەرئەنجام سەرکۆمار ناسر کە لەڕووی دۆستیو، برایەتیوە لەکاروباری کوردەکان داهەوڵی دەدا وەکەگوتمان بەچەشنی ڕەسمی نەبوو، جەلال تالەبانی دەڕۆژ پێش ئەوەی کەشەڕ دەستی پێبکرێتەوە بەجۆرێک هاتو، چۆی، ووتو، ویژی هەرهەبوو. بەڵام بەشوێنی دووژمنایەتی تازەوەکەلەسەرزاران قاوبوو، نەی دەتووانی بەچاکی ووت وێژ بکات وەکەڵکی لێ وەرگیرێ.

پاش پێش گرتن لە شۆڕشگێڕەکانو، لایەن گرەکانی ناسر ئالیپ (۸ی مەی مەی ۱۹۶۳)وە تێک شکانی ڕاپەڕین وپیلانی لایەن گرەکانی ناسر لەشاری بەغدادا (۲۵ی مەی ۱۹۶۳) ناسرو، بەعس دەهات نێوانیان ببرێ، وەناسرکە لەبەعسیانی عەراقو، سوورییە دڕدۆنگ ببوو، وەدەیزانی کە "ئاکارو، ڕێبازو، خەت وشوێنیان" لەڕێگای خوێ لای داوە، ئینجانەی دەیتووانی لەسەر ئەوشەڕە بڕیاربداتّ، وە

دەیدیت کە تەواوی ئاکاری بەعسیکان لەسەر جغزی خۆیلاچووە ، وەلەوەیمەترسی بوو کە ئەگەر بڕاوابدات "لەگەل دووژمنایەتی نەتەوە عەرەبەکان ڕوبەروودەبێ[۱۳]!

بەلام چەندمانگ پاش شکانی هەڵستانی لایەنگرەکانی ناسرلە دیمەشقی سووریيە لە ۱۸ی ژوییەی ۱۹۶۳ ناسرهاتوچۆی ڕامیاری خۆی لەگەل بەعسیکان بڕی ، وەرادیوی "دەنگی عەرەبەکان" لەقاهرەدا ، دژیبەعسیکان هەواڵی بڵاوده کردەوە ، وە دروشمی دەداو ،دەیگوت :

"ئەی خەلکی موسولمانی سوریيەو ، عەراق دژی میشێل عەفلەق هەڵستنە سەرپێ ، وەدژی ئاکارو ، کردەوەی بەعسیکان کە خودا نەناسرو ، کافرن ، وە زەوی ئیسلامیان[۱۵] داگیر کردوە ، دەست بەکاربن" سەرئەنجام ئەمما بۆ کاری کوردەکان کەس نەبوو دەنگ بەرزکاتەوەو ، شتیکی بڵێ .

۸ــ کاتو وازیوولاتەڕۆژئاوایەکان :

لەکاتێکدا کە وردە ــ وردە ڕووخاندنو ، لەبەین بردنی قاسم لەبیردە چۆوە واگومان دەبردرا کە رژیم بۆ لای "کومونیستی" دەچێ ، ئینجا وِلاتە ڕۆژئاوایەکان ، وەبەتایبەتی ، دەوڵەتیەکگرتووی ئەمریکا وەئینگلیس پتر لە بارەی مەسەلەکەدا خورد، دەبوونەوەوسەرنجیاندەدا حازم جەواد لـــــە ۶ی فیوریيەی ۱۹۶۳ بەڕاگەیاندنیحکومەتی تازەی عەراق "بەپێک هاتنەکانی شرکەتە نەفتێکانو ، کۆمپانیێکان حۆرمەتو ، ڕێزدادەنێ" . ئەورا گەیاندنە دروست پاش حەوتوێک مردنی قاسم بوو.[۱۶]

کاتێک کە یەکێتی سۆویەت دژی عەراق دەنگی خۆی دەربڕی ، ئەمریکاو ، ئنگلیس ئاگاداریاندا کە ئامادەی ڕوون کردنەوەی ڕامیاری خۆیان لەگەل حکومەتی تازەی عەراقن .

لەبارەی نەخشەی ڕامیاریوە ، ئنگلیس کاروباری گفتوگویی ڕامیارێکەی ڕاگەیاند ، وە گوتی دەگونجێ کەلەبەینی دەوڵەتەکانی عەراق ، ئێران وەتورکیە ، کە لە سالی ۱۹۶۳ تـــورکـــیەو ، ئیران کەلەبابەت هەل پەساردنی کوردەکان پێشنیاریان داوە کە پەیمانببەستن ، بەجێبێت .

ئینجا ئەوکارە بەگرتنی قوتابی زانیارەکانی عەراق کە لە تورکیە بوون

دەستی پێکرا وە هەروەها سنووری ئێرانیش پتر ئگاداری لێدەکرا.[۱۷]

۹ ــ کاتی تەسمیم گرتنی یەکێتی سۆویەت

بەلام لەیاری نەخشەی ڕامیاریو، دیپلوماسیکی زۆر گرینگ کە لە لایەن یەکێتی شورەوی کە هیچ مەبەستێکی تیدانەهێشتبۆوەلەکاتی شەڕی بەعسیکان لەگەل کوردەکان گیرا، وە لەسەرئەوەشڕا لەئاخریدا لایەنگری لەژینیرال بارزانی کەکرابۆباری ئاخربوو.

مەبەستی ئەو ئاکارو کردەوەی سۆویەت پاش لە نێو چوونی قاسم سی هەلویست لەبەرچاوبوو.

هەوەل لــە کاتێکی زۆر عاستەم‌دا کە "ڕاوی کومونیستەکان" لەعەراق دەستـــی پێکرابوو، موسکو دەهات هات وچۆی خۆی لەگەل بەغدایە ببڕێ: لە ۱۴ی فیوریيەی ۱۹۶۳، ئاگادارێک بەچەشنی بەیانییە لەلایەن هەواڵ دەرەکانی ڕۆژ ئاوای رادیو ــ موسکو واتە ئاژانسی روژئاوایەکان بڵاو کرایەوە وە (نیگەرانی خۆی لەبارەی نارەحەت کردنی، "هێزی دیموکراتیک" لەعەراق دا دەربڕی وە لەبەرامبەر "ئاکاری تێڕۆر" دەنگی خۆی بەرزەوەکرد. ۱۸

بۆ دووا ڕۆژێ ئەج جماهیر، ڕوژنامەی ڕەسمی بەعسی عەراق کەبەدەستی تارق‌عەزیز بڵاوەبۆوە چاوەڕوانی بڕینی ڕامیاری و دیپلوماسی لەگەل موسکو دەکردو، بڕیاری دا کە: "ئێمە کە کومونیستەکان ڕاوەدەکەینو، دەیان‌گرین، تەنانەت ئەوە نابێتە مەبەستی ئەو هەلوێستە کەلەگەل موسکو،هات و چۆیەکی باشمان‌نەبێ. پێویستە بزانن کە شەڕی ئێمە دژی کومونیستی ناوچەی خۆمانە، نەک‌دژی ئیدئولوژی کۆمونیستی[۱۹]." وەڵامی مۆسکۆ زووبەم پرسیارە دراوە کە: لە فیوریيەی ۱۹۶۳ کمیتەی ناوەندی پارتی کمونیستی سوویەت "کوشتنو، تیرۆرێ‌خوێناوی لەعەراقێدا مەحکوم‌کرد" وەڕای‌گەیاند کە ئەو ئاکارە ڕامیاریەوە کوشتنو، بڕینی کورەگەنجەکان لەعەراق‌دا ناکامێکی گەورەی بۆ حکومەتی عەراق لەبەرادایە". ۲۰

مەبەستی دووهەم ئەوە بوو، کە بڕینی هاتو، چۆی لەبەینی موسکو و عەراق‌دا بە قازانجی بارزانی تەواو دەبوو، وە بەکێتی سۆویەت گوتی، ڕایەرینی

نەتەوەی کورد ، بزوتنەوەیەکی "دیموکراتیکی تەبیعی کوردە" قاسمی تاوان بار کرد کە"ماف نەدان" ڕێگای بۆ بزوتنەوەی ئاکاری ئمپریالیستەکان ئاوالە هێشتوتەوە." ۲۲

لە ۶ی مەی ۱۹۶۳ ڕۆژنامەی پراودا لە نوسراوەیەکی دوورو ، درێژدا بە قازانجی کوردەکان باسرو ، هەواڵی چاپ کردبوو ، بەڵام هێندێکی تێدا هێشت بۆوەو ، نووسی بووی کە : نووسراوەکانو ، چاپەمەنێکانی دەرەوە ، دەڵێن کە کوردەکان دەیانەوێ مافەڕەواکەیان واتە ئۆتۆنۆمی لە دانشتگەی قانون دا لە چوار چێوەی کوماری عەراق دا دیاری بکرێ . . . . وە هەروەها پراودا نووسی بووی کە لەکاتی حازردا ، کوردستانی عەراق ، یەکێکە لەهەرەوەدووا کە وتووی ئابوری ولاتەکان . ئاشکرایە کە کوردەکان بۆ گەیشتن بەئاواتی خۆیان کە ڕاستکردنەوەی بارو دۆخی سەنعەت ، فەرهەنگ ، زانیاریو ، کاروباری کشتوکاڵو ، هات وچۆ ی ڕێگاکانە زۆر بە تالوکەن ،وە تێدەکوشنکە . . .

بەمافەڕەواکەی خۆیان بگەن ، ئینجا هاوکات لەگەل ئەو داخووازانە بۆ وەدەست هێنانی حکومەتی خودموختاری تێدەکوشن ، وەدەیانەوێ لەمافی بەشەکەی خویان ، لەسوودو ، قازانجی نەفتدا بە شداربن ، وەکانەکانی مەعدەن لەکوردستان دا وە دەربخرێو ، تاژیانیکی باشیان هەبێ" . ۲۳

بەشوێنی ئەو دووژمنایەتی لەسەرڕا لە ۱۰ی ژوئنی ۱۹۶۳ حکومەتی شورەوی دەیگوت وە بۆ تاوان بارکردنی عەراق هەڵوێستەکانی دووپاتەدەکردەوە ، وەهەروەها ڕای گەیاند کەحکومەتی عەراق نایەوێ لەگەل کوردەکان گفتوگۆ بکات ، بەراستی لەبارەی کوردەکان دا "ئاکارو کردەوەی نیزامیکەی بەچەشنی هیتلرڕەچاودەکات" . ۲۴

لە ۳ی ژوییەدا دەولەتی مەغولستانی دەرەوە لەسێ کرێتێری گشتی نەتەوەکان واتە (دەبیری کڵ سازمان ملل متحد ، داوای کرد کە مەسەلەی "ژینوسیدی کوردەکان لەعەراق" دا لەسەرڕاو ، تەدبیر ئێمە لە دەستوری ڕۆژدا ، دابندرێ وە لە کۆبونەوەی نەتەوەکان داباسی لێبکرێ .

یادداشتی سوویەت لە ۹ی ژوییەی ۱۹۶۳ دا

لە ۹ی ژوییە، گرۆمیکۆ، وەزیری کاروباری دەرەوەی شورەوی نوسراوەیەکی لەپێش بالویزی عەراقدا، دانا کەبریتی لەوەی بوو کە پێویستە دەولەتی عەراق تیرابینی ئەوەی هەبێ کەئەوەبەراستی "هەڕەشەو، مالوێران کردنی کوردەکان لە ناوچەی شمالی کوردستانی عەراقێ دا، دەبێتە هۆی ئەوە کە دەولەتەکانی دیکەی دوونیایەش لەکاروباری عەراق خوتێوەردەن" وە ڕوونا کی کردەوە کە: "ئاکاری خوێناوی" دژی کوردەکان ناتوانی لەعەراقدا هیچ ئشوکاریکی بەرێتەپێش، بەڵکو، بەپێچەوانەی ئەوە "دەولەتی عەراق "لاواز دەکات"وە. [۲۵]

ئەوکاروبارە بە دەولەتە ئستعمارگەرەکان ڕێگادەدات کە بە ئستقلالی عەراق زەرەروزیان بگەێنن، وەکەڵکو، قازانجی خۆشیان لەوەدا دەبینن"

هەرئەوێ ڕۆژنش گرومیکو، بەم چەشنە نووسراوەیەکی دیکەی بە بالوێزی ئیرانو، تورکیەو، سوریە، داوە لەوبڕیار نامەیەدا "کوشت و کوشتارێکی خوێناوی" وە ئاکاری جنایەت کارانەیەکی کە لە بارەی کوردەکان دا بەڕێوە دەچێ وە دەرخستبوو، شۆڕەوی هەروەها ڕای گەیاندبوو کە لە "هێندێ دەولەتان بەتایبەت ئێران، تورکیە، سوریەی دەوێ کەلەبابەت ڕوو داوەی هەڵکەوتووی شمالی عەراق داخۆتێوە رنەدەن، چون سەرئەنجامی دەکێشێتە ئەوجێگایەی کەلایەنگرەکانی سێنتۆ لەوە کەڵک وەرگرن وە "ڕووداوەیەکی گەورە پێشبێت"

هەڕشەی خوتێوەردانی سۆویەت

لە ۹ی ژوییەی ۱۹۶۳دا لە سازمانی دەولەتەیەک گرتۆکاندا، نوێنەری دائمی شورەوی نیکولای فیدۆرێنکو نامێلکەیەکی تەسلیمی سەرۆک شورای هێمنی، کردولە بابەت کاروباری ڕووداوەی عەراقوە "کوشت وکوشتارێکی خوێناوی کە لە

① پەیمانی سینتو لەلایەن عراق – ایران تورکیە لەسالی ۱۳۳۷ بەستراوە.م.ر

کوردستان" دا دەقەومێ، دووا بوو، وە هەروەها قامکی لەسەروەی دانابوو کە دەوڵەتەبێگانەکان حەز خۆبەتێوە ردان دەکەن وە ڕای گەیاندبوو کە پێوستە "شورای هێمنی "بەوکارە دووائیبێنێوە بەدەولەتەکان بڵێ کـە لەومەبەستەوە بێلایەنبن، وەتانانەت تا ئەو ڕادەیە گەیشتو، هەڕشەی کرد کەئەگەر بێتو دەولەتە ڕۆژئاوەیەکان ئەوکارەبکەنو، خوتێوەردەن، دەولەتی سۆویەت بەپێوستی دەزانێ بۆ ئەوەی کە هێمنی خۆی بپارێزێ، لەوکارەدا دەخالەت بکات" ! [۲۷]

گۆڕانی ڕاوتە دبیری سوویەت

بەلام لەبەرامبەر ئاکارو،کردەوەی تووندی و لاتە عەرەبەکاندا، شورەوی ئیدی لەسازمانی شورای ئەمینەت لەبارەی مەسەلەی کورد بەگرنگی لەسەری نەڕۆیشت. بۆ دووای ڕۆژێ لە کۆبوونەوەی دانشتوی گشتی نەتەوەیەک گرتۆ کاندا، مۆنگۆلیای دەرەوە (مغولستان خارجی) دا خووازەکەی کە لەبابەت کوردەکاندا، دابووی، وەریگرتەوە!

گۆڕانی ئەو ڕاوتەدبیرە زۆر بەسووکی پێکهات، ئەوەش پتر لەبەر ئەو مەبەستە بوو کە دەولەتی عەراق ڕای‌گەیاند، کەئەگەر دەوڵەتی شوڕەوی، لە شۆڕای[۲۸] نەتەوەیەک گرتوکاندا لایەنگری لەمەسەلەی کوردەکان بکا، زۆربەی دەولەتە عەرەبەکان، هاتو، چۆی خۆیان لەگەل دەوڵەتی شورەوی دەبڕن. مسکۆ هەروەها مەترسی لەوەبوو کە بەغدا هەڵوێستی ئەوەیە وەلەوەی بگەڕێ کە پشتیوانێکی دیکە پەیدا بکات وەئەویش بەتایبەت دەبێ دەولەتیچینبێ.

گومان وابووە کەهاوکات لەگەڵ گۆڕانی ڕاوتەدبیری شورەوی، بارزانی تینەدراوە، وەئیتر بەهۆیئەوە تەواویئەو داخووازانەی کە شورەوی ڕای‌گەیاندبوو نەدەکـرا بەڕێوە ببردرێ.

۱۰ ــ نابەرانبەری فکری بەعسیێکان لە بزوتنە وەکەدا

لە هەوەڵی نووامبری ۱۹۶۳وە، شەڕ هێمنوئارام بوو! چوونکە بەفروولاتی کوردستانی داگرت بـوو، وە لەکردەوەدا لەشەڕ پێشی‌گرتبوو. تالبحسین شەبیت

وەزیری کاروباری دەرەوەی حکومەتی عەراق لەشاری لەندەن لە باسرو هەوالیکی تایبەتی دا، ڕای گەیاندکە: "ئایا ئێمە بەڕاستی بەچەشنێک دەتووانین لەگەل کوردەکان پێکبێنەوە ڕێک کەوین تا داخووازی ئەوان پێکهاتبێ؟ ئایا ئێمە لەڕاستەقینەدا دەتووانین لەگەل دەولەتێکی سەربەستو و، سەر بەخۆی کورد لەعەراقدا کە بڕوای کوردەکانە پێکبێت ڕازیبین؟ ئەوەئاشکرایە کە ناتووانین چوونکە ئەوە نابێتە فێدرال، بەڵکوشتێکی دیکەدەبێ!" [۲۹] وە لەئاکاما هەروەها لەقسەکانیزیاد کردوگوتی! هیچ باروّ دوخێکی ڕامیاریو، نیزامی ناتووانێ بە ڕێوەبچێ، مەگەر کاتی دەولەت لەعەراق داکاروباریچاکبێوەبتووانێلەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ!

لەسەرەتای مانگی ئۆکتوبری ۱۹۶۳ سەرئەنجام لەنێوانبەعسیێکان دا دوو بەرەکیپێشهات بالّی چەپی بەعس لەلایەنعەلیسالح ئەسسەعدی، نایبی سەرۆکی کۆماری عەراق، کە دووژمنی ناسر ولایەنگرەکانی بوو، وە مەبەستی ئەوە بوو سۆسیالییستێکی فەوری بینێتە سەرکار، وەهەڵوێستیئەوەبوکەعەراق ڕێکوپێک بکاتو، حکومەت بەدەست بگرێت. ئینجا بالّی راستیبەعس کەسەر بـــە، تالبشەبیب وە حازم جەواد وەزیری ناوخوبوو، وەسالح سەعدییان بـــە "کومونیست"دەزانی، لەنێوانیان‌دا دەنگوچەلەمە پەیدابوو، وەلە کونگرەیەکی بەعسیێکان دا لەبەغدا کەلە۱۱ی نوامبری ۱۹۶۳ لە لایەن دووژمنانی ئەسسەعدیەوەپێکهاتبوو، سەعدیلەکەمایەتیدا داندرا... ئینجا لـــە فروکەیەک داناردیان بۆ وولاتی ئیسپانی!

۴۸ سەعات بەشوێنی ئەوەدا، هەوادارانی سەعدی لەشەقامەکانی بە غداوا، لەکاتێک کە فڕۆ کەکانی عەراقی هێرشیان بردە سەرکاخی کۆماریو، وەزیری بەرگری عەراق، خوییان نیشان‌دا! بەووتەی رادیو بەغدا پیاوانی "ئـرشادیمللی" بەعس لە ۱۴نوامبردا گەیشتەبەغدا،وە بریتیلە میشیل عەفلەق، پیشوای بەعسیێکان، وەزیرنیێرال ئەمین ئەل حافز، سەرکۆماریسوورییە، وەزیرنیرال سالح جەدید، سەرۆکی ستادی هێزی سوورییەبوون ئینجا هەولیان دا کە نێوان ناکۆکی دووبالّی بەعسیێکانی عەراق لەنێوبەرن، وەبارودوخـی حیزب لەیەکخەتو،ڕێبازدا، دابنێن ــ وەتاهەلبژاردنی "ناوچەئی" نوێی لەونێوان ناخوشی دەست هەڵ گرن. ئەوکەڕەتە تالب شەبیب بۆ ولاتی لیبی دووڕخراوە،

وەهێندێ لە لایەن گرەکانی هیودار بوون کە لە بەینی دووجناحەکەدا بەرامبەری پێکبێت ! ۳۰

سەرئەنجام عەفلەقو، ئەمین ئەل حافز، بەشەڕوناخۆشی بەعسێکان دووائیان پێدا، وەپێ بیانگوتن کە بۆگەیشتن بەقودرەت نابێ تالۆ کەو، پەلەبکرێ لە ۱۸ی نوامبری ۱۹۶۳ رادیوی بەغدا بەرنامەی خۆی لەکاتی ۶/۴۰ دەدقیقەوە، ڕاوەستاندو، ڕایگەیاند کە "مارشال عارف قودرەتی بەدەستەوەگرت" وەئەوقودرەتە بۆماوەی سالێک کەتەواوی قودرەتی نیزامی وولات بەدەستەوە دەگرێت شامل دەبێ. ۳۱

بەشوێنی ئەوەدا گەورەکانی بەعسی سوریيەلەروژی ۱۸ی دا، ـ گیران وەتاعارف بەسەر وولاتدا زالنەبوو، ئازادانەکران. پاش دەمانگ قودرەت، پارتی بەعس نەختێک پووچاوە، وە حیزب "ئەهەوەن و متعادلبوو".

ئینجا ژینیرال تاهریحیا بوو بەسەرۆک وەزیر وەژینیرال هەردان تەکریتی بووبە وەزیری بەرگری، ۸ ئەندامی کۆنی کابینە هەروا لە حکومەتی تازەدامانەوە، دووژمنەکانی بەعس لەنەپێنیدا دوور دەخرانەوە ـ کاری کوردەکانش بەبێ ئەوەی کەڕێکوپێک بکرێ هەرواماوە

ڕۆژنامەکانی ئێران هاواریان لێبڵند بوو وەگوێتان کە "کوردەکانی عەراق هێرشێکی گەورەیان" دەست پێکردوە، وەلەناوچەی موسڵو، خانەقین داپاش ئەوەی کەبەعسێکان دووژمنایەتیان لەنێو خوی دالێ پەیدا بووە هەروەها درێژەی هەیە، بەڵام ساردیو، سەرماشەڕەکەی ڕاوەستاندو) وەحکومەتی تازەی عارف "کوردەکانی بانگە وازکردوە" ۲۸ نوامبری ۱۹۶۳ ۳۲

فەسلی ۹

دووهەمین ئاهەنگ (فیوریيەی ۱۹۶۴ ــ ئاوریلی ۱۹۶۵)
ئالۆزی (بوحرانی ۱۹۶۴)

۱ ــ وەستاندنی تەقەلە ۱۰ی فیوریيەی ۱۹۶۴
بەنیوی خودای مەزن، بەڕوحم .
"برایانی ئێمە

قسەی راستەقینەی خودای گەورەجیهان کەلە قورئانی مەجیددا فەرموویەتی ئەوەیە: "ئەی عەبدینە ئیۆە بڕاواتان بەوەی دەبێ هەبێ! کە مڕۆڤیکی ڕوحم و حەوسەلەی‌هەبێ، وەبیینەوێ لە سوڵح وئاشتی‌و، هێمنی دابژین، بڕۆیستە هیوا دار بەروحمی خودای بن جائە گەرهەڵوێسیان بەوجورەبوو بولای هێمنی وخۆشی دەڕۆن وەوەک برایان پیکەوە دەژین." خودا گەورەیە"

وەهەروەها لەلایەن بارزانی‌وە لە ۱۰ی‌فیوریيەی ۱۹۶۴دا هەواڵ دەرکەوت کە"برا" کوردەکان" وەستاندنی تەقەزۆرزوو بەڕێۆەبەرن، وەئێمە لەگەل مارشال عارف ئەوە، بەرەو، پێکگەیشتن دەچین. ۱

ئەگەر ئەو بانگەوازە بۆگەڕانەوەی سولحو، بۆاشتی بۆ کوردستان حەقیقەتی هەبێ، بەڕاستی کورد پێشوازی لێدەکات، بەلام مەسەلەکە هێستا ئالۆزە وەچارە نووسەکە زۆر ئاشکرائیە وە تەنیا بارزانی گوتویەتی کە حوڕمەتی تەقفە وەستاندن ڕابگرن وە "براکوژی نەکەن" وەحکومەت هەروەهاڕاو، تەدبیری ئەوەیە کە"ژیانێکی عادی بگەڕێتەوە کوردستان، وەهێمنی لەوولاتدا دامەزرێتەوە، ئینجا کورد لەمافەکەی خۆی لە چووارچیۆەی عەراق دا بەشداردەبێت."

دەبیندرێ کە ووشەی "خودموختاری" بەکار نەهێندرابوو! وەبە ووشەی "کوردستان"! پەلێنی نەدرابوو، وەهێستا مەسەلەی "مافی نەتەوایەتی کورد" زۆرباش ڕوون نەبۆوە وەبارزانی تەنیا قامکی لەسەر "هێمنی لەناوچەکەدا" دانابوو،وە سەرئەنجام دەیگوت: "خودا بۆ خۆی بەشوێنی ڕاوتەدبیـــــری ئیمەدایە!" هەرلەو ڕۆژە داعارف لەسەرمەسەلەی تەقفە وەستاندن ووتاریکی زۆری گوتبوو، ولەسەرهەلویستەکە ڕۆیشتبوو و (رای‌گەیاندبوو:

ە ناسینی مافی ڕەوای‌برا کوردەکان... پێویستە لە یاسای مەجلسی‌کاتی‌دا بنوسرێ.

ــ ئازادی تەواوی ئەو کەسانەی کە لەبەنددان، لەسەر ڕاگەیاندنی فەرمانی لێخۆش بوونی گشتی،

ــ گەڕانەوەی تەواوی کار بەدەستەکانی ئیداری بۆسەرکاروباری خۆیان.

ــ هەڵ گرتنی باری سەرئەستوی تاجرەکان لەبابەت مەسەلـــــەی خووارد‌نەمەنی، وولات

ــ دروست کردنەوەو، ئاوەدان کردنی شمال زۆر بەتەڕدەستی

ــ دانی زەرەرو، زیان بەخاوەن شتمەکەکانێ کی کە لەبەندەردا ماونەوە،

ــ گەڕانەوەی هێمن بۆ وڵات

ئینجا هاتو، چۆیەکی کە لە بەینی‌بارزانی‌و، عارف دابوو، کەس‌نەی دەزانی بەچەشنێکە، لەراستەقینە دا ڕاوتەدبیری بارزانی لەوکاتە بۆحرانیوو گیژە لۆکەیەداوە هەروەها بە دڕێژائی ڕاپەرینی، نەتەوەکەدا بۆ کورد، وە ڕۆژەتاڵەکانیکی کەلەوماوەیەدا ڕای بووارد بوو نرخوبایخ دابندرێ پیویست بوو واز کات لە بەرچاو بی تا نەبیتە هوی ئەوە. هوانەبێ تانەبێتە هوی کەمافەکە لەنێوبچێ، وەپێکهاتنی ناوخۆ لەبەین‌دابێ.

ئەوەی کە لەو ڕووداوەیەدا دائاشکرابووە، لەپاش گەڕانەوەی بارزانی لەسالی ۱۹۵۸ بۆعەراق، حیزبی دیموکراتی کوردستان وەمەلامستەفا نەیان تووانی کارەساتیکی ئەوتۆ بەڕێوەبەرن کەهەواڵیکی ڕێکوپێک بدەنـــــە دەرێ... پاش شکانی‌ووتو، وێژلەگەل قاسم، کەسەرئەنجام هاتو، چۆیەکە بەناکۆکی‌گەیشتبوو، هەواڵ دەرەکانو، ڕۆژنامە نووسەکان کەهەواڵیان لە کوردستانەوە بۆدەرێ دەنارد بێگومان لەســـــالی ۱۹۶۳ ــ ۱۹۶۲ دا

واوە دەردەکەوتۆ کە "بۆحران گەیشتبۆ جێیەکی عاستەم و ناسک" واتە دەهات لەنێوان پارتیدیموکراتو، بارزانی هەڵو، مەرجێکی خراپ بەهەستبێت. بارزانی، پارتی تاوان باردەکرد کەنایەوێ لەگەل حکومەتی بەغدایە پێکبێت.

پاش فەرمانی تەققەوەستاندن لە ۱۰ی فیوریەی ۱۹۶۴ دا ئەو ووتەی بارزانی کە لە پێشدا گوتبووی، بەجۆرێک ئالوزیو، ناکۆکی لەنێو کوردەکان دا هەستی هەبوو کە تائەوڕادەیەی گەیشتبوو کەنزیک بوو شەڕی ناوخۆی کوردەکان بقەومێ.

۲ ــ مەبەستەکانی بارزانی (مەنتقی بارزانی)

لەبەرچاوی بارزانی مانای تەواو بوونی کاری کوردەکان ئەوە بوو کە سەبارەت بەتەققەوەستاندن، کاروکردەوەی کوردستان بەجێیەک دەگات.

بارزانی لەووتارێک دا ڕای گەیاند، وە ئەو مەتەلەی لەسەرەتاوەگوت: کا برایەکیان گرتبوو، لەدارێکیان بەست، لەوکاتە دالێیان پرسی، ئەری پیاوە کە چیت پێخوشەو، دڵتچی دەوێو، ئاواتو، مەبەستچیە؟ گرتۆ کەوەڵامی داوە کە: "تکام ئەوەیە لەو دارەم بکەنەوە، وەلەدارەکەی دیکە کە ۳۰ هەنگاوی بەینە بمبەستنەوە" جالەوقسەیەی کە ئەو گرتویە گوتی، کێشک چێگان سەریان لێ سووڕماو، نەختێک ڕامان، وەلە بەرخۆیانەوەگوتیان دەبێ ئەوە چەلوێستو، مەبەستکی تێدابێ وەقازانجی ئەو ئالو، گورگ دەبێ چبێ؟ لێیان پرسی کا برا مەبەستت لەوکارەچیە؟ ۵

وەڵامی داوە کە ئەوکاتەش بۆخویی دەرفەتێکە کە ۳۰ هەنگاو ڕێدەڕۆم و باوی لاقم دەکرێتەوە.

بارزانی بەووتارەکەی درێژە پێداوگوتی: بەراستی جائەو گرتویە گەلی کوردە ۳۰ هەنگاو، بۆخۆی دەرفەتێکو، هەلکەوتێکە، وەئێستا کە هێمنێکو، ئاشتێک بۆئێمەو، بە غدایە هاتۆتە پێشێ، پێویستەکەلکی لێوەرگیرێ.

لەڕووانگەی میژوونووسرو، و، میژوونا سیکی کوردبەنیوی عسمەت شەریف وانیلی ئاواچاوەڕووانی کردوە، ژینیرال بارزانی دەبێ بەچەشنی گەوهەرتراشێک ئەوەی ڕەچاوکات وەڵێ "هیزی ئێمە لەسەرسەرەوەی نەتەوەی کورد بەحسیبدێو،

هەستی‌هەیە، بەلام پاش دووسال شەڕ پێویستە ئەوکەڕەت نەتەوەکەمان لەسەرەوەی هێزە کە قەراربگرێ!"

دوونەقلو، دووشکل کە بارزانی ڕاوتە دبیری لەسەربوو: پاش دووسال شەڕ بەتایبەتی پاش زەرەرو، زیانی هەوەلین شەری کوردەکان لەگەل بەعسیکان خەلکی کورد هیچ تووانائی‌و، قودرەتیکی وەدەست نەکەوت.... ڕۆژنامە نووسێک کە بە دووای چەندمانگ تەققەوەستاندن چۆتەکوردستان ئەوادەگێڕێتەوە تەنانەت لەکاتی تەقەوەستان دا واتە لە فیوریەی ۱۹۶۴وە: "تەواوی دێیەکان‌و، ڕێگا باشەکان کە بۆشاری سولەیمانی دەچێ بەبومبی ناپالم، سوتاندراوەو لەنێوچوون.

ئینجا خەڵکێکی کە لەئاوایەکان مابوونە، لە کۆخەکانێکی کە لەداروچرپی‌و گەلای‌دار دروست کرابوون دەژیان. لەنێوان ۵ مانگدا ۳۰۰۰ ئاوەدانی‌لە ناوچەی کوردستان دا لە بەین‌چوو، وەسەدان خەڵکی دێیەکان هەلوەداو، ئاوارە ببون..." ۷

سەرئەنجام وائاشکرابوو کە: ماندووببوون، پێتەفاوەت، دەگونجێ بلین باوەڕیان نەمابوو:

دووهەم تەققەوەستاندن لەگەل عارف، وادیارە بەو نەتیجەیەدەکات کە بارزانی ڕاوتەدبیری ئەوەیە کە پەلامارێکی بۆسەپارتی دیموکرات وە بۆسەر ئەوکەسانەی کەدەرووبەری‌ویان گرتووە بەرێ، لەراستەقینەدا دەگوتری کە هەلوێستی عارف لەگەڵراو، تەدبیری بارزانی یەکتریان گرتۆتەوە وەک کە عارف حیزبی تاوان‌بار کردبووکە: "ئەندامانی حیزب، کەدەروووبەری بارزانیان گرتووە، یریتین لە سیخورو، خەبەرچین‌و، پیاوە ئمپریالیستەکان... جابەراستی بارزانی‌ش وەک ئێمە دەیەوێ کە پارتی دیموکرات لەنێوبەرێ!" ۸

۳ــ جیاوازی لەبەینی‌پارتی‌دێموکرات وبارزانی

باش زەربەی کوودتای نوامبری ۱۹۶۳ کە حکومەتی عەراق بەراستی لەڕۆ، لاوازو، بێهێز ببوو، پارتی دیموکرات پێ‌ڵەسەر دریژە پیدانی شەڕ دەچەقاند،

تاکـو دەولەتی ڕازی بکات کە لەسەر میزی ووتـو، وێژدانیشینێ، وە هەروەها لەومەسەلەش دڕدونگ ببوو کە بەبێ ئەوەی مەسەلەی (ئوتونومی) یـان "لامەرکەزی) حەل کرابێ، بۆچ دەبێ بارزانی بەتەقە وەستاندن رازی بووبێت. حیزب پێوابوو کە لەبەینی بارزانی ـ عارفدا لەووتـو، وێڕێکی نەهێنی" دادەبێ پێکهاتنیک بەدی هاتبێت.

جەلال تالەبانی لە ۲۲ی فیوریيەی ۱۹۶۴ لە کونفراسی ڕۆژنامە نووسەکان کە لەشاری ڕانیەدا بەڕێوەی‌بردبوو وەهاوبەشی‌تێدا کردبوو، وای‌گێڕاوە کە بارزانی باسی ئەوەی نەکردوە کەچەشنە پێک هاتنێک لەگۆڕێ دابێ. بەلام هەوال بەری رویتر ڕای‌گەیاند کە لە ۳ی مارسی ۱۹۶۴ دا بارزانی گوتویەتی کە پێک گەیشتنێک بەڕێوە بردراوە! ۹

وادیار بوو کە پ.د.ک لەسەرمەسەلەی هێزی کوردستان لەگەل بارزانی پێکنەگەیشتبوون.

لەتێلێ گرامێک کە لە ڕۆژی ۲ی‌مارسی ۱۹۶۴ داکرابوو، بارزانی لەسەر مەسەلەی هێزی نیزامی بەراشکاوێوە کە زیاترمەبەستی بڕینی ووتـو، ویژە کە ببوو، پێ چەقاندبوو، وەگوت بووی کە:

"کاتێک هێزی حکومەت بییەوێ کە دووبارە بێتەوە ئەومەلبەندانەی کە لەژێرچاوەدیری حیزبە، ئتر ئێمە هیچ چەشنە یارمەتیک ناکەین، وەتەنانەت وای لێ دێ کە بکێشیتەشەری‌بەینی ئێوەو، ئێمە، بەکورتی ئامادەی‌ئەوەببـــــ لەگەل پ.د.ک بەشەری. ۱۰

پاشگە یشتنی ئەوتیلی گرامە کە بەراستی هەڕشەو، گووڕشەی تێدا بوو، ۶ ئەندامی پۆلیت بورو (ئەندامانی دەفتەری رامیاری ـ وەرگیر) وەکمیتەی ناوەندی لەگەل بارزانی لەشاری قەڵادزە، چاوپێ کەوتنێکیان بەهەست هێناوە ووتـو، وێژیکیان کرد. لەمارسی ۱۹۶۴

ژینیرال بارزانی هەمیشە(هەڕەشە)ی لەحیزبی دیموکراتی کوردستان دەکرد وەدەی گوت کە پێویستە لە"سەروک" فەرمان بەرن، چونکە بەراستی (کوردی‌ناساندوە" وە مـرۆڤی سەرۆکی هیزی کوردستانە، وەنابێ "سەرکردەکانی پارتـو، ڕابەرەکانیان" قازانجی خەلک لەپێناوی قازانجی خۆیان بنێن!

لەئاخری مانگی مارس دا پاش کـۆونەوەیەکی نیزامی (کنفرانس) ی

سەروکەنیزامیکانی کورد، بارزانی، عومەرمستەفا وەعەلیعەسکەری لەسەرکار لابرد، بەجێی ئەوان سەرهەنگ ئەکراوی، وەنووری مەعروفیدانا. ۱۱

۴ ـ کنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان (۹ ـ ۴ ئاوریلی ۱۹۶۴)

پاش ناکامی و شکانیووتو، وێژ لەگەل بارزانی، سەروکەکانی پارت ڕاو، تەدبیریان هێنا سەرئەوەی کەبارزانی دەیەوێ کە "حسیبی خۆی لەگەل ڕاپەرینی کورد، جودابکاتەوە" جابۆ پێ ڕاگەیشتن بەومەسەلەیە لە شاری ماوەت، لە ئەندامانی دەفتەری ڕامیاری، ئەندامانی کمیتەی ناوەندی، وە هێندێ لە ئورگانەکانی دیکەی کورد وەسەرانی نیزامی حیزب، کنگرەیەک پێکهات، تالە بارەی تەسمیمی بارزانی، وەتەقە ڕاوەستان ڕاوتەدبیربکەن، ئینجا پ.د.ک لە ۱۶ لاپەران دا کە بەچەشنی بەیاننامەیەکی دوورو، درێژ بە زمانی عەرەبیبوو وە بەنێوی بەیانییەی (پێک هاتنی عارف ـ بارزانی ڕێبازیکی راستەقینەی ئاشتی خووازانەیە) یانپەیمانیکی کاپیتولاسیون ؟" لە۱۹ی ئاوریلی ۱۹۶۴ دابۆ خەلکی بلاو کردەوە. سەرئەنجام لەو بەیاننامەدا بارزانی بەوانە ڕاوان بارکرابوو:

ـ ئەوتەقەوەستانە هیچ کەڵکو، قازانجێکی بۆ کوردەکان تێدانیە، چوونکە هیچباسی داخووازەکانی کوردەکانی نەکردوە.

ـ ئەوتەقەوە ستاندنە بەقازانجو، سوودی حکومەتە.

ـ بەگەڕانەوەی هێزی نیزامی بۆ کوردستان وە دانانی ئیدارەکان لە ناوچەکەدا بێ شک و گومان دەست دەکەن بەگرتنو، لەبەندیخانەکردنی، پارتێکانو، ئەفسەرەکانی

ـ بێگومانئەو تەقەڕاوەستانە مانای تەواو بوونی شۆڕش لە کوردستان دایە واوەدەردە کەوێ کە بەو کارەی بارزانی کە زۆرکارێکی پڕلەمەترسیە، ڕاپەرینیکورد بۆلای نابوودی دەکێشێ" جامە بەستبە مەیەکە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی خۆی لەسەر ڕێبازی راستەقینەی خۆی دژی کردەوەکەی ڕامیاری بارزانی، کەمەترسیکی گەورەیە دریژەپێدەدا، وە هیوادارە کەلە

ئاکاما سەرکەوێ وە بارزانی‌ش بۆسەر ڕێبازی خوێی بگەڕێتەوە. ١٢

پاش کنفرانسی ماوەت، پارت بەپێویستی‌زانی کۆڕێک بنێرێتەلای بارزانی وەنەتیجەی کاری خۆی پێ‌رابگەێنی. بارزانی وەلامی نارد کە کاری کنفرانسی ماوەت بێ قانوونیە، چوونکە سەرکردەی پارتی لەوێ داحازرنەبووە! وەپێشنیاری کرد کە کنفرانسێکی دیکە لەشاری قەلا دزێ بەماوەی مانگێک بگیرێ...

بەلام دەفتری‌سیاسی پارتی‌دیموکرات ئەو کۆ بوونەوەی ڕەد کردەوە وەڕای گەیاند کە کوبوونەوەیەکی کە لـەژێر سایەی چەکدارەکانی بارزانی پێک‌بێت ناتووانی کەلکی لێ‌وەرگیرێ. ١٣

لەهەوەڵی مانگی ژوئن دا کۆبوونەوەیەکی پ.د.ک لەئەندامانی ڕامیاری وەک برایم ئەحمەد، وەعەلی‌عەبدوول‌لا، وەئەندامانی دەفتەری رامیاری،وە عەزیر شەمزینی (نەوەی سناتور عەبدوول‌قادر) نایبی ئەندامی دەفتەری سیاسی بەنیوی ئەندامانی ڕێک‌خەر بۆ چاوپی کەوتنی بارزانی چوونەشاری قەلا دزی.

٥ ـ گوفت‌و،گۆی بارزانی لەگەل تاهریحیا (لەسەرەتای ژوئن‌ی ١٩٦٤دا)

سەرئەنجام بارزانی چاوەڕووانی وەی دەکرد کە چاوپێ کەوتنێکی لەگەل تاهریحیا سەرۆک وەزیری عەراق بکا. ئینجا لەو چاوپێکەوتنەدا ئەومەترسیە هەبوو کە بارزانی تائەو ڕادەیە بڕوا کە بڵێ: "من خاکی عەراق بەجێ‌دێڵم، وەلەوەپترناتووانم" ١٤

بەراستی پاشەڕۆژی‌تالی بارزانی هەر لەلایەکێوە نەبوو، وەلەوئاخریانە دادەهات هەڵ پەسێردرێ‌و، تەنیا بمێ‌نێتەوە، هەل‌پەساردن‌و، دووژمنایەتی لەگەل کوردی ئیران و تورک‌ش لەلایەکی دیکەوە بۆ وی بەرهەلستیکی گەورەبوو.

١ـ "ژی‌نیرال دوگول گویی خوی لەبانگە وازەکان کەر کردبوو، ئینگلیس وئەمریکاش مەبەست بەقازانجی نەفتی‌خۆیان ئاگاداریان لەعەراق دەکرد، تەنانەت دەولەتی شورەوی‌ش لەو بابەتەوە وازی لی‌هێنابوو!

لەنێوخۆی‌دا، بارزانی لەگەل سەروکەکانی پ.د.د نیوان ناخوشی لێ‌وەدەرکەوتبوو: سەرئەنجام عەلی‌عەبدوول‌لا، ئبرایم ئەحمەد، وەجەلال سەروک کوماری وەختی‌فەرانسەم.ر

تالەبانی خۆیان بۆ چاوپی کەوتن لەگەل تاهریحیا ئامادە دەکرد، بەلام مەلامستەفا، نەیدەویست جگە لە جەلالتالەبانی کەسی بوووچاوپیکە وتنە لەگەلبێ، تەنانەت بۆیش رازی نەبووو، زۆر بەلاساریۆە ئەوی دەسەلماند.[۱۵].

جالە وەختە ناسکەدا ۲۰ دەزگا جیپ حازر کرابوو، وەبارزانی لەگەل شێخ لەتیف، سالح یۆوسفی، عەزیر عەقراوی، وەهێندێ لە گەورەدەرە بەگە عەشیرەتەکان سازبووونو، چوون بۆ لای ناوچەی خالەکان کەنزیک بەڕانیەبوو، کە هردوک لا بەیەکەوەبگەن.

چاوپێ کەوتن بەجێهات، پاشئەوەی کەبارزانی کاتێک لەسەرقەستو، مەبەستی حکومەت ڕۆیشتو، گوتی: "ئێستا کە مرۆڤەکان لەکاتیحازر دا لەگەل سەروکەکانی کورد لەووتو، ویژدان کە نوێنەرانی نەتەوەکەن بەڕاستی لێرە دابەتەواوی دیاری کراکە حیزب هەل پەسێردراوە.

بەلام زور زووکات کەوتەمەترسی وکاتیناسکەوە، دەنگ بڵندبوو، وەنیوان ناخۆشی پەییدا بوو: جگە لە دوکتور فیلوجی کەمدیری کاروباری وەزارەتی دەرەوەی عەراق وەچاپەمەنی بوو، ئەوانیدی هەموویان کەنیزامیبوون پێیان خوشبوو کەکارە کە سەرنەگرێ وەشەڕ لە کوردستان دا هەڵگیرسێتەوە، وە بەپێچەوانەی ئەوان دوکتور هەلویستی ئەوە بوو کەمەسەلە کە لەڕێگای رامیاریوە جی بەجیبیت!

لەئاکام دا پارتی دیموکراتیی کوردستان بەو نەتیجەیەگەیشت کە لەسەر ئەسلیمەسەلە باس بکرێ وەدەریبڕێ کە پێویستە چەشنی ئوتونومی ئیداری لە کوردستاندا وەدیبێ.

بەلام تاهریحیا لەو پێشنیارە تووڕە بووگوتی: "ئەو داوایە بەمانای جوێ کردنەوەی ناوچەی شمالی عەراقە، لەوولاتی عەراق!" [۱۶]

ئینجا سەروک وەزیر داوای ئەوەشی کرد کە پێویستە حیزب دیموکرات، وە حیزبەکانیدیکە هەموبڕووخێن، وەهەروەها ژێنیرالهانی خەمماس سەروکی دووەمی دەفتەری ناوەندی حیزبی بەعس ڕایگەیاند کەپێویستە تـــەواوی ئەفسەرە کۆمونیستەکان، وە ڕووناک بیرانێکی کەکاتی تێکشکانی شۆڕشی قاسم هەلاتووونو، پاڵیان وەکوردەکان داوە، بمانەنەوە!

حیزبی دیموکرات وەلامی داوە، ئەوکارە وەختێک دەکرێ کە فەرمانی

لێ بووردنێکی گشتی لەلایەن دەولەتەوە لەسەرتاسەری وولات بڵاوبێتەوە، وەبەڕێوە ببردرێ، دەنا ئەوکارەوا بەتالووکەو، لاپلەسەنی نابێ!

بەشوێنی ئەوقسەدا سەروک وەزیر دژی ئەومەسەلەیەش دەنگی خۆیی دەربڕیو، ڕایگەیاند کە ئێمە لەماوەی سی سال‌دا لە هەلبژاردنێک دا کە دانشتگەی پاسای نەتەوایەتی بەڕێوە دەبردرێ، قسەی لێ دەکەین!

سەرئەنجام پاش ئەو هەموو گفتوگوێە کە لە ڕانیە کرا، بەبێ ئەوەی کەنەتیجەیەکی الێوەر گیرێ وە ڕایەکتر بسەلمێنن، کۆبوونەوەیە کە پاش شەودرەنگێک، بلاوەی کرد دوو کۆڕە کە هەر کامیان ڕێێ خویان داگرتو، لەیەکتر جودا بوونەوە.

"دوکتور فیلوجی مودیری وەزارەتی دەرەوەی عەراق لەسەر دەمی ئاخری ووتو، ویژەکادا گوتی کەبەراستی کوردەکان داوای مافی گشتی نەتەوایەتی دەکەن، وەئەو مەسەلەیەش لەبەر چاووی حکومەت زۆرگرنگە، وە ئێمەی لەمەترسی هاویشتووە.

۶ــ برانی هاتو، چولەگەل پارتی دیموکراتی کوردستان

جەنگەی ئەوەبوو کە دەهات هاتو، چۆی کوردەکان لەگەل حکومەت ببڕدرێ، بارزانی‌ش هەر بەو بۆ نەیەوە وەک کە لەپێش دا هەرشەی کردبوو لەگەل پارتی دیموکرات نێوان‌ناخوشی لێ پەیدا بوو، وەهات و چۆی‌بڕی.

حیزب بەوەی رازی ببوو کە کۆبوونەوەیەک لەبارەی پێک هاتنەوە کەی‌دا بەڕێوە ببردرێت، لە ۲۵ی مانگی ژوئینی‌دا ڕاوتەدبیرهاتە سەرەوەی کە کۆبوونەوەیەک بەبێ ئەوەی کە لایەنگری لەهیچ‌کامیان بکات، بەڕێوە ببردرێ، بەلام ئێستا کەش نەزاندرا کەلەو کاتەدا کەدەهات ئەوکوبونەوەیە پێکبێت، بۆچی بارزانی عەلی‌عەبدوول‌لاوەعەزیزشەمزینی گرتو، تەنیا برایم ئەحمەد تووانی‌لەو کونگرەیەدا بەشداربێت.[18]

لەهەوڵی مانگی ژوئیەی ۱۹۶۴ دا بارزانی لەگەل ۹۰۰ مرۆڤ نوینەر لەشاری ڕانیەدا لە (شەششمین کونگرە) هاوبەشی کرد، بەلام ئەندامانی سەرۆکی ڕامیاری ناوە رووکەی حیزب لەکۆنگرەکە دا هاوبەشی‌یان نەبوو. وەدەنگ

وباس وابوو کە بارزانی چەشنە "کودتا" یەکی لەنێو کوردەکاندا بەڕێوە بردووە.

ئینجا بەو جورە ۱۴ ئەندامی کمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەی ڕانیە بەبیانووی "چێوتی لەکار هاوشتنو، خووار ڕۆیشتن" لەپارت دوورخرانەوە، وەبۆ بەڕێوە بردنی ڕامیاریکی تازە ۵ ئەندامی دیکە کە یەکیان بەنیوی حەبیب کەریم سی کریتری گشتی، وە ئەوی دیکە بەنیوی دوکتور عوسمان بوو هەل بژاردران.

دەفتەری سیاسی حیزب کە لەلایەن ئیبرایم ئەحمەدەوەئیدارە دەکرا، دەریبڕی کە بارزانی "هەروەها لایەنگری لە دەرەبەگەکان دەکا، وەخۆی بە سەروک عەشیرەت دەناسێ) وە ڕادیو کەشی نیۆی "کوردەکانی پیش مەرگەیە" بەو هەلستانە نیۆان ناوخۆشیو، هاتو،چۆ لەنێو حیزب و بارزانی زیاتر بوو.

هەواڵێکی هێزی نیزامی ڕای گەیاندبوو، کە هیزی ئیبرایم ئەحمەد، وەجەلال تالە بانیگومان،وایە کەلە۱۰۰۰ پیاو پیشمەرگە پترنەبن[۲۰]، لەکاتێکدا، ۱۵۰۰۰ تا ۲۰۰۰۰ پیشمەرگە لایەنگری خۆیان لەبارزانی دەربڕیوە

لەنێوە راستی مانگی ژوییەی ۱۹۶۴ دا هێزی گەورەی ژیرال بارزانی بەسەروکایەتی کورەکەی خۆی عوبەیدیللا،هێرشی بردە "ناوەندی ماوەتی"، حیزبوە لە ڕۆژی ۱۷ی ژوییەدا کە کونگرەی پارت کۆبوونەوەیەکی هەبوو، بەرەنگاریەکتربوون، وەسەرئەنجام لەو بەرنگاریەدا پیاویک کوژراو،چەند کە سێکش بریندار بوون.[۲۱]

۷ــ برایم ئەحمەد لەئێران:

سەروکەکانو، ئەندامانی دەفتەری ڕامیاری پارتی دیموکراتیکوردستان عەراق،وەک برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەریو، حلمیشەریف، بو ئەوەی کە لە شەڕی بەینی کوردەکان دا خۆبپاریزن وەیان پێیان وابوو، کە لەئاکام دا لەخەبات خۆ بکێشنەوە،پەنایان بۆ ئیرانهێنا.

دووئەندامی دیکە یانیعەلیعەبدوللاوە ع"زیز شەمزینی، لەلایەن مەلامستەفاوە لەبەندکرا بوون، وەنوری شاوەیس لە ئنگلیس دیترا.

جەلالتالەبانی لەوەی خاترجەم ببوو کەلەلایەنئێرانەوە، تووشی گێچە-

لێکنابێ.

ساواک هەروەها بەنیگەرانیێوە چاوەدێری لەوکوردانە دەکرد کە لە سنووروەوە، ڕەخنەنەکەن وە هەروەها ئاگادارێکی تەواوی لەپەنابەرەکان دەکرد، وەهەولیدەدا کە "کۆمونستەکان" تێیاندا ڕەخنەنەکەن. "ئەوهاتنە بوئیران ئەوەندەی نرخو، ئەرج هەبوو کە ئێران لەو بابەتەوە دژی عەراقو، مسرئەوکوردانە بلاوێنێتەوەو، دەستیان بەسەر سەری دابکێشێ." ۲۲

ئینجا هەرچێک بیجەلال تالەبانی هاتەتارانێ ولەبارەی هاوڕێیەکان و، بەسەرهاتی، وان لەگەل سەرۆکەکان گفتوگوێی کرد.

کوردەکانێکی کەلەگەل جەلال تالەبانی بوون لەهەمەدان دامەزرا بوون، بارزانی دژیهاتنی ئەوکوردانە دەنگی خۆیی دەربڕی، وەهێزیئێران لەگیانی کوردەکان ئاگاداریدەکرد.

سەرۆکەکانو، ئەندامانی دەفتەری ڕامیاری کوردەکان تاکاتی دووبارەی شەڕ لەناوچەی کوردستانی عەراقدا هەر لەئیران مابوونەوە، واتە تا سالی ۱۹۶۵ وەپاشان هاتنەوە ئەوناوچەیەی کە لەژێرچاوەدێری بارزانی دابوو.

ئینجا جەلال تالەبانی، عومەرمستەفا، عەلیعەسکەری وحلمیشەریف بۆجێگای خۆیان چوونەوە، جێگیر بوونەوە. ۲۳

۸ ــ سەرئەنجامی بۆحرانی سالی ۱۹۶۴

بڕینی هاتو، چۆنی سیاسی لەنێوان حیزبی دیموکرات، وەبارزانی، وەهاتنی پارتیکان بۆئیران زەرەرو، زیانێگی گەورەی بۆ ڕاپەرینە کەبوو.

بەراستی گەنجو، ڕووناک بیرەکانی، دەستەی برایم ئەحمەد، جەلال تالە بانی، زورباشی یەکتریانگرتبووە، و، لەیەکتر کۆببوونەوە، پاشئەو بۆحرانەو، نێوان ناخۆشیە وەپاش "ڕەچاوو کردنی سیاسەتی ناوغار"[۲۴] یانی لە نهێنیدا خەبات کردن، لەحەقیقەتدا بارزانی تەنیا مابوو، وەتەنیا لایەن گرەکانی وەفادار بەوی، دەوروبەریانگرت بوو، کەئەوانیش، کاردانیو، ئەرجی ئەوتۆیان نەبوو: پاش سالی ۱۹۶۴ لە پ.د.ک دا مروفیکیوا کەئەئیولوگ بێ، وەکارو، باری حیزب بەریوە بەری وەیان بیرورای ئوتونومی، یان فکری

سەربەخۆئی لە کوردستان داهەبێ، نەبوو.

کاتی سالی ۱۹۷۰ بەتایبەتی سالی ۱۹۷۴ ڕووناک بیرەکانی کورد کەلە کەنار شۆڕشی بارزانی کۆ ببوونەوەو، جەمبورەیان بەست بوو، بارزانی یان نەیدەویست کە لەفکری ئەوان کـەلک وقازانج وەرگرێ، وەیان لەبەر تەنگ نەزەرێو، بەدگومانیخۆیەوە بەئانقەست ئەوکارەی نەدەکردوە سەری بەسەر قاپێلکی خۆی داگرتبوو.

ئینجا برایم ئەحمەد وەجەلال تالەبانی دەیانەویست کە شۆڕشی کورد، لە "کانگایەکی هاوکاری ڕاستەقینە." بەشداربێ، بەلام وەک کەگوترا لەپاش سالی ۱۹۶۴، بارزانی تەنیامابۆوە، بارزانی هیچکاتێک سەروکێکی دیکتاتوربە ژمارنەدەهات، بەلام دەسالپاش، واتە لەسالەکانی تاڵیوناخوشیدا سالیتالی ۱۹۷۳ – ۱۹۷۵ وە،کەس ڕاو،تەدبیری لەخۆوە نەبوو، تەنیا سێ کەس هەموو شتێکیان لەنەێنیدا بەرێوەدەبرد کەبریتیبوون لە: ژینرال بارزانی، ئیدریس وەمەسعود.

کەسێک نەی دەوێرا لەبەرانبەر بارزانی دا ووستەی لێبێ، تەنانەت لەکاتیتێکچوونی ڕاپەرینەکەشیدا مـرۆڤێک نەی تووانی دەنگی لـــــــە بەرەوەبێوەیا سەربلند بکات.

دەگونجێ کە بگوترێ کە بارو، دۆخێکی کە لەسەر ئەستۆی کۆڕی برایم ئەحمەد، جەلال تالەبانیداندرابوو مەسئولبیەتیکەمبوو: بەڕاستی کولانەیەک نەبوو کەلەوێرا تیشک و ڕووناکایەکبێتە ژوورێ،یانی لەوشکانەو، ناهومێدانەی کە بارزانی هێنابوویە گۆڕێ، کوردەکان رزگاربکات. ئەوەش بەچاکی ڕوون نەبوە تەوە کەسێک بۆتەباعسی شکانیو،بڕینی ڕامیاری لەنێو پارتی دیموکراتو، بارزانی، چوون هەریەکەیەکێی تاوان باردەکات. بەلام ئەوەی کەبەچاکـــی دیاربوو، بارزانی بۆخۆئی تەواوی باری مەسەلەی کوردستانی لەڕاپەرینەکەدا لەهەوەلەوە بەکولەوە گرتبوو، کەڕەتی هەوەل کە لە هێزی عەراق شکاو، ڕووی‌لە خاکیئێران‌کرد، جا پیویست بورزانی هەتا ئاخر ئەوبارە گرانەی هەلگرێیو، بیگەینیتە مەقسەد.

سەرئەنجام سەرۆکەکانی حیزبیدیموکراتیکوردستان لەسال ۱۹۶۴ هەربـــەوەتاوانبار کران کە حیزبی کومونیستی عەراق ئەوئی شبتاهاتەی کە لە

سالی ١٩٥٩ ــ ١٩٦٠ کردی و تەنانەت بەووتەی بارزانی گوناحیان لە بەرچاوی بارزانی پترشبوو.

٩ ــ سەرسەختی بارزانی لەگەڵ بەغدا

شەشمین کۆنگرەی پارتی دیموکرات کەپێکهات ،لەبارەی بڕانیهاتو، چویپارت لەگەل بارزانی سەرۆکی قەدیمیبوو، وەهەروەها ڕووبەرووبوونی پارت لەگەل بەغدا، ولە ئەنجام را گەیاندنی یادداشتی مەسەلەی مافی نەتەوایەتی کورد بەچەشنیئوتۆنۆمیو، گەڕانەوەی کاربەدەستەکانی ئیداری ناوەندی بو خەتتی ئازادی،وەڕاو،تەدبیرلەکاتی سەلماندنی بیرەوەری ئوتونومی حکومەتبوو.

هاوکات لەگەل ئەو ئاکارانەلە کۆنگرە دا تەسمیمگیرا کەلەمەسەلەی مارکسیسم ــ لنینیسم بکۆڵنەوە ،بەلام لەبەرنامە دائیدیباسی لێ نەکرێ.

لەئاخروئوخری سالی ١٩٦٤ دا کە بارزانیو، دارودەستەکەیوە هەروەها ڕابەرەکانی دەفتەری پۆلیت بورو (دەفتەری سیاسی) تەنیا لە بیروڕای ئوتونومی دا بوونوە داواکەیانلەو مافانەیژێرەوە بریتیبوو:

تاقمی شۆڕشگێڕی "مەجلس"ی کوردستان لە ٥٠ ئەندام بریتیبن،

ــ هاوبەشیو، ئیدارەکردنی ڕاستەقینەلە "کابینەی وەزیرەکاندا"

ئینجا جەلال تالەبانیو، هاورێیەکانی لەوەتاغێکی سادەی دەفتەری دابوون، وە چاوەڕووانی کاربوبارەکەیان دەکرد. ٢٥

١٠ ــ حەوزەی کورد:

لەئاخری ١٩٦٤ داژینیرال بارزانی هێزی لەتەواوی ناوچەیکوردستاندا هەبوو ،وەئەوهێرەش تا سال ١٩٧٥ هەربەردەوام مابووە.

بارزانی لەسنووری ئێران وتورکیە، لەناوچەیخانەقین ڕا بە درێژائیو، پانائی مەلەبەندهێزی هەبوو، وەهەروەها لە ڕۆژهەڵاتەوە تازاخۆ، وە لە روژئاواوە ،لەسنووری تورکیە ــ سوریە لەلایەن هێزی بارزانی بەرگری لیدەکرا،

ئەو سەرزەمینەنـزیک بە سی‌وپنج‌هەزار کیلومتری چووار گوشدا بریتی‌بوو.

مەلەبەندە کە دووبەشبوو، یەکیان مەلبەندی بادنیان کە لەژێر چاوەدێری وهیزی ئەسەد خۆشەوی‌بوو، وەئەوی‌دی بریتی‌بوو لە کانگای هیزی بارزانـــی کەلەبەشی رۆژهەلاتدا، یانی لەقەراغ ریگەی بەناوبانگی هامیلتون‌بوو.

لەشارەکانی کوردنشین، وەک سولەیمانێ، کەرکوک، هەولێر، ئاکرا، دەهۆک، زاخۆ، هیچکامیان لـــە مەلبەندی بەرگری‌دا نەبوون، ئینجا نیوەی ژمارەی دانشتووانی کوردی عەراق کەنزیک بەیەک‌میلیون‌کەس بوون، لەژێر چاوەدێری کـــوردە ناسیونالیستەکان‌دا بوون. ۲۶

بەڕاستی لەسنووری بەینی عەراق‌و تورکیاوە هەروەها لە سنووری ئیران وعەراق دا لەسێ‌بەشان بەشێک لەبەرحوکمی بەغدایە دابوو، وە ئەوی دیکە کوردەکان بەسەری دارادەگەیشتن.

دەگونجێ بلێن کە بارزانی تا ئەو ڕادەیەی دەستی دەڕۆیشت‌و، حکومەتی دەکردکەلەسەروک‌وەزیریک‌زیاتربوو. کەبەراستی وەک پادشایەکی بێ تاج‌وتەختی کوردستان‌بوو.

بەحەقیقە تەوە کوردەکان لەسەردەمی حکومەتی ئەفسانەی بەدرخانەوە، وە لەتەواوی ڕاپەرینەکانی کورد بەدرێژائی‌میژووە، تائەو کاتو، زەمانی بارزانی کەدەستی دەڕۆیشت نەی تووانی‌بوو، دەورەیەکی ئەوتۆ دیتبێ واتە بەو جورەی لەبارو، دۆخی سیاسی‌و، جوغرافیائی‌و، . . . ستراتیژیکی‌وە کەلک‌وەرگرێ.

فەسلی ١٠

شەری عارف (ئاوریلی ١٩٦٥ ــ ژوئنی ١٩٦٦)

داگیرسانەوەی شەڕ وەدەستوری مارشال عارف دژی‌ژینیرال بارزانی، دەبێتەهۆی ئەوە کەهات‌و،چۆ لەبەینی هەردوک لایان‌دا ببڕدرێ. ئینجا تەققەوە ستاندنێک لەفیوریيەی سالی ١٩٦٤ دا بەڕێوەبردرا، بەلام نەزاندراوە چۆن بوو.

دەبێ بگوترێ کە لەپێش ئەوەی‌دا کەشەڕەکە دەستی پی بکرێتەوە،لە لایەن‌هەردووک لاوە، بەیان‌نامە، نووشتاری‌خەبەری،یادداشت وەجارجار تەققە لە یەک‌کردن ئال‌و، گۆڕەکرا. لە١١ی ئوکتوبری ١٩٦٤ دا بارزانی نووسراوەیەکی بۆ حکومەتی عەراق‌دا.

واتە لە ٢٤ ئاوریلی ١٩٦٤دا داخووازەکانی دووپاتە کردبوو بە کورتی لەبارەی دانانی یاسای مەجلسی عەراق‌وەتێدا گونجاندنی مافی‌نەتەوایەتی کوردەکان وە مەسەلەی ئوتونومی،دووابوو،وەمادەیەکی نیزامی کە لەبەینی هەردوک لادا گوترا بوو،وەبیری‌هێنا بوونەوە. هەروەها ڕای‌گەیاندبوو کە هیزی کوردەکان لەوکات‌و،وەختەدا پتر لە ٢٠٠٠٠ کەسن، پێویستە ئەوهێزە کەئێستا کە کوردستانی دەپاریزن،ببێتە هیزی‌نیزامی بەنزم‌و،تەرتیبی و لاتی کوردستان".

لە دێسامبری ١٩٦٤دا لەبەینی پێش‌مەرگەکان،وەهێزی نیزامی عەراق لەناوچەی چەمچەمال،بەرنگارێک ڕووی‌دا. هێزی عەراق دەیەویست کەبەزور ناوچەی بەندیخان‌وەخانەقین،لەژێردەستی کوردەکان بێنێتەوەدەرێ،بەلام

هیستا ، شەڕبەچاکی دەستی پێ‌نەکرابوو .

لەژانوییەی سالی ١٩٦٥ ، عەبدوول حەمید سوبحی وەزیری داخلە (ناوخۆ)ی عەراق رای‌گەیاند کەحکومەتی عەراق ، دان بەسەر مەسەلەی هیزی کـــورد ،دانانێ ، بەڵکو دەیەوێ کەچەک‌وئەسلەحەکانیشیان دابنێن ،وەهەرگز و هەرگز لەگەل کوردەکان ووت و ،وێژ دووپاتە ناکاتەوە ،ئینجا ئێمە ئاگاداری دەدێن کە عەراق نە "هەر ئێستا ، بەلکو لەداهاتوش‌دا[٢] پێ‌لەمەسەلەی ئوتونومی کوردان نانێ‌وەنای‌سەلمێنێ ، جابەوچەشنە وادیاربوو ، کەئاسوێ کوردستان تاریک‌دەبێ وەهات‌و ،چۆ دەبڕدرێ .

١ ــ سەرەتای دووژمنایەتی

لەمانگی ئاوریلی ١٩٦٥دا هێزی‌زرێپوش و تانکەکانی عەراق لەشاری سولەیمانێ هەل‌پرژانەسەرخەلکی ،وە ٦٠ کەس‌یان کووشت ،سەدان کە سیان بریندار کرد . [٣]

بەوجورە شەڕی‌عارف دژی خەلکی کورد ،دەستی پێ‌کراوە هێزی نیزامی عەراق لەوشەڕەدا دەیەویست کوردەکان بشکێنێ وەتاسنووری ئیران‌و ،تورکیە بەرەوپیش بـــڕووا ، لەچەند حەوتووان دا پێش مەرگانی کورد لەنێوهەل‌گری وکاری‌کوردستان یەک‌سرەبکات . عەراق هەولی‌دەدا کەهەربەسووک وهاسانی ، بەبێ‌دەنگ زووتر ئەوشەڕە دووائی پێ‌بێنێ وەتەواوی ناوچەی کوردستـــان بگرێتەوە .

ڕۆژنامە نووسیک کەبەنهێنی چوبۆوولات لـــەتێلی‌گـرامێک‌دا بەوجورە گوت بووی : "کوردەکان" لەکوردستان‌دا لەشەڕێکی نهێنی‌دا نیزامیکان‌و ، ئەفسەرەکان دەکووژن ،جەنازەکانیان دەنێرنەوە بۆلای جنوب ، تەنیـــــا کەس‌وکاریان دەزانن ، دوعایان بۆدە کەن‌و ، دەیان نیژن ،ئیترهیچی‌دی دەگۆڕێ‌دانیەو ،دەنگ‌لەبەرکەس دەرنایە . [٤]

دەگوترێ کەزۆربەی هێزی نیزامی عەراق ، یانی ٤٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ هەزار لەکوردستان‌دا بوو کەئەوهیزە بەفڕۆکەی میگ‌وەفرو کەشکاریکای هونتێر زۆر بەتووندێوە پشتوانی لێ‌دەکرا .

کوردەکان دەسیتان بەشەڕی پارتیزانیو، گرێڵلائی واتەچریکی کرد، چەکی هەرەقورس لەلایەن هێزی عەراقەوە بە کاربردرا، جا وورددەوورددە، دەهاتکەیارمەتی دەولەتی ئیران بۆ کوردەکان دەستیپێبکرێ وەکارەسات جۆرێکی دیکەی لێبێ!

لەهەوڵین هێرشدا هێزیعەراق بەشەڕێکی کلاسیکی تەواوعەیار، یانی بەنەزموتەرتیبەوە، وە لەرووی نەخشەیەکی ڕێکو، پێکەوە، هەڵمەت دەباتە سەر ناوچەکانی چوورتا، پێنجوون، قەلادزێ وەدەیان گرێتەوە. شەڕ هەروەها لەناوچەی هەولێر، وە لەدەوروبەری زەنجیرەی شاری سەفیندا تووندەبێ.

لەپائیزی سالی ۱۹۶۵دا کوردەکان هێرشی تەواویان بردەوەسەرناوچەکانی سەفینو، چووارتا، وەڕێگای هاتو، چۆپان لەهێزی عەراقبڕی وەمەلبەندەکەیان گرتەوە. لەزستانی ئەوێسالدا هێزی عەراق نەیتوانی کارەساتێک بەڕێوە بەرێ.

بەلام بۆ هەوەلین کەڕەتدەبێ کە هێرشێک دەباتە سەرپیشمەرگەکان، وەسەرئەنجام لەشەوی جیژنی نووێلی ۱۹۶۵ دا ئەو هێرشە توندتردەبێ وەتامانگی فیوریبە درێژەی پێدەدرێ. بەعسیکانی عەراق سێجار بەقودرەت گەیشتن، وەلەمانگی سێپتامبری ۱۹۶۵ داحکومەت بەدەستی دوکتور بەززاز قازی کەنیزامی نەبوو گەیشت. ئەمما هەرئەڕتێش بوو کە دەستی دەڕۆیشتو، حکومەتی دەکرد، لەسەرەتای هێزی نیزامی عەراقدا، ئەفسەرێک بەنێوی ژینیرال ئووخەیلی کەوەزیری بەرگریعەراق بوو، وەزۆردژی کوردبوو، کاروباری بەدەستەوە گرت.

۲ ــ هاتو، چۆی بارزانی لەگەڵ ئێرانیکان:

لەوکاتە دابوو کەژینرال بارزانی تەسمیمێکی گرنک، بەلام تالوناڵەبار، کە سەرئەنجام بۆ کوردەکان چارەڕەشیو، بەدبەختی تێدابوو، دەگرێ. بارزانی بەرلەوە لەگەل عەشیرەتەکانی ئێران هاتوچۆی هەبوو، یانی لەپێشدا هێندی لەشەڕ کەرەکانی پێشمەرگەی کوردی ئیران لەگەل بارزانیکان، شانبەشان دژی هێزی عەراق بەشەڕدەهاتن، وەئەوەش دەنگی لەجیهاندا دابووە.

لەهەوەلی سالی ۱۹۶۲ دا یارمەتیدانی کوردەکانی ئیران زۆربەگرنگی دەستی پێکرابوو، بەلام لەوسەردەمەدا لاپەڕی ڕۆژگار گۆڕا: بەراستیئیران لەوکاتە ناسکوعاستەمەدا نەیدەتوانی سنووریخۆی بپارێزێ،جاڕەوچینەیبو هەڵکەوتو،دەستی یارمەتی بۆبارزانی دڕێژکرد، کەبەتیرێکی دوونیشانان بنگیۆێ، یانی هەمسنووری ئیرانبپارێزێ وەهەمهێزی عەراقیش پتر لەڕو، لاوازبکات. هێزی عەراق بەتەواوی گەمارۆی ئابوری کوردەکانیدابوو، کوردەکان دەستیان بەهیچکەسی رانەدەگەیشت،لەئاکاما کوردەکان ئەویارمەتیان سەلماند.

ئینجا لە خووادنەمەنی،تفاق، لەجلکوبەرگ،لەپوول، چەکو،ئەسلەحە یەکبەدووایەکێدا بۆ کوردەکانی بارزانی دەچوو،وەحیزبی دیموکراتی ئیرانیش لەوکومەگەدا بەشداریدەکردو،سیورساتیدەگەیاندە پێش مەرگەکانی بارزانی.

لەهاوینی ۱۹۶۲ دا ئەو شتمەکانە دەدرابە شەڕ.کەرەکانی عەبدوول لای ئسحاقی (ئەحمەدتوفیق). لەسالی ۱۹۶۲ تا ۱۹۶۴ڕا ئەوهاتو،چۆپەپتر بوو،وەئەو یارمەتیە لەسالی ۱۹۶۲ وەڵ لەلایەن ڕۆژنامە نووسەکان لەهەوەڵین ڕێپۆرتاژدا ئاشکرابوو وەبلاوکراوە.[۷] ئەو سازوبەرگە لەلایەن ئێرانەوە بە لێشاو دەهات وە ڕۆژ بەڕۆژ پتردەبوو وەتاڕەو ڕادەیەگەیشت کە تەنانەتچەن سەروکی کوردی ئێرانێ لەکوردستانی عەراقدا لەتەنشت کوردەعەراقیکان بەتایبەت لەستادی بارزانیدا جێگیردەبن. ئەمما ئەوهاتو، چۆپەلەبەینی مرۆڤەکان کاتینەپێنیو تایبەتی هەبوو، کومەگێکی کە بارزانی وەریدەگرت بەنیۆی لایەنگری کوردەکانی ئێران بوو کە پشتیوانیان لە شۆڕشەکەدەکرد.

۳ــ .... وە،شا!

ئەونەخشەو، هەڵوێستە لەسەر ڕێوو شوێنی برایم ئەحمەد جەلال تالەبانی بوو کە بارزانی بوهەوەلین جار لەگەل سەرۆکە ئێرانیکان هاتوچۆی سازکرد[۸]. یانی لەو کاتەدا بوو کە بارزانی سەبارەت بە پەنادانی کوردەکانی عەراق کە لە شاری هەمەدان جێگایان درابوویە،هەرەشەی لەئێران کرد، کە بۆچئەوکارەی کردوە.

ئەو مەبەستو ،ڕازەش هەتائیستا هەر لەنهێنی دا ماوەتەوە کە چـــۆن بارزانیوا بەتووندی هەڕەشەو ،گوڕەشەی لەئیران دەکات ،وە پاشانیش ئەو نیوان ناخۆشیە دەبێتەهۆی ئەوەکەئاشتیو ،هاتوچۆی کوردەکان وئیران بەوڕادەیەبگات !

شای ئیران بەچاکی لێی ڕون ببوو، کەبرایم ئەحمەد ــ جەلال تالەبانـــی ناتوانن ببنە بەر هەلستێکی گەورەی شۆڕشی بارزانی . ئینجا بەجێیە کە بگوترێ کە سەرۆکەکانی حکومەتی عەراق تاسالی ۱۹۷۰ ، نەیان تووانی قەت بەچاکی لەکوردستان دا حکومەت بکەن ،وەشۆڕشگێڕەکان دژی ئەوان ڕاوەستابوون. هەلوێستێکی دیکە کە بوو بە هۆی ئەوە کە شای ئیران پتر یارمەتی خۆی بەبارزانی بکات ، ئەوە بو کە دەی دیت کە کوردەکانی ئێران بەئاشکراو تێڕاشکاوی کومەگی شۆڕشە کەدەکەن ، جا ڕاو ،تەدبیری هێنا سەرئەوەی کە بۆ بەدەستگرتنو ، چاوەدێڕی ئەو ناوچەیە واباشە کەئەو کومەگە بەدەقو ، دوغریبکرێ ، تاکوردەکانی هەردووک مەلبەند بـــکـــەونـــە ژێر چاوەدێڕی ئێران. لەئاکاما لەمانگی مەی ۱۹۶۵ ڕۆژنامە نووسەکانی جیهان ڕایان گەیاند کەچەکو ،ئەسلەحەی تازە ،وە هەروەها چەکی قوورس بۆ شۆڕشگێڕەکان دەچـێ . [۹]

لەپائیزی ۱۹۶۵دا یارمەتی شای ئیران بەکوردەکان بەو ڕادەیەگەیشت ،وە بوو بەهۆی ئەوە کەشاحسین پادشای ئۆردون لە ۲۵ تا ۲۸ سێپتامبری ۱۹۶۵ بۆ چاوپێکەوتنێک هاتە تاران لای شای ئیران.[۱۰] سەرئەنجام زۆر زووولاتەیەک گرتوکانی عەرەب دژی یەکەتی کوردەکان وئێرانیکان دەست بەکاربـــــوون ، کاربەدەستەکانی مسر لەمانگی ئۆکتوبری ۱۹۶۵دانوێنەری بارزانیان کەشوکەت عەقراوی بوو بانگ هێشتە شاری قاهرە ،وەبەدووای ئەودا ،دوکتور بەززاز سەرۆک وەزیری عەراق بۆ قاهرە داوەتکرا .

۴ ــ هەوەلین پێشهاتوبەسەرهاتی عەراقو ،ئیران

لەنیۆڕاستی مانگی نوامبری ۱۹۶۵دا بەینی هێزی ئیران و عەراق بەرەنگاریک وەدیدێت ، سەبارەت بەوکارە ،بالویزی ئیران لە بەغدا ، لەحکومەتی عەراق داخووازەکات کەپتر لە سنوورەکانی خۆی پاڕێزگاری بکات.[۱۱] لەڕۆژی هەوەلی ژانوییەی ۱۹۶۶ ئەو هەواڵە وەکتۆپ دەنگی داوە : پاش سێ ڕۆژ

شەڕ لە ناوچەی پێنجوون دا لەژێر چاوەدێری فەرماندەعەزیز عەقراوی، هەڵمەتێک بۆسەر هێزی عەراق دەبردرێ وەسەربازێکی زۆر دەکوژرێ،پاش کوشتنی ۳ئەفسەر،وە ۴۱ سەربازی عەراقی شۆڕشگێڕەکانی کورد بە زۆربەی خۆیان پێنجوون دەگرن.

ژینیرال ئوخەیلی وەزیری بەرگری عەراق ڕایگەیاند کە پێویستە ئیران سنووری خۆی بەچاکی لەشۆڕشگێڕەکانی کورد ببەستێ،تاکوو دەولەتێکی دەرەوەیانی قوودرەتێکی خارجیبیانووی بەدەستەوە نەبێ کە یارمەتی بە کوردەکان بکات، واتە لە ناوچەی شمالی عەراق، ئیسرائیلێکی دیکە بەهەستبێ. ۱۲

لەڕۆژی ۴ی مانگی ژوییەی ۱۹۶۶ دەولەتی عەراق ڕەسمەن دەنگیخۆی دژی دەولەتی ئیران دەربڕی،وەگوتی ئیران بە هەموو جۆرێک بە شۆڕشگێڕەکانی کورد کۆمەک دەکات.

عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عەراق، بەکارداری بالوێزی ئیرانی ڕاگەیاند کە ئێران بەبزووتنەوەیکورد یارمەتی دەکاو،ڕێگایان دەدا کە لە خاکیئیرانەوە بۆ لەنێوبردنی حکومەتی عەراقتێ بکوشن وەئینجا وڵاتیئیمەش بەچەکەکان خۆیان لە۲ی‌ژانوییەدا بومباران دەکەن. وەهەروەها عەراق، ئیرانیکان تاوان باردەکا کە کوردە شۆڕشگێڕەکان، بەهەموو جۆرە چەکو، ئەسلەحەوە وەک خوم‌پارە، مین، ئەسلەحەی دژی تانک، وەتوپو، نارنجەک ئامادەی شەڕکراون[۱۳]. ئینجا وەزیری کاروباری دەرەوەی عەراق بەوەش ڕازی نەبوو، بەبالوێزی ئەمریکا، ئینگلیسو، فرانسە ڕادەگەینی کە پێویستە لەوکارە ساتەی ئیران باش ئاگاداربن

بەشوێنی ئەوەدا، دووای‌چەن ڕۆژ ژینرال عەبدووڕەحمان عارف برای‌سەروک وەزیری عەراق وەسەروکی ستادیعەراق، ئەمیرعەبباسی هووەیدا سەروک وەزیری ئێران تاوان‌باردەکات کەلەهەوەڵی مانگی نووامبری ۱۹۶۵،ڕا،لەگەل بارزانی هاتو،چوی سازکردوە، وەچاوو پێ کەوتنیان بووە. ۱۴

جابۆ ماوەیەک ئەو قسەوباسە نەختێک لەبیرچۆوە،بەڵام لەزستانی ۱۹۶۶ — ۱۹۶۵ دا مەسەلەی کوردو، ڕاپەرینەکەی کە دەسال بەر دەوام بوو لەدونیایەدا دەنگی دابۆوە، وەئاگاداری درا کە ئەگەر زوو چارە سەری ئەو کارە

نەکرێ،واچاوە ڕووانی دەکری کە ئەوە نەتەوەیەک لەنێو چوون دایە وەدێ تەرت وتونابێت.

۵ــ مەسەلەی ناردنی ئەسلەحە

هەوال دەرەکان ڕایانگەیاند کە کوردەشۆڕشگێڕەکان لەدوولایەوە کومەگیان پێدەکرێ،واتە هەم لەلای ئیرانڕاوە هەملە لای دەولەتەکانی دیکەشەوئەسلەحەو، سازوبەرگ بۆ بارزانی دەچێت.

لەسەردەمی مانگی ژانوییەی ۱۹۶۶ پۆلیسی ئەلمان، چووار مرۆڤی ئەلمانی غەربی دەگرێ،ئەو چووار کەسەلە ولاتی چکسلەواکیاوە کامیونێک پڕلە ئەسلەحەبۆ کوردەکان دێبەرێت کە لەشاری برووک دەگیرێ. ئەو چەکانە دەبوو لەریگای ئەستنبوولە وە ڕاگویز رابایەو، بەدەستی کوردەکان بگەیشت بایە، بەلام هینابوویانە ئەلمانی غەرەبی وە نەزاندرا کە ئەوچەکانە لەکوێوەڕا هاتووە، وەناردراوە،ئایا بە خۆمالیو تایبەتی ناردراوە،یان لە جێگایەکی ڕەسمیەوە،وە پولیسی ئەلمانیش لەوبارەدا لـ(سەریەڕۆیشتو، دەنگی دەرنەبڕی. ۱۵

۶ــ یەکگرتنی هەوا دارەکانی تالەبانی:

لەمانگی ژانوییەی ۱۹۶۶ دا جەلال تالەبانی، عومەرمستەفا، عەلی عەسکەری وە حیلمیشەریف لە دێیەکیڕاکەجێ دانشتیان بوو، هەلاتن،بارزانیکان ئەوهەلاتنەیان بەوردی چاوەدێری دەکرد،ئەو چووار مرۆڤە لە(هایوینی سالی ۱۹۶۵) دا لە ئیرانی ڕا کەدەگەڕێنەوە وولاتی عەراق، بەو مەبەستە بوو کە لەگەل سەرۆکەکانی عەراق چاوو پێکەوتنێکیان هەبێ. بەلام لەوکاتەدا تووشی مەیدانی شەڕێ دەبنو، دەگەل تاقمێکی تازە ڕووبەروو دەبن، ئەودەستەیە پیاوە بەکریگیراوەکانی کوردبوون کە شانبەشانی هیزی عەراقی لەگەل کوردە شۆڕشگێڕەکان بەشەردەهاتن، واتەبە جاشی ۶۶ نیودەبردران.

ئینجا ئەو کەڕەت،نەکتەنیا عەشیرەتەکان بوون کە بەخوینی سەری بارزانی تینوو بوون، بەلکو ڕووناک بیرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی

عەراقیش بوون کەدەیانەویست لە دەست بەسەریو، ئاغایەتی و عەشیرەتی، یانی دەرەبەگەکان خۆیان ڕزگار بکەن.

ئەو ڕۆشنبیرانە زۆرزوو لە ڕۆژنامەیەکدا، کەنێوی "ئەننور" بوو، شتیان دەنووسی وە هەستی خۆیان بەسەرکردایەتی برایم ئەحمەد، جەلال تالەبانی، عەلیعەسکەری، حیلمیشەریف، عومەدەببابە دەربڕی، وە دژی ئاکارو کردەوەی دەرەبەگەکان، وە ڕزگار کردنیڕاپەرینەکە لەچنگی ئەوان دەسیتان دابۆ قەلەم.

ئەوانە نزیک بە ۲۰۰۰ کەس بوون کە تا سالی ۱۹۷۰دژی مەلامستەفا خەباتیان دەکرد وەدەولەتی عەراق چەک وئەسلەحەی دەدانی.

شتێک کە بۆ ڕۆژئاوایەکان بەچاکی ڕوون نەبۆتەوە، ئەوەیە کە دووژمنایەتی لەنێو سەرانی حیزبی دیموکرات، یانیپاش بزووتنەوەی مهاباد، کە بارزانی هەمزە عەبدوولڵای، بۆدانانو، پێک هینانی پ.د.ک ی عەراق، لەئیرانەوە ناردەوە عەراق پاش ۲۰ سالان چۆن بووە.

۷ــ شەری هەندرین (مەی ــ ژوئن ۱۹۶۶)

شەڕی هــەندرین فەسلێکی نوێی لەمەسەلەی کوردستاندا بەڕێوەبرد: بەراستی ئەوە، بۆ هەوەلین کەڕەتبوو کە کوردەکان لەگەل شەڕێکی گەورەی کلاسیکدا کە عەراق دەستی پێکردبوو، ڕووبەروو دەبوون. شەڕ چەن حەوتووان بەردەوام بوو، لەو شەڕەدا، دوو لەشکری تەواوی عەراق وە بە کریگیراوەکانی برایم ئەحمەد، کەلە لایەن فڕۆکەو، توپ، پشتیوانیان لێدەکرا، هەڵمەتێکی گەورەیان بۆسەر شۆڕشگێڕەکانبرد.

هێزی شۆڕش کە بریتی لە ۱۷۰۰ پیشمەرگە بوون، وە لەلایەن عەبدوولڵا پشدەری وە ئیدریس بارزانی کەیەکیک لەکوردەکانی مەلامستەفابوو، ڕابەری دەکران، بۆهەوەلین جارپوستی فەرماندەهیان دانا.

جێگای ئەوشەرە، کیوی هەندرین بوو کە ۲۸۷۶ متر بەرزائی هەبوو، وە ئەو کیوە کاتیکی حەسساسیبوو، وەبەسەرکیوی زووزەک دادەبڕووانی، کەئەویش سەر چەققەریی هامیلتون بوو، کەستادی ناوەندی بارزانی لێبوو.

ئەوشەڕە پاش چەن ڕۆژمردنی عارف کە لەهێلیکوپتردابوو، وەکەوتە

خوواری (١٣ی ئاوریلی ١٩٦٦) لە لایەن هێزەکانی عەراقەوە دەستی پێکراو، تووانیان کە تروپکی هەندرین بگرن. ئینجا لەماوەی دەڕۆژان دا لەشەڕێکی نابەرانبەردا کە هەربەردەوام بوو، هێرشو، دژیهێرش لەهەردوک لاوە بووە لە ١٢ی مە ١٩٦٦ شۆڕشگێڕەکانی کورد دژی هێرشێک دەست پێدەکەن، وەهێزی عەراق جێگای عاستەمو، گرنگیستراتێژیکی خوی بەجێ دەڵێت، ئەو هێرشە هەوال دەریکی فرانسەوی بەنێوی ڕێنێ مۆریە کەلەوێبووەو، دیتویەتی،وئاوای نووسیوە:[١٧] ئەوشەڕە بۆعەراق زۆر سەرشۆڕی تێدا بوو، هێزی عەراق زور[١٨] خراپشکا،سەربازی زۆر لێ کوژرا، زۆریان هەڵاتن، زۆریان بە دیلگیران، ٤توپی کیوستانی ٤خوم پارەیگەورە، ٦ ڕەشاشیگەورە،وە تفەنگیکی زۆریان وەدەستکەوت، کوردەکانیش ٦٠ پیشمەرگەیان کوژرا.[١٩]

٨ــ بڕیارنامەی پێکهاتنی ٩ ژوئنی ژوئنی ١٩٦٦

هەوال دەری عەراق هاوکات لەگەل هەڵبژاردن لەبەغدا ڕایگەیاند کە شۆڕشی کوردەکان تێکشکا، وەئیدریس بارزانی کوژرا!

بەلام هەرلەو هەلو،مەرجەش دابوو کە حکومەتی عەراق لەنهێنی دا بو ووتو،وێژ چەن مرۆڤێکی ناردە لای مەلامستەفا: ١٣ی ژوینی ١٩٦٦ کۆڕێکی کورد بەسەروکایەتی حەبیب کەریم نووسەریگشتی پ.د.ک سالحیوسفی وەموحسندزەئی ئەندامانی کمیتەی پارت، بۆ ووتو،وێژ لەگەل عەبدورەحمان عارف کە جێنشینی براکەیعارف بوو، وەببۆ سەروک کۆمارهاتنە بەغدایە. سەرەتای ووتو،وێژ کە دەستی پێدەکرێت، گوتراوە کە چەشنە سەرلێشێوانو، سەر سوورمانەکبوو. عارف لەووتو،ویژە کە دا زۆر سەرشۆڕ بوو، ونەی دەزانی چبڵێ، ئینجا بەگشتی باسیمەسەلەی کوردی دەکرد، حەبیب کەریم لە وەلامدا[٢٠] گوتی، لەپێش هەمووشتێکدا پێویستە کە هەردوکلا لێیبکۆڵینەوە کە "ئایا ئیمە بۆ پیکەوە بەشەڕدێن؟ مەگەر هەموومان مووسولمانین... مەگەر موسولمان هەموو پێکەوە برایەکترنین[٢١]،جائە و موسولمانە چکوردبێ یان عەرەب فەرقو جۆییازی لە گۆڕێ دانیە! گفتوگوێەکی دیکە کە لەگەل سەرۆک وەزیر عەبدوورەحمان بەززاز، کەماموستای حەبیب کەریم ش بوو لە زانستگەی حقوقدا،

لە بەغدایە بەڕێوە بردرا بوو : بەڕاستی ووتو ،وێژ زۆر بەچاکی وجووانی ودوستانە دریژەی پێدەدرا .

تاقمی بارزانی لە دوکتور بەزراز داوا دەکەن کە مافی خەلکی کورد بدرێ ، بسەلمێندرێ ، بەلام سەروک وەزیر وەلام دەداتەوە کە ئەرتێش ئەومەبەستەی ناسەلمێنێ . . . .

وەلە ۲۹ی ژوئینی ۱۹۶۶دا پاش ووتو ،ویژە کە سەروک وەزیری عەراق لەسەر تلویزیون مافی کوردان بەچەشنی لامەرکەزی بە خەلکی عەراق ڕادەگەیێنێ . سەرئەنجام لەبارەی ئەو پێکهاتنە،

برنامەیەکی کە لە ۱۲ ماددە دا زێکو ، پێک کرابوو ، بلاو کراوە کەبریتی بوون لە : هەل بژاردنی نوێنەر ، دانانی یاسا ، لێخوش بوونی گشتی ، لەدوورگەو ، ناوچەی کوردستان دا ، زمانی کوردی جێی زمانی عەرەبی بگرێتەوە ، وەلەئیدارەکان دا ، داب و ، ڕۆسم بێ ، پیشمەرگەکان بەچەشنی (هیزی دەولەتی ، لەمەلبەندی کوردستان دا ببێ ، تەواوی خەلکی کورد کەهەڵوەدا بوون پچنەوە سەر کاروباری خۆیان ، وە بەژیانی ڕاستە قینەی خۆیان دریژە پێبدەن . هێندێ لە مادەکانی بڕیار نامە کە بەنهێنی نووسرابوو ، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ، بەچەشنی ڕەسمی بناسرێ ،وە گرتوکانی ڕامیاری لەبەندیخانەکان ئازاد بکرێن ،وە کانگای ناوەندی کورد ،یانی لیوای کورد لەدەوروبەری دەهۆک لەمەلبەندی بادینان دا ، دیاری بکرێ . ۲۲ ،

لەئاکام دا ،بەوجۆرەپاش ۱۴مانگ شەڕوکێشە ، بەشوێنی سەرکەوتنی کوردەکان ، گەلیکورد تووانی بەئاوات و ، هەلوێستەکانی خۆی بگات و ، وەدەستی بێنێت .

ئەوەی کە شای باسە ، حەبیب کەریم بە دووای پێک هاتنە کەدا وای گێرا بۆ وە کە "کاتی ئیمە کوردەکان ، زۆرباش نەبوو" ئیمە ۱۴ مانگی ڕەبەق کە لە شەڕ دابووین سەردەمی ئەوە هات بوو کەچەکو ئەسلەحەو ، شتومەکمان تەواوبێ وە بەراستی زۆر سەخڵەتو ، نارەحەت بووین . "۲۳

ئەندامێکی دیکەی دەفتەری ڕامیاری بەنیۆی دوکتور مەحمود عسمان کە بە "وەزیری کاروباری دەرەوەی" بارزانی دەناسرا ، لەبارەی بارزانی دا پاش ۹ سال بەو جۆرە دووا بوو وەدەڵێ .

ئیمە بەچاکی دەمان تووانی لەو داخووازانەی کەکردمان، پێ،پتر لە بەرەئی خۆمان ڕاکێشین، بەلام بەداخەوە، کەلکمان لێوەرنەگرت: تەنیا بەوپێ گەیشتنە ڕازیبووین [۲۲] لەحەقیقەتدا شەڕە کە بە سوودو،قازانجی کوردەکان تەواوببوو، بەلام وردەوردەکاتی هیمنایەتی وئاشتی دەهات لە نیوبچێوە ئاسۆی کوردستان تاریکببێتەوە.

فەسلی ١١

سووەمین خوشحالی (ژوئن ١٩٦٦ ــ ژانوییەی ١٩٦٩)

ژینیرال عارف و، مەسەلەی کورد :

ژی‌نیرال عەبدوررەحمان عارف پیاویک بوو، کەلەپاش لەنیو چوونی قاسم‌لە عەراق دا دەنگی دەرکرد: بەشوێنی ئەوەداله ١٧ی نووامبری ١٩٦٣ لەکاتی کودتا یانی‌لەوەختی ڕووخاندنی حکومەتی بەعسێکان، عارف سەردەستەی لەشکری تانک‌و، زرەهی بوو... پاشان بوو بەسەرۆک ستاد لە (١٩٦٤)، پاش ئەوەی کە براکەی لەنێو چوو، جیگای وی‌گرتەوە. ئینجا بەهیوا بوو کەدووای مارشال عارف، بتوانی‌وولات بەچاکی ئیدارە بکات. لەماوەی ٤ مانگ تەققە وەستاندن لە ٢٩ی ژوئن‌ی ١٩٦٦، ژینیرال عارف لەگەل بارزانی چاوپێ کەوتنێکی کرد، لە٢٨ی ئوکتوبری ١٩٦٦ لە سەربازخانەی مەفرەق‌لەتەنشت رەواندزێ[1]، ئەو دوو مروڤە خەلاتیان بەیەکتردا: عارف قورئانی هدیە کرد، بارززانی لەت‌و، پەتی‌توپەکانی هەندەرینێ[2] لەپیش دانا! بەلام پاش بەردانی هیندێ لەگرتوکان‌ی سیاسی کورد، وەدانەوەی شتمەک‌و، مولکەکانیکی کە لە کوردەکانیان هەراج کردبوون، روژنامەیەکی کوردی عەرەبی بەنیوی (التاخی)، کە سالح یوسفی بەسەری دارادە گەیشت، وەدەرکەوت.

دەگوترێ کە پیک‌هاتن‌و، ریک‌کەوتنی زەمانی بەززاز ئتر کاغەزەدڕاوێک زیاترنە بوو یانی هات‌و، چو لەسەرڕادەهات تازەبێتەوە، وەووت‌و، ویژە دەستی‌پێ بکرێتەوە.

لەهەوڵی مانگی نوامبری ۱۹۶۶ ژێنرال عارف لەپاش چاوپێی کەوتنێک لەشمالی عەراق، کەحەوتویەکی خایاند ڕای‌گەیاند: "مەسەلەی کورد ئیدی تەواوبووە.... وەبارزانی بەمینی گوتووە، وەئاگاداری داوە کەکورد مەسەلەی ئوتونومی ڕاناگەینی، وە دووژمنی جیاوازی لەولاتی عەراق دابە ۳

بەلام چەندڕۆژ بەشوینی ئەومەبەستە دا لە کونگرەی ۷ی پ.د.ک لەگە ڵلاڵە (۲۱ – ۱۵) نوامبری ۱۹۶۶) کەلەلایەن بارزانیوە بەڕێوە بردرابوو، وە لەگەل ۵ ئەندامی هەل بژێردراوی – وەک حەبیب کەریم، سێکرێتری‌گشتی، وە دوکتور مەحمود عوسمان، نوری شاوەیس، عەبدوول‌لاوسالح‌یوسفی وەتەواوی مەقامی‌لی‌نەپرسراو) – ژینیرال بارزانی بەسەر کومار عارف وەبەسەروکوەزیر ناجی تالب لەبەیان نامەیەکدا کە پڕلە هەڕەشەو، گوڕەشەبوو، بەوجورەی ڕاگەیاندبوو کە: شەر لە کردەوەدا ڕانەوەستاندراوە، هێندێ لەهێزەکان پەلامار دێنن، وە لەولایەشەوە بارزانی حکومەتی تاوانبار کردبوو کە دەیەوێ خەلکی تینوهان بدەن وەدژی کوردەکان شەڕی تەواوعەیار دەست پێبکەن، وەسەرئەنجام بۆپێشگرتن لەوە، داوای پێکهاتنی (کمیتەیەکی عالی) کردبوو کە زۆر زووبەوکارە ڕابگات..."

ئەوکردارو، ئاکارە وای دەنووانند کە نیزیکە هاتو، چو لەنێو هەردووک لاهەلگیرێ، وەمەسەلەی "سولحوئاشتی" بەگاڵتە وگەپبگیرێ، بەلام لەسەر ئەوەش ڕا ووتو، وێڕ کەم و زۆر تابەهاری ۱۹۶۹ درێژەی هەربوو!

جارجار کەبەرەنگاری لە ناوچەکەدا وەدی دەهات، دیسان مەسەلەی کورد دەهاتەسەرزاران بەلام شەڕی ئسرائیل – عەرەب لەسالی ۱۹۶۷ دا کە ۶ ڕۆژبەر دەوام‌بوو، بەوخاترە نەختێک مەسەلەکە لەبیرچوەوە، وەبێدەنگی لێکرابوو، وەکاتیک کەبەعس لەعەراقدا بەقودرەت گەیشت، بەرهەلستی (مەسەلەی عەرەب – ئسرائیل، تاسالی ۱۹۷۸ هەرلەگوڕێبوو.

۲ – بارزانی و، شەڕی ۶ ڕۆژە

بەچاکی ئەوە مەسەلەیەروون نەبووە کەئایابارزانی دەیەوی کەلە داهاتوو دا ئەگەر پێویست بی بەرەنگاری ئیسرائیل بێیانە. وادیار بوو کە بارزانی کاتی

شەڕی۶ ڕۆژە (ژوئنی ۱۹۶۷) دەیەوێ چاوەڕووان بێ کە سەرئەنجامی کار بە کۆیدەگات.

کاتێک کە ژینرال عارف لەبارزانی داوا دەکا کەلەوشەڕە دا کۆمەکمان‌بکا، بارزانی بەوجورە وەڵامی داوە: ئیستا ماوەی ۶ ساڵە کە ئێوە هەول دەدەن کە کوردی تەرت وتونابکەن‌و، لەسەرعەرزیی نەهێڵن،کەوابوو ئێمە چۆن یارمەتی‌تان دەدێن؟" ئینجا عارفگوتی هەرچونێکبێ هێندێ پێش مەرگەی سەمبۆلیک واتەپیش مەرگەی کەچەشنی نمایشی هەبێ، بنێرنە بەغدایە. بارزانی وەڵامی داوە: من بە پیش مەرگەی نمایشی‌م بڕوانیە، بەڵام ئەوەش وەکخەون‌و،خیال دەچی." ۵

ئەو بێتەفاوەیتە لەمەجموع دا، دەگوترێ کە مەسەلەی عەرەبی لەجیهان دابەقوولی‌لەبارەی‌دەدوێن، وە واشکرا ببوو کە عەراق سەوداکەی تێک داوە، وە دەولە تەعەرەبەکانیش وەسەرخویان ناهێنن، ئینجا بەوجورە نێوان‌ناخوشی لەبەینی بارزانی‌و، بەغدا بەچاکی روون ببوو: لەناوچەی کوردستان ژینیرال بارزانی پشتی بەکێوەکانی شمالی عەراقەوە بوو، کە پەناو، سەنگەری گرت بوو، وەبەر هەلستو، کەندوکۆسپی بۆ کۆماری عەراق پێکهینا بوو! لەمەودای چەن ساڵ کە لەعەراق‌دا شەڕ لەبەینی دەولەت و بارزانی بەردەوام‌بوو، لەنهێنی‌دا، هەلویستو، مەبەستی، بارزانی ئەوی‌وردە ــ وردە دەکێشا بۆ لای داواکردنی مافی سەر بەخۆیی‌گشتی کەهەنگاو هەلێنی‌و، بچێتەپێشێ.

ئینجا سالحیوسفی لەبارزانی بەتەقیەتربوو، وەلەووتو،وێژیک دا دەری‌بڕی‌و گوتی: ئێمە زۆرچاک بەسەر ناوچەکە دازاڵین، دژی زۆردارین،بەڵام داوای گەیشتن بەمافەکەمان دەکەین، ئێمە لە داواکەمان‌دا لەگەل ئسرائیل دژی عەرەبەکاوبەشین.

لەکردەوە دا بارزانی قسەت نەچووبوولاتی ئسرائیل،وە تەنانەت هیچ کومەک ویارمەتیکش لە لایەن ئیسرائیلەوە بەکوردەکان نەکرا.

۳ــ نرخو،بایخی یارمەتی شای ئیران:

لەمەودای چەندمانگان‌دا کە چێوتی و نالەباری و بەرهەلستیان لە

ئاشتیو، تەقەوەستاندندا، دینا پێشێ بارو، دۆخی کارە کە وەڕاست نەدەگەرا" بارزانی بەتێڕاشکاوی هاتو، چۆیلەگەلشاساز کرد، وەئەویشیارمەتیکی گرنگی پیدا.

بەلام چاوەڕوانی نرخو، بایخی شەڕی سالی ۱۹۶۷ دەکرا کە بزاندرێ ڕێک کەوتنەکە بەکۆیدەگات: لەمانگی مەی ۱۹۶۷ پاش ئەوەی کەدەستەیەک هێزی کۆماندۆیشورشلەئەندامانیپ.د.کیئیران دەیەویست کانگای ناوەرووکەی حیزب کە بریتی بی لەشەرکەری گرێلالای لە کوردستانی ئیران، بەهەستبێت. تاقمێک لەکیمتەی بەڕێوە بەری پ.د.ک یعەراق "سامی" کەجێگیری هەوادارانی شەر دژی شایبوو، پێویست بوو کەئەوتەسمیمەبگرێ: یانلەبەغدایە بمێنیەوە، یان بێتەوە کوردستانی عەراق، یان بگەڕێتەوە بۆئیران، بەلام بەهەر چونێکبێ، دەبێ لەگەل بارزانیهاتو، چۆیخویببڕێ. ۶

پاشچەند مانگ کە لەشەری رابردبوو، لە ئۆکتوبری ۱۹۶۸دا دوکتور مەحمود عوسمان گوتی: ئێمە خۆمان لەکاروباری ئیرانو، تورکیە تێوەرنادێن. تارانو ئانکارا دەزانن هەر وەختێک کە ئەوان پێشدەستی بکەنو، هێرش بۆ ئێمە بێنن، جائەوکات ئێمەش چارە سەریخۆمان دەکەین" ئینجا واشکرا دەبوو کە ووتارەکەی "وەزیری دەرەوەی" بارزانی نیوەی راستو، نیوەی درۆیە. لەراستەقینەدا یارمەتی ئیرانیان بۆ بارزانی زۆربەنرخوبایخبوو، چونکە بارزانی لەلای خۆیەوە، وای حیساب کردبوو کە ئەگەر ڕۆژێکبێ، بزوتنەوەی ئیران دژی ئەو کارێکبکا، بارزانی دەستی خۆی وەپیش خستبێو، کارێکیکردبێ. بەوجورە بارزانی، لەسیمی ئاخریدا: لەمانگی ئاوریل ــ مەی ۱۹۶۸ سولەیمانی معینی گرتو، کوتو، پرلەنێویبرد، "ئەندامی کمیتەی بزوتنەوەی کوردەکانی ئیران" بوو" خەلیل شەوباشی هەر وەها کوشت، جەندەکی ئەوانی داوە بەسەروکەکانی ئێران! ۸

۴ــ لەنێوچوونی ژێنێرال عەبدوورەحمان عارف:

پاش ژوئنی ۱۹۶۷ کەمەسەلەی کورد حەلنەکرا، وەرژیمیژێنیرال عارف لەپێکهێنانو، ڕاپەراندنی مەسەلەکە بەتەواوی ناتەوانو، عێجز مابووە، وە

هەروەها لەمانگی مەی۱۹۶۸ داژی‌نیرال عارف دەستی بە دەورەیەکی دڕێژی "دەورەی ناتەواوی" یاسای عــەراق، بــەڕاو، تەدبیری بەززاز کرد کەپێوێستە ئەو هەل بژاردنە لەسالی ۱۹۶۶ تا ۱۹۷۰وە بەڕێوەببردری.

ئینجا لە ۱۷ی ژوییەی ۱۹۶۸،کودتای "سپی"کرا، واتەیەکێک لە دوو مرۆقەکانی نێزیکی خۆی کەنیوی ژینیرال داوود بوو،وە سەروک گاردی سەرکومار بوو، لەگەل سەرهەنگ نایف سەروکی ژمارە۲ی ئیدارەی کۆمار، کەلە شەبەکەی ئەفسەرانی ناسیونالیست دابوون، عارفیان گرتو، لەفروکەیەکدا ناردینانە شاری لەندەن...

ئینجا ژێنیرال حەسەن ئەلبەکر، کەسەرۆک وەزیری پێشووی بەعسی مارشال عارف لەسالی ۱۹۶۳ دابوو، کرا بەسەرکۆماری عەراق،وە سەرهەنگ نایف بووبە سەرۆک وەزیر.

لە ۳۰ی ژوئیەی ۱۹۶۸ بەشوێنی کودتای دووهەم، سەرهەنگ نایفش لەو لات دوورخراوە،وە ژینرال حەسەن ئەل بەکر تەواوی قودرەتی بە دەستە وەگرت، ژینیرال حەردان تەکریتی بەوەزیری بەرگری،وەعەمماشیەوەزیری‌ناوخو داندرا. پاش ۵سال ناهومێدی یانی لەسالی ۱۹۶۳وە، سەرئەنجام بەعسیکان بو کەڕەتی دووهەم کاروباریان بەدەستەوە گرتەوە، وە لە قودرەت دامانەوە.

۵ــ کوردەکانو، بەعسیکان:

بۆ کوردەکان زۆر ناخۆش و تاڵبوو، کەبەعسیکان دووبارەبەقودرەت گە یشتوونەوە: چونکە لە ڕاستەقینەدا لەسالی ۱۹۵۸ پاشڕووخانی حکومەتــی پادشایەتی ئەو کەسانەی کە لەکوماری عەراقدا بە قودرەت گەیشت بوون، لەونێوەدا بەعسیکان بۆ کوردەکان دووژمنێکی خوێناوی‌و، چەپەل بوون.

بارزانی کەڕەتێکی دەری‌بڕی‌و گوتی: ئێمە بەعسیکان چاک دەناسین وە لەو مەودایەش دا هەڵمان سەنگاندوون". ئینجا چەن حەوتوو ڕانە بووارد کەبەدەستووری ژینرال تەکریتی ۳۰۰۰ دیی‌کوردەکان بۆمباران کرا. وەژینیرال عەمماش بۆ گەڕانو، سیاحەت هاتبۆ شمال" وەلەونێوە دا ڕای‌گەیاند کە هێزی عەراق ئامادەی کارە. بەعسیکان لەوەی دەگەڕان کەجبێ پی‌ی‌خۆیان لەناوچەکەدا

پتەوبکەنەوە[10]، پەرەی پێ‌بدەنەوە. هات‌وچۆلەناوسەرۆکەکان، وەکوردەکان بەچاکی مەعلوم نەبوو، هومێدی پێک‌هاتن لەگۆڕێ دانەمابوو، واتە تەنیاپاش‌نێوان خوش بوونی سالی ١٩٧٠ پیتر عەلامەت‌ونیشان‌ی پێک‌هاتن و نێوان خوش‌بوون نە دەدیترا" بۆو کەسانەی کە لەدەرەوە بۆ چاوپی کەوتن‌و، وازی کوردستان دەهاتنە ناوچەکە دەیان‌گووت کە جێگایەکی زور عاستەم‌و، پڕلەمەترسیە[11]. تەواوی ئەو مەلبەندە تادەگەیشتەوە ڕەواندزێ، شەوانە لەلایەن پیش مەرگەکانەوە دەپارێزرا. لەئاکاروعەمەل‌دا ١٢ مادەکەی کە تەنیالەسەرزاران‌بوو، هیندە بەڕێوە نەدەبردرا، حکومەت قەت سەری ئاشتی خووازی لەگەل کوردەکان نەبوو، کوردەکانیش زۆر لەوکاتە رازی نەبوون، تەنانەت روژنامە نووسەکانێکی کە لەلایەن حکومەتەوە، دەناردرا بۆ کن بارزانی، دەیان نووسی کە بارزانی هەمیشە ڕخنەلە حکومەتی عەراق دەگرێ‌وە لە قسەکانی‌دا پەلامار بۆسەروکەکان دەبات!

روژنامەی ئەتتاخی کەسالح یوسفی وەدەری دەخست، وە ئۆرگانی بارزانی بوو، تەنیا ڕۆژنامەیەک بوو، کە زۆر بەئازایو، غیرەتەوە شتی دەنووسی وە لە بارەی گەلی‌عەراق، وەکوردەکان‌دا نووسراوەی بڵاودە کردەوە، ژینیرال حەسەن ئەل‌بەکر، دوو، وەزیری کوردی بەناوانی ئیحسان شیزاد وەمحسن دزەئی کە لە هەوادارەکانی بارزانی‌بوون، لەکابینەدا جێی کردنەوە.

بەلام هاوکات لەگەل ئەوە، لایەن‌گرەکانی برایم ئەحمەد، جەلال تالە بانی خۆیان کێشا قەراغێ وەلە روژنامەی ئەننور نارەزایەتی خۆیان دەربڕی[12]. هێرشی ڕۆژانە دژی‌بارزانی درێژەی هەبوو، ووشەکانی فئودال، دەرەبەگ، وەپیاوی ئمپریالیسمیان پێ‌دەگوت.

لایەن گرەکانی ئەننور نزیک بە ٢٠٠٠ کەس بوون وەمانگی بە ١٤ دینار بەکرێ‌گیرابوون وەبەنیوی جاش دەناسران، کەلەوانە ١٥٠مرۆقی ئێرانیشی تێدا بوو، کەلە پێشاپێشی‌شەڕە کە دا بەشداریان دەکرد. حکومەتی عەراق لەو ئاخری‌و ئوخریانەدا، دەیەویست بەهەر چونێک‌بێت جوولانەوەکەی کوردەکان تێک بشکێنێ، جالەوبارەدا هەمووفرۆفێلێکی دەکرد، وە تەنانەت کە کوردەکانی پیکەوە رووبەروو کردبوون، دەشی‌گوت کە بائەو"سەگ‌وگورگانە" هەرلەیەکتر ڕۆبێن‌و، خۆبەخۆ یەکتربکوژن[13]. وەهەروەها بۆ ئەوەی کەکوردەکان لەوبزوتنەوەیەدەست بکێشنەوە، قەول‌و، قەرای دانانی زانستگە لەشاری سولەیمانی‌وە ئاکادێمی کوردی

(فەرهەنگستانی کورد) لەبەغدایەی پێدان. ووشەیەکی دیکەیان کە لەوئاخرێیدا بەبارزانی دەگوت، ئەوەبوو کە سەر بەلای سیونیسمو، بمپریالیسمە تاکوردەکان بەوجورە بەهەرحیلەو، تەڵەکەیەکبێ، لێیبپنەو، ڕاپەرینە کە تەرتوتونیابێت.

۶ــ یارمەتی ئیرانیکان:

ئەوەی کە ئاشکرا بوو، وەبەچاکی ڕوون ببۆوە، بەعسێکان نەیاندەویست کەلەگەل "کوردەکان پێکبین، وەمافینەتەوایەتیان[۱۴] وەدەست کەوێ" جا، بارزانی بەپێچەوانەی ئەوان، ڕۆژدەگەل ڕۆژێ لەئێرانیکان نزیکتر دەبۆوە، کاتیک کە شەڕ لە ژانوییەی سالی ۱۹۶۹ دەستی پێکراوە، هیچ وەختێک کوردەکان تا ئەوڕادەیە بەچەکوئەسلەحەی "قوورس" وەک ڕەشاش، توپ، دژیتانک... ئامادە نەببوون، وە هەروەها قەت ئەوبیروباوەڕەوگومانەیان نەدەکردکە دەولەتێکی سووەم یارمەتیان بدات.

سەرئەنجام دەهات کە هێزی ئیران لەسنووری لایخۆیەوە بەئاشکرائی کومەگی کوردەکان بکات.

فەسلی ١٢

دووهەمین شەڕی بەعسیێکان لە (بەهاری ١٩٦٩ ــ تامارسی ١٩٧٠)

لە کاتی‌تەقەڕاوەستان لە ژوئنی ١٩٦٦ دا کەبەراستی ئاشتیێکی بەقەستی ونالەبار هەستی هەبوو، وە حکومەتی "نیوەئاشتی‌و، نیوەشەڕ" کەلەسەرکاربوو، وە هێندێ لەکوردەکانی (جاشی ٦٦)ی تاقمی ئەننور دژی پیش مەرگەکانی بارزانی بەشەڕدەهاتن، بەچاکی روون نەبۆتەوە کەشەڕی دووهەمی بەعس و بارزانی بەدروستی لەچ‌وەختیک دادەستی. پێکراوەتەوە.

١ ــ پی‌چەقاندن لەسەر مەسەلەی کەرکوک (هەوەڵی مارسی ١٩٦٩)

سەرئەنجام لە هەوەڵی مانگی دی‌سامبری ١٩٦٨دا سەروکەکانی کورد راوتەدبیر دێننە سەر ئەوەی کە زۆر بەو، هەڵمەتێک لەکانگای نەفتی کەرکوک ب.ن. ئەوەش مەبەست لەوە نەبوو کە تەسیساتی ئەوگانگایە لەنێوبچێ، بەڵکو دەیانەویست کە لە دەفتەری تەسیساتی نەفتی کەرکوک ای.پی.سی نەختێک زەرەروزیان بدەن، وەتەنانەت بەچەشنی هەڕەشەوە لەئاکارو کردەوەدا، پیی‌یان بڵێن کە ئێوە لەمانگی دا ١٠میلیون دولار کە لە پوولی ئەو نەفتەی دەکەنە، خەرجی ئەسلەحەبو سەرکوت کردنی کوردەکان، کارێکی شێتانەو، بێعەقلانەیە، وە"کون سێڕ سیومی نەفت"، دەبێ ئەوەی بەچاکی لێحاڵی‌بێ، وەچارەسەری ئەوکارەی بکات. بەڵام بارزانی بەو ڕاوتەدبیرە رازی‌نەبوو، ئەممالە کەمایەتی (ئەقەڵیت) داماوەو، ئەوکارە بەڕێوە بردرا.

پاش شارەزائیو، شناسائی، لە ۲۶ دیسامبری ۱۹۶۸ ئەندامی دەفتەری بەریوە بەری ناوەندی واتە "سامی" ــ مەحمەد مەحمود عەبدوورەحمان لەئوتی ۱۹۶۸ هاتبونەوەسەرکار. لە ۲۳ فێوریيەی ۱۹۶۹ سەرکردەیی ۲۰۰ پیش مەرگەیان بەدەستەوەگرت. ئەوپێش مەرگانە ۶ خمپارە، ۲۰۰ نارنجەکیان لەئێستریکی زۆر بارکرد.

لەهەوەلی مارس لە کاتی ۸/۴۵ پاش، برینی ریگای هاتو، چوی هێزی عەراقیکان هەوەلین گوللەی خومپارەیان لە ئەسیساتی نەفتیای.پی.سی.لەنێوبابا (باباگورگور) لەشمالی رۆژئاوای کەرکوکدا، بەدووای گوللەی هەوەلی ۱۰۰ گوللەی خومپارەیان هاویشت، پاش ئەو عــەمەلیاتە کوماندوکان بەبێ زەرەروزیان بۆسەرریگای شمال گەرانەوە.

ئەو هەلمەتو، زۆر بەیە، نزیک بە ۲میلیون دولاری واتە ۷۰% هەفتا لەسەدا زیانی لەشرکەتی ای.پی.سی دەدا. قازانجیئەوشرکەِ تەکەلەمانگیدا ۱۰ میلیون دولاربوو لەنیوچووت.

لەبەغدایە حکومەتی عەراق هیچ لەوبارەیەدا لەسەری نەڕۆیشت وتەنانەت گوێشی نەدایە وەبەهیچ جورێکباسی لەهێڕشە کە بۆ سەرنەفتی کەرکوک نەکرد، تەنیا بەنهێنی لەگەل کون سێرسیوم لەو وبارەدا ووتو ،وێژی کرد، ئیدی لەسەری نەڕۆیشت.

ئینجا جارجار پەلاماریان دەبردە سەر خەتتی لولەیای.پی.سی"سامی" مەبەستی ئەوە بووکە "بریتانیای گەورە ببینی وەلەقودرەتەکانی دیکەشی بوی تامەسەلەی کورد حەلبیت.[۴]

۲ــ هێرشی بەهاری ۱۹۶۹

لەحەوتوکانیکی کە چەن هروژمیان بردە سەرکەرکوک، حکومەتی عەراق ۴لەشکری نارده سەر کوردەکان. لەماوەی چەنمانگ دا کە شەڕێکی زۆر قورس کرا، بەداخەوە گەلانی جیهان لەوکاتە ناسکەدا گوێشیان نــەدەدایە، وەبێ تەفاوەت مابوونەوە، بەهیچ جۆرێک لەوبارەدا هــەوالیک لەکوردستانی شمالی عەراق دەر نەچوو، وەئەوهیڕشەشهەربەردەوام بوو.

۳ ــ دووژمنایەتی و، قینەبەری ئیران و، عەراق :

۶سال شەری کوردەکان دژی حکومەتی عەراق کە بەردەوام بـــــوو، وەپیروزی و، سەرکەوتن هەرلەلایەن کوردەکانەوەبوو، وردەوردە بەوجیگایەگەیشت کە دووژمنایەتی ئیران و عەراقیێ لێپەیدابێ. لەنیوەی مانگی ژانوییەی ۱۹۶۹ شای ئیران مەسەلەی مافی میژووئی (حقوق تاریخی) ئێرانیی لەبارەی جەزیرەی بەحرین دا هێنا پێشێ.

بەعسێکانیش بەتۆلەی ئەوە، داوای مافیخۆیان لە دووچومی خلیجدا کەنێوی خلیجیفارسی لەسەربوو دەکردو، دەیانگوت کە لە بنەڕەتڕا، تەواوی چۆمی خلیچی فارس ئیعەربەبەکانە. زور زووهاتو، چۆلەبەینی دوو ولات دابڕا، ناخۆشیو نالەباری لە نێوان هەردوک دا وەدیهات، لە ۱۹ ئاوریلی ۱۹۶۹ حکومەتی ئێران داوای مافی بەریوە بردنی سالی ۱۹۳۷ لەسنووورەکانی ئیران و عەراقدا کرد ،وە لەسەر مەسەلەی شەتتول عەرەبی[5] ڕۆژهەلات دووابوو! جاحکومەتی عەراق، زۆر بەتووندیو، چالاکی هیزی خۆی لەسنووری ئیران و عەراق لەناوچەی خانەقینو، ئاباداندا کۆ کردەوە وەمەسەلەکەشی بردە لای یەکەتی نەتەوایەتی گشتی (سازمانملل متحد)

۴ ــ سێگـۆشی ئیران ــ عەراق ــ کوردستان :

هەروەها کە دەهات سێگوشی ئیران ــ عەراق ــ کوردستان بەهەستبێ، شەریبەینی کوردەکان و عەراق ڕۆژ بەروژ بەتین ترو بەقەوەت تردەبوو، ئینجا ئەو شەڕە لەگەل مەسەلەی خلیجفارس تێکەڵدەبوو، وەرژیمی تاران جار لەگەل جاریێ دووژمنایەتی خۆی لەگەلعەراق بەتین تروتیژتردە کرد، جگە لەشەری بە شکرائی، ئیران بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی عەراق لەهیچچەشنە ئاکاریـــک ڕانەدەوەستا.

بەشوێنی نیوان ناخوشی لەسەر مەسەلەی خلیجی فارس، دووبەبەستو،

هەلوێستی گرنگی دیکەش لەگوری دابوو: کورد وە زوففار کەسەبارەت بەومەسەلانە دووژمنایەتی ئەو دوو دەولەتە پترو، گەورەتردەبوو.

مەسەلەی زوففار بەجیگای خوێ، تەنیا مەسەلەی شەری‌کوردەکان بوشای ئیڕان دانی ئمتیازی راستەقینە وە دانی ئی‌متیازی بورژیمی بەغدا لە: سالی ۱۹۶۱ – تا ۱۹۶۶ وە ۱میلیارد دولاری خەرج لەبەر دابوو...

وەنزیک دە بووە کە بەشکانی یەکێک لەو دوودەولەتە تەواوبیت.

ئینجا ریگای سووک وهاسانو، کەم‌خەرجتر بوئیران، ئەوە بوو کەلەگەل بارزانی ڕێکەوی واتە کوردەکان یارمەتی‌بدا، تابەوجورە بتوانێ رژیمی بەعسی عەراقێ بڕووخینی. ۶

گەورەترین هەلوێست بوتیک شکاندنی بەعسیکان – کەبومروف ئەرجو، ئەرکیکی دانەدەنا وەهەروەها بۆ پولوپارە بایخێکی نەبوو، ئەوەبوو کەبەراستی بەقازانجی ژینیرال بارزانی کاربکات.

ئینجا بارزانی بەچاکی‌دەی تووانی‌ِکە لەیارمەتی دانی شای‌ئیزان بە تایبەتی لەیارمەتی دانی سالی ۱۹۷۲ کەلکیکی باش وەرگرێ،وە سەرئەنجام بە قازانجی کوردەکان تەواوبێ، وەهەروەها لەدووژمنایەتی ئەو دوو ولاتەش سوود بەرێ.

بارزانی تووشی ئەو کارەساتەو، هەلەیە بوو کە بەهۆی ئەونرخو بایخەی کە شای ئیران بەریوەی برد: واتە شای ئیران پیی‌گوت بوو کە دەبێ: خۆ لەوەی بپارێزێ کە کوردەکانی ئیران لەوکارە داتیوەر درین، لەکاتێکدا ئەوە بۆخویی مەسەلەیەکی گەورەو، نالەباربوو کە بۆ بارزانی هاتبۆپێشێ. بێگومان کوردەکانی ئیران لەو خوتیۆە ردانە دا هیچ وەختیک رانەدەوەستان وە ئەوقسەی شای‌یان نەدەسەلماند.

ئینجا بابیرە وەریک لەراپەرینی سالی ۱۹۴۶ بکەین کە بارزانی،ئەووەخت ڕابەرایەتی هەبوو وەلەوکاتەشدا بوو کە حیزبی دیموکراتی ئیران بەڕابەرایەتی قازی مەحەممەد پێکهات بوو، ئینجا وادیاربوو کەپاش ۲۰سال بارزانی، دەیەوێ هەلەکانی دووپاتە کاتەوە.

بەراستی بارزانی بۆ ڕێگایەکی دەکێشرا کە دەهات دووتاقمی کورد لە بەرانبەر یەکتردا ڕابگرێوە تووشی بەلایەکی گەورەیان بکات،زۆر جووان ئاشکرا

بوو که ده‌ستی‌ده ولەته قودرەت مەنده‌کانی تێدایه، وەکورده‌کان لەونیوه‌دا سەرئەنجام تووشی چارەرەشی‌و، کوێرەوەری بکات.

۵ ــ کانگای میهرەبانی:

لەبەهاری سالی ۱۹۶۹دا، بارزانی کانگایەکی بەنیوێ‌کانگای میهرەبانی دانا، وەلەئاکام‌دا تا سالی ۱۹۷۵ وەسەروکایەتی کرد. ۵ ئەندامی دەفتەری سیاسی (پولیت بورۆ) که لەسالی۱۹۶۶ وە داندرا بوون، وەبریتی بوون لە: (حەبیب کەریم، دوکتور مەحمودعوسمان، سالحیوسفی، نوری شاوەیس، وەعەلی عەبدوواللا) دوو مروڤی دیکەشی بەو نیوانە، سامی وەعەزیز عەقراوی لێزیاد کردن.

لەئاکارو، کردەوەدا، بیروگومانی ئەوئەندا مانە پێکەوە جوور نەدەهاتەوە (قەدیمی‌کان ــ وەک سالحیوسفی، نوری شاوەیس، عەبدوواللا" نەخشێکی وا گەورەیان‌نەبوو.

وە، جگە لە دوکتور عسمان، کە لەسالی ۱۹۵۵ دا چۆ نیو پ.د.ک وە لەدووائی دا بۆ لای چەپی حیزب کێشرا، مرۆڤەکانی دی لەژێر دەستوری بارزانی کاریان دەکردو جێگای هەرە بەرزیان لەحیزب دا وەدست هێنا بوو. "سامی" کەنیوێ ئەسلی خویی موحەممەد مەحمود عەبدوررەحمان بوو، لەسالی ۱۹۳۹دا لە ناوچەی سەنجار لەدایک بووە. پاش ئەوەی کە لەشاری منچستر بووبە مەهەندس بەدووای ئەوەدا مەدرسەی سکول آف ایکونومیک (مەدرسەی عالی اقتصاد)ی تەواوکرد بوبە ئەندامی‌پ.د.ک ، وەلەگەل بارزانی لەسالی ۱۹۶۳دا، هاتو، چۆیی بەرقەرار کرد، لەپێش‌دا لەسەرۆادیوی کوردستان کاری‌دەکرد، بەشوێنی ئەو کردەوەدا لەگەل هێندێ لەقوتابیکانی کورد بووبە وەرگێڕی روژنامەکان،وە چاو ساغی پیاوەکانی دەرەوە کە دەهاتنە مەلبەندی کوردستان، وەهەروەها، لردکیل براکین کە لەسالی ۱۹۶۶ هاتە کوردستان،شارەزائی‌دەکردو، لەگەلی بوو.

سێسال کەرابرد بووبە ئەندامی بەرێوەبەری دەفتەری سیاسی

سامی‌یەکیک بوو لەهەرە کە سە نزیکەکانی بارزانی، وە وەک کورەکانی بارزانی

حسێب دەکرا.

سەرئەنجام بووبە دژی کومونیست، تووانی نەخشێکی زۆر گرنگ بەڕێوە بەری، وەلە جوولانەوەی کورد دابەچاکی خۆ تێوەردا. پاش سالی ۱۹۷۰ لە حکومەتی عەراق دابووبە وەزیری دەرەوەی شمال، واتەهاوکات لەگەل تەققە راوەستان لەسالە کانی ۱۹۷۰ – ۱۹۷۴ دا ئینجا لە عەمەل‌دا بووبە (سەروک وەزیر)ی کوردستان لەکاتی ئاخرین سالی ڕاپەرینی بارزانی.

حەبیب کەریم، کوردێکی فێلی بەغدایەبوو (ئاباو، ئەجـــــدادی لەکوردەکانی لرستان‌ی ئێران بوون، کە هاتونە عراق)، لەسالی ۱۹۲۸ لەدایک بووە. حەبیب بەپێچەوانەی براکەی کەنیۆی دوکتور جەعفەر عەبدوول کەریم بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر یەکێک لە لیدیرەکانی هەواداری چەن سالەی بالی کمونیستی‌پ.د.ک ی عەراق بوو، ئدیئولوگ نەبوو. لەکونگرەی شەشمی حیزب لەسالی ۱۹۶۴دا بەنووسەری گشتی‌پ.د.ک هەل بژێردرا ئینجاکونگرە لەژیر چاوە دێڕی بارزانی هەل دەسووڕا ــ حەبیب قازی‌بوو،وە "زانستگەی حقوقی بەغدای تەواو کردبوو، پیاوێک بوو کە بەراستی دڵسۆزی حیزب‌بوو واتە پاش گێژەلووکەی بوحران سالی ۱۹۶۴، بووبە ڕاوتە دبیرکەری حیزب.

بەلام دووپیاو، کەلە هومووان بەدەسەلاترو، دەس ڕۆیشتر بوون‌وە نەخشی ئەسلیان دەگێڕا وە لەڕاپەرینە کەدا هەمووکارو، بارێکیان، بەدەستەبوو، دووکورە جەحێڵەکانی بارزانی: ئیدریسو، مەسعود بوون.

ئیدریس، لەسالی ۱۹۴۴ دا لەبارزان لە دایکێکی خەلکی شینان بووە، لەسالی ۱۹۶۲دا بۆتە، نووسەری(سی‌کریتر) بابی، ئینجا نەخشی ئەسلی لە سالی ۱۹۶۶دا بەدەست هێنا کەلەگەل عەبدوول‌لا پشدەری شان‌بەشانی کوردە پیش‌مەرگەکان، لەشەڕی هەندەرین‌دا بەشداری کردبوو، (مەی ۱۹۶۶). لەوکاتە دائپلەی سەرکەوتنی خۆی‌پێ‌وا، واتە لە سالی ۱۹۶۸ دا لەگەل مەسعودی برای، لەدەفتەری بەرێوەبەری‌ڕاو، تەدبیرکەرەکانی شۆڕشی کورد دابوو. ئەو پلانەی زورزوو ڕابوارد، پاشان بووبە ئەندامی دەفتەری سیـــــاسی پ.د.ک وە، لە سالی ۱۹۷۳ دا لەگەل باب‌و، برای خۆی خاوەن قودڕەتێکی تایبەتی بوون. لەبابەت ئیشوکارەوە، گوتراوە کە بەچەشنی بابی لەباری ڕامیاری‌و، ئەندامی لەش ساغی نەگەیشتۆتەئەو، هەرچەند بۆخویی پیاوێکی ئازاو دلیرە، بەلام لە

پلەی بابی لەخووارتربووە مرۆڤێکی شەرمێوون بەحەیایە بەلام لەسەرئەوەشرا، پەیوەندیو، هاتو، چوئی تایبەتی لەگەل روژنامە نووسەکانی روژئاوا هەبوو وەووتو، وێژی لەگەل دەکردن. ۱

ماوەیەک، کە تیپەری بەلانی زۆرەوە زمانی ئنگلیسی فیربوو، تاسالی ۱۹۷۴ بەتەواوی ئەو زمانەی دەزانی، تەنانەت وای دەزانی کەباسی سیاسیو، گەپو، گفتوگوی ڕامیاری پیدەکرد. لەکاتی قودرەتدا، دەیەویست بەچەشنی بابی دەست بەسەرهەموو کاریک دابگرێ، لەزۆر هەڵوێستان دا لەلای روژنامە نووسەکانو، هەواڵ دەرەکان دەیەویست بیسەلمێنێ کەلەسازمانی حیزبوە کاروباری کوردستاندا بەهیژو، قودرەتەو، بەجووانی دەتووانی کاری کوردەکان هەل سوورینی.

مەسعود، لەسالی ۱۹۴۶، لەشاری مهاباد لەخیزانی دووهەمی ژینیرال بارزانی لەدایکبووە، مەسعود لەهەوەلەوە لەژێر چاوەدیریو، دەست پەروەردەی دایکیکی عەشیرەتی گەورەبووە، پاش ئەوەی کە بابی لەو لات دوورکەوتەوە، وەبۆ و لاتی شورەوی‌چوو وەگەڕاوە، هەروەها مەسعود لەبەردەستی دایکی دا پی گەیشتووەو، تەربیەت کراوە (دایکی کچی مەحمود ئاغای زێباری بوو).

لەتەمەنی ۸ ــ ۷ سالانەدا لەگەل هیندی لەکوردەکان بۆژیان‌دەگەڕێتەوە وولاتی بارزان! مەسعود، وەک ئیدریس لەسالی ۱۹۶۸وە، بۆتە ئەندامی بەریوە بەری ناوەندی دەفتەری سیاسی، بەلام تا سالی ۱۹۷۰ لەو دەفتەرە دانەخشێکی زور گرنگی نەبووە.

تاسالی ۱۹۷۴ ــ ۱۹۷۵ هەردوک برا لەبارەی فیرکردنی کردەوەی نیزامیو، فەننیشەڕ بەئەندامانی پارتیزانی خەڵک، زۆرتێ کۆشان، وەلە بەریوە بردنی ئاکارو فنونی شەڕی داهاوبەشێکیباشیان هەبوو. مەسعود مرۆڤێکبوو کەتەواوی ئاکاری کوردیکی ئازاو، نەبەز لەوی‌دا دیتراوە، بەتایبەت لەش ساغ‌ش‌بوو

ئیدریس ومەسعود بەیەکەوەلەنیو ئۆرگانی ڕاپەرینە کە داقودڕەتێکی زۆریان پەیدا کردبوو ئەویش سەبارەت بەوەبوو کەکورانی بارزانی‌بوون، مەسعود متاڵای لەباری رامیاریوە کەم بوو، واتە لەسە نــاسینی جیهان ئگاداریکی ئەوتوی

ئیدریس بارزانی لەخاکەلیوەی ۱۹۸۶ داکوچی دووائی کرد

نەبوو. چەند تاقمێکی کۆرێ ڕامیاری کە لە ئوروپایان لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستڕا، وەیان لەو لاتی ئەمریکایەوە دەهاتنەکنی، زۆڕ لە لای‌نەدەمانەوە چاوپێکەوتنە کە بەسووکو، هاسانی‌وتالووکە بەڕێوەدەبردڕا، لەراستەقینەدا لەبەرامبەر ۳ پیاوی جیهان‌دا وەک سەددام‌حسینو، شای‌ئیران وە... دوکتورهێنری کی‌سینگر کەلەساڵە تالەکانی کارەساتەکەدا کەبەبەسەرهاتی کوردانیان کایەوگالتە دەکرد، چی پێ‌نەدەکرا!

۶ــ هێرشی هاوینی ۱۹۶۹

لەنیوەی مانگی ئوتی ۱۹۶۹، هیزی عەراق هیرشیکی تازەی بردە سەر کوردەکان. بەشوینی ئەوەدا کە کوردەکان گەڕانەوە لای شمال، هێندیکیشیان چوونە سنووری ئیران ،وە لەوی کوبوونەوە.

لەزاخویەرا تا خووارووی ڕوژئاوا، تاپێخونو، سنووری ئێڕان، واتە تەواوی ئاسۆیی بەرەکانی کورد لەژێر گوللە بارانی توپو، فڕۆکەکانی عەراق دابوون.

لەمەلبەندی بادینان‌دا، شەر بەتوندی بەردەوام بوو، وە تازاخوو ئاکراشەڕ دڕێژەی هەبوو. سەعدوون قەیدان، ئەندامی بەڕیوە بەری شورش وەژینیرال عەمماش‌نایبی سەرۆک وەزیر ،وەوەزیری ناخو شەرەکەیان لەهەردوک لاوە ڕابەری دەکرد. هەرچەند لەناوچەکان داهێزی عەراق سەرکەوتووبوو، بەڵام پێش چوونیکی ئەوتویان نەبوو.

شەریکی خوێناوی دەستی پێکرابوو: لەمەلبەندی دووکان دا لەگوندیک کەناوچەی شیخان‌بوو، لەشمالی ــ ڕۆژئاوای ئەکرا، سەربازەکانی عەراق لە نیوەڕاستی‌مانگی ئوتی ۱۹۶۹، ۶۷ کەس ژن‌و، منداڵ کە لەغارێک‌دا خویان شاردبووە، خەفەکردو، لەنیویان بردن.

سەرئەنجام لە دیی سووڕەییا کە بەپییان تازاخو ۳سەعات ڕیی‌بوو، ئەفسەرێکی عراقی لە۱۶سی‌پتامبر داتەواوی خەلکی دێیەکەی کە لە باغچەیەک دا کۆ کردبوۆوە: کە بەبیانووی ئەوەی کە قسەیان بۆدەکات، لەنەکاو بەڕەشاش دایان دەگرێ وە ۵۳ کەسان‌دەکوژێوە ژمارەیەکی زۆڕش بریندارەدەکـــــات.

لەئاکامدا بەوهۆموو پەلامارە کەکرا، تەنیا تووانیان کە کوی‌سەنجاق بگرنەوە، بەلام نەیان تووانی خۆیان بگەیننە سنوری‌ئێران. (بەهاری ۱۹٦۹)

۷ــ خۆتێوەردانی ئێران (سی‌پتامبری ۱۹٦۹)

لەوکاتەدا، کەئەو هێرشە براسەرکوردستان، وەخەڵکیان زۆر لەنارەحەتیو پەشێوی‌دا، دانا، پێش‌مەرگە هەروا دلێرتر وشێرگیرتردەبوو، وەژینیرال بارزانی، دەیەویست لەلای‌شای‌ئیران یارمەتی زیاترپێ‌بکرێ: بۆهەوەڵین کەڕەت، خەبات گەرەکانی ئێران لەکوردستان‌دا شان‌بەشان حازر بەیارمەتی ببوون.

لەمانگی سی‌پتامبری ۱۹٦۹ تلویزیونی عەراق دەستەیەکی "سەربازی ئێرانی" کەلەزەوی‌عەراق‌دا بەدیل‌گیرابوون‌نیشان‌دا. ۷

بەو نمایشی تلویزیونی، عەراق دەیەویست کە بەئێران بسەلمێنێ کە بۆچ دەبێ‌بە کوردەکان یارمەتی بکات. ئینجا لەکاتێکی زۆر ناسک‌دا، تاقمێک لەلایەن حکومەتی عەراقەوەبەنهێنی هاتەتاران، وەلەگەل ئەمیرعەبباسی‌هوەیدا سەرۆک وەزیری ئیران دەسیتان بەووت‌و، وێژ کرد.

تاقمی عەراق ڕای‌گەیاند کە ئەگەر ئێران سنووری خۆی ببستێ‌وە نەیەڵێ کوردەکان ئاوای ئیران‌بن، ئێمە بۆ هەموو، گفت‌وگویەک ئامادەین... هوەیدا وەڵامی بەتاقمەکە داوە کە ئێمەناتووانین سنووری خۆمان داخەین، ئێوەپیویستە سنووری خۆتان ببەستن، ئەگەر لەدەستودێ ئەوکارەی بکەن‌و، رامەوەستن" ۸

۸ــ ووت‌و، وێژەکان:

لەمانگی ژوییەی ۱۹٦۹ ڕا، گەورەکانی بەعسی لەگەل سەروکەکانی پ.د.ک بەنێونجیگەری قوتابیکانی رووناکبری کورد لەبەغدایە، چاوپێ کەوتنێک پێک‌هات، بەلام چاوپێ کەوتنیکی دی لە سی‌پتامبری ۱۹٦۹ وە کە بەجی‌هات بەتین‌تر بوو: بریگادی تارق کە فەرماندەی بریگادی رەواندزێ‌بوو، ڕای‌گەیاند کە حکومەتی عەراق ئامادەگی خۆی بو ووت‌و، وێژی تازە ڕادەگەێنی. بەوچەشنە لە ناوپردان لەگەل بارزانی ئەو چاوپێ کەوتنە بەجێ‌هات.

ئەمما هێرشی پائیزی تێک شکابوو، هەڕەشەو خوتێوە ردانی ئیران لە شەڕەکەدا پتربووو، جامەبەست بەوەبوو کە سەروکەکانی عەراق حازر بەووتو، ویژیکیراستو، دوغری، ببوون بەدووای ئەوحازربوونە دا کۆڕێ ڕەسمی بەسەروکایەتی عەزیز شەریف، سەرۆک شورش لەهەوەڵی دیسامبری ۱۹۶۹ دا خۆی بۆئاشتی ئامادە کرد، بەلام ئەو چاوپێ کەوتنە لە ۱۹ی دیسامبردا وەدیهات: لەبەعسیکان سامیر عەزیز نەجیم کەیەکێ لەئەندامی ناسیونالیستی بەعس وەویژەوەری نیزامی بوو، لەگەل فواد عارف بۆ گفتوگوهاتنە ناوپردان بولای بارزانی ئەو دیتنە بە "دانشتنێکی دۆستانە" نیۆبردرا، وە درێژەی زۆر بوو. تاقمی کوردەکان بریتی بوون لە: ئیدریس، مەسعود، دارا تەوفیق، دوکتور مەحمود عوسمان وە"سامی" تاقمیعەراق لەهەوەڵ دا گوتی کە"حیزبی ئیوە، لەڕادەی سەرەوەدەژمێردرێ!" وە ئێمە دەمانەوێ بەوشەڕە کوتایی بێنین، وەئەوەش دەزانین کەکورد پۆچی شەڕ دەکات... بو دریژە پێدان بەو ووتو، ویژە، بارزانی، دارا تەوفیقی لەگەل سامیر عەزیز نەجیم کەئەندامیپارتبوو نارده بەغدایە کە بە کارەکەیان درێژەپێبدەن. ئەوئەندامە لەپاشان بووبە ئەندامی کمیتەی ناوەندی پ.د.ک ــ هێندێ لە فاکتەکانی بەعسی وە هەروەها لەسەروکەکانیئیزامی کە لەگەل ئەوگفتوگویە، دووژمنایەتیان دەکرد، دەیانگوت پێویستە کە تاقمی برایم ئەحمەدوەجەلال تاڵەبانی لەو دانشتنەو،ووتو، ویژە داهاوبەشی بکەن دارا تەوفیق ۵ ڕۆژ لەبەغدایە ماوە، لە ۲۱ی تا ۲۵ی دیسامبری ۱۹۶۹ لەکۆشکی سەروک وەزیر دەست بەسەر ڕاگیرابوو.

۹ ــ نەخشی سەددامحسین:

ووتو،ویژ لەبەینی بەعسیکانو کوردەکاندا، بوو بەهۆی ئەوە کە سەددام حسین پلەیەک[1] لەسەرئیشوکاری خۆی وەسەرکەوێ، وەلەگفتوگویەکەشدا بەشداربێ. ئەو دانشتنە لەگەل دارا تەوفیق بەڕێوەبردرا: لەسەردەمی هەوەلە وە سەددام زۆر خۆی چاکنیشاندەدا، وەوای دەنوواند کە دەیەوێ لەگەل کوردەکانبەیەکتربگەن.

وە هەروەها بەکوری کوردەکانی بارزانی راگەیاند وەگوتی ئیوە نابێ بەهیچ جۆرێک بە قودرەتێکی سیاسی دەرەوە پشت ببەستن وە لەسەروی حیساب بکەن: وە بۆ کوردەکانی ئاشکرا کرد کە بیگانەکان بۆتێک رووخاندنی حکومەت، وە لە نێوبردنی تێ کوشەر بوون. لەحەقیقەتدا پیلانێکبو سەددام چن درابوو، وە لە ژانوییەی ۱۹۷۰دا سەددام پتر لە۷۰ ئەندامی نیزامی لەپیلان گیرەکان گرتوکوشت.

لە ۲۱ی دیسامبری ۱۹۶۹ دا پاش گفتوگوێ سەددام لەگەل حەسەن ئەلبەکر، تاقمی بەعسیێکان کە لەوکەسانە بریتی بوون : ژینیرال عەمماش، مورتە داهادیتی ئەندامی بەرێوەبەری فەرماندەی شۆرش، عززەت مستەفا، سەعدوون قەیدان، وە عەبدوواللاسەلووم سامورائی، وە ۱۰ ئەندامی ترش کاروباری وولایتان بەدەستە وەگرت سێمەبەستی گرینگ لەو کۆبونەوەیەدا لەگوڕێ دابوو: مافی نەتەوایەتی کورد، مەسەلەی "سنورەکان، ی کوردستان، وەمەسەلەی هاتو، چۆ لەگەل ئیران لەحدودە کەدا. لەسەرمەسەلەی ئاخر، سەددام حسین، لەو وەلامەی کە دارا توفیق دایەوە رازیبوو، وەگوترا کە نێوانو، هاتو، چوی لەبەینی دەولەتی ئیران وعەراقدا هەرچونێکبێ، کوردەکانیش بەو چەشنە ببزونەوە، وەئەومەسەلەیان لەبەرچاوبێت.

لەپاش ئەوەی کە دارا توفیق لەبیروت لەگەل میشیل عەفلەق تیوریسین وە دامەزرینەری مەرامی بەعس چاوپیکە وتنیکی کرد، گەراوە بوناوپردان، بە ژینیرال بارزانی راگەیاند کە بەعسیکان لەبابەت مەسەلەی داواکراوی ئوتونومی بەو جورەیکە بارزانی دەیەوی، رازیبوون ۱۰

لەکاتیکدا کە پیکهاتنە کەدەهات بەدیبێت، سەددام حسین ۶۰۰ ئەفسەری هێزی عراقیێ لەئاخری مانگی دیسامبری ۱۹۶۹ دا لەبەغدایە کو کردەوە ئینجا هەڵوێستی لەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە لەو تاریک داپێیان رابگەیێنێ کە گوێ بیسبنو، بزانن "کەسانیکی ئێستا لەگەل ئێمە شەڕدەکەن، شۆرشگێڕی سادەنین" وەبەئاشکرائی دەریبڕی و گوتی کەهێزی نیزامی پیوستە لەژێر چاوە دێڕی حکومەت دابێو، دەستور وەرگرێ: وەبێگومان سەروکەکانی نیزامی نایانەوێ کەبزانو، لێی بکۆڵنەوە کە "لابردن)ی حەردان تکریتیوە دوورخستنەوەیئەو بۆولاتی کویتو، کوژرانی وی پاش چەندمانگیک چون بووە.

ئینجا هاتو، چۆی‌و، چاوپێ کەوتنێکی گرینک لە لایەن هەردوک لاوە، بەڕێوبردرا، واتا لە۳۱ی دیسامبری ۱۹۶۹ کۆڕێکی کۆمەلی گەورەی بەعسی عراق کەبریتی‌بوون لەهادران تکریتی، عەبدوول خالق سامورائی‌وە تارق‌عەزیز، وەهەروەها دولایەن‌گری "سەربەخوی، عەزیز شەریف کەزۆر لە کومونیستەکان نیزیک‌بوو، وەفواد عارف، لەناوپردان دا دیتنێکیان لەکوردەکان کرد.

پاش چەند رۆژێکی‌تر، کۆڕێکی کۆمەلی کورد کە بریتی بوون لە دوکتور مەحمود عوسمان، سامی، نوری‌شاویس دارا توفیق، نافیرجەلال، موحسن دزەئی، سالح یوسفی، وەئیدریسو، مەسعود بارزانی سەفەرێکی کورتیان‌بو بەغدایە کرد.

هەر لەوسەردەمەدا، لە ۱۰ی ژانوییەی ۱۹۷۰ کە تەواوی کۆڕی کورد لەبەغدایە بوون، سەددام‌حسین هاتەناوپردان کە بەتایبەت لەگەل ژینیرال بارزانی ووتو، وێژێک بکات. لەودانشتنەش‌داوەک هەمووجاران، ووتو، وێژ بەوردی لێ‌دەکول‌دراوە، دەبوو، مەتنی قسەکان‌و، نووسراوەکان، رستەبەرستە، بەڵکو ووشە بەووشە لەسەری بڕۆن لەکورەکوردەکان گیرا بوویانەوە کە جاری وابوو، دەبووکە: ئێمە لەبارەی هێندێ مەسەلەی دوورۆژ لەسەری باس بکەین، رستەیەک ویان نووسراوەیەک کە دەنووسرا، پێویست‌بوو کۆڕێکی دیکەی کوردش کە قامکی لەسەر دابنێ‌و، دانی‌پی دابێ‌نن.[۱۱]

بەرهەڵستی گەورە لەبەینی هەردوک لادا، مەسەلەی جوغرافیائی خودموختاری مەلبەندە کەبوو، کە پێویست بوو دیاری بکرێ. کوردەکان دەیان‌گوت کەئەگەر سنووری جوغرافیائی ناوچەی کوردستان بەچاکی مەعلوم نەکرێ، ئیتر دانی مافی‌نەتەوایەتی واتە ئۆتۆنۆمی هیچ کەڵکو، قازانجێکی بۆئێمەنیە!

بەپیچەوانەی کوردەکان، بەعسیکان دەیان‌گوت، وە لە رۆژنامەی ئەسۆرە دا نووسیان، کە "گەلی کورد ناتوانی بەتێگرائی" زۆن"ی واتە جغـــــزی جوغرافیائی خۆی دیاری‌بکات، وەلە ومەحدودە و چووارچێوە دا مافی نەتەوایەتی بەڕێوە بەرێ" ... بەڵکو مەسەلەی گەورە وەبەشداربوون لە "ماف" نەتەنیا ئەوەیەکە کوردەکان فەقەت لەقازانج وسوودی هەولێر وەسولەیمانێ وەشـــــارە کوردنشینەکانی دیکە کەڵک وەرگرن، تەنانەت دەبێ لەماف‌وقازانجی هەموو وولات، وەک بەسرەوە بەغداش‌دا بە شداربن وەلەچاوەدێری مافی "کومەلایەتی

وئیداری کۆماری" داشەریکبن، واتە لە"بیرورای دیموکراسی" تەواوی وولاتدا کەلکوەرگرن.[۱۲]

سەرئەنجام بەهەرچونیک بوو، بەعسیکان دانیان بەسەر دیاری کردنی جوغرافیائی ناوچەی کوردستاندا هینا. بەلام وەک ئینگلیسیکان کەلەسالی ۱۹۱۹ وە ۱۹۲۴ دا لەگەل شیخ مەحمود قەراریان دانابوو وە تەنیا ناوچەی جوغرافیائی مەلبەندی هەولیر، سولەیمانی، وە دەهوکیان لەبەر چاوو بوو، بەعسیکانیش هەر ئەوەیان لەبەرچاووگرتبوو.

بەلام مەسەلەی گرینگ لەبەرچاوان کەرکوکبوو! لەهەوەلی مانگی مارسی ۱۹۷۰ کە لەو ووتو، ویژە دابوون لەوکارە ساتەهیچ کەلکی لیوە رنەگیرا، کۆرەکانی بەعسی بەغدایە دەیانەویست بەدوکتور مەحمود عوسمان[۱۳] بسەلمینن کە ئیدی مەسەلەی مەلبەندی کەرکوک، وەناوچەکانی دیکەی نەفت لەبیرخوی بەریتەوە، لیی ببریتەوە.

بەلام پاش سی مانگ گفتوگو لە ۱۰ی مارسی ۱۹۷۰ لەنەکاو، بارزانیو، سەددام حسین لەمەدرەسەیەکی چوکی ناوپردان، پیکهاتنیکیان بەئیمزا گەیاند.

۱۰ ــ پیکهاتنی ۱۱ی مارسی ۱۹۷۰

لەوپیک هاتنە دا ۱۵ ماددەکەرەزامەندی هەردوکلای تیدا بوو، وەمادە ۱۴کەی ئوتونومی بوو بەجیهات بەلام ئەوشتەی کەلەسەری باسدەکراوە هیستا، بەلینی لەسەرنەکوترا بوو، هیندیک لەناوچەکانبوو کە کوردەکانی تیدا دەژیا، وەدەبوحکومەت بەچەشنیکی "خوئیدارەکردنی ناوچەئیو، رەسمی" رازیبیتو، چارەسەری ئەوکارەش بکات.

مەسەلەی گرنیکی دیکە، کەلەسەری دەرویشتن، خویندنی زبانی کوردی وە بەرەسمی ناسین لەناوچەکانی کوردستان دابوو کە کوردەکان دەیانگوت لەو مەلبەندانەیکەزیاتر کوردیتی دادەژین خوینیدنو نوسینی زبانی کوردی (لەگەل زبانیعەرەبی) لەئاکاری نیزامی و ئیداری دا بەرانبەربی. بودجە و پوول بو ناوچەکە دیاریبکری، نایبی سەروکیکی کوردی دابندری، نوینەری کوردان بەگویرەی دانشتوانی کوردی ئەو ناوچە لەروی یاساغی هەل بژیر دری،

دیاری بکردرێ.

ئەوەبو هەوەلین‌کەرەت، یانی‌پاش دیاری کردنی مافی‌گەکی‌کـــــورد، لەپەیمانی سیور Sevre دائتر ئەوە دەهات پاش ۱۰ سال شەڕونیوە شەڕو، تەققە وەستاندن، نیوە پێکهاتن، فراکسیونێکی گەلی کوردەواتە باڵێک لەقەومی کورد مافی ژەوای ئوتونومی خۆیی وەرگرێ ــ بەراستی ئەو کەڕەتە هەڵوێستی ئەوپەیمانە تەنیا ئەوە نەبوو کەقەومێک لەژێر چەپوکە، چەوسانەوەی قودرەتێک دابمێنێتەوە، بەڵکوپێکهاتنێکی بەرانبەرو راستەقینە بوو کەلەبەینی حکومەتو ژاپەرینی نەتەوەی کورد دەبەسترا.

دارا توفیق گوتی" ۱۱ی مارس ۱۹۷۰ ڕۆژێکی پڕ لە شانازی میژوو ی عراق بوو" دارا تەوفیق یەکێک لەسەروکەپایە بەرزەکانی کوردبوو،

ئینجا کاتێک کە قودرەتی بارزانی وە بزوتنەوەی کوردەکان لەسالی ۱۹۷۵دا تێکشکا، رستەی ۱۱ی مارسی۱۹۷۰ واتە "جیژنی مەیلنانو، داواکراو" هێستا کە هەر لەسەر زاران بوو، وە باسی‌دەکرا.

بەڵام بەداخەوە هیواو، ئارەزووی گەورەی کوردان کە لە ۱۱ی مارسی ۱۹۷۰ دا دەهات بەهەستبێ، بەجێنەهات،وە روژی خۆشیو، بەختەوەری کوردەکان زور کورت بوو، وەئاوابوو. ئەوجارە ئەستیرەی گەشی گەلی کورد زوولە ئاسۆی شانازیو، بەختەوەری دائاواو بوو.

فەسلی ١٣

ئاشتی و، تەقەوەستاندنێکی ووورو، درێژ

پیکهاتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لەبنەڕەت هەڵەی زۆربوو یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە درەنگو، زووی لە سەرکرا، وە زوو بەڕێوە نەبردرا! مەلبەندی خودموختاری کوردستان زۆر بە باشی دیاری نەکرا بوو. ماددەیەکلەو پەیمانە ئەوە بوو کە پێویستە لە ماوەی ٦ مانگاندا سەر ژمێری بەجێبێت. بەلام نەگوترابوو، هەروەها لەپیگە یشتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە بارەی سازمانی رامیاری ناوچەی ئوتونومی کوردەکان لەگەڵحکومەتی ناوەندی بەچاکی مەعلوم نەببوو، وەبی دەنگەی لیکرابوو.

لەمادەیەکی دیکە دا کە بڵاونەببۆوە، باسکرابوو کەلەناوچەی کوردستان دا پێویستە تاماوەی ٤سال پرسیار (ڕێفراندووم) بەڕێوە ببردرێ.

"کمیتەی عالی" لەهەوەلی کارەوە بەنوێنە رایەتی مورتەدا هادیتی بو بەڕێوە بردنی ماددەکانی قەرار دادە کەپێکهات.

خۆزگە کوردەکان بیان زانی بایە کەبەڕاستی حکومەتی عەراق لەودەمو، دەستەدا وازی ئابوریو، ڕامیاری زۆرخراپە، جائەوکات بەهیچجۆریک حازر بە ئیمزا کردنو، مۆرکردنو، سەلماندنی ئەو قەرارداده نەدەبون!وە ئەوەبەوجیگایە گەیشت کە بە غدا لەبەر ئەو سەخڵەتی حازر بوو کەلەبەهاری ١٩٧٠دا هەمووکارێک بکات.

بەغدا، وای زانی کە کوردەکانیزۆر بەچاکی وازیحکومەتی عەراق لەوکاتەدا نازانن، جابۆیە ئەو پیشنیادەی کرد، ئەگینە زۆرکارێکی گرنگو، پڕلە

مەترسی بۆ ئەوان بەدیدەهات ئینجا برایم ئەحمەد ئاوای گوتبوو." لەسالی ۱۹۷۰ دا بەعسیکان زۆر ماندو، شەکەت ببوون، ژینیرال بارزانی، لەداهاتودا ئەوەی دەسەلمینی: "کە ئەوە حکومەتە کە ۴ سال ماوە دادەنێ! وەلەسەر ئەو مەبەستەش پێ دەچەقینێ.

ئەگەر ئیمە ئەوەمان نەکردبایە، قەراردادە دەکەیان نەدەسەلماند، وە دەیان گوت ئەو مەودایە بۆ ئاوەدان، کردنەوەی ناوچەکەیە...

بەلام لەراستەقینەدا ئەوە بۆسەنگوسوک کردنیکاری کوردەکان بوو. بارزانی ئەوەی بەباشی دەزانی... وەئیمەش دەمان زانی.

ئیمە لەوکاتە بو وەلام ئامادەبوین، ئاشتی و سولح بۆ ئیمەزور گرنگبوو.

۲

۱ ــ سەرفەسلی بەڕێوە بردنی قەرار دادەکە:

بەشوێنی ئەو ڕێکەوتنە، مرۆف لێی مەعلوم نەبوو کە تاچ ڕادەیەکئەو قەراردادە لەلایەن حکومەتی بەعسی عەراقەوە بەڕێوە دەبردرێ وقسەیخۆیان دەبەنە سەرێ. لەمەتنی قەرار دادە کە ئەو مەبەستانە وەدیهات، ئازادکردنی زیندانی کان، لێیخۆش بوون لە کوردەکان،چ نیزامیوچشەخسی، گەڕانەوەی کاربەدەستەکانی ئیداری، وەوەزارەت خانەکان، بۆسەرئیش و کاریخۆیان.

ئینجا سێپیاوی کورد بەنێوی حاکمی هەولێر، زاخۆ، سولەیمانـــــێ داندران،وە ۵ مرۆڤی کورد لەدەموو، دەزگای دەوڵەتیدا هاتنە سەرکار. ۲

پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرڕابەرگنگی دەستی بەکاروباری خۆی لەروژیکی گەورە دا کردەوە،وە روژنامەی ئەتتەئاخی دووبارە لەژیرچاوەدیری دارا توفیق بلاو بووە.

حکومەت ۲۰میلیون دینارنزیک بە ۶۰ میلیون دولار ی بو ئاوەدان کردنەوەی وولاتی شمالتەرخان کرد، وەئیشوکار لەسەر ڕێوو شوێنی خۆیی لەکوردستاندا دەستی پێکراوە، وەلەئاکاما بەعسیکان وازیان لەجاشەکانی برایم ئەحمەدو، جەلالتالەبانی هێناو، تیکیاندا. ۴

۲ ــ هەورو هەلا (کەندوکوسپی) پێکهاتنەکە:

لەمانگی ژوییەی ۱۹۷۰ لەکاتێک دا گە هەشتەمین کومەلی کۆبوونەوەی کورد، پانی کنگرەی پ.د.ک لەگەلالەپێک هات بوو، (۱ ــ ۱۰ ژوییەی ۱۹۷۰) وەبەعسیکان دانیان بەسەر ناوچەکە دا، دانابوو، لەکنەخۆیان پێیان وابوو کە ئێستا کە کەونگرەتەشکیل بووە، بێگومان لەژێنیرال بارزانی وەیان ئیدریس یەکیکیان هەل دەبژێر دری وەبەنیوی نایب سەروک بەحکومەت دەناسێندری...

بەلام لەکوبوونەوەکەدا بەپێچەوانەی گومانی ئەوان، حیزب دەنگیدا بە حەبیب کەریم، واتە پارت ئەوی هەلبژاردو، بەدەولەتیی ناساند.

سەروکەکانی بەغدا پێیان وابوو کە دەستی ئێرانیکان لەوکارە دا، وەدی هاتووە، وەهە لبەت بە ووتەی. ئەوانە کەحەبیب کەریم هەل بژیردراوە. ئینجا بەو بیانوویەوە، لەمانگی سێپتامبردا، ئەو هەلبژاردنەیان ڕەدکردەوە.

هەروەها لە بارەی پرسینی گشتی (ڕیفراندوم) بۆ دیاری کردنی ناوچەی مافی ڕەوای نەتەوایەتی وەبەجێ هێنانی قەراردادی ۱۱مارس، چیوتی لەکار داهاتەپێشێ.

لەمانگی ئوکتوبری ۱۹۷۰ دا حکومەتی بەغدا دەست بەکاردەبێ کە لە بەهاری ۱۹۷۱بۆ دیاری کردنی، سنووری وولاتی خودموختاری هەنگاو هەلێنێوە سەرژماریبکات، وە هەروەها لەبارەی پاشەڕۆژی شاری کەرکوک تەسمیم بگرێ.

لەئاخری سالی (۷ی دیسامبری ۱۹۷۰) لەبەغدایە قەتلێک قەوما کە بەسەر ئیدریسیان داهینا لە ئاکاما نەزاندرا کەئەو کوشتنە کاری کێبووە.

لە هەولین سالی تێوە رسوڕانی پێکهاتنی ۱۱ی مارس دا وا ئاشکرا بوو کە هیواو هومێدێک بەوقەرارداده نەماوە. لەبەغدایە پاش سانو، ڕێژەی تایبەتی کە هەتا مەیدانی ئازادی درێژەی هەبوو، شبلی ئەل ئیسامی، سێ کرێتیری گشتی ئاجوودانی بەعس، مورتەدا ئەل هادیتی ڕابەریکمیتەی ئاشتی، وەژینیرال عەمماش نایب سەروکی کۆمار، لەبارەی پێک هاتنە کەو، جیژنە کەدا ووتاریان بلاو کردەوە.

عەمماش لەقسەکانی دا ڕای‌گەیاند کە ئێمە لەگەل کوردەکان پێکهاتوین، بەڵام ئەگەر کە سێک چیوتی‌ونالەباری لەکارەکە دا پێشبینێ ئیتر "سەرقامکەکانی خویی‌سووتاندوە". ٥

لەبەڕێوە بردنی ئەو سان‌وجێژنە دا هیچ مروقێکی سەرشناسی کوردی نەدەبیندرا، وەبەشداری نەکردبوو. سالح یوسفی وەزیری دادگستری لەبارەی (یەکەتی نەتەوایەتی‌دەبی‌لەسەر بناغەو، بیرورای باوەری) بێت، ووتارێکی بڵاو کردەوە، بەڵام لەڕاستەقینەدا لەقوڵایی دڵەوەنەبوو.

سەرئەنجام بەعسیکان چیۆتی لەکاری سەرژماردندا دەکەن‌و، بۆدووایەی دێڵنەوە، لەئاکاما دەیانەویست پیکهاتنەکەی ١١ی مارس لەسەر نفوسی سالی ١٩٥٧، حسێبکەن!

ئینجا لەچاوو پێکەوتنەکانی کوردەکان لەگەل کاربەدەستەکانی‌حکومەت، ژینرال بارزانی هەوڵی دەدا کە "هەردوک لاپێکەوە لەڕێبازی دۆستایەتێوە" مەسەلە گرنگەکەی کوردستان حەل بکەن ئنجا لە گفت و گوی ڕەسمی‌دا ژینیرال بارزانی زۆڕ سەختی‌نەدەگرت‌ودەی‌گوت "ئێمە دەسالی ڕەبەق بۆوە دەست هێنانی خودموختاری، شەڕوخەبات‌مان‌کردوە، ئەگەر پێویست بێ‌بۆ وەدەست هێنانی‌شاری کەرکوکی‌ش ٥سالی دیکەخەبات‌وشەڕدەکەین." ٦

٣ــ بوحرانی ١٩٧١:

لەمانگی مارس تا نووامبری ١٩٧١، هات‌و،چو لەبەینی بەغدا،وە بارزانی لەبەرهیندی پێشهاتیک لەو لات‌دا، بەدژواری پیکدەهات، لەماوەی چەندمانگان دا ئەوکارەساتە دڕێژەی هەبوو، بێباوەڕی لەهەردوکلاوە دەدیترا، وەتا قەرارداد کەشکا، ئەو بڕووا‌پێنەکردنە هەر دڕێژەی هەبوو.

مەسەلەی کوردەکانی ئێران لەعەراق‌دا:

چەن مانگیک بوو کە سەرۆکەکانی بەغدا سیاسەتی "عەرەبی) کردنی وڵاتیان لەبەرچاوو گرت‌بوو، عەرەبەکانیان دەنارده ناوچەی کوردستان کە

نشتە جێبن واتە لەهەرێمی ستراتیژیکیدا بە تایبەت لەدەوروبەری شاری کەرکوک یاخاوچەی سەنجار داجێبگرن. لەولایە شەوە کوردەکانی عەراق داوا لەدەولەتی عەراق دەکەن کە لە کوردەکانی دەرەوەی عەراق کەبەشی زۆریان ئیرانین داوە بکرێ کەبێنە وەعەراق.

لەمانگی مەی ۱۹۷۱، لەبارەی ئەوکارەساتە، شەڕێکی قەڵەمی لەبەینی دووروژنامەی ئەج جمهوریە ئۆرگانی حکومەتی عەراق وەئەتتاخی ئورگانی کوردەکان بەهەستدێت.

ئەج جمهوریە دەنووسێو، دەڵێ کەهیچکاتێک حکومەتی عراق دانی بەسەرئەوە دانە هێناوەونە گوتراوە کەئەوکوردانە بێنەوە عەراقێ، وەئێوە دەڵێن کە ئەو کوردانە پتر لە ۱۰۰۰۰۰ کەسن لەحاڵێک دا پتر لە ۱۵۰۰۰ کەسنین.

لەئاکاما حکومەتی عەراق بەو، قال مەقالو، ووتو، وێژە کۆتایی دێنێ وەنزیک بە ۴۰۰۰۰ کەس لەکوردە فەیلێکان لەمانگی سێپتامبری ۱۹۷۱ دا لەسەرجیی خۆیان هەلدەقەنێ وە دەریان دەکات.

رووداوەکانی وڵاتی بارزان (نێوەراستی ژوئیەی ۱۹۷۱)

لەحەوتووی دووهەمی ژوییەدا فەرمانداری نیزامی، مانۆرێکی گەورەی نیزامی لەمەلبەندی بارزاندا بەڕێوە دەبات، وەبریگادێک کەبریتی لەتوپوتانک بوون، هیرش دێنن.

لە۱۱ی ژوئیە بارزانی سەروکەکانی کورد داوەت دەکا، بەلام حسەن ئەل بەکر چارەسەری ئەوکارە دەکاوە شەڕ بو ماوەیەک زادەوەستێندری.

پیلانی کووشتنی بارزانی لە (۲۹ سێپتامبری ۱۹۷۱دا)

حکومەت زۆر بەگرنگی بەدووای لەنێو بردنی بارزانی بوو، ئینجا لە ۲۹ی سێپتامبری ۱۹۷۱ دا پیلانێکی بۆچندرا، بەلام بارزانی لەوپیلا نەگیانی

ساغی ڕزگارکردو، لەنێو نەچوو، ئینجا ئەوکارەساتە بووبە هۆی ئەوەکە لەبەینی بارزانی وەسەروکەکانی بەغدا نێوان ناخۆشی پەیدا بێت. بۆ ئەوەی کەدووبارە پیلانیکی دیکەبگێڕن،وە لەولایە شەوە بیانوویان بەدەستەوە بێ کە مەلامستەفای ئاشتکەنەوە، ئەو کەڕەتەی ۹ مەلا لەبەغدایەڕا بە سووارى دووماشین دەنێرێتە لای بارزانی. ئەوانە پیاوەکانی بیرو، باوەڕپێکراوی حکومەتی بەغدایە دەبن، لەبەر پشتێندیان دا "دەزگای قسەزەبت کردنیان شاردبۆوە" کەقسەکانی بارزانی زەبت بکەن، بەلام ئەوانە دینام دەبن وەکاری‌تەقاندنیان لەلای‌شۆفێری ماشینکەوە. بەڕێوە دەبردرێ. لەوکاتەدا کەنیزیک بارزانی دەبن، دینامەکان دەتەقێنن، بارزانی لەلایەن یەکێک لە چاپەزەکانەوە کەخۆی‌وەبەردەگرێ ڕزگار دەبێت، دوکتور عوسمان‌بەلەشی خونیاوێوە هەل دێتەدەرێ وە هەرنومەلاکان دەکووژرێن.

چەن مانگ دووای ئەو کارەساتە، مەلامستەفا بۆلای مەلەبەندی حاجی عومەران دەچێت، لەیەکێک لەهۆدەکانی حاجی عومەراندا چاوی بەجیگای تەقینەوەیەکی گەورە دەکەوێ کەولاتی خراپ کردوە، وەخوین و گوشتو،میشکی سەر بەمیچێ وە نووساوە، وە بەبارزانیان نیشان‌دا گوتیان کە دوو بۆمب کە هێستانەتۆ قیوەو، لەهودە کەدەریان‌هێناوە،

ئینجا حەسەن‌ئەل‌بەکر سەرکۆمار بێووچان، بەبۆنەی ڕزگار بوونی مەلامستەفای بارزانی لە پیلانەکان بروسکەیەکی لێدەدا پیروزبایی لێدەکات،وە ئەوەشی لەبروسکەکەدا وەدروخست بووکە ئەوپیلانە کاری دەولەتەو، سەروە دەولەت دەدرێ. بەلام بارزانی بەبێ‌شکوگومان، باوەری هەبوو کەئەو کارەساتە لەلایەن بەعسیکانەوە پیکهاتبوو، ئەوانیش هەرپاکانەیان دەکرد. لەڕوئیەی سالی ۱۹۷۳ پاش ئەوەی کەلەپیلانەکان‌دا دەولەت‌وەسەر نەکەوت، نازم کەزار، سەرۆکی هێمنایەتی وساواکی عەراق لەهەواڵێکی ڕەسمی‌دا ڕای‌گەیاند کەئەوپیلانە بەدەستی من‌وەبەدەستوری‌من بەڕێوە بردرا وە،... وە مرۆڤیک لەوکارەدا دەستوری بەمن نەداوە.

بەشوێنی ئەو پیلانانەدا مەلامستەفا بۆپاراستنی گیانی خۆی کۆڕی، بەرگری‌و، خاترجەمی بە هەست‌هێنا، وە"گفت‌وگوی" خوێی‌بڕی. ئینجا پاش ئەو جەریانە ئیتر مەسەلەی کورد بەحکومەتی بەغداو، کوردەکان لەبەردەست

ڕانەدەپەری وەحەل نەدەبوو، بەڵکو مەسەلەکە، دەبوو لە تاران و... واشنگتن جێبەجێ بێت، وەبەتایبەت بارزانی بەقسەکانی ئەوان گۆڕلەمسـتبوو، وەڕاوتەدبیری لەگەل ئەوان دەکرد. کاتێک کەحەسەن ئەل بەکرلە نیوەی مانگی نوامبری ۱۹۷۳ پێشنیاد دەکا کە "حیزبی دیموکراتی کوردستان و، کۆڕێنەتەوە پیش کەوتوکان پێویسیە لە"بەرەیەکی واحد"دا یەکبخین، ژینیرال بارزانی ڕەدی دەکاتەوە وەدڵێ کە ئەوکارە بۆگەلێکی کە لەخویەوە دەنگی‌نیە وباوەریان پێناکرێ فەرهەنگیان لاوازە وەتووانائی ئەوەی‌نیە کەفکروگومانی خوی بنوینی ئیتر ئەو یەکگرتنە بەدەردی‌چەخووات!" ۸

۴ ــ شای‌ئێران وەپێکهاتنە کەی ۱۱مارسی ۱۹۷۰

زۆر بەباشی ڕوون نەبۆ تەوە کەچۆوەختێک بارزانی لەگەل شای‌ئیران چاوو پێ کەوتنی‌بووە، بەلام وادیارە کەئەوچاوپێ کەوتنە، پاش ناکام مانەو، ئیمزانە کردنی قەراددادەکەی ۱۱ی مارسی ۱۹۷۰ بووە.

شای‌ئێران لەوە زۆر مەترسی هەبوو کە ئەگەر کوردەکانی عەراق لەگەل حکوومەت ڕێکەکەون، ئیدی عەراق بەتەواوی بەسەر مەلبەندی خلیجی‌فارس‌دا، زاڵدەبێ، وە دەبێتە یەکێک لەهەرە دەولە تەکانی تووانای ئەو ناوچەیە، وەلە لایەکی دیکەشەوە ئەوپێکهاتنە دەبێتە هۆی ئەوە کە کوردەکانی ئێرانیش هەڵستنە سەرپێ، وە لەئیران دا ئاژاوەیەک بەڕێوەبەرن وەبارزانیش دەستو، باڵیان بە سەرکێشێ.

کاتێک کە پیاوە گەورەکانی ئیران بەنەهێنی هاتنەلای مەلامستەفـا، لەووتو، وێژەکانیان‌دا بەبارزانیان‌گوت، ئایائێوە دەتانەوێ ببنەعەرەب؟ بارزانی لەوەڵام‌دا گوتی، ئێمە هەتائیستا لەگەل بەعسیکان پێک نەهاتووین، کوردەکانیشم دەلین ئتر بۆچ بەشەرین، تەنانەت ئەوە دەبینە خاوەن مافەکەمان‌و، ڕێک کەوتووین؟" ۹

۵ – بەچەشنی نیۆنجی شورەوی بۆپیکەهاتنی هەردوکلا ئۆلتیماتومدەدا "اتمام حجت)

لە۸ی ئاوریلی ۱۹۷۲ دا شورەوی لەگەل عەراق پەیمانێک بەئیمزا دەگەیێنێ، کەئەو پەیمانە دەبێتە ئەو هەلوێستە کە شورەوی لەمەلبەندە کەدا، بۆپەرەپێدانی کاروباری ڕامیاری خۆی هەولبدا، ئەوقەراردادە بەڕاستی بۆئێران زەنگێکی خەتەر بوو، مەبەست بەوە کەبارزانیو، شورەوی دەیانەویست نیۆانی خۆیان دووبارە تازەبکەنەوە لەئاکاما لەمانگی فێوریییەدا، بارزانی حازردەبێ کە کۆرێکی شورەوی بەسەروکایەتی ڕومانسیەف بێنەلای وە لەناوپردان چاوپێ کە وتنکیان هەبی، ئەوپیاوە یەکیک لەئەندامی ناوەندی کمیتەی کومونیستی شورەوی بوو. لەوچاوپێ کەوتنەدا ڕومانسیەف لە بارزانی دەوێ کەنیۆانی لەگەل بەغدا نوێکاتەوە وەنیۆان ناخوشیان لەنیۆ هەلگیرێ، هەروەها لاپەڕێکی تازە لەسەرەتای میژووی عەراقدا بنوسرێ.

ئەو ووتو، وێژە وادیدارە زور بەخۆشیو، باشی لەبەینی کۆرەکـــــەو، بارزانیدا پێکهات.۱۰

بارزانی لەگەل کۆرێ شورەوی بەزمانی ئەوانی قسەدەکرد، لەکاتیک داکەروسیکی باشیدەزانی، لەووتارەکانی خۆیدا گوتی، : "بەراستی سەددام حسین پیاوێکی پیسە!" ئینجا بۆئەوەی کەئابروی نەچێ، ئیۆەی بەیارمەتیو، هاواری خۆی هێناوە وە ناردوویەتە لای مە... ئەگەر ئیۆە یارمەتی بدەنو، بالی بەسەردا بکێشنو، پشتووانی لێبکەن، ئیتر لەسەر کۆلی کوردان سووارەبێ، وەکاری کوردان وەک مەسەلەی تایوانی لێدێ. (لەوکاتە دانیکسون بۆووتو، وێژ لە پیکەن پی تەختیچین) بوو.

بارزانی هەروەها لەکۆرێ شورەوی داوادەکات کە لەپێش پێکهاتن لەگەل بەعسیکان، پیویستە لەگەل سازمانی سیاسی عەراق وەبەتایبەتی کوردەکان چاوپێ کەوتنیک بەڕێوەبچێ وەڕاو، تەدبیر لەو دوولایەشەوە وەرگیرێ.

نیکسون سەرکوماری کاتی ئەمریکا

پاش چەن حەوتوان کاسگین سەروک وەزیری سوویەت چاووپێ کەوتنیکی ڕەسمی لەعەراق بەجێ هیناوە لەڕادیودا سەروکەکانی کورد، پێکهاتنی عەراق و شورەویان گوی لێدەبی.

محەممەد مەحمود عەبدوورەحمان ئەندامی ڕامیاریپ.د.کوەوەزیری کاروباری

شمال بەتووندی داواڵە کاسگین دەکات کە بەس کاری کوردەکان بەکوی دەگات. کاسگین لەوەڵامدا دەڵێ، بۆتە واوبوونی مەسەلەی کوردەکان، من پێشنیاد دەکەم کە هەردوک لادو کۆڕ بنێرنە شورەوی تالەوێ گفت و گۆڵی لێبکرێ و مەسە لەکە حەل بێ، وەهەروەها کاسگین گوتی کە سەروکایەتی کۆڕێ کورد بدرێتە دەستی حبیب کەریم دەبیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانپ.د.کبەڵام سەبارەت بە ئاڵو گوریک کە لەعەراق دا وەدیهات ئەوبانگ هێشتنە وەپشت گوێ خرا وەئیتر لە بابەت کاروباری کوردەکان هیچ باسێک نەهاتە پێشێ.

هەروەها کاسگین لەقسەکانی گشتی خوی دا، ئشارەی بەوسەفەرە دەکرد.

سەرئەنجام پاش ئەوەی کە شورەوی لەوبارەیەدا، نێونجی نەکردو، ەنگی لەبەردەرنەهات، وردە وردە کوردکان بۆڵای شای ئیران وەئەمریکا یشران.

۶ــ پێکهاتن لەگەڵ سیاوشا

کوردەکان دەیان دیت کە ئیترکەڵک وقازانجیک لەونیوەدا بو وان نەماوە، وە دەیانەویست کە هەل و مەرجێک هەڵ کەوێ کەڕێگایەک بێتە پێشێ و، سوودی لێوەرگرن! ئیران نیگەرانی ئەوەبوو کە شۆڕەوی لە ناوچە کەدا ئەوە دێ هەست پەیدا بکات، وە لەگەل عەراق پەتر نیزیک دەبێتەوە، وەبە تایبەت پەیمانی

بەست تووە. وە هەروەها ئیران دەی دیت، کە لەلای شمالەوە لەسنووریکی پان و بەرین دا لەگەل شورەوی هاو سنووڕە، وەلە سەر ئەوەشڕا دە یەوێ لە سنووری ڕۆژ ئاواش دا یانی ڕۆژ ئاوی ئیران داسینگی خۆی بچەقێنێ وەپێ خووسپیکلە خلیجی فارس دا کەڕەگی ژیانی ئیرانە بە دەست بێنێ. ۱۱

ئیخا ئەمریکا دەیەویست لە وولاتی عەراقدا جێ نشینی ئینگلیس بێت، وە لەخلیجی[۱۲] فارس دا جێ پێیەکی بۆخوی پەیدا بکات، ئینگلیسیکانیش بە هەر

چونیکبی دەیانەویست سوودوقازانجی ئەو مە لبەندە لە دەست نەدەن جامە بەست بەوە بزوتنەوەی دژی حکومەتی عەراقیان هان وتین دە دا وە لەشمالی عەراق دا نەیان دەویست شەڕ بکووژێتە وە وەکوتابی پێبێت ، وە بەراستی ئەوەی لەحالی ببوو، کە ئەگەر عەراق دەستی وەبەرخۆی بکەوێتەوە، وەگرێو، گوللی ناوخۆ لەبەین بەری، ئیتر دەڕژێتە سەرئیسرایل وەدژی ئەودەست بە کار دەبێت و، زەرەرو، ژیانێکی گەورەی لێدەدا. عەراقی هان دەدا کە بەشی زیاتری هێزی خوی بۆ سەرکوتی کوردەکان لەشمال دا ڕابگرێ، وە بەو جۆرە لە دەنگ و چەڵەمەو، شەڕو شۆڕی عەرە بەکان و ئیسرایل دا دوور بێت. ئیخا بەو چەشنە وردە وردە دەهات سازمانی [13]سیا لە ناوچەی کوردستان دا هەڵوێستی خوی پتەوکات، بەلام هێستا زۆر بە چاکی و ئاشکرائی سیا ڕەنگ و ڕووی خوی وە دەرنە دەخست.

لە واقع دا نوێنەری انتلجنت سرویس بەرلەپێکهاتنی پەیمانی مارسی ۱۹۷۰ لە بەر چاوی بوە کە بە ژنیرال (مستەفا) بارزانی کومەک بکات، بەلام لەو بڕیارە چاوی قووچاند، وەبالوێزی ئەوان لەتاران ڕای گەیاند کە ئەگەر ئیمە یارمەتی کوردەکان بدەین دەبێتە هۆی درێژەی شۆڕش کە ئەویش دەبێتە مەبەستی جۆی بوونەوەی کوردەکان وەهەروەها بالوێزی دانشتوی تاران پێی وابوو کە شورەوی خۆی تیوەردەدا وە لە ناوچە کەدا بۆئەمریکا[14]، کە ندو کۆسپ بە هەست دێنێ. سازمانی سیالەئوتی ۱۹۷۱ ولەمارسی ۱۹۷۲ کاتیکەکسینگێر یارمەتی دەری سەرکومار نیکسون بوو، پێشنیاری خۆیی بەشورای هێمنی دەدا بەلام. پاش بەستنی پەیمانی عراق – شورەوی، هنری کسینگر، راوتەدبیری دەگوری، وە پاش ووت و، وێژێکی "تایبەتی" لەگەل شای ئیران لە ۳۰ یا ۳۱ مەی ۱۹۷۲ دا سەروک کۆمارنیکسون قامک لەسەر بەرێوەبردنی نەخشەی سیا دادەنێ وە دەستور دەدا ۱۶ میلیون دلار (۸ میلیارد فرانکی ئەو وەخت) لەمانگی ئوتی ۱۹۷۲ تا مارسی ۱۹۷۵ بە ژنیرال بارزانی بدرێ.

بە شوێنی ئەوەدا پاش چەندحەو توو، گفت و گوێی تایبەتیوە ڕووبە ڕوو بوونی بارزانی[15]، لەگەل شای ئیران، شا، ڕاوتە دبیری هێنا سەر ئەوەی کە پتر یارمەتی بە کوردەکان بدرێ، چوونکە ئەوەندەی پێ کەم بوو[16]. بەڵام بارزانی لە بارەی قسەی شای ئیران هەربێ باوەڕبوو، وە خوتێوەردانی سیای پێ باشتر

بوو. ئیخا خوتێوەردانی سیا لەکاروباری مەسەلەی کوردان دا مەیدان زیاتر دەدابە ژنیرال بارزانی، واتە خۆ تێڵ قووتاندنی ئەمریکا لەکاری کوردان، شای ئێرانێی خاتر جەم دەکرد کە یارمەتی چاکتر بکات وەبۆ دووا ڕۆژێ پشتی لی نە کاتەوە.

لەڕاستە قینەدا لێرە دابوو کە ڕۆژی ڕەشی بارزانی وەبە شوێنی وی دا بەدبەختی کوردەکان وەدی هات. ژنێرال بارزانی لەلای خۆی پێی وابوو کە یارمەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕاپەرینی کوردە.

ئیخا بۆبەڕێوەبردنی ئەوکارە ۳ یا ۴ مرۆف (ئیدریس – مەسعود – "سامی" مەحەممەد مەحمود عەبدوردەحمان لە لایەن بارزانیۆە داندرا کە لەگەل سیا لەهات و چۆو، چاووپیکە وتن دابن، ئەوەی کە ئاشکرا بوو ئیدریس و مە سعود، تەجروبەی ڕامیاری ئەوتویان نەبوو، سامی دەری بڕی کە خۆتێوە – ردان و، یارمەتی سیا، ناتووانێ وەیان نایەوێ داوای مافی نەتەوایەتی کورد بەجێی بگەیێنێ.

لە ئاکام دا بارزانی بەچاوو گوی بەستراوی باوەری بەمریکا کرد – "بارزانی بە هیچ کامێک لە قودرەتەکانی دیکە باوەری نەبوو" زۆرجار لەووت، وێژەکانی خوێی دا، ڕای گەیاندبوو کە بۆسەرکەوتنی ڕاپەرینەکە تەنانەت ئامادەیەکە ببێتە ئەیالەتی ۵۱ ئەمریکا. ۱۷

دەگونجێ مرۆف لەخوێی بپرسی کە ئەگەر ژنیرال بارزانی زۆر لەوتیکەڵێ خاترجەم نە بوو، بۆچ لە وبارەیە دالەگەل کسینگر گفت و گوی کردوە.

لەسەر ئەوەش ڕا بارزانی ڕەزامەندی خۆی لەوبارە دا سەبارەت بە کی – سینگیر دەربڕی، واتەکەڕەتێک ۳ قالی وە کەڕەتیک گەردن بەندێکی زێر و مرواری لەمانگی مارس ۱۹۷۴ دابۆکی سینگیر کەژنی هینابوو، دەنێرێ. ۱۸

بەلام دیاری نەکرا، کە ئایائەو دیاریانەی بۆچ بۆ نیکسون سەرکومار وە – ویلیام[19] راجرز سێ کریتیری دەولەت نەدەنارد. هەروەها کەسەرهەواڵی "دەنگی کوردستان" کە بلاوی کردەوە، بارزانی دووجار لەگەل کی سینگیر لە تاران لە – مانگی ئوکتوبری سالی ۱۹۷۴[20] داچاوەپێ کەوتنی بووە، +بەداخەوە لەو چاووپێ کەوتنانەدا بارزانی تووشی فرۆفێل تەلەیی، کی سنگیری ماکیاویلست[1] تەدبیر

۱) ماکیاولیست: مەکتەبیگە کە پیاوی خوش گوزەران لەومەکتەبەدا ئەندامن. م

کەری نیکسون بووە وە کلاوی چۆتەسەری

۷ـ نیـوان ناخۆشی‌و، ناتەباهی بارزانی‌و بەغدا

لەمەسەلەی خۆتی وەردانی ئەمریکا لەکاری کوردەکان‌دا، سەرکۆمار نیکسون وەکی‌سنگیر هەولیان دەدا کە زۆر خوئاشکرانە کەن، چوونکە شای ئیران گوت بووی کە ئەو کارەدەبێ زۆر لەنهێنی دابەڕیو ببردرێ:

سەروک کوماری ئەمریکا، جان کانالی سی‌کریتری گشتی خەزانە داری قەدیمی‌خۆی‌بۆ ئاگادارکردنی شای ئێران، لەنێوە راستی مانگی ژوئیەی ۱۹۷۲ ناردە تاران کە پێی را بگەیێنی کە سیا تەسمیمی گرتوە کە نەخشەی کارە کـــەی بەڕێوە بەرێ. جالێرە داهێندی کار بە دەستانی ئامریکایە دەستیان بەچاوی خویان دا گرت‌و، خۆیان لەنەزانین دا، وەدژی دەس تێ وەردانی سیالە کارو ـ باری کوردان دا دووژمنایەتیان نەکرد. ۲۱

شای‌ئیران ئینجا زور بەپاریزە وە لەگەل بارزانی چاوپی کەوتنێکی بەجێ دێ‌نێت بەلام بەهیچ جۆریک مەسەلەی دیدار لەگەل بارزانی لە مەجلسی نێوێنەران دا باسی لێ‌نەکرا... هەرچەند ئەوکارە زۆربەنهێنی بەڕێوەبردرا، لەسەر ئەوەشڕا بەغدا لەوکارە ئاگادار بوو، بێ‌گومان‌کار بەدەستەکانی بەغدا دەیان‌زانی کەشتێک لەگۆڕێ‌دایە، لەئاخری ژوییەی ۱۹۷۲دا روژنامەی ئەسسۆرە، کەئورگانی‌بەعسیکانی عەراق‌بوو، بارزانی تاوان بارکرد بەوە کەچەک‌و، ئەسلەحەی قوورس وەردەگرێ وە هەروەها لیزگەی تازەی کوردستانی لەئیران دامەزراندوە، وەکەمپی تازەی هێزەکانی "فیرکردن و تەعلیم‌دانی نەتەوایەتی" بۆکوردەکان داناوە. ۲۲

لەوکات‌و، وسەروەمەدا ۵ وەزیری کورد لەکابینەدا بوون، بەلام‌پاش پیلان گێڕا نەکەی بارزانی لە۱۵ی ژوئیەی[۲۳] ۱۹۷۲دا لە حەقیقەت داهات وچۆ بڕابوو، تەنیا هێندێ نوشتارو، یادداشت لەبەین دائال‌وگۆڕ دەکرا.

لە ۳۱ ژوییەی سالی ۱۹۷۲ دا دەفتەری سیاسی پ.د.ک نووسراوەیەکی لە ۱۱ ماددەدا، بۆ بەعسیکان نارد، وەلەوێدا حکومەتی عەراقی تاوان‌بارکرد کە وەزیری‌ناوخو، وە سێرویسی ئاگاداری هێمنایەتی عەراقیی" لەکـــارە

نالەبارەکەی پیلانی بارزانیدا دەستیان تێدابووە، وەپێی ڕاگەیاندبوون کەلەکاری قەرادادی ۱۱مارسیدا، چێوتی و چەپەلی دێننە پێشێ وەپاش "توقینـــــی" لەنەکاو، دەیانەوی بەتەواوی، کاروکردەوەی ناوچەکە بگۆڕن، وە ئاکارو، ڕەوشتی پلەی سەرەوەی ڕامیاری لەمەلبەندەکە دالەنێوبەرن، جامەبەست بەوەیە کەحیزب لەبەرامبەر ئەوپیلانەدا ڕادەوەستێ[۲۴]! بەشوێنی چەندیاداشتێکی "نەهێنی" کە لە نێوان بەعسیکان لە ۲۳ی سێپتامبری ۱۹۷۲، وە (۲۸ئوکتوبری ۱۹۷۲) لەبەینی پ.د.ک ئاڵوگۆڕ کرا دەمەتەقەیەکەوەدیەهات وەلەروژنامەی ئەسسورەدا، سەروکە "پایەبەرزەکانی" حیزب تاوانبارکران، کەئاگاداری نیزامیتازەیان لەبارەی هێزی نیزامی عەراقەوە بەئیران داوە.

وەهاتو، چۆیەک لەبەینی "بزوتنەوەی هێزی کورد" و ئێران داهەیە وەهەروەها ئەفسەریکی "ئیسرائیلی "ش لەو نێوانەدا بەشداڕە"... وە ئەس سۆرە (شورش) تەنانەت لەو بارەیەداچاپیکردکە:

"سەروکەکانی دژی" ئیران، بەرهەڵستێکی گەورەیان بۆڕێک کەوتنی ڕاستەقینەی پ.د.ک وبەعس بەهەست هیناوە." ۲۵

۸ــ چەوتی لەنێو ئاشتێکە دا لەسالی ۱۹۷۳

لەبەهاری سالی ۱۹۷۳ دا کوردەکانی عەراق لەکردەوە دا ببوونـــە دووبەش:

دەستەیەک لەنەهێنیدا بەنێوی "کوردستانی ئازاد" کە (لەلایەنپیش مەرگەکانی ژێنیرال بارزانی پشتوانی لێدەکرا)هەوڵیان دەدا کە بە بەغدا ئەو مەبەستە بسەلمینی کە ریگایەکی کە دەچێیە بولای کەرکوک وەهەولیر بێپاریزن وەکاروباری هات و چوێی ئەو مەلبەندە بەدەستەوە بگرن. حاکمی هەولێـــر کوردیکبوو، بـــەنیوی عەبدول وەهاب ئوتروشی، کەلەسالی ۱۹۶۲ وەلەگەل بارزانیهاتوچوێی هەبوو، بەلام لەکاروباری ناوچەکە تووانائیکی ئەتۆی نەبوو.

ئینجا لەوهەل و مەرجەش داسەروکی پۆلیسی هەولێرێ بەنێوی حسین شیروانی کە کورد بوو، وەلە هەوەلی سالی ۱۹۷۳ دا دەیەویست کە سەر لەخزم وقەومەکانی خـــویی بدا، بەروژی ڕووناک لەبەغدایە "وون"بوو، لەپاشان لەشی

خونیاویان زۆر بێ ڕووحمانە کە پچڕپچڕیان کردبوو، دیتەوە.

نێوان، ناخوشی لەبەینی بارزانیو بەعسیکان کەلەسالی ۱۹۷۲ دا وەدیهات، قەت بەو جێگا عاستەمە نەگیشتبوو.

سێکریتری گشتی پ.د.ک بەنێوی حەبیب کەریم ڕایگەیاند کە لەوسالە دا نێوان ناخوشی بە "نوقتەی سفر" گەیشت.[۲۶]

ئینجا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) ڕوون ببۆوە کە "ئاکارو کردەوەی تایبەتی سەددام حسین زۆر خۆین مژانەیە. بارزانی هەولی دەدا کە (پەیمانی ۱۱مارسی ۱۹۷۰بەڕێوە ببردرێ) وە دەی گوت کە بەعسیکان دەبێ لەوکارەداتێ بکۆشن. "....

لەسەر ئەوەش ڕا کە کوردەکان چاوە ڕوانی هێرشێکی هیزی عەراقیان دەکرد، هیستاووت و ویژنەبرابوو.

عەبدول لاسامورائی ئدیئولۆکی بەعسی پیشنیاری کرد کە لە سەرڕا چاوپێ کەوتنێک بەڕێوەبردرێ وەئەو ووتەی کە کوردەکان گوتویانە سەددام حسین لەکاروباری ئاشتی کوردەکان چێوتی و نالەباریتێدەخاهەولدەدا، تانرخوبایخی قودرەتی بارزانی بێنیتە خوارێ،وەرای گەیاند کە یە کێ لە کۆرەکانی بارزانی بێتە بەغدایە تا لەبارەی پیکهێنانی چاوپێ کەوتنی سەددام حسین لەگەل بارزانی لەناوپردان بدوێ. ۲۷

ئیدریس بارزانی لەلایەن بەعسی کانەوە تاوان بارکرا بوو کەنابیبو ووتویژ بێتە بەغدا، ئەوکەرەت مەسعودیان لەبەرچاو گرت. لیژەدا کمیتەی پولیت بوروی ناوەندی پ.د.ک واتەهێندی لەئەندامەکانی خوی لە نەزانینداو متەقی لەخۆی بڕیبوو، بەلام لەسەرئەوەش دەیانەویست کە کۆرێک ئەو ناکوکیە لەنێوبەرێلەوهەل مەرجەشدا دوکتور مەحمود عوسمان بەئاشکرای و "کەللە شەقی" ڕاوەستابوو. لەنێوە راستی مانگی ژوئنی۱۹۷۳ داژیرال بارزانی رایگەیاند کە مرۆڤیکی تایبەتی روژنامەی واشنگتون پۆست بێ،وەگفتوگویی لەگەل بکا، وەهەروەها، هەوالی بو ئامریکایەکان نارد کە ،یان بەچەشنی (رامیاری) مرۆقایەتی، وەیانبەئاکاری نیزامی"..... واتەبەئاشکرا یالەنهێنی" چاوە دیری لەکوردەکان بکردری.

بارزانی هەروەها گوت بووی کە ئێمە ئامادەین کە ڕابگەینین کەلەگەل

سیاسەتی ئەمریکا لەو ناوچەیە داهاو دەنگین، وەئێمەحازرین لە هەل و مەرجی، گرینگدا بەنوێبەی خۆمان ناوچەکە بپارێزینو، جگەلەوە، دەتووانین نەفتی کەرکوکو،وەدەرخستنەکەی بدەینەدەستی شرکەتێکی ئەمریکائی. وەبارزانی ڕای گەیاند بوو، کەشرکەتی نەفتی عەراق لەهەوەلی ژوئنی ۱۹۷۲ وە لە ژێر چاوە دیری ئێمەیە!

لەئاکاما بارزانی هەواڵی دابوو کە ئەگەر ئەمریکا سەر ڕاست بەکوردەکان یارمەتی دەدا، زۆرباشە ئەگینە بەئیران یانئیسرائیل یارمەتی وەردەگرێ بەلام ئەو یارمەتیە لە لایەن ئەمریکا وەبێ باشترە." ۲۸

بەڵێ وا دیاربوو، کارلەکارترازاوە، وەچوونی مەسعود بارزانی بۆبەغدا، هیچ کەڵک و قازانجی لێ وەرناگیرێ. «شایانی با سە کە لە کوردستان دا هیچ کە س پێک هاتنی سیاوئیران و بارزانیان بە خیانەت نەدەزانی.

۹ ــ بەرەی نەتەوایەتی (ژوییەی ۱۹۷۳

حکومەتی عەراق بە پ.د.ک ی پێشنهاد کرد کە جەبەیەکی تـــازەی نەتەوایەتی دورستبێ، ئەوجەبەیە بریتیبوو لەسازمانی پەعسنو، حیزبی کومونیستی، عەراق و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەلام پارت ئـــەو پێشنیادەی ڕەد کردەوە،وە گوتی، ئەومەبەستانەی ژێرەوەئەگەر بەجێبێت حیزب لەوجەبەیەدابەشداردەبێت:

ــ پێویستە لەبەرەی یەکەتی نەتەوایەتیدا، مەسەلەی ئۆتۆنۆمی پیش بینی بکردرێو، بگونجێنەرێ.

ــ لەبارەی دیارکردنی سنووری مافی نەتەوایەتی ناوچەی کوردستان، پێکهاتنیک، چاوەدێری بکردری.

ــ بەشداربوونی پارتەکان (پ.د.کوەپ.ک.ع) لەنەخشێکی ڕاستەقینەدا دیاریبکرێ،وە لەچووارچێوەی وڵاتدا بەچاکی مەعلوم بێت، ئیتر لەلایەن بەعسیکان دەستبەسەر نەبنوە لەژێر چاوەدێری ئەوان دا نەبن.

ــ سەرئەنجام، حکومەت بەچەشنی دیموکراسی وەئازادی ئیدارەبکرێ، وەهەل بژاردنی گشتیپاش ساڵێک تەنانەت لە سنوریش دا بەڕێوەببردرێ.

دوکتور مەحمود عوسمان بەدووای ئەوەدا، هەڵوێستی نەتەوایەتیو،

بەشداربوون لەو بەرەیەدا بەوجورە دیاری کرد: "ئیمە سێ سال ونیوە هەربە نێولەحکومەت دابەشداریمان هەیە، ئیتر هیچشتێک لەکوردستان دادەستی‌لێ نەدراوە، وەڕێکوپێک نەبووە..." ۲۹

ئینجا کە وابوو، لەشکلێکی تازەدا لەگەل حکومەت بەشدار بوون هیچ سوودو، قازانجی بۆئیمەنیە."

لەئاکاما ئەو جەبەیە لە ۱۷ی ژوئیەی ۱۹۷۳دا بەبێ کوردەکان پێکهات. بەلام قەراردادی جەبەگی نەتەوایەتی لەنێو کوردەکان دا زۆردەنگی داوە: لەسەر ئەوەشڕا کوردەکان لەگەل پارتی کومونیست یەکتریان نەگرتەوە، وەلەیەکتر هەڵبڕان. نێوان ناخوشی لە بەینی کوردە کومونیستەکانوە کـــــــوردە نەتەوەپەرستەکان هاتە پێشێوە سەرئەنجام پ.د.ک بەتەنیاماوەو، لەقولینچکێک هەڵپەسێردرا.

۱۰ ــ ژێنیرال بارزانیو، شەڕی ئیسرائیل وعەرەب (ئۆکتوبری ۱۹۷۳)

لەکاتی هێرشی ئسرائیل لەۆی ئۆکتوبری ۱۹۷۳ بۆ ولاتەکانی مسروسوریە، لەماوەی ۶ مانگ دووژمنایەتی وبەرەنگاری لەنێوکوردەکانو، بەعسێکان هەستی نەبوو. وەکوردەکان بەوەی خاترجەم ببوون کەئەگەر شەڕ لەجەبەهەی ئیسرائیل دا دەستی‌پێ‌نەکرێتەوە، بێگومان سەروکەکانی بەغدا لەسازوپێکی وەی‌دا دەبن کە باشترین هێزیان بۆسەر ناوچەی کوردستان بنێرن. ۳۰

بەدووای ۱۸ی سی‌پتامبری ۱۹۷۳ وە ڕووداوەکان لە کوردستان دا کەم وزۆر هەبوو، دووفەوجی نیزامی عەراقی لە دوو ناوچەی دلخوشو شێخان‌دا هێرشیان بردە سەر پێشمەرگەکان بەلام لە ۳ی ئۆکتوبری ۱۹۷۳ داکشانەوە، وەپێش مەرگەکان جێیان گرتنەوە، وەمەلبەندی دەربەندی‌خان لە ڕۆژ ئاوای کوردستان دا لەلایەن‌پێش مەرگەکانی بارزانیوە گیراوە.

ئینجا پۆلیت بوڕۆ واتە ئەندامانی سیاسی پارت بەبۆنەی شەڕی ڕەمەزان کۆبوونەوەو، تاقی کردنەوەیەکیان پێک هێناوە بەخیرائی بارزانی رای‌گەیاند کە "دژی‌ئسرائیل لەگەل عەرەبەکان دەیەوێ نەخشی خوێی کایەبکات" لەسەرەرا دەستوری داتەواوی هێزەپێش مەرگەکان لەگەل‌هێزی عەراق نابێ ڕووبەڕووبن

وبە رنگاریان هەبێ، وەهەروەها عەزیز شەریف وەزیری دەولەت کەسێک بوو کە خاوەنی جایزەی ئاشتی خووازی لێنینی هەبوو لەبەغدایە نامەیەکی بۆ سەرۆک کومار حەسەن ئەل بەکر نووسی کەووتو،وێژێک دەستپێبکرێتەوە، وەبارزانی گوتبووی کەئامادەیە کۆڕێک بو ووتو ویژ بنێرێتە بەغدایەوە بەتایبەتی بچێتە لای عەزیزشەریف،بەلام سەرۆک کۆمار بەکر وەلامی ئەوەپیشنیارەی نەداوە.[۳۱] سەرئەنجام دوو مرۆڤی سیاسی شوروی چوونە حاجی عومەران کە بەبارزانی بڵێن کە ئیتر چەوتی و نالەباری بۆحکومەتی عەراق نەهێنێنەپێشێ، لە ۱۵ی ئۆکتوبری ۱۹۷۳ دا بارزانی لە کێسینگیریویست کە ڕێگا بدا هەلمەتێک بەرێتە سەر هیزەکانی عەراق.

بێگومان ئەو پیشنیارە بردرا بۆ لای نیکسون سەرکۆماری ئەمریکا،وە – وە هەروەها بەشای ئیران شڕا گەیاندرا – سەرئەنجام دەیانەویست کەلەپێش ئەوەی دا کەئەو (سەرەتانە) ببڕدرێ، لەنهێنیدا بەعەراق بڵێن کە بڕینی ئەوسەرەتانە پتر بەسودو،قازانجی ئەوانەتائێران. بەڵێ هەردووک ولات هیچ کاتیک ئاواتی ڕاستەقیەیان ئەوەنەبوو کە کوردەکان بە مافی خویان بگەن،وە لەئاکام دا ئۆتۆنۆمیان وەدەست کەوی.[۳۲] سەرئەنجام لە ۱۶ ئۆکتوبری ۱۹۷۳، واتە پاش ۹ ڕۆژ دوژمنایە تی نوی عەرەب – ئیسرائیل، کسینگروە لالی بارزانی داوە کە هیزش نەبات.

۱۱ – شکلی نەخشەکانی تەسویری) بۆکوردستان

بەبێ شەری عەرەب ئسرائیل هێزی عەراق دەیەویست لە هەوەلی ئۆکتوبری ۱۹۷۳وە، هێرش بەرێتە سەرکوردەکان. هەرچەند کیسنیگیر بەوکارەبەلینی نەدابوو، بەلام بارزانی پاشچەندڕۆژ فەرمانی هیرشیدا وپیش دەستی کرد

لەمەسەلەی ئوتونومیدا ئاوا باس کرابوو کە کوردەکان دەتوانن ئاکادیمیکی کوردیان هەبێ. پڕۆژەیەکی کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیکردبوو، زۆر باشو، لەبەر چاو نەبوو. لەبەرئەوەیکە پڕۆژەی قەرادادی ئوتونومیکوردستان کە لەبارەی بزوتنەوەی کوردستان لەپێشدا درابوو، زۆر ڕێکوپێکتر و باشتربوو.

ئەو نوشتارە دوورو، درێژەی کە لەبارەی (بەشی مافی نەتەوایەتی، واتە "بەشی کوردستان لە بودجەی گشتی وڵات دا بۆ ژیانی خەلکی ناوچەکە" لەبەر

چاو ببوو، سەرئەنجام گوترا بوو کە کۆڕیکی یاسائی واتە کوبوونەوەیەک بو ئاگاداری لەئیش و کاری ،ولات دابندرێ، وەلە لەسەری بڕۆن کە لەوانە بریتیبن :

ــ مەجلسێکی یاسائی و ناوچەئی بەشینەئی و وردی لەبارەی بودجە، نەخشە، وەقانونی ناوچەئی باوەرپێکراو، دەست بەکاربێت.

ــ رایزەنیکی بەریوەبەر کە بریتی لە ئەندامانی ۱۴ وزارت خانەبن بەهەل بژیراوی سەرمشاوری بەریوەبری، دابندرێ.

ــ کۆڕیکی پایە بەرزی قانون دانان.

ئەوئیشوکارانە پیویستە لە فەرمانێکی سەر کۆماری دابگوترێ، سەروکی مشاوری بەریوەبەر، دەبێ لەمافی نایبی سەروکی وەزیر حکومەتی عەراقی کەلک وەرگرێو، کوردبێ.

عەیبی بنەڕەتەی ئەو مەتنەو، بڕوارنامەیە ئەوە بوو کەئەوشتانەی کەلەبەینی قودرەتی مەرکەزیوە لەبەینی کوردەکان ئاشکرابوو، گوترابوو، بەلام لەبەینی پەیوەندبوونی قودرەتی مەرکەزیوە ناوچەی عەرەب ،یانبۆ سەلماندن وەک کردەوەیەکی داندراولەبەینی قودرەتی مەرکەزیو، قودرەتی ناوچەئی عەرەبدا شارەزا نەکرابوو.

ببێ ئەوەی کە تاپایانی کاربڕۆن، مەتنی پڕوارنامەی کورد بۆ ناوچەی کوردستان لەبەر چاوبوو، وەسازمانێکی قانون دانێنەری وە حکومەتی کەتەنیا لە چووارچێوەی دەولەتیکی فیدرالێ دابێ هەستیهەبێ بەبێ ئەوەی کە لەشتە بچوکەکانی ئەو مەتنەو ،بڕوارنامەیە کە لەلاین پارتی کومونیستی عەراق ،وە بەعسیکانەوە[۳۳]دانیان بەسەر داهێنابوو بکۆڵنەوە دەبێ بلین کە پروژەی بەعس زور پانو، بەرینتر لە پروژەی کوردەکانبوو، وەلەسەر ئەو مەتلەبەی بە تایبەت چاوەدیری کرابوو کە سەروکی مشاوری ئجرائی دەبێ لەلایەن سەرۆک کومارەوە هەل بژێردری ،نەک لەلایەن کوردەکانەوە.

سەرەرای ئەوە پروژەی بەعسیکان ووشەی "وەزارەتخانە"ی بەکارنەبردبوو، وەتەنیا لەجێگای ئەووشەیە ،دەسازمانی "ئیداری" ناوچەئی کە لەژیر چاوەدیری "سیکریتری گشتی "دەبێ ، هەستیهەبێ و، پیک بیت

بەتایبەت پروژەی بەعس لە بروارنامەکەیخویدا نێوی لە پێتەختی ناوچەئی ناوخو ، شاری سولەیمانێ یان (هەولێریان، دەهوک)ی کردبوو،

نەکەرکوک!

سەرئەنجام بۆ ژینیرال بارزانی ڕوون ببۆوە کە ئەوە لەکردەوەدا تەنیا ئاگاداری‌شەردە ات‌و، بەس.

۱۲ ــ کوردستان لەنێوان ئۆتۆنۆمی، نەتەوایەتی گشتی... وەنەمان‌دا

لەپائیزی ۱۹۷۳ دا تەنیا ڕوو داوەیەک کە لە کوردستان دا وەدی‌هات یارمەتی‌دانی شاوەسیا بوو، ئیتر گۆڕانێکی دیکە لەکوردستان‌دا لەبەرچاونەبوو وەکارێک نەقەوما.

لەئاکاری نیزامی دا لەلایەن عەراقەوە بەرگرێکی گەورە پێکهات، یانی لەدەوروبەری ناوەندی بارزانی‌لەناوپردان، لەقەسروە لەحاجی‌عومەران ڕاهیزی نیزامی جێ خوی گرت.

ئینجا پتر لە ۱۰۰۰ کەسی کورد ــ لە سەربازو، دەرەجەدارو، ئەفسەر لەهێزی عەراق لەسەربازخانەکان‌را هەلاتن‌و، هاتن‌و، پالیان وەبارزانی‌دا. لەوسەردەمەدا پیاوانی تازەهاتبوونە "ناوچەی کوردستان" وەلە دەوروبەری بارزانی کۆببوونەوە، بەتایبەتی لە قوتابیکانی ڕووناک بیری کورد کەلەزانستگە کانی ئوروپا ڕاهات بوون، وە هیندی لەکوردە دانشتوکانی بەغدا کەوازیان لەشارهێنابوو، وەهاتبوونە کێوەکانی‌ولاتی بارزانی. جادەولەت لەسەرهەمووی ئەوانەبوو کەلەسەرکاتی سیاسی کوردستان حسێبی دەبردو، چاوە ڕوانی دەکرد.

سەروکەکانی کورد وردەوردە سەبرو هێمنایەتی خۆیان سەبارەت بەو وازەی کە کوردستان تێدایە دەهات کەلەدەستی‌بدەن، واتەئامادەی ئەوە ببوون کە سولح وئاشتی بکەن، بەلام لەنەکاو تووشی دزێوو نالەباری‌بوون!

بەڕاستی ئاشکرا بوو کە دەستێک لەپەنا‌ڕا لەکاردایە وەخەریکەکوردەکان هەلپەڕێنێو، گالتەیان‌پێ بکا، ئیتر بارزانی وازی بتێ‌کوشانی‌بۆ وەرگرتنی مافی‌کورد نەمابوو، بەلکو تەنیامەبەستی شەڕو، کێشەفرۆشتن‌بوو.

حکومەتی عەراق بارزانی بەوە تاوان‌بار دەکرد کە داوای مافی سەربەخوئی گشتی (ئیستقلال، دەکات وە هەلبەت ئاوایان بەگوێ دا خوێندوە.... ئینجا

کوردەکان زۆر لە میژ بوو بلاویان دەکردەوەکە، کورد بەهیچ جۆرێک داوای جۆبیازی ناکات.

لەئاکام داکوردئەوەی‌ناوێوەلەهەموو وەختێک دا مافی‌گشتی نەتەوایەتی ڕەد دەکاتەوە. لەوهەل‌ومەرجە دا لە نەکاو وازگۆرا. مەبەستی کوردەکان‌وە ئاواتیان بەجێیەکی‌عاستەم‌و، باریک گەیشت‌بوو: ئینجا "مەسەلەی مافی نەتەواتی گشتی لەنێو خویان داباس دەکرد" و دەیان گوت ئێمە لە درێژائی مێژوو دا خەبات‌مان کردوە، واباشەدەنگی ئستقلال بلند کەین.

حەبیب کەریم سێکرێ تری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگفت‌و گویەک لەقسەکانی داگوتی: "ئەوە بزوتنەو، راپەرینە کە چاکتر بەری هیناوە، وەحەڕەکەتیکی دیکەی بەخۆی گرتووە، جاتەماشای وولاتی ئەل جەزیرە بکەن، ئەونەتەوەیە، لەپێش داقەت داوای مافی گشتی نەتەوایەتی نەکرد، تەنیا دەی گوت کە نەتەوەکە داوای مافی بەرانبەری سیاسی دەکات. جا لە پڕۆ سەی خەبات‌دابوو کەبالی‌سیاسی داوای زلتری‌کرد، واتە لە ئاکاما مافی نەتەوایەتی گشتی "ئستقلال"ی .... ویست.

بەڵی ئێمە کوردەکان لەهەوەڵەوە داوامان ئەوەبوو، کە مافی نەتەوایەتی ناوخۆ مان بدرێتێ وە گوتمان دەمانەوێ بەزمانی خۆمان قسەبکەن و بخوێنین وبنوسین وەلەحورمەت و کردەوەی کوردایەتی بەشداربین، بەلام ئەوەیان نەسەلماند،پاشان ئوتونومی‌مان ویست‌وە لەوبارە داخەباتمان کرد،بەلام ئێستا کە چاومان پێ دەکەوێ،کەبەعسێکان لەپێش ئەوەی دا کە دان بەسەر پەیمانەکەی کە نوسراوە دابنێن، بەپێچەوانەی ئەوکارە هاتوون پیلانەکەی نازم کەزازیان هیناوەتە پێشێ، سەرئەنجام ئێمە ناچاربوین بۆ پاراستنی مافە خوراوەکەمان وریابین‌وچارەسەرەکەی ئەو بەسەرهاتەبکەین،وەلە چوار چیوەکەدا ئوتونومیمان بوێ، ئەودا و خوازەش کارێکی زۆر دژوارنیە ئەگەر ئەوەش ڕەد بێتەوە ئێمە شەرەکەی دووپاتە دەکەینەوە،وەهەنگاوێکی گەورەتر هەل دێنین ئەوە یانی مافی گشتی نەتەوایەتی مان دەوێ.[۲۲]

بەڵێ پێش هات‌بەو چەشنەیە، ئایاوانیە؟ حەبیب کەریم هەروەها لە قسەکانی داگوتی: "ئیمە چاومان پێ دەکەوێلەکردەوەدا هەموشتیک بەچاکی بۆ پێشەوە دەڕووا، بەلام سەروکەکانی بەغدا لەگوێگای دانووستوون، وەپێیان

وایەچوون لەسەر پلەی هەرە ژوورووی سەرەوەن، بۆخویان باشتر لەهەموان فکردەکەنەوە! ۳۵

بەلام ژینیرال بارزانیش دیاربوو لە او تەدبیری هەرنەگودراوە: واتە لە ۱۹۷۳ش دا وەک سالی ۱۹۶۲ فکردەکاتەوە، بارزانی باشلێیحالی ببوو کەئەوهەوالّ بەرانەو روژنامە نووسانەی کە دێنە کنەوی، مرۆقی زۆرعادیینین بەلکو نوێنەرانی حکومەتی خۆیانن کە بۆلای ئەودێن کەزۆرجێ هیواوهومیدن، کە دەتووانن دەنگی کوردی بەولا تاندا رابگە یەنن و، چارەسەری مەسەلەی کورد بکەن.

لەئوکتوبری ۱۹۷۳دا هەوال بەرەکان بەباشی لەو بارەدا رێوشوێنیان بو ئاشکرا ببوو! بارزانی بەتێرادیوی گوتی: "ئێمە ئامادەین کە لەگەل دەولەتی فرانسە هاتو، چۆمان هەبێ!" ... بەڵێ ناوچەی کوردستان دەولەمەندە وەهەموشتێکی هەیە. ئەگەر حکومەتی فرانسە مرۆقێکی بۆ ووتو، وێژ بنێرێتە لای ئێمە، لەبارەی ئەوکاروبارانە دا بدوێ ئێمەش حازرین... وەهەروەها رادەگەینێ کەمەسەلەی ئوتونومی بۆ کوردان زۆرلەبەر چاووینە، بەلکو ئیمە مافی گشتی نەتەوایەتیمان پتر لە بەر چاوە."

دوکتور عوسمان کە پرسیار لەسەر پرسیار وەڵامی هەوال بەرەکانی دەداوە گوتی گەورەترین بەرهەڵستو، عەیبیکاری هەوال بەرەکانو، ئاشکرادەرەکانو وەرگێرەکان ئەوەیە کە زۆربەچاکی هەوالّ نادەنوەیان خۆیان ئاشکراناکەن بارزانی ناتووانێ پیاوێکی ڕامیاری لەگەلروژنامەنوسێک جوییاز بکاتەوە، و ڕاوێژی زاریان بزانێ! وە ئەوەی کە بە روژنامە نووسیک دەڵێ، هەرئەوقسەش بە پیاوەسیاسیکە دەڵێ کە "مەلەبەندی ئێمە زور دەولەمەندەو، پر لە نەفتە، جائەناوچە کوردستانە....

بارزانی لەووتو، وێژەکەی دا لەقسەکانی خوی ئەوەشی زیادکردوگوتی: "ئەگەر ناگونجێوبەرهەلست دێتەپێشێ بۆ ئەوەی کە لەڕێگای سووریـــــەوە نەفتی خۆمان بنێرین بۆ ڕولاتی دەرەوە ئەوە زۆرمەسەلەیەکی گرنگنیە، چوونکە ئیمە دەتووانین ڕێگایەکی دیکە بۆخەتتی نەفتوگازی خومان پەیدابکەن.... جائەوە پێویستی بەیارمەتی هەیەکە لەداهاتوودا بەئێمەدەکرێ!"

بێگومان سەرۆکەکان واتە لیدێرەکانی کوردی قوس تەن تەنیە کە ۵۰ سال لەمەو پێشبیرو، ڕایان دەکردەوە، بارزانیش بەم چەشنە، لەبارەی مالو، سەروەرکی کوردستان، وە پەیوەندی ئومەسەلەیـــلە لـــگەل مافیگشتی نەتەوایەتی "ئیستقلال" لەووتو، ویژەکە دا دەدووا، وەقامکی لەسەر "فروشتنـــــــــی" سەروەتومالی کوردستان دادەنا!

هەروەها بارزانی دەیگوت کەوەک رابەرە کوردەکانی سالی ۱۹۲۰ کە داوای ئوتونومیو، ئیستقلالیان دەکرد ئیمەش لەوان دەرسمان وەرگرتووە، وەدەیگوت کە ئیستاکەش بەتایبەتی لەکاتیسالی ۱۹۷۳ داین ئیتر مەسەلەی داوای مافەکە لەگوڕێ دایە (کوردستانی ئازاد). بارزانی دووپاتەی کردەوە کە ئەوەئیمەین کەتەسمیم دەگرین کەدەبێچمانبوێ. جایان ئوتونومی یان ئیستقلال.

پیۆیستە ئەمەش بەدوونیایە ڕابگەێنم وەپرسیار لەدەولەتە بەقودرە تەکان بکرێ: بۆچی کورد ئاوا دوور داندراوەو، هەل پەسێر دراوە وەکەسلێی ناپرسێ؟"

ئینجا مەتلەبێکی دیکە کەلەسەر زاران بوو ئەوەبوو، ئەوەی کە ئاشکرا بوو ژینیرال بارزانی دەیەویست لەکاتیکی زۆر عاستەم و باریکدا خو بـــە جێگایەک هەلاوەسێ، چوونکەلەو ئاخرێی داراو، تەدبیریکی راستەقینەی لەخۆیەوە نەبوو. لەسەرچاوە ڕووانی مەسەلەی ڕەوان ناسێوە بارزانی وای چاوە دێڕی دەکرد کە قودرە تەگەو ڕەکان بەوی "ئیمتیاز"ی ئیستقلال بدەن. جالەسەر مەسەلەی ستراتیژکی، وەمالی بەئامریکاو، ئێران پشتی بەستبوو کەهێستا ئەوانیش تەسمی میان نەگرتبوو وەهەلوستیان دیارنەبوو.

ئەوەی کە شایوباسە هێستا کە نەزاندراوە کە ڕاوێژیزاری بارزانی لەبارەی مەسەلەی کوردستان دا لەگەل ئەمریکا و ئیران چۆن بووە.

ئەوەش نەزاندراوە کە کسینگێر کاتی شەڕی ئوکتوبری ۱۹۷۳ی ئیسرائیل-عەرەب، بۆچنەی هێشت کە کوردەکان هێرش بەرنە سەرهێزی عەراق.... کە هێزی گەورەی ئێرانیشی لە پشتێوە بوو هێندێ لەگەورەکانی بەغدایە، ئەوەیان پرسیار لەخو دەکرد کە ئەگەر شای ئیران بیویستبایە کەیارمەتیکی باشی بە بارزانی بکات، دەیکرد، بەلام مەترسیگەورەی شایئێران لەوەبوو کە کوردەکان

داخووا داوای مافی‌گشتی نەتەوایەتی دەکەن، وە لەکوردەکانی ئیران و عەراق دەولەتیکی کورد پێکدێت، کەئەوەش بۆ ئەو، واسوکوهاسان‌نیە. بەڵێ بەراستی ئەومەسەلەیەقەت لەسەر ڕاوتەدبیری شای‌ئیران‌نەبوو، کەبتوانێ لەوبارەدا کارێک بۆکوردەکان بکات، (بەدرێژائی میژووە پادشاکانی ئێران هەمیشە زوڵم‌و، وجەوریکی‌زۆریان لەکوردکردوە ــ وەرگێر.)

۱۳ ــ هووەیدا، وە[1] مەسەلەی کوردستان:

ئەوەی کە بەچاکی ڕوون ببێوە، سەروکەکان‌و، ڕابەرەکانی ئێران نەیان دەویست بەچەشنی سەرچاوەی ڕەسمی دەنگی خۆیان لەبارەی مەسەلەی کورد دەربڕن، وەتانەت زۆریان تەقیەدەکرد. کاتێک کەلەبارەی هات‌و، چوێ حکومەتی ئێران وەنێوان خوشبوونیان لەگەل بارزانی لەئەمیرعەبباسی هووەیدا سەروک وەزیر پرسیار کرد، ئەو، بەلینی‌بەوکارە نەداوەبەوجورە وەڵامی‌داوە:

ئێوە دەزانن کەکوردەکان.... هەوەڵین ئێرانیکانن کەپێیان لەسەر ئەو سەرزەمینە داناوە... ئێمە کوردەکان بەچاوی ئێرانی تەماشادەکەین، وەلە بیریان نابەینەوە... واشای‌وباسەکە ئێران یارمەتی ئەسلەحەبەبارزانی دەکات، ئێمەدەڵێن‌و، باوەرمان‌هەیە کە بارزانی پێویستی بەچەک و ئەسلەحەی‌ئیران‌نیە، بەلکو لەشەڕ دانیازی خۆی وەدەست دەخات...

وەهەروەها بارزانی دەتووانێ سەبارەت بەو دۆستانەی‌کە لەعەراق‌ی‌دا هەیەتی، لەدەرەوە هەموشتێکی بۆ ئامادەبکەن: ئێمە لەبارەی شەت‌تول‌عەرەبەوە هێندێ شت دەزانین" ۳۶

سەروک وەزیری ئێران لەووتارەکانی‌دا گوتی‌کە: بەراستی ئێمە ناتووانین لەبارەی پاشەڕۆژی کوردەکان دا بێتەفاوەتبین. ئێمە ناتووانین بڵێن کە ئەوە ئیرانیکانن کە لایەن‌گریان لێدەکەن بەلکوئێوە بەئان‌قەست ئەوەی دەڵێن‌وداری لە کونەژەنگە سوورەی وەردەدەن‌و، لەلایەکی دیکەوە دەدوێن. ئێمە هەموولایەکی

(۱) هووەیدا سەروک وەزیری کاتی حەمەرەزا شا کە ۱۳سالی ڕەبەق سەروک وەزیربوو، سەرئەنجام پاش محاکەمەیەکی کورت، بەدەستی شورشگیرەکانی ئیران، تیرەباران کرا (شورشی ئیسلامی ئیران ۲۲ بەهمن ۱۳۵۷)

دەبی‌نین! دەزانین لەعراقێ دا چباسە، کوردەکان لەبنەچەکەوە ئیرانین، ئەگەر ئێوەش ریشەوبنەچەکە جۆرێکی دیکە ماناەکەنەوە، ئیتر بۆخوتان دەزانن: ئێوە دەزانن کە راگەیاندنی ئەومەسەلەیە زەحمەتە: لەئیران و عەراقدا کورد لەتەنشت یەکترەژین، خزم و مامۆ، کەسوکاریان زۆرە، هاتوچۆی یەکترش دەکەن، ئەوەشتیکە دیارەو، ئاشکرایە."

ئینجا لەڕاستەقینەدا، هیچکاتێک ڕابەرەکانی ئێران ئەوەیان قەت بەچاکی لەزاری نەهاتۆ تەدەرێ کە لەبارەی مەسەلەی کورد باس‌بکەن وە (مامۆ کەس و کاریان) لەبەسەرهاتی خویان دا بەشداربکەن...

بەڵام تەنانەت ئەومەسەلەیەش بارزانی نیگەرانۆ، پەشێوناکاتۆ، بەدووی پشتووانێکی دیکەوە نابێت.

۱۴ ــ لەسولح وئاشتی‌وە (گالتەوجەفەنگ) تاشەڕ

لەمانگی ئۆکتوبری ۱۹۷۳وە دووژمنایەتی لەبەینی بەعسیەکان و بارزانی پتربوو. ڕابەرەکانی بەعسی‌عەراق دەیانەویست ئۆتۆنۆمیکی ئەوتو بدەن کەتەنیا بەدەردی کوردەکانێکی کە لایەنگری بارزانی‌بین، بخووا، تابەو جورە هێندێ لەکوردەکانی دیکەش لەدەوروبەری بارزانی بکاتەوە.

ئەو کەڕەتە دەیانەویست‌مەسەلەی کوردەکان لەڕێگای یاسای مەجلسەوە بەڕێوە بەرن‌وەمافی‌بەکوردەکان‌بدەن، ئینجا سەددام‌حسین لەکاتی ۱۷ی ئۆکتوبری ۱۹۷۳دا کە شەڕی ئیسرائیل ــ عەرەب زۆربەتین‌بوو، لەکۆبوونەوەیەکی چەندسەد ئەندامی کورەپیش کەوتوکان"دا کەهێندێ لەکوردەکانی "ئیتسقلال" خووازیتێ دابوو هێندێکی قسەکرد.

[۲۷]

ئەوقسانە بۆ ڕابەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زور خوش نەبوو وە دەیان‌گوت کە ئەوەچەشنە تین‌دانێکو هان‌دانێکە. سەددام‌حسین دەیگوت کە پارتی‌دیموکرات ناتووانێ نوێنەرو ویژەوەری تەواوی کوردەکان‌بێت،

لەلایەکی دیکەوە، نێوان ناخۆشی و دووبەرەکایەتی پ. د. ک و بارزانی بۆبەغدایە بەچاکی ئاشکرا ببوو، وە لەسەرۆکەکانی بەغدا ئاشکرا ببوو کەهیچیان

بەتەنیا ناتووان کاروباری مەسەلەی کوردستان بەڕێوە بەرن. ئەو کردەوەیە زۆر بەزەرەروزیانی کوردەکان دەهات تەواوبێ.

دروست بوونی "جاشی ۶۶[1]" ئیبرایم ئەحمەدوە جەلال تالەبانی) کەبۆخۆیان بالێکی گەورەیان بەهەست هێنابوو (۷۰ - ۱۹۶۶) ئەوە بۆ خوی ببووبە هۆرەیەکی گەورە لەنیو کوردەکان‌دا، کە دژی بزوتنەوەکی کوردەکان دەست بەئیشوکاربووو وەبەم‌چەشنە بەعسێکان لەنێو ئەوراپەرینەدا دژواریکی دیکەیان بەهەست هێنابوو.

۱۵ - بەسەرهاتی بڕینی‌هات‌وچو (شکانی میژوئی)

سی‌مانگ پاش دووزمنایەتی، هات‌وچۆ هەرهەبوو لە ۱۲ی سامبری ۱۹۷۳ (بەرەی نەتەوایەتی) لەلایەن بەعسی‌کانەوە بۆبەڕێوبردنی نەخشەی‌پارتی‌دیموکرات لەناوچەی ئوتونومی‌دا ڕاو تەدبیرکرا. لەهەوەڵی ژانوییەی ۱۹۷۴، کۆڕێکی گەورەی کورد چۆ بەغدایە وەلەوێ مانگێک ماوە، ووتو وێژ لەبەینی بەغدا - ماوەت واتە جیگایەکی کە لەنزیک حاجی عومەران بوو، وەنشتەجێ‌بارزانی‌بوو، جارجار لەبەغدایە بەڕێوە دەبردرا. ئەوکۆڕە بریتی‌بوون لەحەبیب کەریم سی‌- کریتیری گشتی پارتی، سالح یوسفی، داراتوفیق ئی‌حسان شیرزاد لەژێرچاوە دیری حەبیب کەریم. سەددام‌حسین کۆڕی "بەرەی نەتەوایەتی" رابەری‌دەکرد.

کوردەکان لەهەوەڵەوە داوخوازەکان وپێشنیارەکانیان د اوەلەئاکاما لەسەرئەو شتانەی پێکهاتن، کە:

- دەوروبەری ناوچەی ئوتونومی دیاری بکرێ.
- مەسەلەی پێش مەرگەکان
- مەسەلەی پێ ڕاگەیشتنی سنورەکان‌وە بەرگری لەلایەن کوردەکانە
- هات‌وچۆی کوردەکان لەگەل ئێران

۱) ئەو ووشەیە نووسەر لەزمانی بەعسی‌کانەوە نووسیوێتی، ئیترنەمن وەرگیر ونەئووسەر لەوکارەدا تاوان بارنین، ئەو دوومروقەلەپاشان بوخەبات و شەر لەگەل بەعسێکان یکی‌تیکان پێ گەوگرت بەناوی (پی‌کی‌ی‌مەپەڵی کوردستان)

ـ هاتنی کوردەکان وهاوبەشی‌یان لەبەرەی نەتەوایەتی‌دا.

حەبیب کەریم لەبارەی‌پێک‌هاتنی پەیمانی سالی ۱۹۷۰ دا زۆر خوش‌بین بوو،وە بەچاوێکی باشی تەماشای ئەوقەرارداده‌ی دەکرد. بەلام ئەوکەرە تەبە پێچەوانەی جاری پێشوو کە دەیان‌گوت حەبیب کەریم لەبەر ئەوەی کە لەگەل ئیرانیکان نزیک بۆتەوە، نابێ‌بێتەنایبی سەرکۆمار، بەعسێکان باسیان نەکرد.

لەئەنجام‌دا سەددام‌حسین لەئاخرین کۆبوونەوەکەیان نەی تووانی خوی راگرێ‌و بەحەبیب کەریم سکرێتری گشتی‌پارتی دیموکرات‌گوت: کەکی‌توی بەئیمە ناساندووە، ناردویەئێرە؟" وەلامی‌حەبیب کەریم ئەوەبوو:

"ئەوهیزەکە ئێستا کە توی ناچار کردوەکەئێمە لەکێوەکانی کوردستان داچەن جار شەڕدەس‌پی‌بکەینەوە." بەڵام لەپاش ۱۵رۆژ رابردن حەبیب کەریم ئەوکەرەتەی بە خراپی دەیرۆوانی‌و ئەوەی نەدەشاردەوە.

لەئاخری مانگی ژانوییەدا کوردەکان وبەعسێکان ڕایان هێنا سەرئەوەی کە لەمانگی فێوریەدا دوبارەوت‌و، وێـــژ لەسەرڕادەس‌پێ بکریتەوە کات‌زۆر عاستەم‌و، ناسک‌بوو، هێندێ لەکوردەکان چوونەوە کێوەکان. لەمانگی فیورییەدا لەڕۆژی دیاری‌کراو، حەبیب کەریم بۆ ووت‌و،ویژ حازر نەبوو، بەلام دوومرۆڤی دیکەی کورد کە"ئستقلال خوواز" بوون، یانی فووادعارف وەئی‌حسان شیرزاد بۆ گفت‌وگۆ چوونە بەغدایە. ئینجا بۆسەددام‌حسین وائاشکرا ببوو کە نەهاتنی حەبیب کەریم‌و، کۆڕەکەی کورد، دەبێتە هوێ ئەوە کەووت‌و، ویژببڕدرێ وە تووندوتیژی‌و،قال مەقال‌هەروا لەگۆڕێ دا بمێ‌نێتەوە.

۱۶ ـ ئاخرین چوونی ئیدریس بۆ بەغدا

لە ۵ی‌مارسی ۱۹۷۴، دارا توفیق هاتە بەغدایە،وە نووسراوەیەکی کە بارزانی بۆسە ددام‌حسین‌ی نووسی بوو، داییە، لەو نووسراوەیەدا بارزانی گوت‌بووی کە: پێویستە لەخراپترکردنی کارەساتەکە،خۆبپارێزرێ... وەدەبێ گفت‌وگۆی راستەقینە دەستی‌پێ‌بکرێتەوە." لەوەلامدا لە۷ی مارس سەددام حسین لەسەرەتاوە لەنەهاتنی کورە کە لە فیوریەدا بۆبەغدا نارەزامەندی‌و، سەرسوورمانی خوێ دەربڕی‌بوو" وە ڕای‌گەیاندبوو کەئەوە من "چاوەرووانی

ناردنی یەکیک لە کورەکانی ئێوە بو بەغدایە دەکەم "

هەروەهائی حسان شێرزادیش لەبارزانی نووسیبوو کە ئیدریس یان مەسعودی بۆ بەغدآیە بنێرێ وەلە نامەکەدا ئەوەشی گوت بووکە: بەراستی تو سەروک بارزانی تەواوی ژیانت خۆ بەختکردن و، گیانبازی بووە، جائەوجارەش جێی فیداکاری و گیانبازیە، ئەوە لەبیر ناچێتەوە!" بەشوێنی ئەوەدا خەتتێکی تیلیگراف لەبەینی بەغداونشتەجێی بارزانی داندرا. بارزانی لە حکومەتی ویست کە فڕۆکەیەک بۆرەواندزبنێرێ. بۆ روژی ۸ی مارسی ۱۹۷۴ کاتی ئێوارێ، ئیدریس لەگەل کۆڕێکی پایەبەرزی کورد، وەدارا تەوفیق، ئیحسان شیرزاد، فوادعارف، لەبەغدایە حازربوون، بەڵام ئەوجارەش حەبیبکەریم لەگەل نەبوو.

ئەوئاکارەی بارزانی لەڕووانگەی زۆرکەسەوەوا ئاشکرا ببوو کەناردنی ئیدریس لەگەل ئەوکۆڕە بۆ بەغدایە واڕادەگەێنێ کەبەراستی بارزانی هەلوێست وئاواتی ئەوە بوو کەلەگەل حکومەتی بەغدا پێکبێت.

کۆڕە کەلەکۆشکی بەغدایە بەڕەسمی دەستیبەووتو، وێڕ کرد، لەپیک هاتنێکی گشتیدا لەسەر ئەو مەسەلانە ڕاوتەدبیریان یەکبوو.

۱ ــ بوئەوەی کەبگەینە ستراتیژیکی گشتیوە، پێکهاتنو، ووتو، وێژیکی ڕامیاری لەبنەڕەتەوە پێوێسیە، هەردوک بزوتنەوەکە وشۆڕشە کەً لەمەسەلەی فلستینیدا قسەی عەرەبەکان دەسەلمێنێنوە پشتیوانی لێدەکەن، لەمەسەلەی خلیجدا کوردەکان لەعەرەبەکان لایەنگری دەکەن، ئینجا ولاتــە عەرەبەکان نەتەنیا لەعەراقیدا لەکوردەکان پشتیوانی دەکەن، بەلکو لەکوردەکانی ئیرانو، تورکیەش لایەنگری خویان دەردەبرن!

۲ ــ سنووری ئوتونومی لەناوچەکە دا دیاریبکری، مەلبەندی کەرکوک کەرەت بەکەرەت تاقی بکریتەوە، وەلەبارەی سەنجارو، خانەقینیدا ووتو، وێژ بەڕێوەببردرێ.

۳ ــ بەنیزام نامەی ناوچەئی مافی نەتەوایەتی ناوخو لەمەجلسدا پێڕابگەن، وەلەوبارەدایاسا دیاریبکرێ وە لە داهاتوی مەلبەندە کە دا لەسەرڕا لێی بدوێن.

لەئێوارەی ۸ مارسدا، ئیدریسو، سەددام حسین بەیەکەوە دووسەعات گفتوگۆیان کرد. لەو ووتوێژەدا ئیدریس گوتی "کەئەگەر بێتوو لەگەل ئیوەبە

تەواوی‌پیک‌بین، ئیتر کوردەکان لەگەل‌ئیران هاتو، چوی‌خویان دەبرن" وە داوای کرد کە بو بەریوەبردنی ئەوپیک‌هاتنە چەن روژان مولەت بدری، تالە کردەوەدا ئەوقسانە بەجی‌بیت. لەبارەی کەرکوکدا ئیدریس‌گوتی ئیـــوە هەنگاویک بو پیشەوەهەلینن،وە ئیمەش سەنگو سوکیک لەوکارەدا دەکەین." سەرئەنجام سەددام‌حسین و لامی‌داوە کە سەرلەبەیانی کنگرەی بەرزی بەعس پیک‌دی‌نیتو، و لامی ئەوانە دەدریتەوەو، راوتەدبیری لەسەر دەگیری.

۱۷ ــ ئولتیماتوم (اتمام‌حجت)

لەسبەینی‌ی ۹ی مارسی ۱۹۷۴ دائیدریس بارزانی لەباری‌پیک‌هاتنەکەدا خوشبین‌بوو: لەلای خوی پیی‌وابوو کەسەددام پیشنیارەکانی سەلماندوە،وە مولەت خوواستنەکەشی‌بوریک‌وپیک‌کردنی کاروبارەکە پەسندکراوە.

بوئیواری غانم عەبدول جەلیل کە ئەندامی بەعسی بەریوە بەری ناوچەی کوردبوو، وەبەسەر مەسەلەی کوردستان رادەگەیشت، لەچاوپی‌کەوتنە کەی لەگەل ئیدریس گوتی: ئەگەر ئیوە شتیکی دیکەتان لەبەرنامەکەدا وەبەرچاوودی،پیویستە تاکاتی ۱۲ی روژی ۱۱ی‌مارس بگوتری!" وەهەروەهاگوتی.

ــ پاش ۱۱ی مارس ئیوە ۱۵روژو، مولەت هەیە بوئەوەی لەبارەی سنووری ولاتی ئوتونومی وەچاک بیرووراتان یەک بگریتەوە وخوتان ئامادەبکەن، ئیتر پاش ئەوچەن‌روژ مولەتەهیچ شتیک لیی کەمو، زیادناکری."

ــ لەبارەی مەسەلەی کەرکوکدا پیویستە بەیەکیک لەو دوولایانە دان پیدا بێنن:

